# چەند لاپەڕەیەکی مێژووی دێرینی گەلانی کوردستان و پاشماوەی شوێنەوارەکانیان

# چەند لاپەڕەیەکی مێژووی دێرینی گەلانی کوردستان و پاشماوەی شوێنەوارەکانیان

**کۆمەڵێک نووسەر**

**وەرگێڕانی**

**کەمال نوری مەعروف**

**هەولێر - ٢٠١١**

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **چەند لاپەڕەیەکی مێژووی دێرینی گەلانی کوردستان و پاشماوەی شوێنەوارەکانیان**
- کۆمەڵێک نووسەر
- وەرگێڕانی: کەمال نوری مەعروف
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: مراد بەهرامیان
- ژمارەی سپاردن: (٢٧٣٢)
- نرخ: (٥٠٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١١
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٥٦٩)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەکی وەرگێڕ ..... ٧

نیگایەك بۆ ژیانی مرۆڤی بەر لە مێژوو لە ئێرانی کۆندا ..... ١١

تیشکێك بۆ سەر باوکی مێژوو ..... ١٥

قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە لە مێژووی ماد ..... ٢١

دانیشتوانی کۆنی هەرێمی ماد لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینیدا ..... ٣١

کاسییەکان لە مێژوودا ..... ٣٥

ئاریاکان و نائاریاکان لەسەرچاوەی کۆنی مێژووی ئێراندا ..... ٤١

کوتییەکان، یان (گوتییەکان) لە مێژوودا ..... ٤٧

پەیوەندییەکانی نێوان ئۆرارتۆ و مانایییەکان بەناونیشانی بەشێك لە کۆڵەکەکانی دەوڵەوتی ماد ..... ٥٣

لە کۆمەڵەی گەلانی زاگرۆس (هۆری) ..... ٥٥

لە کۆمەڵەی گەلانی زاگرۆس (نایری) ..... ٥٧

تیشکێك بۆ سەر (میهری)، یان (مەهرانۆ) لە مێژووی کۆنی ئارییاییەکاندا ..... ٦١

ئارییاییەکان... بنەچە و ناونیشان ..... ٦٥

گەلانی ئاریایی لە روانگەی مێژوودا ..... ٧٣

تایبەتمەندییەکانی ئارییاییەکان ..... ٧٧

مێژووی کۆچ و کاروانی گەلانی (ئاری) ..... ٨١

ماد لە بەرەبەیانی مێژوودا ..... ٨٧

ئاسەوار و هونەری دەرەوشاوەی مانایییەکان ..... ٩١

تیشکێك بۆ سەر مێژووی ماد و دەوڵەتی ماد ..... ٩٧

زمانی مادەکان ..... ١٠٥

پاشاکانی ماد لای خۆرهەڵاتناسەکان ..... ١٠٩

(هۆخشتەر) کیاکساری گەورە پاشای ماد ..... ١١٣

تیشکێك بۆ سەر مێژووی (ماساژاتەکان) ..... ١١٧

پەیوەندییەکانی ئاشوور و ماد روانینێك بۆ ژیانی سیاسی و دروست بوونی دەوڵەتی ئاشوور ..... ١١٩

پەیوەندییەکانی ماد و بابل ..... ١٢٥

پەیوەندییەکانی ماد و کیمرییەکان و سکاکان ..... ١٢٩

تیشکێك بۆ سەر کیمرییەکان لە مێژوودا ..... ١٣١

تیشکێك بۆ سەر (سارماتەکان) لە مێژوودا ..... ١٣٥

ئاشناییێتیی ماد و سکا لە رۆژگاری (کیاکسار) (هۆخشترە)دا ..... ١٣٩

یادەوریی شکستی ساڵانەی سکاکان لەبەرانبەر مادەکاندا ..... ١٤١

سکاییەکان... لە گەلانی هیندوئەوروپین ..... ١٤٣

ستراتیژ، یان سیاسەتی دەرەوەی ئاشوور لە چاخی حەوتەمی پ.ز ..... ١٤٩

هۆکاری شکستی ئاشوور لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی (ماد-بابل)ەوە ..... ١٥١

ئەنجامی شکستی ئاشوور ..... ١٥٣

ئاشوور لە دادگای مێژوودا ..... ١٥٥

تیشکێك بۆ سەر کەیخوسرەوی پاشای ماد و قەڵای گەنگ ..... ١٥٧

تیشکێك بۆ سەر (ئاستیاگس)، (ئاژدەهاك)ی دوا پاشای ماد ..... ١٦١

تیشکێك بۆ سەر جەنگی کۆرش دژی پاشای ماد (ئلستیاگس) ..... ١٦٥

شەڕی نێوان (هووەخشتەر)، (کەیخوسرەو)ی مادو (لیدییە) ..... ١٦٧

شۆڕشی (گاوماتە)ی ماد ..... ١٧١

تیشکێك بۆ سەر شوێنەواری گودین تەپەی چاخی ماد ..... ١٧٥

تەپە سیالك شوێنەوارێکی سەردەمی ماد ..... ١٧٩

تیشکێك بۆ سەر گەنجینەی جەیحون ..... ١٨٥

کێك بۆ سەر شوێنەواری گردی نۆشیجان ..... ١٩٥

تیشکێك بۆ سەر گردی باباجان ..... ٢٠٩

گۆڕە هەڵکۆڵراوە بەردینەکانی ماد.. ئایینی مردوو ناشتن ..... ٢١٩

کورتە باسێك لەسەر هونەری تەلارسازی سەردەمی ماد ..... ٢٢٥

پاشماوەی ئاسەوارە وەرشاوەکانی لورستان ..... ٢٢٩

تیشکێك بۆ سەر شوێنەواری بێستوون ..... ٢٤١

کێوی سەبەلان شوێنەواری بەهەشتی زەردەشتییەکان ..... ٢٤٩

کەلتووری ئارییاییەکان لە چاخی ئاشکانیدا ..... ٢٥٥

تیشکێك بۆ سەر فەرهەنگ و هونەر لە چاخی سلوکیدا ..... ٢٦٧

ئەشکەوتی کەرەفتو هێمای بەرزی مێژووی کوردستانە ..... ٢٧٣

تیشکێك بۆ سەر مێژووی تاق گرا ..... ٢٩٩

شوێنەوارە دێرینەکانی ساسانی (قەسری شیرین) ..... ٣١٣

# پێشەکی وەرگێڕ

خوێنەری کورد، ئەو چەند لاپەڕەیەی لە بەردەست تدا لەسەر مێژووی کۆنی گەلانی کوردستان لە فارسییەوە گۆڕیومن و بەشێکیشی تەرخان کراوە، بۆ پاشماوە شوێنەوارییەکانیان کە تایبەتن بە ناوچە جیاجیاکانی ئێران و بۆ سەردەمی ماد و گەلانی نزیك بەوان لە زاگرۆسییەکان دەگەڕێنەوە.

هەموو ئەو نووسینانەش بە قەڵەمی بڕ شت و زانستییانەی مێژوویی نووسراون و لە پلەیەکی بەرزدان و پڕ زانیاریی کە لای ئێمە ئەو زانیارییانە، یان نەبیستراون یاوەکو کەمتر بەرچاوکەوتوون لە بەرنەبوونی سەرچاوەی تەواو. بۆیە بە پێویستمان زانی ئەو چەند کورتە باس و لێکۆڵینەوانە کە لە چەند سەرچاوەیەکەوە وەرگیراون لە کتێبکیدا چاپ بکەین کە بۆ مێژووی دێرینمان کتێبخانەی کورد پێ دەوڵەمەند بکەین، چونکە ئەو مێژووە و بڵاوکردنەوەی، زانیاری نوێمان پێ دەبەخشێت لەسەر ئەو گەلانەی کۆنی کوردستان کە پێکەوە ژیاون و ئەو مێژوو و شارستانییەتەیان بەرەو پێش بردووە و لە رەوڕەوەی مێژوو دوانەکەوتوون. خوێندنەوەی ئەو چەند لاپەڕە دەمانگەیێنێتە ئەو ئەنجامەی کە کورد ئەگەر مێژووی دێرینی خۆی بنووسیبایەتەوە ئەو بڕوایەی لادروست دەکردین کە فەرمانێکی گەورەمان لە مێژووە بۆ کۆ دە بۆوە، بەڵام کە نەیتوانیوە لە دوولاوە هۆکاری بۆ دروست بوو:

**یەکەم:** بە درێژایی مێژوو کورد لە ژێر چەپۆکی داگیرکەراندا بووە و بەدەست یانەوە ناڵاندوویەتی و درفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخساوە لە دوای تەجروبەی مادەوە دەسەڵاتی بە دەستەوە هەبێت، نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە بێگانەی داگیرکەر هەردەم لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ئەو مێژووە و شارستانییەتەکەمان بشێوێنی بۆ خزمەتی قەوارە سیاسییەکەی و مانەوەی لە سنووری دەسەڵاتدا.

**دووەم:** چمکێکی ئەم گازندەیەش پەیوەندیی بە کورد خۆیەوە هەیە چونکە لە دوای راپەڕینەوە کە سوڵتە و دەسەڵاتمان هە بوو نەمانتوانی خزمەت بەو مێژووە دێرینە و شوێنەوارەکانمان بکەین ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کزی هەستی نەتەوایەتیمان، گرنگی نەدانی لێپرسراوانیش لە کوردستان بەو ئەرکە و سەرقاڵییان بەشی لاوەکییەوەن ئەو ئاواتەیان لە دڵمان کوشت کە بتوانین مێژووی دێرینمان لەسەر پاشماوەی شوێنەوارەکانمان و بەڵگەکانیتری هونەری بنووسینەوە.

لە روویەکی ترەوە ئەوەی هەتاکو ئێستا دامودەزگا حکومەتییەکان بەناوی کتێب چاپیان کردووە و بڵاویان کردوونەتەوە، هەر هەموویان لە چەند بابەتێك تێپەڕناکەن کە ناتوانن تینوویەتیی خوێنەران بشکێنن و بۆشاییەك لەناو کتێبخانەی خۆیان دووردەگرن لە چاپکردنی ئەو کتێبانە کە خوێنەریان کەمە و بۆ ئەمە چاوگێڕانێك بە گەنجینەکانیان ئەو راستییەتان زیاتر لە لا روون دەبێتەوە کە چۆن ئەو کتێبە چاپکراوانە لە گەنجینەکاندا کەڵەکە بوون و نەفرۆشراون.

ئێمەی کورد بەر لەوەی پەلاماری چاپکردنی کتێب بدەین دەبێت بەرنامەمان هەبێت کەچی جۆرە کتێبێك چاپ بکەین، یان کام سەرچاوە، بەسوودن وەریان بگێڕن و بەچاپیان بگەیەنین کە بەلای منەوەت کتێبە زانستییەکان و مێژووی دێرین و شوێنەوار و جوگرافیای کوردستان پلەی یەکەم وەردەگرێت. چونکە ئەوانە بۆ قوتابییەکانی زانکۆکانی کوردستان بەسوودن.

ئەم کتێبەی چاپ کراوە، هەنگاوی یەکەمە دەتوانێت بۆشاییەك پڕ بکاتەوە لە بواری ناونیشانەکەیدا بۆ ئەو نیشتمانەی پێی دەڵێن زاگرۆس کە بەر لە کوردستان لانکەی شارستانییەتی ئەو گەلە کۆنانەبووە.

لەو رووەوە دەبێت سوپاس و پێزانینمان پێشکەش بە بابەتنووسەکان بکەین، چونکە بە وردی و زانستییانە راستییەکانی مێژوویان پێکاوە و، بەردی بناغەیان بۆ داناوین بۆ نووسینەوەی سەرتاپای ئەو مێژووە دێرینە و تەواوکردنەکەی.

نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت مێژووی کۆنی کورد و شارستانییەتەکەی ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکانیتری مێژووی گەلانی ناوچەکە، کە بە ئارییاییەکان ناسراون و لە خزمەتی یەکتریدا بوون بەڵگەش بۆ ئەمە سەردەمی ماد و دەسەڵاتەکەیەتی.

لەبارەی شارستانییەت و پاشماوەی شوێنەواری ئەو گەلانە و دەرکەوتنی نهێنییەکانیان بەهۆی کنەوپشکنینەوە بە بەراوردکردنیان بەپاشماوە شوێنەوارییەکانیتر لە دەوروبەر ئەو بەڵگەیەمان لا دروست دەبێت کە ئەو شارستانییەتەی گەلانی زاگرۆس کۆن و کەلتووری هێلینی دێت کە بەڵگەی دەست مان کۆڵەکە تاشراوەکان شوێنەواری خزمەتیان و ئەو لاساییکردنەوەیە لە هونەری ئەشکانیدا دواتر دەرکەوت.

له كاتێكدا ئێمه ئەم خزمەتە گچكەیە پێشكەش بە كتێبخانەی كوردی هەژار دەكەین خۆزگە دەخوازین لە هەموو لایەكەوە قەڵەمی مێژوونووسانی كورد بكەوتنانە كار بۆ نووسینەوەی مێژووی دێرینمان و دانانی بەردی بناغە بۆ شوێنەوارەكانمان بە ئامانجی دروست كردنی مێژوویەكی یەكگرتوو كە هەموو سەردەمەكانی تێدا كۆ بووێتەوە. باوەڕیش ناكەم هیچ گەلێك هەبێت لە دونیادا وەكو كورد ئاوا مێژوو و شارستانییەتی لەیاد كرابێت.

**"وەرگێڕ"**

# ئاوڕدانەوەیەك بۆ ژیانی مرۆڤی بەر لە مێژوو لە ئێرانی کۆندا

لە ساڵەکانی ١٩٤٩ و ١٩٥١ی زایینی چەند ئەشکەوتێك لە (مازندەران) دۆزرانەوە لەلایەن (کارلتۆن. س. کۆن)ی دانشگای فلادەلفیا. ئەو دۆزینەوەیەش بووە هۆی دەرکەوتنی پاشماوەی ئێسقانی مرۆڤ کە مێژووەکەی دەگەڕایەوە بۆ ٧٥ هەزار ساڵ بەر لەمێژوو. هەموو ئەو ئەشکەوتانەش لە ناوچەی کێوی بێستوون بوون، بەوەش ژیانی ئەشکەوت نشین لە ئێرانی بەر لە مێژوو دەرکەوت کە لە مێژوودا شوێنی خۆی گرت. سیستمی خێزانیش لەو رۆژگارەدا لە بنەچەدا سالاری بوو و مرۆڤەکەش لە هەردوو شێوەکەیدا ژیانی لە کۆمەڵگاکەیدا چینایەتی نەبووە و خۆراکیشی لەسەر کۆکردنەوەی دانەوێڵە و میوە بووە و راوی ئاژەڵیشی کردووە و سوودی لە گۆشتەکەی بینیوە بۆ مانەوەی خۆی.

بەشێوەیەکی گشتی کۆکردنەوەی خۆراك و دروست کردنی و پیشەسازی سێ قۆناغی بنەڕەتین لە ژیانی مرۆڤدا کە پێیاندا تێپەڕیوە. قۆناغی یەکەم کە درێژترینی بووە بەلایەنی کەمەوە نیو ملیۆن ساڵ درێژەی کێشاوە. لە تەواوی ئەم قۆناغەدا مرۆڤ سەرقاڵی کۆکردنەوەی رووەك یان راوی ئاژەڵ بووە و خۆی ژیاندووە و بەردەوامی پێداوە. بەشێوەیەکیتردا نانی چەند کۆمەڵێکی بچکۆڵە بۆ راوی ئاژەڵ یەکەمین قۆناغی هاوکاریی کۆمەڵایەتی بووە و مرۆڤ لەماوەی ئەو قۆناغەدا ژیانی گوزەراندووە هەروەکو چۆن ئاژەڵ بە دوای خۆراکدا گەڕاوە. دوای ئەو قۆناغە بەهەزاران ساڵ مرۆڤ توانیویەتی تەورداس دروست بکا و بۆ یەکەمین جاریش هەنگاو بنێ و بەتەگبیر و رای توانیویەتی بگاتە قۆناغی کشتوکاڵ کە رۆژگاری ئارامییە بۆ ئامادەکردنی خۆراك بۆ مرۆڤ. کشتوکاڵیش لەدایك بووی شارستانییەتە و لە هەمانکاتیشدا هۆکارە بۆ پەیدا بوونی موڵکایەتیی تایبەت. ئەوەش وای کردووە لە رووی جۆرەوە جیاوازی لەنێوان چینە جیاجیاکانی کۆمەڵدا دروست بکات و چینی باڵا دەست یش لەمەدا قازانجی بینیوە.

مرۆڤی سەرەتایی و کۆن بەهۆی دواکەوتوویی و ترسی لە مردن و هەستکردنی بەرانبەر بە رووداوەکان کە لە زۆرکاتدا نەیتوانیوە لێیان تێبگات بۆیە هاتووە توخمەکانی سروشتی وەکو خۆر و رووبارەکان و بەرد و درەختەکان لە شێوەی خوادا دروست کردنی لە نەبووەوە بۆ رووداوەکان وەکو رۆحلەبەر مامەڵەی لەگەڵ کردوون، لە راستیشدا رۆحی درۆزنەی بۆ ئەو دروست کراوانەی داناوە.

(لوکوتیۆس) لەو رووەوە دەڵێ: ترس لە خواکانەوەیە و هۆکارە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرەو مەزهەب و بیری مەزهەبی بڕوا و خواکانیش لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە و بەو شێوەیەش سەردەمی بەردینی کۆن کۆتایی هات.

## هەرێمی ماد لە چاخی بەردیندا:

مێژووی کۆن دانیشتنی مرۆڤ لە خاکی مادا دەباتەوە بۆ بەر لە کۆچی ئاریاییەکان بە مانا بۆ چاخی بەردین و مسی، هەتاکو ئێستاش تەواو ئەو قۆناغە دیاری نە کراوە. بەڵام لە ئەنجامی کنە و پشکنینی دێریناسیدا، شتومەکی زۆر دۆزرانەوە کە پەیوەست بوون بە سەردەمەکانی (ئاشولین) و (موستێری) و (ئۆرینیاکی) ئەوانەش کە دۆزرانەوە لەناو خانووەکان و ئەشکەوتەکانی نزیك سلێمانی و ئەشکەوتەکانی نزیك بێستون و (تامتام) لە باشووری خۆرهەڵاتی ئازەربایجانی ئێران بوون.

لە چاخی بەردیندا (ماد) شارستانییەتی پێشکەوتووی گلێنەسازی رەنگاورەنگی تیادا دەرکەوت کە درێژ بۆتەوە بەرەو سووریا و فەلەستین لەوێشەوە تاوەکو ئاسیای ناوەندی و (چین)یشی گرتۆتەوە. تایبەتمەندیی پێشکەوتنی پیشەسازیی گۆزەگەریی رەنگا و رەنگ و دابەش کردنی کار و وەزیفەی کۆمەڵایەتیی لێکەوتەوە لەنێوان عەشیرەتە ئاژەڵدارەکان و کشتوکاڵدا و لە کێوەکانیشدا بەدوای ئاودا گەڕان و دۆزییانەوە و بۆ چاندنی دانەوێڵە و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ سوودیان لێ بینی.

دروست کردنی گوندە سەرەتاییەکانیش لە دیاردە دەرکەوتووەکانیتری ئەم شارستانییەتە کە لەناو یا نا هەندێك پیشەسازی بڵاو بوونەوە. ئەم پێشکەوتنەش بە سەرهەڵدانی پیشەی هونەری جولاّیی و گۆزەگەری بوو کە کارکردن لەو بوارەدا بە جوانی و شێوە ئەندازییەکەی دەڕۆیشت و ئەوانەش لە هونەرە جوانەکان بوون کە لە خاکی (ماد)دا دروست بوون بەر لە (مادی ئاریایی نەژاد).

ئەوانەی ئاماژەمان پێدا لێکچوونی شارستانییەت و فەرهەنگە و بۆ یەکێك لەو وێرانانەی ناوچەکانی شارستانییەتی گڵێنەسازیی ڕەنگاوڕەنگ دەگەڕێنەوە کە بەدەست گەیشتوون.

ئەم وەسفە بە پلەی چاخی بەردین و مسی لە هەرێمی (ماد)دا دەتوانین لە ڕووی مەزندەوە بیبەینەوە سەر (٣٠٠٠-٣٥٠٠) ساڵ پ.ز.

لە ڕووی مرۆڤ ناسییەوە کۆنترینی دانیشتوانی (ماد) ڕەش پێست بوون و دەست ێکی باڵاشیان بووە لە شێلان و ئامادەکردنی قوڕی سواڵەتدا کە هاوشێوەی ئەوروپایی بووە. ئەوانەی لە ڕۆخەکانی دەریای سپی ناوەڕاست کە لە ئازەربایجانیشدا جارێکی دیکە ژیانی بە بەردا کرایەوە بووەتە یەکێك لە یەکەیەکی تەواوکەری ڕێوڕەسمی مردوناشتن کە هاوشێوەی وێنە و ئاسەوارەکانی تەپەی حەسارن لە (دامغان). لە لایەکیترەوە خاکی ماد بە بەراورد بە شوێنەکانیتر کەمتر گۆڕانی لە ڕووی نەژاد و نەتەوایەتییەوە بەسەرداهاتووە لەو خاڵانەی کە تایبەتن بە گەلانی کۆچەری.

**سەرچاوە**

**ماستەرنامەیەکە لەسەر مێژووی**
**ماد بە زمانی فارسی لە زانکۆی**
**تاران وەرگیراوە ل٢٨-٣٠ چاپ نەبووە.**

# تیشکێك بۆ سەر باوکی مێژوو

## هێرۆدۆت

چاخی پێنجەمی پ.ز سەردەمی پێشکەوتنی وڵاتی یۆنان بوو لە هەموو بوارەکانی زانست و هونەردا کە تەواوی ئەو وڵاتەی لە رووە جیاجیاکانیانەوە گرتەوە، وەکو ئەدەبیات و مۆسیقا و ماف و مێژوو. ئەو سەردەمەش یەکێك بوو لەو رۆژگارەی کە وڵاتەکەی پڕکرد بوو لە مێژووی دونیا و سەردەمەکەش بە چاخی ئاڵتونی بۆ یۆنان ناسرا بوو. هەڵبەتە دروست بوون یان سەرهەڵدانی ئەو دیاردەیە بەرابەرایەتیی دیموکراتەکان بوو لە یۆنان لە سەردەمی (بریکلس)دا. لەم سەردەمەدا مێژوونووسانی گەورەی وەکو (هێرۆدۆت)، (تۆسیدید)، (کتزیاس)، (گزەینەفون)، (پلوتارك) و ژمارەیەکی تر لە مێژوونووسانی کۆن دەرکەوتن و مێژوویان لە کۆنەوە بۆ ئەو رۆژگارە نووسییەوە لەگەڵ ئەو زانستانەی کە هە بوون لەو قۆناغەدا هەنگاویان بۆ نا، ئەوەش بە کۆکردنەوەیان و نووسینەوەیان. هێردۆت لە پێشەوەی مێژوونووسانی چاخی کۆنە و، کۆنترین مێژوونووسی دونیا کە پێیدەڵێن (باوکی مێژوو). بەو جۆرە مێژووی کۆنی ئێران لە هەموو رووەکانیەوە گوێزراوەتەوە بەپێی قسەی هێردۆت.

(هێردۆت) کوڕی (لیگزس)ە و لە نەجیبزادەکانی (هالیکارناسۆس)ە و لە درێژی ساڵەکانی ٤٨٤ بۆ ٤٧٨ی پ.ز لە (هالیکارناسۆس) لە (کاریا)ی باشووری خۆرئاوای ئاسیای بچکۆلە چاوی بەدونیا هەڵهێناوە.

نووسینەکانی چاخی کۆن کە زانیاریی کەمی بیوگرافیی هێردۆتەوە بەدەست گەیشتوون و بۆ (سوئیداس ئیتن)ی بیزەنتی دەگەڕێتەوە. ئەمانە لەگەڵ نووسینەکەی (ئۆزب) و هەندێکیتر لە روی ناوەڕۆکەوە گرنگی زۆریان هەیە. ناوبانگی هێرۆدۆت لە ساڵەکانی ٤٦٨-٤٦٠ی پ.ز دا دەستی پێکرد لەوانەیە ئەوەش بەهۆی کەسایەتییەکەیەوە بووبێت کە ئازادیخواز بووە لە ساڵەکانی ٤٦٨-٤٦٧ی پ.زدا کە لە شۆڕشی ئازادیخوازکاندا لە (هالیکارناسۆس) بەشدار بووبێت، هەر ئەوەش بووەتە هاندەر بۆی دژی ئەو کەسەی بە لیگداس ناسرا بوو بچێتە بەرەی شەڕەوە. سەرئەنجام شۆڕشەکە گەیتشۆتە (سامۆس) و (هێرۆدۆت)یش لەوێوە سەرەتای گەشتوگوزار و سەفەرەکانی دەستی پێ کردووە و یەکەم قۆناغی بۆ (سیرن) و رۆخەکانی دەریای رەش بووە و دوایی گەیشتۆتە ناو خاکی ماد و پارس و لەوێشەوە رۆشتووە بۆ خاکە پڕ نهێنییەکانی فیرعەونەکانی (میسر) و (فینیقییە) و بەردەوام رێگای بڕیوە تاوەکو گەیشتۆتە (ئاتن). هێرۆدۆت دیارە ئاگاداری ئەو ناوچانەش بووە کە یەکەمین سەرچاوەی مێژووی دونیای بە گشتی لە کتێبەکاندا کۆکردۆتەوە.

کاتێك هێرۆدۆت لە دایك بوو (هالیکارناسۆس) بەشێك بوو لە موڵکی هەخامەنشییەکان بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو لە شوێنی لە دایك بوونیەوە خۆی بە هاووڵاتیی (تەبەعەی) هەخامەنشییەکان زانیوە.

مێژووی (هێرۆدۆت) ئەمڕۆ بەختەوەرانە لە (٩) بەرگی تەواودا و لەبەردەست مان دایە و هەر یەکێك لەو (٩) بەرگەش بەناوی لە خواکانی یۆنان و دیاردەکانی هونەری جوان بۆی کردووینەتە ناونیشان. هێرۆدۆت یەکەمیانی بەناوی (کلی یو) خوای مێژوو ناولێناوە و دووەم بەرگی بەناوی (ئوترپ) خوای مۆسیقا و سێیەم بەرگی بەناوی تالی خوای (کەمدی) و چوارەم بەرگی بەناوی (ملپوس) خوای تراژیدی و پێنجەم بەرگی بەناوی (ترپیکور) خوای سەما و شەشەم بەرگی بەناوی (ئاراتو) خوای شیعری خەماوی و حەوتەم بەرگی بەناوی خواژنی (پولیم نی) خوای پیاهەڵدان و هەشتەم بەرگی بەناوی (ئورانی) خوای ئەستێرەکان و نۆهەمی بەناوی (کالیۆپ) خوای قسە و شیعری حەماسی ناو لێناون.

بەو جۆرە بەپێی پێداویستییەکانی ژیان کە باوەڕیان پێی بووە دابەش کردنی کتێبەکانی هێردۆت بە (٩) بەرگ و ناولێنانی هەر یەکێك لەوانە بە ناوێکی کۆن کە چەند چاخێك دوای مردنی شێوەی خۆان وەرگرت و مانەوە، لەمەدا هێرۆدۆت مەبەستی ئەوە بووە بخوێنرێتەوە.

### سەرچاوەکانی مێژووی هێرۆدۆت:

هەر بەو جۆرەی کە لەوە و ئاماژەماندا هێرۆدۆت ئاشنایەتیی لەگەڵ نووسینەکانی پێش خۆیدا پەیدا کردووە وەکو (هکاتەی مەڵتی) و (هاڕونی لامپاکی) و (کسانتی لیدیایی) و (هلاییك) و (دیۆنیس) هەر ئەوانەش کاریگەرییان لەسەری هەبووە و بەهرەیان پێداوە ئەویش لێی کۆڵیونەتەوە، بەڵام بناغەی کارەکانی هێرۆدۆت لە مێژووی ئێرانەوە دەست پێدەکا و قسەی دەمی خەڵکی لە پیاوانی ماد و پارس گواستۆتەوە لەوانە (ژوپێر) کە بۆ (ئاتن) کۆچی

کردووە زانیاری لەسەر هارپاکی ماد داوە کە وەزیر و راوێژکاری ئاستیاگی دوا پاشای ماد بووە ئەوەش لە رۆژگارێکدا بووە کە (هارپاك) لە ناوچەی کیلیکییەی ئاسیای بچکۆلەی نزیك لە زێدەکەی هێرۆدۆت بووە و لەوێدا مولك ماڵی هەبووە. ئەم جۆرە زانیارییانە ئەگەر بە بەڵگەوە بێت هەتا رێژەیەك یەکلایی کەرەوە دەبێت، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، داستان و ئەفسانەکان بەسترا بوونەوە بە خانەدانەکانی خۆیانەوە کە لە ناویاندا هێرۆدۆت هەڵبژێردراوە. سەرئەنجام بە تێڕوانینمان و بەڵگە دروست بووەکان و هەواڵ و داستانەکان و باوەڕهێنان و پشتگیری لە نووسینەکانی ناوبراو کە لە سەرچاوە بزمارییەکانەوە لە سەردەمێکی کۆنەوە وەرگیراون ئەو بە باوکی مێژوو دادەنرێت.

## تایبەتمەندییە زمانییەکانی هێرۆدۆت:

ناوەڕۆك و دارشتنی (هێرۆدۆت) بە رووی زمانە سادە و ساکار و رەوانکەیدا دیارە و خاڵێکە بە نووسینەکانیەوە دیارە و لای منداڵێکی کەم تەجروبەی سەرەتاییش زمانەکەی خۆش بووە. ئەوەش توانا و مامۆستایەتی هێرۆدۆت دەرئەخات کە بە زمانێکی روون و ساکار نووسیویەتی بۆ ئەوەی مەبەستی دیاری بکات.

هەڵبەتە ساکاری نووسینەکانی هیچ کاتێك بەو شێوەیە نەبووە کە لە بەهای ناوەڕۆکەکەی کەم بکاتەوە یان بۆ ئەوە بوویێت نرخی زانستی نەبوویێت. هێرۆدۆت لە نووسینەکانیدا گرنگیی زۆری داوە بە رووداوەکان ئەوەش لە تایبەتمەندییە دیارەکانی نووسینەوەی مێژووی هێرۆدۆت بووە.

## هێرۆدۆت لە روانگەی رەخنەگر و لایەنگرە کۆن و سەردەمییەکانی خۆیەوە:

لەناوە مێژوونووسانی کۆندا هەن وەکو (کتزیاس) و (پلوتارك) بە قورسی هێرشیان بردۆتە سەری و بەدرۆزن و لادەر ناوی دێنن و رووداوەکان و ئەفسانە و داستانە گوێزراوەکانی بە گومانەوە وەردەگرن و تاوانباری دەکەن. بۆیە لەو روانگەیەوە نامەکەیان لە ژێر ناوی (قورەپسەکەی هێرۆدۆت) بڵاوکردۆتەوە ئەویان بەگشتی خستۆتەپاڵ (پلوتارك) لە بیرکردنەوەکانیدا. لە چاوی ئەم کۆمەڵەوە رەخنەگرەکانی کۆن هێرۆدۆت بەلایەنگری ئاسیاییەکان دادەنێن واتە بەربەرەکان کە بەزەیی پیایانا دێتەوە ئەو و ئەوەش لای یۆنانییەکان دژە، لە کاتێکدا ئەوانە دوژمنی دێرینی یۆنان، یان گەورەکانیان بوون. بۆ نموونە (پلوتارك) هێرۆدۆتی بە (بەربەر) پەرست ناو بردووە. هەڵبەتە هەستکردنی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیزمی بەهێزی هێرۆدۆت پەیوەندیی ئەو بۆ (بەربەر) پەرستی دەسەلمێنێ و دیاریی دەکات.

(تۆسیدید) لە رەخنەگرتنیندا لە هێرۆدۆت وای دەبینی کە نووسراوەکانی پتەو و متمانەپێکراو نین و بەمەبەستی روونکردنەوەی بیری وەچەکانی داهاتوو و دەرخستنی راستییەکانی مێژووەکەی تیاندا نەنووسراوەتەوە.

(ئۆزف قاویۆس) و (ئەرەستۆ) و (ئاسترابون) و هەندێکیتر لە مێژوونووسانی کۆن بە ئەفسانەی نادیار کە پەنای بردۆتە بەریان، ناوی دەبەن. بەڵام (سیسزۆن) خەتیب و سیاسەتمەداری رۆم لە چاخی یەکەمی زانینی هێرۆدۆت بە باوکی مێژوو ناو دەبات. هەر بەو جۆرەش (دینس هەلیکارناس)ی مێژوونووسی یۆنانی سەردەم و (ژۆل سزار) و (قەیسەر ئاگوست)ی نووسەری مێژووی رۆم هێرۆدۆت بە شایستە و بە ناونیشانی باشترین مێژوونووسی ناو بردووە.

لە نێوان مێژوونووسانی سەردەمدا جارێکی دیکە داوەریی جیاجیا دەربارەی هێرۆدت و نووسینەکانی ئەنجام دەردێت هەر ئەوانە خۆیان دەبنە دوو کۆمەڵ و دابەش دەبن بەسەر:

١- مێژوونووسانی سەر بە قوتابخانەی (سیس)ی ئینگلیزی کە بە گشتی لە لایەنگرانی قوتابخانەکەین و خوێندنەوە بۆ سەر بەجێماوەکانی هێرۆدۆت و کەسایەتییەکەی وەکو پسپۆڕێك دەکەن. ئەوانە زۆر رەشبینانە لەو دەروانن و بەوە تاوانباری دەکەن کە دەست درێژیی کردۆتە سەر پاشماوە و دانراوەکانی دیکەی دانەرانی پێش خۆی و بۆ خۆی بردووە و باوەڕیشیان وایە کە هێرۆدۆت زانیاریی مێژوویی و جوگرافی وەرگرتووە لە ئەنجامی زیاتر ئاشنا بوونی پێیان و خوێنەرانی بەنووسینەکانی ئاشنا کردووە.

٢- کۆمەڵەی دووەم مێژوودانەرانی چاخەکانی سەردەمن کە داکۆکی لە هێرۆدۆت و نووسینەکانی دەکەن و پەنادەبەنە بەر لێکۆڵەرانی پێشووتر لە فەرەنسییەکان و رایان وایە کە نووسینەکانی هێرۆدۆت راستن و پشتگیری تەواویشی لێدەکەن. ناسراوترینی ئەم کۆمەڵە لە لێکۆڵەران (ئامێدی ئوڤیت) و (ئالفرید کراوزیت)ە کە یەکەمیان کتێبەکەی بەناوی مێژووی شەڕەکانی (میدیك)ە و ئەویتریان ناوی کتێبەکەی، مێژووی ئەدەبیاتی یۆنانە کە لە (٥) بەرگدا دایناوە.

## ئەنجام:

ئەوانەی بەناوی راستییەکانەوە بەپێی بەڵگەکان تۆمار کراون بەو شێوەیە کە زانستی مێژوو لە نووسینەکانی هێرۆدۆتدا لەسەر نووسراوەکانیتری مێژوونووسەکان و رەگەزناسەکۆنەکانی دیکە وەرگیراون، ئەوەش بەو جۆرەیە کە هێرۆدۆت کەسێکە و سوودی بەخەڵك گەیاندووە لە رێگای قەواڵە نووسراوەکانی بزماری کۆنی ئاشووری-پارسی هەروەها بەهۆی کنە و پشکنینی دێریناسی و هەتاکو ئەستێرە ناسیش لە ئەمڕۆشدا (نموونەی راستی رۆژگیرانی ساڵی ٥٨٥ پ.ز)ەکە بۆ رێکەوتنی (هالیس) دروست بوو لە نێوان (مادولیدی) بۆیە هێرۆدۆت لە هەندێك رووەوە لە باسی داستانێکدا بۆ رووداوێکی برۆدتەوە بۆ ئەوەی مێژووەکەی لەسەر بنووسێتەوە. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی (ئەردەشێری خودادایان) پشگیری لەوە بکات کە زانیاری و زانستی لەسەر ئەو شتانەی کە پەیوەست بوو بە مادەکانەوە لە رێگای نووسینەکانی هێرۆدۆتەوە بڵاوبۆتەوە.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە لە زانکۆی**

**تاران وەرگیراوە لەسەر مێژووی**

**ماد بەزمانی فارسی چاپ نەبووە.**

# قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە لە مێژووی ماد

لێکۆڵینەوەی مێژوویی لە وڵاتی ماد دەتوانین دابەشیبکەین بەدوو سەردەمدا. قۆناغی یەکەم، بەر لە دۆزینەوەی سەرچاوە رەسەنەکانی رۆژهەڵات بەتایبەتی دۆزینەوەی نووسینە بزمارییەکان. قۆناغی دووەم، دوای دۆزینەوەی نووسینە بزمارییەکانە. لە قۆناغی یەکەمدا تاوەکو کۆتایی چاخی ١٩ی پێش زایینی خوێندنەوەی زانستییانەی پەیوەندیدار بە مێژووی ماد سنووردار بووە بە نووسینی مێژوونووسانی یۆنانی بەتایبەت نووسینەکانی کتریاسکە هەوڵیداوە قسەکانی ناو تەورات لەگەڵ ئەوانەی (هێرۆدۆت وتوویەتی رێکیانبخات و بیاننووسێتەوە. هەڵبەتە دواتر بە دوو هێڵی هاوشانی تەواوکەری یەکتری زانستی ئێراناسی کۆششی بەرچاوی بۆ مێژووی ماد هە بوو. ئەم جۆرە هەوڵانەش کاردانەوەی هە بوو لەسەر ئەو بابەتانەی لە پەیوەندی لەگەڵ زەردەشتییەکاندا باسی کراوە. قۆناغی دووەم، لەم قۆناغەدا یەکەم کەسێك سوودی وەرگرتووە لە نووسینە بزمارییەکان و توێژینەوەی لەسەر مێژووی ماد کردووە (فرانسوا لنورمان)ە (١٨٧١ز) کە دواتر خۆرهەڵاتناسان و (ماد)ناسەکان لە چاخەکانی ١٩ و ٢٠ی زایینی بەهاوبەشی سوودیان لە ناوەڕۆکی نووسینە یۆنانییەکان وەرگرتووە و گواستنەوەیان لەسەر کردوون ئەوانەش نووسینەکانی پارسی-بابلی-ئاشووری عیلامی) دەگرێتەوە کە بەکاریان هێناون بۆ خوێندنەوە مێژووییەکەی (ماد) لەوەش زیاتر کاریان کردووە بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی تر لەوانە (ئۆپەر) کە لێکۆڵینەوەی لەسەر بەشی دووەمی نووسینەکانی هەخامەنشی کردووە هەروەکو دەڵێن نووسینەکە بە زمانی ماد لە قەڵەم دراوە. لێرەدا (دیلاتەر) بەڵگەکانی (ئۆپەر) دەداتە دواوە بەهۆی ئەوەی هەروەکو دەڵێ (تەویق) نە کراوە لەوانەشە ئەو رایە هەر سەیرکردنێکی ئاسیایی بوو بێت یان دوور نییە جوداش بێت کە بۆی بووە تەخزمەتێکی گەورە. (هۆگۆ وینکلەر) و (رۆست)یش لەو لێکۆڵەرانەن کە لەسەر مێژووی (ماد) کاری دروست یان کردووە و لەو هەوڵەیاندا لەو لێکۆڵەران کە لەسەر مێژووی (ماد) کاری دروست یان کردووە و لە هەوڵەیاندا ئەنجامی باشیان بەرهەم هێناوە. لەم ساڵانەی دواییدا لە چاپکردنی کتێب و نامە باوەڕپێ کراوەکاندا بە رێژەیەکی زۆرتر دەربارەی (ماد) و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژووکەی زیاتر بووەتە شوێنی بایەخ پێدان، گرنگترینی ئەوانە نامەکانی (کینگ)ە کە بە ناوی کۆنترین مێژووی ماد و پارس نووسینەکانی بڵاو بوونەتەوە، هەر بەو جۆرەش کتێبی (ئێران لە بەرەبەیانی مێژووەکەید) جۆرج کامیرۆن (ئێران لە کۆنەوە تا ئیسلام) لە نووسینی (رۆمان گریشمەن) و لەمانەش گرنگتر هەمووی مێژووی مادی لێکۆڵەری گەورە دیاکۆنۆفە.

## ناونیشانی وشەی ماد:

وشەی ماد لە زمانەکانی گەلانی کۆندا بەشێوەی جیاجیاهاتووە. لە زمانی ئاشووریدا لە ژێر ناوی (مادای)، (ئامادای)، (ماتای) دەرکەوتووە و لە زمانی عیلامی نوێشدا (ماتاپە)یە و لە زمانی پارسی کۆنشیدا (ماد)، (مادا)یە و لە زمانی یۆنانی کۆنیشدا (مەدای)یە و لە زمانی ئاوێستای مەیانەشدا (مارتایە) کە بە مانای (رێگاگر و پیاوکوژ) دێت، لە زمانی عیبری کۆنیشدا (مارك)ە و لە زمانی پارتیشدا بە (مات) دێت. هەرچەندە ریشەی دیاری ئاریای لەم واژەیەدا دەرکەوتوو نییە، لەوانەیە زاراوەکە ریشەی عیلامی کاسپی هەبێت.

## جوگرافیای مێژووی ماد:

لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر لەلایەن لێکۆڵەرانی خۆرئاوا وەکو (رۆست) و (ستریك) و (دانژن) و (مارکوات) و (هێرزفیلد) و (کامیرۆن) و غەیری ئەوان کراوە بەهۆی هۆکاری گۆڕانکاری لەناوەکانی جوگرافیای سەرزەمینی ماد بەتایبەتی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ماد ئەوەش بەسەرچاوەکانی ئاشووری و بابلی بە ناوچەکانی خۆرئاوایەوە دیارە، بەڵام لەو توێژینەوانەدا ناوی رووبارەکانیان و شاخەکانیان دەرنەکەوتوون، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو عونورە جوگرافیاییە کە بوونی کەموکورییە لەسەرچاوەکانی ئاشووریدا، ئەو کەم و کورییەش دەبێتە هۆی ئەوەی مێژووی ماد رووبەرووی کێشەی جۆراوجۆر ببێتەوە یان بۆی دروست بێت. سنووری جوگرافیای سەرزەمینی ماد لە لای باکوور و باکووری خۆرئاوای بەشی یەکەم، کە بەبەشی خۆرئاوای (ماد) ناسراوە لە واقیعدا هەمان مادی ئاترۆپاتینە کە لە باکوورەوە رووباری ئاراس هەتا کێوی ئەلوەند دەوری داوە و لە باشووریشدا درێژ دەبێتەوە هەموو ئازەربایجان و گۆلاوی و ورمێ و رووبارەکانی (جەعەتو) و ناوچەکانی رووباری (قزل ئوزون) (رووباری سپی) دەگرێتەوە کە شاخی (ئەلبورز) دەبڕێت هەتاوەکو دەگاتەوە بە لێواری

پـانی ٢٠٠ کیلۆمـەتری شـاخەکانی زاگرۆسـی نزیـك شـاری (رەشـت) کـە سـاڵانە بـەفریان لێناچێتەوە. ئەم زنجیرە شاخە نزیکی (٢٠٠٠) تا (٢٥٠٠) مەتر بەرزە لەسەر رووی دەریـاوە و (١٠٠) مەتریش لە دەربەندەکەوە بڵندە. شاخەکاننتی (کاملە) لە زنجیرەی قـەرەداغی لێـواری باشووری رووباری (ئاراس کێو) و (خورەم داغ) (سەهەند) و (کێـوی سـبلان) (داغ و ئـاقراغ)ی ئەو بەشەی مادی (ئاترۆ پـاتین)ە. گـەورەترین دەشـت دەکـەوێتـە ئـەم ناوچـەیە لـە باشـووری دەریاچەی ورمێیە و سنووری بە رووباری (جەغـەتو) و رووبارەکـانی تـری هاوشـانیەتی و ئـەو سەرزەمینە دەبڕن. ئەو بەشەی (ماد) دەوڵەمەندە بەگژو گیاو لەوەڕگایەکی باشیشی هەیـە بـۆ ئاژەڵداری، (ئاژەڵداری بۆ ئەوانەی گەرمیان و کوێـستان دەکـەن، کـە کوردەکـانی ئـەردەڵان و موکریان و سـلێمانی و کرماشـان و نـامری (خانـەقین) لـەم ناوچـەیەدا دەژیـن. بەشـی دووەم پێکهاتووە لە (مـادی) باشـوور کـە گردەکـانی داپۆشـراوە، یـان چـوار دەوردراون بـە شـاخی (ئەلبورز). لە لای باکوور زنجیرەی کێوی روود لە باشووری دایە بە هاوشانی زنجیـرەی زاگـرۆس دەڕوات بەمانا لە باکووری خۆرئاوایەوە دەکشێ بەرەو باشـووری خۆرهـەڵاتی. هـەروەکو (ژرار ئیسرائیل) لە کتێبی خۆیـدا بەناونیـشانی کۆرشـی گـەورە نووسـیویە: مادەکـان لـە ئـەنزافی ئاکبەتانی سەرزەوینی گەورەیان دانیشتوون کە درێژ بۆتـەوە تـاوەکو خۆرهـەڵاتی دەماوەنـد و رۆخی بیابانی (کوێر) لە مەرکەزی ئێران درێژ دەبێتەوە.

لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەم ناوچەیەی ماد بیابانی خوێناویی دەشتی کـوێر هەیـە. مـادی باشووریش پێکهاتووە لە بیابانێکی سارد و وشك و هـاوینێکی گـەرمی هەیـە کـە تـەنیا لـە دامێنی کێوەکانیدا کەمێك (شێو) باران هەیە و لە ئەنجامیدا کشتوکاڵ تیایدا دەرئەکەوێت.

## بەشی سێیەم:

پارتاکتای کۆن دەکەوێتە نێوانی زنجیرە شـاخەکانی هاوشـانی یـەکتری لـە بـاکوور شاخی (ورد) و لە باشووریش زنجیرە شاخەکانی باشووری ئێـران دێ کـە پـشتی زنجیـرە شاخەکانی زاگرۆس دەگرێتەوە. لێرەدا تەنیا رووباری ناسراو پارتاکتاهەیە کـە مانـای هاوشێوەی رووبار دەگرێتەوە و ئەو ناوچەیەی ماد ئاو ئـەدات، ئـەم رووبـارە بـەرۆخی شاری (ئەسفەهان)دا دەهات. سروشـتی پارتاکنـا شـێوەی سروشـتی مـادی باشـووری هەیە، بەڵام لەو هەژارتریشە. لە دابەش کردنی جیاکردنەوەی تری (ماد)دا بە دووبەش ئەسڵی و بچووك جیایان دەکەینەوە.

ئەلف-مادی گەورە کە (عێراق)، (عەجەم)، (کرماشان، هەمەدان، قـەزوین، ئەسـفەهان و رەی) دەگرێتەوە و تاوەکو پارس و خۆزستان و هەر بەو جۆرەش تا (خەزەر) درێژ دەبێتەوە.

بێ- مادی بچووك: کە هەموو ئازەربایجان و کوردستان دەگرێتەوە. ئەو کێوانـەی لێـرەدا و لەهەر زەمینێکی کۆندا دەرکەوتن کلیلی جوگرافیای مێـژوویین کـە لـە ئەسـڵدا ئـەو ئەگـەرە بەهێزە دروست دەبێت ئەویش سەرزەمینی ماد بە هێڵێکی دابەشکراوی ئـاو بـە ١٢ ناوچـەی جوگرافیدا دابەش بووە.

١- ئاترۆپاتین یان ئانزۆ پاتگان: ئەو ناوچەیە ئاشوورییەکان ناوی (سانگیبۆتۆ)یان لێناوە کە بە گشتی زنجیرە شاخی ئاگری داغ، یان ئاوری داغ دەوری داوە و شارەکانی (مەرند، خـۆی) کە لە دەشتێکی کشتوکاڵی بە پیت و بەرەکەتی پڕدانەوێڵە لێرە دان. خاکەکەیان بەپیتە و ئـەم (مادەی) (ئاترۆپاتین)یش ئەرمەنستانی لەگەڵدا بووە.

٢- دەربەندی رووباری قەرەسوو (کەرتی باشووری ئاراس) کە لەسەر سەرچاوەکانی کۆنی هـیچ زانیارییەکمان دەربارەی ناوچەکەی بەدەستەوە نییە، بەڵام دواتر کاردۆسییەکان تیایدا جێگیر بوون.

٣- ناوچەی گۆلاوی و ورمێ کە هەموو خۆرئاوای گۆلاوی (کلیلیزان)ی کۆن و زامواشـی گرتۆتەوە کە لە چاخی حەوتەمی پ.ز سامانێکی گەورە بۆ دەوڵەتی (ماننـا) و مەرکـەزی ئـا بووری سەرتاسەری مادیش.

٤- دەربەندی رووباری (قزل ئوزن)ی سپی و رووبار و لقەکانی.

٥- بەشی سەرەوەی رووباری زێی بچووك کە پێکهـاتووە لـە بەشـی زامـوا و بڕیـار لـە دەستی خۆیدا بووە و هـەموو شـارەکانی وەکـو (سـنە) و (زەهـاو) و (سـلێمانی) و (بانـە) و (میاندواب)ی گرتۆتەوە.

٦- بەشی سەرەوەی رووباری دیالە (مەبەست لە سیروانە) لـە چـاخی ٩ی پ.ز ناوچـەی (پارسوا)یان پێگوتووە و شاری (زور) لێرەدا بووە.

٧- بەشی ناوەڕاستی هێڵی ئاوی رووباری دیالە شاری (نامری) (خانەقین) کەوتۆتە ئەم بەشەوە.

٨- دەربەندەکانی بەشی سەرەوەی رووباری (کەرخە) کە ئەیالەتی ئـالیپی تیـادا بـووە و گۆڕاوە بۆ (مابیدا) و ناوی (نسا)ی مادیش لەم بەشەدا بووە لە سنووری ئەردەڵان یـان (سـنە) بووە کە شوێنی بەخێوکردنی باشترین و گەورەترین و تیژترین ئەسپ بووە لە سەردەمی کۆنـدا. سەر پێلی زەهاویش ناوچەی جیاکردنەوەی مادی سەروو خواروو بووە لە یەکتری.

بێ مادی خواروو، یان راجاینا:

٩- ناوچەی هەمەدان: ئەم ناوچەیە ڕێگای بەیەکگەیشتنی مادی ئاترۆپاتین و مادی خوارووە لە دەرورووبەری شاخی ئەلۆەندە کە دەوڵەوێتە ئێرەوە. پایتەختی مادەکان پێیدەڵێن (هەگمەتانە)، یان (هەنگمەتنە) (بەمانای شوێنی کۆ بوونەوەکان) یان (ئاکباتان)کە، دەکەوێتە ئەم ناوچەیە.

١٠- شوێنی دەریاچەی حەوزی سوڵتان کە هەموو گۆلاوی خویٚ (نمەك) و (ئابهەرچای) و (قەرەسوو) و (قوم) دەگرێتەوە و ئاشوورییەکان ئەم بەشەیان بە سەرزەمینی رووبارەکان داناوە.

١١- ناوچەی باکووری دەشتی (کوێر) کە لە سەردەمی کۆندا ناوی (خوار) یان (خوارنا) بووە و (رەی) و (سمنان) و (دامغان)ی لە خۆگرتووە.

١٢- مادی پارتاکا.

## گرنگی پۆلینی ئا بووری، سیاسی، سەرزەمینی ماد:

خاکی ماد بەهۆی زۆریی کانەکانی، دەوڵەمەند بووە و لەوانەشە لە شاخەکانی زاگرۆس و شوێنەکانی تری خۆرهەڵاتی لە ڕۆژگاری زۆر کۆندا (مس) و هەموو کانزاکانیتری لیٚ دەرهێنرابێت. جگە لەوانەش لە دامێنیٚ خۆرئاوای زاگرۆس و شوێنەکانیتری ناو خاکی ماد لە چاخی رابردوودا و هەتاکو لە ئەوروپاش بە نەوتیان وتووە (رۆنی ماد) کە بووەتە نازناوی. بە تێڕوانینێك دەرئەکەوێت ڕێگای سەربازیی ئاسیای پێشەوە (قەفقاز) بەستراوەتەوە بە ئاسیای ناوەند و هیندستان کە بە خاکی (ماد)دا ڕۆیشتوون. بەو هۆیەوە توانیویانە بەردی بەنرخی (باختەر) لە ئاسیای مەرکەزییەوە بگەیەننە قەفقاز.

## جێگیر بوونی مادەکان لە زاگرۆس:

مادەکان لە کۆمەڵێك تایەفە و گەلانی میسۆپۆتامیا یان کۆمەڵەی زاگرۆس، یان بەشێوەیەکی رونتر بڵێین یەکێکین لە تایەفەکانی کورد کە ئەو ناوەیان لێناون ئەوەش بە پشتگیری لێکۆڵەرانی تیۆری وەکو (دیاکۆنۆف) و (ریشارد فرای) و گەلێکیتر یەکلاییی بۆتەوە و دەرکەوتووە، کە بنەچەی مادەکان لە گوتی عەشیرەتەکانی کاسی و گەلێکیتر دامەزراون ئارياییەکان لە یەکەمین کۆچیاندا ڕۆیشتوون بۆ بەرزاییەکانی ئێران بە مانا لە هەزارەی چوارەمی پ.ز، یان پێشتووتر لە ناوچەیەك لە ناوچەکانی زاگرۆس دانیشتوون. هەرچەندە هەندێك لە لێکۆڵەران وەکو (کلمان هوار) ئاسۆی سەردەمی دانیشتنی مادەکانی ئاریایی نەژاد تا ١١٠٠ی پ.ز دوورتر نابینن، بەڵام لێکۆڵەریتر هەیە وەکو سەعید نەفیسی مێژووی یەکەمین کۆچی ئەو گەلانە بۆ (٥) هەزار ساڵ پ.ز یان دواتر دادەنێن، یان هەندێکیتر کۆچی ئارییەکان بۆ بەرزاییەکانی ئێران دەبەنەوە بۆ کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز یان سەرەتای هەزارەی یەکەم.

ئەوەی لەناو ئەم تیۆرانەدا نوێیە و پشگیرییان لێدەکرێت تیۆری (دیاکۆنۆف) و (ریتشارد فرای)ە بەڵگەش بۆ ئەمە لە یەکێك لە ڕۆژەکانی مانگی ٩ی ١٩٩٥ زانایانی ئەمریکا لە دەوروبەری شاری زاخۆ لە باکووری کوردستانی باشوور ئێسکبەندی مرۆڤێکیان دۆزیوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ (٥) هەزار ساڵ پ.ز، لە باکووردا مرۆڤەکان لەگەڵ کەلوپەلەکان دەنێژران. بەو جۆرە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لێکۆڵەران کردوویانە دەگەینە ئەوەی مادەکان بەپێی پێکهاتەیان لە گەلانی گوتی و ناوچەی زاگرۆس بوون کە بە ژمارەی زۆر هاتوون نەوەك بەشێوەیەکی ساکار و هەرەمەکی وسەربەخۆهاتبن و رەگ و ریشەی بنەچەشیان سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و بڕیار لەسەردانە. بۆیە لەو راستییەوە دەڵێین: پەیوەندیی لە نێوان ئەو گەلانەدا و پێشکەوتییان بەبەراورد لەگەڵ گشت گەلانی خۆرهەڵاتدا دەگەینە ئەوەی خاوەنی ئەو ئێسکبەندە لە مادەکان بووە. خۆ ئەگەر پاشماوەی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆنی پێشووتر بدۆزینەوە دەبێت لە کۆمەڵەی زاگرۆس بێت، بۆیە پشتگیری لەوە دەکەم کە بەشێکی ئەو گەلانەی زوو پێدەچێت لە گوتی و لقەکانی بێت بەمانا لۆلۆیی و کاسی و مرۆڤیتر کە ناتوانرێت بناسرێتەوە. (رەشید یاسەمی) بەپێی هێنانەوەی وتەیەکی (هەنری ڤیلد) دەنووسیٚ: مادەکان لە دانیشتوانی ناوچەیی و جێگرەوەی خاکی زاگرۆسن، لە خۆرئاوای بەرزاییەکانی ئێران بوو، تا ڕۆژگاری هاتنی ئەوانە بۆ ناوچەی زاگرۆس لە چاخی پالیۆلیتیك (بەردینی کۆن) دەستی پیٚ کردووە. ڕۆژگارێك کە مرۆڤ لە رۆشتنا بووە لە دەربەندەکانی باشووری ئێران رووە و باکووری خۆرئاوای کۆچی کردووە لە دەربەندەکانی سلێمانی و رواندزیشەوە چووەتە ناو خاکی کوردستان لەوێشەوە بەرەو باکوور ملیناوە. ئێستا گەیشتنە ئەوەی بزانین پێکهاتەی قەومی خاکی ماد ئەوەی هەبووە لە هەزارەی سێیەم تاوەکو سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز بەبیٚ گۆڕانکاری بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو شەش عەشیرەتەی ماد بووە کە هێرۆدۆت بەئێمەی ئاشناکرد و زانیاریمان لەسەریان وەرگرت.لەناویانا تەنیا (پارتاکینان) بوو کە سیمای ئاریایی هەزارەی یەکەمی پ.ز هە بوو بە جۆرێك هەتاکو ئێستاش رەگو ریشەی هیند و ئەوروپییان هەیە، بەڵام واژەی موغەکان و بوسییەکان هێشتا دەرنەکەوت بوون بەڵام رەگەز و فەرهەنگی ئارياییەکان (ئاریزانتی) لەگەڵ عەشیرەتەکانیتردا زمانی هاوبەشی هەموویان لە عەشیرەتی (ماد) بوون.

## دەرکەوتنی دەوڵەتی ماد لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز:

هەروەکو لە ناوەڕۆکی نووسینەکانی هیڕۆدۆت و (کتزیاس)دا دەردەکەوتن دەوڵەتی ماد لە شەش تایەفەی گەورە دروست  بووە کە لە پاشاوەی گوتییەکان و گەلانی زاگرۆس کە ناوی عەشیرەتەکانیان هەر بەو جۆرەی لەوە و بەر ئاماژەیان پێدا لە: بوسییەکان و ستروخانییەکان و ئاریزانتییەکان و بودییەکان و موغەکان و پارتاکینان پێکهاتوون. لێرەدا موغەکان رەسەنترین و گرنگترین عەشیرەتی (ماد) بوون کە، دیاکۆ دامەزرێنەری دەوڵەوتی ماد و خانەدانی ئەو تایەفە و ژیانەوەی بووە. هەر بەو جۆرە رۆحانییەکان و دادوەرەکانیش لەو تایەفەیە هەڵدەبژێردران.

هەروەکو لەوەوبەر ئاماژەمان دا هیڕۆدۆت ماوەی ژیانی سیاسی دەوڵەتی مادی بە ١٥٠ ساڵ داناوە و ژمارەی پاشاکانی بە چوار کەس ناساند بوون، بەڵام (کتزیاس) ماوەی مانەوەی حکوومەتی ئەوانی بە ٣٥٠ ساڵ داناوە و ژمارەی پاشاکانیشی بە (١٠) کەس تۆمار کردووە، وادیارە هیڕۆدۆت راستتر بۆیچووە بۆچوونەکەی وەرگیراوە.

## دیاکۆ پێویست بوو بۆ یەکخستنی مادەکان:

دروست  کردنی سیستمی کۆمەڵایەتی و رامیاری بۆ تایەفەکانی ماد و دوورخستنەوەی زیان و هەستکردن بە ئاسایش و هۆکارەکانی دەرەکیش بەتایبەتی لە ئاشوورییەکانەوە هۆکار بوون بۆ بەیەکگەیشتنی کۆمەڵگای پاشایەتییە فرە تایەفەکەی ماد. بۆ یەکگرتنی لەسەر خۆی مادەکان و نەهێشتنی خاڵی لاواز تیایاندا و رۆیشتنیان بەرەو سەرکەوتن و بە ئەنجامگەیاندنی چاکسازییەکانیان لە سیستمی سیاسی و فەرهەنگیاندا، ئەمانەبوونە هۆکار بۆ دروست  کردنی هاوشێوەیەك لە فەرمانڕەوایەتی کە وەکو قەڵا بەهێزەکانیان لە سنووری خۆرئاوایاندا دژی ئاشوورییەکان و لایەنەکانیتر بوەستنەوە. تاڵانی و بڕۆ و نەبوونی ئاسایشی بەهێز لە کۆمەڵگای (ماد)دا ئەو بارودۆخەی دروست  کرد کە پێویستی بە دادوەرێك هە بوو، یان پارێزگایەك کە بتوانێت کارەکانی ناو خۆی ماد رێکبخات و چارەسەری بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە و هەموو لایەکیش هەست بە لێپرسراوێتی بکەن. بەدەربڕینێکیتر ئارییاییەکان لە رێکخستنی باری کۆمەڵایەتی و رامیارییاندا بەبێ گەڕانەوە بۆ سیستەمی عەشیرەتی. لەو رووەشەوە واتە ئا بووری و رامیارییەوە کاریگەریی مەملەکەتەکانی نێوان دوو رووبار یان لە کۆنەوە لەسەر بوو، کە پێویستیان بە دەوڵەتێك هە بوو بۆ ئەوەی لە شارستانێتی دەوارنشین رزگاریان ببێ و دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ خۆیان دروست بکەن و پشتاوپشت بۆیان بمێنێتەوە و نەبەسترێتەوە بە بارودۆخی سروشتی و جوگرافیای ئارییایییان و مرۆڤەکانی پەیڕەوی بکەن. لەو دانانەدا پاشا هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت وەکو دانانی نەخشەی ئا بووری و فەرهەنگی و خاوەنی موڵك و ماڵی خۆشی بێت. ئەم بیرکردنەوەیە پلانی دارێژراوی پاشا بوو کە بە نووسین دایناو بە ئەنجامی گەیاند.

مامۆستا رەزای شەعبانی بۆ بەخێرایی یەکگرتنی مادەکان لە تەواوی پێداویستییەکانی (٣) عونسوری بناغەیی ئاماژە پێداوە، وەکو دەوڵەت و گەل و خاکی دیاریکراو کە بە نەخشەی بنەڕەتی دادەنێت.

لەو نێوانەدا (دیاکۆ) (٧٠٨-٦٥٥ پ.ز) کە پێشەوای یەکێك بوو لە تایەفەکان، یان لقەکانی گەورەی ماد، یان مرۆڤێکی مانایی بوو لە باشووری گوڵاوی ورمێ، کەسایەتییەکی ئەفسووناوی هە بوو. لەگەڵ کەمێك لە چاکە و خوڕەوشتی بەرز و عەقلی یەکسان و بە ویژدان و راستی وتن و توانای گەورە و ئاوازی چاکەی.

خۆی ماوەیەك گەیشتە (ئارمغان)، لەوێ گوێی لە سکاڵای مرۆڤ دەگرت و توانی بە یەکسانی و دادوەری پرس و کێشەکان چارەسەر بکا و کۆتایی بە ئاژاوە بهێنێت لە کۆمەڵگای ناچەسپاوی (ماد)دا.

بەپێی قسەی هیڕۆدۆت (دیاکۆ) کە خاوەنی توانا و دەسەڵات بوو تێدەکۆشا بەپێی یاسا لە شوێنە بە تواناکەیدا مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا  بکات، بۆیە بیانووی بە کەس نەدەگرت و کەسیشی لە کارەکەی دوور نەخستەوە و بەپێی بەرنامەیەك لایەنگرانی (دیاکۆ) کە تیایدا لە کۆ بوونەوەکەدا ئامادە بوون هەڵیانبژارد و (دیاکۆ)ش ناونیشانی گەورەی عەشیرەتەکانی پێدرا و دانرا.

(دیاکۆ) دوای هەڵبژاردنی سەرەتا پێویست بوو تەختێکیان بۆ دانا و مەرکەزی دیاریکراوی حکوومەتیان بۆ دەست نیشانکرد. دەستەیەکیان لە (١٠) کەسی چەکدار بۆ پارێزگاریکردنی لە قەڵایەکی بەهێزی گەورەدا بۆ دانا کە لە دامەزراوەکانی ئاسایشی بەهێز و گەورە بوو لە (ئاکباتان) (هەمەدان)ی ئەمڕۆ، مادەکانیشی ناچارکرد کە مانگانە هەرکەسە و لای خۆیەوە هەڵیسوورێنێت. لەو شتانەی کە (دیاکۆ)ش داینا بۆ پەیوەندیکردنی چواردەوری پێوەی ئەوە بوو هیچ کەس بۆی نەبوو راستەوخۆ بچێتە لای پاشا، دەبوایە بەنووسراو ئاگاداری بکرایە لەلایەن کەسانێترەوە، ئیتر هیچ کەس نەیدەتوانی پاشای بە ئاسانی ببینێت و لەو مێژووەشەوە پێکەنین و ئاو و رۆن رژاندن لە حزووری پاشادا کاری ناشایستە بوون. (دیاکۆ) بە دانانی ئەو یاسایانە و تەشریفاتانە دەیخواست کۆتایی بە ئەمانە بهێنێت کە لەگەڵیاندا دادەنیشتن دیبەنیاندەکرد بۆ ئەوەی شایستەیی و رەسەنایەتی بنەماڵەکەی خۆی بپارێزێت لەوانەی زانیارییان لەسەر نەبوو. نەوەکو دووچاری هەستکردن بە گومان بەخیلی و دژایەتی ببێت

لەلایەن ئەوانەی نەیاندیوە یان کەمتر دیویانە لە بوونی خۆیدا و زانیاری لەسەریان هەبێت (دیاکۆ) یەکەمین دادەورێکی مادی بوو کە یەکێتی لە نێوان شەش عەشیرەتەکەی (ماد)دا دروست کرد کە لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵ بوو بە سەرجۆن لە شام و بابل و عیلام، پاشای ئاشووری لە هێزەوە بیری لە یەکیەتییەك دەکردەوە لەگەڵچ عەشیرەتەکانی (ماد)دا کە زۆر گرنگ بوو بهێنێتە ڕوو. هەروەها (دیاکۆ) یەکەمین پاشایەك بوو کە سیستمی ئاسایشی سیخوری دروست کرد کە لەوانەیە بە یارمەتی موغەکان بوو بێت. ئەم جۆرە کارەش کە پەیوەندیی بە ئاسایشەوە لە ئاشوورییەکانەوە وەریگرتووە و دواتریش لە سەردەمەکانیتری پاشاکانی هەخامەنشی بەتایبەتی داریۆشی یەکەم (٥١١-٤٨٦ پ.ز) و پاشاکانی ئاشکانی و ساسانی وەرگیراوە. دیاکۆ کە عەشیرەتەکانی پەرت و بڵاوی مادی لە ژێر باڵیا کۆکردنەوە ئەوەشی بۆ رزگار بوونی ماد بوو لە ژێر چەپۆکی ئاشوورییەکاندا کە هەندێك جار بوونەتە سەرچاوە بۆ هێرشبردنە سەر ئاشوورییەکان بە ئامانجی دەسکەوتنی تاڵانی. بۆیە هەستیان پێکرد بوو. عەتاکو (سەرجۆن)یش کە شوێن و توانای (دیاکۆ)ی دەزانی بەڵام باڵیۆزی لای ئەو دانا بوو ئەویش باجی بە ئاشوور دەدا، بەڵام سەربەخۆیی خۆی پاراست بوو، لەم ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوەدا و هەستان و دژایەتی یاندا ئۆرارتۆییەکانیش جارێکتر بەخۆیانا هاتنەوە و کەوتنە سەرپێچیکردن. (دیاکۆ) لە دواییدا لە ئەنجامی هێرشی سەرجۆنی پاشای ئاشووری بۆ سەر وڵاتی ماد بەپێچەوانەی شێوەی مامەڵە ئاشوورییەکان بەزیندوویەتی بەدیل گرتیان و رەوانەی شوێنێکیان لە (شام) کرد بە ناوی (حەما) و دووریان خستەوە. ئاشوورییەکان ویلایەتی (دیاکۆ)یان دوای دورخستنەوەی ناونا (بەیت دیاکۆ) و لەو ڕووداوەدا (٢٢) کەس لە میرەکان و گەورەکانی (ماد) کەوتن بەسەرقاچی پاشای ئاشووردا و (بەیعەتیان پێکرد). ماوەی فەرمانڕەوایەتی دیاکۆ **٥٣** ساڵ درێژەی کێشا.

**سەرچاوە**


**ماستەر نامەیەکە لەسەر مێژووی ماد بە زمانی فارسی لە زانکۆی تاران وەرگیراوە چاپ نە کراوە**

# دانیشتوانی کۆنی هەرێمی ماد

# لە هەزارەی سێیەمی پێش زایینیدا

پاشماوەی نووسینەکانی ئاشووری و ئەکەدی و هۆریانی کە بەدەست کەوتوون، ئەوە دەر ئەخەن لە شاخەکانی خۆرئاوای زاگرۆس گەلانی جیاجیای تیادا ژیاون، لە ژێر ناونیشانی گوتی (کوتی)، هۆری، لۆلۆیی، کاسی، میتانی، سوباری و...هتد. ئەوانە خاوەنی کۆنترین دەوڵەتی بچکۆلەن لە ناوچەی زاموا کە شوێنی (لۆلۆییەکان و گوتییەکان و ئەوانیتر بوون) کە گرنگترینی ئەوانە مانایییەکانی کە کامڵەی بنەچەی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد لەوانەوە سەری هەڵداوە.

## جیۆپۆلیتیکی سروشتی مرۆڤانەی لۆلۆیی:

سنووری وڵاتی لۆلۆ بەشێوەیەکی ورد دیاری نە کراوە، بەڵام ئەوەی لە ناوەڕۆکی مێژووی کۆن و پشکنینە کۆنەکاندا دەرکەوتووە لەوانەیە ئەو دەست نیشانکردنە لە باکووری (زاموا) و سەرزەمینی نامرییەوە بێ و لە خۆرهەڵاتدا ناوچەکانی (سۆمی) و (هاشمار) و (نارمان) لە ناوەندا و رارا و سیماش (سورداش) بگرێتەوە. هەرێمەکانی (باراهی) و (توکریش) لە شارەکانی ئیسلام و سنووری باشووری لۆلۆی بووین. سنوورەکەش لە خۆرئاواوە بە هەرێمی ئۆرانا (ئارانجا) دەگاتەوە کە هەمان کەرکوکە و کۆتایی پێهاتووە، شارە ناودارەکانیتریش وەکو بابیت –داغارا-بارا-کاکری-زیمری-هۆدۆن-مەسۆ ئارزیرۆ- قەڵای ئۆزی و کینا بەسەر خاکی لۆلۆوە بوون، لەگەڵیانا کوێستانەکانی ناسراو بە (نێسیر) یان (کینیا یان کێوی (ئۆرمان) کە رووبارەکانی (رادنۆ) و (ئادیری)یان پیادا دەڕوات. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: قەڵەمڕەوی ئەم گەلە بەشێکی زۆر لە کێوەکانی بەشی سەرەوەی دەربەندیخان دەگرێتەوە هەتاکو دەگاتەوە دەریاچەی (ورمێ) یان پتر هەڵدەکشێ بەرەو باکووری خۆرئاوا کە ناوچەکانی (زەهاو)، یان بەقسەی ئەعرابەکان (حەلوان) و سلێمانی و بەشێکیش لە سووریا دەگرێتەوە کە مەرکەزی رامیاری ئەم گەلەی (زیمری) بووە. واژەی لۆلۆیی لە زمانی ئۆرارتۆدا بەمانای بێگانە و دوژمن دوژمن دێ و لە زمانی هۆری واتە (خوری)شدا بەمانای کێونشین دێ و بەسەریاندا بڕیون. کۆنترین شوێنەوار و پاشماوەیەك لەم گەلە بەجێ مابێت کە یەکێکین لە تایەفەکانی دوای (ماد) یان کورد یان لە گەلانی کۆمەڵەی زاگرۆس، بەردەنووسراوەکەی پاشانە رامسینی ئەکەدییە (٢٢٤٥ پ.ز) لەو شوێنەوار و پاشماوەیەدا "نەرامسین" باسی سەرکەوتنەکانی دەکات دژی (ساتۆنی) پاشای لۆلۆیی کە دەسەڵاتی بەسەر ناوچەکانی ئەترافی رووبارەکانی دیجلە و سیروان هەیە و هەر بەو جۆرەش بەسەر تایەفەکانی دیکەشدا بەشیان دەکات. هەڵبەتە ئەم قەواڵەیە زیندوویەکی دیارە و (نەرامسین)یش لە شەڕەکەیدا بەرامبەر لۆلۆییەکان تەواو سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام ناوبراو لەو رۆژگارە دوورەدا نەیگوتووە سوپای (گوتی) شکستی تەواوی بە سوپای ئەکەدی داوە و حکوومەتی (نەرامسین)یش کۆتایی هاتووە، ئەو پیرۆزییەی گوتییەکان ئازادی و سەربەخۆیی بۆ لۆلۆییەکانیش هێنا. هەڵبەتە بەر لەو مێژووەش لەو نووسراوەی پەیوەست بە(سەرجۆن) (٢٣٣٤ پ.ز) کە بەر لە (نەرامسین) ئاماژە هەیە لەگەڵ لۆلۆییەکاندا دوژمنایەتی هەبووە. لە پاشماوەکانیتری پەیوەست بە لۆلۆییەکان نەخشە هەڵکۆڵراوەکەی ئانۆبانینی پاشای لۆلۆیە لەسەر پەلی زەهاو کە لەبەردەم خۆا عەشتاردا وەستاوە و نەخشەکەش، یان ئەم تابلۆیە لەناو بەرێت بەر لەعنەت و نەفرەتی (ئانۆ) و (ئانتۆم) (بێل) و (بلیت) و (رامان) و (عەشتار) و (شاماش) بکەوێت و تۆوی ئەو بابیبات. (داندئامادییف) باوەڕی وایە کە داریۆشی یەکەمی هەخامەنشی لە هەڵکۆڵینی نەخشی نووسراوی بێتووندا پیرۆزی سەرکەوتنی خۆی بەسەر دوژمنەکانیدا لەوانەیە کاریگەرێتی لە نەخشە نووسراوەکەی ئانۆبانینی و لە دڵەڕاوکێی جەستەیی دوژمنەکانی ئەوەوە وەرگرتبێت. مێژوونووسانی (چین)یش رایان وایە کە لۆلۆییەکان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز خاوەنی حکوومەت و کۆمەڵگای چینایەتی خۆیان بوون.

## ژیانی سیاسی لۆلۆییەکان:

گەورەترین هەڕەشەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی لە هەزارەی دووەمی پ.ز بۆ سەر دەوڵەتی گەورە و بەتوانای ئاشوور کاریگەری هە بوو بێت ئەو هەڕەشەیە بوو لەلایەن لۆلۆییەکانەوە کرایەسەریان، ئەوەش لەناو پاشماوەکانی ئاشووریدا هێمایەکی دیار و لەبەر چاوە. ئاشوور ناسرپاڵی دووەمی بەدرێژایی ساڵەکانی (٨٨٠-٨٨٤ پ.ز) چوار جار هێرشی بردەسەر هەرێمی لۆلۆ (ئامیخا)ی دەسەڵاتداری لۆلۆی لە کێوی پیرە مەگروون دەسگیرکرد، دوایش ئەو ناوچەیەی

لۆلۆییەکان بووە شوێنی تێپەراندنی لەشکری (هۆخشترە)ی پاشای بەتوانای (ماد) لە ڕێگایا بۆ نەینەوا، لۆلۆییەکان لە ساڵی ٨٨١ی پ.ز دا، لە ئەنجامی لەشکرکێشی ئاشوورییەکان بۆ سەریان و دژایەتیکرنیان بەپێشەوایەتی (ئاسیکۆ)ی (داگارا) ناسراو بە (نورئاداد) بڕیاری بەرامبەری ئەو لەشکرەیدا. لەوهەوڵەیدا گەمارۆی خستەسەر (بابیت) لە دەربەندی بازیان، لەو کارەیدا ڕێگای ئاڵتون کۆپری تاوەکو زێی بچووکی سلێمانی داخست. بەڵام ئاشوور ناسرپاڵی دووەم ئەو بەرهەڵستکارییەی شکست پێدا و سەریش کەوت بەسەر (٣) پاشای بچکۆلەی لۆلۆییدا کە پاشاکانی (داگارا) و (موساسینا) بوون و لەگەڵ (بۆنایسی) پاشای (کیرتیا) پەیمانێکیان بەست و دژی (لاربۆسا) وەستانەوە و دەسگیریان کرد، ساڵێك دوای ئەو ڕووداوە لە ٨٨٠ی پ.ز دا، لە ئەنجامی نەدانی باج بەشوێنی خۆی واتە ئاشوور سەر لەنوێ هێرشەکانی ئاشوورناسرپاڵ بۆ سەر عەشیرەتەکانی (موسابینا) و (کیرتیا) دەست ی پێکردەوە و پاشا (ئاتا) کە هیچ پەیوەندییەکی بەسەرکردایەتی پاشاکانی لۆلۆوە نەبوو دەسگیری کرد. ساڵی ٨٢٨ی پ.ز بەشێك لە (گۆنیۆم) کە یەکێك بوو لە ویلایەتەکانی ئاشوور خۆی ڕزگارکرد ئەوەش لە حاڵێکدا بوو ئاشوورییەکان تاوەکو کۆتایی چاخی حکومەتی (ئاشوورناسرپاڵی دووەم لە سنووری زاگرۆس نەیانتوانی بگەنە شوێنی دوورەدەست لەناوچەکەدا، بەو هۆیەوە شوێنی سەربازی خۆیان لە (زاموا) دامەزراند بەوەش لەلایەك توانییان سەربەخۆیی و ئازادی لە دەستی ئیمپریالیزمی ئاشووری بەدەست بهێنن هەر بەکارەش هۆکاریان دەست کەوت بۆ دامەزراندنی دامەزراوی بەتواناتر لە کۆتایی چاخی دەیەم و سەرەتای چاخی نۆیەمی پ.ز لەناوچەی زاموا، بەوەش یەکەمین تۆوی یەکێتی و بەربەرەکانی بەرامبەر قەڵایەکی گەورە دژی زاگرۆسییەکان داخرا و لەئەنجامی ئەوەدا دەمەزراندنی یەکەمین حاکمییەت لە سەردەمی (هۆخسترە) (کیاکسار) ڕوویدا. لە ٦١٢ی پ.ز دوای ئاشوورناسرپاڵی دووەم شالمانەسری سێیەم بە تۆمەتی لێدانی سەرپێچیکەر (یانزی) لە (بەیت هامبان)ی (نامار) کە خۆی دەست نیشانیکرد بوو ساڵی ٨٢٨ی پ.ز لەشکرکێشی کرد بۆ هەرێمی (ماد)لە ناوچەی لۆلۆ دوای ئەوەی لەنوێوە (نامار) و (پارسوا)ی لەناوچەی (ئارازباش) و (خارخار) لەگەڵ چوار قەڵایتری داگیرکرد، شالمانەسر ئەمەی لە ساڵنامەی خۆیدا نووسیوەتەوە، بەدەسگیرکردنی دیل و تاڵانییەکی زۆریش لەوانەی خۆی دەست نیشانکرد بوون گەڕایەوە بۆ ئاشوور، ساڵی ٨٣٤ پ.ز شالمانەسری سێیەم سەر لە نوێی سەرداری خۆی بەناوی (تورتان دایان ئاشوور) لەشکرکێشی کرد بۆ ناوچەکانی (زاموا) و (ماد) دەستی کوشندەی گەیاندنیّ.

ناوچەی هەورامان لە خۆرهەڵاتی شارەزوور کە بەشێك بوو لە هەرێمی لۆلۆ فەرمانڕەوایەتی ئاشوورناسرپاڵ دا (٨٨٥-٨٦٠ پ.ز) دوای (٣) ساڵ کۆنی ناسراو بە (ئاتلیلا) دروست کرد که مەرکەزی کۆکردنەوەی دانەوێڵە بوو، لەم ناوچەیە بەرهەم دارەدا. یەکێك لە نەیارەکانی لەم نەبەردییەدا کە ناوی (نورئاداد) بوو بە دیل گیرا، سەرنجی ئەم ناوە و ناوەکانیتری لۆلۆیی بدەوە وەکو (موساسینا) و (کیرتیارا) و (ئاتا) و (سابینی) و (ئاراشتوا) ئەمانە نیشانیدەدەن قەوقازین، بۆیە بەم ئەنجامە دەگەین کە ئەگەر هیندوئێرانەکان تێکەڵاوی و هاوڕێیەتییان نەبوو لەگەڵ دانیشتوانی ئەو بەشەی ناوچەی زاگرۆسدا ئەوە ڕووینەدا، چونکە هەتاکو ٩٠٠ی پ.ز ئەو دیاردەیە دەرنەکەوتووە.

## دەرکەوتووەکانی نەژادی، زمانی، کۆمەڵایەتی لۆلۆییەکان:

ئاماژەکان نیشانی دەدەن کە لۆلۆییەکان خزمایەتییەکی زۆر نزیکی فەرهەنگی کۆمەڵایەتییان لەگەڵ عیلامییەکاندا هەبووە، لە نووسراوەکەی (نارامسین)ی کوڕەزای سارجۆنی بنەماڵەی ئەکەد و هەر بەو جۆرەش (پورزور ئانشۆشیناك) لە پاشاکانی عیلام ئەوە دەردەخەن دەسەڵاتی لۆلۆییەکان وای کردووە خۆیان بپارێزن لە گیروگرفتەکانی سیاسی-سیستەمی. زمانی لۆلۆییەکانیش لقێکن لە زمانی عیلامی و نەخشە بەرجەستە کراوەکەی ئانۆبانینی سیمای کۆنترین پۆشاکی دانیشتوانی ناوچەی ماد بەنمایکشردن نیشاندەدات. جلکی ئەمانە پێکهاتووە لە پۆشاکێکی شێوەدامێن ریشدار کە پێستەکەی دوو ڕەنگی ڕەش و سپی هەبووە و بەسەر باڵەکانیا هاتۆتەوە و بڵاوبۆتەوە، پێڵاوی ئەمانە (سەندەڵ) بووە.

ئەوەی باسمان کرد لە هەزارەی یەکەمی پ.ز بەواتای هێرۆدۆت پۆشاکی مرۆڤی (ماننا) و (ماد)ی خۆرئاوا و کاسییەکان و پارسییەکانیش بووە. ئاداب و لۆلۆییەکان بە زۆری دەچوونەوە سەر وێنە ئاساییەکانی مادەکان لە چاخەکانی دواتردا و هەر بەو شێوەیەش ئاشوورناسرپاڵی دووەمی پاشای ئاشووریش ئاماژە بە جۆرێك لە کارەکانی سازکارانی بەتواناییان دەدات کە بۆ ئەنجامدانی کاری پیشەییان لەلایەن دەوڵەتیترە و بەکارهێنراون.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە بە زمانی فارسی لەسەر**
**مێژووی ماد لە زانکۆی تاران وەرگیراوە**
**چاپ نە کراوە**

# کاسییەکان لە مێژوودا

کاشو، کاشی، کوش، کوششو، ناوەکانی‌تری کاسییەکانن. شوێنی دانیشتنییان لە سەردەمە کۆنەکاندا هەتاوەکو دەگاتەوە بە رۆژگاری داگیرکردنی ئێرانیش لە سەردەمی ئەسکەندەری مەقدۆنی ناوچەی کێوەکانی سەرەوەی رووبارەکان و دەربەندەکانی عیلامی کۆنی گرتۆتەوە کە لە راستیدا هەمان خاکی لوڕستانی ئێستایە و سنووری هەتاوەکو (٣) هەزار ساڵ بەر لە پێش زایینیش لەو ناوچەیەدا رۆڵی بەرچاویان هەبووە لەوێدا ژیاون. خۆرهەڵاتناسەکان و لێکۆڵەرانیش رایان وایە لوڕەکان جێگرەوەی کاسییەکانن. کاسییەکان دوای ماوەیەك لە باکووری زێوە تاوەکو رووباری سیروان کە بەشی خوارووی بە(ئاشنۆناك) ناوی رۆشت بوو داگیریان کرد. ئەو ناوچانەش لە هەزارەی سێیەمی پ.زدا وەکو (نۆتشە) و (تیشاری) کەسەر بەپاشای (ئورکیش) و (ناوار) بوون لەوە و بەر بوونە بەشێك لە خاکی هۆرییەکان. نووسراوەکەی ئاگۆمی دووەمی پاشای کاسی کە لەبەردەست دایە نیشانی دەدات کاسییەکان لە دواتردا دەست یان بەسەر بەشەکانی خاکی (ماد)یشدا گرتووە و ئەو شوێنانەش ناویان بەکاردۆیناش رۆشتووە.

لە رێنووسی ئەکەدییا (کاردۆنیاش) بەم شێوەیە نووسراوە: (کار)، (دۆن)، (یاش) بەشی یەکەمی (کار) یان (کارۆ) لە زمانی ئەکەدییا بە مانای کۆچنشین دێت، بەشی دووەمی کە (دونیاش)ە لە دووبەش پێکهاتووە یەکەمیان (دۆن)ی عیلامییەکەمانای (خوا) دەبەخشێت و (یاش)یش واژەیەکی کاسییە و بەمانای خاك دێت لەمەدا کۆی گشتی هەموو زاراوەکە بە مانای خوایەك خاکی ئەبێمە بەخشیوە.

قۆناغێك کاسییەکان لە چوار قۆناغدا لێی دەکۆڵینەوە:

قۆناغێك لە دەرەوەی سنووری کاسییەکانی لوڕستان کۆچەری بوون.

گرنگترین قۆناغ سەردەمێك بوو کە بابلی پێشکەتوویان داگیرکرد و ماوەی ٥٥٧ ساڵ فەرمانڕەوایەتییان تیاداکرد لە (١٧٤٩-١١٧٩ پ.ز)دا.

قۆناغی کۆتایی فەرمانڕەوایەتیی کاسییەکان لە بابل لەگەڵ (کوتیرناخونتە)ی دەسەڵاتداری گەورەی عیلام یەك دەگرێتەوە کە گەڕانەوەیانە بۆ ناوچەی لوڕستان.

## قۆناغی توانەوە و هەرس بوون لە دەوڵەتی (ماد)دا.

دامەزرێنەری حکوومەتی کاسییەکان کە سایەتییەك بوو بەناوی (گانداش) (١٧٤١-١٧٢٦ پ.ز) ئەم پاشایە لە ساڵی نۆیەمی فەرمانڕەوایەتی (سامسۆئیلۆنا)ی کوڕی حامورابییدا هێرشی بردەسەر بابل و دەسەڵاتی گرتە دەست ، ئەو ساڵەش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ ساڵی ١٧٤١ پ.ز، ئەوکاتەش بەسەرەتای دامەزراندنی حکوومەتی کاسییەکان دادەنرێت. پاشاکانی (کاس)یش نازناوی (یامزی)یان بۆ خۆیان داناوە. لەناو پاشاکانیشان (گانداش)ی یەکەم (١٧٤١-١٧٢٦ پ.ز)، ئاگۆمی گەورە (١٧٢٥-١٧٠٤ پ.ز)، (کاشیتی بیاشی یەکەم) (١٧٠٤-١٦٨٣ پ.ز)، (ئوشی) (١٦٨٢-١٦٧٤ پ.ز)، (ئابی راتاش) بە مەزندە وادانراوە لە ناوەڕاستی چاخی حەڤدەمی پ.ز فەرمانڕەوایەتی کردووە، بەڵام بۆ ئەو کارانەی ئەنجامیداوە زانیاری تەواو لەبەردەست دانییە.

لە نووسراوەکەی ئاگۆی دووەم کە نازناوی (کاکرمە)ی هەیە بەمانای (شێری رەحمەت یان شتێك لەو بچێت. ئاگۆم لەو تابلۆیەدا کەسایەتی خۆی بە (شوکامونا) ناساندووە بەمانای (لە پشتی نوری خواوە) کە پاشای کاسییەکان و ئەکەدییەکان و پاشای گەورەی بابلە و بەکەلوپەلی زۆر و مرۆڤی پێویست (ئاشنۆناك)ی دروست کردۆتەوە و پاشاش بۆی بووەتە پاسەوان و لە بەلای پاشای گوتییەکانی شێت و دەمارگرژ پاراستوویەتی. گرنگی قۆناغی دووەم لە ژیانی سیاسی کاسییەکاندا بەهۆی هاوکاتی دامەزراندنی زنجیرەی کاسییەکانی بابلە (١٧٤١ پ.ز) و پەیوەندیی بەوانەوە هەیە. ئەو گرنگیدانەش رێگای بۆ پێشکەوتنی پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی و ئا بووریی و فەهەرنگی لەو شارستانییەتەدا خۆشکرد و دەست بگرت. ئەوەش نموونەی ئەو شارستانییەتەیە لە مێژووی ساڵنامەی فەرمانڕەوایەتی پاشاکانیان. هەموو ئەو پێشکەوتنانەش لە سۆمەرییەکانەوە پشتاوپشت بۆیان ماوەتەوە و کاسییەکانیش لەگەڵ خۆیان هێنایان بۆ بابل.

پێداویستییەکانی ژیان ئەو باوەڕی لای شوێنەوارناسان و لێکۆڵەران دروست کرد بەوەی هەرێمی لورستان (کاسییەکان) لە دانانی یەکەمین پەیوەندیی و تێکەڵاو بوونی فەرهەنگی پێشکەوتوویان لەگەڵ بابل هۆکاری سەرەکی بۆ کاسییەکان دروست کرد لە هێرشبردنیاندا بۆ نێوان دوو رووباری خوارو، ئەوەش لە ئەنجامی فشاری ئارییەکان بوو بۆ سەریان کە لە باشووری روسیاوە بەهۆی ئەوەی شارەزایی رێگا بوون هاتن بۆ بەرزاییەکانی ئێران.

(جۆرج کامیرۆن) لەکتێبی (ئێران لەبەرەبەیانی زووی مێژووەوە) کاسییەکان بە لقێك لەگەلانی گوتی (کوتی) داناوە، لە کاتێکدا سەرتاپای بابل لە رووناکیدا بووە (مەبەست کاسییەکانە) ئەوانە بە وتەی گوێزراوەی نووسەرانی بەر لەخۆی بەمرۆڤی وەحشی دانراون کە

دوژمنی خوا بوون و تێکۆشاون تۆوی دوژمنایەتی نفوس و پایەداری دەسەڵاتدەرکەوتن و دەسەڵاتیان بەسەر فەرهەنگی بابلیدا ڕۆیشت و تێکەڵاوی بوون.

کۆتایی فەرمانڕەوایەتی کاسییەکان لە بابل هەروەکو باسمان کرد یەك دەگرێتەوە لەگەڵ فەرمانڕەوایەتی (شورتەك ناخونتە) (١٧١١-١٢٠٧ پ.ز)ی کوڕی (کوتێرناخونتە). لەگەڵ ئەوەشدا عیلامییەکان چەندین جار هێرشیان بەرەو کوێستانەکانی زاگرۆس بردووە و هەتاوەکو بەرزاییەکانی دایالەشیان گرتووە. نموونە بۆ ئەمە (شوتروك ناخوننە) لە نووسراوەکەی خۆیدا لە داگیرکردنی شاری (ئاشنۆنە) کە لە دەمی رووباری (دیالە) دایە بەهەمان شێوە (کرینتاش (کرەندکنونی)ش یادی کردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا نەیانتوانیوە دەسەڵاتی چەسپاویان بەسەر زاگرۆسدا هەبێت. لەکۆی ئەو هێرشانەی کاسییەکان کردوویانەتە سەر گەلانی ناوچەیی و میتانییەکان تەنیا توانیویانە گەلانی ناوچەیی و کۆچەرییەکان بکەنە پاشکۆی خۆیان.

## وێنە سەرسوڕهێنەرەکانی شارستانێتی، کۆمەڵایەتی-هونەری و فەرهەنگیی کاسییەکان:

خاکی کاسی (لورستانی ئەمڕۆ) لە چارەکی هەزارەی دووەمی پ.زدا بەهۆی گواستنەوە و هاتووچۆی هەندێك لە عەشیرەتەکان لە کێوەکانەوە بەرەو دەربەند و رووباری دیالە و داگیرکردنی بابل بە ئەسپ بوو، ئەم هێزبەخشینەش بەهۆی پەروەردە و ماڵیکردنی ئەسپەوە کراوە کە دەخەنە پاڵ کاسییەکان. ئەو دیمەنانەی لەناوچەی (کانس) لە ئاسیای بچکۆلە بەدەست گەیشتوون ئەوە دەرئەخەن کە ئەسپ گالیسکەی راکێشاوە، ئەو وێنانەش کە پەیوەستن بەچاخی بیستەمی پ.زەوە، ئەوە دەخەنە بەرچاو کەمرۆڤ لە قۆناغەکانی پێشووتریشدا لە ئاسیای خۆرئاوا ئاشنای ئەسپ بووە. نموونەش بۆ ئەوە سۆمەرییەکانن زانیاریان لەسەر ئەسپ بووە کە ناوی کەری کێوی یان خۆرهەڵاتیان لێناون. هەر بەو جۆرەش گەلی کاسی و میتانیش بوون کە ئەسپی رەسەنیان لە ناوچەی قەفقازەوە هێناوە بۆ زاگرۆس کە لە نەژادی ئەسپی ئاشووری پێشکەوتوتر بووە.

لەسەرتاسەری فەرمانڕەوایەتیی کاسییەکانیشدا شەڕکەرانی کاسی پشتیوانییان لە پاشاکانەوە بۆ نیشان دراوە پۆلێنکردنی شەڕکەرانیش هەمیشە بەناوی کاسی بانگ کراون و بۆ شەڕ ڕۆیشتوون.

## ئاخاوتن و زمانی کاسییەکان:

لەناوچەی دەرکەوتنی گەلی کاسیدا ئەوە دەزانین کە نزیکەی پەنجا وشە و ناوی تایبەت هەن کە گۆڕینە ئەکەدییەکەی لەناو زمانی ئاشووریی و بابلیدا پارێزراون هەر بەو شێوەیەش ژمارەیەك ناوی تایبەت بۆ کاری بارزگانی-ئا بووری بابلی ماونەتەوە.

نووسراوەکانی پاشاکانیش کە پەیوەستن بە هەزارەی دووەمی پ.زەو و گەیشتوونەتە دەست مان بەپێی ناوەڕۆکی ئەوانە دەبینین کاسییەکان عەشیرەتێکی کوێستانین و پیشەیان ئاژەڵداری بووە و بە زمانێك کە لە عیلامییەوە نزیکە ئاخاوتنیان کردووە.

لەوانەشە ئەو بۆچوونە راسێت کە زمانی کاسییەکان هەمان زمانی ئاسایی قەفقازی بووبێت کە نزیکی هەبووە لەگەڵ زمانی عیلامیدا. ئێستاش کە زانیارییەك لە سەرچاوەکانەوە دەست مان کەوتووە ئەوە دەگەیەنێت کە کاسییەکان بەدوو زمان ئاخاوتنیان کردووە یەکێکیان زمانی گشتی خەڵکی کە رەگەکە و ریشەی هیند و ئەوروپایی بووە و ئەو زمانەش لە زۆرینەی کاتیدا حکوومەتەکان کاریان پێ کردووە. هەر بەو جۆرەش زمانی دەربار و دیبلۆماسی لای ئەشکانییەکان ناو هەتا رۆمیەکان و یۆنانییەکانیش هەبووە. بەڵام لە کۆتایی قۆناغی دەسەڵاتداری ئەشکانی زمانی یۆنانی بەگشتی گۆڕا بەزمانی ئاریای ئێرانی، ئەوەی هەیە لەو ناوانە و کاسییەکان دەگەڕێتەوە و شایانی ئاماژە پێکردن و قسە لەسەرکردنن وەکو (قەزوین) و (کاسپین) کە دەریای (خەزەر) و (کاشان) دەگرنەوە.

## ئایینی کاسییەکان:

ئایینی کاسییەکان لەسەر بتپەرستی دروست بوو خوای گەورەی ئەوان خوای خۆرە، یان (سووریاش) یاوەکو (شوریاش) کە لەسەر زمان (ساخ)یشی پێگوتراوە. خواکەی نزیان (کاشو) بووە (هەڵبەتە لە زمانی ئەکەدیبابە (کاسی) شێوەی وەرگرتووە کە لای ئێمە نەناسراوە) وادەرکەوت خوای عەشیرەت بووە کە بە باپیرەی کاسییەکان دەژمێرێت.

هەر بەو شێوەیە لە باکووریشدا نزیك کاسییەکان خوای کێونشین بووە، بەڵام بە ژمارەکەم، ناوی یەکێکیان (شیبارو) بووە. لە خواکانیتریان دەتوانین بە (شیوکامون) یان (شومو) ناوی بەرین کە خوای ئاگر و ژێرزەمینە و ئەو باوەڕەش ئاماژە دەکات کە شایەتە بۆ هەڵچوونی ئاگری کێوەکانی گرکان یان مەشخەڵی ئاگری دروست بووکە بە نەوت کراوەتەوە ئەم خوایە بە پارێزەری زنجیرەی پاشاکان دائەنرێن.

(هاربـه) و (شـيحو) لـه خواكـانيترى رێـزدارن لاى كاسـييەكان، هـەروەها (بۆريـاش) و (بۆزيـاش)يـش لـه خواكـانى هـەوره تريـشقه بـارانن كـه كاسـييەكان لـه (هيتـى)يەكانـەوه وەريانگرتووه. لەگەڵ ئەوانەشدا خواى پارێزەرى خانەدانى پاشايش هەبووه به ناوى (ئيمريـا) و (كامول) و خوا (ميريزير) و (دوور) كه له خواكانى بەردار و بەركەته و نزيك كاسييەكان بووه.

كاتێـك حـەز و ئـارەزوو لـه ناوچـەكەدا زيـادى كـرد لـه رووه ئايينييەكـەوه لـه ژيـانى عەشيرەتەكەدا خەياڵ و لێكدانەوه دەورى له دەركەوتنى داستانى هاوبەش و ئەفسانەى خواكـان و رێـورەسمى مەزهـەبى يـان. ئەمانـه نموونـەى زانيـارى تايبـەت بـوون بـه عەشـيرەت، ئـەو عەشيرەتانەش كه دراوسێيان بوون له داستان و ئەفسانەى هاوبەشيان هه بوو كه پەيوەست بـوو به خواكانيان و هاوشێوه بوون لەگەڵ ئەوانى پێشوودا.

بەرانبەر بەوه ئەگەر نـاوى خواكـانى عەشـيرەتەكانى كـويتى و عيلامـى بەهـەمان نـاوى خواكانى كاسى بووبن ئەوه شوێنى گومان و سەرسـوڕمان نييـه وەكـو ئەوانـەى لـه پـەراوێزى زمانەكانى (كاسى)دا كه پەپكه قوڕينەكانى بابلدا به دەسـت گەيـشتوون. لەمـەوه تێدەگـەين ئـەوەى كـه هەيـه لـەناوه رەسـەنەكانى ئارياييـدا بەرانبـەر نـاوى چـەند خوايـەك لاى هيندوئەوروپييەكانيش هەمان باوەر هه بوون لەسەر ناوەكان.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەى به زمانى فارسى لەسەر مێژووى ماد له زانكۆى تاران وەرگيراوه، چاپ نه كراوه.**

# ئاریاکان و نائاریاکان
# لەسەرچاوەی کۆنی مێژووی ئێراندا

لە راستیدا رەگەزناسی، زانستی رەگ و ریشەی نەژاد و بنەچەی قەوم و ژیانی مێژوویی گەلانێکە کە لە سنووری جوگرافی دیاریکراوی رۆژگارێکی کۆندا ژیاون، ئەو خێزانە یان ئەو کۆمەڵە خاوەنە نەژادە، بەوانە دەڵێن کە لە رووی زمان و فەرهەنگەوە هاوشێوەن و لە رووی دیمەنیشەوە نزیکن لە یەکتری، بەڵام هۆکاری جیاواز لەمەدا لە راستیدا زمانە و زمانی هەر قەومێکیش کەسایەتی و ناسنامەی ئەو قەومەیە دیاریدەکات، راستەکە شێوازی کۆمەڵایەتی و ئاداب و رێورەسمەکان لە توخمە گرنگەکانی و ناسنامەی ئەو قەومەن لەو خاکەدا، بەڵام باوەری ئایینی دەبێتە هۆکاری گرنگ و گرێگیدان و وابەستە بوون و هاوبەشی لەسەر خاکی هاوبەشی نێوان ئەو گەلانەدا بۆ دیاریکردنی هاوکاریکردنی نێوانیان ئەمەش رۆڵی کاریگەری دەبێت.

لەسەر خاکە جوگرافییەکاندا و بەدرێژی و پانی سنووری جوگرافی وابەستە بوون ئەو شێوە هاوکارییەی نێوانیان کەم و زۆر جودا بووە، گەلانی دامێنی کێوە بڵندەکانی خواکانی خۆیان لەناو بازنەی جوگرافییاندا پەرستووە، هەر بەو شێوەیەش خواکانی ناوچەی کێوەکان مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە کە خاوەنی هەوای خۆش و ئاوی سازگارن، هەتاکو پەرستنی (تەوتەمیش) لەناو گەلاندا هەر بەو شێوەیە بووە و مەرجەکانی جوگرافی وەرگرتووە، نموونەش بۆ ئەمە لە دەشتە فراوانەکانی (ئۆراسیا) مەرە سور و بزنە کێوی بوونەتە سەرچاوەی پەرستن هەتاکو جادووکەر و پزیشکەکانی کۆنیش پەرستوویانن پیشەی پیرۆزی خۆیان زانیوە، هەروەها بۆ پۆشاکی خۆشیان پێستی بزنیان بەکارهێناوە و سوودیشیان لە شاخەکانی ئەو ئاژەڵانە دیوە بۆ کڵاوی سەریان، بەڵام لە شوێنە گەرمەکاندا وەکو سەرزەمینی (ئەنزان) و (ئەشان) و (خۆزستان لە ئێرانی کۆندا بە سەردەمی ماری خوای پەرستن ناوزەد کراوە کە تایبەتە بە ناوچەی (گەرمەسێر)، ماریش بووەتە هێمایەک لە رووی تاجی پاشاکان و پێداویستی کۆشکەکانیان بەرچاو دەکەوێت، بوونی ئەو دیاردەیەش باشترین هۆکارە کە جیاوازی لە نێواندا دروست دەکات، جگەلە زمان و زانستی زمانناسی.

لەم راپۆرتەدا باس لە سەرزەمینی گەورەی ئێرانە کە لە رۆژگاری بەشێکی ئاسیای ناوەند و نێوان دوو رووباریشی گرتووەتەوە، ئەو هەوڵەش بۆ ناسینی گەلانی کۆنی ناوچەکە بووە لە رێگای پاشماوە دێرینەکانیان جا ئەو پاشماوانە نووسین بن، یان شتیتری پاشماوەی شوێنەواری، هەموو ئەو گرنگیدانەش دەگەرێتەوە بۆ کۆچی بەردەوامی ئارییەکان لەو کیشوەرەدا بۆ ئەوەی فەرهەنگ و پێشکەوتنی درەوشاوەیان دەربکەوێت، لەم لێکۆڵینەوەیەدا سەرەتا لەسەر رەگ و ریشەی نەژاد و بنەچەی زمان دەدوێین لەگەڵ سیمای مرۆڤەکانیان و باوەری ئایینی و کۆمەڵایەتییان. لەوانە گەلی ئۆرارتۆدیٚ کە یەکێکین لە گەلانی کۆن و لە تەوراتدا بەناوی ئارارات بە ئێمە ناسراون. شوێنی جوگرافیایان ئەرمەنستانی ئەمرۆیە دەسەڵاتیان هەتاکو باشووری گۆلاوی ورمیٚ گەیشتووە کە ناوچەیەکی تەواو گەورەیە لە کوردستان.

زانیارییەك دەربارەی ئەوانە کە بە ئێمە گەیشتووە لە رێگای ساڵنامەی ئاشوورییەکانەوەیە کە زاناکان هونەری پیشەسازی وەرشاوی لورستان دەبەنەوە بۆ ئەوانە، لە ساڵنامەی ئاشوورییەکاندا پایتەختەکەیان بەناوی (زیپیا)یە کە بەڵگە هەیە هەمان قەڵای (زێویە)ی ئەمرۆیە.

لۆلۆکان کە قەومێکی کوێستان نشینی دامێنی زاگرۆسن، ناویان لای سۆمەرییەکان بەمانای مرۆڤی مەرد دێت و زمانەکەشیان هاوشێوەی زمانی قەومی عیلامی و گەلانی دامێنی زاگرۆسە.

کاشییەکان قەومێکیترن و بەشێك لەوانە بە نەژادی (قەفقاز) دەزانرێن و بەسوارچاکی لێهاتوو و بەرجەستە ناسراون، فەرمانرەوایەتیانکرد، هونەری ئەمانەی گەیتشوونەتە ناوچەی بابل و ماوەی (کودورۆ) کە پێکهاتووە لە لەوحێك فەرمانی پاشاکانیانی تیادا نووسراوە و پێشکەش کراون بۆ جیاکردنەوەی سنووری زەوییەکان.

گوتییەکان کە لە کوێستانەکانی خۆرئاوای زاگرۆس کەدوای ئەوان مادی خۆرئاوا شوێنی گرتنەوە هەروەکو لۆلۆییەکان زمانیان زمانی قەومی عیلامی هاوبەش بووە، شارستانییەتی گەورەی عیلام کە بە ناوی (کوجە) و (ئوجە) ناسراوە، ئەو وێنەیەش بەناوی (خوزستان)ەوە پەیوەستە، لە هەزارەی دووەمی پ.ز هێرشێکیان لە عیلامەوە برد بۆ نێوان دوو رووبار و تاڵانییەکی زۆریان دەسکەوت.

سەرچاوەی نەژادی ئەوانە بە ئاسانی ناتوانین دەست نیشان بکەین، بەڵام لەوانەیە لە دانیشتوانی گەلانی کوێستان نشینی زاگرۆس بن، یان لێوەیان نزیکبن، بەشێك لە مێژوونووسان باوەریان وایە کە عیلامییەکان نموونەی کێونیشینەکانن و بەشێوەی تایەفە ناوی (لور) ماونەتەوە.

عونسورەکانی تایبەت بە زمانی ئەوانە لای گرووپێك ئاشکرایە کە زمانی ناوچەی قەفقازە، ئەم قەومە سوودیان لە نووسینی سۆمەری دیوە بۆ نووسینەوەی وێنەکانی ژمارەی خۆیان، ئایینەکەشیان لەسەر فرە خوایەتی بووە وەکو خوا دایکە و خوای مار، دوای ئەوانە گەلانی ئێرانی زمانی ئاسیای ناوەندییان لەسکاییەکان وەرگرت بۆ گفتوگۆکردن، نەژادی ئەوانە هیندوئەوروپایین و زمانیان ئارییاییە کە وابەستەیە بە لقی زمانی ئاوێستاوە، لە بەردە نووسراوەکانی پاشاکانی هەخامەنشیدا قسە لەسەر (٣) کۆمەڵ (سکا) کراوە کە لە گەلانی بیابان نشین بوون.

ئاسترا بوون ناوچەی (دوبرودجا)ی سکاییەی بچووك و سەرتاسەری (جلگە) کە دەکەوێتە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی دەریای رەش بەسکای خۆرهەڵاتی ناسراون، ئەوکنە و پشکنینانەی لە باشووری رووسیا ئەنجامدراون ئاسەواری هونەری زۆری ئەو گەلەیان بەدەست گەیشتووە، ئەوانە دیاردەکانی سروشتیان پەرستووە و گەورەترین رێورەسمی ئایینی خۆیان بۆ خودای ئاگر بەناوی (ئابینتی ڤیستا) بەرپا کردووە. مردووەکانی خۆیان لە گۆڕی شێوە گردۆڵە بەخاك سپاردووە، هاوسەری سەرۆکی خێڵ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا و پەیوەستکرد (١٥٠) ئەسپ سوارەکانیەوە کوشتویانن و خستویاننە ژێر خاکەوە و بەهەموویان تەپەیەکیان دروست کردووە کە بە تەپەی گۆڕی ناسراوە، ئاسەواری ئەو قەومە ئەوەی هەیە لە مۆزەخانەی ئارمیتاج لە پترۆگراد دانراون، ئەم قەومە نووسینیان بووە، بەڵام هونەری سەرسوڕهێنەر و ناوازە بوون.

سارماتەکان ئەوانیش کە لە نەژادی هیندوئەوروپین، پەیوەستن بە لقی باکووری ئێران و زمانی ئاسیای ناوەندییان هەبووە و زمانیشیان وابەستەیە بە لقەکانی ئارییایی کە پەیوەست بووە بە ئاوێستاوە.

کیمرییەکانیش قەومێکیترن لە کۆمەڵەی سوارچاکی گەلانی ئاسیای ناوەند دەژمێردرێن، ئەوانە لە رێگای دەربەندەکان و لوتکەی شاخەکان بەرەو باشوور بەشێوەیەکی ناسروشتی رۆیشتوون و گەیشتوونەتە بەرزاییەکانی ئێران.

گرووپێك لەمانە هەروەکو نووسەرە کۆنەکان بە قەومی ئەفسانە ناویان دەبەن لەگەڵ کەلوپەلەکانیان گەیشتوونەتە رۆخی رووباری (ئەڤیرنووس) لە ئیتالیا، هەتاکو ناوی نیوە دوورگەی کەریمەش بەناوی ئەوانەوە ناونراوە لەگەڵ ناونانی فەرمانڕەواکانیشیان هەر بەوناوە.

گرووپێکیتر لە بیاباننشینی ئاسیای ناوەند (ماساژاتەکان)ە و هێرۆدۆت و ئاسترا بوون ئەوەی دووپات دەکەنەوە کە خواردنی سەرەکییان ماسی بووە و ناویشیان بە وشەی ماسی پەیوەست بووە، سەرۆکایەتی خێزان لەناویاندا دایك سالاری بووە و هێرۆدۆت دەڵێ: ژنهێنانی ئاوجەمی لەناویاندا باو بووە و زمانیشیان زمانی سکایی بووە کە لقێکی ئارییاییە وابەستەبە ئاوێستاوە، کۆرش پاشای گەورەی هەخامەنشی، لە جەنگێکدا لەگەڵ فەرمانڕەوایەکی ژندا بەناوی (تۆمۆرس) شکستی خوارد کە لە قەومی سکا بوو و کوژرا.

ئاریاکان قەومێك بوون بە بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتەوە خەریك بوون لە نێوان ١٨٠٠-١٥٠٠ پ.ز لە هێندەوە باڵقان پەرتەوازە بوون، بەڵگەنامەیەك ماوتەوە دەریدەخات ئەم گەلە بەرەو باشوور رێگایان گرتووەتە بەر، زمانیان نیشانیدەدات کاتێك لە باشوور بوون بە زمانێك دواون کە رەگ و ریشەی هیندوئەوروپی بووە، ئەم کۆمەڵە لەو قەومە بە رێگای باشووری خۆرهەڵات چوونەتە ناو خاکی هیند، لقێکیتریش لەوان بەرەو خۆرئاوای ئێران بەشپرزەیی رۆیشتوون بێئەوەی لە کێوەکانی زاگرۆس بوەستن بەردەوامییان داوە بە کۆچەکەیان و لە رێگایاندا لە لوتکەی بەزارییەکاندا بەرەنگاری گەلایتر بوونەتەوە کە بەرەو خۆرئاوای ئێران بوونەتەوە، بەڵام لە رۆیشتن نەکەوتوون و درێژەیان پێداوە و گەلانیتریشیان لە بەرزاییەکاندا بەزاندووە.

کۆمەڵگای ئەوانە پێکهاتووە لە (٣) چین بە مانا ئەشراف و رەشە خەڵك و کۆیلەکان. لە سەرچاوەی باوەڕی ئایینی و دامەزراوەکانیان و ئایینی تایبەتییانەوە شتێکیان نەبووە، دیمەنی و سوارچاکی و راووشکاریان تایبەت بووە بە خانەدان و ئەشرافیان.

قەومی ماد قەومێکی ئاری نەژادی هیندوئەوروپایی بوون، (ئەترۆپاتیس) یان (تاترووپانە) ناوێکە کەلای مادەکان بە ئاترووپاتین رۆیشتووە، کۆنترین دەوڵەتی یەکگرتووی ماد لە ٧٠٥ پ.ز دروست بووە کە کۆنترین سوڵتەی دەوڵەتی ئارییە لە دونیادا.

دوای ئاوا بوونی حکوومەتی ماد بە دەستی پارسەکان، گرووپێك لە خانەدانی پاسارگادی هەخامەنشی دەسەڵاتیان وەرگرت و بەهۆی بەردە نووسراوەکەی داریۆشی پێیان ئاشنا بووین، بەو جۆرەی کە هەخامەنشییەکان بە ئەندازەی مادەکان ژمارەیان زۆر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قەومێکیش بوون لە واقیعدا هە بوون، کۆرسی هەخامەنشی خۆی لەسەری حکوومەتەکەوە بوو کە خاوەنی بڕیار و دەسەڵات بوو لە کیشوەرەکەیدا، بەڵام لە جەنگدا لەگەڵ ماساژات ئەوەی لەدەست دا، کاری مێژوویی گرنگی ئەو داگیرکردنی بابل و رزگارکردنی جوولەکەکان بوو.

فارسی زمانی خۆیان ئەو پارسییە نەبوو کە ئارياییەکان قسەیان پێدەکرد، بەمانا فارسی کۆن کە ئەمڕۆ دەبینین، دوای (داریۆش) و (خشایارشا) ئیمپڕاتۆرییەتی ئەسکەندەری مەقدۆنی لە رۆژگاری هەخامەنشییەکاندا ئایینی مەزدایی لە سەرتاسەری وڵاتەکەیدا بەجێگەیاند هەر ئەوەش وایکرد لە هونەری بیناسازی ئایینیاندا وەستا بوو لەسەر پەرستگاکان و کۆشکەکانیان کە لە دروست کردنیاندا گەلانی تریش دوای خۆیان لێ بینیوە، من لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم ئەو هونەرە

سەرچاوەکەی لە ئۆرارتۆوە هاتووە و بەر لە (هەخامەنشییەکان)یش لەناو مادەکاندا هەر هـە بـوو، بەڵگەی زیندووش بۆ ئەمە گۆڕە بەردینەکەی قرقەبان و ئەشکەوتی کوڕ و کچە لەناوچەی سورداش.

دوای رووخاندنی هەخامەنشییەکان و دوای هەشتا ساڵ لە حکوومەتی ئەسکەندەر و جێنـشینانی، ئەشکانییەکان دەسەڵاتیان وەرگرت. ئەوە بوو لـە سـەدەی چـوارەمی پ.ز یەکێتییـەك لـەناو خێڵـی سکایی–سارماتی پەیدا بوو کە پییان دەوت (داهە) ئەوانە بەرەو باکووری (گورگـان) کۆچـیانکرد کـە دواتر ئەوانـە سوارچـاك بـوون و بەدرێـژی نێـوانی دەریـای (کاسـپی) و دەریـای ئـۆراڵ ناسـرا بـوون سەرچاوەکانی لاتینی ناوی ئەو قەومەی بە (پارتی) ناساندووە کە مانای (بزوتن و هاتوچۆ) دەدات.

کۆنترین زانیارییەك دەربارەی ئەو قەومە بۆ سەرچاوەکانی چینی دەگەڕێتەوە واتە بـۆ رۆژگـاری (هان) (Han). ئاشکانییەکان زانیارییان لەسەر فەرمانڕەوایەتی هە بوو کە توانییـان تیایـدا سـەر بکەون، کۆنترین پایتەختی ئەوانە (نسا) بوو کە هەتاکو ئێستاش ئەسپی (نسایی) بەناوبانگەکە بـە باشی پەروەردە دەکرێ، ئایینی (زەردەشت)یش لە رۆژگاری ئەوانەدا زیندوو بووتـەوە و ئاوێـستاش هەر لە رۆژگاری ئەواندا نووسراوەتەوە، لە رووی هونەر و بیناسازییەوە شتێکی وایان جێنەهێشتووە جگە لە کەمێك چەرمی نووسراو، پایەی کۆشك و ژمارەیەك دراو نەبێت کە ماونەتەوە.

سەردەمی ساسانی لە مێژووی ئێران و خۆرهەڵاتـدا گرنگییـەکی زۆری هەیـە لەبـەر ئـەوەی لـەم سەردەمەدا دەوڵەت لە ئێراندا هێزێکی دروست کرد کە چوارسەد ساڵ فەرمانڕەوایەتی کرد کاریگەری سەردەمی هەخامەنشیش کەونب بوو دۆزرایەوە، ساسان موغێك پەرسـگای (ئاناهیتـا) لـە پـارس و کوڕەکەی بەناوی پایك کە دادوەری (ئەستەخر)ی فارسـی بـوو نازنـاوی پاشـای وەرگـرت و وردە وردە هێزی زیادی کرد، دوایی (ئەردەشێر) سەرانسەری ئێرانی داگیرکرد، لەو رۆژگـارەدا ئـایینی رەسمیـی و ئاوێستاش لە سەردەمی ئەردەشێری یەکەمدا جارێکی دیکە ئەوەی لە بەردەست ا بـوو نووسـرایەوە و پەرستگا و ئـاگردانیش لـە سەرانـسەری شـارەکانی ئێرانـدا دروسـت کـران، دەرکـەوتنی ئایینـەکان هاوشێوەش وەکو (زمانی) و (مەزدەك) تیشکدانەوەیەك بوو بۆ ئەو جودایی چینایەتی و ستەم و زوڵـم کردنەبوو بۆ سەر مرۆڤ. هونەری ساسانی لەسەر گوزە تونێلەکان و گومەزەکانی تر رێچکەیان گرت بوو کە بەشێکن لە هونەرەکە و کاریگەری هونەری گەلانی دراوسێی ئێرانی تیاداماوەتەوە.

**سەرچاوە**

**دکتر رقیەبهزادی / اریاها و نا اریاها درچمش اناز کهمی تاریخ**

**ایران/ چاپ دوم / پاییز ۱۳۸۳ لا ۵-۱۰**

# کوتییەکان، یان (گوتییەکان) لە مێژوودا

(دیاکۆنۆف) لە سەرچاوەیەکدا لەسەر ناونیشان و خاکی گوتییەکانی نووسیوە: وشەی (کوتیی) و (گوتی) لەسەر نەخشە لەو سەردەمانەدا تەنیا بە قەومێکی دیاریکراو نیشان نەدراوە بەڵکو ناوێکی گشتی پڕ گەورەیی بووە بۆ تەواوی گەلانێك کە لە باکووری خۆرهەڵات و خۆرهەڵاتی ئاشوور ژیانیان بەسەر بردووە. هەر بەو جۆرەش (شالمانەسری یەکەم) پاشای ئاشوور لە نووسینەکەیدا دەڵێ: عەشیرەتەکانی گوتی ئێلی گەورەن کە نیشتمانەکەیان تاوەکو سنووری ئۆرارتۆ (ئەرمەنستانی ئێستا) و (کەمخی) (گورعابدین) لەوێشەوە بۆ تەواوی ناوچەی زاگرۆس بەمەزندە درێژەی هەبووە.

دەرکەوتنی گوتییەکان لەو زەمینە فراوانەدا و لەو رۆژگارە سیاسییە و مێژوو و سەرچاوەکانیدا پەیوەست بە چاخی ٢٣ی پ.ز تێدەگەین بە مانا ئەو کاتەی کە نەرامین پاشای ئەکەد قەڵەمڕەوی خۆی لە بەشێك لەسەرتاسەری نێوان دوو رووبار تاکو کێوەکانی زاگرۆس و ئەرمەنستان و کێوەکانی تۆرۆس (تاورۆس) لە ئاسیای بچکۆلە دەسەڵاتی بەسەریاندا هە بوو و لە نووسینەکانی چاخی ئەکەدیشا دەرکەوتوون.

(نارامسین) وەکو دەرکەوتووە لە کۆتایی دەسەڵاتیدا ناچار بوو لە مەیداندا شەڕ لەگەڵ (ئانریداڤازێر) پێشەوای گوتییەکان بکات بۆ ئەوەی ناوچەکەیان لێپاك بکاتەوە، بەڵام گوتییەکان لەمەدا سەرکەوتن هەتاوەکو قوڵایی ناوچەی باشووری نێوان، دوو رووبار رۆشتن و نفوسیان بڵاوکردەوە و (نیپور)ی شاری پیرۆزی سۆمەریەکانیان داگیرکرد و نووسینێکی شێوە ئەکەدییان بەجێهێشتووە کە بۆ ماوەی ٩١ ساڵ فەرمانڕەوایەتی سۆمەر و ئەکەدیان بە تواناوە کردووە، لەوانەیە پیرۆزی سەرکەوتنی گوتییەکان بەسەر ئەکەددا دروست بووی یەکگرتنی گرنگی عەشیرەتەکانی گوتی و یارمەتی کەسان و گەلانی ناوخۆی ئەکەدییان بە گوتییەکان بوویێت. بەڵام ئەوە بەمانای رووخاندنی تەواوی ئەکەد نەبوو لەبەر ئەوەی ئەکەدییەکان فەرمانڕەوایەتی ناوخۆییان هەرما، بەڵام فەرمانڕوایی سەرەوەی دوو رووبار بەدەست گوتییەکانەوە بوو. شەڕ و ململانێی لەنێوان میرەکانی گوتیی و بەزیوەکانی ئەکەدیدا بەدرێژایی سوڵتەی گوتییەکانی نێوان دوو رووبار لە باشووردا بەردەوامی هە بوو. ئەمە لە کاتێکدا بوو (ئۆتۆحیگاڵ) میری بە توانا شوێنی گوتییەکانی لە شاری (ئوروك) دیاری کرد بوو. هەورەکو لە نووسینەکەیدا دەڵێ: ئەوانە دوژمنی بێبەزیین و ماری زیانبەخشی کێوەکانن و دەست درێژییان کردۆتە سەر پەرستگاکانی خواکان، هەروەها ئەوانەی وا ناساندووە کە سوڵتەی سۆمەریان بۆ کێوەکان بردووە و هۆکارن بۆ نانەوەی دووبەرەکیی و بڵاوکردنەوەی کینە.

(شارکیشاری) کوڕ و جێنشینی (نارامسین) دوای مەرگی باوکی بۆ سوودی خۆی (سارلاگاب)ی پێشەوایی کاتی گوتییەکان دیلکرد، بەڵام ئەوە کۆتایی بە ململانێکە نەهێناو شەڕەکەی نێوانیش لە رۆژگاری (ئیمتا ئینگەشائۆش) و (یارلاگاش) و (لۆلۆمش) بە هەمان شێوە بەردوامی شێوە هە بوو هەتاکو هاتنی (ئیمیایاگش) و دوای ئەویش (شائۆش)ی دووەم هەڵبژێردراو سەر لە نوی ململانێکە لە نێوانیان دەرکەوتەوە و سوڵتەی گوتییەکانیش لە نێوان دوو رووبار بەرێژەیەك ئامادەیی لەناوچەکەدا بوو دروست بوو و سەرکەوتنی بەدەست هێنا. ئەوەی لە ناوەڕۆکی نووسینەکانی ئەکەدیی و سۆمەری وەرگیراوە ئەوە دەگەیەنن کە ماوەی میرنشینی پاشاکانی گوتی کەم بووە بە جۆرێك سەرچاوەکانی سۆمەری بۆ ئەوە دەچن گوتییەکان فەرمانڕەواییان نەبووە و پاشایەتییان نەزانیوە، لەوانەشە سەرانی گوتی بەناوی هەڵبژاردنەوە لەناو عەشیرەتەکەیاندا نوماییندەیەکی بەتوانایان داناوە بۆ یەکگرتنی عەشیرەتەکانی گوتی، بەڵام وەکو دەوڵەت نەیان بووە.

لە ناوەڕاستی چاخی هەژدەی پ.ز عەشیرەتەکانی کاسی لەگەڵ گەلانی گوتی هێرشیانبردە سەر بابل، بەڵام لەو مێژووە بەدواوە هەتاکو دەرکەوتنی حکوومەتی ئاشوور هەماڵێك لەسەر گوتییەکان نییە، لەوێش بەدواوە هەتاکو چاخی سیانزەی پ.ز کاتێك حکوومەتی ئاشوور بێتوانا بوو کە نەیدەتوانی بەرەنگاری دانیشتوانی زاگرۆس بکات ئاشوورییەکان لەمەدا رەغبەتیان لەوە بوو برایەتی لەگەڵ لۆلۆییەکان و گوتییەکاندا دروست بکەن. ئازایەتی و جەنگاوەری گوتییەکان لە نووسینەکەی پەیوەست بە شالمانەسری یەکەمی فەرمانڕەوای ئاشوور دەردەکەوێت. ئەو کەسایەتییە کە (ئافریدازیر)ی دامەزرێنەری زنجیرەی گوتییەکانە لەناو پاشاکانی گوتیدا ناوی نییە، هەروەها بەهەمان شێوە (ساراتیگۆبی سین) و (دیگران)یش لە لیستی پاشاکاندا ناویان نییە، ماوەی فەرمانڕەوایەتی ئەم قەومە لە نێوان دوو رووبار (١٢٥) ساڵ درێژەی کێشاوە، لەمەدا (دیاکۆنۆف) فەرمانڕەوایەتی ئەو زنجیرەیەی نێوان دوو رووباری بە ٩١ ساڵ داناوە.

## نەخشەی کار و چالاکی گوتییەکان لە نێوان دوو ڕووبار:

هەروەکو ئاماژە هەیە ئاشوورییەکان و ئەکەدییەکان ناوی گەلانی ماد و ماننا و گوتی (گوتیوم) یان هێناوە بە شێوەیەك (ئاشووربانیپاڵ) لە نووسێنکێکدا ماد و گوتیۆمی بە ناوێك خوێندۆتەوە و لە سەری نووسیون:

گوتیۆمەکان دەست و پێوەندی سەرکەش و برادەری بێوەفای (شاماموۆگین) بوون لەگەڵ ئەوەشدا کە سوێندیان بۆ خواردم، کاری خراپییان بەرامبەر بە منیش دەست پێ کردووە.

نووسینەکەی ئۆتۆحیگاڵ پاشای شاری (ئوروك)یش دەست نیشانی گوتییەکان دەکات بەوەی هۆکارن بۆ شۆڕشنانەوە و لە ڕێگای ڕاست دوورکەوتنەتەوە و پایەکانی کۆمەڵگای چینایەتی ئەکەدیشیان لاواز کردووە. هەڵبەتە ئەوە بەمانای ئازادی تەواو و کوژانەوەی کۆمەڵگای کۆیلایەتی نییە، بەڵکو ئەو گوتییانە بۆ تەماع لە نێوان دوو ڕووبار واتە لە سۆمەر و ئەکەددا دەسەڵاتیان گرتەدەست .

لەمەدا ئەو گوتییانە کاریگەرێتی فەرهەنگی-کۆمەڵایەتی ئەکەدییان لەسەر بووە سیستەمی کۆیلایەتی و چەوساندنەوەش خراپتر لە نەوەی دووەمی گوتییاندا لە نێوان دوو ڕووبار ئارەزووی زیاتر پەیداکرد و شوێنی خۆی گرت.

گەورەکانی گوتیش بەهۆی نەبوونی ئامادەیی تەواو لە بەرێوەبردنی فەرمانەکانی سیاسی-کارگێری لەکۆمەڵگای ئەکەددا و دەوری لە ناوچەکەش لە گوتییەکانەوە وایکرد زیاتر باج و خەراج لەسەریان دابنێن. بەو جۆرە گوتییە سەرکەوتووەکان ئامادەییان تیادا بوو بەهۆی ئەوەی بیری پێشکەوتووی دانیشتوانی نێوان دوو ڕووبار، کاریگەریی لەسەریان هە بوو، بۆ بەرێوبەردنی ئیدارە و بەجێگەیاندنی فەرمانەکانی حکوومەت و ڕامیاریی ئەکەد لە پێناوی ئەوەی لە شەڕ و شۆڕ ڕزگاریان بێت ئەوەش بۆ هەمان بیری چاکی هێزی فەرهەنگی-سیاسی سۆمەری و ئەکەدی دەگەڕێتەوە هەر ئەوەش وای کرد گوتییەکان لە نەوەی سێیەمی فەرمانڕەواکەیاندا لەناو سیستەمی کۆمەڵایەتی سیاسی-شارستانێتی نێوان دوو ڕووباردا هەرس بن و بتوێنەوە.

هەتاوەکو ئەو کاتەی ئۆتۆحیگال هەڵبژێردرا کارەکانی شاری ئوروك گوتییەکان بەجێیان دەگەیاند. فەرمانڕەوا گوتییەکانیش لە ئەکەد (تریگان) بوو کە تەنیا ٤٠ ڕۆژ فەرمانڕەوایەتیی کرد، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تووڕە بوون و دژایەتی سیاسی داپڵۆسێنەرەیان هاواری گشت خەڵکی ئەکەدی گرتەوە، ئەوە بوو سەرئەنجام کودەتا لە ئەکەد بە گوتییەکان ڕاگەیەنرا لە ساڵی ٢٢٣٠ پ.ز بەپێشەوایەتی ئۆتۆحیگاڵ. هەروەکو ئاماژەیان پێدا شۆڕش هەڵگیرسا و خەڵکیش لە چواردەوری کۆ بۆوە، ئەو پیرۆزییەش ماوەی چاخێکی ویست هەتاکو ئەو یاخی بوونە دەستی پێکرد. سەرچاوەکانی مێژووش شاری (سوربارتو) بە پایتەختی گوتییەکان باسی کراوە. بەڵام بەشێك لە لێکۆڵەران لەو باوەڕەدان کە دوای شکستی سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان بەجێهێشت و هەر ئەوانە سەرقاڵی ئەو کارانەبوون، خۆشیان واتە گوتییەکان مرۆڤی جووتیار و کشتوکاڵکەر بوون.

## زمان و دیاردە هونەری و فەرهەنگییەکانی گوتییەکان:

لێکۆڵەران و خۆرهەڵاتناسە گەورەکان لەوانە (دیاکۆنۆف) ڕایان وایە گوتییەکان لە زمان و قسەکردنیاندا لەسەرخۆ بوون و قەوارەی خۆیان هەبووە و پێدەچێت بچنەوە سەر کۆمەڵەی زمانی عیلامیی کێوەکانی ناوچەی زاگرۆس واتە (عیلامی — کاسی — لۆلۆیی) بەهۆی ئەوەی لە یەکترەوە نزیکن، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە زمانی گەلانی لۆلۆیی و کاسیی و لقەکانی زمانی گوتی هەموویان دەچنەوە سەر کۆمەڵەی زمانی گوتی.

ئاسەوارێك کە پەیوەست بێت بە گوتییەکانی وەکو بزانین بەپێی بۆچوونی شوێنەوارناسان پەیکەری (لاگاش)ە کە بۆ سەردەمی حکوومەتی گودیا دەگەڕێتەوە کە بە نموونەی بەرزی هونەری ئەکەدی دائەنرێت. لەگەڵیا بە هەمان شێوە سەری مرۆڤێکە لە وەرشاو دروست کراوە و لە هەمەدان دۆزراوەتەوە کە ئێستا لە مۆزەخانەی (بیرمەر گەلەری)یە لە ئەمریکا لە نیویۆرك دەبینرێت. پێدەچێت ئەو سەری وەرشاوە وێنە و پەیکەری یەکێك لە پاشاکانی گوتی بێت ئەوەش دەست کەوتێکی هونەرییە و هونەرمەندانی عیلامی یان ئەکەدی دورستیان کردبێت.

ئاتی ئامی فەرەنسایی نەخشی بەرجەستەکراوی بەردە هەڵکۆڵراوەکەی هۆرین و شێخان لە کوردستانی باشوور بە پاشماوەی کاسییەکانی کوێستاننشینی زاگرۆس دەزانێ و ڕای وایە لەسەری وەرشاوی دۆزراوەی دەرکەوتووی هەمەدان بچێت کە بەڵگەی لەبەرچاو بۆ ئەمە نەخشی بەرجەستەکراوی شێخانە. تێڕوانینێك لەواژەی گوتی و مێژووەکەی دەمانگەیەنێتە ئەنجامێك کە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی پێشووە کە بەزۆری لێکۆڵەرانی گوتی بە یەکێك لە گەلانی زاگرۆس دائەنێن و وەکو لۆلۆییەکان و کاسییەکان پێناسەی بۆ دەکەن. وشەی گوتیش واژەیەکی گشتییە تەواوی دانیشتوانی زاگرۆس دەگرێتەوە، بۆ ئەوەش ئاماژە هەیە کە (شالمانەسری یەکەمی) پاشای ئاشوور جوگرافیای سروشتی گوتییەکان درێژ دەکاتەوە تاوەکو

ئۆرارتۆ (ئەرمەنستانی) ئەمڕۆ و (کەمخی) (گورعابدین) بەمانا ناوچەی زاگرۆسی ناوەنـد. هـەر بەو شێوەیەش (دیاکۆنۆف) گەورەیی واژەی گوتی سەرزەمینی ئەوانە بـە گـشتی سـنووری بـۆ دەکێشی لە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتـەوە دەیباتـەوە بـۆ خۆرهـەڵاتی ئاشـوور. سـاکارترین بەڵگەی لەبەر چاویش بەراودکارییە لەسەر تەواوی گەلانی میسۆپۆتامیا و گـوتی ئەوانـەی لـە کتێبـە مێژووییـە جیاجیاکانـدا لەسـەر حکوومەتـەکانیان و پاشـاکانیان ناویـان هـاتووە لـە لۆلۆییەکان و کاسـییەکان و گـەلێکیتر، یـان ئەوانـەی لـە مێـژووی ئێرانـدا بـەناوی (پاشـای تایەفەکان) باسیان کراوە، نموونەی لەبەرچاویش بۆ ئەمانە زۆرە وەکـو زەندییـە و ئەفـشارییە و سەفەوی و قاجارییە کە هەریەکێکیان بۆ قەومێك دەگەڕێتەوە. لەمەوە و تێدەگـەین قـەومێك نییە بەناوی گوتی بەڵکو واژەکە هەموو دانیـشتوانی ناوچـەکە دەگرێتـەوە واتـە بـەو جـۆرەی لەوەوبەر ئاماژەمان پێدا. بۆیە دەتوانین بڵێین بەپێی ئەو نووسینانەی بەدەست مـان گەیتـشوون ئەوانە لە بنەچەدا نەژادێکیان هەیە کە بە ناوی گـوتی گـرد و کـاردۆ نـاوزەد کـراون. ئەگـەر وانەبێت دەناچۆن ئەو ئارامییانە گەیشتوونەتە زنجیرە شاخی جودی، گوتی، دەبوایە تەنیا باسی خاکی کاردۆ، یان سەرزەمینی کاردۆ بکەن کە، کەوتۆتە نێوان دیجلە و فورات کە بە (کارتایـا) یان (کاردۆ) ناوی براوە و ناوی گوتی نەهاتووە. تەنیا زانیارییەك لەو بارەیـەوە کـە هەیـە لـە سەرچاوەیەکدا بەدەست گەیشتووە، دەڵێت کـۆرش (خـاکی گـوتی و هـەموو مرۆڤـی مانـدای پاراست تاوەکو کۆچەرییەکانی شەڕکەر نەتوانن دەسەڵاتیان بەسەریان بسەپێنن).

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەکە بە زمانی فارسی**

**لەسەر مێژووی ماد لە زانکۆی تاران**

**وەرگێراوە چاپ نەبووە.**

# پەیوەندییەکانی نێوان ئۆرارتۆ و مانایییەکان

# بەناونیشانی بەشێك لە کۆڵەکەکانی دەوڵەوتی ماد

(ئۆرارتۆ) ناوی کۆنی ئەرمەنستانی ئێستایە. عەشیرەتەکانی ئاری نەژادن کە دواتر لە دەوڵەتی (ماد)دا بەشدار بوون. ماوەیەکیش لە خاکی خۆیاندا خۆیان پاراست، هەر ئەوەش وایکرد بتوانن خاکەکەی خۆیان لە لەشکرکێشی و پەلامار بپارێزن. هەتاکو ئۆرارتۆش بۆ پارێزگاری لە بەڵای ئاشوور سوودیان وەرگرت تاوەکو لە داهاتوودا خۆڕاگر بن و لە قۆناغی دووەمی تێکۆشانیاندا بتوانن خۆیان ڕێك بخەن و لە بەرامبەر ئاشووردا بڕیار بدەن.

لە ڕۆژگاری لەشکرکێشیەکانی ئادەدنراری سێیەم و (ساموڕامات) (سەمیرئامیس)ی دایکی هێرشەکان (میتوا)ی پاشای ئۆرارتۆ رووە و باشووری خۆرهەڵاتی مانایییەکان لەناو خاکی ماد لە کۆتایی چاخی نۆیەمی پ.ز دەست پێکرد. لەمەدا ئۆرارتۆییەکان لە بەشێکی (مەساسیر)دا کە دەکەوێتە باکووری زێی گەورە ئەوانیان خەریك کرد و بوونە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ خاکی ئاشوور بەرانبەر بەوە مانایییەکان بۆ پارێزگاری لە وڵات و حکوومەتی خۆیان ڕەزامەندییاندا بۆ هێشتنەوەی بنکەیەکی سەربازیی ئۆرارتۆ زۆر درێژەی نەکێشاو (ئارگیشتی یەکەم) هەر سور بوو لەسەر ئەو ململانێیە. جێنشیی ئەو (ساردۆری دووەم) بەرێوشوێنی ئەودا ڕۆیشت، لەمەدا لەشکرکێشییەکانی ئۆرارتۆییەکان بۆ سەر مانایییەکان کارێك بوو مانایییەکانی بێ هیوا کرد. ئەوەش بەڵگەیە بۆ تازەکردنەوەی ترس و توانای هێزەکانی ئاشوور بەپێشەوایەتی (تێگلات پلاسەری سێیەم) کە لە ساڵی **٧٤٣**ی پ.زدا لەشکرکێشیی ئۆرارتۆییەکانی دژ بەمانایییەکان وەستاند.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە لەسەر مێژووی**
**ماد بەزمانی فارسی لە زانکۆی**
**تاران وەرگیراوە، چاپ نەبووە.**

# لە کۆمەڵەی گەلانی زاگرۆس

# (هۆری)

هۆری کە مێژوویان بەلایەنی کەمەوە پەیوەستە بە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ.ز ناوی تایەفەکە بۆ یەکەمجار لە تابلۆیەکدا دەرکەوت کە پەیوەستە بە (لۆگاڵ ئانی مندو)ی فەرمانڕەوای سۆمەر. قەڵەمڕەوی ئەم گەلە ناوچەکانی سنووری باکووری خۆرئاوایی عیلام دەگرێتەوە تاوەکو دەگاتەوە بۆ کیوی (ئامانۆس) لە پارێزگاری (ئەتەنە) کوردستانی باکوور، جگەلەوەش زۆرینەی نێوان دوو رووبار و باکوور و بەشی باشووری بەرزاییەکانی ئەرمەنستان و پارچەیەك لە سووریا و ئەو خاکانەش دەگرێتەوە کە دەکەونە خۆرهەڵاتی دیجلەوە. سۆباریەکان ماوەیەکی زۆر لە کۆتایی حکوومەتی ئاشووریدا شەڕی سوپایان لەگەڵ ئاشووردا کردووە. پرۆفیسۆر (سپایزەر) و (سێرسدنی سمیس بەشی خۆرئاوای وڵاتی سۆربار و بەناوی هۆری نا نەدیان کردووە، بەڵام (ویلیام کیڤان) گەلانی دانیشتوو بە رۆخەکانی دەریاچەی (وان) لە تورکیا دیاریی کردووە. لە رۆژگاری پاشایەکی ئۆرارتۆدا ئەوانە لە شوێنێکی بەرین و هەراوی خۆرهەڵات دروست بوون کە بوونە گەورەترین هێزی بە توانای ئەو رۆژگارە بەناوی هۆری. ریتشارد فرای کە لە زمانی پرۆفیسۆر (ماری) بۆمان دەگێڕێتەوە، رای وایە پەیوەندیی نێوانی ئەوانە لە رووی زمانەوە، هۆرییەکان دەچنەوە سەر زمانی قەفقازی کۆن. شاری هۆری یان (هۆرا) لە راستیدا هەمان شاری (ئۆرفا)یە کە یەکێکە لە شارەکانی کوردستانی باکوور، ئەم شارە لە نێوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز رۆڵی گرنگی لە ژیانی سیاسی ئاسیای نزیك بۆ ماوەتەوە. هۆرییەکان لە خاکی (میتانۆ) (میتانی) کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی هۆری مەرکەزیتریان هەبووە و مەملەکەتەکەشیان دواتر بە (ئۆرهوئین) ناسراوە.

محەممەد ئەمین زەکی بەگ لە پرۆفیسۆر (سپایزەر)ی گواستۆتەوە میتانییەکانی بە لقێك لە سۆبارییەکان زانیوە کە لە بیاڤی (کەوشەنی) فوراتی ناوەڕاستدا لە (بەڵخ) و خاپوور دانیشتوون، لە نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز حکوومەتێکی بنەمای بەهێزیان هەبووە و بەزمانێکی تایبەت بە ناوچەکەیان قسەیان کردووە. ناوی بەشێك لە پاشاکان و بەهەمان شێوە خواکانی سۆباری و میتانی لە ناوەکانی نزیکی وەکو (ئاندرا) و (ئارونا) (میترا) ناویان براوە و سەرچاوەکانی ئەو ناوانەش لە سانسکریتەوە وەرگیراوە.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەکە لەسەر مێژووی ماد**
**بەزمانی فارسی لە زانکۆی تاران**
**وەرگیراوە چاپ نە کراوە.**

# له كۆمەڵەی گەلانی زاگرۆس

# (نایری)

(نایری) بۆ یەکەمین جار (تێگلات پلاسەری ئاشووری) ناوی ئەم قەومەی هێناوە، بەپێی ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەیە، نایرییەکان، یان ناهارییەکان قەومێکن لە کۆمەڵەی گەلانی زاگرۆس و بەشێکی سەرەتایین لە گەلانی مرۆڤایەتی کە لەگەڵ گەلە جیاجیاکانیتردا یەکێتی حەساوکراویان بۆ داناوە. ئەم ئاسەوارانەی پەیوەستن بەم قەومەوە میلێکی بەردینی ناسراوە بە (کیلەشین) کە ئێستا لە مۆزەخانەی (شنۆ)یە. (داش تەپە) و (میاندواو) و (رزقان ئاهروو) و (ئوزوپ تەپە) لە (ماکۆ) و بەردە نووسراوەکەی (سەقین دڵ) کە دەکەوێتە کێوی (زاغی) لە ئازەربایجان دەتوانین بیانخەینە پاڵ پاشماوەکانی ئەو قەومە. ئاشوورییەکان لە نووسینەکانیاندا قسەی تەواویان لەسەر دانیشتوان و عەشیرەتەکانی دانیشتووی سەرچاوەکانی دیجلە و فورات و دیاربەکر و خەرپوت و دێرسیم و شاخەکانی (تبلیس) و (تۆرۆس) (نایری) کردووە. ئەو ناوچەیەش لە ٤٠١ی پ.ز ناوی (کوردوئین)ی بەخۆی داوە و گەلانی دانیشتووی ناوچەکەش بە (کاردۆخین)، (کارۆدش)، (کاردۆخی)، (کاردشۆ) ناویان براوە. هەروەکو زانیمان گوند و ناوچەهەن لە کوردستان بە ناوی ئەوانەوە وەکو گوندی (نەرێ) لە ویلایەتی شەمدینان، یان شەمزینان هەروەها (نەدری) کە لە ناوچەکانی (سەنەندەج)ە، ئەمانە ناوێکن هەن.

بەپێی ئەم هەڵسەنگاندنە ئەوەمان دەست دەکەوت کە نایرییەکان لە گەلانی سورباری و میتانی بوون، پایتەختی نایرییەکان بەشاری (توشپانیاوان) ناوهێنراوە و زمانی نایرییەکانیش وادائەنرێت کە بچنەوە سەر زمانە قەفقازییەکان.

**نووسینی ئەوانە دوو جۆرە:**

ئەلف: نووسینی بزماری: نووسینی هێرۆگلیفی، بەکارهێنانی بۆ زانین و پێشکەوتنی بابەتەکانی کشتوکاڵی بووە، وەکو (دروست کردنی جۆگە و بەنداو) و توانەوەی کانزا و دروست کردنی ئامێرەکانی ئیشکردن و جۆرەکانیتریش بۆ دروست کردنی بابەتەکانی جوانکارییی و بەکارهێنانیان لە جوانکردنی شارەکان و تەلارەکانیاندا بە ئامانجی خستنەوەی پێشکەوتن لە وڵاتەکەدا. هەر ئەوەش وایکرد کە (محەممەد جەواد مەشکور) نایرییەکان بە قەومی ئاوەدانیی و پیشەسازی و شارستانییەتی پێشکەوتووی دونیای کۆن بزانێت. لەمەوە تێدەگەین گەلانی ئێرانی بۆ ناوچەکانی خۆرئاوای بەرزاییەکانی ئێران و دامەزراندنی حکومەتی بچکۆلەی ناوخۆ و نیوە سەربەخۆ و سەربەخۆیی تەواو و توانا و مانەوەیان بەند بووە بە توانا و لاوازی گەورەی دوژمن (ئاشوور و عیلام). یان پارێزگاری لە خۆیان و یەکێتی ریزەکانیان لەسەر جوگرافیای سیاسی ئەو رۆژگارە. هاتنی ئارییەکانی کۆچەری تازەش بۆ بەرزاییەکانی خۆرئاوای ئێران و تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ کۆچەرانی ناوخۆیتردا توانا و ئامادەبیتری بۆ دروست کردن لەوانە ئەو توانا ناوخۆییەی کە بە (ئالیپی)، (خارخار)، (نامری) دەتوانین ئاماژەیان پێبدەین.

(ئالیپی) هەروەکو دەزانرێت مەرکەزەکەی (ماهیدەشت)ی نزیك کرماشان بووە لەکاتێکدا بڕیار و دەسەڵاتی تاوەکو هەمەدان و نەهاوەند و زیاتریش درێژبۆتەوە. (خارخار) لە باکووری ئالیپی بڕیار و دەسەڵاتی پێدەچێت گەیشتبێتە ناوچەکانی (سەنەندەج) و مەریوان لەکاتێکدا لە سەردەمی (شالمانەسری سێیەم)دا لە ژێر دەسەڵاتی ئاشووردا بووە. سەرجۆنی دووەم بۆ کەمکردنەوەی هێزی سەرپێچیکار لەو ناوچەیەدا لە رێگای گەڕانەوەیدا بۆ (کارشرۆکین) لەگەڵیاندا شەڕی کردووە و لاوازی کردوون. لەمەدا ویلایەتی (نامری) کە سەر بەناوچەی شارەزوور بووە داگیری کردووە و خستۆیەتە ژێر دەسەڵاتییەوە و سنووورداری کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا پاشماوەی گەلەکانی (کاسی) و (لۆلۆیی) کە لە بەشە جیاجیاکانی ناوچەکاندا بوون بۆ مانەوەیان ژیانی پێبەخشیون.

بەپێی بۆچوونمان بۆ دیمەنەکان و پەنابردنە بەر دووبارە بوونەوەی رایەکان و نووسینەکانی مێژوونووسان و خۆرهەڵاتناسان دەگەینە ئەوەی بڵێین دەوڵەتەکانی ناوخۆ خودی خۆیان جیاجیا بوون بەهۆی بوونی گەلانی بودای (گوتی) کە لە ناوچەکەدا هە بوون. بەپێچەوانەوە ئەوە وایکرد جیاواز بن لە قەومی دایکیان بەمانا (گوتی) کە سەرچاوەی بڕیاردان بووە. هەر بەو جۆرەش مامۆستا (زرین کوب) لەبارەی مرۆڤی ئێرانی بەر لە ئیسلام لە لاپەڕە ٧٦دا نووسیویە: یەکێتی توخمەکانی قەفقاز و ئارییایەکانی

بەشەکانی زاگرۆس و یەکێتی تایەفەکانی (مانای) لەگەڵ هەموو ئەوانەی زۆرینــە و ڕێکخــستنی مــاد و (پارس)یان پێکهێناوە ئەوەنیشاندەدەن کە ئەو ڕەگەزانە لــە هەوڵــدانا بــوون بــۆ شــوێنکردنەوەی خۆیــان دروست کردنی هۆکاری ژیانی گەورەیان. بەرلەمەش ئاماژە هەیە بە بوونی ڕەگەزەکانی گــوتی، لۆلــۆیی لە ڕۆخی (نامری) کە پشتگیری لێدەکرێت.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە لەسەر مێژووی ماد**

**بەزمانی فارسی لە زانکۆی تاران وەرگیراوە چاپ نەبووە.**

## تیشکێك بۆ سەر
## (میهری)، یان (مەهرانۆ) لە مێژووی کۆنی ئارییایەکاندا

مێژووی (ماد)ی دیاکۆنۆف بە بەراوردی بە ناوەڕۆکی نووسینەکانی مێفی ئاشووری هەروەکو لە باسی (تۆکۆڵتی نینۆرتای یەکەم) (ناوەڕاستی چاخی سیانزەی پ.ز) و (ئادەدنراری دووەم) (کۆتایی چاخی دەیەمی پ.ز) هاومانایە و ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کە زاراوەی (میهری) یان (مەهرانۆ) بەسەر بەشێکی مرۆڤی ناوخۆی مادی خۆرئاوا گرتراوە. لە هەمان کتێبدا لە باسی لەشکرکێشی (ئادەدنراری دووەم) پاشای ئاشووری (٩١١-٨٩٠ پ.ز) هەر بەو جۆرە هاتووە.

ئەو گەیشتۆتە سەرچاوەی زێی گەورە لە کیشوەری (میهری)، نزیك بە رۆخەکانی خۆرئاوای دەریاچەی (ورمێ) بۆتەوە. نووسەرەکانی چاخی کۆنیش دەریاچەی (ورمێ)یان بەناوی مرۆڤی ناوچەی (ماتیان) یان (مانیان) ناوبردووە. لە ایەکیترەوە ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر سەرچاوەکانی ئاشووری کراون ئەوە دەگەیەنن کە لەو ناوچەیەدا دەوڵەتێك هەبووە بەناوی (میتی) یان (مەنایی). بەسەیرکردنی لێکچوونی ناوەکان و شوێنەکانی لەوانەیە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەوناوە شێوەیەکیتری هەمان ناوی قەومی (ماتیان) یان (مانایی) بوویێت لەبەر ئەوەی دەربڕین لە هەمان مانا ئەکات. ئەمرۆخانەش بەشێکیان (میتانین) بەقسەی هێرۆدۆت لە بەشی سەرووی رووباری (هالیس) (لای راستیی) و (ئارسن) لای سەرووی رووباری دیجلە و زاگرۆس و خۆرئاوای دانیشتوون. بەو شێوەیە شوێنی بڵاوی زەوییەکانیان دیارە، بەو جۆرە دەرئەکەوێت کە ئەو نەتەوەیە لە بنچەی رەسەنی کوردن. بەهەرحاڵ بەپێی ئەو زانیارییانەی لە لامان کۆبۆتەوە واژەکانی (میتانی) و (میهری) (مهیرانی)، (مەهرانۆ) هاوشێوەن لە مانادا و ناوی خوای عەشیرەتی گەلانی (میتانی) و (مادیش) بووە. هەروەها ئەو ناوەش لای هیتییەکانیش لە (بۆغازکۆی) لە ئاسیای بچکۆلەوە دەرکەوتووە کە پەیوەست بوو بە چاخی چوارەدەی پ.ز ئەوەش زانراوە کە میتانییەکان لە گەلانی هیندوئارییایی بوون و خوا (ئیزد) (میترا) (میهریان) پەرستووە. ئەم خوایەش لە رەگ و ریشە مانا زمانەوانییەکەی لەگەڵ واژەکانی (میترا) و (میترۆ) (میهرانۆ) و (میهری) و (میتانی) و (ماد) کە سەرچاوەن بۆ پێوانەکردن یەکدەگرنەوە و بڕیار لەسەر ئەوە ئەدەن کە واژەی (میتر) و (میترا) لەسەر بنچەیەك رەگ و ریشەیان داکوتاوە کە شێوەکانی (میتە) و (میت) و (میهر)یش دەگرنەخۆ کە مانای عەهد و پەیمان ئەدا و هۆکاریشە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەربکەوێتەوە، چونکە لە خواناسراوەکانی ئارییاییەکان بووە، بەڵام بۆ سەرچاوەی واژەی (میهرانۆ) کە بەشێوەکانی (میخرانۆ) و (میهرانۆ) هاتووە، دەڵێت: ئەم واژەیە بە دانیشتوانی ناوچەی خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ (میتانییەکان) گوتراوە و بە پێچەوانەوە بەوانە نەگوتراوە کە دانشتوانی خۆرئاوای ناوچەی (کاشان)، (مادەکان و میتانییەکان) بوون بە هۆی ئەوەی تەنیا ناوی (ئیرد) و (میهر) دەقاودەق هاوواتان، هەر ئەوەش هۆکارە کە نیشانەی پەیوەستی زمانەوانی لە ناوەکانی (میتانی) و (ماد)دا جارێکی دیکە دەربکەوێتەوە. بەو جۆرە (میتر) و (میهر) گرنگترین خوای عەشیرەتەکانی (ماد) و (ماننا) بووە و کێوی (هەرابەرز ئیتی)ش شاری مەراغەیە کە لەناو خاکی (ماد) و مانایییەکاندا بووە و شوێن و بارەگای تایبەتی ئەو خوایەی گەلانی ئارییایشە بەو جۆرەی کە بەرچاو دەکەوێت.

### (خونیرپ) هەمان قەڵەمڕەوی مادەکانەوە و ناوی ئایینی بانەکانی ئێرانە:

لە ئاویستادا حەوت هەرێم (کیشوەر) ناویان هاتووە. لە گاتاکانی یەسنای ٣٢ت پارچەی (٣) حەوت دانیشتوانی ناوچەیی باسیان هاتووە کە دواتر وشەی هەرێم شوێنی ئەوانەی گرتۆتەوە. لە هەموو بەشەکانی ئاوێستادا بە زۆری بە (هیپتوکەرشور) وەرگێراوە، و لە ئایینی براهماکانیشدا جارێکی دیکە رووی زەوی بە حەوت هەرێم دابەش کراوە.

لە (میهریەشتا) دوو شوێن بەناوەکانی حەوت کیشوەر (هەرێم) وەرگێراوە، یەکەمیان لە برگەی ١٥٠ و دواتر ئەویتر لە برگەی ١٣١و، هەروەها لە برگەکانی ٩-١٥ لە (رەشن یەشت) و لە فەرگوردی (١٩)ەی وەندیدا برگەی ٣٩ و لە کەردەی (١٠)ی ویسپرد، برگەی (١)یش بەحەوت کیشوەردانراوە. ناوی ئەو حەوت (هەرێمەش) لەم دانراوەنەدا ئەمانەن:

١- (ئەرزەهی) هەرێمێکە دەکەوێتە خۆرئاوا و لە پەهلەویدا بە (ئەرزە) باسی هاتووە.
٢- (سەوەهی)، هەرێمێکە لە خۆرهەڵاتدایە و لە پەهلەویدا (سوە)یە.
٣- (فرەدە دەفشو)، هەرێمێکە لە باشووری خۆرهەڵاتدایە و لە پەهلەویدا (فرەدە زفش)ە.
٤- (ویدە زفشو)، ناوی هەرێمێکە لە باشووری خۆرئاوایە و لە پەهلەویدا (ویدزفش)ە.

٥- (واروبەشتەی)، هەرێمێکە لە باکووری خۆرئاوایە و لە پەهلەویدا (ورووبرشت)ە.

٦- (واروروجەریشتی)، هەرێمێکە لە باکووری خۆرهەڵاتدایە و لە پەهلەویدا (وروجرشت)ە.

٧- (خونیرەپ)، هەرێمێکی ناوەندییە و لە پەهلەویدا (خونیرس) یان (خوانیرس)ە، وەکو (خوای هەر و خواهیش).

لە ئاوێستادا هەرێمی (خونیرس) بەر لە هەرێمەکانیتر باسی هاتووە، لەمەدا کام (خونیرس) خودی خاکی ئێرانییەکانە. بە قسەی (بەندەهش) (فەسڵی ١٥ بڕگەی ٢٧) شەش نەژاد لەوێدا ژیاون. ئەو بڕگانەی لەوەوبەر باسمان کردن لەناویانا (خونێرس) لەگەڵ شەش هەرێمیتر، لە بڕگەی ١٦٧ (مەهریەشت) جارێکتر (خونێرس) و زەوییەکەی لە سەرچاوەکەیەوە وەرگیراوە. لە (یەسنای ٥٧ بڕگەی ٣١ و لە (دەخت نسك)ی فەرگوردی یەك، بڕگەی ١٤ جارێکتر (خونێرس) باسی کراوە. لە فەسڵی ١١ لە (بەندەهش) بەڕێژەیەکی زیاتر ئەو هەرێمە باسی کراوە، لەو دانراوانەدا (٣٣) بەش لە زەوی هەیە. لە ڕۆژێکدا کە (فریشتەی باران) بارانی باران نیوەی دونیا ئاو بوو و دونیای بە حەوت هەرێم دابەش کرد. هەرێمێك کە دەکەوێتە نێوانەوە پێیاندەوت (خونێرس) لەگەڵ ئەو بە (شەش) کە هەرێمی تریش لە چواردەوری (خونێرس) بوون دەوریان دا بوو. لە تەرەفی خۆرهەڵاتەوە خۆراسان کە دەکەوێتە ئەوێوە و لە تەرەفی (خۆرئاوا) (ئەرزە) و لە تەرەفی (باشوور) (نیمروج) و (فردەدفشن) و (ویددفش) و لە تەرەفی (باکوور) (ئاپاختر)، (روبرشت) و (وروجرشت) ئەمە کێوێکە بەپێوەیە و لەوانە نییە کەسێك بتوانێت ئەم هەرێمە بەهەرێمێکیتر. لە نێوان ئەو هەرێمانەیان لە دەرەوەی دابنێت چونکە (خونیرس) لە هەموویان باشتر و رازاوەترە.

(ئەهریمەن) لەم هەرێمەدا ناتوانێت ئاش دابنێت و بە زۆری دەربکەوێت لەبەر ئەوەی لەم کیشوەرەدا کەیانییەکان و دلێرەکان هاتووە روو و ئایینی پاکیان (مزدیەسنایە) و لە جێگایەش لەناو هەموو مەملەکەتەکان و ئایینە رەگی داکوتاوە و بناغەکەی دیارە و ئەهریمەنیش توانای خۆ ئامادەکردنی نییە کە جارێکتر هەڵبستێتەوە و داوای ئاژاوەنانەوە بکات و ژیانی بە هەشتی داهاتووش سەرەتا لێرەوە دەست پێدەکات.

هەر بەو جۆرەش دەڵێ: ناوی ماد دەتوانین بڵێین وەرگیراوە لە هەمان ناوی (ئیزد) و ئەو قەومەش بەمانای (میپرە) بووە کە بە مانای عەهد پەیمانە و هاوڕێیە. بەڵام ئەوەی لەبەرچاوە واژەی ماد لە چاخی کۆندا لە وشەی ئاوێستاییدا (مەئیدیە) بووە لە سانسکریشتدا (میدهیە) و لە لاتینیشتدا (میدیوس) هاوڕێشەیە و یەکدەگرێتەوە. ئەوەی بەو جۆرە لە سەری دواین بەو مانایەکە (هەرێمی ناوەندی بێت یان نێوان) لە نووسینەکانی پەهلەویدا بە ناونیشانی سیفە دێت لەوەسفی هەرێمی (خۆنێرس)دا و کاری پێ کراوە کە لە راسیتدا ناوی رەسمی ئەم خاکە بووە. بەڵگەیتری دروست یش لەم سەیرکردنەدا هاومانان بوونی ناوەکانی پارس و پارتە، ئەمانە خودی سادەکانن لە گەلانی ئاریایی بوون لە دراوسێیەتیاندا بەرەو باشوور و خۆرهەڵاتی بڕیاری رۆشتیانداوە و هەردوو لەفرەکەش بەمانا (کناری) و (پەهلەوی) خاڵی بەرانبەری ناوەندن یان نێوانن کە بەمانای (ماد) هاتووە.

**سەرچاوە:**


**جواد مفرد کهلان گزارش زادگاه**

**زرتشت و تاریخ ساگیری ایران / چاپ**

**اول زمستان ١٣٧٥ لا ١٥٨-١٦٠**

# ئاریاییەکان... بنەچە و ناونیشان

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ئاوێستادا هاتووە (کۆنترین یادگاری نووسراوی ئاریاییەکانی ئاری نەژاد)، شوێنی رەسەنی ئاریاییەکان سەرزەمینی ئائیریانام ڤایجۆیە) و وشەکەش لە دووبەش پێکهاتووە لە ئائیریان و ڤایجۆ کە شوێنی رەسەنی ئارییەکان دەگرێتەوە.

لە ئاوێستادا کاتێك قسە لەسەر ئاریاڤیج بنەمای ئاریاییەکان کراوە ئاماژە بە جێگای سارد و سەهۆڵبەندانی کراوە، بەو جۆرەی (دارمستتر) پەیبردووە ئاریان ڤیچ شوێنی ئاریاییەکانی بە ئازەربایجان و ناوچەکانی قەرەداغ داناوە کە هەمان سنووری سەردەمەکانی کۆن دەگرێتەوە، بەڵام ئەو زانیارییانەی لای زاناکانی ئاریان ڤیچ کۆ بووەتەوە شوێنەکە بۆ ئاسیای ناوەند دەبەنەوە.

هەشە لەوانە کە زۆرینەی لێکۆڵەرانن لە دایك بوون و بنەچەی ئاریاییەکان دەبەنەوە بۆ باشووری سیبریا، یان بە (پامێر و ئاسیای ناوەند)ی دادەنێن، ئاسەوارێك کە بۆ شارستانێتی ئەمانە بگەڕێتەوە لە بەرزاییەکانی پامێر بەدەست نەگەیشتووە کە قسەی لەسەر بکرێت.

ئاریاییەکان دوای کۆچکردنیان بۆ بەرزاییەکانی لەوێدا ماونەتەوە و ناوی خۆیان لە سەرزەمینی تازەیاندا دانا و وشەی (ئێران)یش لە ئاریاییانەوە وەرگیراوە وشەکەش لەسەر خۆشێوەی ئیریان و ئاران و ئێرانی وەرگرتووە.

(ژراژئیسرائیل) ئاریاییەکانی کۆچکردووی بۆ ئێران بە نەژاد و قەوم و گەلێك دانەناوە، بەڵکو بە کەسانێکی زانیون کە بەردەوام لە دونیادا دوژمن و بێ ئاسۆ بوون و لە سەرچاوەکانی ئومێد بێبەشو ئاژاوەگێڕیش بوون. گێرێشمەن ئاریاییەکان بە یەکەمین گەلێك دادەنێت کە دەوڵەتیان لە جیهاندا دروست کردووە و رۆحی یەکسانی و ئازادییان بڵاوکردۆتەوە کە هەتاوەکو ئەمڕۆ ژگارەش مرۆڤ ئاشنای نەبووە.

(راستا ئەحمەد تاجبەخش) بە پەنابردنی بۆ وتەیەکی (فۆن نۆکۆك) نووسیویە: هۆن لۆکۆك لە کتێبی گەنجییەکانی ژێر زەوی لە تورکستانی چین ئاریاییەکانی بە یەکەمین مرۆڤی پێشکەوتووی جیهان زانیوە.

## هۆکاری کۆچی ئاریاییەکان و هێڵی رۆشتنی ئەوان

هەروەکو ئاماژەماندا زانیاری ئەستێرەناسی و ئاوهەوا پشتگیری لەوە دەکەن کە سەرما و سۆڵە و سەهۆڵبەندانی سەخت و زۆری کۆمەڵان و گلەیی و گازندەی زۆری ئارییەکان و زۆری راوچییەکان بوونە هۆکاری بۆ ئەو کۆچکردنە بەو کارەشیان توانییان لە سروشتدا لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان کە لەو رێگایەوە توانییان بەردەوامی بە ژیانیان بدەن، بۆیە ئەو کۆچەیان کرد بۆ ناوچە گەرمەکانی وەکو باشووری سیبریا و لەوێشەوە بەرەو باشووری کاسپین-خەزەر رۆیشتوون.

کۆچی ئاریاییەکان بە مەزندە لە هەزارەی پێنجەمی پ.ز دەست پێیێ کردووە و هەتاوەکو نزیك بە چاخی یەکەمی زایینی بەردەوامی هەبووە و عەشیرەتەکانی ئاریاییش لە دەشتەکانی رووسیاوە رۆشتون و ئەو رێگایەش خۆیان هەڵیانبژاردووە و عەشیرەتەکانیش لەمەدا هاوبەشییان کردووە و رووەو باختەر (رۆژئاوا) باشوور کۆچیان کردووە. قەتارەی کاروانی ئاریاییەکان لە تەرەفی باکووری دەریای خەزەر و پشتی رووباری قەفقاز دەست پێکرد بە رۆشتن، بە تێروانینێك بەردەوام لە دوو کۆچدا بوون، کۆچی یەکەم لە هەزارەی پێنجەمەوە تاوەکو هەزارەی دووەمی پ.ز و لە قۆناغی دووەمدا کۆچ کردووەکان کە لەوانەیە سەرەکیترین کۆچی ئاریاییەکان بووبێت لە سەرەتایی هەزارەی یەکەمی پ.ز دەست یانپێ کردووە و ئاریاییەکانیش دوای بڕینی ناوچەی دەشتاییەکانی رووسیا لە (پیرامون)ی خوارزم بڵاو بوونەوە و لەوێدا دابەش بوون بە دوو کۆمەڵە: کۆمەڵێك لەوانە رێگای (سند)یانگرت و رۆشتن بۆ هیندستان کە پێیان دەوتن ئاریاییەکانی هیند، کۆمەڵەیتر بەرەو ئانازۆڵ رۆشتن و کۆمەڵێکیتریش بە کەلوپەل و گالێسکەکانیانەوە بەرەو دەربەندەکانی خۆراسان رۆشتن لەوێشەوە بەرەو خوار شۆڕ بوونەوە و لە رێگایاندا گەیشتن بەدامێنی (ئەل بورز) و خۆرئاوا و باشووری ئێران.

لە کێوەکان و ناوچەکانیتری کوردستان و ئازەربایجان و لوڕستان و تاران و ئەسفەهان خانوویان دروست کرد و وردەوردەش لە رۆخەکانی کەنداوی فارس نزیك بوونەوە، دوای ئەو کۆمەڵە گەورەیەش کۆمەڵێکی تریش کۆ بوونەوە کە پێکهات بوون لە مادەکان لە باکووری خۆرئاوا و لە خۆرئاواش پارسییەکان و لە باشوور و باکووری خۆرهەڵاتیش پارتییەکان. یەکەمین ئاسەوارێك کە بۆ سەردەمی شارستانییەتی کۆنی ئێران بگەڕێتەوە و بەدەست مان گەیشتبێت بنگاری سەرقوڕ و دیمەنی جانەوەر و رووەك و نەخۆنیگاری گیا و ئاژەڵن کە لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەند بەرچاو دەکەون لەسەرو ئەوەشەوە نزیکی رۆخەکانی دەریای خەزەر کەمە کەمێك نەخشی ئاژەڵی ناودارستانەکانیش دەبینران.

## ئاریاییەکان دوای جێگیر بوونیان لە ئێران

کۆچکردن و ڕۆیشتنی خێرا و زۆری ئاریاییەکان لە هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز لە ژێر سەرکردایەتی گەورە پیاوانی لێهاتوو بە توانایان دەست پێکرد، ئەوانە تێکەڵ بە دانیشتوانی ناوچە ڕەسەنەکانی ئێران بوون کە لە بنەچەدا لە یەك نەژاد بوون کە پێشتریش کۆچەر بوون، بۆیە توانیویانە ملکەچیان بکەن و کاری گرانیان پێبکەن، وەك لەوەڕاندنی ئاژەڵ و کاری حەماڵی و جووتیاری و خۆشیان لە کارەکانیاندا تایبەتمەندییان هە بوو بەو شێوەیە سیستمی چینایەتی شێوەی خۆی وەرگرت و بوونە چینەکانی سولتە بەدەست و چینەکانی ژێردەستە، ئەمە لە کاتێکدا بوو (بەهرامی فرەوشی) باوەڕی وایە کە عەشیرەتەکانی شەڕکەر و شوانکارەی (ئارا)یی تازە هاتوو بۆ سەرزەمینی کە دواتر ناوی گەورەی ئێرانی لێنرا و شوێنیانی گرتەوە.

پەیوەندیی ئەوانە لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکەیدا ئارام بووە و ئاشتییانە ڕۆیشتووە هەورەکو چۆن مامی تازەیان هاونەژادی هیندییان بەشەڕ و دوژمنایەتی نەگەیشتن بە ئەنجام، یان خۆیان دانشتوانە ناوچەییەکەی دوژمنی سەرسەخت و دێرینەی ئاشوورییەکان بوون کە بە درێژایی ئەو ماوەیە ئەو ئاریاییە کۆچەرییانەش بوونە پشتیوانیان بۆ پاراستنی سامانیان و ناوچەی دەسەڵاتیان، تێکەڵاو بوونی دوو قەومی ئێرانی و ناوچەیی و وردەوردە بەرەو توانەوە و هەرەس بوونی قەومە ناوچەییە ئێرانییەکە ڕۆشت و لەسەر ئاژەڵداری و شوانی دەژیان واتە هاوشێوەی گوندنشینی جووتیاری ئێرانی، لەو هەڵسوکەوتەیاندا دانیشتوانە ڕەسەنەکە لە کۆمەڵگای تازەی کشتوکاڵیدا فێری گۆزە گلێنە دروست کردنی بوون، کە ئەوەش ئا بوورییانی بەرەو کاراتر و تەواوکاری برد لە کۆمەڵگای تازەیاندا، پاشماوە ئاسەواریەکانیشیان لە تەپەی سیالك لە کاشان بە جوانی دیار و دەرکەوتوون.

هەڵبەتە گوندنشینەکانی ئێرانی لە دامەزراوی ئا بوورییەکەیاندا بە بەراورد، بە گوندنشینەکانی نێوان دوو ڕووبار و میسر لە سیستەمی کشتوکاڵدا سوودیان لەوان بینیوە، سیستەمی کشتوکاڵیشیان دابەش بووە لە نێوان موڵکداری گچکە و موڵکداری گەورەدا و هەتاکو دەرهێنانی کانزاش لە فراوانی کشتوکاڵیدا لەو ڕێگایەوە سەریهەڵداوە.

- پەیدا بوونی چینەکان و باوەڕیان و دەست کردی مرۆڤ و کۆمەڵایەتی ئاریاییەکان-

یەکێك لە سەرچاوەکانی پەیبردن بە سیستەمی چینایەتی و دەست کردی کۆمەڵایەتی و باوەڕی ئێرانییەکانی کۆن ئەوانەن لە ئاسیاییەکان و ناوەڕۆکی ئاوێستاوە وەرگیراون کە ڕێژەکەی بەسەر ئەڵقەی زنجیرەکانی کۆنی مێژووی ئێران لە مادەکانەوە تاوەکو ساسانی دابەش بوون، هەر بەو جۆرەش ئاماژە هەیە بۆ هاتنی کۆچەرییەکانی ئاریایی بۆ بەرزاییەکانی ئێران لە هەزارەی دووەمی پ.ز، هاتنیشیان بە جۆرێك بووە کە توانیویانە بەشێوەی زۆر و هێزی دەسەڵات فەرهەنگی شارستانێتی خۆیان بەسەر هاونەژادەکانیتری کۆنتر بەپێێن و بەسەریان بکەون دوو چینی سەرکەوتوو و ژێرکەوتووش بەو هۆیەوە دەربکەون.

چینی سەرکەوتوو لە کۆچەرییەکانی هەزارەی دووەمی پ.ز بوون لەناویان کۆمەڵێك هە بوون خەریکی ڕێوڕەسمی مەزهەبیی و ئایینی بوون، دەست کەوتی و ئەمانە لە کۆمەڵگادا کە بە چینی ڕۆخانی ناسرا بوون لەگەڵ ئەوەشدا کە توانای مەعنەوییان هە بوو گەیشتیان بوو کە بوونە خاوەنی موڵك وماڵیکی زۆر بەوەش توانای ئا بووری گەورەیان بۆ دروست بوو ئەوەش بە جۆرێك بوولە تەواوی سەردەمەکانی ئێرانی کۆندا لە دانانی سوڵتانەکان و لابردنیاندا دەوری سەرەکییان هە بوو، ئەو توانایەش هەتاکو لە سەردەمی ئیسلامیشدا پاشماوەی هە بوو، ئەمانە لە ناو چینی سەرکەوتوو لەناو سوپاکانیشیاندا کاریان پێکردوون، کاتێکیش شەڕ دروست دە بوو هاوبەشیان دەکرد و بەناوی خۆشیانەوە چینێکی سیستەمییان دروست کرد، کۆمەڵێکی تریش لەخەڵکی ناوچەکە بەکاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵ سەرقاڵ بوون بە چینێکیتریش هەڵدەست ان بەکاری گران، یان خاوەن کار بوون، بەو جۆرە چوار چین لەمانە لە کۆمەڵگادا دەرکەوتن.

٥- ڕۆحانییەکان، یان پیاوانی ئایینی.

٦- گەورەی سوپا.

٧- جووتیار.

٨- کرێکار، یان ڕەشە خەڵکەکە.

گەلانی ئاریایی لەگەڵ کۆچەرەکان واتە دانیشتوانە ڕەسەنەکە لە خزمەتیان بوون لە بڕینی ڕێگاکاندا بۆ جێبەجێکردنی پێداویستییەکانیان لە خواردن و شتیتر لەمەدا پیرە سەردەرچووەکان ڕێی نیشاندەر و پێشەوایان بوون، هەروەها بەتەمەنەکان و ریش سپییەکانیش جۆرێك هاوبەشییان هە بوو لە حکوومەتدا و پاشاکانی تایەفەکانیش کەفیل بوون بۆ دانانی کەسانی پیر کە سەرچاوەی ڕێز بوون، ئەو ڕێزلێنانەش لەڕاستیدا داب و نەریتێکی کۆن بووە لەناویان کە سەرچاوەکەی گەڕانەوەیە بۆ پەرستنی باوك و باپیر کە سەر بەو مەزهەبە بوون و ئاریاکان کاریان پێ کردووە لە کۆنترین قۆناغەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی ژیانی گوندنشینی سەرۆکەکانی کۆمەڵانی پایەبەرز لەناو کۆمەڵدا کە پێشەوای ئایینی بوون و لە بەڕێوەبردنی کارەکانی حکوومەتدا هاوبەشیان کردووە ئەوانە وردەوردە بەشێوەی ئاسایی لەسیستەمی گەورەی حکوومەتدا و لەناو کۆمەڵگادا کارەکانیان ڕۆیشتووە، بەڵام کاتێك

ناوچەی نفورسی فەرمانڕەوایان لە گچکەوە بۆ گەورە بوون چووە پایەی ڕۆحانییەکان لە ئەنجامی وەزیفەکانی مەزهەبیدا گۆڕاوە و بوونەتە چینێکی جیاواز هەر ئەوانەش کارەکانی حکوومەتیان بە فەرمانڕەوایان، یان سوڵتانەکان سپاردووە، فەرمانڕەواکانیش لە ئەنجامی بەڕێوەبردنی کارەکانیاندا بە جوانی زۆر لە خزمەتی ڕۆحانییەکاندا بوون.

ئاریاییەکان کاتێك خاکی تازەی ئێرانیان داگیرکرد ناولێنانەکەی وەکو خۆی مایەوە، چونکە کۆچەرییەکان باڵادەست بوون بەوەش باوك و باپیر پەرستی لەناویان دەست پێیکرد، لە هەمان کاتیشدا سروشت پەرست بوون ئەو دەرکەوتنەش بەهەڵهاتنی بەرزی ئەستێرەی زەردەشت هاتە پێشەوە کە یەکجۆر لە خواپەرستی دروست کرد، لەگەڵ ئەوەشدا کەموکوڕی لەو شوێنەی کە تیایدا دەرکەوت هە بوو، چونکە لە دونیای جیهانبینی ئەفسانەیی و سەرەتاییدا دەژیا، بەکارهێنانی ئاسن و دەرکەوتنی زەردەشت (سپیتمان)یش پەیوەست بووە بە کۆتایی هەزارەی چوارەمی پ.ز کە دەیزانین، هەر بەو جۆرەش ئاماژە هەیە ئاریاییەکان کاتێك هاتن بە هۆی بوونی هۆکارەکانی باشی سروشت و بەرەو دوابردنەوەی هۆکارەکانی خراپی سروشت و پەرستنی عونسورەکانی زیاتر بۆ گەیشتن بە ناوی دیمەنی خوای زۆر لە قوڕ و بەرد دروست یان دەکردن و گوڵ و قوربانییان پێشکەش دەکردن بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشن.

تایەفەکانی ئاریایی جارێکی دیکە بە پەرستنی هەتاو و مانگ و ئەستێرەکان و ئاسمان و شتێتر ئەوەی لە سروشتدا دەینێت لە ئاژەڵە سوودبەخشەکانی وەکو مانگا و حوشتر و کۆتر، بۆ هەر یەکێك لەو عونسورە ناوبراوانە خوای لەبەر چاویان هەبووە، بەهەمان شێوەش بۆ هۆکارەکانی خراپی سروشتیش وەکو کوتاریکی و هەورەتریشقە و زستان و مار و باز و گورگ و خشۆکەکان خودای جۆراوجۆر لەبەرچاویان هەبووە و بە پێشکەشکردنی قوربانی و دانانی دیاری بۆیان لە شەڕی ئەوانە خۆیان پاراستووە. ئاریاییەکان ڕۆشناییان بۆ سەرچاوەی خێر و تاریکیشیان بۆ سەرچاوەی خراپەکاریی و شەڕ بردۆتەوە باوەڕیشیان وا بووە کە لەنێوان کۆمەڵی خواکانی شەڕ و خێردا هەمیشە شەڕ و ململانێی هەبووە و ئەو بابەتەش لە ئایینی زەردەشتدا هەیە و بەشێکە لە بنەچەی مەزهەبی، گەلانی ئاریاییش لەنێوان توخمەکانی چاکەدا بە ڕۆشنایی و پاڕانەوە لێیان گرنگی زیاتریان پێداون و لەنێوان هۆکارە زیانبەخشەکانیشدا تاریکی و زستان و گرانی و نەخۆشی وە مەرگ کە دوژمنی ڕاستەقینەی مرۆڤی و دژی ژیان تێکۆشاون، بەرامبەر بە شەڕیش کۆششی لەبەرچاویان هەبووە.

بیرەکانی مەزهەبی لای گەلانی ئاریایی بەخێرایی بەرەو کامڵ بوونیان بردن و توانیویانە هەروەکو گوتراوە یەکەم ئایینێك کە ئاریاییەکان دوای جێگیر بوونیان لە ئێران کە بوونەتە شارنشین و وەریانگرتووە و لایان کامڵ بووە، ڕویان لە ئایینی خۆرپەرستی کردووە.

هەڵبەتە یەکێتی ئاریاییەکان بەراوردیان بە گەلانیتر لە میسرییەکان و سۆمەرییەکان و کۆنتر لەوانەش لەسەرخۆ ڕۆشتووە هەروەکو چۆن گەلانی ناوبراو دەمێکەکاری ڕاوکردنیان جێهێشتووە و خۆیان لە کۆمەڵگای گوندنشینیدا بە بەخێوکردنی ئاژەڵ کۆتایی هێناوە و حکوومەتیان دامەزراندووە، بەڵام لە ئێراندا بەو جۆرە نەبووە هۆکارەکانی ئەوەش پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە و لەو هۆکارانەش دروست بوونی گەلانی ئاریایی لە ماد و پارس ... و هەروەها بیرکردنەوە لە بارودۆخی سروشتی و جوگرافی هەرێمی کە ئەو یەکەیە و پێکەوە بوونیان لەو ڕۆژگارەدا لە بۆسەدا بوون و خۆیان بۆ یەکتری ناوەتەوە.

هۆکاری نەبوونی بارانی بەسوود و نەبوونی ڕێکوپێکی لەبارینداو کێشەی ئاو و ئاودێری بە زۆربڵاوی بەدانیشتوانی ئێران کردووە و قەومەکانی ئێرانیش کەمتر لە گەلانی میسر و نێوان دوو ڕووبار کۆ بوونەوە ئەو دیاردەیەش لە سەیرکردنی بڵاوی گردەکاندایان تەپە دروست کراوەکاندا پاشماوەی هەیە و لە کۆچەرەیەکانی ئەمڕۆشدا بە جیاجیاو لە چەند کیلۆمەترێکدا بەشێوەی دەرکەوتوویی دەبینرێن، بەو پێیە ئەو بارودۆخە سروشتییە بەربڵاوە پێویستی بە سەربەخۆیی هەیە و لە هەر ناوچەیەك و سەردەمێکیشدا ئاسەواری ئەوانە لە شوێنی خۆیان ماون، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێران ڕووبەرەکەی فراوانە و چەندین عەشیرەتی کۆچەری، یان نیوە کۆچەری دانیشتوو بووە کانی تیادایە هەتاکو ئێستاش ئەو عەشیرەتانە قەوارەی خۆیان پاراستووە و بەزاراوە و داب و نەریتی خۆیان بەڕێوەدەچن.

## دروست کراو و پلەکانی کۆمەڵایەتی ئاریاییەکان

کۆمەڵگای هیندوئەورووپایی کۆچکردوو بۆ ئێران خاوەنی دامەزراوی بەنرخ و سنووودار و سیستەمی خۆیان بوون لە ژێر دەسەڵاتی باوك سالاریدا ژیاون کە یەکێکە لە بناغەی کۆمەڵایەتییان و خێزانیش یەکەمین پلەی کۆمەڵایەتی بووە، خێزان بە زمانی ئاریاییەکانی کۆن (تەئومە)، یان (توخمە) و (نمانە)یەکە خان و مان یش ناویەتی، پێکهاتەی خێزانت بە سەرۆکی خێزان دادەمەزرێت کە سەرۆکی ڕۆحانی مەعنەوییە و لە هەمانکاتیشدا بەڕێوەبەری کارەکانی خێزانەکەش بووە.

ژنان لە کۆمەڵگای ئاریاییدا بەرنامە و وەزیفەی تایبەتی خۆیان هەبووە، لەوانە بەخێوکردنی منداڵ و دروست کردنی قاپ و قاچاخی گلێنەیی و کۆکردنەوە و هێنانەوەی میوە و ڕووەکی خۆراك و ئامادەکردنی ئازوقە، بەهۆی ئەوەی پیاوەکان سەرقاڵی کاری ڕاوکردن و کاری کشتوکاڵی بوون، دوای تەواو بوونی سەردەمەکانی شەڕ و ململانێی و دروست بوونی ئارامی لەناو گەلان و

تایەفەکانیدا پیاوەکانی ناو خێزان و بەڕێوەبردنی لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام ژن لەو ڕۆژگارەدا گەورەی ماڵ بوو و سەرچاوەی ڕیزی تەواو بووە لای پیاوەکەی، هەڵبەتە لە ئێران پلەوپایەی ژن لەهەموو قۆناغەکانیدا باشتر بووە لە شارستانییەتەکانی دراوسێ، بەهۆی ئەوەی لە شوێنی خۆیدا بەر لە ئیسلام خاوەنی شتی خۆی بووە، یان داوای هەبووە بەپێچەوانەی گەلانی سامی ئەعرابەکان.

لە پێکهاتەی چەند خێزانێکدا تایەفەیەك دەرکەوتووە و لە چەند تایەفیکیش عەشیرەتێك دروست بووە و چەند عەشیرەتێکی بەهۆی خزمایەتی خێزانییەوە لەسەر خاکێك یان لە هەرێمێکدا ژیاون بەمانای ویلایەت و ولات دروست بووە و لە چەند هەرێمێکیش دەولەتێکی شاهەنشایی دروست بووە کە پێدەڵێن (نوخشترە) کە ئەمڕۆ بەوە دەڵێن بە پاشای ئاریاییەکانیش ناویان بردووە، ئەم واژەیە دواتر بووەتە (ئێرانشار) و پوختەکەی گۆڕاوە بۆ ئێران.

## نیگایەك بە بەشێك لە ئاداب و ڕێوڕەسمی شارستانییەتی گەلانی ئاریایی:

تاوەکو بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی (ماد)یش دانیشتوانی ئێران لە بێدەنگییەکی ڕێژەییدا بوون و بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری خۆیان بەخێو کردووە، مرۆڤی ئێرانی لەم قۆناغەدا بە پیشەسازی و کارەکانی کشتوکاڵی لەوانە ئاودانی زەوییەکانیی و کشتوکاڵ و کاری گۆزەگەری، بەرەو پێشچووە، مردووەکانیان لەناو ئەشکەوتی کێوەکاندایان لە ژێر خاکدا لاقیان دەچەماننەوە بەو باوەڕەی کە ڕۆحی سەر لەنوێ دێتەوە گیانی، دیانشاردنەوە.

هۆکارەکانی ژیان، واتە خۆراك و هەندێك لە ئامێرەکانی وەرشاو و بەردین و بابەتی جوانکاری لەگەڵیان دەخرانە گۆڕەوە، هەروەها زۆرینەی ئاژەڵەکانیش لەگەڵ خاوەنەکانیان بەتایبەتی ئەسپ دەخرانە ژێر خاکەوە بەو بیانووەی لەو شوێنەدا پێویستە سوودی لێدەبینرێت، ئەو شێوەیەی لەسەری دواین لەکنە و پشکنینی شوێنەواری (خۆروین) و شوێنەواری (ئاجین دوجین) لە ساڵی ١٣٢٨ی کۆچی هەتاوی دەرکەوت کە لەلایەن دەزگاکانی زانایانی ئاسەواری ئێرانییەوە ئەنجامدرا بە سەرۆکایەتی عەلی حاکمی کە پاشماوەی گۆڕستان بوون و پەیوەست بوون بە کۆتایی چاخی ١١ پ. شارنشین ز بەو کارەشیان راستی قسەکانیان خستەڕوو.

ئاریاییەکانی تازەی سەرەتا بە زبری لەگەڵ هاونەژادی کۆنیاندا خەڵکی ڕەسەنی ئێران دەجووڵانەوە کە هەڵدەست ان بە کاری کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئاژەڵەکانیان لەو هەنگاوەیاندا کێڵگە و لەوەڕگاکانیان خراپ دەکردن، بەڵام دواتر پشتگیرییان لێدەکردن چونکە فەرمانەکانی ئاییینی هاندەرێك بوو بۆ ئەو جۆرە کارە بە سوودانە.

گەلانی ئاریایی بەر لەدامەزراندنی فەرمانڕەوایەتی ماد سەرکەوتنیان بەدەست هێنا لە ماڵیکردنی مانگا و نێرینەی ئاژەڵ و بەران و بەراز و سەگ و ئەسپ و بەهۆی ئەوەی سوودی زۆریان لێدیون، دانیشتوانی ڕەسەنی ئێرانیش لە ئاریاییە کۆنەکان هەستاون بەکاری جوولایی و ئامادەکردنی پێداویستەکانی رستن و چنین، پاشماوەی ئەو ئاسەوارەش لە تەپەی سیالك لە کاشان بەدەست گەیشتووە کە پێکهاتووە لە خانوویەکی قوڕینی بچکۆلەی سەرگیراو بۆ کاری ناوبراو بەکارهێنراوە.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە لەسەر مێژووی ماد**

**بە زمانی فارسی لە زانکۆی تاران وەرگیراوە**

**چاپ نەبووە.**

# گەلانی ئاریایی لە روانگەی مێژوودا

ئاریاییەکان لقی خۆرهەڵاتی هنیدوئەوروپییەکان پێکدەهێنن، کە لە گەلانی سپی پێستن. لە هەزارەی چوارەمی پ.ز، شوێنی کۆ بوونەوەیان رووسیا بووە و لە کۆتایی هەزارەی یەکەمدا بڵاو بوونەتەوە بە باشووری سیبریا و هەموو ئەوروپا کە یۆنانییەکان و رۆمییەکان و ئەڵمان و رووس بوون لەگەڵ هەندێك لەگەلی بچکۆلەی تری ئەوروپا وەکو ئەرمەن و هیندییەکانی بەشی باکووری هیندستان لە ئاسیا، هەموو ئەمانە گەلانی کۆنی هیندوئەوروپایین، ماد و هەخامەنشیی و ئاشکانی (٣) گەلن، لە هەزارەی یەکەمی پ.ز واتە (٣) هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە باکووری خۆرهەڵاتەوە کۆچیان کردووە لە رێگەی ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ بەرزاییەکانی ئێران. پێدەچێت ئەو گەلانەی تر کە هاتوونەتە باکووری خۆرهەڵاتی ئێران لە رێگەی دەربەندی (قەفقاس)ەوە بوویێت واتە لە خۆرهەڵاتی کێوەکانی (قەفقاس) و رۆخی دەریای مازندەرانەوە بۆ خاکی ماد.

گەلانی ئاریایی ئەوانەی ناویان هەبووە ئاشکانییەکان لە باکووری (خوراسان) و (ماد) لە خۆرئاوای بەرزاییەکانی ئێران و (هەخامەنشیەکان) لە پارس دانیشتوون.

وادەرئەکەوێت لەگەڵ گەلانی ئاریاییدا کوردیش لە هەمان سەردەمدا وەکو (ماد) و هەخامەنشییەکان بەرەو خۆرئاوای ئێران رۆیشتبن بۆ سەر زەمینی (ماد)، واتە بەرەو کێوەکانی خۆرهەڵاتی تورکیا و باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی کوردستانی باشوور و لە ناوچەکاندا دانیشتبن.

بەرزاییەکانی ئێران لەوەو پێش لە (پامێر)ەوە هەتاکو زاگرۆسی گرتۆتەوە، گەلانیتریش بۆ ماوەی چەند سەدەیەك تیایدا دانیشتووە بەر لەوەی ئاریاییەکان کۆچی بۆ بکەن یان دەربکەون و دەسەڵات وەربگرن. لێرەدا نابێت دەسەڵاتی سیاسی وەکو دەسەڵاتی فەرهەنگی مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، بەڵام دواتر هەردوو دەسەڵاتەکە ئاوێتەی یەکتر بوون و فەرهەنگێکی نەتەوەییان دروست کردووە کە لقی لێ بووتەوە بەناوی هیندوئەوروپایی کە هیندی و یۆنانی و دانیشتوانی ناوچەیی لەخۆگرتووە.

## گەلی ماد:

کۆنترین گەلی ئاری (ماد) بووە کە لە بەرزاییەکانی ئێران دانیشتوون و هێز و دەسەڵاتیان هەبووە و لە (٧١٥) تاوەکو ٥٥٠ی پ.ز. (ماد) فەرمانڕەوایەتی خۆرئاوا و باشوور و باکووری خۆرئاوای کردووە و هێزی خۆیان بەرەو خۆرئاوا و خۆرهەڵات بردووە بۆ ئەوەی سنووری دەسەڵاتیان فراوانتر بکەن.

لە کاتێکدا مادەکان هێز و دەسەڵاتیان زۆر بووە کەوتوونەتە شەڕەوە لەگەڵ دەوڵەتی ئاشوور کە دەکەوێتە باکووری نێوان دوو رووبار. ساڵی ٦١٢ی پ.ز دوا مەڵبەندی ئاشوور یەلمان کە نەینەوایە داگیرکرا بەوەش سەرئەنجام شکستییەتی گەورە بەسەر ئاشوورییەکاندا هات. مادەکانیش هەر بەوە نەوەستان بەڵکو هەتاکو سنووری شاری (حەما) سووریا بەرەو پێشچوون و نفوس و دەسەڵاتی گەورەی خۆیان گەیاندۆتە خۆرئاوای ئاسیا. لەم شەڕەیاندا بابلییەکانیش یارمەتییان دان.

مادەکان دوای ئەو سەروەرییە بە کەمتر لە چاخێك لەبەر ئەوەی ئەزموونی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان نەبوو بە زوویی بە دەستی نەتەوەیەکیتر بە ناوی هەخامەنشییەکان کۆتاییان هات.

ئەوانە لەسەر هەمان ئەزموونی سیاسی و دەسەڵاتداریێتی حکوومەت برەویاندا بە فەرمانڕەوایەتییەکەیان. پەیوەندیی نێوان (ماد) و دەسەڵاتی پەیوەندیدار کە هەخامەنشییەکانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەردوولایان لە رەگ و ریشەیەکن و بەیەکتری بێگانە نەبوون، ئەمەش لە ئەنجامی شکستییەك دروست نەبوو کە رەگەزی ماد لە حکوومەتی تازەی هەخامەنشیدا دەربکرێ. کورش کە دەسەڵاتی (ماد)ی رووخاند کوڕی (ماندانا) دایکی کچی (ئاستیاگە) و لە سەرچاوە یۆنانییەکانیشدا هاتووە کە پاشای مادەکان.

بەواتای زەینفون کە لە کتێبی پەروەردەکردنی (کۆرش)دا هاتووە (ئاستیاگس) لە دەسەڵاتی (ماد)دا بە باوکی دەژمێردرێت، چونکە خۆی کوڕی نەبووە بۆ ئەوەی شوێنی بگرێتەوە لە فەرمانڕەوایییەکەیدا بۆیە کچەکەی داوە بە (شازادە) کۆرش.

## فەرهەنگ و ئایینی ماد:

مادەکان چەند سەدەیەك نزیك بە گەلانی ناوچەیی بوون لە باکووری خۆرئاوای ئێران، هەروەها نزیك بەشوێنە شارستانییەتە پێشکەوتووەکانیتری دراوسێی گەلی ماننا و وڵاتی ئۆراتۆ و ئاشوور بوون. گەلی ماد سەردەمێك لەگەڵ گەلانی ناوچەیی و خۆرئاوا و باکووری بەرزاییەکانی ئێران لە دروست کراوە تازەکەیاندا واتە دەوڵەتی (ماد)دا شەریك بوون.

مادەکان کاریگەرێتی پێشکەوتنی فەرهەنگی ئەوانەی بەسەرەوە دیارە و پاشماوەکەشی لە وشەی (مووغ)دا لە ئایینەکەدا دەردەکەوێت هەروەها لە هونەر و زاراوەی حکوومەتیی و دەسەڵاتیاندا ئەمەش نزیك بوونەوەیەکیان بۆ دروست دەکات لەگەڵ هەخامەنشییەکاندا. لێرەدا دەبێت ئەوەش بووترێت کە ئەو زاراوەی پەیوەندییان بە دەسەڵاتەوە هەیە زۆرینەیان (مادییە). وەکو دیاریشە هەخامەنشییەکان هەمان زاراوەی (ماد)یان بەکارهێناوە کە لە بنەچەدا ریشەیان بۆ وڵاتی نێوان دوو رووبار دەگەڕێتەوە، زاراوە فەرهەنگییەکانیتریش کە ریشەیان (مادییە) لەوانەیە ئارییایی بن.

بوونی گۆڕە بەردینە هەڵکۆڵراوەکان لە کێوەکاندا کە دوای ئەوانیش هەخامەنشییەکان بەردەوامییان پێداوە. زیندوویەتی فەرهەنگی ئەو کۆمەڵە نیشاندەدات کە مادەکان لە بەشێك لە خۆرئاوای زاگرۆس بە ئەنجامیداوە ئەمەش کاریگەرێتی پێشووتری شارستانێتی نێوان دوو رووبار و گەلانیتری پێوە دیارە، نموونەش بۆ ئەمە جلوبەرگی لۆلۆییەکان لە هەزارەی سێیەمی پ.ز، کە پێستیان لەبەر کردووە هەتاکو کڵاوەی ئەژنۆیان هاتووە و لە ناویان دەوڵەمەندەکانیان پێستی پڵنگیشیان پۆشیوە.

جلوبەرگی مانایییەکانیش بەهەمان شێوە بووە و مادەکانیش لەوانیانەوە وەرگرتووە. لەلایەکیتر، مادەکان نووسینی بزمارییان لەنێوان دوو رووبار وەرگرتووە هەروەها سوودیان لە ئادابی خوری و ئاشووری بینیوە. ئێمە لەو رووەوە ئەوە دەڵێین کە ئایینی مانایییەکان نزیك بووە لە شێوە ئایینی نێوان دوو رووبار کە بتپەرست بوون. لەسەرو ئەوانەشەوە لە ئایینەکەدا پەیکەری دێو و درندەی بەلاشە شێر و باڵ هەڵۆ دەبینرێن.

باوەڕی خێر و شەڕ کە سەرچاوەکەی وڵاتی نێوان دوو رووبار لە خۆرئاوای ئێران لە ئازەربایجان تا دەگاتەوە بە خۆرستان و سەر زەمینی عیلامیەکان بە گشتی نیشاندەدات، هەتاکو هەخامەنشییەکانیش گای باڵدار و درندەیان لەنێوان دوو رووبار وەرگرتووە.

ئەم نموونانە نیشاندەدات کە گومانی تیادانییە مادەکانیش کەوتوونەتە ژێر کاریگەرێتی فەرهەنگی ئایینی نێوان دوو رووبار لەگەل هەندێك لە داب و نەریتی ئایینیتر کە دواتر لە ئێران شێوەیەکی گشتیی وەرگرتووە و لە ژێر کاریگەرێتی فەرهەنگی نێوان دوو رووباردا بووە. نموونە بۆ ئەمە مادەکان کە مردوویان لێمردووە لاشەکەیان بردۆتە سەر شوێنێکی بەرز تاکو گۆشتەکەی لە ئیسقانەکەی ببێتەوە ئەمەیان لە ئایینی کۆنی (کاسپی) (کاسی) یان (کاشی) وەرگرتووە. بەوپێیە گەلانی هیندو ئێرانی لە ئاسیای ناوەڕاست و هیند ئەو کەلتوورەیان بەدەست هێناوە و مردووەکانیان بەخاك سپاردووە.

دواتر ئایینی (زەردەشت)یش لە کاریگەرێتی ئایینی موغەکانی ناوچەیی مادەکان هێناویانە و رووی گۆڕە بەردینە هەڵکۆڵراوەکانیان ژیانیان بەو هۆیەوە بە بەردا کراوە ئەمەش پەیوەندیی هەبووە بە مردووەکە.

**سەرچاوە:**

**مهرداد بهار نصرالله کسرائیان / تخت جمشیدر**

**چاپ پنجم ١٣٧٧ لا ١٢-١٣.**

# تایبەتمەندییەکانی ئاریاییەکان

ئاریاییەکان مرۆڤی سپی پێستن و بە زمانێك ئاخاوتن دەکەن شێوە سانسکریت. ئەمەش بە هۆی پەیوەندییەکانیانەوە لەگەڵ چواردەوری خۆیان دروست بووە، یان بەهۆی مرۆڤی جیاجیاوە، بەڵام ئەو دیالێکتە جیایانە رەگ و ریشەی هاوبەشیان هەبووە و دیالێکتەکانی (ویدایی) و (گاتایی) کە تایبەتن بە پێیانەوە لە یەکترەوە نزیکن.

لەسروودەکانی (رێگڤیدا)دا ئاریاییەکان مرۆڤی سیفات بەرزن و بە پێست سپی ناسراون. براهماییەکان، یان کاهینەکان لەم سروودانەدا بەزاراوەی (پنگات کاپیلاکش) دواون کە بە خاوەنی مو زەردەکان یان خەنەییەکان ناسراون. لە بەشە کۆنەکانی ئەم سروودە مەزهەبییانەدا قسە لەسەر گەلانی تر نییە، بەڵام لە بەشەکانی دواتردا باس لە شەڕە جیاجیاکان دەکات کە لەناو ئاریاییەکان و بێگانەکاندا حەقایەت هەیە بە ناوی (داساس) یان بە (داسیۆ) نووسراوە. ئەگەر ئەم رایە بەو شێوەیەی وەربگرن مانای وایە سروودە سەرەتاییەکان لە دەرەوەی هیند دانراون ئەمەش بۆچوونێکە لە راستییەوە نزیکە. لەو کاتەدا کە ئاریاییەکان پێکەوە ژیاون بە مانا (یەکگرتوو بوون) خێڵە بیانییەکان هیچ جۆرە کارتێکردنێکیان نەبووە، بەڵام کاتێك رووبەڕووی دانیشتوانی هیند بوونەتەوە باسی بیانییەکان کراوە.

(ئیندرا) کە خوای گەورەی ئاریاییەکان بووە لەو سەردەمەدا بە (پورەندر)، یان وێرانکەری شارەکان ناسراوە کە تیایا شارەکان وێران بوون، ئەمەش نیشانەی هێرشە بۆ سەر خاکی هیند کە شارەکان و قەڵاکان وێرانکراون و دانیشتوانەکانیان کوشتوون بەهۆی ئەوەی ئەوان پێشکەوتوو و شارستانیتر بوون و بەرەو پێش چوون.

زۆرینەی لێکۆڵەران رایان وایە کە (داسیۆ)ی ئێرانی دوژمنی هیندییەکان بووە ئەمەش لەوەو پێش گومانی لێ کراوە. لە (ویدا)کانیشدا ئەم مرۆڤە باڵای کورتە و بێبەختە و بێ مێشك باسی کراوە و پابەندی ئایین و رەوشت نەبووە (ئایین و رەوشت لە دیدەی ئاریاییەکاندا)

ئەم تایبەتمەندییانە لەناو ئێراندا بەهیچ جۆرێك نەبووە و نەناسراوە. لەلایەکیتر دانیشتوانی هیند کە لە (موهنجوداروو هاراپا) شارستانێتی دێرنیان هەبووە دۆزراوەتەوە.

ئێرانییەکان لە نەژادی ئاریاییەکانی هیند بوون، لەو رووەوە لە یەکچوون دەبینین. لە (ویداکاندا) بە یەکگەیشتن لەگەڵ گەلانیتردا بەناوی (کاسیاپا) قسەی لەسەر کراوە کەلای بەشێك لە زانایان هەمان ئێرانییەکانی رۆخی دەریای خەزەرن بە ناوی (کاسپین) (راکاسیەکان) ناویان بووە و ئەو بۆچوونەش نزیکە لە راستییەوە.

ئاریاییەکانی هیند لەو باوەڕەدان کە دەچنەوە سەر (مانو)، زاراوەی (مانی) ئەڵمانی و (مانی) ئینگلیزی بە دوو لقی خۆرهەڵاتیی و خۆرئاوایی دابەش بوون.

باوکە گەورەی عەشیرەتەکانی خۆرهەڵات کە یەکێك لە کوڕەکانی (مانو) وە ناوی (کاراکۆ) وە گەلانی خۆرئاواش کە لە نەوەی (مانۆن) بەناوی (سارياتی)، لێیان جیا بوونەتەوە و ناوچەی (ئارتا)یان خستۆتە ژێر دەست یانەوە بەو هۆیەوە (ئارتا) بووەتە نازناویان.

لەویداکاندا مرۆڤێك بەناوی (ماناواس)ی (ئانئارتا)، یان هێمای رەتکردنەوەیە واتە یادی دەکرێتەوە. لێرەدا (ماناوایی) غەیری (ئارياتی) دەگرێتەوە، بەشێوەیەکیتر بڵێین: مرۆڤێك کە لە نەژادی (ماناواییە) مانای ئاریایی بووە، بەڵام (ئارتایی) لە دانیشتوانی رەسەنی هیند نین، بە بۆچوونی من دەتوانم بڵێم: ئەم گەلانە هەمان ئێرانییەکانن. لە ئاوێستادا کە لەوەو پێش ئاماژەمان پێدا خاکی ئاریاییەکان بە (ئێرناواج) ناوی براوە. (یەشتی سیانزەیەم) دروست بوونی کۆمەڵگای ئێران بە (کویمەرت) (یاگی مەزنەن) دەست پێدەکات.

(مەرتەن) بەمانای مردن یان بەرەو مردن کە هەمان لەناوچوونە. وشەی مردوو مرۆڤیش لەهەمان ریشەوە هاتوون. (کیومەرت) دەتوانێت مرۆڤ نەهێڵێت.

(کیومەرت) باپیرەی گەلانی ئاریایی یەکەمین مرۆڤە کە دەنگی ئاهۆرامزدای ناسیوتەوە، بەشێوەیەکی تر ئارییە ئاوێستاییەکان خواپەرست بوون.

(کیومەرت)ی هۆشەنگ کە بنەچەی زنجیرەی پێشدادییەکان بە باوکی سەرەتای یاسا و سیستەمی پێشین ناوی براوە.

هۆشەنگ لە کێوی (هەرا) بەرەو باشووری دەریای خەزەر رۆیشت و بەسەر دێوەکانی مازندەران و شەیتانەکانی گەیلاندا سەرکەوت. بەوەش (هۆشەنگ) (یەیما) دەستی بەدەسەڵات گەیشتووە. لە بەشێك لە داستانەکەدا (یەیما) بە (کیومەرت) گەیشتووە. ئەو هەمان (یەم)، یان (جەمە) کە بە (جەمشید)، یان بە (یەمی) درەوشاوە گۆڕاوە. (شید بە مانای درەوشاوە).

له (وەندیداد)دا (یەیما) یەکەمین مرۆڤە کە لە تەرەقی ئاهۆرامەزداوە کراوەتە مەئموور و پەیامی ئەوی بە مرۆڤ گەیاندووە، بەلام (یەیما) بلاوی کردەوە کە ناتوانێت ئەم کارە هەڵبسوورێنێ و سەڵتەنەتی جیهان لەو ناوچەیەدا دەداتە دواوە.

ئەفسانەکانی ئاوێستا لەبەر ئەوەی لەم سەرچاوەیەدا هیچ جۆرە پایەی مێژوویيان نییە، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە مۆرکی زوورتریان بەسەرەوەیە.

**سەرچاوە:**

**مهندکی جلال الدین اشتیانی/ زردشت مزدیسا و حکومت/ چاپ هفتم ۱۳۷٤ لا ۳٥-۳٦.**

# میژووی کۆچ و کاروانی گەلانی
# (ئاری)

لەبارەی میژووی کۆچی کاروانی گەلانی ئاری لێکۆڵەرەوەکان نەگەیشتوونەتە ئەنجامێك، لێرەدا بە پێویستمان زانی چەند نمونەیەك لە تیۆری چەند زانایەکی سەدەی بیستەم لەو رووەوە ئاماژە پێبدەین:

١- ئەدوارد مایەر: باوەڕی وایە کاروانی کۆچی ئەو گەلانە لە باکووری دەریای رەش بە باشووری خۆرهەڵاتی رووسیا رۆیشتوون، بە بۆچوونی ئەو ئەم نەتەوانە لە (توران) یان تورکستانی ئێستا نیشتەجێ بوون، دوای ئەوەی رووباری (سەیحون) و (جەیحون)یان لە چەند شوێنێکی جیاوە بڕیوە، دەستەیەك لەمانە بەرەو باشوور چوون و کۆمەڵێکیتریش بەرەو باشووری خۆرهەڵات و کۆمەڵێکیتریش لەمانە بەرەو خۆرئاوا چوون کە کۆچەکەیان بەشێوەیەکی ناسروشتی بووە.

٢- پرۆفیسۆر نیکلەر: باوەڕی وایە کۆچی ئاریاییەکان لە دەوروبەری قەفقازەوە رووەو ئازەربایجان و ئاسیای بچووك و دواتر بەرەو باشوور ئەنجام دراوە.

٣- پرۆفیسۆر میلز: لە بارەی کاروانی کۆچی ئەم تایەفەیەوە دەڵێت: لەملەی خەیبەر لە ئەفغانستان دەست پێدەکات رووە و باشوور و خۆرئاوا رۆیشتوون، ئەم کۆچە بەهۆی گۆڕینی ئاووهەوا و سەرمای نیشتەجێکەیانەوە شێوەی تایبەتی خۆی وەرگرتووە، نمونەش بۆ ئەمە بوونی (ماموون)ە لە چاخە سەهۆڵبەندەکاندا لە سیبریا ئەوە نیشاندەدات کە خاکی رووسیا لە سەردەمێکدا ئاووهەواکەی گەرم بووە، کاتێکیش سەرما ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە ئاریاییەکان کۆچیان لێ کردووە.

٤- سێرپەرسی سایکس: باوەڕی وایە ئاریاییەکان لە باشووری رووسیاوە بۆ (سەغد) و (مۆرد)بیان چوون، لەوێشەوە کۆچیان کردووە بۆ (بوخارا) و (مەرۆ) لەوێشەوە بۆ (هەرات) و (کابول) ئەمانە کۆچەکەیان ناسروشتنی بووە و کۆمەڵێکیشان بۆ (پەنجاب) رۆیشتوون، هەروەها دەستەیەکیتریشیان کۆچیان بۆ (توس) و (گورگان) و (رەی) و (گەیلان) کردووە، دەستەیەکیتریشیان لە (توس)ەوە بەرە باشوور رۆیشتوون کە هەمان پارسی ناسرا بوون.

٥- ئۆڵمتد: کۆچی ئەم گەلانە لە باشووری رووسیاوە دەباتەوە بۆ ئاسیای بچووك لە خۆرئاوای ئێران.

٦- پرۆفیسۆر شدەر: باوەڕی وایە کە ئاریاییەکان لە باکووری ئەفغانستانەوە کۆچیان کردووە بۆ باشوور و خۆرئاوای.

٧- کۆمار: وای بۆ دەچێت کۆچکردنی ئەم گەلانە لە باکووری دەریای ئاسیاوە بەرەو خۆرهەڵات و خۆرئاوا و باشوور بووبێت.

٨- گمپرا: کاروانی کۆچی ئەم تیرە ئاریاییە لە ڤۆڵگای باشوور و قەفقازەوە دەباتەوە بۆ باشوور و باشووری خۆرهەڵات.

٩- ئاسمیس: باوەڕی وایە گرووپێك لەم گەلانە بۆ باشووری دەریای خەزەر رۆیشتوون و دەستەیەکی تریشیان بەرەو باکووری ئەفغانستان بە تێپەڕاندنی ملەی خەیبەر واتە بۆ (کشمیر) و (پەنجاب)، کۆچیان کردووە.

١٠- بۆیس: کۆچی ئاریاییەکان بۆ ڤۆڵگای باشوور بەرەو قەوقازستان و لەوێشەوە بەرەو باشوور دەباتەوە.

١١- ویندینگرن: کۆچی ئاریاییەکانی خۆرهەڵاتی بردۆتەوە بۆ ناوچەی (خوارزم) لە باشوور و باشووری خۆرهەڵات، ئەو لەو باوەڕەدایە کە ئاریاییەکانی (هیند)، لەم کۆمەڵانە بن، بەشێکی تریش لەمانە لە قەفقازەوە بەرەو باشوور کۆچیان کردووە، کە مادەکان و پارسەکان لەمانن.

١٢- ئالتەهیم: پێی وایە کۆچی ئاریاییەکان لە کەناری رووباری (سەیحون) و (جەیحون) دەستی پێ کردووە و بەرەو (سەغدیانا) و (باکتریا) چوون، عەشیرەتەکانی (سەغد) و لەم (باختەر)یش لەم دەستەیەن.

لەم ناوچەیەوە کۆمەڵێك بەرەو باشوور چوون، هەروەها دەستەیەکیش بەرەو خۆرئاوا، کۆچەرانی باشوور کاری خراپیان بە هیند کردووە و کۆچەرانی خۆرئاواش عەشیرەتەکانی ماد و پارسیان پێکهێناوە، پرسێك کە لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت، سەردەمی دەرکەوتنی زەردەشتە کە نەخشەی گرنگ هەیە میژووی کۆچی ئەو گەلانە نیشاندەدات، زۆرینەی زانایانی خۆرهەڵاتناسەکان سەردەمی ئەم گەلانە دەبەنەوە بۆ باشوور واتە بۆ سنووری (٢٠٠٠-١٥٠٠ پ.ز).

(گیمپرا) و (گەلدەرن) و (یەتمار) و (مۆگار) و (هێرت) و (ڤۆلتون) و (وینکلەر) و (ئۆلمستد) و (گۆتتێرجیسن)ی ئەڵمانی و پرۆفسۆر (سوودێر بلوم)ی سویدی ئەو میژووە دەبەنەوە بۆ (٢٠٠٠-١٨٠٠ پ.ز).

١٣- ئیپسن: بەهۆی لێکۆڵینەوەکانییەوە لای روونە کە هیند و جەرمانییەکان تاکو (٢٠٠٠ پ.ز) گەلێکی پەیوەست بوون بەیەکەوە، وشەی (ئێستار) یان (ستارە) لەو سەردەمەدا چووەتە ناو زمانەکانیترەوە.

(ئاستار)، (ئێستار)، (ئەشتەرن) و (ستارە) هەموویان لە بنەچەدا و شەیەکن و لە یەکترییەوە وەرگیراون. هەر لەو سەردەمەدا دەستەیەك و گەلانە جیا بوونەتەوە و هۆزی جیاجیان دروست کردووە، ئەو رایەی وایە کە ئەو دەستەیە تاوەکو بەر لە (٢٠٠٠ پ.ز) بەناوی هیند و جەرمان ناویان براوە، دوای ئەوەش لە باشوور بەشێوەیەکی ناسروشتی بینراون و بەناوی ئاری دیاریکراون.

١٤- بویس: دەستپێکردنی کۆچی ئارییەکانی بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز بردۆنەوە.

١٥- پرۆفیسۆر هێربەرت کۆهێن: لێکۆڵەری بەناوبانگی ئەڵمانی بەهۆی توێژینەوە وردەکانیەوە گەیتشووە ئەنجامێك کە ریشەی مرۆڤی هیند و ئەوروپی دەگەنەوە بە گەلانی چاخی بەردینی کۆن، بەو شێوەیە کۆچکردنی ئەوانە زۆر کۆنترە لە هەزارەی دووەمی پ.ز کە بۆیان دیاری کراوە. لەمەدا بە زۆری لێکۆڵەرانی هیندی مێژووی کۆچی ئارياییەکان دەبەنەوە بۆ سنووری هەزارەی چوارەم (تاوەکو پێنجەمی پ.ز)، بەپێی شەریعەتی هیندییەکانیش ئەم کۆچە چوار هەزار ساڵ بەر لە زایینی بەسەردا رۆیشتووە.

## پێش ئەوەی بگەینە ئەنجامێك لەسەر ئەو تیۆرانە سەرنجی خوێنەران بۆ چەند خاڵێك رادەکێشین:

١- ساڵی ١٨٨٧ی زاینی لە میسر لە ناوچەی (عەمارنە)، پەیکە قوڕینەی نووسراومان بەدەست گەیشتووە کە هەموویان نامەی فیرعەونی میسر (ئەمنۆفەسی سێیەم) و چوارەمی (ئەخناتوون ١٤٠٢-١٣٧٤ پ.ز) کە ئاڵوگۆڕکراون لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵاتدا، لەم کۆمەڵەیەدا نامەی پاشایانی میتانی لە ئاسیای بچووك تاسەرزەمینی فەلەستین و سووریای تیادایە.

نامەکانی بۆ ئەو میرانەوە دەگەڕێتەوە کە بەناوەکانیان دیارە شێوەی ئاریایین، وەك (ئارتاتامە) و (ئارتاشومارا) و (ئارتامانیا) ئەمانەش دەچنەوە سەر شێوەی ناوی نامەکانی (ئارتاکسەرکس) و (ئارتابازو) و (ئارتافرن) و ناویتری هاوشێوەی (پاش داتا) کە شێوەی (میتراداتاست)ە، ئەم ناوانە کە بە پیتی (ئارتا) دێت هەمان (ئاشایە) کە راستییەکەی سیستەمە و بەمانای (یاسا) دێت کە پێوەی لکێنراوە.

ساڵی ١٩٠٦ لە (بوغازکۆی) لە تورکیا لە چاخی کۆندا کە شوێنی پایتەختی وڵاتی (هیتی) ناوی (تیریا) بووە، پرۆفسۆر (وینکلەر) پاشماوەی گرنگی تیادا دۆزیوەتەوە و بە هەمووی ئەرشیفێکی بەدەست هێناوە کە پەیوەستە بە پاشاکانی (هیتی). پەیماننامەیەك کە لەنێوان پاشای هیتی (شوبی للیوما) و پاشای میتانی بەناوی (ماتیورزا)ی کوڕی (توشراتا) بەستراوە و بە خوایانی هاوبەش سوێندیان خواردووە کە ریشەی ئارياییان هەیە بەجۆرێك کە داوا لە (وارۆنا) و (میترا) و (ناساتیا) و (ئیندرا)ی گەورەترین خواکانی گەلانی هیند و ئاری یان ئارياییی یان بۆ کراوە. ناوی خواکانی ئەو پاشایانە هێنراون وەك (میترا) و (ئاشی) و (ئیل) و (ئندرا) و (ناشا) و (ئاتیا) و (ئانا) کە لە راستیدا هەمان خواکانی ئارياییی بوون.

لەو سەردەمەشدا زانیاری تازە لە بارەی زاراوەی ئارياییی بەدەست گەیشتووە کە پەیوەست بوو بە (ئەسپ)، یان (ئەسپە)، یان (ئەسوە) ئەمەش لە ئەنجامی بەکارهێنانی بووە، هەروەها لەگەڵ بەکارهێنانی ژمارەکانی بەرچاو (یەك) و (سێ) و (پێنج) و (حەوت) کە لە پەراوێك وەرگیراون بەناوی (کیکولیس) تیایدا ئەم زاراوانە لە ئارياییەکان وەرگیراون.

ساڵی ١٩٢٥ تا ١٩٣١ لە (یۆرغان تەپە)ی تورکیا بەڵگەنامەیتر بەدەست گەیشتووە کە پەیوەستن بەشاری کۆنی میتانی بەناوی (نوزی) کە بۆ چاخی پانزەی پ.ز دەگەڕێتەوە، تیایاندا زاراوەی ئارياییی بەکارهێنراون لەوانە خوایەك بەناوی (ئاگنی) ناوی براوە، وا بۆیدەچین کە هەمان خوای بەناوبانگی ئارياییی (ئاگنی) بێت کە خوای ئاگرە.

(مایەر هۆفەر)ی لێکۆڵەری ئەڵمانی لە دوو نامەدا بەدرێژی دەرکەوتنی ئارياییەکان لە ئاسیای نزیك نیشاندەدات. لەم توێژینەوەانەیدا سەرئەنجامێك کە نیشانیداوە ئەوە دەگەیەنێت کە (هیند و ئارياییەکان) (گەلانی هیند و ئارياییی) لە ئاسیای نزیك بە هیند و جەرمانی ناسراون کە بەر لە (٣) هەزار ساڵی پ.ز لە دەربەندی (ئیندوس)ەوە هاتوون و لە ئایین و زماندا هاوبەش بوون. جیا بوونەوەی ئەم گەلانە بۆ نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز لە بەر چاوبگرین (وینکلەر) و (کاشف ئارشیو) باوەڕیان وایە کە پاشاکانی میتانی لەگەلانی ئارياییی بوون کە لە مێژووی ١٥٠٠ پ.ز کۆچیان کردووە بۆ ئاسیای بچووك و کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی بابلی، بەڵگەش بۆ ئەمە پەپکە قوڕینەکانیانە کە دۆزراونەتەوە و بە بزماری بابلی نووسراون.

٢- بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی (وینکلەر) لە ئەرمەنستانی شورەوی نیشانیداوە هۆزەکانی ئارياییی تاکو چاخی ١٤ پ.ز بەیەکەوە ژیاون و جیانەبوون، هەر لەو ناوچەیەوە پێدەچێت کۆچیانکردبێت بۆ خاکی میتانی.

٣- بوونی گەلانی کاسیی لە سنووری ١٧٠٠ی پ.ز کە لە بابل دەسەڵاتیان هەبووە هەتا (ئۆڵمستد)یش باوەڕی وایە کە زمانیان قەفقازی کۆن بووە.

خوای گەوەری ئەم گەلانەن بەناوی سووریاش ناوبراوە کە هەمان سووریای خوای هەتاوی ئارياییەکانی هیند و ئێرانە. خۆ ئەگەر ریشەی ئەم گەلانە بە تەواوی ئاریایش نەبوون، بەڵام لە ئەنجامی تێکەڵاوی و توانەوە لەناویاندا، هۆکارە مەزهەبی و فەرهەنگیەکانی ئارياییەکان کاریگەرییان لەسەریان هەبووە. بەو شێوەیە بوونی خوا سووریاش لەناو کاسییەکاندا نیشانەی تەواوی ئاری بوونەکەیانە.

٤- له لوڕستان ئاسەواری زۆر دۆزراونەتەوه كه هاوشێوەی ئاسەواری كۆنی هیندین و بۆ كۆنییان هاوتەمەنی، ئەم ئاسەوارانەش واخۆیان دەناسێنن كه پەیوەندیی نزیكایەتی كۆن له نێوان ئەو دوو ناوچەیەدا هه بووبێت.

٥- ئاماژەیەك كه دەربارەی بنەچەی ئارياییەكان له سروودەكانی (ڕێگویدا) و ئاوێستای كۆن بەدەست مان گەیشتووه، ئەوه دەردەخات كه ئەم گەلانه له پێش ناوچەكانیتردا پەیوەسته بە باكووری ئەفغانستانەوه.

له بەشه كۆنەكانی (مەهریەشت) كه یەكێكه له كۆنترین (یەشت)ەكان و لە دەربەندەكانی ١٣ و ١٤ بەدەست مان گەیشتوون (میتەر) یان (میترا) (میهر) واته (خۆر) له كێوی (ئەلبورز) بووه كه جێگای مانەوەی ئارياییەكان و پاسەوانەكانیان بووه. لەو ناوچانەدا رووباری گەوره بەرەو (ئیش كت) و (پێوروت) و (مئورو-مەرۆ) و (ئاریا) و (سەغد — سەغدانیا) و (خوائیریزم — خوارزم) و (سەغدانیا) بوونەتەوه كه هەمان ناوچەی نێوان رووباری (سەیحون) و (جەیحون)ن تاوەكو دەگەنەوه بە (مەرغاب) له باكووری خوراسان.

خوای خۆر پارێزەری ئارياییەكان و هەمان ناوچەكەشه ناوی لەویدا هاتووه كه دەكەوێته باكووری هیندستان، ئەم ئاماژانه لەوانەیه ئەنجامێك دەربخەن ئەویش ئارياییەكان بەر لەوەی بەرەو هیندستان كۆچبكەن له باكووری ئەفغانستان پێدەچێت بوون.

٦- زاراوەی (گاتاكان) كه زمانی سروودەكانی زەردەشت بووه به زاراوەی (ویدایی) یان به زۆری زمانی سرووده پیرۆزەكانی ئاریایی هیندی بووه، یان لێوەی نزیك بووه، بەڵام زاراوەی (ماد)ی كه زمانی ئارياییەكانی خۆرئاوا بووه جیاوازی زۆری لەگەڵیا هەیه.

٧- كۆمەڵێك له (سكیت)ەكان یان سكاییەكانی باكووری خۆرهەڵاتی ئێران لەسەر خاكی سكاییەكان یان (ساكستان) (سیستان) ژیانیان بەسەر بردووه، ئەم مرۆڤه لەویدادا بەشێك لەم سكاییانه له خۆرئاوای ئێران، یان باكووری ئازەربایجان، یان وەك (ئاتەرپاتكان) ژیاون، یان بنه و بارگەیان لێداناوه. هەندێك لە توێژەرەوەكان تۆرانییەكان بن كه له (گاتاكان)دا به (تورهیا) ناویان براوه. بەشێوەیەكیتر پێدەچێت بنه و بارگەی یەكەمیان له باشووری (ڤۆلگا) بەوجۆره بوو بێت و لەوێشەوه بۆ خۆرهەڵات و خۆرئاوا كۆچیان كردبێت.

كیاكساری كوڕی فەروەرتیش كه ناوی خشاتر یا فراوەتیش بووه جارێكتر دوای ئەو سەركەوتنه دەوڵەتی (ماد)ی دامەزراند.

٨- گەلانی ئاریایی (ئاخی، یونی، دوری) له سنووری ١٦٠٠ پ.ز به كۆمەڵی گەوره بۆ دورگەكانی یۆنان هێرشیان بردووه و لەوێشەوه كاروانیان رووەو رووسیای ناوەند و ئەوروپای باشوور رۆیشتوون.

٩- هەندێك له خۆرهەڵاتناسان وای بۆ دەچن (هاكسۆس) كه لە وریا دەوڵەتی گەورەی دامەزراندووه، هەروەها له میسریش دەسەڵاتیان گرتووەته دەست له سەدەكانی ١٧ و ١٦ی پ.ز ئەمانه ئاریایی بوون، ئەوەش راسته كه ئەم نەتەوانه كاسی بوون تێكەڵاوی ئارياییەكان بوون.

**سەرچاوه**

**مهندس جلال الدين اشتيانى، زرتشت،**
**مزديسنا و حكومت، چاپ هفتم ١٣٧٤،**
**لا ٢٩-٣٥**

# ماد له بەرەبەیانی مێژوودا

## مانا و سنووری دەسەڵاتیان:

سوور بوون لەسەر ئەوەی کە یەکەمین و گرنگترین ئەو سەرزەمینەی کە شوێنی لە دایك بوونی یەکەمین دەوڵەوتی ئاریاییەکانە بە مانا دەوڵەتی ماد سەرزەمینی (ماننا) بووە. نیگایەك بە جوگرافیای سروشتی، سیاسی، کۆمەڵایەتییاندا لەو رووەوە ئەوە لەبەر چاو دەگرێت.

ناوی ئەم قەومە بۆ یەکەمجار لە راپۆرتەکانی شالمانە سری سییەمی ئاشووریدا ٨٥٨-٨٢٤ پ.ز هاتووە، لە زمانی ئاشووریدا مانتا بە (مینا، مانناس و ماننا) خوێندراوەتەوە، لە نووسراوەکەی ئۆرارتۆدا کە پەیوەستە بە فەرمانڕەوایەتی (ماندا) ٧٨١-٨١٠ پ.ز، (مینا، ماناتی، ئایانی) ناویان بەوجۆرە هاتووە، لە کتێبی پیرۆزیشدا بە (مەنی) خوێندراوەتەوە، لە راستیدا ماننا بەشێك بووە لە دامەزراوەکانی حکوومەتی و عەشایەرەکانی گوتییەکان و لقەکانی کە پەیوەستن پێیانەوە و تایەفەکانی دانیشتووش لە سەرزەمینێك بوون کە دواتر بە ماننا راڤە کراوە و بەشێکیش لە مرۆڤ و تایەفەکانی ناوچەی ناوبراویش لە کوتیی و لقەکانی پەیوەست بوون بەوانەوە.

## جوگرافیای مێژوویی ماننا:

بەو پێیەی سنووری جوگرافی ئەمڕۆی ماننا باکووری خۆرهەڵاتی نزیك شاری تەورێز گوڵاوی ورمێیە و لە باشووریشدا سنووری بەکرماشانی ئەمڕۆ دەگاتەوە و لە باکووری خۆرئاواشدا بەئۆرارتۆوە و لە خۆرهەڵاتیشدا سنووری باشووری تاوەکو خۆرئاوای دەریای کاسپین (خەزەر) درێژبۆتەوە.

سەرەتایی دامەزراندنی ماننا کە دواتر بووەتە یەکێك لە ناوچە دامەزراوەکانی (ماد) بۆ نیوەی یەکەمی چاخی نۆیەمی پ.ز دەگەڕێتەوە کە ناوچەی (جلگە)ی باشووری گۆلاوی ورمێ دەگرێتەوە.

سەرچاوەکانی ئاشووری قسە لەسەر خودی مانایییەکان دەکەن بە زۆری عەشیرەتەکانی، لەوانە: (تیولی) و (یسیئپان) و (دالییان) و (سونبیان) و (کوموردیان) هەروەها ناوی بەشێك لە مەملەکەتی مانایشیان بردووە.

کۆمەڵگای مانایی کۆمەڵگایەکی عەشیرەتییە و پاشای تایەفەکانیان بووە و ناوەڕۆکی سیستمی دەسەڵاتەکەیان لە کۆمەڵگای ئۆراتۆییەکانەوە وەرگرتووە و ناوی وڵاتەکەشیان بە (مانا، نی، یانی) ناوبردووە، لە سەرچاوەکانی ئاشووریدا دەوڵەتی (ماننا) بە چەند ویلایەتێك دابەش بووە لەوانە: سوریکاش: هەمان سەقزە و (مەسی)، بەشی سەرەوەی رووباری (جەغەتو)وە و (ئوئیشدیش)، و کۆتایی خۆرهەڵاتی گۆلاوی ورمێیە و (ئارسیانش) ئارشتەیانە و سنووری ویلایەتەکانی ناوبراویش سنووری هەمان ناوچەی نفوسی عەشیرەتەکان بووە.

## چۆنیەتی دەرکەوتن و لەدایك بوونی مانایيەکان و گرنگییان:

یەکیەتی مانایيەکان و عەشیرەتەکانی ماد لە راستیدا بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆیە بۆ وەستان بەرانبەر هێرشەکانی ئاشووریی و ئۆرارتۆییەکان. ئەم یەکێتییە بۆ یەکەمجار دەست کردی سەرۆکی عەشیرەتی (ناسیکۆ)یە کە بە (نورئاداد)یش ناسراوە و لەو عەشیرەتانەی دانیشتووی ناوچەکانی (ماننا)یە.

عەشایەرێك کە لە پلەیەکدا بووبن و هێرۆدۆت قسەی لەسەر کردبن و یەکێتی (مانناییان) دروست کردبێت، پێکهاتوون لە ( بووسیان)، (پاریتاکنیان)، (موغەکان)، (ئاسترو) (خانیان)، (ئاریزانتیان)، (بودیان).

لەوانەیە لەم یەکیەتییەدا پاریتاکینان داوای بەخشینی کردبێت بۆ دەرباز بوون لێی، ئەم یەکێتییە ئەگەرچی نەیتوانی جڵەوی هێرشەکانی ئاشوورییەکان بگرێت، بەڵام بە زوویی زەمینەی خۆشکرد بۆ یەکێتی و بەهێزکردنی عەشیرەتەکانی (ماد) کە توانی لە ئایندەدا کۆیان بکاتەوە.

## دروست کراوی ئا بووری:

سەرچاوەی ئا بووریی و ژیان لە مانناداا کە عەشیرەتگەری بووە و لە عەشیرەتەکانی (ماد)دا ئاماژەمان پێدا ئاژەڵداری بەمانا بەخێوکردنی مەڕ و رەشەوڵاخ و ئەسپ و حوشتری دوو دووك بووە.

لەگەڵ ئاژەڵداریشدا کشتوکاڵ شانبەشانی رۆیشتووە و گرنگی زۆری پێدراوە بەپێچەوانەی شوێنەکانی تری ماد. نموونەش بۆ ئەمە لەشکرکێشی سەرجۆنی دووەمە بۆ سەر ئۆرارتۆ لە ساڵی

٧١٤ی پ.ز دانیشتوانی (ماننا) ئارد و شەرابیان بۆ سەر بارانی ئاشوور دابینکرد، هەروەها بەرهەمی کشتوکاڵی ناوچەکانی مانناش لە نووسینەکانی سەرجۆندا قسەی لەسەر کراوە. لە تەوراتیشدا جۆرێك لە گەنم باسی کراوە کە بە (مینیت) ناوی براوە و دەتوانین بڵێین پەیوەستە بە منناوە، بەڵگەکانی دۆزراوەی گەنجینەی زیوی لە سەقزیش تەواوی پێشکەوتنی پیشەسازی و هونەری نەخشەسازی لە رووی کانزاکان چیرۆکی لەبەرچاوی ئەو بوارەن.

## دروست کراوی کۆمەڵایەتی، رامیار ماننا:

کۆمەڵگای ماننا کۆمەڵگایەکی پاشایەتی تایەفی بووە و دروست کراوی کۆمەڵایەتی کۆیلەداری بووە و شێوەی کۆچەری لە خۆگرتووە و بریاری لێدراوە.

دروست کراوی سیاسی کۆمەڵایەتی ماننا کە پاشایەتی تایەفی بووە، بەپێچەوانەی ناوچەکانی ترەوە پاشاکان چالاکییان نەبووە، بەڵکو تەواوی کارەکانیان بەمشورەت و رێگاپێدانی شێخەکانیان و گەورەکانی عەشیرەتەکان و راوێژکاران و نزیکەکانیان ئەنجامداوە، ئەو شێوەیە نزیکە لە مەجلیسەکانی (پولە)ی یۆنانی (سەنا)ی رۆم، کۆمەڵگای ماننا یەکەمین کۆمەڵگایەکی چینایەتی بریاردەرە کە پاشا و شورای سەرۆکەکانی عەشیرەتەکان رێککەوتوون بەو جۆرە وڵاتەکەیان بەرێوەبردووە.

رووی نیشاندراو و توانای سیاسی حکوومەتی مانابییەکانی لە (ئێرانزو)دا دیوەتەوە، کە لە رۆژگاری ئەودا (ماننا) لەوپەڕی توانادا بووە، دوای مردنی لە ساڵی ٧١٧ پ.ز کوڕەکەی بەناوی (ئازا) شوێنی باوکی گرتەوە، ئەویش بەهۆی برادەرەکانی بە کوشتنچوو لە شوێنی کوڕێکی دیکەی (ئێرانزو) بەناوی (ئولوسونو) کە نەیار بوو بە یارمەتی سارجۆنی دووەم هێرشی بردە سەر ماننا و بەبێ شەڕ داگیری کرد و بەراوێژی سەرلەنوێ سارجۆن باجی خستەوە سەریان، بەوەش (ماننا) لە پەلاماردان و وێرانکاری ئاشوورییەکان رزگاریان بوو. هەر بەوجۆرە ٢٢ قەڵان کە (رۆشا)ی یەکەم پاشای ئۆرانۆ لە ساڵی ٧١٦ پ.ز لە ماننا داگیری کرد بوون جگە لە دوو قەڵا بەناوی (ئیناشتانای و ئۆشگایا نێردراوەکانیان کەوتنە وتوێژ لەگەڵ (سارجۆن) بۆ ئەوەی داگیریان بکاتەوە، بۆ ئەو داوایە سارجۆن لە هێرشێکدا توانی تەواوی خاکی نێوان دوو رووبای ئاراس — ورمێ داگیربکا و گرنگتریش لەمانە توانی بنەمای بەرێوەبردنی (ماننا)ش دابنێت.

سەرسوڕهێنەرەکانی مرۆڤ لە رووی فەرهەنگ و شارستانییەتی گەورەی ماننا:

بە سەیرکردنێکی سەرپێیانە (ماننا) شارستانییەت و فەرهەنگی لە هەمان پلەی ئۆرارتۆدا بووە، بە دڵگرانییەوە بەهۆی نەبوونی پشکنینی شوێنەواری لەناوچەی (ماننا)ی کۆن لە کوردستانی ئەمڕۆدا.

زانیاریی ئێمە تاوەکو ئەم دواییەش تەنیا لەسەر نووسینەکانی ئاشووریی و پەپکەقوڕینەکانی بابلی و نووسینەکانی مێژوونووسانی یۆنانی و ورمێ وەستاوە. لەم دواییەشدا بە دۆزینەوەی دوو سەرچاوەی گەورە لە کەلوپەل و ئاسەواری کۆن لە ناوچەی موکریانی کوردستان، پەردە لەسەر شارستانییەتێکی دەروشاوەی کۆن لە ئێراندا لادرا، لەم نەخشەیەدا ئەو چینەی قسەی لەسەر کراوە ئەوەی جۆرج کامیرۆن لە نووسینەکانی شەلمانەسری سێیەم و ئاشوورناسرپاڵی دووەم پەی پێ بردووە وا دەگەیەنێت (ماننا) گەورەترین مەرکەزی کشتوکاڵ و بەخێوکردنی ئەسپ و گامێش و مەڕ و رەشەوڵاخ بووە، بەشێوەیەك توانیویەتی لە کاتی شەڕدا خۆراك و گۆشت و وڵاخ لەشکری ئاشووری دابین بکات. زۆر لەوانەش مانابییەکان لە ئۆراتۆییەکانیان وەرگرتووە وەکو ئاودان و کشتوکاڵ.

**سەرچاوە**


**ماستەرنامە بە زمانی فارسی**

**لەسەر مێژووی ماد لە زانکۆی تاران**

**وەگیراوە، چاپ نە کراوە.**

# ئاسەوار و هونەری دەرەوشاوەی مانایيەکان

## ئەلف-گەنجینەی زێویٚ:

لەوانەیە شوێنی ئەم قەڵایە هەمان شوێنی (زێبیە)، یان (ئارماییـد) بێـت کـە سـارجۆنی دووەم لـە نووسراوەکەیدا هەروەکو نووسیویە (ئیزیرتۆ) و (زێبیە) و (ئارمایید)ی داگیر کردووە و ئاگری تێبەڕداون.

ئاسەواری دەرکەوتووی (زێویە) بەگشتی پێکهاتووە لە جـامی ئـاڵتونی شـەراب و گـۆزە و گڵێنەی نەخشداری کە نەخشەی ئاژەڵیان لە سەرە و گەردنبەند ئەمانـە لەکارسـازیی و زەوقـی هونەری ئاشووری و ئۆراتۆرتۆیی و سکایی وەرگیراون.

گریشمەن لە کتێبی ئێـران لـە کۆنـەوە تـاوەکو ئیـسلام ئـەو کەلوپەلانـەی ناومـان بـردن پەیوەستکردوون بەگەورە خانمێکی سکایی.

لە حاڵێکدا شتومەکی گەنجینەی ناوبراو پەیوەست بە شـازادەیەکی خانمـەوەیان دادوەرێکـی مانایی کە ئەوانەیان بۆ کۆکردۆتەوە لە هێرشی دوژمن بەنهێنی پارێزراون کە بۆ کۆتایی چاخی حەوتەمی پ.ز دەگەڕێتەوە.

بەسەیرکردنێکی ئەو دروست کراوانەی کە وێنەی ئاژەڵیان هەیە بـەلای (ئانـدرێ گـدار)ەوە ئەوانە بەزاراوەی دروست کردنەکانیان ناوی دژە یەکتری بۆ داناون.

هەڵبەتە قسەکردن لەسەر ئەو جۆرە بینایانەی ناو ئەو قەڵایە بەلای ئەوانەی کاریـان تیـادا کردووە و چەندانیتریشەوە نەیانتوانیوە لە رووی زانستی بنەڕەتییەوە زانیاری لەسەر بدەن، بەلام (خانم ئیدات پرادا) کە لەکنە و پشکنیەکانی گەنجینـە زێوییـە لەگـەڵ (ئانـدرێ گـدار) کـاری هەڵکەندنی کردووە، نووسیویەتی: ئەو بینایە قەڵایەکی مانایيـەکان بـووە و وێـران بـووە کـە پێدەچێت لەلایەن سکاییەکانەوە ئەنجام درابێت، بەڵام بە سەیرکردنی ئـەو ئێـساقانەی کـە لـە یەکێك لە دیوارەکانی قەڵادا بە دەست گەیشتووە دەردەکەوێت هیچ ئاسەوارێکی بریـندار بـوون بەشمێشر یان هەر مەعدەنێکیتر بە سەر ئێسك بەندەکەوە نییە وادیارە ئەم بینایە لە شوێنێکی نزمدا بووە بەهۆی بوومەلەرزەوە تێکچووبێت و پڕی ئاو بووبێت. بـەڵام ئەگـەر لـە هێرشـێکی دوژمندا وێـران بووبێـت شـوێنە سـەرەکییەکانی هـەر دەمانـەوە و بەهێرشـی دوژمـن لـەناو نەدەچوون، یان کەلوپەلە بەنرخەکانی ناوی ئەگەر وابوایە لـە ئـەنجامی ئـەو هێرشـەدا لـە نـاو دەچوون بەدەست نەدەگەیشتن.

تەلاسازیی زیۆیە:

بیناکان و تەلارسازی زێویە پێکهاتووە لە (٧) شوورا هەروەکو بەو شێوەیە دابەشکراون:

١- شوورای یەکەم: ئەم بەشە تواوەی پەرستگاکەیە و دەکەوێتە بەشی خوارەوەی تەپەکە و حەوت شووراکەیتری دیوارەکانیان تەواو تێکچوون.

٢- شـوورای دووەم: لەناوچـەیەکی دانیـشتنندایە و تیایـدا (٣) چـین لـە پاشماوەکـەی دەبینرێت، کەرەسە و پێداویستییەکانی بیناکە لەبەرد و خشت و گەچ دروست بووە. گڵێنەکان و پاشماوەی تیروکەوان و جۆریتر لەم شوورایەدا دۆزرانەوەن کاری کنە و پشکنینیش لەم شوێنەدا بۆ ساڵەکانی (١٩٤٧-١٩٥٠ ز) دەگەڕێتەوە.

٣- شوورای سێیەم: ئەم بەشە رووی پانی تەپەکەی گرتووە کە فراوانتر لـە شـوێن بینـای یەکـەم بەشـێوەیەکی چوارگۆشـەدەبینرێت، ئـەو شـتوومەکانی لێـرەدا دۆزراوەتـەوە بەگـشتی کەلوپەلی ناو ماڵن کە بەبەردی بەنرخ جونکراون لەگەڵ کورسـی و مێـز. بـە قـسەی (ئانـدرێ گدار) سەرنجڕاکێشتر لەو کەلوپەلە دروست کراوانە لوولەبەری ئاوە لە بینایەدا ئەوەش بەڵگەیـە بۆ بەرەوپێشچون و گـەورەیی ئـەو شارسـتانییەتە، لەوانەیـە ئـەم بنیایـە شـوێنی کـارکردنی کەسەکانی خاوەن نفوس و پلەدارەکان بووبێت.

٤- شوورای چوارەم: رووە و قەڵاکەی زێوی بـەپێوە وەسـتاوە بەخـشت و مورووکاشـی رەنگاوڕەنگ دروست کراوە و رازێنراوەتەوە، خـاوەنی دەروازەیـەکی ئاوەڕۆیـە، بـە بـاوەڕی پرۆفیسۆر (گدار) ئەو ئاوەڕۆیە لە ئەسڵدا چووەتە ناو بیناکـانی قەڵاکـەوە، ئـەم شـوورایەش خاوەنی دوو ساڵۆن بـووە، لەگـەڵ هـەیوانێکی شـکۆدار کـە بـەدوانزە کۆڵەکـەی دار بـەرز کراوەتەوە، بەڵام لەوانە دوانیان ماوەتەوە.

٥- شوورای پێنجەم: هەمووی پەرستگایە و ئارامگـا زێویـشی لێیـە کـە (٦٥) گـۆڕی تیادایە و بە ژمارە لەم شوورایەدا دەرکەوتووە، لەم شوورایەدا چوار سنجاقی ئاڵتونی سـاکار و

چوار سنجاقی داخراوی ئاڵتون لەناو هەشت گۆڕدا دۆزراونەتەوە، لەگەڵ دۆزینەوەی حەوت سندووقی بچکۆڵەی زیو کە روکەشکران بە ئاڵتون و پڕن لە ئامێری ئاڵتونی جوانکاری شێوەیان جوانە و وەکو زین و سەرجی ئەسپ کە بەدەست گەیشتوون. لە یەکێك لەو سندووقە گەورانەدا نووسینێك دۆزراوەتەوە کە باسی چۆنێتی داگیرکردنی قەڵای کەرەفتوی تیادایە و نووسینەکەش بەو ناوەڕۆکەیە: بە هەزار زەحمەت توانیم قەڵای کەرەقت و داگیربکەم، لێرەدا وشەی (ئیزیبسیە)ی تیادا کوژاوەتەوە.

٦- شوواری شەشەم: شوێنی ئەم شوورایە کە پەرستگا بووە دەکەوێتە خۆرئاوای بیناکانی (زیویە) و نزیك سەرچاوەی لقی ئاوێکە. ئاسەوارێك لەم شوێنەدا ماپێتەوە خانووەکانیەتی کە بە مووری دیوارەکانی دروست کراوە و بەگیراوەیەکی بەهێزیش توندوتۆڵکراون، تەواوی لێواری دیوارەکانی سەرەوەیان دەرکەوتوون، نموونەی لەو شێوانەش لە مۆزەخانەی ئێران بەشی کۆن هەیە، چوار دەوری ئەم بەشە خاکەکەی بە رەنگی سوور داپۆشراوە وادیارە سووتابێت، ئەوەش بەڵگەیە کە شوێنی ئەم شوورایە پەرستگا بووە.

٧- شوورای حەوتەم: دامەزراوەکانی ئەم بەشە کێوی (زیویە) دەوری گرتووە.

ب- تەپەی حەسەنلو: ئەم شوێنەوارە یەکێکە لە پاشماوە بەنرخەکای ناوچەی (ماننا) و دەکەوێتە (موکریانی کوردستان) لە دووریی (١٠) کیلۆمەتری باکووری خۆرهەڵاتی شاری (نەغەدە) و باشووری خۆرئاوای گۆلاوی ورمێ لە کەناری گوندی ناسراو بە (حەسەنلو)، بۆیە تەپەکەش بەو ناوە ناسراوە.

کاری کنە و پشکنین لە رووی تەپەدا دەزگایەکی کۆننەناسی لە دانشگای پنسلڤانیای ئەمریکی ئەنجامیدا بە سەرپەرشتی (رۆبەرت دایۆن). سەرەوەی تەپەکە لە شێوەی قەڵایەکدایە و گۆڕەپانێکی لەخۆگرتووە کە رووبەرەکەی (٣٠*٢٠) مەترە و خانوو لە چوار دەوریدا کراوە، لە باڵی باکووری ئەم خانووەدا ژمارەیەکی زیاد لە سندوقی بچکۆڵە دەرکەوتن کە تایبەتن بە ئاراییش، لەگەڵ دەرکەوتنی کەمۆڵەی تایبەت بە (کل). لەم خانووەدا ئێسکبەندی یانزە کەس لە ژن و منداڵ لە یەکێك لە ژوورەکانیدا دۆزرانەوە کە پێدەچێت شوێنەکە تایبەت بێت بە ژن یان حەرەمسەرا بوو بێت، لای باشووری گۆڕەپانێك هەیە کە ساڵۆنێکی گەورەی تیادایە و رووبەرەکەی (٢٤,٣٠ * ١٨,٥) مەتر و چەند ژوورێکیش هەن پێوەی پەیوەستن کە لەوانەیە ئەو ساڵۆنە پەرستگا بوو بێت، کۆڵەکەکانی ئەم بینایە لە تەختە دروست کراون کە بەرزی هەر یەکێکیان ٧ مەتر بووە، گەنجینەی چەك و ژمارەیەکی زیاد لە شمێشێر و سەرەنیزەی ئاسن و هێتری بەکارهێنراو تیایدا دۆزراونەتەوە لەو جۆرانەن کە دروست کران.

لای خۆرئاوای کە گۆڕەپانی بیناکەیە گرنگترین شوێنی قەڵاکەیە لە چاوی کۆنینەناساکانەوە، بەنرخترین ئاسەوارێك کە لێرەدا دۆزرابێتەوە جامی ئاڵتۆنی (حەسەنلو) بوو کە بەرزییەکەی (٢١) سانتیمەترە و تیرەی دەمەکەشی (٦٠) سانتیمەترە و قورساییەکەشی (٥٩٠) گرامە و لە ئاڵتونی چوختەیە، ئەم جامە ئاڵتونە لەنێوان (٣) ئێسکبەندی مرۆڤ دۆزرایەوە.

گریشمەن جامی ناوبراوی بە جوانی سەلیقە و زەوقی هونەرمەندانی ناوچەیی لە (ماننا) دەزانێت کە نەخش و جوانکارییەکەی پەیوەست بەرێوەڕەسمی مەزهەبی، ئەم نەخشانەش دەچنەوە سەر شێوەی ئاسەوارێك کە لەنێوان ئەنادۆڵی خۆرهەڵات و سووریای باکوور تاوەکو کێوەکانی زاگرۆس دەگرێتەوە (بەمانا بۆ سەرزەمینێك دەگەڕێتەوە بەقسەی مینۆرسکی کە پەیوەندیی بە کۆچەرییەکانی جێگر بوو لە نیشتمانی کوردە کاناڵ هەیە و ئاسەواری ناوبراویش پەیوەستە بە کۆتایی هەزارەی دووەم تاوەکو هەزارەی یەکەمی پ.ز.

هۆکاری وێران بوون و تێکچوونی قەڵای (حەسەنلو)یان بوومەلەرزە بووە، یا وەکو بە باوەڕی هەندێك لە لێکۆڵەران هێرشی ئۆراتۆییەکان بووە، بۆ ئەو بۆچوونە لە (حەسەنلو) دوو تابلۆی بەردین پەیوەندیی بە ئۆراتۆو کوڕەکەی (مینوا)، لە بینایەکدا دۆزرایەوە و ئەویتر لە (تاش تەپە) یان (داش تەپە) دۆزرایەوە لە ٨٠ کیلۆمەتری خۆرهەڵاتی (حەسەنلو)، ئەم تابلۆیە پەیوەندیی هەیە بە جەژنی داگیرکردنی ویلایەتەکانی (مانا) بەهۆی (مانوازی) دووەم (٨٠٤-٧٩٠ پ.ز).

(جامی حەسەنلو) هەروەکو لەوەوبەر باسمان کرد وێنەی (٣) خوای لەسەر نەخشێنراوە کە خوای هۆرییەکانن و لەناو گالێسکەدان کە بەمانگا و ئێستر رایدەکێشن، ئەوانە خواکانی ئاو و هەوان کە لە رووی مۆرە لولەییەکانی پەیوەست بە هۆرییەکان و میتانییەکان دەرهێنراون کە لە کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز لە سووریا و باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا هە بوون، لەمەدا ئەو لە یەکچوونە زۆر نزیکە لەنێوان کنە و پشکنینەکانی (حەسەنلو) لەگەڵ کنە و پشکنینەکانی (ئەملەش) و (مارلیك) لە (گەیلان) بەرچاو دەکەون.

هەڵبەتە مامۆستا سەعید نەفیبی و محەممەد تەقی مستەوفی ئەو لەیەکچوونە زۆرەی نێوان ئاسەواری دۆزراوەی و (زێوی) (حەسەنلو) سەرچاوەکەی دەبەنەوە بۆ هونەری تەختی جەمشیدا و پارسییەکان بەخاوەنی دەزانن.

بەو پێیە ئەگەر بڵێم ئاسۆی روون و درەوشاوەی هونـەری (مـاد) لـە (ماننـا)وە دەسـت ی پێکرد و بە سـەیرکردنی فەرهـەنگ و شارسـتانیەت و ئـا بـووریی وڵاتـی (ماننـا)ش هەسـت دەکەیت کە پاشایەتی (ماد) لە چاخی ٨ی پ.ز دروست بووە.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە بە زمانی فارسی**
**لەسەر مێژووی ماد لە زانکۆی**
**تاران وەرگیراوە، چاپ نە کراوە.**

# تیشکێك بۆ سەر مێژووی ماد و دەوڵەتی ماد

وشەی ماد: لە زمانەکانی گەلانی کۆندا بەشێوەی جیاجیاهاتووە. لە زمانی ئاشووریدا لەژێر ناوی (مادای)، (ئامادای)، (ماتای دەرکەوتووە و لە زمانی عیلامی نوێشدا (ماتاپە)یە و لە زمانی پارسی کۆنیشدا (ماد)، (مادا)یە و لە زمانی یۆنانی کۆنیشدا (مەدا)ییە و لە زمانی ئاوێستای ناوەندیشا (مارتایە) کە بەمانای (ڕێگاگر و پیاوکوژ) دێت، لە زمانی عیبری کۆنیشدا (مارك)ە و لە زمانی پارتیشدا بە (مات) دێت.

هەرچەندە ریشەی دیاری ئاریایی لەم واژەیەدا دەرکەوتوونییە، لەوانەیە بە زاراوەکە ریشەی عیلامی کاسپی هەبێت.

جوگیرافیای مێژوویی ماد: لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی زۆر لەلایەن لێکۆڵەرانی خۆرئاوا وەکو (رۆست) و (ستریك) و (دانژن) و (مارکوات) و (هێزرفیلد) و (کامیرۆن) و غەیری ئەوان  کراوە بەناوی گۆڕانکاری لە ناوەکانی جوگرافیایی سەرزەمینی ماد بەتایبەتی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ماد ئەوەش بەسەرچاوەکانی ئاشووری و بابلی بەناوچەکانی خۆرئاوایەوە دیارە، بەڵام لەو توێژینەوانەدا ناوی رووبارەکانیان و شاخەکانیان دەرکەوتوون، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دوو عونەرە جوگرافیە کە بوونی کەموکوڕییە لە سەرچاوەکانی ئاشووریدا، ئەو کەم و کوڕییەش دەبێتە هۆی ئەوەی مێژووی ماد رووبەڕووی کێشەی جۆراوجۆر ببێتەوە یان بۆی دروست  بێت.

سنووری جوگرافیای سەرزەمینی ماد لای باکوور و باکووری خۆرئاوای کە بەشی یەکەمە و بەبەشی خۆرئاوای ماد ناسراوە لە واقیعدا هەمان مادی ئاتروپاتینە و لە باکوورەوە رووباری ئاراس هەتا کێوی ئەڵوەند دەوری داوە و لە باشووریشدا درێژ دەبێتەوە هەموو ئازەربایجان و گۆلاوی ورمێ و رووبارەکانی (جەغەتو) و ناوچەکانی رووباری (قزل ئوزن) (رووباری سپی) کە شاخی (ئەلبورز) دەبڕێت دەگرێتەوە هەتاوەکو دەگاتە بە لێواری پانی ٢٠٠ کیلۆمەتری شاخەکانی زاگرۆسی نزیك شاری (رەشت) کە ساڵانە بەفریان لێناچێتەوە. ئەم زنجیرە شاخە نزیکی (٢٠٠٠) تا (٢٥٠٠) مەتر لەسەر رووی دەریاوە بەرزە و (١٠٠) مەتریش لە دەربەندەکەوە بڵندە. شاخەکانی (کامکە) لە زنجیرەی قەرەداغی لێواری باشووری رووباری (ئاراس کێو) و (خوڕەم داغ) (سەهەند) و (کێوی سبلان) (داغ و ئاقداغ)ی ئەو بەشەی مادی (ئاترۆپاتین)ە. گەورەترین دەشت دەکەوێتە ئەم ناوچەیە لە باشووری دەریاچەی ورمێ و سنووری بە رووباری (جەغەتوو) و رووبارەکانی تری هاوشانیەتی و ئەو سەرزەمینە دەبڕن.

ئەو بەشەی ماد دەوڵەمەندە بە گژ و گیا و لەوەرگایەکی باشی هەیە بۆ ئاژەڵداری. ئاژەڵداری بۆ ئەوانەی گەرمیان و کوێستان دەکەن، کە کوردەکانی ئەردەلان و موکریان و سلێمانی و کرماشان و نامری (خانەقین) لەم ناوچەیەدا دەژین. بەشی یەکەم لەمە، پێکهاتووە لە (مادی) باشوور کە گردەکانی داپۆشراوە، یان چوار دەوردراون بە شاخی (ئەلبوز). لە لای باکوور زنجیرەی کێوی ورد لە باشووریدایە بە هاوشانی زنجیرەی زاگرۆس دەڕوات بەمانا لە باکووری خۆرئاوایەوە دەکشێ بۆ باشووری خۆرهەڵاتی. هەروەکو ژرار ئیسرائیل لە کتێبی خۆیدا بەناونیشانی کۆرشی گەورە نووسیویە: مادەکان ئەترافی ئاکباتانی سەرزەمینی گەورەیان بەکارهێناوە کە درێژبۆتەوە لە خۆرهەڵاتی دەماوەندەوە تا لێواری (کوێری) مەرکەزی ئێران بەکارهێناو. لە باشووری خۆرهەڵاتی ئەم ناوچەیەی مادیش بیابانی خوێناوی دەشتی (کوێر) هەیە. مادی باشووریش پێکهاتووە لە بیابانێکی سارد و وشك و هاوینێکی گەرمی هەیە کە تەنیا لە دامێنێ کێوەکاندا کەمێك شیوی باران هەیە و تیایاندا کشتوکاڵ دەرئەکەوێت.

بەشی پازتاکنای کۆن دەکەوێتە نێوانی زنجیرە شاخەکانی هاوشانی یەکتری. لە باکوور شاخی (رود) و لە باشووریش زنجیرە شاخەکانی باشووری ئێران کە پشتی زنجیرەی شاخەکانی زاگرۆس دەگرێتەوە. لێرەدا تەنیا رووباری ناسراو (پارتاکیا) هەیە کە مانای شێوی رووبار بگرێتەوە و ئەو ناوچەیەی ماد ئاو ئەدات، ئەم رووبارە بە رۆخی شاری (ئەسفەهان)دا دەڕوات. سروشتی پارتاکنا شێوی سروشتی مادی باشووری هەیە بەڵام لەو هەژارتریشە، لە دابەش کردن و جیاکردنەوەی تری (ماد)دا بە دوو بەشی ئەسڵی و بچووك جیایان دەکەینەوە:

ئەلف: مادی گەورە، عێراق، عەجەم (کرماشان، هەمەدان، قەزوین، ئەسفەهان و رەی) دەگرێتەوە و تاوەکو پارس و خۆرستان و بەو جۆرە تا (خەزەر) درێژ دەبێتەوە.

بێ: مادی بچووك، كە هەموو ئازەربایجان و كوردستان دەگرێتەوە. ئەو كێوانەی لێرەدا و لە هەر زەمینێكی كۆندا دەركەوتنی كلیلی جوگرافیای مێژووین كە لە ئەسڵدا ئەو ئەگەرە بەهێزە دروست دەبێت ئەویش سەرزەمینی ماد بە هێڵێكی دابەشكراوی ئاو بە ١٢ ناوچەی جوگرافیدا دابەش بووە.

١- ئاترۆپاتین، یان (ئاترۆپاتگان): ئەو ناوچەیە ئاشوورییەكان ناوی (سانگیبۆتۆ)یان لێناوە كە بە گشتی زنجیرە شاخی ئاگری داغ، یان ئاوری داغ دەوری داوە شارەكانی (مرند،، خۆی) كە لە دەشتێكی كشتوكاڵی پڕدانەوێڵە لێرەدان خاكەكەیان بەپیتە و ئەم (ماد)ەی (ئاتروپاتین)یش ئەرمەنستانی لەگەڵدا بووە.

٢- دەربەندی رووباری قەرەسو (كەرتی باشووری ئاراس) كە لەسەر سەرچاوەكاتنی كۆنی هیچ زانیارییەكمان دەربارەی ناوچەكەی بە دەستەوە نییە، بەڵام دواتر كاردوسییەكان تیایدا جێگیر بوون.

٣- ناوچەی گۆلاوی ورمێ كە هەموو رۆخی خۆرئاوای گۆلاوی (گلیزان)ی كۆن و (زاموا)شی گرتۆتەوە. كە لە چاخی حەوتەمی پ.ز سامانێكی گەورە بووە بۆ دەوڵەتی (ماننا) و مەركەزی ئا بووری سەرتاسەری (ماد)یش بووە.

٤- دەربەندی رووباری (قزل ئوزن)ی سپی و رووبار و لقەكانی.

٥- بەشی سەرەوەی رووباری زێی بچووك كە پێكهاتووە لە بەشی زاموا و بڕیار لە دەستی خۆیدا بووە و هەموو شارەكانی وەكو (سنە) و (زەهاو) و (سلێمانی) (بانە) و (میاندواو)ی گرتۆتەوە.

٦- بەشی سەرەوەی رووباری دیالە لە چاخی ٩ پ.ز ناوچەی (پارسوا)یان پێگوتووە و شاری (زور) لێرەدا بووە.

٧- بەشی ناوەڕاستی هێڵی ئاوی رووباری دیالە شاری (نامری) (خانەقین) كەوتۆتە ئەم بەشەوە.

٨- دەربەندەكانی بەشی سەرەوەی رووباری (كەرخە) كە ئەیالەتی ئالیپی تیادا بووە و گۆڕاوە بۆ (ماییدا) و بووەتە ناوی، (نسا)ی مادیش لەم بەشەدا بووە (لە سنووری (ئەردەڵان) یان (سنە) بووە) كە شوێنی بەخێوكردنی باشترین و گەورەترین و تیژڕەوترین ئەسپ بووە لە سەردەمی كۆندا. سەر پێڵی زەهاویش ناوچەی جیاكردنەوەی مادی سەروو بووە لە خوار و واتە مادی راجیانا.

٩- ناوچەی هەمەدان ئەم ناوچەیە رێگای كاروانی مادی ئاتروپاتین و مادی خوارووە لە ئەترافی شاخی ئەڵوەند.

پایتەختی مادەكان پێیدەڵێن (هەگمەتانە) یان (هەنگمەتتە) (بەمانا شوێنی كۆ بووەكان) یان ((ئاكباتان) كە، دەكەوێتە ئەم ناوچەیە.

١٠- شوێنی دەریاچەی حەوزی سوڵتان كە، هەموو گەلاوی (نمەك) و (ئابهەرچای) و (قەرەسور) و (قوم) دەگرێتەوە و ئاشوورییەكانیش ئەم بەشەیان بە سەرزەمینی رووبارەكان داناوە.

١١- ناوچەی باكووری دەشتی (كوێر) كە لە سەردەمی كۆندا ناوی (خوار) یان (خوارنا) بووە و (رەی) و (سمنان) و (دامغان)ی لە خۆگرتووە.

١٢- مادی پاركتا.

## گرنگی و پۆلینی ئا بووری، سیاسیی سەرزەمینی ماد:

خاكی ماد بەهۆی زۆری كانەكانی دەوڵەمەند بووە و لەوانەشە لە شاخەكانی زاگرۆس و شوێنەكانیتری خۆرهەڵاتی لە رۆژگاری زۆر كۆندا (مس) و هەموو كانزاكانیتری لێدەرهێنرابێت. جگەلەوانەش لە دامێنی خۆرئاوای زاگرۆس و شوێنەكانیتری ناو خاكی ماد لە چاخی رابوردوودا و هەتاكو لە ئەوروپاش بە نەوتیان وتووە (رۆنی ماد) كە بووەتەوە نازناوی. بە تێڕوانینێك دەرئەكەوێت رێگای سەربازی ئاسیای بەرەوە (قەفقاز) بەستراوەتەوە بە ئاسیای ناوەند و هیندستان كە بە خاكی (ماد)دا رۆیشتوون. بەو هۆیەوە توانیویانە بەردی بەنرخی (باختەر) لە ئاسیای مەركەزییەوە بگەیەنیننە قەفقاز.

## جێگر بوونی مادەكان لە زاگرۆس:

مادەكان لە كۆمەڵێك تایەفە و گەلانی میزۆپۆتامیا، یان كۆمەڵەی زاگرۆس، یان بە شێوەیەكی رونتر بڵێین یەكێكن لە تایفەكانی كورد كە ئەو ناوەیان لێناون ئەوەش بە پشتگیری لێكۆڵەرانی خاوەن تیۆری وەكو (دیاكۆنۆف) و (ریشارد فرای) و گەلێكیتر یەكلایی بۆتەوە و دەركەوتووە، كە بنەچەی مادەكان لە گوتیی و عەشیرەتەكانی كاسیی و گەلێكیتر دامەزراون، لە یەكەمین كۆچیاندا ئارییەكان بۆ خۆرئاوای بەرزاییەكانی ئێران رۆیشتوون بە مانا لە هەزارەی چوارەمی پ.ز، یان پێشووتر لە ناوچەیەك لە

ناوچەکانی زاگرۆس دانیشتوون. هەر چەندە هەندێك لە لێکۆڵەران وەکو (کلمان هوار) ئاسۆی دانیشتنی مادەکانی ئاریایی نەژاد تا ١١٠٠ی پ.ز دوورتر نابینن، بەڵام لێکۆڵەریتر هەیە وەکو (سەعید نەفیسی) مێژووی یەکەمین کۆچی ئەو گەلانە بۆ (٥) هەزار ساڵ پ.ز یان دواتر دادەنێن، یان هەندێکیتر کۆچی ئارییەکان بۆ بەرزاییەکانی ئێران بۆ کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز دەبەنەوە یان سەرەتای هەزارەی یەکەم. ئەوەی لەناو ئەم تیۆرە نوێیانەدا پشتگیرییان لێدەکرێت تیۆری (دیاکۆنۆف) و (ریتشارد فرای)یە. ئەوە بوو لە یەکێك لە رۆژەکانی مانگی ٩ی ١٩٩٥ زانایانی ئەمریکا لە دەرەوبەری شاری زاخۆ لە باکووری کوردستانی باشوور ئێسکبەندی مرۆڤێکیان دۆزییەوە کە پەیوەست بوو بە (٥) هەزار ساڵ پ.ز و، لە باکووردا مرۆڤەکان لەگەڵ کەلوپەلەکانیان دەنێژران، بەو جۆرە بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لێکۆڵەران کردوویانە دەگەینە ئەوەی مادەکان بەپێی پێکهاتەیان لەگەلانی گوتی ناوچەی زاگرۆس بوون کە بە ژمارەی زۆرهاتوون نەوەك بەشێوەیەکی ساکار و سەربەخۆ هاتبن و رەگ و ریشەی بنەچەشیان سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و بڕیار لەسەردانە. بۆیە لەو ڕاستییە دەڵێین پەیوەندیی لە نێوان ئەو گەلانەدا و پێشکەوتنیان بەبەراورد، یان لەگەڵ گشت گەلانی خۆرهەڵاتدا دەگەینە ئەوەی خاوەنی ئەو ئێسکبەندە لە مادەکان بووە. خۆ ئەگەر پاشماوەی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆنی پێشووتر بدۆزینەوە دەبێت لە کۆمەڵەی زاگرۆس، بۆیە پشتگیری لەوە دەکەم کە بەشێکی ئەو گەلانەی زووپێدەچێت لە گوتیی و لقەکانی بێت بەمانا لۆلۆیی و کاسی و مرۆڤی نزکە ناتوانرێت بناسرێتەوە. (رەشید یاسەمی) بەپێی هێنانەوەی وتەیەکی بەهێزی (فیڵد) دەنووسێ: مادەکان لە دانیشتوانی ناوچەیی و جێگرەوەی خاکی زاگرۆس، لە خۆرئاوایی بەرزاییەکان ئێران بوون، رۆژگاری هاتنی ئەوانە بۆ ناوچەی زاگرۆس، لە خۆرئاوای بەرزاییەکانی ئێرانەوە بووە کە بوو جێگرەوەی خاکی زاگرۆس، هەیشە هاتنی ئەوانە دەباتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن (پالیۆلیسك) کە دەستی پێکردەوە. رۆژگارێك مرۆڤ لە رۆشتنا بووە لە دەربەندەکانی باشووری ئێرانەوە رووەو باکووری خۆرئاوای کۆچی کردووە و لە دەربەندەکانی سلێمانی و رواندزیشەوە چووتە ناو خاکی کوردستان، لەوێشەوە بەرەو باکوور ملیناوە. ئێستا گەیشتنە ئەوەی بزانین پێکهاتەی قەومی خاکی ماد ئەوەی هەبووە لە هەزارەی سێیەم تا سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز بەبێ گۆڕانکاری بووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو شەش عەشیرەتەی ماد بووە کە هێرۆدۆت بە ئێمەی ئاشناکرد و زانیاریمان لەسەریان وەرگرت. لەناویان تەنیا (پارتاکینان) بوو کە شێوەی سیمای ئاریایی هەزارەی یەکەمی بەر لە زانیی هە بوو بە جۆرێك هەتاکو ئێستاش رەگ و ریشەی هیندو ئەوروپییان هەیە، بەڵام واژەی موغەکان و بوسییەکان هێشتا دەرنەکەوت بوون، بەڵام رەگەز و فەرهەنگی ئاریاییەکان (ئاریزانتی) لەگەڵ عەشیرەتەکانی تردا زمانی هاوبەشی هەموویان لە عەشیرەتی ماد بوون.

## دەرکەوتنی دەوڵەتی ماد لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز دا:

هەروەکو لە ناوەڕۆکی نووسینەکانی هێرۆدۆت و (کتریاس)دا دەردەکەون دەوڵەتی ماد لە شەش تایەفەی گەورە دروست بووە کە لە پاشماوەی گوتییەکان و گەلانی زاگرۆسن. ناوی عەشیرەتەکانیان هەر بەو جۆرەی لەوەوبەر ئاماژەمان پێدا لە بوسییەکان و ستروخانییەکان و ئاریزانتییەکان و بودییەکان و موغەکان و پارتاکینان پێکهات بوون.

لێرەدا موغەکان رەسەنترین و گرنگترین عەشیرەتی ماد بوو کە، دیاکۆ دامەزرێنەری دەوڵەتی ماد و خانەدانی ئەو تایەفە و ژیانەوەی بووە. هەر بەو شێوەیە رۆحانیەکان دو دادوەرەکانیش لەو تایەفە هەڵبژێردراون.

هەروەکو لەوەوبەر ئاماژەماندا، هێرۆدۆت ماوەی ژیانی سیاسی دەوڵەتی مادی بە (١٥٠) ساڵ داناوە و ژمارەی پاشاکانی بەچوار پاشا ناساندوون، بەڵام (کتریاس) ماوەی مانەوەی حکوومەتی ئەوانی بە ٣٥٠ ساڵ داناوە ژمارەی پاشاکانیشی بە (١٠) کەس تۆمار کردووە، وادیارە هێرۆدۆت راستتر بۆیچووە و بۆچوونەکەی وەرگیراوە.

## دیاکۆ پێویست بوو بۆ یەکخستنی مادەکان:

دروست کردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی و رامیاری بۆ تایەفەکانی ماد و دوورخستنەوەی زیان و هەستکردن بە ئاسایش و هۆکارەکانی دەرەکیش بەتایبەتی لە ئاشوورییەکانەوە هۆکار بوون بۆ بەیەکگەیشتنی کۆمەڵگای پاشایەتی فرە تایەفەی ماد. بۆ یەکگرتنی لەسەرخۆی مادەکان نەهێشتنی خاڵی لاواز تیایاندا و رۆشتنیان بەرەو سەرکەوتن و بە ئەنجام گەیاندنی چاکسازییان لە سیستەمی سیاسی و فەرهەنگییەکاندا ئەمانەبوو نە هۆکار بۆ دروست کردنی هاوشێوەیەك لە فەرەمانڕەوایەتی کە وەکو قەڵا بەهێزەکانیان لە سنووری خۆرئاوایاندا ئاشوورییەکان و لایەنەکانیتر بووەستننەوە. دزیی و چەپاوڵ و نەبوونی ئاسایشی بەهێز لە کۆمەڵگای (ماد) ئەو بارودۆخەی دروست کرد کە پێویستی بە دادوەرێك هە بوو، یان پارێزگارێك کە بتوانێت کارەکانی ناوخۆی ماد رێکبخات و چارەسەریش بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە و هەموو لایەکیش هەست بە لێپرسراوێتی بکەن. بە دەربڕێنێکیتر ئاریاییەکان لە رێکخستنی باری کۆمەڵایەتی و رامیارییاندا دوور لە گەڕانەوەی بۆ سیستەمی عەشیرەتی. لەو رووەشەوە واتە ئا بووریی و رامیارییەوە کاریگەرێتی مەملەکەتەکانی نێوان دوو رووباریان لە کۆنەوە لەسەر بوو، کە پێویستیان بە دەوڵەتێك هە بوو بۆ ئەوەی لە

شارستانێتی دەوارنشین رزگاریان ببێ و دەسەڵاتی پاشایەتی بۆ خۆیان دروست بکەن و پشتاوپشت بۆیان بمێنێتەوە و نەبەسترێتەوە بە بارودۆخی سروشتی جوگرافی ئێران و مرۆڤەکانی پەیڕەوی بکەن. لەو دانانەدا پاشا هەموو دەسەڵاتێکی هەبێت لە دانانی نەخشەی ئا بووری و فەرهەنگی و خاوەنی موڵك و ماڵی خۆشی بێت. ئەم بیرکردنەوەیە پلانی دارێژراوی پاشا و بە نووسین داینا و بە ئەنجامی گەیاند. مامۆستا رەزای شەعبانی بۆ بەخێرایی یەکگرتنەوەی مادەکان لە دوو توێ پێداویستییەکانی ئاماژەی بە (٣) عونسوری بناغەیی داوە، وەکو دەوڵەت و گەل و خاکی دیاریکراو کە بە نەخشەی بنەڕەتی دادەنێت.

لەو نێوانەدا دیاکۆ (٧٠٨- ٦٥٥ پ.ز) کە پێشەوای یەکێك لە تایەفەکان بوو، یان لقەکانی گەورەی ماد، یان مرۆڤێکی مانایی لە باشووری گۆلاوی ورمێ کەسایەتییەکی ئەفسوناوی هە بوو. لەگەڵ کەمێك لە چاکە و خوڕەوشتی بەرز و عەقڵی یەکسان و بەویژدان و راستی وتن و توانای گەورە و ئاوازی چاکەی. خۆی ماوەیەك لە (ئارمغان) مایەوە، لەوێ گوێی لە دەعوای مرۆڤی ستەملێکراو دەگرت و بە یەکسانی و دادوەری پرس و کێشەکانی چارەسەر دەکرد و کۆتایی بە ئاژاوە و ئاشوب لە کۆمەڵگای ناچەسپاوی (ماد) دا، هێنا. بەپێی قسەی هێرۆدۆت دیاکۆ خاوەنی توانا و دەسەڵات بوو، تێدەکۆشا بەپێی یاسا لە شوێنە بەتواناکەیدا مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا بکات، بۆیە بیانووی بە کەس نەدەگرت و کەسیشی لە کارەکەی دوورنەخستەوە و بەپێی بەرنامەیەك لایەنگرانی دیاکۆ کە لە کۆ بوونەوەکەدا ئامادە بوون هەڵیانبژارد و دیاکۆش ناونیشانی گەورەی عەشیرەتەکانی پێدرا و دانرا.

دیاکۆ دوای هەڵبژاردنی سەرەتا کە پێویست بوو تەختێکیان بۆ دانا و مەرکەزی دیاریکراوی حکوومەتیشیان بۆ دەست نیشانکرد و دەستەیەکیان لە (١٠) کەسی چەکدار بۆ پارێزگاریکردنی لە قەڵایەکی بەهێزی گەورەدا لە ئاکباتان ( هەمەدان)ی ئەمڕۆ بۆ دانا و مادەکانیشی ناچارکرد کە مانگانە هەر کەسە و لای خۆیەوە پێداویستییەکانی هەڵبورێنێت. لەو شتانەی کە دیاکۆ دایناپەیڕەوی بکرێت پەیوەندیکردنی چواردەوری بۆ پێوەری ئەوە بوو هیچ کەس بۆی نەبوو راستەوخۆ بچێتە لای پاشا دەبوایە بە نووسراو ئاگارداری بکرایە لەلایەن کەسانی ترەوە. بۆ ئەوەی هیچ کەس نەتوانێت بە ئاسانی پاشا ببینێت و لەو مێژووەشەوە پێکەنین و ئاو و رۆن رژاندن لە حزووری پاشادا کاری ناشایستە بوون. دیاکۆ بە دانانی ئەو یاسایا و تەشریفاتانە دەیخواست کۆتایی بە ئەوانە بهێنێت کە لەگەڵیا دادەنشتن یان دەبنە نیاندەکرد بۆ ئەوەی شایستەیی و رەسەنایەتی بنەماڵەکەی

خۆی بپارێزێت لەوانەی زانیارییان لەسەر نەبوو، نەوەکو دووچاری هەستکردن بە گومان و بەخیلیی و دژایەتی ببێت لەلایەن ئەوانەی نەیاندیوە یان کەمتر دیویانە لە بوونی خۆیدا و زانیاری لەسەریان هەبێت. دیاکۆ یەکەمین دادوەرێکی مادی بوو کەیەکیەتی لەنێوان شەش عەشیرەتەکەی (ماد)دا دروست کرد کە لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵ بوو بەسەرجۆن و پاشای ئاشووریش لە هێزەوە بیری لە یەکتەتییەك دەکردەوە لەگەڵ عەشیرەتەکانی (ماد)دا کە لای گرنگ بوو بیهێنێتەدی. هەروەها دیاکۆ یەکەمین پاشایەك بوو کە سیستەمی ئاسایشی سیخوڕی دروست کرد (کە لەوانەیە بە یارمەتی موغەکان بووبێت). ئەم شێوەی کارەش کە پەیوەستە بە ئاساییەوە هەیە لەو ئاشوورییەکانەوە وەریگرتووە و دواتریش لە سەردەمەکانی تری پاشاکانی هەخامەنشی بەتایبەتی داریۆشی یەکەم (٥٢٢- ٤٨٦ پ.ز) و پاشاکانی ئاشکانیی و ساسانی وەرگیراوە. دیاکۆ کە عەشیرەتەکانی پەرت و بڵاوی مادی لە ژێر باڵیا کۆ کردەوە ئەوەشی بۆ رزرگار بوونی ماد بوو لە ژێر چەپۆکی ئاشوورییەکاندا کە هەندێك جار ب بوونە سەرچاوە بۆ هێرشی بردنەسەر ئاشوورییەکان بە ئامانجی دەسکەوتنی تالانی بۆیە هەردەم بەبیری سەرپێچی و دژایەتی ئاشوور دەوەستانەوە و ئەم پرسەش ئاشوورییەکان هەستیان پێکرد بوو، هەتاکو (سەرجۆن)یش کە شوێن و توانای (دیاکۆ)ی دەزانی، بەڵام باڵیۆزی لای ئەو دانا بوو ئەویش باجی بە ئاشووردەدا بەڵام سەربەخۆیی خۆی پاراست بوو، لەم ململانێ و رووبەڕوو بوونەوە و هەستان و دژایەتییاندا ئۆرارتۆییەکان جارێکی دیکە بە خۆیانا هاتنەوە و کەوتنە سەرپێچیکردن، دیاکۆ لە ئەنجامی هێرشی سەرجۆنی دووەم پاشای ئاشووری بۆ سەر وڵاتی ماد، بە پێچەوانەی شێوەی مامەڵەی ئاشوورییەکان بە زیندوویەتی بە دیل گرتیان و رەوانەی شوێنکیان لە شام کرد بە ناوی (حەما) و دووریان خستەوە. ئاشوورییەکان ویلایەتی (دیاکۆ)یان دوای دورخستنەوەی ناونا (بەیت دیاکۆ) و لەو رووداوەدا (٢٢) کەس لە میرەکان و گەورەکانی ماد کەوتن بە سەرقاچی پاشای ئاشووردا و پەیمانیان لەگەڵ بەست و بەیعەتیان لەگەڵ کرد. ماوەی فەرمانڕەوایەتی دیاکۆ، ٥٢ساڵی خایاند.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە لەسەر مێژووی ماد بەزمانی فارسی لە زانکۆی تاران وەرگیراوە، چاپ نەبووە.**

# زمانی مادەکان

گرێدانی کار بە شێوازێکی وردی زانستی هەمان شێوەی بیرکردنەوەیە لەسەر شوێنە جوگرافییەکان و ناوی تایبەتی کەسەکان کە دەتوانن پێکهاتەی قەومی مرۆڤی سەرزەمینی ماد لە سەردەمە جیاجیاکاندا دەست نیشانبکەن کە لەناویان مێژوویان و شوێنی دانیشتنی گرووپە قەومییەکان دەربخەن.

سەرچاوەکانی ئاشووری و بابلی چاخی هەشتەمی پ.ز باسی چەندان زمان لەسەر خاکی ماد دەکەن کە بڵاو بوون و ڕەواجیان هەبووە و دەتوانین بەناو ئاماژەیان پێبدەین لەوانە: لۆلۆیی — مانی- میهرانی کە تاوەکو سنوورێك لەبەرچاون و ڕەگ و ریشەی هیند و ئەورووپاییان هەیە و ئارییایین. (تایبەتی مادی)ن. لەو ڕووەوە دانەرانی یۆنانی چەند وشەیەکیان لە نووسینەکانی پاشماوەی لای خۆیان دەرهێناوە هەروەکو لە ڕستەیەکدا وشەی مادی (ئەسپیکە) دێ کە ماناکەی یەکسانە بە (ڕەگ) یان (دەمار) هەروەها وشەیەکی مادیتر بەناوی (فەرنە و فەرنە) لەگەڵ (پەزنە) بە گواستنەوەی ئەوانە هێرۆدۆت وشەی هاوشێوەی هێناوەتەوە لەوانە (تیگرس) کە مانای (تیزی) و (تیز) یان (تیژ) دێ.

وشەکانی تریش هەمان شێوەن وەکو (بزرگ) و (میهر) و (سنگ) و (خشایش) و (سپاکو) کە ماناکانیانن یەکسانن بە (سەگ)ی مادی.

گەرچی زانیارییەکانمان لەسەر زمانی ماد بەشێوەیەکی فراوان لە بەردەست دا نییە، بەڵام پێدەچێت ناوی دەسەڵاتدارانی ماد چ لەسەردەمی دەسەڵاتیاندا و گەورەیی دەوڵەتی (ماد)دا و چ لە ڕۆژگاریتردا کە سەردارانی ماد لە چاخی هەخامەنشی لە سیستەمی سیاسی دەسەڵاتی هەخامەنشی فەرماندار بوون. ئەوانە دەریئەخەن و ئەیچەسپێنن کە مادەکان ئارییایی بوون، بەڵکو زمانەکەشیان لە ئەدەبیاتی ئاوێستایی ئێرانی و زمانەکەیان مانا بەخشە، ئەوەش هاوشێوەی (فەروەرتیش) و (هوخشترە) و هاوشێوەکانیترن لە تەواوی ئەو گەنجینەیەدا.

(دارمستتر)ی ئێراننناسی ناسراو زیاتر بۆ ئەوە دەچێت کە (ئاوێستا) بە زمانی مادی نووسراوە. ئەوەیشی لەناو ئاوێستادا ئێستا هەیە و لە دەستی ئێمەدایە پێشووتر بە زمانی کوردی بووە و ئەوەش بۆ کورد ماوەتەوە و لەناو زمان و ئەدەبیاتی کوردییا دیارن و بەڵگەی لەبەرچاو هەیە بۆ مانەوەیان.

لە نووسینیەکانی هەخامەنشیدا زمانەکانی مادی کە ژمارەیەکی زۆر لەوانە لە سەرچاوەکانەوە وەرگیراون دەکەونە بەرچاو لەوەش زیاتر زمانەکانی باکووری خۆرئاوای ماد لەناو سەرچاوەکانی زمانی پارسیدا بەهەمان دەست وور دەردەکەون.

(دارمستر) داینیاوە کە زمانی کوردی لە زمانی مادەوە وەرگیراوە. هەندێك لە لێکۆڵەرانیتریش هەتاکو زمانی (پشتۆن)یش (پەختەوی ئەفغانی) دەبەنەوە سەر زمانی مادی.

مینۆرسکی بەهەمان شێوە جارێکتر زمانی کوردی و مادی دەباتەوە بۆ سەرچاوەیەك. ئەوەی لێکۆڵەران دەیڵێن و پەیپێدەبەن لەگەڵ دیار و لە بەرچاوە بەو جۆرەیە هەروەکو (دیاکۆنۆف) و (نۆلدکە) و.... هەندێکیتریش رایان وایە کە زمانی ئەدەبی و نووسینەکانی هەخامەنشی دەچنەوە سەر ناوەندەکانی نووسینی ئارامی و عیلامی لە ژێر کاریگەریی بەهێزی زمانی (مادی) دا بوون کە لەوەوبەر بەشێوەی زمانی ئەدەبی نووسراوە و دروست بووە. هەمووو ئەو زمانە ئەدەبیاتە و پەیکە قوڕینەکانی ئاشووریش پڕن لە دەست ووری ڕێزمانی و دەنگی زمانەکانی بابلی.

دکتۆر ئەردەشێری خودادادیان باوەڕی وایە لە ڕۆژگاری زوودا نامەکەسییەکانی عەشیرەتەکانی ماد و دوانزەهەمی پاشاکانی ماد ڕەگ و ریشەیان زمانی ئاریانی (ئێرانی) بێت لەوانە (هوخشترە)ی (سێیەمین پاشای ماد) کە ناوەکەی بەمانای فەرمانڕەوای چاك دەبێت و بە زمانی یۆنانیش (کیاکسار)ە، هەروەها جارێکی دیکە دکتۆر دەڵێ: زمانی ئاریانی زمانی هاوبەشی تەواوی عەشیرەتەکانی ماد بووە و پاشماوەکەی زمانی پارسی هەخامەنشییە کە لەناو خەڵکی سەردەمی (ماد)دا ئەو زمانانە بەردەوامی هەبووە. بەپێی سەیرکردنی نووسینەکان یەکێك لە هۆکارەکان کە لێکۆڵەران نەیانتوانیوە چەند وشەیەك یەکلایی بکەنەوە بەهۆی ئەوە بووە لەو جۆرانەبوون کە ناسنامەی مادییان هەبووە و بەو زمانە ناسراون. ڕەگ و ریشەی وشەکانی پێشووتریش هەر لەو دەستەیەن. لێکۆڵەرە گەورەکانیش رایان وایە (کە مادەکان

جیان لە لقەکانی قەومی لۆلۆیی — کاسی) خوێندنەوەیەك لەلایەن ئەوانەوە بەشێوەیەکی روونتر دەری ئەخات کە ئەوانە زمانیان جودایە واتە غەیری ئەو زمانانەیە کە قسەیان پێکردوووە. بەو جۆرە لەگەڕان و لێکۆڵینەوەکاندا ئەوەی کە بەردەست کەوتووە و هەیە زمانە ئارياییە کۆنەکان و زمان و شێوە جیاکانیترە کە تایەفە جیاکانی ئەو وڵاتە قسەیان پێ کردووە، ئەوەش بەناوی زمانی جیاوە نەبووە بەڵکو بەناوی زمانی ئارياییی کۆبۆتەوە.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە لەسەر مێژووی ماد**

**بە زمانی فارسی لە زانکۆی تاران**

**وەرگێڕاوە/ چاپ نەبووە.**

# پاشاکانی ماد لای خۆرهەڵاتناسەکان

## ١- دیاکۆ: (٧٠١-٦٥٥ پ.ز):

له مێژووی هێرۆدۆت دا به (دیۆکس) ناوی هاتووه و له سەرچاوەکانی مێژووی چاخەکانی ناوەڕاست و دواتریشدا بە (دیۆك) ناسراوه كه سەر بەیەكێك له شەش عەشیرەتەکەی مادە.

هێرۆدۆت ئەو كەسەی بە یەكێتی ناو عەشیرەتەکانی ماد و دامەزرێنەری حکومەتە ئۆتۆکراتییەکەی دادەنێت بەو شێوەیەی كە پاشایەك بووەتە خاوەنی بڕیار، هەروەها دەڵێ: دیاکۆ وەکو چاولێکردنی پاشاکانی ئاشوور بەرنامەی میوانداری و تەشریفاتی سوڵتەكەی لەسەر شێوەی ئەوان ڕێکخستووە، هەروەها هێرۆدۆت لەسەری دەڕواو ماد ڕێکبخات و ئەوانیش بیکەنە پاشایان، ئەمە سەرەتاکەی بۆ ساڵی ٧٠٨ی پ.ز دەگەڕێتەوه كه (دیاکۆ) ناوی ڕابەر و دادوەرین لێناوه و لەناو عەشیرەتەکانی (ماد)دا هەڵبژێردراوه، دیاکۆ حەوت ساڵ بەسەر پلە و پایەكەیدا ڕۆیشت تیایدا گۆشەگیر بوو، له ساڵی (٧٠١)ی پ.ز بووەتە پاشای ماد، دەربارەی فەرمانڕەوایەتییەکەی و دروست  کردنی کۆشکێکی بەهێزی ڕەنگاوڕەنگ لە ئەکبەرتانە بۆ بڕیاردان لەسەر پێشوازیکردنی میوان له مێژووەکەیدا تیایدا دەبینرێ، دیاکۆ ماوەی نیو چاخ سوڵتەی بەدەستەوە بوو و سەردەمەکەی زیاتر بۆ خۆ خەریکردنی بووە بە هیوای یەکگرتنی عەشیرەتەکانی ماد، ئەمەش مادی پاراستووه له پارچە بوون و پەرتەوازەیی.

سەرچاوەکانی مێژووی یۆنانیش کار و چالاکییەکانی دیاکۆ بە دژواری ڕاڤە دەکەن و ئەو یەکگرتنەوەی ناوی عەشیرەتەکانی مادیش كه دروست   کردووه جارێکتر بووەتە هۆی ئەوەی ساڵی ٧٠٨ی پ.ز ئاژاوە دووبارە لە ناویاندا دروست  ببێتەوە و یاسا بە گومانەوە سەیری بکرێ و دزین و کوشتاریش سەری هەڵدایەوە بۆ لەناوبردنی یەکتری.

بەشێکیتری سەرچاوەکانی مێژوو لەسەر تەخت دانیشتنی دیاکۆ بەنەوە بۆ ساڵی ٧١٥ی پ.ز، بە قسەی هێرۆدۆت ئەو بە دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتی (ماد) دادەنێن، کە دواتر بەشێوەی دیلی جەنگ دوورخرایەوە بۆ سووریا.

سەرجۆنی دووەم ساڵی ٧٢٢-٧٠٥ پ.ز دەسەڵاتی گرتەدەست و هەموو تەمەنی حکوومەتەکەی کە (١٧) ساڵی خایاند سەرقاڵی جەنگی (ئەربیل — ئۆربیلۆ) بووە لەگەڵ عیلامییەکاندا و گەیشتۆتە کۆتایی.

کمیرییەکان و مادەکان وایان زانیوە سوپای ئاشوور ماندوو بووە و ناتوانێت هەلی خۆی دەست بکەوێت و دەست بوونی بۆیە دژی ئاشوورییەکان چوونە شەڕەوە. بەڵام سەرجۆن توانی تووشی شکستی بکا و (دیاکۆ)ش دوورخراوەتەوە بۆ شام، ئەمە لە ساڵی ٧٢٠ی پ.ز تۆمار کراوە و بووەتە هۆی ئەوەی له بەندێتیدا نزیك لە ئاشوور بمێنێتەوە کە تیایدا مادەکان دووچاری هەژاری و پەرتەوازەیی بوون، بارەگای حکومەتی دیاکۆ کە لە ئەکبەتانەبووە لە سەرچاوە ئاشوورییەکاندا بە (خانووی دیاکۆ) ناسراوە.

## ٢- فەروەرتیش (٦٥٥-٦٣٣ پ.ز):

دووەم پاشای مادە کە لە مێژووی هێرۆدۆتدا پێدەووترێ (فرائارتس) کوڕی دیاکۆی بنیاتنەری دەوڵەتی مادە، ناوبراو هاوبەشیکرد لە هێبزاژردنی باوکیدا بۆ ئەو پلەوپایە و ئاشوورییەکانیش لە سەرەتاوە ئاگاداری ئەو کارە بوون، بەڵام باوکی خۆی دی کە بەدیل گیرا لەلایەن ئاشوورییەکانەوە، لەو هاوپەیمانییەش بەئاگا بوو کە لە نێوان کیمرییەکان و ئاشوورییەکان دروست کرا، ئەوە بوو لە ساڵی ٦٣٣ی پ.ز فەروەرتیش بەدەستی ئاشوورییەکان کوژرا، ساڵەکانی سەرەتای سوڵتەی سکێتییەکان کە لە لقێکی گەلانی هیند و جەرمەنی بوون و ژیانیان لەنێوان دەریای مازندەران و قەفقازدا بەسەربردووە، لەو ڕێگای کە هاتووچۆیان تیادا کردووە و لە دەربەندی قەفقازەوە هاتوونەتە سەرخاکی ماد تیایدا ئاژاوەیان ناوەتەوە و بەشی زۆری ناوچەکانی (ماد)یشیان خستۆتە ژێر دەست بیانەوە.

ئەگەر سەیری ساڵنامە و بەڵگە پاڵپشتەکانی نێوان دوو ڕووبار بکەین فەرمانڕەوایەتی (فەروەرتیش) لە نێوان ساڵەکانی (٦٧٥-٦٥٣ پ.ز)دا دەست پێدەکات. لەمەدا سەرچاوە ئاشوورییەکان ئاماژە بەو ئاژاوەیە دەدەن کە، سکێتییەکان لەسەر خاکی (ماد) ناویانەتەوە، بۆیە ئەسەرحەدونی کوڕی سەنحاریب و ئاشوور بانیپاڵ ئەو

فورسەتەیان لەدەست نەدا و بۆ سوود وەرگرتن لە توانای سکاییەکان و رووبەڕوو بوونەوەیان دژی ماد ئەسەرحەدون پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵیانا بەست و یەکێك لە پێشەواکانیان بەناوی (بارتاتوا) کچە مێرێکی ئاشووری مارەکرد تاوەکو سکاییەکان بەلایەنگری سوپای ئاشوور بمێننەوە و قورساییان دژی مادەکان هەبێت و شەڕ بکەن، بەم شێوەیە مادەکان ماوەی ٢٨ ساڵ باج و خەرجیان دا بە سکێتییەکان واتە لە (٦٥٣-٦٢٥ پ.ز) لەو ماوەیەدا سکێتییەکان هاوپەیمانی ئاشوور بوون.

وا دەردەکەوێ مرۆڤی ماد هیچ کاتێك قسە و گفتوگۆیان لەگەڵ ئاشووردا نەکردووە و بەخواستیان نەجووڵانەتەوە، لەبەر ئەوەی حکومەتیان هەبووە و شەڕیان دژی ئاشوورییەکان بەرپا کردووە و لە بەگژداچوونی یەکەمدا بەشێوەیەکی لاواز سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، بەڵام لە دووەمدا ناوبراو کوژراوە.

سەرچاوەکانی مێژووی فراوانی وڵاتی ماد دەخەنە پاڵ (فەروەرتیش) کە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ باشوور سنوورەکەیان کشاوە و خاکی (پارس)یشیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتیان کە لقێکیتری گەلانی ئاریایی بوون بەناوی هەخامەنشی.

هەندێك لە مێژوونووسان رایان وایە لەگەڵ ئەوەی (فەروەرتیش) شکستی بەدەستی ئاشوورییەکان خوارد و بووە هۆی ئەوەی بکوژرێ، بەڵام بارودۆخێکی لەبار بۆ کوڕی ئەو کیاکسار رەخسا کە توانیی کۆتایی بە دەوڵەتی ئاشوور بهێنێ.

## ٣- کیاکسار: (٦٣٣-٥٨٤ پ.ز)

کە پێی دەڵێن (هۆخشتەر) یان (خشترە)، هەروەها لە سەرچاوە یۆنانییەکانیشدا بە (کیاکسارس) ناسراوە، کوڕی (فەروەرتیشی) نەوەی (دیاکۆ)یە، سەردەمی دەسەڵاتی بۆ نێوان ساڵەکانی (٦٢٥-٥٨٥ پ.ز) دەگەڕێتەوە کە بەتواناترین و گەورەترین پاشای (ماد)ە و هیچکام لە پاشاکانی ماد بە قەوارەی ئەو توانا و زیرەکی نەبووە بۆ پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی ماد شکستخواردنی ئیمپراتۆرییەتی گەورەی خوینخواری ئاشووری بەدەست ی.

کیاکسار توانیویە سوپای ماد بەشێوەیەکی هاوچەرخانە و پێشکەوتوانە رێك بخات و لە قەوارەکەی پێشووی شەڕدا دەرورو بەرڕووی سوپای ئاشووری بەهێزی بکاتەوە و لە مەیدانی شەڕدا بەسەریدا بکەوێت و لە ناوی بەرێت.

ژمارەیەك لەسەرچاوە مێژووییە باوەڕپێ کراوەکان بۆ ئەوە دەچن، کە سوپای ماد لەسەر شێوەی سوپای ئاشوور رێکخراوە و ئاراستە کراوە بۆ رووبەڕوو بوونەوەی دژی سوپای بەهێزی ئاشوور.

مێژوونووسان جارێکی دیکە بۆ ئەوە دەچن کە پاشاکانی ماد لە رێگای سەرچاوەکانی مێژووی یۆنانەوە بە ئێمە ئاشنا بوون، چونکە مێژووی سەردەمە کۆنەکان کەمتر لە مێژوو (ماد) دەدوێ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەنگوباس و زانیاری و بەڵگەی تەواو لەسەریان، لە لایەکیترەوە نیشاندانی بەڵگەی دژوار لەسەر مێژووی ماد بەتایبەتی ئەوەی کە بەشێك لە سەرچاوەکان سوپای کیاکسار بەو شێوەیە باس دەکەن کە کاریگەریی سوپای سکایی پێوە دیارە، هەروەها دەڵێن لەوانەیە ماد فێری توانەوەی مەعدەن بوون لە شوێنی خۆیدا نەبێ و باوك و باپیرانی گەورەی ماد کە فەرمانبەری ئاشوورییەکان بوون لەوانیان وەرگرتووە، هەروەها سوپای نوێی تازەشیان تەنزیمی سوپای ئاشووری وەرگرتووە کە بەهێزترین سوپای ئەو رۆژگارە بووە.

ئەو پیرۆزییەی کیاکسار دژی ئاشوورییەکان دەست یکەوت رێگای خۆشکرد بۆ داگیرکردنی بەشێکی گرنگیتری ئاسیای بچکۆلە کە خاکی لیدییە (لۆدیا، لیدیە، لۆدی، لیدیا) بە واتایەکی تر ئەو ناوچانەی گرتەوە کە کەوتوونەتە باکووری نێوان دوو رووبار، ئەمەش دوای کەوتنی دەوڵەتی ئاشوور هاتەکایەوە.

٤- دوا پاشای ماد لای خۆرهەڵاتناسەکان و شارەزایی مێژووی ئێرانی کۆن کە تایبەت بێت بە مێژووی ماد (ئاستیاگە) کە هێرۆدۆت ئەو بە (ئاستیاگس) ناو دەبات، لە سەرچاوەکانی بابلیشدا بە (ئینختوویگو) ناوزەد کراوە بەرچاو دەکەوێت، هەیە لە مێژوونووسان ئەو پاشایە بەرانبەر بە (زوحاك — ئەژدیهاك) دادەنێت، یان سیمای داستانەکەی مێژووی ناسراوی ئێرانی لەسەر دەگەڕێتەوە، ئەو کوڕی (هۆخشتەر- کیاکسار) سێیەمین پاشای مادە کە (ئاریانیی) کچی ئالیاتسی پاشای لیدی مارە کردووە، ئەمەش لە ئەنجامی شەڕێکی بێهوودە کە بە هۆی خۆرگیرانەوە وەستا و ئەو ژنهێنانەی لێکەوتەوە.

هەمیشە حکومەتەکەی ئاستیاگس لەنێوان ٥٨٤-٥٥٤ پ.ز بۆ دانراوە، هەمیشە ئەو سەردەمە دەباتەوە بۆ نێوان (٥٨٤-٥٥٩ پ.ز) کە لە سەردەمی ئەودا بووە خاکی ماد سەربەخۆیی لەدەست داوە و بەشێوەیەکی سەرەتایی بووەتە ویلایەتێکی تازەی (ساتراپ)ی هەخامەنشی.

**سەرچاوە:**

**دکتر اردشیر خدادادیان، تاریخ ایران باستان اریاها و مادها ١٣٧٩ چاپ دوم لا ١٣٠-١٣٥.**

# (هۆخشتەر) کیاکساری گەورە پاشای ماد

## ٦٣٣-٥٨٥ی پ.ز

هیـرۆدۆت گـەورە مێژوونووسـی یۆنـانی ئـەم پاشـایەی بـە (کیاکسـار) نـاوبردووە و لـە نووسینەکەی بێستوونی داریۆشی یەکەمیشدا بە (هۆخشتەر) ناسراوە. (هۆخشتەر) یەکێکە لـە پاشا زیرەك و بەتوانا و ئازاکان کە وێنەی لە مێژوودا کەمە.

کاتێك (هۆخشتەر) هاتە سەرتەخت بارودۆخی ماد خراپ و ترسناك بـوو و پاشـاش شـوێنی لاواز بوو، بەڵام خۆی بۆ ئەوە دەچوو هەتا درەنگ نەبووە پێویستە چاکسازی لە سوپاکەیدا بکات ئەمـەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە جەنگی باوکیا لەگەڵ ئاشوار ئەنونێکی تاڵ و خوێناوی هە بوو. بەهۆی ئەوەی سەربازەکانی ماد هەرگیز فێری ئەوە نەبوون وەکو سوپایەکی رێکخراوی جەنگ لەسەر شێوەی ئاشـوور مەشق بکەن ئەوە بوو سوپاکەی لەسەر شێوەی ئەوان رێك خست و تیایدا بەردەوام بوو.

پیادەی سیستەمی بە تیروکەوان و شمشێر پڕ چەك کـردن و سـوارەی سیسـتەمیش لـە تیرهاویـشتنا بەتوانا بوون کە لە منداڵییانەوە فێری سواری تیرهاویشتن و (قیر و قاج) دەکران. ئەمە وایکرد چاولێکەری دروست ببێ و سوارەکانی ئاشکانیش دوای چەند چاخێك بەهەمان شێوە لاساییان بکەنەوە.

ئەسپی ماد لە سەردەمی کۆندا لە سەرتاسەری دینادا ناسراو بوو بە تایبەتی ئەسپی (نسا) (نیـسایە) کـە جوان و تیژڕەوو و بەئارام بوو. بەو شێوەیە بەقسەی هێرۆدۆت کە لە کتێبی بەندی ١٠٣دا هـاتووە (کیاکسار) سوپاکەی رێکخست و هێرشی بردەسەر ئاشوور، ئاشوورییەکان فشاری گرانیان کەوتەسەر، لەشکری ماد کە لە هێرشی دووەمدا چوونە ناوشاری ئاشوور توانییان گەمارۆی شاری نەینەواش بدەن، بەڵام ئـەوە زانـراوە بـەهۆی شورای پتەوی نەینەوا گەمارۆدانەکە درێژەی کێشا بۆیە (کیاکسار) بەشێك لە سوپاکەی ناردە پێدەشتەکان بـۆ هێرشـکردنە سـەر ئاشـوور و وێرانکردنـی. لەمـەدا مادەکـان بـەردەوام رقـی گـەورەیان لـە زۆر و سـتەمی ئاشوورییەکان بووە کە چۆن و بە چ شێوەیەك مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، ئەمـەش خۆشـیداوە بەگـەلانی ژێـر دەستە و رزگار بوونیان لە ئاشوورییەکان بەڵگەش بۆ ئەمە دووجار گەمارۆی نەینەوا لە تەوراتدا باس کراوە.

لە پەراوی (ناحوم) بابی دووەم باسەکە وا هاتووە: خواوەنـدی گـەورەی یـەعقوب، گـەورەی (ئیسرائیل) جارێکی دیکە هێرشی بردەسەر (ئیشان) و تـاڵانیکرد، گـەورەکانیانی لـە خوێنـدا سوورکرد، مەردانی جەنگیش جلکەکانیان سوور بوون و گالێکەکانیش لە رۆژدا ئامادە بـوون و ئاسنەکانیان دەبریسکایەوە و نیزەکانیش لە کاردا بوون.

دەروازەی شارەکان کرا بوونەوە و کۆشکەکان رووخا بوون و ب بوونە تەپۆڵکە... و نەینـەوا کـە لـەو رۆژەدا بەپێوە بوو دەریاچەیەکی ئاو و دانیشتوانەکەی رایانکرد بوو، هەرچی هاواریان دەکرد، بەڵام کـەس ئاوڕی لێنەئەدانەوە. هێرش بەران بـە هـەموو لایەکـدا دەسـووڕانەوە و هێرشـیان دەبـرد و تاڵانیـان کـۆ دەکردەوە بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەك بێت کەلوپەلی لە ئاڵتون و شتی بەنرخ چەپاو بکـەن و بیانبـەن. ئـەو واتە نەینەوا چۆڵ و وێران بوو دیمەنەکەی دڵی ئەتوانەوە و ئەژنۆی دەلەرزان. لەو کاتەدا (کیمریـەکان) کـە بەهێز بوون و رەنگیان لەناو تۆزدا شێوەی تواڵەکانی وەرگرت بوو بەرەو شاری خوێنڕژاو دەکشان، ئەمە لە کاتێکدا بوو کوژراوەکان هەموو شوێنێکیان پڕ کرد بوو، بۆیە هێرشی ئەوانە رۆڵێکی نەدەبینی.

دەنگی قامچی و دەنگی توڕە بوون بە چەرخەکانی گالێسکە ئەسپ دارەکاندا بەرز دە بوونەوە و سوارەکان هێرشیان دەبرد و شمێشرەکانیان دەبریسکایەوە نیزەکانیـان دەدرەوشـایەوە، برینـدار و کوژراوەکان هێندە زۆر بوون لاشەکانیان کۆتایی نەدەهات و بەسەر یەکتردا کەوت بوون. ئەو دیمەن (یەهوە)ی بەئاگا هێنایەوە و وتی: من دژی تۆم و ساختەکانت لە بەردەم گەلـدا دەرئەخـەم، هـەر بەوەش رۆتت دەکەمەوە و لە وڵاتدا ریسوات دەکەم، یان ئاشکرات دەکەم....

سوپای ماد بەتوانای خۆی بەرەو پێش دەچوو نزیك بوو پایتەختی گەورەی دەوڵەتی ئاشـوور بکـەوێت، لەو کاتەدا هەواڵی کوتوپڕ هات هێرشی سکاییەکان لە ئازەربایجان و شوێنە دراوسێکانەوە بە پاشا گەیشت. ئەو بینی کە چارە نییە جگە لەوەی واز لە گەمارۆی نەینەوا بێنێ و بۆ پارێزگاری لە وڵاتی خۆی بگەڕێتەوە. ئەوە بوو بە سوپاکەوە رووە و دوژمن بۆوە و لە نزیك دەریاچەی (ورمێ) بەرەو رووی سکاییەکان بۆوە و لە شەڕەکەیدا شکستی خوارد و ناچار بوو بە مەرجە قورسەکانی ئەوان رازی بێت. هێـرۆدۆت لـە کتێبـی ١ بەندی ١٠٣ دەڵێ: دوای ئەو داگیرکردنەی سکاییەکان کەسێکیتر توانـای نـەبوو سـکاییەکان بخاتـە ژێـر دەسەڵاتییەوە. هێرشی ئەمانە بە گشتی لە باکووری خۆرئاوای ئێـران بـەرەو باشـوور و مەملکـەتی وان و کاپادۆکیا رۆیشت و وێران و تاڵانیان کردن تاگەیشتنە رۆخەکانی دەریای خۆرئاوا (دەریـای سـپی). پاشـای میسر ((بسماتیك) کە وڵاتی شامی داگیر کرد کاتێك هەواڵی هێرشی سکاییەکان هات بەپەلە گەڕایـەوە و دیاریی نارد بۆ سەرداری سکایی و ئەوی بۆ چوونە میسر سارد کردەوە. هێرشی سکاییەکان بۆ بەرزاییەکانی ئێران نەزانراوە لە چ شوێنێکەوە بووە، لەو رووەوە هێرۆدۆت دەڵێ: کیمرییەکان چوونەتە ئاسـیای خۆرئـاوا، هەندێك وای دەبنین کە ئاشوور لە تەرەفی کیمرییەکان و (ماد)ەوە مەیدانی جەنگی تەنگ بۆتەوە.

لێرەدا وادەبینین بڵاو بوونەوەی سکایی بە ئاسیای خۆرئاوا جارێکی دیکە بووەتە هۆی ژیانەوەی توخمی ئاریایی کە چەند چاخێك بەر لەوە دەستی پێ کردووە و ئارییاییەکان کۆمەڵ بە کۆمەڵ گەیشتوون بە بەرزاییەکانی ئێران و ئاسیای خۆرئاوا. هێرشی سکاییەکان. بۆ وڵاتی ماد و ئاسیای بچووك ساڵانێك درێژەی کێشا و تەورات ئاماژەی بە جوانی بەوە داوە کە سکاییەکان چۆن ترسێکیان لەو هێرشە و پەلامار دانەیاندا بڵاوکردۆتەوە لەناو مرۆڤدا رۆژانە لە کوشتنی برین، ئێرمیا دەڵێ:

(پەڕاوی ئیرمیای پێغەمبەر بابی شەشەم): ئەی نەوەی بنیامین کە لە ئورشەلیم راتان کرد لە (تەقەووع) بەپیرتانەوە دێن و هێمای (بەیت هەکاریم) مەشخەڵی ئێوە گەلێکن لە خاکی باکوور پێتان گەورە روو ئەدات... خواوەند بەو شێوەیە دەشێت هەستن کەوان و نیزە بگرن، هەواڵ بەمرۆڤەکان بدەن ئەوا نەکەس لە ستەملێکردن دەرناکەون کە بەزەییان پیایاندا بێتەوە.

بەو ئاوازە شێوەی دەریا شۆڕش بکەن و سواری ئەسپەکانتان بن و وەکو مەردانی جەنگ دژیان بجەنگن، تۆش ئەوی ژن وەکو ژنێك لە بیابان گیرابیی و پیس بوویێت و بەبینینی دڵ بۆی نەرم بێت، چونکە شمشێری دوژمن لە هەموو لایەکەوە ترس دەهێنێ، تۆ ئەی ژنی قەومەکەم جلك بپۆشە و خزمەکانت خۆڵەمێش بکە و بۆ کوڕە تەنیاکەت دڵتەنگ بە کە لات تاڵە و لە پرێکدا بە زۆر براوە، بە قسەی هێرۆدۆت مانەوەی سکاکان لە ئێران ٢٨ ساڵی درێژەی کێشاوە و لەو ماوەیەدا بە زۆر باجیان لە کۆمەڵانی خەڵکی سەندووە، هەتاکو لە دواییدا (هۆخشتەر) (کیاکسار)ی پاشا، یان سەرداری مادەکان میوانداری لە کوڕی (بارتاتوا) کردووە کە گەورەی سکاییەکان سەرخۆشکردنیان هەموویانی کوشتووە، بەدوای ئەوەشدا پاشای ماد شەڕی لەگەڵ سکاییەکاندا کردووە کە گەورەی سکاییەکان بووە لەگەڵ تەواوی گەورەکانیتری سوپای سکایی، دوای خواردن و خواردنەوە و سکاییەکاندا کردووە و لەبەر ئەوەی بێسەردار بوون شکستییان خواردۆوە لە وڵاتی ماد کراونەتە دەرەوە، هێرشی سکاییەکان لە کوێوە بۆ ئێران هاتووە و لە وڵاتی (ماد)دا چەند ماونەتەوە؟

ئەوەی پەیوەستە بەو هێرشەکە سکاییەکان کردوویانە بۆ وڵاتی ماد و ئاسیای بچووك باوەڕوایە لە لای قەفقازەوە هاتبن، بەمانا لە پشتی کێوەکانی قەفقازەوە بەرەو باشوور هاتوون و لەو دەربەندی لێوەی تێپەڕ بوون لە قەفقازەوە بۆ ئازەربایجان لەوانەیە لەوێوە هێرشیان کردبێت، لەو رووەوە هێرۆدۆت دەڵێ: دووری رێگا لە نێوان دەریاچەی (میونیند) و رووباری (فازیس) ٢٠ رۆژ رێگا بە پیادە رۆشتن دەبێ و نێوانی هەر (خەیدێك) و (ماد)یش لەوە زیاتر نییە، بەڵام سکاییەکان لە کۆتایی ئەو رێگایەوە تێپەڕ بوون کە بەرەو ژوورترییان دورتر رۆیشتوون کە کێوەکانی قەفقاز کەوتۆتە لای راستی موفتە لەکاتیان.

دەریاچەی (میوتید) دەریای (ئازو)ی ئەمڕۆی رووباری (فازیس)ە، بەو پێیە هێرۆدۆت ئاماژە بە رێگای کورتی سکاییەکان دەدات کە لە رۆخی دەریای (ئازو)دایە لە ویلایەتی (باتوم)، لەوێوە بۆ ئازەربایجان لەوێشەوە رۆیشتوون تا لە رۆخی دەریای خەزەر تێپەڕیوون، بەو جۆرە مرۆڤی باکوور لەوێوە هاتوون و گەیشتوونەتە ئێران، لە چاخەکانی دواییدا لە دەربەندی دەکەوێتە رۆخی دەریای چەزەر و تەنگیدا، مرۆڤی باکوور لەو دەربەندانەوە رۆیشتووە و رێگاکەش نزیکتر بووە و شتی سروشتیش نەبووە کە رێگای لێبگرێ و نەهێڵێت.

هەیشەلە لێکۆڵەران ئەگەری ئەوەیان داناوە کە سکاییەکان لە (دهستان) و (گورگان) و (تەبرستان) و (گەیلان) بەرەو لای ئازەربایجان رۆیشتوون، هەروەکو (کتزیاس)یش سکاییەکان لە دوولاوە بۆ ئێران هێرشیان بردووە جارێکی دیکە زۆرینەی مێژوونووسان بۆ ئەوە دەچن کە مانەوەی سکاییەکان لە ئێران ٢٨ ساڵی خایاندووە، ئەگەر لەمەدا وردبین لەو ماوەیەدا رووداویتر نەبووە و (هۆخشتەر)یش لە ٦٢٢ی پ.ز لەسەر تەختی ماد دانیشتووە و سوپا رێکخراوەکەش دوای ماوەیەك لەگەڵ ئاشووردا بەشەرهاتووە و گەمارۆی نەینەوای داوە و نزیك بووە ئەو شارە بگرێت ئەو کاتەی سکاییەکان لە باکووری خۆرئاوای ئێران دەرکەوتوون، بۆیە ئەگەر پاشای ماد لە پشتی خۆی دڵنیانەبوویێت کە سکاییەکان ئێرانیان جێهێشتووە، هێرشی بردۆتە سەر ئاشوور و نەینەوای داگیرنە کردووە، بەپێی ئەم زانیارییانە ئەگەر مانەوەی ئەمانە لە ئێران بە ٢٨ ساڵ بزانین دەبێ ئاگاداری ئەوەبین کە مێژووی رووداوەکان ئەوە نیشان دەدات بە بڕوای لێکۆڵەران ئەو سەردەمەی (هۆخشتەر) لەسەر تەخت دانیشتووە تاوەکو ٦٠٥ی پ.ز بە سکاییەکانەوە سەرقاڵ بووە و لەو ماوەیەدا فورمەتی بۆ باشکردنی سوپای ماد بەدەستەوە نەبووە و هەموو کاتێکیش لە جەنگی خۆئامادەکرد نا بووە بۆ جەنگێکیتر لەگەڵ ئاشووردا، سەرئەنجام بۆ ئەمە دەچین کە دوای شکستی (فەروەرتیش) لەگەڵ ئاشووردا پاشای تازە کە لە یەکەم رۆژی فەرمانڕەواییەکەیدا توشی کێشەی زۆر بووە نەیتوانیوە بەخێرایی و بێ خۆئامادەکردن لەگەڵ ئاشووردا شەڕ بکات، لەبەر تیشکی هەموو ئەو زانیارییانەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مانەوەی سکاییەکان لە ئێران دەبێ بە ٢٨ ساڵ بزانین (هۆخشتەر) کاتێك سکاییەکانی لە ئێران راوناوە دواتر بیری لە خەیاڵە کۆنەکەی کردۆتەوە کە لەناوبردنی ئاشوورە و تیایدا سەر کەوت.

**سەرچاوە:**


**حسن پیرنیا / ایران باستان / چاپ دووەم**

**١٣٨٢ لا ١٨٢-١٨٧**

# تیشکێك بۆ سەر مێژووی
# (ماساژاتەکان)

ماساژاتەکان بەهێزترین قەومی وابەستە بوون بە سکاکان لە ئاسیای ناوەند و ناوچەی نێوان دوو رووبار (ئامو دەریا) و (سەردەریای) باکووری خوارزم لە ژێر دەست یانا بووە. ئەو ناوچەیە لە هەزارەی یەکەمی پ.ز بەهۆی ئەو دوو رووبارەوە ناوبانگی پەیداکرد. بەپێی قسەی هێرۆدۆت (کتێبی چوارەم)، ماساژاتەکان بیاباننشین بوون و لە رووی جلوبەرگ و ژیانیشیانەوە لە سکاکان دەچوون. ناوی ئەوانە هەروەکو دەڵێن لە وشەی (ماسی) وەرگیراوە. هێرۆدۆت و ئاسترا بوون پشتگیری لەوە دەکەن کە خواردنی سەرەکیان ماسی بووە.

دوای ئەوان تۆلستۆف لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا لە ناوچەی (ئاق چادریا) سەرکەوتوو بووە بەهۆی ئەوەی شوێنەوارێکی دۆزیوەتەوە بەناوی (چیریك روبات). ئەم شوێنە بەناوی (بابیش مەلا)ش دێ کە دەکەوێتە (٤٠) کیلۆمەتری خۆرهەڵاتیەوە و (تۆلستۆف) باوەڕی وایە کە هەموو ناوچەی دەڵتای (ئاپاسیا)کان، یاوەکو هەمان سکاکانی ئابی، یان (ماساژاتەکان) لەو ناوچەیەدا دانیشتوون.

دەرخستنی بەو جۆرەی بیروڕاکان لە نووسینەکانی مێژوونووسانی یۆنانی و هاوشێوەیان وەکو (ئاستربوان) و (بەتلیموس) و (تروگوس) و (پەمپیوس) کە ئاماژەمان داوە. ئەم قەومە لە کۆتایی چاخی چوارەمی پ.ز توانیویانە لە ناوچەی (سەردەریا) جڵەوی پێشڕەوی لە سوپای ئەسکەندەر بگرن، بۆیە ئەسکەندەر ناچار بووە ناوچەکەیان بەجێ بهێڵێت.

(ماساژاتەکان) قەومێکی شەڕکەر بوون بە پیادە و سوارەیانەوە لە شەڕدا گەیشتوونەتە ئامانج. لە خاکی ئەواندا مس و ئاڵتون زۆر هەبووە. لە لایەکیتر پۆشاکەکانی سەریان و جلکەسپییەکانی بەریان و کەمەر بەستەکانیان بە ئاڵتون جوان کراون، لەگەڵیاوی سینەری ئەسپەکانیان بەلغاو و زینەکانیانەوە بە ئاڵتون داپۆشراون. ئاشنا بوونمان بەو پاشماوانە و دۆزینەوەی تابلۆی مەعدەنی نووسراو لە سەردەرگای خانووەکانیان بەهۆی دۆزینەوەی گەنجینەی ئاڵتونەکەی (جەیحون) و پۆشاکەکانیانەوە وە لەسەرەتادا دامەزراوەکانی کۆمەڵایەتییان پشتبەست بووە بە دایك سالاری و (هێرۆدۆت کتێبی چوارەم) ئەمەش یادگارێکە و لە ناونیشان ژنهێنانی دەستەی بە کۆمەڵ کاری پێ کراوە.

(ماساژاتەکان) هەتاویان پەرستووە و ئەسپیش کراوەتە قوربانی لەمەدا هێرۆدۆت دەڵێ: ڕێوڕەسمی خواردنی گۆشتی مرۆڤ لە جەژنە مەزهەبییەکاندا ئاسایی بووە لایان بە مانا کاتێك مرۆڤێك بەساڵاچووە و پیر بووە گۆشتەکەی لەگەڵ گۆشتی مانگا و مەڕ کراوە بە قوربانی و خواردن و خوداوە. لە گۆڕەپانی تەپەی (ئۆیگەرەك)دا لاشەکان راکێشراون و سەرەکانیان رووە و خۆرهەڵات دانراون. هەمە جۆر کاڵاش لەناو گۆڕەکاندا دۆزراونەتەوە بەتایبەتی میحرابی بەردینی بچکۆلە کە پێشتر لە گۆڕی ژنەکاندا دانراون.

لە سەرچاوەی پەیوەندیی ماساژاتەکان لەگەڵ هەخامەنشییەکاندا ئەوە دەگوترێ کە لە رۆژگاری (کۆرش)دا پارێزگاکانی ئێرانی باکووری خۆرهەڵات لەناو هێرشەکانی سکاکان و ماساژاتەکان بوون هەر ئەوەش وای کردووە کۆرش ئاگاداری گەلانی باکوور بکاتەوە. لەو رۆژگارەدا ژنێك بەناوی (تۆمۆرۆس) لە (ماساژاتەکان) فەرمانڕەوایی کردووە، کۆڕش پەیامێکی لەگەڵ نێردراوێکدا بۆ نارد بووە کە داوای دەکات شوی پێ بکات بەڵام (ئۆمۆرۆس) ئەوەی بە فێڵ زانیوە بۆیە لەگەڵیا کەوتۆتە شەڕەوە و لەو شەڕەدا کۆڕش کوژراوە و لاشەکەی هێنراوەتەوە بۆ (پاسارگاد)ی پایتەخت و خراوەتە گۆڕەوە.

(ماساژاتەکان) لە شەڕدا توانایەکی گەورەیان هەبووە و لەناو رووداوەکانی خۆرهەڵاتی دووریشدا ئەوانە هەردەم شوێنی هەڕەشە بوون بۆ تایەفەکانی ئاسیای ناوەند. قەواڵەکای چینی بەردەست تاکۆتایی چاخی سێیەمی پ.ز ئەوە نیشان دەدات لە ئاسیای ناوەند لە زەوییەکی بەرفراواندا گۆڕانکاریی گەورە بە توانای ماساژاتەکان لە ناوچەکەدا دروست بووە.

**سەرچاوە:**

**دکتر رقیەبهزادی/ اریاها و اراياها**
**چشم انداز درکهن تاریخ ایران/ چاپ دوم**
**پاییز ١٣٨٣ لا ٥٤-٥٥**

# پەیوەندییەکانی ئاشوور و ماد

## روانینێك بۆ ژیانی سیاسی و دروست  بوونی دەوڵەتی ئاشوور

کاتێك سارجۆنی گەورە لە شاری ئەکەد دەسەڵاتی گرتە دەست پێدەچێت سەرەتا دروست بوونی دەوڵەتی ئاشووریش بەهەمان شێوە لەسەر خاکی ئەکەد دروست  بوبێت. ئەم دەوڵەتە لە باکووری نێوان دوو رووبار دەرکەوت. مرۆڤەکانی سامی نەژاد بوون لەگەڵ کەمی جیاوازییاندا لە فەرهەنگیاندا دەچوونەوە سەر شارستانییەتی نێوان دوو رووبار لە بابل و سۆمەر. ئەوانە خۆیان سەپاند و بوونە خاوەنی دەسەڵاتی زبر و ناوی ئەو حکوومەتەش ئاشوور بوو و پایتەختی سەرتاسەری دەوڵەتەکەشیان بەناوی خوای قەومییانەوە ئاشوور ناوبرا.

لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز دەوڵەتی (هیتی) لە بابل ئاوا بوو، لەناوچوونی کە بەشەڕ و شۆڕ و ئازا و بەتوانا لای هەموان ناسرا بوون کە ماوەی (١٢٠٠) ساڵیان خایاند و (٣)ە سەردەمی دەسەڵاتی جیاجیا گرتەوە و بەردەوامییان هە بوو. هەرێمی جوگرافی زبر و هەژاری خاکەکەیان و کەمی بەروبومیان بەبەردەوامییان هە بوو. هەرێمی چواردەوری خۆیان لە زاگرۆسییەکان هۆکار بوو بۆ ئەوەی گەلێکی توند و چەکدار و ئامادەبن بە بەراورد لە چاو دانیشتوانە ناوچەییەکانیتردا.

بەتواناترین فەرمانڕەوایان کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ئاشووری نوێی دوژمنکار و داگیرکەر بوو ئاشوور ناسر پاڵی دووەم (٨٥٩-٨٨٤ پ.ز) بوو کە لە سەردەمیا ئاشوور بووە ناونیشانی یەکێك لە مەرکەزە گەورەکان و بەتواناکانی دونیای ئەو رۆژگارە، ئەوەش بە توانای ئەو چەکانەی کە هەی بوو. قەڵەمڕەوی جوگرافیای سیاسی ئاشوور لە رۆژگاری ئەودا لە باکوور گەیشتە سووریا لە دەریای سپی ناوەڕاست (میدینزانە)، بەنرخنی مەعدەنی خاو بوو وەکو مس، هەروەها دەوڵەتی دەوڵەمەندیش بوو بە ئەسپ و ئاژەڵ، ئەوەی لەبەر دەست یشا نەبوو بە رێگای بازرگانی لەگەڵ خۆرئاوای ئاسیادا لە رێگای (ماد)ەوە پێیاندەگەیشت، یان دەست یان دەکەوت.

ژیانی سیاسی ئاشوور بە دوو سەردەمیدا تێپەڕیوە: لە یەکەمدا ئاشوورییەکان تا نیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز لە ژێر دەسەڵاتی سیاسی بە توانای نێوان دوو رووباری باشوور بوون ئەوەش خایاندی تا نیوەی دووەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز کە ئاشوور توانی رزگاری ببێت. ئەوانە واتە (ئاشوور) کەوت بوونە ژێرگاریگەرێتی ئاداب و هونەر و شارستانێتی سۆمەر و ئەکەد و بابل هەروەها مرۆڤەکانی کوێستان نشینی (زاگرۆس)یش دەوریان هە بوو لە رووەوە.

ئاشوورییەکان لە نیوەی یەکەمدا حکوومەتەکەیان نفوس و دەسەڵاتی تاوەکو دەریای هەڵهاتنی خۆر واتە دەریاچەی ورمێ بڵاو کردەوە. سیاسەتی گەورە بوون لە دروشمەکانیاندا هە بوو کە سوڵتانەکانیان لە لەشکرکێشییەکانیاندا بەکاریان دەهێنا و لەسەر شێوەی سارجۆنی یەکەم دەڕۆشتن کە نازناوی گەورەی هە بوو لە هەزارەی سێیەمی پ.ز (٢٥٨٠-٢٥٣٠ پ.ز)، هەروەکو لە نووسینەکەیدا هاتووە سەرتاسەری نێوان دوو رووباری لە ژێر دەسەڵاتدا بووە و لە باکوورەوە تا باشوور هەمووی داگیر کردووە و شمشێرە خوێناوییەکی لە ئاوی کەنداودا پاك کردۆتەوە.

دوای مردنی شالمانەسری سێیەم (چاخی پ.ز) ئاشوور ماوەی دوو چاخ لە نائارمییدا ژیا بێئەوەی بتوانێت دەستی کوشندە بووەشێنێت و داگیرکەر بێت. هەڵبەتە لە قۆناغی یەکەمدا ئاشوور زۆر رووناك نییە یان زانیاری تەواو لە بەردەست دانییە. لە قۆناغی دووەمدا توانای ئاشوور لە دەسەڵاتی ئاشوور ناسرپاڵی دووەمەوە (٨٥٩-٨٨٣ پ.ز) دەست پێدەکات.

شالمانەسری سێیەم (٨٢٤-٨٥٩ پ.ز) کوڕ و جێنیشینی ئەو بوو کە هێزی جوولەکە و سووریا و ئەعرابەکان بەرانبەر بە توانای ئاشوور لە ململانێدا بوون، بەڵام لە هەوڵەکەیاندا سەرنەکەوتن.

یەکەم ئاماژەیەك بۆ (ماد) لە سەرچاوەکانی ئاشووریدا هاتووە. (شالمانەسری سێیەم) یەکەم پاشای ئاشوورییە کە گەیشتە رۆخی وڵاتی (ماد) و ناوچەی (پارسوا) کە لەوانەیە هەمان ناوچەی (ئەردەلان) یان (سەنەندەج) بێت کە لە ساڵی ٨٣٤ی پ.ز ناوی هاتووە. تێگلات پلاسەری سێیەم لە راستیدا بە توانای ئاشوورییەکان لە قۆناغی دووەمدا ساڵی ٧٤٤ پ.ز زۆر شوێنی لە زاگروس داگیرکرد کە لە (ورمێ) وە هەتاکو سنووری عیلامی گرتەوە و لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوون. ئاشوورییەکان لەمەدا ئامانجیان ئەوە بوو ناوچەکە بەکاربهێنن بۆ گرنگیپێدانی شەڕیان لە لەشکرکێشییاندا بۆ شەڕی داهاتوویان لەگەڵ مادەکاندا ئەو مادانەی توانای بەربەرەکانییان هە بوو.

دوای تێگلات پلاسەری سێیەم ژنی ئەو بەناوی پاشا (سەمیرئامیس) (٨٠٥ پ.ز) ماوەیەك بەجێگر پێشەوایەتی ئاشوورییەکانی کرد کە لە رۆژگاریدا ئاشوور توانای زۆر بوو لە شەڕدا و گەیشتە رۆخی دەریای سپی ناوەڕاست.

تێگلات پلاسەری سێیەم (٧٢٧-٧٤٤ پ.ز) لە پاشاکانی ئاشووری بوو کە، فەلەستین و سووریای داگیرکرد (٧٣٣ پ.ز) بەو کارەی هەموو دونیای گەورەی خستە ژێردەسەڵاتی و بەباشی دەیپاراست، لەوەش زیاتر ئەو وڵاتانەی لە دانیشتوانەکەی چۆڵ کرد و رەگەزی ئاشووری بەشێوەیەکی رێکوپێك لە شوێنی دانیشتوانە رەسەنەکەی دانای ئەوەشی بۆ دامەزراندن و دروست بوونی ئاسایش بوو. بەو کارانەی (٦٥) هەزار دیلی جوولەکەی لە (سامیرا)وە کۆچ پێکردن بۆ ئاشوور لە دیالە لەسەر سنووری ئاشوور دانیان هەروەها لە بەرزاییەکانی ئێرانیش ئارامییەکانی جێگیرکرد واتە لە هەندێك لە شارەکانی (ماد) دانیان، لەم کارەیدا هەتاکو بابلیشی خستەسەر وڵاتی ئاشوور.

دوای تێگلات پلاسەری سێیەم سارجۆنی دووەم (٧٢١-٧٠٥ پ.ز) لە ئاشوور دەسەڵاتی بەدەست گرت یەکەم کاری جەنگی جوولەکەکانی لە فەلەستین سەرکوت کرد و بابل و نەینەواش بوو بە ناونیشانی گەورەترین مەرکەزی دەسەڵات بۆ دونیای ئەو رۆژگارە.

لە رۆژگاری (دیاکۆ)دا (یەکەم پاشای ماد) کاتێك (سانحاریب) سەرقاڵی شەڕەکانی بوو لە بابل و عیلام کاتی تەواوی نەبوو هێرش بکاتە سەر کوێستانەکانی دوور و سەختی ماد، یان بەهانەی بەدەستەوە نەبوو لەشکرکێشی بکات بۆ ئەو مەملەکەتە تەنیا جارێك نەبێ لە رۆژگاری ئەودا ئاشوورییەکان تا (ئالیپی) رۆیشتن و گەیشتن. لە رێگایاندا باجێکی قورسیان لەسەر (ماد)ە دووردەستەکان دانا و لێیان وەرگرتن. هەڵبەتە هێرشی بەپێشەوایەتی (دیاکۆ) و عەشیرەتەکەی بەناوی (بەیت دیاکۆ). لە راستیشدا دیبلۆماسی و ترینەکانی ناوچەکە کە لە رۆژگاری ئەودا دەست پێکرد بەو شێوەی (دیاکۆ) ناونیشانی دادوەر و پێشەوایەتی مادەکانی هە بوو کە رێگای کردەوە بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی نوێ لە خاکی (ماد)دا.

دوای (سارجۆنی دووەم) سانحاریب جێنشینی ئەو بوو بەدوای سیاسەتی پێشووی باوکیا بە باشی رۆیشت. سارجۆنی دووەم بەداگیرکردنی (سامێرە) یان (یەهودییە) دەستی پێکرد کە یەکێك بوو لە شارەکانی جوولەکەنشینی فەلەستین و دانیشتوانەکەی گواستنەوە و جێگیریکردن کە (١٠) عێل بوون لە عێلەکانی باکووری خاکی ئیسرائیل لە (ماد)، بەوەش قەومێکی تری تێکەڵاوی گەلانی زاگرۆس کرد لە کۆتایی چاخی هەشتەمی پ.ز،دا تیایدا رەگەزیتری لە زاگروسدا زیاد کرد.

لە رۆژگاری (سارجۆن)دا کە جوولەکەکانی بەنەفرەت لێکراو دادەنا بۆ یەکەمجار بو گەلی غەیری ئاریایی لەناو مادەکاندا تێکەڵاوکرد. سارجۆن لە دوورخستنەوە و جێگرکردنی جوولەکەکان لە خاکی (ماد)دا دوو ئامانجی پێکا، یان بەدوایدا رۆیشت:

١- سوود وەرگرتن لە توانا و هێز و بەهرەی سوپای جوولەکەکان.

٢- بەکۆچ پێکردنی بە زۆری جوولەکەکان و بڵاوکردنەوەیان بەشارەکانی ماد بووە دەبنە هێزێك ئەوەی بەرهەڵستی دژی ئاشوورییەکان نەمێنێ لەبەرئەوەی مادەکان لە جوولەکەکان دەترسن و لە مانەوەیان لە شارەکانی خۆیاندا نیگەران دەبن و دەترسن لەوەی بەهیچ کارێك دژی ئاشوور هەڵبستن، ئەمەش وایکرد مادەکان لە ترسی پیلانی جوولەکەکان هیچ نەخشییەك لەو رووەوە تاماوەیەك ئەنجام نەدەن، لە ئەنجامی ئەوەدا (٢٢) کەس لە میرەکانی (ماد) سوێندی وەفاداری و ئیتاعەتیان بۆ پاشای ئاشوور سارجۆنی دووەم خوارد. (دە) لەو عێلە جولەکانیش کە بۆ نێوان دوو رووبار و (ماد) دوورخرا بوونەوە دوای سەدەیەك تەنیا دوو عێلی لەوانە (یەهودا) و (بنیامین) گەڕانەوە بۆ بابل.

(دیاکۆ) بە کۆکردنەوەی عەشیرەتەکانی (ماد) یەکێتی نێوانیانی بە توانا و دەسەڵاتی خۆی بەهێزکرد بۆ ئەوەی لەوە زیاتر دوانەکەوێت، باجی ساڵانەی لە ئاشووریش بڕی ئەوەش بووە هۆی ئەوەی دروشمی یاخی بوونی لە شوێنی خۆیدا بەرزکردەوە و کاری توندوتیژی لەگەڵ ئاشوورییەکاندا کرد. سارجۆن رووبەڕووی بۆوە و هێرشی بردە سەر (ماد) و (دیاکۆ)ش شکستی خوارد و دیلی کرد، بە پێچەوانە رێوڕەسمی ئاشوورییەکان ئەوی بۆ شوێنی ناسراو بە (حەما) لە شام دوورخستەوە. جگەلەوەش سارجۆن لەسەر (٢٨) کەس لە میرەکانی ناوخۆی (ماد) دانا.

لە رۆژگاری (خشەترتیە÷ (فەروەرتیش)دا (سانحاریب) (٧٠٤-٦٨١ پ.ز) راسپاردەی ناردە دەریای (خشەتریتە) بۆ رازی بوونی لە شوێنی نوێی خۆی و بۆ بەهێزی ئەو. (خشەتریتە) جگە لە مادەکان مانایيەکان و کیمریەکانیشی خستنە ژێر دەسەڵاتی خۆی و هاوپەیمانێتی لەگەڵیانا دروست کرد.

لە یەکەمین بزووتنەوەیاندا دژی ئاشوور جگە لە مادەکان گەلانی (کیمری) و (مانایی) و (سکا)یشی لەگەڵیا هاوپەیمان بوون. لەم یەکگرتنەوەدا سەرەتا پەلاماری قەڵای (کێ شاشۆ)یان دا لەسەر خاکی (پارسوا) و ئەوەش بووە سەرچاوەی دەستپێکردنی هەڵمەتەکەیان، بەڵام دڵیی و نەگونجان لەناو یا ئامادەنەبوونی مادەکان بۆ شەڕەکە نەیارەکانی دژی ئاشوور توشی شکستی هاتن.

دوای مردنی (سانحاریب) (ئەسەرحەدون) لە رۆژگاری (فەروەرتیش)دا بوو لەسەر کورسی دەسەڵاتی ئاشوور دانیشت ((٦٨١ پ.ز) لە مەدا پاشای تازە کاری سەرکوتکردنی عیلامی گرتە ئەستۆ و بەپێی داب و نەریتی سوڵتانەکانی ئاشووریش دوای تەواو بوونی شەڕ سەرقاڵی خۆشیی و رابواردن دە بوون. هێزە چەکدارەکانی مادیش هەتاکو ئەو کاتەش بەهێز نەبوون کەبتوانن دژی ئاشوورییەکان شەڕ بکەن کە تەواوی گەلانی ئاسیای پێشوو لە بەردەمیانا واتە

(ئاشوور) له شەڕەکانیاندا بێهێزکرد بوو. هەروەکو باسمان کرد هەر ئەو هۆکارانەش بوو وایکرد دوای هێرشی مادەکان بۆ سەرناوچەی ئاشوورییەکان هەر ئەو هۆکارانەش بوو وایکرد دوای هێرشی مادەکان بۆ سەر ناوچەی بڵندترین دەسەڵات لای ئاشوورییەکان توشی شکستی بن و پاشاش له شەڕەکەدا بکوژرێت.

(٦٢٦-٦٦٨ پ.ز) که پێگەیشتن بۆیە ئەم پاشایە بەر له سوڵتانەکانی ئاشوور پێشکەوتوو بووە و حەزی بە جوانی هونەر و هونەری تەلارسازیی و نەخش و هەڵکۆڵین و وێنەسازی کردووە و گرنگی زۆری له رۆژگاریدا پێداوە.

ئاشوور بانیپاڵ لەوانەیە دروست کەری یەکەمین کتێبخانە بێت کە لە راستیدا شەڕی لە پێناویدا کردووە، بەو کارەشی بەشێکی زۆر و گەورەی لە ئەدەبیات و زانست و زانیاری دونیای کۆنی تیایدا کۆ کردەوە. ئەم کتێبخانەیە کە لە فەرمانڕەوایەتی ئاشوور بانیپاڵدا دروست بوو لە ساڵی ٦١٢ی پ.ز دوای کەوتنی نەنیەوان و کۆتایی ئاشوور بە دەستی (هۆخسترە) (کیاکسار) کەوتە ژێر وێرانەکانی شارە رووخاوەکە و ئێستا لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بەهۆی کاری کنە و پشکنین لە ژێر خاک دەریاندەهێنن و پەیکەرە قوڕینەکانی بەدەست مان دەگات.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە لەسەر مێژووی ماد**

**بەزمانی فارسی لە زانکۆی تاران وەرگیراوە**

**هێشتا چاپ نەبووە.**

# پەیوەندییەکانی ماد و بابل

شارستانییەتی بابل یەکێکە لە درەوشاوەترین شارستانییەتەکانی کۆنی نێوان دوو رووبار و دەوڵەتی بابلیش یەکێکە لە دەوڵەتە کۆنە دەرکەوتووەکانی نێوان دوو رووبار.

پەیوەندییەکانی سیاسی-کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانی زاگرۆس بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتەکانی ماد و بابلی خۆرپەرست شوێنی بیرکردنەوەن. لەناو ئەو تایەفانەدا (کاسی) دێ کە، لە گەلانی زاگرۆس و یەکێکن لەوانەی بەر لە ئایندەی دەوڵەتی ماد لە هەزارەی سێیەم و دووەمی پ.ز"دا خاوەنی دەوڵەتی دامەزراو بوون و توانایان لەناوچەی بابل و نێوان دوو رووبار هەبووە و دەرکەوتوون. ئەوە بوو بۆ چەند چاخێك لەناوچەکەدا حکومەتیان هەبووە و شارستانییەتەکەشیان ناوچەی خۆرئاوای بەرزاییەکانی ئێرانی گرتۆتەوە کە بەشێکە لە شارستانییەتەکانی نێوان دوو رووباری قەفقاز و ئاسیای بچووك کە لەوانەوە وەرگیراوە.

لە کاتی هێرشەکان بۆ سەر نەینەوا، یان بەر لەوە بەماوەیەکی کەم لە کەوتنی نەینەوا ساڵی ٦١٤ی پ.ز دیوانی پاشا کیاکسار نزسێك وریای کردەوە ئەوەش بەهۆی بوونی پاشماوەکانی عەشیرەتەکانی (ئاسکێت) بوو کە هێشتا نەگەیش بوونە باکووری بەرزاییەکانی ناوچەکە. هەتاکو ئەو کاتەش ئەوە بوو (نابو بۆ لاسەر) مەیلی بەلای دەسەڵاتی مادەکاندا لە خاکی ئاشووردا نەبوو، بەڵام بەرانبەر بەو ترسە زۆرە بۆ پارێزگاری لەخۆیان رێکەوتنی سیاسی لەگەڵ (نابوبۆلاسەر) یەکلایەنە دروست کرا و ئاشووریش لە ئەنجامی ئەوەدا پەیوەندیی خۆی بەناوی (ئامی تیس) لەگەڵ (نەبوخەزنەسر)ی کوڕی (نابوبۆلاسەر) بچڕاند.

لە رۆژگاری هێرشەکانی ئاشوورییەکانیشدا، بابلییەکان ئازایانە دووبارە خۆیان لەبەردەم دەست وەشاندنەکانی ئاشوورییەکاندا راگرت ئەوە ناچاریکردن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئاشووری پێکەوە رێك بکەون، هۆکاری ئەو رێککەوتنەش پیلانێك بوو بۆ لێدانی ئاشوور و وێرانکردنی.

دوای مردنی سیاسی دەوڵەتی ئاشوور لە دابەش کردنی تاڵانییەکانی ئەو شوێنانەی لە ژێر دەست یا بوون لە نێوان دوو رووباری خواروو فەلەستین، بوونە بەشی بابل، هەروەها سنووری کێوەکانی زاگرۆس و دەریاچەی (وان) و ئاسیای بچووکیش بە جۆرێك کە هەموو باکووری نێوان دوو رووباری گرتەوە، بوونە موڵکی ماد، دابەش کردنی میراتی ئاشووریش یەکسان نەکراو بە زیانی ماد گەڕایەوە بۆیە لەبەر ئەو دیمەنەدا چەند تەگەرێك دروست بوو، مادیش لە زەوییەکانی دەوڵەتی ئاشوور ویلایەتەکانی کوێستانی خۆرئاوا و وێرانەکانی ئاشووری دەسکەوت، هەورەها لە چۆنیەتی دابەش کردنی ئەو سامانەش ناموناسیب و ناواقیعییانە رێڕەوی خۆی گرت کە هێز و نەخشەی گرنگی، مادەکان جێبەجێکرد کە بەهیچ شێوەیەکی یەك یەکسانی تیادا نەبوو.

دوای لە ناوچوونی ئاشوور هەتاکو بەر لەوەش شارەزای هێز و توانای ماد بوو لەو رووە حسابی بۆ دەکرد. کاتێك (نەبوخەزنەسر) هەست و پێشبینی ئەوەیکرد ترسەکە لێی نزیك بۆوە بۆیە کەوتە دروستکردنی قایمکاری بەهێز لەسەر سنووری باکووری وڵاتەکەی تاوەکو لە بەرانبەر هێرشی داهاتووی (ماد)دا بیپارێزێت.

باکووریش لەو شێوەیدا کە لە رابوردوودا خرا بووە سەر قەڵەمڕەوی ئاشوور، ئەوەش سنووری بابل و مادی زیاتر نزیك خست بۆوە، بۆیە لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەدا دەست پێشخەری کرا بۆ ئەوەی لە هەڕەشەکانی ماد دڵنیا بن بۆ ئەوەش لە باکووری بابل قایمکاری کرا و دیوارێك یان بەربەستێکی مادی دروست کرا بەو جۆرە پێشبینی (ئەشحیا) و (ئەرمیا)ش لە بارەی وێرانکردنی خاکی بابل لەسەر زمان دورکەوتەوە.

ئەوە بوو سوودی پێکەوەی سیاسی بابل و ماد لەسەر (حەڕان) لە رۆژگاری (کیاکسار)دا لەو پەڕیدا بوو ئەو واتە (کیاکسار) بەهێزی خۆی و بۆ بەرژەوەندی (ماد) تەئمینی پارێزگاری لەو پیوەندییە بکات.

لە رۆژگاری (ئاستیاگ)دا (٥٨٤-٥٥٠ پ.ز) بۆ ئەوەی پێشگیری لە هێز و دەسەڵاتی بگیرێت لە چواردەوری شاری بابل (نەبوخەنەسر) بەربەستێکی دروست کرد، ئەوەش بە پشتیوانی یۆنانییەکان و میسرییەکان بوو بۆ نەهێشتنی بەهانە بە ئامانجی ئەوەی ململانێی لەگەڵ مادەکاندا بۆ دروست نەبێت، بەو کارەش سەردەمی (٣٠) ساڵەی ئارامی نێوان ماد و بابل پشتگوێ خرا. کاتێك هیوای (نابونید)ی بابلی بەو بیناکردنە باشتر بوو گوێبیستی هەواڵی ململانێی نێوان (کۆرش) و (ئاستیاگ) بوو کە لەسەر (حەران) بگاتە لوتکە، لە راستیدا (نابونید) خۆی نا بۆوە

بەدوای هەلێکدا دەگەڕا تا هێرش بکاتە سەر مادەکان. بەو پێیە لە بەستنی یەکیەتی لەگەڵ (کۆرش)دا پەلەی کرد، ئەوەش بە سوودی ئا بووری و سیاسی ئەو تەواو بوو و بووە خاوەنی سامان.

پاشای بابلی بەو شێوەیە بەهۆی شوێنی ستراتیژی (حەران) و بڕیاری داگیرکردنی بەنهێنی ڕێگای بازرگانی نێوان سووریا و ئاسیای بچووك و نێوان دوو ڕووباری باکوور بوو و چونکە هەستکردنی بەترس لەو لایەوە بۆ دروست بوو لەلایەکی تریشەوە (نابونید) مەبەستی بوو جارێکی دیکە لە دروست کردنەوەی پەرستگای (سین)ی خوای مانگی بابلی کە لە ئەنجامی ململانێی خۆرهەڵاتی و باکوور لە ڕێگەیاندا وێرانیان کرد بوو سوود لە ڕازیکردنی دڵی پیاوە ئاینییەکان ببینن بۆ پشتگیرییان، لەمەدا بابل هۆکاری بەدەستەوە بوو لە کاتی هەستانی کۆرش دژی ئاستیاگ، بۆیە لە بووسە دا بوو باوەڕشی وا بوو کە کۆرش دڵنیایی پێدەدات کە تەئمینی پشتی سەری وڵاتەکەی بۆ دەکات. لەمەدا (نابونید بۆ ئەوە دەچوو کە هێرشی کۆرش بۆ سەر (ماد) لە حەڕانەوە دەست پێدەکات، ئەوەش لە ساڵی ٥٥٤ی پ.ز ڕوودەدا و (حەڕان) بۆ بابل دەبێت. ئاستیاگ پێشەکی ئەوەی دەزانی کە هێرشی کۆرش بۆ سەری لە حەڕانەوە دەبێت بۆ یەکگرتنی بەو پرسەدا.

دوای (نەبوخەزنەسر)ی جێ نشینی (نابو بۆلاسەر) (ئەمەل مەردوك) کە ڕووی لە ڕۆحانییەکان بوو ئەوەش هۆکاری ڕاستەوخۆی بۆ (نابونید) دروسکرد بۆ بەرپاکردنی کودەتایەك دژی کە سیستەمییەکان ئەنجامیاندا لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سیاسی فەرامۆش کرد بوو، لە شوێنی ئەو (نابونید) دەرکەوت کە هاوسەردەمی (ئاستیاگ) بوو. لە ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی (نایویند)دا ئاستیاگ ناوچەی خۆرزستان کە (بابل) ساڵانە باجی لێدەسەند خستییە سەر قەڵەمڕەوی (ماد) بەو دژەکارە بابلییەکان هۆکاری نیگەران بوونیان بۆ دروست بوو. لە مێژووی جوولەکەشدا وایدادەنێن ئەو پێشڕەوییەی (ماد) تۆڵە سەندنەوەی خوایی بوو کە لە بابل کرا. بەو جۆرە بابل لە ڕۆژگاری (نەبوخەزنەسر) و باوکیدا هەنگاوی نا و بەربەستی مادی بە دەوری شارەکەدا دروست کرد. ئەوە بەڵگەیە بۆ توانا و کارامەیی و دووربینی بابلییەکان کە دژایەتی مادی تیادا کرا.

**سەرچاوە**

**ماستەر نامەیەکە لەسەر مێژووی**
**ماد بە زمانی فارسی لە زانکۆی تاران**
**وەرگێراوە، چاپ نە کراوە.**

## پەیوەندییەکانی ماد و کیمرییەکان و سکاکان

لە کۆتایی چاخی هەشتەم و سەرەتای چاخی حەوتەمی پ.ز قەومێکی بێباك و شەرەنگێز لە لای باکووری قەفقاز دەرکەوتن و بوونە دوو بەش:

کۆمەڵێکیان لە ڕێگای ئۆرارتۆوە (ئەرمەنستانی ئێستا) ڕۆشتن و خۆیان گەیاندە ئاسیای دوور، کۆمەڵەکەیتریش بەرەو خۆرهەڵات و چوونە ئێرانی خۆرئاوا (ناوچەی مانایییەکان)، لەوێدا جێگیر بوون. ئەوانە ناویان (کیمری)یە و لە تەوراتدا بە (جۆمەر) هاتووە لە مێژووی تازەی ئەوروپاشدا بە (سمیری) ناویان دەبرێت. ویلایەتی ماناییش سەرەتا لە ڕشماڵی کۆچەرییەکاندا جێگر بوون و سکایییەکانیش بە دوایاندا ڕۆیشتن و چوونە ناوچەی مانایییەکان لە ویلایەتەکانی ماد.

ڕۆیشتنی کیمرییەکان و سکاکان لە چاخی هەشتەمی پ.ز بۆ ئێران ئەوانە جگە لە (ماد) ترسیان لە ئاشوورییەکان نەبووە و لەسەر ئەوانیش دانراون لەمەدا ئاشوورییەکان توانییان لەگەڵ ئەوانەدا هاوپەیمانێتی ببەستن و لەشکری ئاشووریش بە توانای هەمان ئەو سکایيانە توانییان (فەروەرتیش)ی کوڕی (دیاکۆ)ی پاشای ماد بشکێنن.

دکتۆر ڕەزا شەعبانی لە کێتی (گوزەرێك بە مێژووی ئێران لە مادەوە تاوەکو قاجار) دەنووسێ: هێرشی گەلانی کیمری و سکایی بۆ ناوچەکانی باکوور و خۆرهەڵات کە پێشتر بەرهێرش و تالآنی کەوت بوون لەلایەن مادەکانەوە گرفتاری زیاتری هێنایە گۆڕێ و بەڵگەیەکی پێشتریشە بۆ لەناوچوونی زووتری ئاشوورییەکان و جڵەوگیرکردنیان).

هێرۆدۆت هاتنی سکاکان بۆ ئێران بۆ ناوچەی خۆرئاوای بەرزاییەکان (خاکی ماد) بۆ بەدواچوونی کیمرییەکان بوو کە زانیارییان هە بوو.

هەندێك لە مێژوونووسانیتر هاتنی (سکا)کانیان لە ئەنجامی بزوتنی ئاشوورییەکانیان دەزانی بۆ ئەوەی شوێن بە مادەکان تەنگ بکەن، بەڵام هێڵی هاتنی سکاکان بۆ ئاسیای خۆرئاوا دادەنرێت بەوەی بەشێك بووە لە کۆچی ئارياییەکان بۆ ئێران و مانەوەیان کە پێشتر بەر لە هەزار ساڵ دەستی پێکرد بوو. بوونی سیاسی حکوومەتی سکاکانیش لە ئێراندا ٢٨ ساڵ درێژەی کێشا. مانەوەی عەشیرەتەکانی ماد بە یەکگرتوویی و (فەروەرتیش)ی پێشەوای مادی سەرکەوتوو کە کیمرییەکان و مانائییەکان، هەروەها سکاکان لە گەڵیانا یەکیانگرت. بەڵام (فەروەرتیش) دوای ئەوەی پارسەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەی (پارسوماش) لەبەردەوامی هێرشدا بۆ سەر ئاشوور دوای ٢٢ ساڵ فەرمانڕەوایەتی لە گۆڕەپانی شەڕ و ململانێدا لەگەڵ ئاشوورییەکان کوژرا. لەم بگرە بەردەیەدا ئاشوورییەکان هیچ کاتێك (ماد)یان تەواو بەکارنەهێناوە هەروەکو سکانیان بەرکاهێناوە لە ژێر سەرکرایەتی (مادریس)ی کوڕی (پارتاتوا) کە یەکێك بوو لە لایەنگرانی ئاشوور بۆ ماوەیەك، مادیش لە ساڵی ٦٥٣ تاوەکو ٦٢٥ پ.ز باجیان دەدا بە سکاکان. بەڵام دەست بەسەرداگرتن و فەرمانڕەوایەتی سکاکان بەهیچ شێوەیەك دەوڵەتی مادی لاواز نەکرد، بەڵکو بەپێچەوانەی یەکیەتی و نزیکی ماد و سکاکان کارەکانی نێوانیانی تەواوکرد و هەتاکو سکاکانیش لەمەدا بوونە هاوکاریی و ڕەواجدان بە زمانی مادی و بڵاوکردنەوەی بەشێوەیەك لە کەنداوی فارسەوە تا خوراسان مرۆڤی یەك زمان بەیدا بوو.

ئەو هاوبەشییەی زمان نەك تەنیا یەکیەتی لەناو مرۆڤەکاندا چەسپاند بەڵکو ڕێگای خۆشکرد بۆ سازاندنی یەکیەتی لەناو هەموو مرۆڤەکانی ئێرانی.

(ریشتارد فرای) سەرنەکەوتنی (خشەترینە) لە داگیرکردنی (نەینەوا)دا و ململانێی لەگەڵ ئاشووردا ئەنجامی هێرشی کوتوپڕ و شکستخواردووی بوو کە سکاکان و هاوپەیمانەکانی ئاشوور بەر لە گەیشتنی ئەوان بە قەڵەمڕەوی ئاشوور زانیبوویان.

**سەرچاوە**

**ماستەرنامەیەکە بە زمانی فارسی لەسەر مێژووی ماد لە زانکۆی تاران وەرگێراوە، چاپ نە کراوە.**

# تیشکێك بۆ سەر کیمرییەکان لە مێژوودا

لە هەزارەی یەکەمی پ.ز کیمرییەکان لە پشتی سوارەکانی رووسیای باشوور دەرکەوتن و سەچاوەکانیش هەر بەو نازناوە ناویان دەبات. هەروەکو مێژووش باسیان دەکات ئەوانە بە زۆر دوورخرانەوە بۆ باکووری قەفقاز و رۆخەکانی (ئاستیپی) لە باکووری دەریای رەش، کۆمەڵەیکیش لەمانە لە رێگای قەفقازەوە گەیشتن بە ئاسیا. لە ساڵنامەکانی ئاشووریدا ناوی سەرۆك عەشیرەتەکانی کیمری بە دەست گەیشتوون کە ناویان بەشێوەی (گیمرییەکان) یان (گیمراکان) هاتووە و لە نەژادی ئاری بوون. ئەوانە لە رێگای دەربەندەکان و لوتکەی شاخەکان بەرەو باشوور بەشێوەیەکی ناسروشتی رۆیشتوون و گەیشتوون بە بەرزاییەکانی (ئانازۆل).

بچکوڵە و سووریا و فەلەستین. لە لایەکی تر ئەوانە لەگەڵ گەلانی کۆچەری بیابانەکان لە دوای پەیداکردنی لەوەڕگا دەگەڕان بۆ ئاژەڵەکانیان بۆیە بەدوای شوێنی ئاگر پژاندا گەڕاون لە دوایێنەکانی باشووری قەفقاز بەرەوخوار بوونەتەوە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان.

لەو باسانەی لە نووسەرانی کۆنی وەکو هێرۆدۆت بە دەست مان گەیشتووە لەسەر کیمرییەکان ئەوانە یەکەمین دانیشتووی باشووری رووسیان. وەکو بزانین تەنگەڵانی کەرەچ و هەموو خاڵەکانی-تریش بەناوی ئەوانەوە ناوبراوە (هێرۆدۆت کتێبی چوارەم) لەمەدا ئاسترا بوون دەڵێ: کیمرییەکان لە رێگای بالقان و دەدرەنێك رۆیشتوون بۆ ئاسیای بچووك و چەشنی (با) هێرشیان بردووە.

ئاشوورییەکان ناوی ئەوانەی بە ((گۆرمەی کوڕی یافت)) ناوهێناوە (تەورات)یش هەر بەو جۆرە ناوی بردون بە مانا یەکسان وەستاونەتەوە.

بەڵگەکانی ئاشووری و یۆنانی کیمرییەکانیان لەگەڵ گەلانی سکاییدا بەگەلێك داناوە. ناسینی کیمرییەکان بەهۆی نووسینە کۆنەکانەوە بووە کە دوو لایەنی هەیە لەوانەیە دەرکەوتنی قەومەکەیان بەستۆتەوە بە ئەفسانە و وابەستەیان کردووە بە رۆحەکانەوە، بەپێی ئەفسانەکە ئەمانە لە ژێر زەوییەوە هاتوونەتە سەر زەوی هەروەکو زانراوە. لە لایەکیترەوە کۆمەڵێك لەوانە لە رۆخی دەریاچەی (ئاڤیرنۆس) لە ئیتالیا جێگیر بوون.

بەهۆی ئاسەواری جێماوی هۆمەر لە (ئۆدیسە) ناوی کیمرییەکان ئاشکرا بووە و بینراوە ئەوانە لە رۆخی کەنارەکانی باکووری دەریای رەش و ئاسیای بچووك هە بوون، ئەمەش راستییەکی مێژووییە و هەتاکو ناوی نیوە دورگەی (کەریمە)ش لەناوی ئەوانەوە وەرگیراوە. کۆچی ئەم قەومە لە رێگای ناوچەکانی (دانوب) یان بە قسەی هێرۆدۆت لە قەفقازەوە بووە و لە رێگای سەرەکییەکاندا بەگەلانیتر گەیشتوون، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ یەکتردا نەگونجاون شەڕ و هەرا لەناویانا هەڵگیرساوە و سەرئەنجام لە مەیدانەکەدا هەڵهاتوون.

زمانی ئەوانە ئارياییە و فەرمانڕەواکانیشیان بەهەمان شێوەن و بە قسەی هێرۆدۆت ناوی بەناوبانگترین لە فەمانڕەواکانیان (تیۆسپا) و (نوگدا)ی و (ساتداخشەترا)یە کە هەموویان ئارياییِن.

هەوڵ و کۆشش کراوە بۆ ساخکردنەوەی بنەچەی کیمرییەکان و دەرخستنی جێگای ئەوان لە دیدی کۆنینەناسەکانەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجام، لەو رووەوە وادانراوە کە ئەوانە لە باکووری قەفقاز و کەناری دەریای (ئازۆف) ژیاون پەیوەستن بە فەرهەنگی (کاتا کۆمب) بەمانا فەرهەنگی (گۆڕەبەردینەکانەوە).

لەنیوەی دووەمی هەزارەی دووەمی پ.ز سکاکان هێرشیان بردۆتە سەر ناوچەی کیمرییەکان و داگیریان کردووە و ئەو رووداوەش لە نێوانیان چەند چاخێکی خایاندووە و بووەتە هۆی ئەوەی مێژووی کیمرییەکان لە ئاسیا جیابکرێتەوە. لەنێوان چاخەکانی هەشتەم و حەوتەمی پ.ز سکاکان و کیمرییەکان لە قەفقاز و ئاسیای خۆرئاوا نفوسیان بڵاو بۆوە. ئەوانە لە کاروانی رۆشتنیاندا خاکی (گورجستان) و (ئاران)یان ئاوەدانکردەوە و خانوویان تیایاندا دروست کرد. دەستەیەکیتریش لەمانە لە رۆخی دەریاچەی ورمێ دانیشتن و خزمەتی دەوڵەتی (ماد)یانکرد. سەرئەنجام ئاشووربانیپاڵ ئەوانەی تارومار کرد و بەڕێوەبردنیشیانی بەستەوە بە سکایەکانی قەفقازەوە.

هەتاکو ئەو کاتەی بەر لە گەیشتنی ئەمانە بۆ ئەوروپا زانیارییەك دەربارەی هونەری کیمرییەکان بەدەستەوە نییە و پرسەکەش لە ژێر پەردەی گومانا ماوەتەوە، داوایەك لەسەر رەسەن نەژادی لوڕەکان نادیارە هەیە لە زاناکان رایان وایە کە مرۆڤێك بەو ناوە لە راستیدا هەر کیمرییەکانە، بەڵام بەشێکیتر دەڵێن کەلوڕەکان (هیتی)ن و لە پیشەسازیدا پێشکەوتوو بوون، لە نێوان ١٢٠٠-١٠٠٠ پ.ز ئێرانیان بەجێ هێشت و بەرەو کێوەکانی زاگرۆس هەڵهاتن.

هەروەکو ئاماژەماندا لوڕەکان لەو ناوچەیەدا دانیشتوون و کاری هونەری ئاسیای خۆیان گواستەوە بۆ ناو دانیشتوانە رەسەنەکەی.

بەپێی ئەو نووسراوانەی لەبەردەست دان لوڕەکان یەکەمین مەعدەنساز بوون لە کیمرییەکانەوە پیشەکەیان وەرگرتووە لەوانیشەوە گوێزراوەتەوە بۆ سکاکان و ئەوانیش ئەو پیشەسازییە بوون. بەڵام رایەکیتریش هەیە کە دەڵێ:

لوڕەکان بەپێی بەڵگە مێژووییەکان زیاتر نزیك بوون لەمانایییەکانی نیوەی دووەمی چاخی حەوتەمی پ.ز هەروەکو گوتراوە واتە (مانایییەکان) ئەوانە خاوەنی پیشەسازی ئەوجا نەوەرانەبوون لەوانیشەوە گەیشتۆتە دەستی سکاکان و ماوەتەوە هەتاکو ئەو کاتەی مادەکان دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەدا رۆیشتووە لێوەیان فێر بوون.

**سەرچاوە:**


**دکتر رقه بهزادی/**

**اریاها و ناراهایا/ در چشم**

**انداز کهن تاریخ ایران/ چاپ دوم**

**پاییز ١٣٨٣/ ص ٥١-٥٣**

# تیشکێك بۆ سەر (سارماتەکان) لە مێژوودا

سارماتەکان لە رۆژگارێکدا دەرکەوتن توانییان شوێنێکی گەورە لە مێژوودا بگرن، ئەمانە لە لای خۆرهەڵاتی سکاییەکانی کۆن یان ئۆکراییینی نوێ ژیاون.

هێرۆدۆت یەکەمین کەسێکە لە کتێبی چوارەمدا (مێژوو) ناوی ئەوانی هێناوە و دەڵێ: دوای ئەوەی رووباری (تانائیس)یان بڕی لە خاکی سکاییەکاندا خۆیان حەشاردا و یەکەمین ناوچەیەکیش کە بە (سارماتەکان) پەیوەست بوو گۆلاوی (مایۆنیس) بوو، ئەوانە سەرەتا لە ناوچەکانی باکوور لە شوێنێك دەژیان نەدرەختی تیادا بوو نە کشتوکاڵیشی تیادا دەکرا.

سارماتەکان لە نەژادی هیندوئەوروپایی بوون و پەیوەست بوون بە لقی باکووری کۆمەڵەی ئێران زمان کە لەسەر کۆمەڵەکانی سکایی دائەنران و هەمووشیان بە سکاییەکانی ئاسیای ناوەند دەژمێردران. سارمات پەیوەندیی نزیکی بە (ماد) و (پارس) و (پارت)ەوە هە بوو زمانیشیان وابەستە بوو بە زمانی ئاوێستایی.

سارماتەکان هەرگیز گەلێك نەبوون بۆ هەموو ئەو تایەفانەی کەسەر بەوان بوون و ناویان بەدەست گەیشتوون و تایبەتن بەوانەوە ئەمانە بە یەکێك لەو لقانە دەژمێردرێن و نموونەی لەبەرچاویش کە لەبەر دەست دایە بڕبڕەیە کە هاوبەشە لەنێوان هەموو گەلانی (سارماتی)دا.

کۆنترین گەلی ناسراو لە ناوچەکەدا (سارماتییەکان) کە لە هەندێك بەڵگەنامەی کۆندا بە (سوروماتەکان) ناویان براوە. سەرئەنجام ئەم ناوە بووەتە ناوی هەموو تایەفەکان و عەشیرەتەکانی نزیك بە یەکتری کە لەوانەیە ئالانییەکان بەهێزترینی ئەوانەبووبێت و ناویشیان لە شوێنی جوگرافیان وەرگیراوە بووەتە زاراوەیەکی کۆن تایبەت بە خۆیان.

گەلانی (سارماتی) پێکهاتووە لە: (یازیگییەکان) و (جزد) و (یاسەنامی) کە لە تایەفە سەرەکییەکانیش ئەمانە لە باسی (سەفەری ئاریستیاس)ی خەڵکی پرۆکنوس) بەئێمە گەیشتووە.

پێکەوە ژیانی سارماتییەکان و ژیانی تێکەڵاوییان لە ئەنجامی وێنە کۆنەکانەوە وەرگیراوە کە لێکۆڵەرانی مرۆڤناسی لەسەر پاشماوەی ئێسك بەند و بڕبڕە وەریانگرتووە و هەموویان هاوشێوەن لەگەڵ ئەوروپاییەکانی چاخی ئاسندا.

نووسینە کۆنەکان دەربارەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی سارماتەکان کەمتر زانیارییان لەسەر دەدات. ئەم دامەزراوانەیان دووبارە بوونەوەی هاوشێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی سکاکان بووە. (ئامیانوس مارکلینوس) لە چاخی چوارەمی پ.ز دەربارەی ئالانییەکان دەڵێ: ((ئەوانە لە پاشماوەی کۆیلە و دیل نەبوون بەڵکو لە نەژادی ئەشرافن)) هەمان خاڵیش دەربارەی سارماتەکان راستە بگوترێ لەبەر ئەوەی هیچ نووسینێکی کۆن نییە لەسەر بوونی کۆیلەتی ئەوان کە پێمان گەیشتبێت.

خاڵێکیتر کە پەیوەستە بەتایەفەکانی (سارماتی) شوێنی ژنان و بارودۆخیانە و هێرۆدۆت لە کتێبی حەوتەمی خۆیدا باسی کردووە. بە باوەڕی ئەو (سارماتەکان) لە منداڵانی ئامازۆنەکان و سکاکانن و لەگەڵ ئامازۆنەکانی کۆندا ژیاون. ژنیان بەسوارچاکی و نەبەردی ناوبانگی دەر کردووە و لەگەڵ هاوسەرەکانیاندا هاوبەشییان لە شەڕەکانیان کردووە یان پەیوەندییان پێوەکردوون، هەروەها دەڵێ: هیچ نەکوشتبێت، (هیپوکراتس) هەمان رای هێناوە و دەڵێ: مەمکی راستی ژنەکان لە منداڵەکانیان تاڵە ئەگەر ئانیشکی راستییان بۆ نیزەهاویشتن یان تیراندازی بەکاریان نەهێنابێت.

(هیپوکراتس) باوەڕی وایە کە ژنانی سارماتی تەنیا شەڕکەر نەبوون بەڵکو قسەیان لەشتی شاراوەشدا کردووە.

میحرابی بەردینی پایەدار یان سواڵەتی بازنەیی کە بەچواردەوری مردووەکەدا بەخری لە ناوەندی گۆڕەکە دانیشتێنەکەی بۆ کراوە ئەمە بۆ هەندێك لەو ژنە سارماتییانەی کۆمەڵەی گۆڕەکانی ئۆرالی باشوور دەبینرێت. لە (قۆزاقستان)یش ناوەندی گۆڕەکان هاوشێوەن و خاوەنی شتومەکی هاوشێوەی (سکایین)، ئەم شتومەکانەش تایبەتن بە ژنانی غەیزان.

دەبارەی باوەڕاکانی مەزهەبی (سارمات) زانیارییەکی زۆر لە بەردەست دا نییە و ئەوەی هەیە دەریئەخات ئەوانە هەتاو و ئاگریان پەرستوو و بەتایبەتی بۆ پاك بوونەوەیان باوەڕیان بە ئاگر بووە. لەو زانیارییانەیتر خەڵوز لە رۆخی گۆڕەکە و ناوەکەشیدا دۆزراوەتەوە و بەدەست گەیتشووە ئەوەش چیرۆکی ئەوە دەگێڕێتەوە کە لاشەکانیان سوتێنراون. وێنەیەکیتر بەپێی قسەی هێرۆدۆت کە لە کتێبی چوارەمیدا هاتووە: پەرستنی خەنجەری ئاسن کە بەناوی (ئاکیناکی) بووە و لەناو خاکدا بەپێستی ئاژەڵ پێچراوەتەوە بەناوی (مارس) خوای جەنگ سوێندیان پێخواردووە.

وێنەیتر کە تایبەتن بە سارماتەکان گۆڕانکارییە لـە شـێوەی گـەورە بـوونی برپـڕەدا. بـەو مانایەی سەری منداڵێك کە لەسەر شێوەیەکی تایبەت پێچراوەتەوە بـۆ ئـەوە بـوو لـە گـەورە بوونیدا شێوەیەکی تایبەت وەربگرێت، و لە ٧٠٪ی ئەو برپڕانەش کە بە ئێمـە گەیـشتوون لـە گۆڕەکاندا شێوەی سروشتییان نەماوە. ئەم وێنەیە لە ئاسیای ناوەند لە نـاوا بـووە لەسـەرەتای چاخی عیسابیدا بەتایبەتی لەناو (نۆنەکان)دا، لەوانەشـە ئالانـەکانی خۆرهـەڵاتی کاتێـك لـە دەشتەکانی قۆزاقستان ژیا بن ئەو کارەیان ئەنجام دابێت.

سارماتەکان باوەڕیان بە ژیانی دوای مردنیان هەبووە و ئەمیـشیان بـە بـەردەوامی ژیـانی دونیایی زانیوە. فەرمانی رێورەسمی مردووناشتنەکە و دانـانی بابـەتی نـاو گۆڕەکـەش دیـار و ناسراوە و بۆ مردووەکەش تفاقی پێویست بۆ کۆچکردنەکەی بۆ دونیایەکیتر بۆ ئامادە کـراوە. ژنەکان بە پێویستیان زانیوە لەگەڵ خۆیانا پیاوەکانیـان بـۆ دونیـای دووەم بـەرن. ئـەم گەلانـە جارێك مردووەکانیان شاردۆتەوە و جارێکیش سووتاندوویانە.

(سارماتەکان) هاوشێوەی سکاکانی ئێران بوون لە ئاسیا و شێوە دەستەیەکی ئێران بوون کە بە گشتی ناوی ساکییەکانیان لێنرا بوو تاوەکو لقێکی ئێرانی بووبن بـەمانا وەکـو مادەکـان و پارسەکان و پارتەکان کە دوژمنی سەرسەختی سـکاییەکان بـوون و لێیـان جیـاواز بـوون. لـە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە زمانی ئاوێستی دەرکەوتووە کە (سارماتییەکان) لە بنەچـەی رەسـەنی ئارییاییەکان بوون. قـەومی ئاوێـستیش لـە (ئالانـەکان) کـە دروست بوون بـە توانـاترین و کۆمەڵگای زۆرن کە تیایان تایەفەکانی (سارماتی) دروست بوون. زمانی ئاوێستیش بـە زۆری هاوشێوەی زمانی پەهلەوییە.

**سەرچاوە:**

**(هێرۆدۆت کتێبی چوارەم)**

# ئاشنابێتیی ماد و سکا لە رۆژگاری (کیاکسار) (هۆخشترە)دا

**دەتوانین ئەم قۆناغە دابەش بکەین بەدوو بەش:**

١- خولی یەکەم: لەم خولەدا (کیاکسار) پێویستی بە ناسینی سولتەی سکایی هە بوو تاوەکو بەر لە داگیرکردنی (نەینەوا) ئەو ناسینەوە بەردەوامی هەبێت. لێرەدا (کیاکسار) (کەیخوسرەو) دوای ئەوەی قەوارەی سیستەمی سیاسی بەهونەری شەڕی سوارەکانی سکایی لە جەنگی پایتزانیدا بەهێزکرد بووە هۆی ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵیان پەیدا بکات. مادەکانیش هەندێك لەو هونەرە ئاساییەی سکایانیان وەرگرت.

لە کۆتایی چاخی هەشتەمی پ.ز دوژمنانی ئاشوور دوای ئەوەی لە تەواوی هونەری شەڕی ئاشوور ئاشنا بوون، ئەوەش بەهۆی ئەو شەڕ و پێکدادانەبوو کە لەگەڵیان بەردەوام دەیانکرد، ئەوەش بووە هۆکاری ئەوەی ئەزموونی زۆریان لەگەڵیان هەبێت و سەرکەوتنشیان بەدەست هێنا لە دامەزراندنی بەرەیەکی دژ بە ئاشوور، بەڵام بەهۆی لاوازییان و نەپاراستنی یەکیەتی نێوانیان نەیانتوانی ئامانجی خۆیان بە سەرکەوتن بگەیەنن. ئەمە لە کاتێکدا بوو مادەکان بۆ پاراستنی خۆیان باجیان دەدا بەسکاکان، ئەوە بووە هۆی ئەوەی خۆیان لە شەڕ و خراپەکاری و دەست درێژی ئاشوور بپارێزن بۆ ئەوەی پیاوانی دەرکەوتوو و پاشاکانیان نەکەنەوە بەرچاویان، ئەم کارەش بۆ ئەوە بوو ئامادەی دوا رووبەڕوو بوونەوە ببنەوە لەگەڵ ئاشوور.

لەو روانگەیەوە (کیاکسار) سوور بوو لەسەر رووبەڕوو بوونەوە و شەڕی کۆتایی لەگەڵ ئاشوور، بۆیە کاتێك گەیشتنە دەروازەی داگیرکردنی نەینەوا توشی هێرشی غافڵگیرانەی سکاکان بوونەوە و ناچار بوون بۆ ماوەیەك دەست لەشەڕی ئاشوور هەڵبگرن و بکەونەوە شەڕەوە لەگەڵ سکاکاندا، بەڵام مادەکان لە ناوچەی دەریاچەی ورمێ شکستی گەورەیان بەسەرهات و بەمەرجی قورس لە مردن، یان لەناوچوون رزگاریان بوو، مانەوە هەتاکو کیاکسار لە دانانی نەخشەی پیلانێکدا میوانداری لە گەورە پیاوەکانی (سکا)ی کرد و هەموویانی کوشت، بەوەش پاشاکانی (ئاسکیت) سەرنگوون بوون و پاشای مادیش سەرلەنوێ هێزەکانی کۆ کردەوە و بە یارمەتی بابل و پارسەکان دواگورزی لە قەوارەی ئاشوور وەشاند.

٢- خولی دووەم: ئەم خولە، خولی سەرکەوتنەکانی کیاکسار و دەستپێکردنی فراوانکارییەکانیەتی لەسەر داوای مادەکان کە بە، بەزاندنی سکاکان دەست پێیکرد.

کیاکسار لە خولی دووەم تەکەیدا دوای ئەوەی تەواو رزگاری بوو لە شەڕی سکاکان کەوتە هێرشێکی سەرتاسەری کە بۆ خۆی بڕیاری دابوو.

پاشای ماد دوای ئەوەی هاونەژادەکانی کۆ کردەوە لە مانایییەکان و ئاسکیتەکان و بە هەمان شێوە ئۆراتۆییەکان و خستنەپاڵ دەوڵەتی ماد سەرکەوتنی بەدەست هێنا. هەڵبەتە ئاماژە بە قسەیەکی دیاکۆنۆف کە لە یەکێك لە سەرچاوە نادیارەکانی خۆرهەڵاتی کۆنی ساڵی ٥٩٣ی پ.ز وەریگرتووە، سکاکان ویلایەتی خودموختاری خۆیان هە بوو و سەر بە مادەکان بوون ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت نەیانتوانیوە هێز و توانای ئەوان لەناو بەرن.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە بە زمانی فارسی لەسەر مێژووی ماد وەرگێراوە لە زانکۆی تاران، چاپ نە کراوە.**

# یادەوریی شکستی ساڵانەی سکاکان
# لەبەرانبەر مادەکاندا

بەشانازییەوە شکست و کۆتاییهێنان بـە ململانـێ سـکاکان لـەناو مادەکانـدا سـاڵانەبووەتە جەژنێك کە لە جەژنە سەرەکییەکانە. ئەم یادەوەرییە بـە خواردنـەوەی شـەراب و سـەما دەست پێدەکات، کە بووەتە سومبولێك مادەکان ئاهەنگی بۆ دەگێـڕن کـە یـادی شکسـتی سـکاکانە و سەرکەوتنی مادەکان بەسەریان، هەروەکو زووتر باسمان کـرد کـە چـۆن بـەفێڵ سەرخۆشـیانکردن. ئەوەش لاواز کردنیان بوو بە جۆرێك کە (پەروێز رەجەبی لە ئاسترا بـوون وەریگرتـووە لـە کتێبـی پێنجەمی کە، دەڵێ: (کیاکسار ئەو پیرۆزی سەرکەوتنەی خستۆتە پاڵ خوا (میهـەنش) و پێـوەی بەند کردووە، ئەو خوا لە پەرستگای ئاناهیتاشدا شوێنی هەبووە و ئـەو جەژنـەش بـەردەوام بـەو شێوەیە رۆیشتووە. لەم جەژنەدا مرۆڤەکان پۆشاکی سکایی دەپۆشن و لەگەڵ ژنـە هاورێکانیـان و هاوشانەکانیدا شەراب دەخۆنەوە و ئاهەنگ دەگێڕن کە یادگاری شکستی سکاکان نیشان دەدەن.

رەجەبی کە لە (ویندیشمەن)ی وەرگرتووە لەو رووەوە دەڵێ: ئەم داب و نەریتە پەیوەستە بە رۆژگـاری ماد هەروەکو دەزانرێت. بوونی سکاییەکان لـەناو جوگرافیـای (مـاد)دا گـرێ کـوێرەی پەیوەندییـەکانی دەرەوەی بۆ (ماد) زیاتر کردووە، ئەوەش لە یەکگرتنی (کیاکسار) لەگەڵ (لیدی)یەکاندا دەگەڕێنەوە.

لە رۆژگاری پاشایەتی (کیاکسار)دا کاریگەری ململانێی سـکاکان لـەناو هۆزەکانـدا، یـان بنەماڵەکانی (ماد) زیاتر بوو، ئەوە بوو سەرەتا (کیاکسار) بە دڵدەی پەنابەری (ئاسکیتەکان) رازی بوو و باجی لە سەردانان لە هەمانکاتیشدا بوونە یارمەتیدەرێك بۆ ئـەوەی مرۆڤـی مـاد فێری هونەری شەڕ بکات بە تیروکەوان واتە (تیراندازی بەکـەوان) لەسـەرو ئەوەشـەوە بـەهۆی ئاسکیتەکانەوە فێر بوونی زمانی (ماد) و بڵاو بوونەوەی بۆ شوێنی دوور رۆیشت.

لەگەڵ ئەوانەشدا ئاسکیتەکان بـەنهێنی دوژمنایـەتی خۆیـان لەگـەڵ مادەکانـدا هێـشتەوە و بەدوای کاتێکدا دەگەڕان تۆڵەی شکستەکانیان مادەکان بکەنەوە. لـە رێکـەوتنی سـاڵی (٥٩٣ی پ.ز)دا، (کیاکسار) جارێکی دیکە هۆکاری بێبەزەیی دژ بە سـەردارانی سـکای بـۆ پـەیدا بـوو، ئەوەش بەهۆی ئەوەی سکاکان لە پیلانێکدا گۆشتی جوانمـەردێکی (مـاد) یـان (بـۆ (کیاکـسار) ئامادەکرد بۆ ئەوەی دەرخواردی بدەن بەناوی ئەوەی گۆشتی نێچیری راوە، ئـەوەش پیلانێـك بـوو لەلایەن پاشای لیدییەوە رێکخرا بوو بەهۆی ئەوەی ئاشنایەتی دۆستانەی لەگـەڵ سـکاکاندا هـە بوو، بەو هۆیەوە شەڕی (ماد و لیدی) دەستی پێکرد و ئاسکیتەکانیش دووچاری گرفت بوونەوە.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە بە زمانی فارسی لە زانکۆی تاران وەرگیراوە لەسەر مێژووی ماد / چاپ نەبووە.**

# سکاییەکان... لە گەلانی هیندوئەوروپین

لە نێوان ئەو تایەفە جیاجیایانەی ئاسیای ناوەند و ئەوروپای خۆرهەڵات، سکاییەکان کاریگەری خۆیان هەبووە و لەسەر رواوەکان هەتاکو لە چاخە تاریکەکانیشدا، ئەو کاریگەرییە بەردەوامی هەبووە، بەڵام بەدواچوونەوەش بۆ ئەوەیە تاوەکو بە وردی لە نەژادی سکاییەکان تێبگەین و پەیوەستیان بکەین بە مێژووی دێرنمانەوە. بەشێك لەو سکاییانە خۆیان دەبەنەوە سەر تایەفەی (هۆن) و هەندێکیتریش لە مێژوونووسان ئەوانە دەبەنەوە سەر نەژادی تورك، یان مەغۆل، بەڵام لێکۆڵەرانی پێشووتر لەسەر ئەوە رێککەوتوون کە، رەگ و ریشەی نەژادی سکایی دەڕۆنەوە سەر هیندوئەوروپی و لەوانەشە ئاریایی بن، زمانێك کە لەناو ئەو تایەفانەدا بەکارهێنراوە لە بنەچەدا ئاریایی بووە، بەڵام لەوانەشە لە رۆژگاری زوودا ئەو زمانە وابەستە بوو بێت بە زمانی ئاوێستاوە نەوەك فارسی کۆن، یۆنانییەکانی کۆنیش زانیارییەکانیان لەسەر ئاسکوت، سکا، یان ساکا کۆ کردووەتەوە و لەسەرچاوەی شێوەی بیابانشینەکانی دەشتەکانی ئۆراسیا بەکاریان هێناوە، لە چاخی دووەمی زایینیشدا بەتلیمۆس سکاییەکانی بردۆتەوە وادەبینێ، کە ئەوانە بەرەو ئاسیا رۆیشتوون و لە مێژووی تاریکیشیدا سکاییەکانی ئاسیای دانیشتوانی دەریای رەش لەوان جیا بوونەتەوە، لەو رۆژگارەشدا هەموو بیابان نشینەکان لە چاخی (سکا)دا بە زمانی ئاریایی ئاخاوتنیان کردووە هەر ئەوەش وای کردووە بەشێوەیەك لە شێوە پەیوەست بوون بە نەژادی یەکەوە.

رەگ و ریشەی ناوی سکا ئاشکرا نییە، بەڵام پرۆفیسۆر (بیلی) وادەبینێ کە ئەو وشەیە بە مانای مەردکان دێ و رەگ و ریشەکەش لە تونـاوە، یان لە ئازادییەوە هاتووە و بەهەمان شێوەش لە رەگ و ریشەکەدا بەهەمان مانا بەکارهاتووە، یۆنانییەکانیش ئەو ناوەیان بەسەر سکاییەکانی خۆرئاوادا گوتووە، کە لە چاخی هەشتەمی پ.ز لە باشووری خۆرهەڵاتی رووسیا بوون کە بەرەنگاری هێرش بوونەتەوە.

ناوی ئەوانە لە کتێبی پیرۆزدا بەشێوەی (ئاشکناز) پێمانگەشتووە، لە بەردە نووسراوەکانی پاشای هەخامەنشیدا (٣) کۆمەڵ لەو سکاییانە ناویان هاتووە کە (سکای) رۆخی دەریا و سکای خۆرەتیژەکان و سکای گیای خۆراك دەگرنەوە.

ئاریایی هەزارەی سێیەمی پ.ز لە کاتێکدا کۆچی گەورەی هیندوئەوروپییەکانی ئاریایی لە گۆلاوی بالخاش لە (سیبری) تاوەکو حەوزی دانۆب بە رێگی نەدەڕۆیشت جۆرێك لە تەقینەوە لەو کۆمەڵەدا روویدا ئەوەش کەمی توانای ئەوانی نیشاندا، بۆیە هەژارەکان لەم ململانێیەدا سەرکەوتن بەهۆی ئەوەی لەوانیتر جەنگاوەرتر بوون، هەر ئەوەش بەردەوامیدا بە کوچەکەیان، هەتاکو هێرۆدۆت لەو رووەوە لە کتێبی چوارەم بەندی ١٢دا وتوویە: کۆچی سکاییەکان بەرەو ئەوروپا ئەنجامی فشار بووە لەسەریان لە لای خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتدا کە (ئیسدۆن) لە ژێرفشاری ئیرماسپای ئاریایی بڕیاری ئەوەی داوە. زاناکانی یۆنانی کۆنیش بە هەڵە سکاییەکان بە کۆنترین نەژادی دونیا دائەنێن بۆ ئەوەش ترۆگۆس پۆمپیۆس مێژوونووسی چاخی یەکەمی پ.ز دووپاتی کردووەتەوە، کە سکاکان بەشێك بوون لە (میسرییەکان) کە بەر لەو ماوەیە هە بوو دژ بوو بەو تێڕوانینە و کۆنترین نەژادی دونیاش بە ژمارزانراوە، لەو سەرچاوەیەوە کە حەق لای میسرییەکان بووە لەبەر ئەوەی سکاکان ماوەیەك بەر لە چاخی هەشتەمی پ.ز بوونی خۆیان دەرنەخستووە بۆیە نەیانتوانیوە لەژێر چاودێری میسرییەکاندا قۆڵی لێ هەڵماڵن.

پشکنینەکانی رۆژگار لە گۆڕی مردووەکاندا و پشتبەستن بەو زانیارییانەی کۆن کە بەهۆیەوە بەدەست گەیشتوون ئەوەش بەگەڕان لە گرد و تەپۆڵکەکانیاندا بووە، کە تا ئەندازەیەك ئاداب و رێوڕەسمی کۆچەرەکانی چاخی سکایی ئاشکرا کردووە، سکاییەکان لە راستیدا قەومێکی خاوەن دەسەڵات بوون و لە کۆمەڵێکی گەورەی بیابانشین دروست بوون کە تایەفەکانیان بەپێی ئاماژە بە سەرچاوە کۆنەکان نەیانتوانیوە لەگەڵ یەکتردا بژین و جێگایان ببێتەوە، لەو نووسراوانەدا نازناوی سکایی لە سەرچاوەکاندا بۆ تایەفەکانی سکایی بەکارهێنراوە و ناوەکەش بە مانای خزمەکان دێ کە ئالتاییەکن بۆ تایەفەکانی بیابانشین بەکاریان هێناوە، ئاسترا بوون لە راستیدا ناوچەی (دۆبروجای بۆسکای) بچووکی ناولێناوە و جلگەش کە دەکەوێتە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی دەریای رەش بە سکای خۆرهەڵات ناوی هێناوە.

هێرۆدۆت لە کتێبی مێژووی گەورەی خۆیدا کە پەیوەست بووە پێیانەوە وادەبینێ کە نووسراو هە بووبێت بەواتەوە، بەڵام بەجێیان نەهێشتبێت هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی زانیاری تەواویان لەسەر بەجێ نەمێنێ و نەیەنە بەرچاو.

بەهەرحاڵ بڵاو بوونەوی سکاکان بە ئارەزووی خۆیان بوو بێت یان بە پێچەوانەوە لە ژێر فشاری کاروانە دیارەکاندا بایەخێکی پێنەدراوە، ئەوانە لە هەزارەی سێیەمی پ.ز رووبەڕووی لقەکانیتری ئاریایی و هیندوئاریایی بوونەوە و لە باکووری دەریای کاسپی لە شوێنێکی دیاردا توانییان لە (سەیحون) بڵاوبېنەوە، بە درێژایی هەزارەی دووەمی بەر لە زایینیش لە ئاسیای ناوەندی باکووری ئەفغانستان لەگەڵ لقەکانی ئاریایی ئێراندا کەوتنەوە شەڕەوە و لە ئەورووپای باشووریش لەگەڵ تایفەکانی خۆرئاوایی هیندوئەورووپایی پرسەکانیان یەکلایی کردەوە، سەرچاوەکانی (چین)یش ئاماژە بەوە ئەدەن کە ئەو سکاییانە بەرەو خۆرهەڵات رۆیشتوون لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز لە سنووری چین هەواڵ گەیشتووە کە ئەوانە مرۆڤێکی بە مووی سوور و چاوی سەوز ناسراون، ئەو سیفەتانەش شێوەی دەموچاوی ئاریاکان دەرئەخات، بەر لە کۆچکردنیان و تێکەڵاو بوونیان لەگەڵ دانیشتوانەکەی بەرزاییەکانی ئێران بەوەش سکاکان کۆتاییان هات تاوەکو چاخی چوارەمی دوای زایین کە دونیانایدا پێشکەوت. لە سنووری ۱۵۰۰ ساڵدا بە سەریا رۆیشت هونەری ئەوانە جارێکی دیکە لەسەر زمان دەرکەوتنەوە و بڵاو بوونەوە، جارێکی دیکە کۆنترین رێگا بۆ ناسینی ئەو سکاییانە ئەوە بوو لە چاخی ۱۷ی پ.زدا بە کۆمەڵ هێرشکرایە سەر گۆڕەکانی تەپە کۆنەکان لە (سیبری) ئامانج لەمەدا گەڕان و گرنگیدان بوو پێیان، بەڵام بەپێی دۆزراوەکانی ناو گۆڕەکان بۆ ئەوەش گەورەکانیان دەستووریان داوە کە ئەو سکاییانە پەرتەوازە بن، بە مۆڵەتدانی ئەو کۆمەڵانە ئەوەی دەستیان کەوتووە لەو گەنجینانە لە مۆزەخانەی ئارمیتاج لە (پترۆگراد) دایانناوە، لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا لەوانە هەن کە سەرقاڵن بە گەنجینانەوە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی هونەرەکەیان، جارێکی دیکە دوای ساڵی ۱۸٦۰ی زایینی هەنگاوێك کە (رادلۆڤ) لە سیبریا خەریکی کاری کنە و پشکنین بوو هەڵکۆڵینی ئەو لە (کاتاندا)ش لە باشووری ئالتایی درێژەی هە بوو لە سیبریە لە ژێر چینی شەختدا لاشە و کەلوپەلی دۆزینەوە کە بە باشی پارێزگارییان لێکرا بوو، بە هەمان شێوە لە رووسیاش کنەکردن نموونەکانی هونەری جانەوەری ئەوانەی بە دەست گەیاندین، لە راستیدا بەهۆی ئەوە دۆزینەوانە سەرگوزشتەی ئەو قەومە دەرکەوتوو، لەو کارە جوانکارییانەدا کە خاوەنی هونەری سەرسوڕهێنەر و بە توانان لە فەرهەنگەکەیاندا پلەیەکی بەرزیان هەیە. هەتاکو ئێرە پەیوەست بوو بە سکاکان کە سەرەتای زانیارییەکانمان بەو هونەرە بۆ سنووری ۱۷۰۰ی زایینی دەگەڕێتەوە بە (یەنی سەئی) ناسراون.

سکاکان ماوەی ۲۸ ساڵ لە بەشێکی گەورەی ئاسیای خۆرئاوا فەرمانڕەوایەتییان کردووە بەڵگەش بۆ ئەو مێژووە بەشێك لەوانە بەرەو خۆرئاوا رۆیشتون کە توانییان لە نێوان دەریای کاسپی و دەریای ئۆراڵدا، بە جلگە ناسراوە داگیربیکەن، ئەوسا بەهۆی خزمایەتییەوە تێکەڵاوی داهای بوون و لە ئەنجامدا گرووپێك لە نەژاد هاتەکایەوە کە دوای ۳۰۰ ساڵ ئاشکانییەکان لە ناویاندا دروست بوون.

سکاکان خۆیان دەبەنەوە سەر بنەچەی باپیرەیان بەناوی (تارگی تائوس) کە بە بیری ئەوانە بنەچەکەیان پێکهاتووە لە دوو توخم، خوای ئاسمان لەگەڵ کچی رووباری (دنیپەر) کە نیوەی ژنە و نیوەکەیتری مار بووە هەروەکو زانراوە، لە ئەرۆ پاش هەر یەکێك لەو گرووپانەی کە سەرکردایەتی سکاییەکانیان بە دەست بووە و گەورە و شکۆدار بوون، لەناویاندا گرووپی کوبانی دێ کە یەکێکن لە کۆنترین گروپەکانی پەیوەندیی و بەهێزی خۆیان لە بەکارهێنانی چەك و شەڕدا، گۆڕەکانیشیان کەلوپەلی زۆریان تیادا هەن لە ئاڵتون و شتیتر کە بەشێکی زۆر لەوانە نموونەی پیشەسازی کاری ناوازە دەژمێردێن، لەگەڵ ئەوانەشدا ژمارەیەك لە ئەسپ بۆ قوربانی پێشکەشکراون لە کاتی مردنی سەرۆك عەشیرەتەکەیاندا.

سکاکانی دەسەڵاتدار لە چاخی شەشەمی پ.ز بە دواوەیان لەوانەیە دوای (۱۰۰) ساڵیش لەو مێژووە لەو ناوچەیەی کە بە (دۆن) و (دەنیپەر)ی سنووردار ناسراون تیایدا جێگیر بوون زەوییە بە پیتەکانی (پۆلتاڤا)یان بۆ خۆیان برد و لەوێوە ژیانی ملهوڕییان گرتەبەر، زۆرینەی ئەشرافی سکایی کە لەناو فەرهەنگی یۆنانیدا باسیان هاتووە، ئاسەواری هونەریشیان باسکردوون، لە رووی بەرێوەبردنەوە سکاییەکان فەرمانڕەوایەتییەکەیان دابەش کردووە بە چوار ناوچەوە، هەر ناوچەیەك لە ژێر دەسەڵاتی دادوەرێکدا بووە، ئەم دادوەرانە لە کۆ بوونەوی ساڵانەیاندا کۆمەکییان بە یەکتری کردووە لە شەڕەکاندا، بۆ ئەمە کەسانێکیان لە کۆنترین دوژمنانی خۆیان کوشتووە، هەروەها لەبەردەم دادوەر و تەماشاکەرانیشدا خوێنی دوژمنەکەیان رشتووە و بەو رێگایەش ئازایەتی دوژمن چووەتە دڵیانەوە، هەتاکو بە قسەی (هێرۆدۆت)یش پێستی سەری دوژمنەکانیان گرووە و کردوویانەتە دەستە سر، جگەلەوەش کانزایەکی گرانبەهاشیان کردووەتە ناوکاسەی سەریەوە لەناو قەدییەوە هەڵیانواسیوە و دواتریش لەگەڵ براکەیدا پەیمانی ئاشتییان بەستووە و سوێندییان بۆ یەکتری خواردووە و سوودیان لێبینیوە، دەبێت ئەوەش بخەینە بەرچاو کە ژیان لەناو عەشیرەتدا هەستکردنە بە لێپرسراوێتی و نیگەران نەبوونە ئەمەش هەست پێکردنێکی دیارە و شتێکی زۆر نییە، جگە لەوەش کەسانی بیابانشین سیستەمیك پەیڕەو دەکەن کە بەلای کەمیش بێت سیستەمی نییە و لای دادوەریش شتێکی نەگۆڕ و گۆڕانەکانی ئاووهەوا دەوەستنەوە و تەنیا هەر بە خۆیان و سەرۆکەکەیان پشتدەبەستن، لە کۆمەڵگای سکایشدا پیاو زۆر ژن دەهێنێ و دوای خۆی کورەکانی هاوسەرەکانی باوکیان دەهێنن جگە لە دایکیان کە بە میرات ئەوەیان بۆ ماوەتەوە، هەرچەندە ئەوەش کاری پێ کراوە واتە ئەگەر

پیاوەکە بمردایە یەکێك لەو ژنانەی لەگەڵیا دەخرایە گۆڕەکەوە لەبەر ئەوەی مێردەکەی پێویستی پێیەتی بۆ خزمەتی خۆی بۆ ئەوەی رۆژگارێکیتر پێکەوە بژین، یان هاوڕێیەتی بکەن.

ژنان لەگەڵ منداڵەکانیان لە گالێسکەکانیاندا ژیان بەسەر دەبەن، گالێسکە سەرگیراوەکانیش وەکو ماڵ، یان خانووی هەمیشەییان بووە، قاپ و قاچاخەکانیشیان دەوڵەمەندانەبووە و گۆڕەکانیشیان دەوڵەمەند بووە بەو جۆرە شمەکانە و ئەوەش لە دیمەنەکانی کۆمەڵگای بیابانشیندا بەرچاو دەکەون.

لە سنووری ٣٠٠ ساڵ پ.ز چینییەکان کە دەستەیەك بوون لە تایەفەی (هیۆنگ نۆ) هەستان بە چاکسازی لە جلکی سەربازەکانیاندا، بەو پێیە بەدەست وری ئیمپەراتۆری چینی جلکی سەربازە هێرشبەرەکان گۆڕدرا بەجلکی بیابانشینەکان کە بە پلەی جلکی میللی چینییەکان دێ، ئەوەش مایەوە هەتاوەکو شەڕی دووەمی جیهانی کە لەناو سکاییەکانیشدا دەبینرا، (نابیتی ڤستا) خوای گەورەیانە کە شێوەی ئاگرە و لەگەڵ جانەوەراندا دەژی کە لەگەڵیاندا بووە و پارێزگارییان لێ کردووە، (رۆستۆڤتزیف) نیشانیدا کە خوای باسکراو بەر لە پەیدا بوونی سکاکان، لە رووسیای باشوور پەرەستوویانە، سکاکان کۆنترین قەومێك نەبوون کە ئەسپیان ماڵی کردبێت، بەڵام کۆنترین گەلێکن لە ئاسیای ناوەند کە سواری ئەسپ بوون، لە هەزارەی دووەمی پ.ز پێدەچێت لە میسر و چین و هیندستانیش ئەسپ بۆ راکێشانی گالیسکە سوودی لێ بینرابێت، سکاکان لە (پازیریك) هەموو کەسێکی بیابان نشین بەلای کەمەوە ئەسپێکی هەبووە و هەندێکیتریش لە سەرۆك عەشیرەتەکانیان ژمارەیەکی زیاتریان هەبووە بۆ ئەوەی ئەو ژمارە زۆرە لە ئەسپەکان لە گۆڕەکانی گردەکەشدا پەیوەستبن بە سەرۆکەکانی سکاییەوە کە زانیاریمان لەو رووەوە بەدەست گەیشتووە.

ڕێوڕەسمی مردوناشت لای سکاکان لە تەواوی رێز و گەورەییدا ئەنجامدراوە و لاشەکەش بەر لەوەی بخرێتە ناو گۆڕەکەوە راکێشراو مۆمیا کراوە کە بە پێویست زانراوە بۆی بکرێ، (هێرۆدۆت)یش بە درێژی ئاماژەی بەرەوشی ئەو مومیاکردنە داوە، دۆزینەوەی لاشەیەکی مۆمیاکراویش لە گۆڕەکانی (پازیریك)دا راستی ئەو مۆمیاکردنە دەسەلمێنێت. ئەوەی هێرۆدۆت دەربارەی رێوڕەسمی مردووناشتن باسی کردووە لە سەرچاوەی سکاکاندا لە کنە و پشکنینەکاندا دەرکەوتووە ئەو راستییە دەرئەخات هەروەکو دەڵێ: لە یەکەم رۆژی پێشەوای مردووەکەدا دابونەریت واباو بووە پەنجا کەس لە پاسەوانەکانی لەگەڵ ئەسپەکانیان بە زین و کەل و پەلەکانیانەوە لە (پیرامۆن) خراونەتە ناو گۆڕەکەوە کە قەوارەکەی هێندە گەورە بووە گردێکی دروس کردووە.

ئەوەی لێرەدا جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە سکاکان دراو و ئەلفبای تایبەتی بە خۆیان نەبووە ئەگەرچی کەلوپەلێك لە گۆڕەکانیان بە ئێمە گەیشتووە شێوەی ژیانی ئەوانە نیشاندەدات کە ژیانیان وابەستە بوو بە ئاژەڵدارییەوە، ئەوەش پشتبەستە بەو ئا بوورییە، بەو پێیە سکاکان کەلوپەلە هونەرییەکانیان لە وێنەی چوارپێ و جانەوەر و بەتایبەتی لە شێوەی مەڕ و بزندا نەخشێنراون، ئەو نەخشانەش کە پەیوەستی بە مانگ لە هونەری سکاییدا لە هەمان هونەری ئەرمەنیشدا کاریگەری هەبووە و هونەرەکەش لە (سیبری) بەر لە سکاییەکان رەونەقی پەیدا کردووە، هەروەها لە (قەفقاز)یش هەتاوەکو رۆژگاری (عیسا)ش ئەوە روون نەبۆتەوە کە هونەرەکە تایبەت بوو بێت بە نەتەوەیەکەوە، لە (ئەرمەنستان)یش وێنەی مانگ لەبەرد هەڵکۆڵراوە کە بە (ڤیشاب) ناوزەد کراوە، کە لە شێوەی جیاجیادا بەرچاو دەکەوێت، پێدەچێت دیمەنەکانی خوا (هواستە) بێت.

لە (پازیریك) لە کاتی سەیرکردنی لاقی سەرۆك عەشیرەتەکاندا دەرکەوت وێنەی مانگی لەسەر کوت کراوە بەشێوەی خاڵ، ئەو خاڵ کوتانەش لەسەر لاشەی سەرۆك عەشیرەتەکان و جانەوەرانی ئەفسانەییدا بەرچاو دەکەون، نەخشەکانی جانەوەریش لەناو ئاسەواری گەلانی ئاسیای ناوەندیشدا دەبینرێن هەروەکو لە رووی تابوتێك لە ناوچەی (نوێن ئۆلا) ئەو دیمەنە لە جانەوەرە باڵدارەکان نەخش کراوە.

پاشماوەی زۆر لە شاخی مانگای کێوی و شاخی لە هونەری بیابان نشینەکانی ئۆراسیایی بە ئاشکرا دەردەکەوێت، ئەوەش نیشانەیە کە شاخی مانگای کێوی لە رێوڕەسمی مەزهەبی گەلانی جودادا بەر لە چاخی بەر لە هەزاران ساڵ بەر لە چاخی مێژوویی لە نەخشەکانیاندا گرنگی زۆری هەبووە.

**سەرچاوە**

**اریاها و نا اریاها چشم انداز کهن تاریخ ایران**

**دکتر رقیه بهزادی، لا ٣٩-٤٦**

# ستراتیژ، یان سیاسەتی دەرەوەی ئاشوور

# لە چاخی حەوتەمی پ.ز

ئەسپ لە چاخی هەشتەم یان بەشێوەیەکی تایبەتی لە چاخی حەوتەمی پ.ز ناونیشانی ئامێرێك بـوو کـە هۆکار بوو بۆ ئەوەی دونیای کۆنی پێداگیربکەن، مادەکانیش بەباشترین شـێوەی یاسـای بـەخێوکردنی ئەسـپ بەناوبانگ بوون کە توانیویانە پەوردەی بکەن. سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی ئاشووریش لە چاخی حەوتەمی پ.ز کە پێشووتر رەنگیان بۆ رشت بوو لەسەر چەپاوکردنی ئەسپ پەروەردەکرا بوو یان بەشێوەی تالآنی بـاج لەسـەر عەشیرەتەکانی ماد دانرا بوو کـەلێیان دەسـەندن بـەهۆی ئـەوەی نـەیاریبیانوون، ئەمـەش بـۆ بـەکارهێنان و سوودوەرگرتن بوو لێیان بۆ کاری تایبەتی خۆیان. زۆر لەو ئەسپانەش بەکاردەهێنران بۆ گواستنەوەی ئامێرەکانی سوپا لە جەنگدا. لەمەدا ئاشوورییەکان بەهرەی بەخێوکردنی ئەسپیان لە مادەکانەوە وەرگـرت بـۆ ئـەوەی لـە کاری گرنگ و سوودبەخشدا بەکاری بهێنن. ئاشوورییەکانیش ئامانجیان لەو بەکارهێنانەدا روون بوو بۆ سوودی خۆیان دەگەڕایەوە. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە هەیە ئاشوورییەکان بە کۆتایی هێنانی پەیوەندیی باشـیان لەگـەڵ مادەکاندا کردنییە داگیرکەر، ئەوە بوو لە کۆتاییدا بەر لە چاخی حەوتەمی پ.ز توانییـان تـاوەکو سـنوورێکی دوور، بگەن بە کوێستانەکانی کرماشان و هەمەدان لە چاخی حەوتەمی پ.ز واتە گەیشتنە بـەردەمی کێـوی (بیکن) بگرن و بۆ کاری دوویەرەکی و ئاژاوەنانەوە سوودبەخشن.

(فەروەرتیش) و (هوخشترە) (کیاکسار) کە دەسەڵاتداری بەهێز بـوون لـە رووی ئامادەکـاری و رێکخستن لە سوپای سیستەمی-ئا بووری (ماد)دا دیبلوماسیەتی (ماد) یان گەیاندە قۆنـاغی زۆر هەستیار و گەورەیی. مادەکان بە سەرکردایەتی (کیاکسار) یاسای شەڕیان دانا و بەکاریان هێنا.

(کیاکسار) بۆ یەکەمجار (هارهار)ی لە رۆخی سیروان داگیرکرد کە ناوەنـدێکی بـەڕێوەبردنی ئاشوور بوو لە دەربەندەکانی زاگرۆسدا بۆ ئەوەی هێرشی بردە سـەری تـاوەکو بتوانێـت رێگـای نەینەوا بگرێت. (کیاکسار) لە یەکەم هێرشدا بەهاوپەیمانێتی بابلی و شەخسی (نابوبۆلاسـەر) بوو، ئاشووریش بەهۆی نێوانی چاکی لەگەڵ میسردا بۆ ماوەیەك رزگاری بوو.

لە هێرشێکیتریشدا بۆ سەر ئاشوور بۆ داگیرکردنی نەینەوا، مادەکان لە پشتەوە رووبەڕووی هێرشی سکاکان بوونەوە و ئاشووریش بۆ ماوەیەك لە رووخاندن یان نەمان رزگاری کـە مـاوەی ٢٧ ساڵ مادەکان باجیان بە سکاکاندا تاوەکو دوای مردنی ئاشوور بانیپـاڵ. (کیاکسار) دوای ئەوەی دڵنیا بوو لە پـشتی خـۆی بەیارمـەتی بابلییـەکان و (نابوبۆلاسـەر)ی سـەرکردەیان لـە هێرشێکی چارەنووس سازدا ساڵی ٦١٢ی پ.ز نەینەوای داگیرکـرد. لـەنێوان سـاڵەکانی ٦١٢ تاوەکو ٦٠٩ی پ.ز لەگەڵ یارمەتی میسرییەکانیش بـۆ ئاشـوور مادەکـان گـورزی گـەورەیان وەشاند و ئاشووریش لەسەر جوگرافیای سیاسی دونیای ئەو رۆژگارە کوژرایەوە. (کتسیاس) کە دوایین پاشای ئاشووری بە (ساردناپاڵ ) یان (شارۆکین) زانیوە، بە کەسێکی پەروەردەیی دانـاوە کە کاتی خۆی ئاسایییە ژیانی گوزەراندووە، هەروەها شارەزای (کیاکسار)یش نەبووە و لە ژیانی (نابوبۆلاسەر)یش بە ئاگا نەبووە، هەر ئەوەش بە بەڵگەی ئەو ئاشووری گەیاندۆتە رووخاندن.

بەم شێوەیە مادەکان یەکەم گەلێك بوون کە خۆیان لە ژێر دەسەڵاتی سوڵتەی ئاشوور رزگارکرد بـۆ ئەوەی نەبەردییان نواند بۆ بەدەست هێنانی ئـازادی خۆیـان کـە هێرشـیانکردە سـەر ئاشـوورییەکان. ئەوەش کردارێکی شێتانەبوو بۆ گەلانی تر بۆ ئەو رۆژە جارێکتر بە دوایاناچوون بـۆ دەسـت خـستنی سەربەخۆیان. ئاشوور بە بەراوردی بە (٤٠) ساڵ بەر لە ناوچوونی لەوپەڕی دەسەڵات و سەرکەوت بـوو (میسر)یش ئیتاعەتی دەکرد و (لید)یش ملکە چوار لاواز بوو و عیلامی توانای ئەوەی نەبوو سنووری ئاشوور ببەزێنێت و بچێتە ناو ئاشوور لەبەر باری خراپیان. هەموو ئەوانە بەڵگەن کە ئاشوور بەشێوەی زۆر دڕندانە و ترس و لەرزەوە بۆ سـەرکوتکردنی گـەلانی ژێرکـەوتوو سـوودی بینیـوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوانەشدا مرۆڤی ئاشوور نەیتوانیوە پارێزگاری لە سەرجەمی ئەو مەملەکەتانە بکات.

جگە لەو رێگایەش لە شێوازەکانیتریشدا خەریکی دووبەرەکی نانەوە بوو لەناو مرۆڤەکان و دەوڵەتە ژێرکەوتووەکاندا، ئەوەش بەهرەی سیاسەتی دوانەتیٚ.

(ئەسەرحەدون)یش لە راستیدا کچی خۆی داوە بەسەرداری سکایی و ئاشـوور بانیپـاڵیش دۆسـیە نهێنییەکانی لە (میسر) و (لیدیە) رۆیشتووە. بەڵام رۆشـتنی ئـەمجۆرە پیلانگێریانـە و ئەنجامـەکانی کاتی بوو ئەوە بوو، لە هێرشی کەرتەکانی باشور بۆ سەر ئاشوور قەڵانی تونـدوتۆڵی پایتـەختی کـۆنی ئاشور، (کالح-کالا) لە هێرشی یەکەمی (کیاکسار)دا گورزی گرانی بەرکەوت و سووتا و لـە هێرشـی دووەمیدا تەواو رووخا و کۆتایی هات.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە بە زمانی فارسی لەسەر مێژووی ماد کە لە زانکۆی تاران وەرگیراوە/ چاپ نەبووە.**

ئاگر لە خۆیان بەربدەن. لێرەدا دکتۆر رەزا شەعبانی ئاماژە بە رای (هانری جەز) دەدات کە وتوویە: پیری و کۆنی ئاشوور هۆکاری کەوتنەکەی بووە، بێئەوەی باسی شەڕەکە بکات. لەبارەی شکستی ئاشووریش شەعبانی رای وایە کە نەدە بوو ناوبراو بەو شێوەیە رووداوەکە بگۆڕێت.

سەرچاوە:

**ماستەرنامەکە لەسەر مێژووی ماد بە زمانی فارسی لە زانکۆی تاران وەرگیراوە/ چاپ نەبووە.**

# هۆکاری شکستی ئاشوور لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی (ماد-بابل)ەوە

لەگەڵ هەموو ئەو نووسینە جیاجیایانەی یۆنانی و کلدانی بەهەمان شێوە نووسینەکانی (کتریاس) و (هێرۆدۆت)یش کە بوونەتە سەرچاوەی دوا هێرش و شکستی ئاشوور، دوو قەواڵەی نووسراویتریش دۆزراونەتەوە کە پەیوەست بوون بە (نابوبۆلاسەر) پاشای بابل و هاوپەیمانی (هوخشترە) و (نابونید) (پاشای بابل)ی سەردەمی کۆرشی هەخامەنشی). ئەو قەواڵانەش بەهۆی کاری دێرینناسی ئەڵمانی لە بابل بەدەست مان گەیشتوون تیایاندا مەبەستی رووداوەکانی زووتر روونـاکتر دەکاتەوە لەوانەی لەو بارەوە هەن. لەو دوو قەواڵەیەدا هاتووە: بابل لەگەڵ ژمارەیەکی کەم لە مادەکان سەرکەوتن بەسەر ئاشووردا. هەڵبەتە لایەنی بەهێز لەم هاوپەیمانەتییەدا مادەکان بوون هەروەکو ئەو رایە سەرچاوەکانی یۆنانی (هێرۆدۆت-کتریاس)، کلدانی و جوولەکەش پشتگیری لێدەکەن. وادیارە بابلیەکان لەم نووسینانەدا ئەوەیان ویستووە بیڵێن بەو جۆرەی حەزیان لە سەرکەوتن کردووە بەسەر ئاشووردا بەجۆرێك کەمتر نەبێت لەو چوارچێوەیەی لەو پیرۆزییەدا کە بە دەست یان هێناوە یان دیاری کراوە بەمانای ئەوەی لای خەڵك شوێنی سەرسوڕمانە. (نابوبۆسەلار) لەو نووسینە لولەییەیدا کە یارمەتیدەرە بۆی بەو جۆرە دەدوێ: (نرگاڵ) کە بەهێزترین و بڵندترین خواکانی بابلە سەرکەوتنەکە دەباتەوە بۆ ئەوەی کە لەناو سوپای ئاشووردا (تاعون) کاری ئۆپۆزیسیۆنی دژی ئاشوور ئاسان کردووە و ئاشووریش هەموو کاتێك چووەتە ناو قولایی لاپەڕەکانی مێژووی نەوە دوای نەوەوە. سەرئەنجام ئەو شکستی و داگیرکردنەی نەینەوا وای لە پاشای ئاشوور کرد کە لەگەڵ لە کۆشکی فەرمانڕەوایەتی لە ئاشوور

# ئەنجامی شکستی ئاشوور

جوگرافیای سیاسی و مرۆڤایەتی ئاسیای بچووك لە ئەنجامی رووخاندنی نەینەوا گۆڕانی گشتی تیایدا روییدا و بە ئاسانی ئەو ویلایەتانەی کەوت بوونە رۆخی دیجلە و کابادۆکیا و ئەرمەنستان بەشی دەوڵەتی (ماد) بوون. بەپێی ئەو گۆڕانکارییانە مادەکان تا رووباری (هالیس) بەرەو پێش چوون، بەڵام پاشماوەی مومتەلەکانیتر کە، کەوت بوونە نێوان دوو رووباری خوارووو واتە سووریا و فەلەستین لە بەشی بابل بوون. بەو شێوەیە دەوڵەتی (کلدانی-بابل)ی دامەزراو بوو پارێزەری شارستانێتی کۆنی بابل.

ئەگەر چی رووخاندنی ئاشوور بۆ (ماد) دەسکەوتێکی گەورە و گرنگ و بە سوود بوو و قازانجی گەورەی (سیاسی-ئا بووری) هە بوو، بۆ بابلیش سوودی هە بوو، چونکە سوڵتەی تازەی بابل قەرزاری مەرگی ناوادەی ئاشوور بوو.

(کیاکسار) ویلایەتەکانی ئاسیای پێشوو کە زۆر دەوڵەمەند بوون و خاوەنی سامان بە ئاسانی خستیە ژێر دەسەڵاتی خۆی بۆ بابلیش شوێنی جێهێشت لەوانەی لەوەوبەر هاوسنوور بوون و لە ژێر دەسەڵاتی ئاشووردا بوون خرانە ژێژدەسەڵاتی بابل. بەو شێوەیە پارێزگاریی و پاسەوانی لە مەملەکەتەکانی دراوسێ ماد بۆ مادەکانی کوێستان نشین مانەوە و بەهەمان شێوەش ئەو شوێنانەی پلەی گەرما و زەوی تەختاییان هە بوو و بۆ ژیانی مادەکانی کوێستاننشین باش نەبوون و هەواوی سازگاریان نەبوو و تیایاندا سستی و لاوازی هە بوو لە بەشی بابل.

سەرکەوتن و پیرۆزی ماد بەسەر ئاشوور بووە هۆی گوێزانەوەی سامانی ئاشوور بۆ ژێر دەستە جیاجیاکان کە لەوە و بەر لە ژێر دەستی ئاشووردا دەیانناڵاند، وەکو دیارییەك پێشکەشیانکرا هەروەها هۆ کارێکیش بوو بۆ دروست بوونی گۆڕانکاری لەبارەی دارایی و چاك بوونی ئا بووری کە لەوەوبەرە لە لایەن ئاشوورییەکانەوە دەستی بەسەردا دەگیرا، یان باجیان لەسەریان دانا بوون.

دژایەتی و رووخاندن و داگیرکردنی ئاشووری ترسناك هۆکار بوو بۆ دەرکەوتنی کۆنترین دەوڵەت لە ئێراندا کە دەوڵەتی ماد بوو (بەمانای ئەمڕۆ) واتە ناوچەکە لە پارچە بوون و نائارامییەوە گۆڕا بۆ ئاسایش و دەوڵەتی یەکگرتوو کە رەنجی زۆری بۆ درا.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە لەسەر مێژووی ماد بە زمانی فارسی لە زانکۆی تاران وەرگیراوە، چاپ نەبووە.**

# ئاشوور له دادگای مێژوودا

ئەگەرچی شارستانییەتی دەوڵەتە کۆنەکان لەسەر هێز و دەسەڵات و سەرکەوتن و ئازار سەپاندن بەسەر ژێرکەوتووەکاندا دیاردەی بەرچاو و ئاشکران لەمەدا ئاشوورییەکان پلەی بێبەزەیی و خوێنرشتنیان لە هەموو ئەو دەوڵەتانە زیاتر بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە، ئامانجیشیان لەمەدا بۆ کۆکردنەوەی سامان و دەست بەسەرداگرتنی ناوچە دەوڵەمەندە دووردەستەکان بوو.

هەیشە لەناو ئەو شارستانییەتانەدا وەکو بابل میسر کە دامەزراون میراتی گەورەیان لە شارستانییەتی پشتاوپشت بۆ ماوەتەوە، نموونەش بۆ ئەوە بابل بۆ مرۆڤەکەی جۆرێك لە یاسا و زانست و ئەستێرەناسی هێناوە. ئەوانیتریش لەو شارستانییەتانە وەکو میسر و ئێران خانوو تەلاریان هێناوە کە هەتاکو ئێستا شوێنی سەرسوڕمانن لە دونیادا، بەڵام ئاشوور لەناو هەموو ئەونەدا جگە لە هەندێك پیشەسازی ئاشتی ئامێز نەبێت کە هەندێکیانی لەگەلانی ترەوە وەرگرتووە یان نەخشی سەربەردی درێژی هەڵکۆڵراو کە یادگاری هێرشبەرانیانن شتێکی دیکەیان نییە، کاتێکیش لەناوچوون وەکو شتێکیان نەکردبێت یان بەزاراوەی ئەمڕۆ لەکاردانەوەکانی مێژوودا رووخان و شایستەی شتێکی دیکە نەبوون غەیری ئەوەی باسمان کرد.

**سەرچاوە:**

**ماستەرنامەیەکە لەسەر مێژووی ماد**

**بە زمانی فارسی لە زانکۆی تاران**

**وەگێراوە، چاپ نەبووە.**

# تیشکێك بۆ سەر کەیخوسرەوی پاشای ماد و قەڵای گەنگ

ئێستا ئەوەی ئێمە دەیزانین ناوە کۆنەکانی قەڵای هەمەدان و وەسفەکانیەتی کە پێشینیان خستوویانە تە روو و ئەوەی هێرۆدۆت وتوویە: کە قەڵاکە لە سەنتەری ئەکبەتانەدایە واتە هەمەدان کە بە حەوت دیوار چەقەکانیان یەکیانگرتۆتەوە و دەوریان داوە و هەر یەکێك لەویتر بڵندتر بووە و بەرەنگی جیاجیا بۆیە کراون واتە (سپی و رەش و سور و ئاوی و زەرد و قاوەیی) و دانیشتوانی شارەکەش لە دەرەوەی ئەم قەڵایە خانووەکانیان دروست کردووە.

بە قسەی (پۆلیبی) نووسەری یۆنای چاخی دووەم پ.ز: ئەکبەتانە بەو شێوەیە کۆشکێك نەبۆتەوە کە گەورە و ئاڵتونی بووە، بەڵکو بەو جۆرە کە لەم شارەدا کۆشکێك دروست کراوە، کەمەرکەی ٧ کیلۆمەتر بووە... داری بنمیچەکەی و کۆڵەکەی داڵان و شوێنەکانیتری بە لەوحمی داپۆشراون و گۆرەکانیان لە زیوی پوختە بووە.)).

لە مێژووی هێرۆدۆت دروست کردنی ئەم قەڵایە دەخەنە پاڵ (دەییوك) (دیۆسپی) کە هەواڵێتر هەیە ئەو بە ناڕاست دادەنێت، چونکە بە پێی بەڵگە سەرچاوەکانی ئاشووری ئەم قەڵایە هەمان ئەو قەڵایەیە کە لە نووسراوەکانی ئاشووریدا بەناوی (کیشەمو) هاتووە و لە لەشکرکێشییەکانی ئاشووریدا لەو چاخەدا لە دەرەوەی دەسەڵاتی (دیاکۆ) بووە و فەرمانڕەوایی تریش هەبووە کە لەو بە دەسەڵاتدارتر بوون.

لە ساڵی ٧٤٤ پ.ز لە کاتی لەشکرکێشی (تیگلات پلاسەری سێیەم) کەسێك بەناوی (بیسیخادیر) هەبووە کە فەرمانڕەوای بووە. لە کاتی لەشکرکێشی سارجۆنی دووەمیشدا ساڵی ٧١٦ی پ.ز فەرمانڕەواکەی کەسێکیتر بووە بەناوی (بێلشاروسور) ئەو ناوەش یەك دەگرێتەوە لەگەڵ نووسینەکەی سارجۆنی دووەم. ئەم کەسایەتییەش دیل بووە و ئاشوورییەکانیش ناوی قەڵاکەیان بە (کارنین ئورتا) ناوهێناوە کە بۆچوونیتر هەیە بە (کارئارویگال) گۆڕاوە، لێرەدا تابلۆیەك بە وێنەی سارجۆن دانراوە و کردوویانەتە سەربازخانە کە سەرۆکی ناوچەکە تیایدا دانیشتووە و خاوەن بڕیار بووە. بەو جۆرە قەڵای (کیشەسو) گۆڕا بۆ سەربازخانەی ئاشووری لە خاکی (ماد)دا دانرا.

گەنگی حەوت دیوار کەیخوسرەو داگیری کردووە و خستوویەتە ژێردەسەڵاتی و ناوبراویش هەمان قەڵای ئەکبەتانی (کیشەسو)وە.

بەپێی سەرچاوەکانی ئاشووری قەڵای (کیشەسو) لە رۆژگاری کیاکسارەوە خراوەتە ژێر دەسەڵاتی پاشاکانی ماد، بەر لەوەش گومانێك هە بوو بەوەی کە تێکەڵییەك هەیە لەنێوان ناوی قەڵای گەنگی (سیاوەش) و قەڵای ناوبراو هەواڵی ئەو تێکەڵییەش لە کتێبی نویەمی (دینکرد) کە لە (سوتگر)ی (نەسك)ەوە گوێزراوەتەوە و بەشێکە لە کتێبی ئاوێستا، بەڵام بەشەکانیتری لەناوچووە، تیایدا هاتووە و دەڵێ: کەیکاوس لە ناوەڕاستی کێوی (ئەلبورز) حەوت کۆشکی دروست کرد، یەکێکیان لە ئاڵتون و دوو کۆشکیان لە زیو و دوانیان لە ئاسن و دوانیشیان لە (بلور) ئەمانە هەمان ئەو قەڵایە بوون کە دێوەکانی (مازندەران) وێرانیانکرد، ئەو حەوت کۆشکە نزیکی کرد بێتەوە بەخێرایی ئەو دیوارە بازنەییە دەبڕێ و جارێکی دیکە توانای ژیانی بۆ دەگەڕێتەوە و دەبێتەوە بە جوانێکی پانزە ساڵ. هەر ئەوەش وای کردووە کەیکاوس فەرمان بدات کە نابێت هیچ کەسێك لە رێگای دەروازەی ئەو کۆشکانە نزیك بێتەوە. بەو جۆرە لەم کتێبەدا شوێنی قەڵای زۆر دەبینم لە کێوی (ئەلبورز) کە، کەیکاوسی دروست ی کردوون.

لەمەدا وادێتە بەرچاوم کە تێکەڵاو بوونێك لەنێوان قەڵای هەمەدان و داستانی گوێزارنەوەی بارەگای (کاوس) (خشەپریتی) بۆ مازەندەران دروست بووبێت.

لە رووی لێکدانەوەی ناوی هەمەدان دەتوانم بڵێم لە واژەی (هەگمەتانە)وە کراوە، کە لە نووسینەکانی هەخامەنشیدا بەناوی (ئاگباتان)، (ئاکباتان) راڤە کراوە و لە یۆنانییەوە وەرگیراوە. واژەی مادیش بۆ ناوبراو لە ئاوێستادا (هەنگ مەتانە)یە وەکو زانراوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە مانای زمانەوانی ئەو ناوە شوێنی کۆ بوونەوە ناگرێتەوە کە لەوەوبەر ئاماژەدراوە. بەشی یەکەمی ئەو ناوە کە (هەنگ)ە بەمانای گەنجینە دێت و لە ئێرانی کۆنیشدا هاومانای وشەی (گەنگ)، (گەنج) دەگرێتەوە کە لە شوێنی بەکارهێنراوە. بەڵام بەشی دووەمی کە (مەتانە)یە پێکهاتووە لە وشەی (مەت)ی ئاوێستایی کە بەمانای هەمیشە زیندوو لە سەرچاوەکاندا قەڵای (ئەکبەتانە) و قەڵای (کیشەسو) یەکێك بووە ئەوەش لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاشووریدا یەکدەگرێتەوە کە شوێنی قەڵای (کەیشەسو) یان لە ئەترافی هەمەدانی ئەمڕۆ

داناوە. بەڵگەیەکی تەواوکەریتر هەیە ئەوە دەگەیەنێت کە دیمەنی قەڵای (کیشەسو) بەپێی ئەو وەسفەی لە نووسینەکانی ئاشووریدا هاتووە و پەیوەستە بە کۆتایی چاخی هەشتەم لەگەڵ دیمەنی دیوارەکانی یەکدەگرێتەوە لەگەڵ قەڵای ئەکبەتانەدا. ئەوە زانراوە کە قەڵای هەمەدان لەسەر گردێك دروست کراوە کە وەکو سەکۆیەك هاتۆتە بەرچاو. بەڵام لە نووسینەکانی ئێرانی کۆندا ئەم قەڵایە چۆنە و بە چ شێوەیەك دروست کراوە و لە ژێر چ ناونیشانێکدا وەسف کراوە یان ناوی هاتووە گۆڕانی بەسەرداهاتووە لە (بەندەهش)دا گوتراوە: (گەنگ قەڵا) لەسەر ڕێگایەك بووە ئەوەی سەیری کردووە هەمیشە بەهار بووە.

لە کۆندا کاتێك کەیخوسرەو لە دیوانەکەیدا دانیشتووە ئەوەی لەبەردەمیەوە دیویەتی (٧) دیواری ئاڵتونی و زیوی و ئاسنی و مسی زەرد و ئاوی و شین بووە کە لەنێوان (٧٠٠) ڕۆژ ڕێگای درێژدا بینراون و پانزە دەرگایان تیادا هەبووە کە نیشانەن بۆ رووبەری ئەو ڕۆژگارە و وەکو زانیاری لەسەر قەڵای هەمەدانی فەرامۆشکراو بە دەست گەیشتووە کە تەنیا ناوی لەگەڵ حەوت دیوارەکەیدا لە بیرمانا بە زیندوویەتی ماوەتەوە.

لە ئەفسانەیەکی پەهلەویدا حەوت دیوارەکە بەشێوەیەکیتر باس کراوە:

یەکێکیان لە بەرد و ئەویتر لە ئاسن و یەکێکیتر ڕەنگی ئاوی و ئەویتر زیوی و یەکێکیتر لە ئاڵتون و ئەویتر لە یاقوت. لە قەڵاکەدا چواردە شاخو شەش رووبار هە بوون کەشتی ئاوی بەناویانا ڕۆیشتووە و خاکەکەشی پڕ دانەوێڵە بووە و کاوکۆتەڵەکەی بە بەرزی مرۆڤێك لە شەوێکدا کۆ کراوەتەوە. هەر یەکێك لەو پانزە دەرگایەش بە بەرزی (٥٠) مرۆڤ دانراوە. نێوانی دەرگایەك بۆ دەرگایەکی دیکە (٧٠) ڕۆژ ڕێگا بووە و دەرگاکانیش دەوڵەمەند بوون بە ئاڵتون و زیو و بەردی بەنرخ، هەروەها لە ناویان شتیتریش بینراوە. (سیاوەش) بە یارمەتی فرەکییەکان بینای کردووە و (کەیخوسرەو)یش خستییە ژێر دەسەڵاتی و بەڕێوەی بردووە.

بەپێی وەسفی (بەندەهش) و ئەفسانەی پەهلەوی بە ئاشکرا دیارە کە قەڵای دێت و بەشەکەیتری هێمای (ئانە)یە و کۆی وشەکەش بە مانای گەنجینەی نەمر، یان زیندوو دەگرێتەوە. بۆ پشتگیری لە راست و دروست ی ئەم ساخکردنەوەیە دەتوانین بڵێین لە مانای پەهلەویدا ئەم قەڵایە بە (گەنگ قەڵا) هاتووە و کە هاومانایە بە قەڵای (گەنج) بەو پێیە ناوی شاری هەمەدان کە لەسەر ئەو بنەمایە وەرگیراوە هەمان (هەنگ مەتانە)یە کە دەتوانین بڵێین (٣) پیتی (ئانگ) کە لە زمانی ئاوێستایی مادی بەشێوەی پیتێك دێ و لەسەر زمان دەگوترێ و دوایی، کورتدەکرێتەوە و بۆ پیتی (ئا)ی بەردەست .

بەڵام لێرەدا ئەوەی لەبەرچاوە شێوەی یۆنانی ناوی شاری (ئاکباتانا)یە کە لە بنەمادا شێوە ئاوێستایی (ماد)ی یەکەی (ئاگمتانە)یە و سەرچاوەی وشەکەش (ئاگمیتە)یە کە مانای بەهرەوەر دەدا و هاومانای هەمان واژەی (هەنگ) و (گەنگ) و (گەنج) دێت و بەرچاو دەکەوێت. بەو جۆرە دەگەینە ئەنجامێك کە ناوەکانی (هەنگ مەتانە) و (هەگمەتانە) و (ئاگمەتانا) و (ئاکباتانا) و (گەنگ قەڵا) دوای ئەوە دێت کە ئەو قەڵایە کەوتۆتە دەستی کیاکسار و گەنجینەی هەژارەکانی ئاشووری بۆ گوێزاوەتەوە و لە ژوورەکانیدا داینـاوە، ئەمە تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوەیە.

لە کتێبی مێژووی (قوم) کە لە **٣٧٨**ی کۆچی دانراوە تیایدا نووسراوە بارەگای کەیخوسرەو لە هەمەدانی ناوبراو بووە هەروەکو دەڵێ: ((کەیخوسرەو هەمەدانی پاراست لە (ئافراسیاب) ئەو کارە لە داوای خوێنی (سیاوەش)ی باوکیاکرد...))

لە نووسێنکدا بەناوی فەرەیدون (کۆرش)ە: ئەوەی داوامکرد و دیم ئەوەیە کە قەڵای هەمەدان لە داستانە گەلییەکاندا لە ژێر ناوی (قەڵای هۆخت گەنگ) هاتووە کە مانای (گەنج قەڵا) دێت واتە قسەی چاك بە دەستەوە ئەدات.

**سەرچاوە**


**جواد مفردکهلان رگزارش زاد گاه رزتشت**
**و تاریخ اساگیری ایران / چاپ اول**
**زستان ١٣٧٥ لا ٢١٧-٢٢٢**

## تیشکێك بۆ سەر (ئاستیاگس)، (ئاژدەهاك)ی دوا پاشای ماد

ناوی ئەم پاشایە هێرۆدۆت بە (ئاستیاگس) لە نووسینەکانیا باسی کردووە و (کتزیاس)یش بە (ئاستی گاس) ناوی بردووە. بۆ ئەم ناولێنانە دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ ناوی پاشاکانی ماد کە لە هەشت خشتەدا بەدەست گەیشتوون و (٥)یان بۆ هێرۆدۆت دەگەڕێتەوە و سیانەکەیتریان بۆ (کتزیاس). لەو (٣) خشتەیە لە کۆی (٨) خشتەکە ئەم پاشایە ناوی بە (ئاژدەهاك) نووسراوە و (نابونید)ی پاشای بابلیش ئەوی بە ئیخ توویکو) نووسیوە، بەڵام ئەوە نەزانراوە کە (ئاستیاگس) لە (ئاستی گاس) وەرگیرابێ و ئەویش لە (ئیخ توویکو). ئەمە چ ناوێکە گومانی گەورەم بەو هۆوە لادروست بوو کە (ئاژدەهاك) هەمان ناوە کە مێژوونووسی ئەرمەنی (ماراپاس) بە (ئاشداهاك) نووسیویە کە هەمان (ئاژدەهاك)ە. بە هەرحاڵ ئەو کوڕی (هووەخشتەر)ەو ماوەی فەرمانڕەواییەکەی لەگەڵ باسکردنەکەی هێرۆدۆتدا یەکدەگرێتەوە کە ٥٨٤ تا ٥٥٠ی پ.زی خایاندووە و لەسەردەمی ئەمدا دەوڵەتی ماد لە ناوچوو کە رووداوەکانی بەم جۆرەیە:

بارودۆخی ئاسیای خۆرئاوا: کاتێك ئەم پاشایە هاتە سەر تەخت (ماد) گەورەترین دەوڵەتی ئاسیای خۆرئاوا بوو. ئەو گەورەییەی کە (هووەخشتەر) دا بووی بە (ماد) دەلالەتی لەوە ئەکرد کە ئەم دەوڵەتە داوای گەورەیی زیاترو ناوبانگی کردووە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەی چاوەڕێمان دەکرد زۆری نەبرد کە دەوڵەتی (ماد) بەدەستی کۆرشی گەورە لەناوچوو (٥٥٠ پ.ز.). (ئاژدەهاك) دەیویست لە کۆچەرییەوە بەردەوامی بە جیهانگیرییەکەی (هووەخشتەر) بدات، بەڵام بەزوویی بارودۆخی ئاسیای خۆرئاوای لەدەست چوو. دەوڵەتانی دراوسێشی نەیاندەهێشت ئەو هەوڵەی سەر بگرێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر (ماد) بیویستایە لە خۆرئاواوە فراوانی بە دەوڵەتەکەی بدات دەبوایە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی (لیدی) و (بابل) بەشەڕ بهاتایە. دەوڵەتی یەکەم بەهۆی پاشا (کرۆسۆس) بەهێز بوو، لەگەڵ (یۆنان) و (میسر)یشدا پەیوەندییەکانی دۆستانەبوو، جگە لەوەش کچەکەی پاشا، شاژنی (ماد) بوو. بابلیش پاشایی بوو (نەبوخەزنەسری دووەم)یش (٦٠٤-٥٦٢ پ.ز) ئازاو بەتوانا بوو هاوشێوەی دەسەڵاتداری ماد بوو. لەلایەکیترەوە (لیدیا) و (بابل) بەو شێوەیەی کە هێزی (ماد)یان دی بوو نەیاندەویست بەهانەی شەڕ بدەن بەدەستەوە، بەهۆی ئەوەی ماوەی (٣) ساڵ ئاشتیی و ئارامی نێوانیان تێکنەچوو بوو، لەو ماوەیەشدا (نەبوخەزنەسری دووەم) شاری بابلی بەهێز و قایمکرد، ئەو شارەی بە ئەندازەیەك جوانکرد، سەر لەنوێ (بابل) پلە و پایەی پێشووی بۆ گەڕایەوە بووە بووکی شارەکان و پایتەختی ئاسیا هەروەکو دەڵێن. دوای (نەبوخەزنەسری دووەم) لە شوێنی کەسێکی وانەبوو دابنیشێت کە کارەکانی ئەو تەواو بکات، ئاژاوەگێڕی ناوخۆش کە لە رۆژگاری (نەبوخەزنەسر) رێی پێنەدرا بوو سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. دوای ئەو چەند کەسێك هاتنە سەر تەخت بە زوویی یان کوژران یا وەکو لەسەر تەخت لابران، لە دوادا پیاوانی ئایینی بابل کەسێکیان کردە پاشا بەناوی (نابونید) کە، بە بابلی (نابوناخید)ە و ناویشی لەناو بنەماڵەی دەسەڵاتدارانە نەبووە، لەسەر تەخت دانیشت. ئەو پەپکە قوڕینانەی کە بۆ ئەو پاشایە دەگەڕێتەوە و لەکنە و پشکنیندا دۆزراونەتەوە ئەوە زانراوە کە باوکی پیاوێکی ئایینی بووە و لە پەرستگای (سین) لە حەڕان کە بەمانای خوای مانگ دێت خواپەرستی کردووە. لێرەدا بەڵگەی ئەوە هەیە کە خزمایەتی هەبووە لەگەڵ بنەماڵەی ئاشوورییەکاندا. بەهەرحاڵ ئەو کەسێك نەبوو کە بتوانێت لە شوێنی خۆیدا بەباشی دەوڵەتی بابل بەڕێوەبەرێت. پرس و راشی تەنیا بە پیاوانی ئایینی بوو بۆ ئەوەی لە کارەکانیدا هاوبەشی بکەن.

بوونی ئەو لەسەر تەخت لاوازی و سستی بابلی گرتەوە و ئەو ئارامییەش کە هەی بوو بەهۆی گەورەیی دەوڵەتەکەوە لە رۆژگاری (نەبوخەزنەسر)دا وردە وردە و لەسەرخۆ بەرەو کۆتایی چوو. لەو هەڵومەرجەدا (سووریا) واتە (دیمەشق) و (صور) بانگی راپەڕینیاندا و (میسر)یش ئەو شوێنانەی کە موڵکی بابل بوون و کەوت بوونە ژێر دەسەڵاتییەوە چاوی لەسەریان زیاد بوو. بەڵام دەوڵەتی (ماد) کە خۆی ئاگاداری بارودۆخی ناوخۆی بابل بوو بە خەیاڵە کۆنەکەیدا چووەوە بۆ ئەوەی سنووری وڵاتەکەی لای رۆژئاواوە گەورە بکات. ئەوە بوو پاشای ماد بە لەشکرێکەوە چووە نێوان دوو رووبار. وادیارە ئەم شەڕە زانیاری لەسەر نییە، هەتاکو ئەوەش نەزانراوە ئەم شەڕە لەنێوان هەردوولادا لەکوێ روویداوە یان لە چ کاتێکدا بووە. بەڵام لە پەپکە قوڕینەکانی (نابونید)دا ئەوە زانراوە کە ناوبراو کەسێکی دڵڕەق بووە و گرنگی زۆریشی بە چاککردنەوەی پەرستگای (سین) لە

(حەران) داوە. پەپکە قوڕینەکانیش زۆرینەیان زانیارییان لەبارەی ئاسەواری کۆنی بابلەوە تیایاندا هەیە. ئەو لە یەکێك لە نووسینەکانیدا ئاماژە بەوە دەدات کە، ئەگەر کۆرش کۆمەکی بە پاشای ماد نەکات شەڕی نێوان ماد و بابل درێژە دەکێشێ.

شۆڕشی کۆرش دژی پاشای ماد: بەدواداچوونێك بۆ ئەو رووداوە لە نووسینەکانی مێژوونووسانی کۆندا هاتووە، لەوانە (هێرۆدۆت) و (کتزیاس) و ژمارەیەکیتر کە چۆن ئەوانە لە زوودا باسیان لە منالّی و لاوێتی کۆرش کردووە و کارەکانی لە مێژووی چاخی پارسیدا جێگای بۆ کراوەتەوە. لەناو ئەو باسانەشدا جیاوازی لە نووسینی مێژوونووساندا هەیە کە لە شوێنی خۆیدا باسیدەکەین. پوختەی نووسینەکان ئەوە دەگەیەنن کە، کۆرش دژی پاشای ماد یاخی دەبێ و لە ئەنجامدا جەنگ یان جەنگەکانی هەمەدان دەوڵەتی ماد دەگرێتەوە و لەناوی دەبات، لەمەدا تەنیا (کزەینەفون) بەو جۆرە باسدەکات کە چۆن کۆرش دژی ماد جەنگاوە. لەوەش زیاتر کنە و پشکنینەکانی بابل کە لە (نابونید)ەوە پەپکە قوڕینەکان بەدەست گەیشتووە ئەوە دەخەنە بەرچاو کە پاشای بابل ئاماژەی بەتوانا و زیرەکی کۆرش داوە، لەگەڵ لەناوچوونی ماد. تیایدا لە تابلۆیەکدا هاتووە:

(مەردوخ)ی گەورە و (سین) کە مانای روناکی ئاسمان و زەوییە لە دوولاوە شەڕیان کردووە. (مەردۆخ) بەمنی وت: (نابونید) پاشای بابل خشت ئامادە بکە بۆ چاککردنەوە و نوێکردنەوەی پەرستگای (سین)، تاوەکو (سین) خوای گەورەم تیایدا دابنیشێت. من بە هەموو ملکەچیمەوە بە (مەردۆخ)ی گەورەی خواکانم وت: پەرستگایەك تۆ تیایدا دەربکەوێت مادەکان و لەشکرە زۆرەکەیان گەمارۆی ئەدەن و دەیڕووخێنن. (مەردوخ) وەڵامی دامەوە تۆ لەگەڵ مادەکانا دەکەوێتە وتووێژەوە، مەملەکەت و پاشاو لایەنگر و ئەوانەی سەر بە ئەوانن نامێنن. لە ساڵی سێیەمیاندا پارسەکان لەگەڵ پاشای ماد شەڕ دەکەن و لەناویان دەبەن. (کۆرش) پاشای (ئانشان)، خزمەتکاری لاو و بەهێزی (مەردۆخ) هێزەکانی ماد بڵاوە پێدەکا و (ئیخ توویکو)ی پاشای مادیش بەند دەکاو دەینێرێتەوە بۆ مەملەکەتی خۆی. (نابونید) چاودێری ئەو پێشهاتەی دەکرد و ئەو وایدەبینی کە رووداوەکە بە خەیاڵی خۆی بۆ داگیرکردنی (حەڕان) و چاککردنەوەی پەرستگای (سین) دەبێت. ئەو وایدەزانی کارەکە نزیکە بەڵام ئەوەی نەدەزانی کە چەند ساڵێکیتر سەرەی خۆی دێ و (بابل) بەدەستی کۆرش داگیر دەکرێت.

لە ناوەڕۆکی تابلۆکە پەی بەوە دەبەین کە مادەکان لەم جەنگەیاندا زیاتر لە بابلییەکان سوودمەند بوون و هەستانی (کۆرش)یش دژی مادەکان بابلی بۆ کاتی لەدەستی دوژمنێکی بەهێز رزگار کرد.

دەربارەی (ئاژدەهاك)، (ئیخ توویکو) بەبابلی و (ئاستیاگس) بە یۆنانی، نەیتوانی لە ئەرکەکەیدا سەرکەوتوو بێت. نووسینەکانی مێژوونووسانی کۆنیش بەرامبەر بە ئەو رایان جیاجیایە. هێرۆدۆت ئەو بە زۆردار و سوخرەکێش دەناسێنێ و (کتزیاس)یش بەپێچەوانەوە ئەو بە پاشایەکی پڕ بەزەیی ناساندووە، لەگەڵ ئەمانەشدا (نیکلایۆس)ی (دیمەشقی)ش دووبارە ئەوی بە پیاو چاك داناوە. هەندێکیتریش وەکو (نۆلاکە) باوەڕی وایە (هارپاگ)ی وەزیر کە لە بنەماڵەی دوژمن بە (ئیخ توویکو)ی پاشای ماد بوە ئەوی بە خراپ وەسف کردووە. بەڵام قسەکانی (تیکلایۆس)ی دیمەشقی ئەوی واتە (ئاستیاگس)ی لەناو رێز و خۆشەویستیدا داناوە. سەرئەنجام ئەوە دەبینین کە دەرخستنی ئاستیاگ یان ئاژدەهاك لە رووی ون بوونی راستییەکانەوە ناتوانین لەوە زیاتری لەسەر بڵێین. لە کۆتایی ئەم باسەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە (ماراپاس کاتینا) مێژوونووسی ئەرمەنستان باوەڕی وایە کە (ئاژدەهاك) لە جەنگیدا دژی (تیگران) پاشای ئەرمەنستان و دۆستی کۆرش کوژراوە. ناوبراو ئەو هەواڵەی لە کتێبی (موسا خۆرن) وەرگرتووە، ئەمەش پێچەوانەی نووسینەکانی مێژوونووسانی یۆنانی و رۆمییە. راستە (کزەینەفون) ناوی (تیگران)ی بردووە ئەوی بە کوڕی پاشای ئەرمەنستان ناساندووە بەڵام داستانی وای باسنە کردووە بە پێچەوانەوە (کزەینەفون) وتوویە: لە پەروەردەکردنی کۆرشدا پاشای ئەرمەنستان دەوری بینیوە بۆیە سوودی بینیوە و بەو هۆیەوە باجی بە پاشای ماد نەداوە، بەڵام کاتێك کۆرش دەسەڵاتی گرتە دەست لەشکرکێشی بۆ ئەرمەنستان کردووە و پاشای ئەوانی فێری ئیتاعەت کردووە.

بەو جۆرە سوپایەکی تێکەڵاو کە ژمارەیەك لە مادەکانیش هاوبەشییانکرد بوو بەسەرکردەیی کۆرش و بەهاوبەشی (تیگران) لە جەنگیاندا پێکەوە رۆیشتن دژی ماد شەڕ بکەن.

## سەرچاوە

**حسن پیرنیا/ ایران باستان/**

**جلد اول/ چاپ دووەم ١٣٨٢**

**لا٢٠٢ – ٢٠٦**

## تیشکێك بۆ سەر جەنگی كۆرش دژی پاشای ماد
## (ئلستیاگس)

(كۆرش) سوور بوو لەسەر ئەوەی پارس دژایەتی (ماد) بكات و رووبەڕووی ببێتەوە بۆ جێبەجێكردنی ئەم بیرەی، نامەی بەناوی پاشای مادەوە نووسی كە، ناوەڕۆكەكەی بەو جۆرە بوو: پاشا تەواوی پارسی بەمن سپاردووە و تەواوی مرۆڤی پارسیش دەبێت ئیتاعەی من بكەن. دوای ئەوە گەورەكانی پارسی كۆ كردەوە و نامەكەی بۆ خوێندنەوە. هەر بەزوویی فەرمانی تەواویدا بە سەرۆك تایەفەكان كە پیاوەكانیان بە (داس) پڕچەك بكەن. كاتێك ئەوانە ئامادە بوون فەرمانیدا (٣٧٠٠) باڵ ئالفی بێسوود لە دڕك و رووەكی دڕكاوی پاك بكەنەوە. پاش تەواوكردنی، میوانداری لەوانكرد و تەواوی ئاژەڵەكانی باوكی خۆی بۆ سەربڕین و بۆیكردنە خواردن و دەرخواردی دان. دوای نان خواردن و پشوودانیان كۆرش كە لە نزیكی ئەوانەوە بوو پێیگوت: كام رۆژ بەلای ئێوە لە هەموو رۆژەكان خۆشتر بوو، ئەمڕۆ یان دوێنێ بوو؟ ئەوان وەڵامیان دایەوە، گوتیان: گومان نییە كە ئەمڕۆیە و دوێنی نییە و بەری رەنجی خۆمان لە خواردنی خۆش خوارد و پشووماندا، كۆرش وتی: دوێنێ ئێوە گوێ بیست و دیل و ژێر دەستەی ماد بوون. ئەمڕۆ ئێوە كە هاتوون ئەگەر بەقسەی من رەفتار بكەن دژی ماد هەڵبستن بۆ ئەوەی رزگار بین. ئێوەش لە مادەكان كەمتر نین لەڕووی سیفاتی جەنگییە بەهۆی ئەوەی مرۆڤی پارس ماوەیەك بوو ژێر دەستەی (ماد) بوون و ناڕازی بوون لێیان قسەكانی كۆرش كاریگەری هە بوو لەسەریان. بەو جۆرە پارسەكان خۆیان كۆ كردەوە و دژی ماد هەستان لەم هەوڵەیدا (كۆرش)یش گەورەكانی پارسی لەخۆی كۆ كردەوە. كاتێك هەواڵ گەیشتە پاشای ماد ئەویش داوای كۆرشی كرد. كۆرش وەڵامی دایەوە باپیری زووتر هەستی بەوە كردووە و ئەوەی خشتۆتە بەرچاو، ئێستاش كە داوای دەكات لەم هەڵوێستەیدا دەزانێت بۆچییە (ئاستیاگ) بۆ جەنگ خۆی ئامادە كرد و سەركردەی لەشكرەكەشی دایە دەست هەمان (هارپاك) كە لە دڵەوە دوژمنی بەهێزی بوو بەهۆی ئەوەی لەوەوبەر بە تەگبیرو راوێژی هەڵنەستا بوو و دژایەتی كرد بوو.

هەردوو لەشكرەكە بەیەكگەیشتن بەڵام بەهۆی خیانەتی سەركردەی سوپاكەی بەشێك لە لەشكری ماد پەیوەندییان بە كۆرشەوە كرد و بەشێكیتریش نەیاندەویشت شەڕ بكەن بۆ ئەوەی شكستی بەسەریانانەیەت... لە مەیدانی شەڕەكەدا رایانكرد كاتێك ئەم هەواڵانە گەیشتنە پاشا، تووڕە بوو، خۆی چووە ناو شەڕەكە كە تیایدا كۆرش نەبەردی نواند. موغەكانیش لەوەوبەر خەوەكەیان بۆ لێكدا بۆوە و پێیان گوت بوو. سەرئەنجام تووشی ئەو راستییە و گرفتانەبوو و بەرەو نەمان چوو، دواتر كۆرش بەو لەشكرەی كە لە دوولایەنە پێكهات بوو لە مادەكان و ئەوانەی سەر پارسەكان بوون و بە پەلە هات بوون، شەڕەكەیان بردەوە و پاشاش شكستی خواردو بەدیلگیرا، ئەو مادانەش كە بەرامبەر بە پاشا بەوەفا بوون كوژران. (مارپاك) لە خۆشی ئەو سەركەوتنە نەیدەتوانی هێمن بێت، بە پاشای دوژمنی گوت: رۆژێك كە تۆ منت كردە میوان و داواتلێكردم نان بخۆم گۆشتی كوڕەكەمت دەرخوارد دام ئەو رۆژە بۆمن خراپ بوو، بەڵام ئێستا تۆ كە لە مەقامی پاشای گەورەدایت و بەندكراویت و كەوتووی چی دەڵێی؟ ئاستیاك سەیری كرد و وەڵامی دایەوە: ئێستا لێم روونە كە تۆ لەم كارەدا دەست ت هە بوو. هارپاك وەڵامی دایەوە: بەڵێ، باسی پرسەكەی بۆ ئەو كرد كە چۆن ئەو لە (ئاستیاگس) گەیشتە ئەو ئەنجامە و دوایی هات. ئاستیاك بەو بەدكارەی وت: تۆ زۆر بێ مێشكی و بێ ویژدانیشی، بێ مێشك تەواوی ئەو كارانەی كە تۆ كردووتن بۆ كەسانیترت كرد، ئەوەتنەزانی كە خاوەنت بۆ تەخت و تاجی خۆت پەیدا كرد، ئەوەش بێ ویژدانیی و رقی تۆ وایكرد كە قەومەكەی خۆت بدەیتە دەست كەسانی پارسی. ئەگەر بۆ جێگای من كەسێكیترت پێویست بوو داواتبكردایە ئەو كارەت بۆ كەسێكی مادی بكردایە.

لە كۆتاییدا هێرۆدۆت دەڵێ: سەرئەنجامی كار، ئاستیاك كە ٣٥ ساڵ پاشایەتیی كرد لە كارە خراپەكانیدا مادەكانی تووشی شكست كرد، بەڵام لە كۆتاییەكەیدا پەشیمان بۆوە. دوای ئەوەی كۆرش دەسەڵاتی لە ئاستیاك وەرگرت بوو و لە نزیكی خۆشییەوە هێشت بوویەوە و وەكو دەست بەسەر چاوی لەسەری بوو.

**سەرچاوە**

**حسن پیرنیا/ ایران باستان/ تاریخ**
**مفصل ایران قدیم/ چاپ دوم ١٣٨٢**
**لا٢٤١ – ٢٤٢**

## شەڕی نێوان (هووەخشتەر)، (کەیخوسرەو)ی مادو (لیدییە)

مادەکان و کلدانییەکان واتە (بابلییەکان) دوای داگیرکردنی ئاشوور بوونە دوو هێزی باڵادەست ، وڵاتەکەیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد. بەشی ماد ئاشوور و ویلایەتەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیای بچووك بوو. لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت ئایا بۆچی پاشای ماد ویلایەتە پڕ دەغڵ و دانەوێڵە و سامانی ئاسیای خۆرئاوای وەکو شام و فەلەستین داوە بە بابل؟ لەمەدا ئەوەی مادەکان بیریان لێکرد بۆوە ئەوە بوو کە پارێزگاری لەو سنوورە بکەن بۆ هەر هەڕەشەیەکی داهاتوو کە بکەوێتە نێوان خۆیان و بابل. ئەوەشیان هەر لەبەر ئەوە بوو بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەهۆی کوێستاننشین بوون تاوەکو بتوانن لەوێوە مەملەکەتەکانی کوێستانی ئاشوور و ئاسیای بچووك بۆخۆیان داگیربکەن لەهەمان کاتیشدا شوێنە گەرمەکانیش وەکو شام و فەلەستین بدەن بەوان چونکە لەگەڵ ژیانی ئەوان و ئاو و هەوایاندا دەگونجا.

مادەکان دوای پشوودان و بەدەست هێنانی هەل لە ناوچەی ئاشوورەوە ویلایەتەکانیان بەدوای یەکترا داگیرکرد و بەرەو پێش ڕۆیشتن. ئەو دەست بەسەرداگرتنەشیان بۆ دونیای ئەو رۆژگارە نارەحەتی بۆ دروست نەکردن لەبەر ئەوەی لە هێرشیاندا بۆ سەر ناوچەکە توانییان سکاکانی دانیشتوانی ئەو ناوە بەئاسانی بەسەریانا سەربکەون بەهۆی ئەوەی هێزی بەربەرەکانییان نەبوو لەهەمانکاتیشدا ئەوانە لە هەژاریدا دەژیان. مادەکان لەم هەوڵەیاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا بێئەوەی لە ڕێگەیاندا بەرەنگارییەك هەبێت بەو جۆرە گەیشتنە رووباری (هالیس)، لەم کارەیاندا بەرامبەر بە دەوڵەتێکی گەورە شەڕیان بۆ دروست نەبوو. ئەوەش زانراوە کە ڕێککەوتنی ئەو دوو دەوڵەتە واتە (مادو بابل) بەو هۆیە بووە کە هەردوولایان حەزیان بە گەورە بوون کردووە خۆ ئەگەر ئەوانە لەناوخۆیانا شەڕ بکەن نەیاندەتوانی بەرەو شوێنەکانیتر بڕۆن. لەمەدا دەوڵەتی ماد دەیخواست بگاتە دەریای جەزایر و هەر بەوجۆرەش بابل پێویستی بەوە بوو بگاتە دەریای مەغریب. لەو رووەوە هێرۆدۆت لە: (کتێبی یەکەم بەندی ٧٤-٧٣) رووداوێك دەگێڕێتەوە کە بەهانەی شەڕی داوەتە دەست مادەکان، قسەکردنیش لەسەر ئەوە بەو شێوەیە: (هووەخشتەر) ژمارەیەك لاوی نەجیبزادەی سپاردووە بە چەند راوچییەك لە سکاکانی دەربارەی بۆ ئەوەی فێری هونەری راوکردنیان بکەن.

رۆژێك سکاکان لەڕاو بەدەستی خاڵی دەگەڕێنەوە، پاشاش لێیان تووڕە دەبێت. سکاکان لە هەڵوێستی پاشا زویر دەبن و لە ڕێگەیاندا بۆ راوکردن یەکێك لە لاوە نەجیبزادەکانی ماد دەکوژن و گۆشتەکەی دەکەنە خواردن و لە میوانداری پاشادا دەرخواردی ئەدەن، دوایی رووەو لای (ئالیات) هەڵدێن. پاشای ماد داوای گێڕانەوەیان لە پاشای لیدی دەکات ئەویش داواکە وەرناگرێت لەو هەڵوێستەوە شەڕ دەست پێدەکات. لەم جەنگەدا هۆکاری سەرکەوتن بەلای لیدییەکاندا شکاوەتەوە لەبەر ئەوەی مادەکان: یەکەم، لە شوێنی خۆیان دوور بوون بەڵام لیدییەکان لە ماڵی خۆیاندا بەرەنگارییان بوونەتەوە. دووەم، دەوڵەتی لیدی سوپای چاك و پڕ چەکی یۆنانی هەبووە و لە هونەری شەڕیشدا بەتوانا بوون. سێیەم، سوارەی لیدی بە بەراوردی بە سوارەی مادی لە رووی چەك و سیستەمی سەربازییەوە باشتر بوون. ئەم شەڕە (٥) ساڵ درێژەی کێشا بێئەوەی ئەو دوولایەنە بگەنە ئەنجامێك. لە کۆتاییەکەیدا رۆژگیرا و لای خەڵکیش ئەوە گوتراوە کە (ئەرەستۆ تالیسی) حەکیمی یۆنانی کە لە دانیشتوانی (مەلتییە) بووە پێشبینی ئەوەی کردووە و وتوویە کە ئەم رۆژگیرانە نیشانەی تووڕە بوونی خوایە و رازی نابێت کە بەردەوامی بە جەنگەکە بدەن. هەر ئەو هەڵوێستەش وایکرد (سۆن سیۆس)ی پاشای (کیلیکییە) و (نەبوخەزنەسر)ی پاشای بابل بکەونە نێوان و هەردوولایان فەرمانیاندا کە رووباری (هالیس) سنووری نێوان دوو دەوڵەتەکە بێت. هێرۆدۆت دەڵێ (لابینت) کە مانای (نابونید). فەرمانڕەوایەتی لەو رۆژگارەدا کردووە بەڵام ئەمە شوێنی گومانە لەبەر ئەوەی (نابونید) لەو رۆژگارەدا پاشای بابل نەبوو. پاشای لیدی بەهۆی ئەو ڕێککەوتنەوە کچی خۆی (ئاردیانیس)ی داوە بە جێگی پاشای ماد (٥٨٥ پ.ز). هەندێکیش باوەڕیان وایە کە مەملەکەتی ئۆرارتۆ، یان (وان) لەسەر ئەو ڕێککەوتنەبووەتە بەشێك لە مادو پێوەلکێنراوە، بەهەرحاڵ مێژووی ئەو یەکگرتنە تەواو نەزانراوە. دوای ئەو ئەنجامە شتێکی گرنگ رووی نەدا ئەوە بوو دوای ساڵێك لەو پێشهاتە (هووەخشتەر) لە ژیانا نەما. (٥٨٤ پ.ز) گەڕانەوەیەك بۆ ساڵی ٥٨٥پ.ز ئەو راستییەی مێژووی رووداوی سەردەمە کۆنەکە دەرئەخات چونکە لەوەوبەر

بۆ ڕێککەوتنی (ماد) لەگەڵ (لیدییە) ساڵی ٦١٠ی پ.ز بۆ دانراوە. بۆ ئەو ڕۆژگیرانەش یۆنانییەکان پەنایان بردۆتە بەر پێشبینییەکەی (ئەرەستو تالیس)ی حەکیم کە وتوویە لەو ساڵەدا بووە. بەڵام زانستی ئەستێرەناسی لەوەی کۆڵیوەتەوە کە ئەو ڕۆژگیرانەی (تالی) لە ڕۆژی سێیەمی مانگی ٩ی ٦١٠ی پ.ز لە باکووری دەریای ڕەش بەگشتی و لە ئاسیای بچووک بە کەمی ڕوویداوە بەڵام ڕۆژگیرانێك کە لە ئاسیای بچووك لەو ڕۆژگارەدا هە بووبێت لە ٢٨ی ٥ی ٥٨٥ پ.ز بووە. لەمەدا هەوڵدانی ئەو دوو پاشایە بۆ بەستنی پەیمانی ڕێککەوتن بەو هۆکارە بووە کە هەردوولایان لە بەهێزی ماد ترساون بۆیە ئەو هەوڵەیان داوە شەڕەکە درێژە نەکێشێ و کۆتایی بێت بەو ئامانجەی هاوسەنگی هێزەکان تێکنەچێت و مادیش سەرنەکەوێت.

سیفاتەکانی (هووەخشتەر)، (کەیخوسرەو): ئەم پاشایە کاتێك هاتە سەرتەخت سوپای ماد شکستی گەورەی خوارد بوو بەدەستی ئاشوور، مادەکانیش بەو هیوایە دەژیان کە ڕزگاریان ببێت لە دیلێتی ئاشوور. هەر ئەوەش وایکرد (هووەخشتەر) (کەیخوسرەو) لەسەر تەختەکەی دانەنیشێت و بەو توانا و بەهرەیەی کە هەی بوو لەگەڵ ئاشوور بکەوێتە جەنگەوە، لەم هەوڵەیدا پایتەختی ئەوانی گەمارۆدا، هەرچەندە لەسەرەتادا بەدەستی سکاکان شکستی خوارد بەڵام ئەوە کۆڵی پێنەدا و پێی دڵگران نەبوو تا ئەو کاتەی لە نوێوە خۆی پڕ چەك کرد و توانی بەسەر ئەوانەدا زاڵ بێ و لە ئێران بیانکاتە دەرەوە. دوایش ئەو نەخشەیەی کە داینا بوو کۆتایی بە ئاشوور هێنا بەو هێزەی کە هەی بوو ئەوە بوو لە شەڕی دووەمدا چووە ناوەوە و سنووری مادی گەیاندە ڕووباری (هالیس) بەو کارەشی گەورەترین دەوڵەتی ئاسیای خۆرئاوای دروست کرد. بەو شێوەیە کە سەیر دەکەین مادەکانی لە کۆچەرییەوە گەیاندە دەسەڵات، یان لە کۆت و زنجیری ئاشوورییەکانەوە بۆ کۆتایی بە دەسەڵاتیان و بردنی مادەکان بەرەو باشتر و گەیاندنی سنووری بە ئاسیای خۆرئاوا کە هاوشانیان نەبوو. بەو کارانەی کە (هووەخشتەر) ئەنجامیدا بووە یەکێك لە پاشا بەناوبانگەکانی ئێران و سەرکردەیەکی ناوازەش بوو کە شوێنێکی گرنگی لە مێژوودا بۆخۆی گرت.

سنووری ماد: لە ڕۆژگاری (هووەخشتەر)دا دەوڵەتی (ماد) گەیشتە بەرزترین لوتکە لە گەورەییدا و بۆ ئەو سەردەمەش بە چاکی دەزانین سنووری ماد دیاریبکەین. لە خۆرئاواوە سنووری بەسترا بوو بە ڕووباری (هالیس) یان (قزل ئیرماق) کە لە (لیدیا)ی جیادەکردەوە. لە باشوور و خۆرئاواشەوە بابل سنووری بوو، لە لای باکووریشەوە ئەوە زانرا بوو کە مەملەکەتی (وان)، یان (ئەرمەنستان) سنووری بوو کە ڕۆژگارێك بەشێك بوو لەو دەوڵەتە و سەر بە ئەو بوو. لەمەدا گومانی تیادا نییە کە سنووری (ماد) بەر لە کەوتنی سەر بە ئەو بوو. لەمەدا گومانی تیادا نییە کە سنووری (ماد) بەر لە کەوتنی نەینەوا لە لای باشوورەوە گەیشتۆتە سنووری عیلام. دوای کەوتنی نەینەواش ئەوە نەزانراوە کە بابل، عیلام داگیر بکا و بیخاتە سەر مەملەکەتەکەی هەروەکو لەوەو بەر عیلام بەشێك بوو لە ئاشوور، ئێمە لەو باوەڕەداین کە عیلام لەو سەردەمەدا بەر لە ئاشوور بەشێك بوو لە دەوڵەتی ماد. ئەوەی جێگای باسکردنە لێرەدا ئەوەیە هێرۆدۆت لە باسی ڕووداوەکاندا ئاماژە بەوەدەکات کە تا هەستانی کۆرش یاسایەك نەبووە لە دەوڵەتی (ماد)دا کاری لەسەر کرابێت. ئەوەی پەیوەستیشە بە مەملەکەتەکانی خۆرهەڵاتی ئێرانیشەوە گومان لەوە دەکرێت کە ئەوانە بەشێك بووبن لە دەوڵەتی (ماد)، بەڵام هێرۆدۆت بۆ ئەوە دەچێت کە (فەروەرتیش) ئەوانەی خستبێتە ژێر دەسەڵاتییەوە. ئەگەر تەواوی ئەو مەملەکەتانە سەربەخۆ بووبن لەو ڕۆژگارەدا و بەشێك نەبووبن لە (ماد) گومان نییە کە دوای داگیرکردنی ئاشوور چونەتە پاڵ (ماد) هەر بەو هۆیەوە دوای چەند چاخێك ئەوە دەبینینەوە کە ئێران چۆن بووەتە خاڵی سەرنجڕاکێش و بەتواناو لەگەڵ ڕۆیشتنی سەردەمەکەشدا مەملەکەتەکان سەر بە ئەو بوون. بەو پێیە دەتوانین بڵێین سنووری ماد لە لای خۆرهەڵاتەوە تا (باختەر) و (جەیحون) درێژبۆتەوە بەڵام هەندێکیتر ڕایان وایە کە، گەیشتۆتە (سەیحون). یان گەیشتۆتە (گەیلان) و (مازندەران) کە ئەمەش نیشانەی جیاوازییە لە بۆچوونەکاندا. هەندێکیتریش لەو باوەڕەدان کە کاردۆسیانی گەیلان و پیاوانی مازندەران نەیانهێشتووە کە دەوڵەتی ماد بگاتە دەریای (خەزەر) بەڵام بەپێی نووسینەکانی (کتزیاس) ئەوە بەرچاو دەکەوێت کە کاردۆسییەکان لە کۆتایی ڕۆژگاری (ماد)دا لە ماد جیا بوونەتەوە.

### سەرچاوە


**حسن پیرنیار/ ایران باستان**

**چاپ دوم ١٣٨٢، ل١٩٩-٢٠٢ ج١.**

# شۆڕشی (گاوماتە)ی ماد

باسی ڕووداو و شۆڕشی (گاوماتە)ی موغ (ماد) دەتوانین لە پەرتووکی مێژووی مادی دیاکۆف بیخوێنینەوە: ئەو داستانە بە شۆڕشی کۆشکی پاشا ناوزەد کراوە. بۆ ئەوە چوار داتان لە چوار سەرچاوە لەبەردەست دان: لە نووسراوەکەی (بێستون)دا لە هێرۆدۆت، ژۆستین لە (تروك پۆمپ) و ئەویش لە (دنیۆن) و ئەویش لە (کتیاس) وەریگرتووە و سەرچاوەی ئەو قسانەش هاوشێوەن، کاتێك (کەمبوجییە) لەشکری بردە سەر میسر برای خۆی (بەردییە)ی بەشێوەیەکی نهێنی کوشت لەبەر ئەوەی دەترسا کە ئەو مەقامی دەسەڵات بۆخۆی بەرێت. بە قسەی هێرۆدۆت (بەردییە) لە گەشتەکەی (میسر)دا لەگەڵ (کەمبوجییە) بووە، بەڵام دوایی بۆ پارس گەڕاوەتەوە و بە فەرمانی پاشا بەدەستی کەسێك کوژراوە بەناوی (پرکساپس). بەڵام ئەم کوشتنە بە نهێنی ئەنجامدراوە کەسێکیتر بەدرۆ خۆیکردۆتە (بەردییە) و بەناو هەردووکیان (موغ) بوون: یەکێك لەو دووانە هاوشێوەی (بەردییە) بووە و ناوی ئەوی بووە و خۆی بەناوی شازادەی پارسی ناساندووە و ئەویتریش بە قسەی هێرۆدۆت (پاتیزدیتس)ە بەڵام لە نووسینەکەی بێستوندا تەنیا یەك (گاوماتە)ی (موغ) باس دەکات کە (تروك پۆمپ) و (دینۆن؟) لە بوونی ئەو ئاگادارن و (گاوماتە)ش داواکارە. بەپێی نووسینەکەی بێستون (بەردییە)ی درۆزن لە (قەڵای پێشیائاواد) لە کێوی (ئاراکادریش)دا دەرکەوتووە. لەو کێوە و لەو قەڵایەدا لەسەرچاوەکانیتریشدا ناوی براوە، بەڵام لەوانەشە لە خاکی (ماد)دا پارێزگاری لێکرابێت. (گاوماتە) لە کۆتایی ڕۆژانی حکوومەتی خۆیدا لە (ماد)دا دانیشتووە. ئەگەر باوەڕ بە قسەکانی (زەینفون) بکەین (بەردییە) لە ڕۆژگاری ژیانی خۆیدا خاوەنی ویلایەتێك بووە. بەڵام ئەوەی لە نووسینەکەی بێستوندا بەدەست گەیشتووە (گاوماتە) پارسییەکی شۆڕشگێڕ بووە نەوەك (ماد) بووبێت.

(بەردییە)ی درۆزن توانی بەئاسانی سەربکەوێت و دانیشتوانی تەواوی ناوچەکانی شاهەنشایی گەورەش وەکو پاشا ناساندییان و هەموان بۆی ملکەچ بوون و لە مانگی مایسی ٥٢٢ پ.ز بووە حاکمی تەنیا و کەس بەرهەڵستی نەدەکرد و کەسیش هاوبەشی پاشاییەکەی نەدەکرد. بە قسەی هێرۆدۆت ئەو بۆ تەواوی ویلایەتەکان و شوێنەکانیتر نێردراوی نارد و دانیشتنی خۆی لەسەر تەخت بڵاوکردەوە. لەوانە نێردراوێکی نارد بۆ (میسر) و (کەمبوجییە)ش لەو کاتەدا لە (میسر) بوو. (کەمبوجییە) بەخێرا بڕیاریدا لە (میسر)ەوە بگەڕێتەوە بۆ (پارس) بەڵام لە ڕێگا لە دونیا دەرچوو ئەوەی دەیبینم (گاوماتە) لە ئاوێستادا لەژێر ناونیشانێکدا باسی کراوە.

نیشانەی هاوشێوە لە بڕگەی ١٦ی (فەروەردین یەشت)دا هاتووە (فروهەرها)ی پاکان کە پیاوێکی ناو مەجلیسی (دانا و زمان ئاگر) و کەسێکی لەدایك بووی ئازا لە مەجلیسدا بەپێی قسەکانی وتوویەتی: کەسێك لە مەجلیسدا دەمەتەقێی زانستییانە و سەرکەوتووی پیرۆزی ئەنجامدابێت (گاوماتە) بووە. مامۆستا پورداود لە باسی (گاوماتە)دا دەنووسێ: (گاوماتە) کە بەناونیشانی چاودێری گەورەی زەردەشت و ڕێگر بووە جگە لەم سەرچاوەیەدا واتە (بڕگەی ١٦ی فەروەردین یەشت) لە هیچ شوێنێکیتری ئاوێستادا و کتێبی پەهلەویدا ناوی ئەو نەهاتووە. مانای وشەکەش نەزانراوە بەڵام لە (سانسکریتدا) (گوتمە) هەیە کە ناوی چینێکی سروودبێژی (ویدا)ی دامەزرێنەری ئایینی بوزایە. بەو هۆیەوە بەشێك لە خۆرهەڵات ناسەکان لەوانە (هۆگ گامان) (گاوماتە)ی ئاوێستای بەهەمان (گوتمە)ی دامەزرێنەری ئایینی (بوزا)ی داناوە، بۆ ئەوەش ئاماژەی داوە بە بڕگەی (١٦ی فەروەردین یەشت) کە دەمەتەقێیەکە لەنێوان (زەردەشت) و (بوزا)دا و جگە لەوەش (دارمستتر)یش لە تەرجومەکەی ئاوێستای خۆیدا لەسەر ئەم پرسە بەرهەڵستی کردووە و بەڵگەی داوە بەدەستەوە کە (گاوماتە) هەمان (بوزایە) و ئەو دەمەتەقێیەی ناوبراویش لە لای زەردەشتەوە لەگەڵ پەیڕەوانی (بوزا)دا مەبەست بووە.

ئەم گومان و کۆمەڵە بەڵگانەش بۆ بەهێزکردنی باسەکە لە هیچ کاتێکدا لەسەر بنەمایەك دروست نەبووە. (ئاسپیگڵ) بەر لە (دارمستتر) لە گۆڕینی ئاوێستای خۆی بڕگەی (١٦ی فەروەردین یەشت)ی بەجۆرێکیتر تەرجومە کردووە، لای ئەو (گاوماتە) ناوێکی تایبەت نییە بەڵکو ناوی ڕەگەزێکە و وەرگێڕاوە کە بە مانای خاوەنی گوند دێ، (گلدنەر) جارێکی دیکە مانایتری مەبەستی بەدەست هێناوە کە بە خەڵکی عەشیرەت تەرجومەی کردووە لە هەمانکاتدا (بۆستی) (گاوماتە)ی بە یەکێك لە دوژمنانی (مەزدیەسنا) باس کردووە لەوانەشە وشەی ناوبراو لە بنچەدا ناوی ڕەگەزێك بووبێت نەوەك ناوێکی تایبەت بێت. (تیلە) دەنووسێ: هەرگیز لەوانە نییە

(گاوماته)ی ئاوێستا (گوتمه)ی بوزابێت بەڵام لەوانەیە (گوتـمه) کەسێك بێت لەوانـەی پەیوەست بووبێت بە سروودی (ویدا)وە، بەڵام ئەوە راستە کە کەسێك لە ئاوێستادا لەژێر نـاوی (گاوماتـه)دا باس کراوە و (بوزا) نییە بەڵکو هەمان (گاوماته)ی موغە بە مانا (بەردییە) درۆیە و ئەو کەسەش لەوانەی رۆژگاری ناسراوی زەردەست بووە ئەمەش دەتوانین بە کەسی زەردەشتی دابنـێین و بڕیـاری لەسەر بدەین بە پێچەوانەی (بوزا) کە لە خەڵکێکی دووری باکووری خۆرهەڵاتی (هینـده) کـە لـە بنەچەدا (نیپال)ییە و لە سـنووری (٦٠) سـاڵ دوای زەردەشـت لـەدایك بـووە. ئـەوەی پێویـستی وەبیرهێنانەوەیە و دەمانەوێ بیڵێین: زەردەشت (زرتوشـترا) ناونیـشانی رۆحانییـەکانی پایـە بڵنـدی ئێرانە لەسەردەمی کۆنی (بوزا)دا. ئەوەی لەمـەدا دەردەکـەوێت نـاوی زەردەشـت لەسەرچـاوەکانی (یۆنانی-بابلی)دا و لە پەراوێزی پاشاکانی (ماد)یشدا دادوەری بابل بوون. لـە رووی زمانەوانییـەوە (گاوماته) پێکهاتووە لە وشەی گاو، ماتە، یان (تیمه) یەکەمیان مانای خزمەت و گرنگیدان دەداو وشەی (تیمه)یش وشەیەکی لێکدراوە و هەردوو وشەکەش (گاوماته) بە مانای (دانای سیفات ئازا) دێ، لەلایەکیتر ئەوە ئاشکرایە کە هەردوو ناوەکە بە (بەردییە)ی (درۆزن گوتراوە). لە رووی تیۆری زمان و شوێنیشەوە (گاوماته) نەیتوانیوە هەمان (گاوماته)ی (بوزا)ی دامەزرێنەری ئایینی (بوزی) بێت، یان (گوتمه)ە سروود خوێنی ویدایی. ئەوەی لای من بە ئەنجام گەیشتووە مانا زمانەوانییەکەیە و رەگ و ریشەی ناوەکان نییە، ئەمەش پشتگیرییە بۆ راستی شیکردنەوەی ناوەکە بە مانا گەیـشتن بەناونیشانی گشتی رۆحانییەکانی ئاریایی وەکو ناوی (موغ) کە لە ئاوێستادا بە (موغو) هاتووە و لە پارسی هەخامەنشیدا بە مانای (مەگو) وەرگیراوە. ناوەکەی لە بنەچـەدا لێکـدراوە و بەشـێکی مانای بەراوردکردنەوە و بەشەکەیتری (گۆ) بە مانای (گاو) هاتووە و بە لێکدانی هەردوو وشەکەش بە مانای (دانای سیفات بەهێز) دەدات کە هاو واتای (گاوماته)یە.

**سەرچاوە**


**و تاريخ اساگيرى ايران/ چاپ اول زمستان ١٩٧٥**

**لا ٢٧٩ – ٢٨٢**

# تیشکێك بۆ سەر شوێنەواری
# گودین تەپەی چاخی ماد

شوێنەواری گودین تەپە لە ناوچەیەکی فراواندایە دەکەوێتە سنووری دوانزە کیلۆمەتری باشووری خۆرهەلاتی (کنگاوەر)ی نزیك (کرماشان)ی نێوان کوردستان و لورستان.

شوێنەواری ناوبراو کە رووبەرێکی گەورەی لەخۆگرتووە و لە سنووری (٥) هەکتاردایە بەرزییەکەی نزیکی ٢٦ مەترە بە بەراوردی لەگەڵ زەوییەکانی دراوسێی.

ئەو ناوچەیە لای باکوورییەوە دەگاتەوە بە لقەکانی خۆرهەلاتی رووباری (گاماسبی) سنووردار. باڵەکانی تەپەکە لە سنووری ٤٥٠*٣٠٠ مەترە و بە یەکێك لە گەورەترین تەپە کۆنەکانی ناوچەکە دەژمێردرێ. (گودین) بەسەرپەرشتی (کایلر یانگ) کاری کنە و پشکنینی تیادا کرا کە سەرئەنجام بووە خاوەنی (٧) چینی کەلتووری یان شارستانێتی جیاجیا کە چینەکانی بە وردی هەڵسەنگێنراون و بە چەند لقێکی جیاجیا دابەشکراون کە لەناویاندا چینی (٢)ی سەردەمی ماد دێ کە تیایدا ماونەتەوە. ئەوانە رۆشنایی دەخەنە سەر پاشماوەکانی تەلارسازی چینەکانیتر واتە دەبنە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەر پاشماوەکانی.

بینای قەڵاکە وادیارە تەواوی تەپەکە و لەوەش دوورتر دەرەوەی شارەکەی گرتۆتەوە و ئاسەوارێکیش کە بە دەست ئێمە گەیشتووە لەو بارەیەوە لەوانەیە پەیوەستبن بە چینی سێیەم. بەدرێژایی باکووری قەڵاکە کە لە سنووری (٤٠٠) مەتری چوارگۆشەدایە پاشماوەی دوو بینای گەورە دەرکەوتن کە مێژوویان پەیوەستن بەهەمان سەردەمی کاری کنە و پشکنینەکە و کۆمەڵەی ئەو دوو بینایەش پێکهاتووە لە ژووری باریك کە پەیوەستە بە هەمان سەردەم و لە بەشی خۆرهەلاتیدا بە چواردەوریيا شوورا هەیە. بەر لەوەش دیمەنی بیناکە دەریئەخات کە بینایەکی گەورە بووە، بەڵام ئایینی نەبووە. لەم بەشەدا ژمارەیەك تەنوور و ئاگردان دۆزرانەوە بە سەیرکردنیان دەرئەکەون کە لەهەمان کەرەسەی بیناکەن کە دروست کراون، بە بوونی ئەوانە

بەشێکی زۆر لە دیوارەکانی وەکو دیارە بەهۆی بوومەلەرزەوە رووخاون و تێکەڵ بە زەوی چواردەورەکەی بوون. بەڵام بیناکە وا دەرئەکەوێت توانای مانەوەی بەهۆی ئەو کەرەسانەوە بووە کە لەو رۆژگارەدا هە بوون و بەکارهێنراون.

بەردەوامی مانەوەی مرۆڤ لەو شوێنەدا بووەتە خاوەنی شوێنی مانەوەی پێویست لە پاشماوەکەی پەیوەستە بە کۆتایی چینی سێیەم و وێنەکەی دیار و لەبەرچاوە.

بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی بەدرێژایی هەزارەی یەکەم بەسەر ناوچەکەدا هاتووە شێوەکەی گۆڕیوە بەهۆی ئەوەی بەشە کۆنەکانی نەماون و رووخاون. بەڵام تازە بوونەوەی کاری کنەو پشکنین تیایدا بەردەوامیدا بە زیاتر دەرخستنی بەشە جیاجیاکانی ئەو قەڵایە و ئەوەی لەو رووەوە بەدەست مانگەیشتووە نیشانیدەدات چەندین ریزی ژوور و شوێنی تایبەتی تیادا هەبووە لەوانە کە دیارن دیوارێکی گەورەیە لەگەڵ چەند ژوورێکی دیاریکراو کە دەتوانین ئەو پاشماوانە بخەینە بەرچاو کە بەشێکن لە بینا ئەسڵییەکە. لەوانەشە ئەو ژوورانە دوای وێران بوونیان بە بوومەلەرزە لە قۆناغی یەکەمدا سەرلەنوێ دروست یان کردبنەوە.

بەردەوامی کاری کنە و پشکنین لەم چینەدا کە شێوەی ستوونی وەرگرت و لە رێکی ئەو دیوارە گەورەیەدا چوونە خوارەوە بەو هۆیەوە چینی دووەم کە بەرامبەر چاخی حەوتەمی پ.ز دەوەستێتەوە. لێرەدا ئەوەی لە پاشماوەی ئەو دیوارە کە ماوە درێژییەکەی ٦٥ مەترە و ڕاڕەوێکە لەبەردەم قەڵاکەوە درێژبۆتەوە. دیواری ناوبراو بەخشت دروست کراوە بەڵام پانییەکەی لەسەر شێوەیەك نەوەستاوە بەڵکو لە روویەکییەوە کەمترە لە (٣) مەترو لە رووەکەیتریەوە (٤) مەترە. لە پشتی ئەو دیوارەوە دوای جێهێشتنی نێوانێك قوللە دەبینین کە ژووری تیادایە و بەخشتی کاڵ دروست کراوە. لە بەشی باشووری قەڵاکەشدا قوللەی خۆرئاوا هەیە کە بە هەمان دەست وور پاشماوەی ژوورێکی تیادایە لەگەڵ چێشتخانەیەك و تەنوورێك و ئاگردانێك و ئاخوڕی ئاژەڵێك. بەدرێژایی خۆرئاوای ئەو ژوورە تەلارێکی گەورە و پان دەبینرێ کە باڵەکانی ٢٤ مەتر درێژە و ١٨ مەتر پانە و لەلایەکییەوە دیواری حەوشەی هەیە کە بەشێکە لە دیوارەکانی ئەم تەلارە و سوودی هەبووە بۆ پاراستنی. لەناوەوەی ئەم تەلارەدا ٦*٥ ریز کۆڵەکەی تەختە هەن کە بنکەکانیان لە بەردن و لە شوێنەکانیاندا دانراون. خاڵی سەرنجڕاکێشی ئەم قەڵایە لەم شوێنەیدایە کە لای باشووری گرتووە و ئەوەی لێی ماوەتەوە سەکۆیەکی گچکەیە کە تا کۆتایی دیوارەکە درێژبۆتەوە و لە بەشی باکووریدا ژوورێکی گەورە یان هۆڵێك هەیە و تەختە وادیارە بۆ دانیشتن دروست کرابێت. لەنێوان چینی یەکەم و دووەمی

ستوونیدا کۆڵەکە هەیە کە بەڕیز دانراون وادیارە بۆ گەیشتن بووە بە تەختی سوڵتان هەروەها شوێنی ئاگردانێکیش هەیە کە بە خشت دروست کراوە و لە تەختی زەوییەکەی بڵندترە.

لێکۆڵینەوە لەسەر پاشماوەی ئەو قەڵا گچکەیە نە کراوە تاوەکو دەربارەی دانیشتوانی چینی دووەم شتێك بزانین بۆیە تەنیا هەر ئەوەندە دەڵێین: قەڵایەکی گچکە لە رووی گردەکە دروست کراوە لەوانەیە بە هەڵدانەوەی شوێنەکانیتری دەربکەوێت کە بینایەکی تەواو پڕ ژوور و رێڕەو و چێشتخانە و غەیری ئەوانیشی تیادا بێت کە مەبەست لە دیواری توندوتۆڵ و قوللە و شوورایە کە چوار دەوری گیرابێت و بۆ یەکێك لە شازادە گەورەکانی (ماد) بگەڕێتەوە کە لە دەربەندی (کەنگاور) ژیاوە، یان لەو رۆژگارەدا پێدەچێت سەربازخانەیەك بووبێت کە سوودی لێبینراوە.

تەلاری کۆڵەکەدار کە لەسەرەوە باسمان کرد لە کۆشکەکانی (ئاپادانا) لە (نۆیشجان) و (پاسارگاد) و تەختی جەمشید هەبووە کە بە شێوەی ئاسایی لە تەلارسازی ناوخۆییدا ئێرانییەکان دروست یان کردووە. هەڵبەتە ئەو جۆرە تەلارە کۆڵەکەدارانە لە تەلارسازی چینی چوارەمی گردی دێرینی (حەسەنلو) وەرگیراوە کە لەوانەیە مادەکان لەژێر کاریگەری ئەواندا دروست یان کردبێت. ئەو جۆرە تەلارسازییە ناوخۆییەش بۆ یەکەمجار هەروەکو ئاماژەماندا لە (حەسەنلو)ی (٤) دروست کراوە جگە لەوەش لەو جۆرە تەلارە کۆڵەکە دارەش لە (گودین تەپە) و (نۆشیجان)یش بەرچاو دەکەون.

هەرچۆنێك بێت نەخشەی بینای (گودین تەپە) و داڵانی کۆڵەکەداری نموونەی سەرەتایی داڵانی کۆڵەکەداری ئاسایین کە دواتر لە تەلارسازی هەخامەنشیدا شێوەکەی بە رەنگی ئاڵتوونی خۆی گەیشت باشترین نموونەش بۆ ئەمە لە (پاسارگاد) و (تەختی جەمشید) لە رۆژگاری کۆرشی دووەم و داریۆشدا دروست کراون و ئەمڕۆ پاشماوەکانیان لەو شوێنە ناوبراوانەدا دەرکەوتوون و بە پێوە ماوەن.

مێژووی گودین تەپە: بەپێی ئەو پاشماوانەی لە چینی دووەمی کنە و پشکنینەکەدا دەرکەوتن تاقیکردنەوەکانی کاربۆن ١٤ مێژووی ئەو چینەی لەسەروو سنووری ٨٢٤ی پ.ز داناوە. ئەوەش بەهۆی دەرزییەکی سنجاقی داخراوی دروست کراو لە ئاسن کە لە چینی (٢) دۆزرایەوە، لە مێژووشدا ئەو چینە بەسوودە و دەتوانین دۆزراوەکەی بەراورد بکەین بە نموونەکانی (زێویە) و (نۆشیجان تەپە). لەسەرو ئەوەشەوە ئەو دەرزی سنجاقە داخراوە لە ئاشووریش بەکارهێنراوە بەڵام هیچ کام لەوانە تەرزییان لە چاخی هەشتەمی پ.ز کۆنتر نییە.

لە مێژووی ئۆرارتییەکان و حیپییەکانیشدا ئەو جۆرە سنجاقە هەر بەو جۆرە سوود هەبووە. بەو پێیە سنجاقی داخراو بەر لە چاخی هەشتەمی پ.ز نەبووە و ئەو مێژووەش کەمتر یان پێشتر بەرامبەر بە جێگیر بوونی مادەکان لەو شوێنەدا دیاری دەکات.

**سەرچاوە**

**علی اکبرسرفراز، بهمن فیروزمندی،**
**ماد/ هخامنشی/ اشکانی/ ساسانی**
**چاپ اول ١٣٧٣، ناشر جهاد دانشگاهی هنر**
**لا٥١-٥٤**

# تەپە سیالك

## شوێنەوارێکی سەردەمی ماد

(سیالك) گردێکی دێرینە دەکەوێتە دووری ٥ کیلۆمەتری شاری کرماشان لە ئێران، کاری پشکنینی زانستی لەم تەپەیدا ساڵی ١٩٣٣ ئەنجامدراوە بە سەرپەرشتی (گریشمەن)، تیایدا ٧١ چینی کەلتووری دەرکەوت کە هەرە کۆنەکەی بۆ (٥٥٠٠) ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە. لە (سیالك) (٣) گردی کۆن پشکنینی تیادا کراوە یەکێکیان گردی مەرکەزی و دووانەکەیتریان بە گۆڕستانی (ئەلف) و (بێ) نیشانکراون، بە سەیرکردنی پاشماوەکانی گردی سیالك دەرکەوت مرۆڤ لە (٥٥٠٠) ساڵ پ.ز تیایدا دانیشتووە واتە لە چاخی بەردینی مەعدەنییەوە. ئەو دانیشتنەش بەردەوامی هەبووە هەتاکو هەزارەی سێیەمی پ.ز، لە سەردەمی چینی ٢ی شوێنەوارەکەدا پچڕانێك هەیە، بەڵام جارێکی دیکە لە هەزارەی یەکەمی پ.ز ژیانی مرۆڤ سەرلەنوێ بەردەوامی پێدراوەتەوە.

گۆڕستانی ئەلف و بێ لەو جۆرانەن کە پەیوەستن بە گەلانی تازەی هیند و ئاری، گۆڕستانی (بێ)ش دەرکەوت بۆ کەلتووری ماد دەگەڕێتەوە، لە بەشی خۆرئاوای ئەم گۆڕستانەدا کە شوێنی دانیشتن بووە تیایدا (١٠٠) گۆڕ دەرکەوتن، ئەمانە گۆڕی دەوڵەمەند و نەجیبزادەکان بوون کە لە نزماییەك لە زەوی هەڵکەندرا بوون و لەناویانا لاشەی مردووەکان راکێشرا بوون لەگەڵ دانانی کەل و پەل لە نزیکیانەوە کە سەرچاوەی نیازن بۆ مردووەکان، گۆڕەکەش بەشێوەیەك داپۆشراوە کە سەرەوەی لە رووی زەوییەکە باڵاترە و بە تەختەبەردی گەورە چنراوە و بە قووڕ سواخ دراوە، ئەو شێوەیەش بە شیروانی ناونراوە کە لەسەر دەست ووری خانووی باکووری ئێران شێوە قەڵغانی دیمەنەکەی وەرگیراوە.

بەو پێیە داب و نەریت و رێوڕەسمی مردوو ناشتن لە ئێرانی بەر لە مێژوو جیاوازی هەبووە، لەلایەکیتر دروست کردنی ئەو جۆرە گۆڕانە بەشێوە ئاسۆیی، داب و نەریتێکی نوێ بووە و نیشانەیە بۆ هاتن و جێگیر بوونی گەلانی نوێ لە بەشێکی ناوەندی و باکووری خۆرئاوای ئێران. بەپێی ئەو شتومەکانەی لە (تەپەی سیالك) لە گۆڕستانی بێ دۆزرانەوە، یان لە پشکنینی دەوڵەمەندەکان و گۆڕە دروست کراوەکانیتر دەرکەوتن لە گۆزە و گلێنەی ساکار و نەخشدار بەسوودن بۆ تیشك خستنە سەر سەردەمەکە و گرنگیشن لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، بە بوونی ئەوانە وتووێژی جیاجیای کۆمەڵایەتی لە تێڕوانینێکی ئا بوورییەوە دەبنە رێگانیشاندەر بۆ خوێندنەوەیان و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەلوپەلانەش کە لەناو گۆڕەکاندا بەدەست مان گەیشتوون بەوەش باری کۆمەڵایەتی مردووەکە دیاریدەکات بە مانای ئەو کاتەی لە ژیانا بووە هەر ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ دەرخستنی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی و ئا بووری مردووەکە لە روانگەی کۆمەڵگای ئەو رۆژگارەی (سیالك)دا.

ئەو کەلوپەلانەی لە گۆڕستانی (بێ) دەرکەوتن، ئەوانە بەشێوەیەکی شتی مێژووی داب و رێوڕەسمی مردووەکانی ئەو شوێنەوارە لەبەرچاو دەگرن، بەوجۆرە شاردنەوەی مردووەکان لە چاخەکانی هەزارەی یەکەمی پ.ز باری کۆمەڵایەتی کەسەکە دیاریدەکات هەروەکو ئاماژەمان پێدا، ئەو شێوەیەش تایبەتمەندی خۆی هەیە لە رووی هونەریی و فەرهەنگییەوە.

لەو رۆژگارەشدا وەرشاو و ئاسن بەکارهێنراون بۆ دروست کردنی چەك بۆ شەڕکەرەکان لەگەڵ بەکارهێنانی ئاسن بۆ دروست کردنی زینی ئەسپ و بەرگی وڵاخەکەش لە ئاسن و وەرشاو دروست کراوە.

لەناو ئەو کەلوپەلانەدا ئەوە دەرئەکەوێت کە مرۆڤی (سیالك) کەلوپەلی ئاڵتوونیان نەبووە، بەڵکو لەناو ئەوانەدا بابەتی جوانکارییان بۆ ژنان هەبووە کە لە زیو و وەرشاو دروست کراون، نموونەی لەبەرچاویش بۆ ئەوانە گوارەی گلێنەیی و مەعدەنییە، کە لاساییکردنەوەی شوێنێتر لە دروست کردنیانا بەرچاو دەکەوێت بەهۆی ئەوەی لەسەر شێوەی هێشووی ترێیە.

سنجاقی گەورەش بۆ جوانی لە گۆڕی ژنەکاندا دانراون کە بەدەست مان گەیشتوون، شێوەکەی بە تەن کراوە و کۆتاییەکەی بە ئاسکێك یان شێرێك جوان کراوە. سواڵەتیش کە بە هەموو شێوەکانی لەناو ئەو گۆڕانەدا دەرکەوتوون بە سەیرکردنیان شێوەی هونەری گەلانی نوێ بەپێی زانیاری باوەڕپێکراو دەرئەخەن.

لەمەدا هیچ بەڵگەیەکی زانستی دەرنەکەوتووە کە ئەو سواڵەتانە بەدەست دروست کرابن، وادیارە بەردەوامی سواڵەتەکانی چاخەکانی پێشووتری بەرزاییەکانی ئێرانیان بەسەرەوە بێت، بە سەیرکردنیان دەرئەکەون ئەوانە چەرخ لە دروست کردنیانا بەکارهێنرابێت و لە کورەشدا سوورکرابنەوە و لە قوڕێکی رەنگ شەرابی پلە مامناوەندی کۆمەڵێك قاپ و قاچاخ هاتوونەتە بەرهەم، دانانیشیان لەناو گۆڕەکاندا بەو نەخش و نیگارانەوە سومبولێك لە رێوڕەسمی مردوو ناشتنەکە نیشان دەدەن.

لەناو ئەو قاپ و قاچاخانەی لە گۆڕستانی (سیالك-بێ) بە دەست گەیشتوون قۆری نەخشکراوی لوولەداری شێوە دەنووکی باڵندەیە وەکو بۆ ئاو دروست کرابێت ئەوە بەر لەهەموو قاپ و قاچاخەکانیتر سەرنجڕاکێشە، ئەم جۆرە سواڵەتە لەوانەیە لە نموونەیەکی مەعدەنی وەرگیرابێت، ئەگەرێکی بەهێزیش هەیە کە نزیکە ئەم جۆرە لە رێوڕەسمی مەزهەبیدا کە کەسوکاری مردووەکە رێکیان خستووە بووەتە سەرچاوە بۆ سوود وەرگرتن و بڕیاردان

لەسەریان کە لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا ئەو قاپ و قاچاخانە لەگەڵ ئەوەی تیایانا هەبووە لە شلەمەنی سەرلەنوێ لەناو گۆڕەکەدا لەگەڵ مردووەکەدا دانراوە. هەڵبەتە ئەو پرسە وردە پێویستی بە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە هەیە، ئەوەش گرنگە چونکە لەو ڕۆژگارەدا ئاماژەیەك نییە لە (سیالك-بێ) و لە تەواوی بەرزاییەکانی ئێران بەتایبەت ناوچەی باکوور و باکووری خۆرئاوای ئێران ئەو جۆرە قۆرییە لوولەدارەی شێوە دەنووکی باڵندە هە بوویێت و دەرکەوتوو بێت، وادیارە ئەم جۆرە قاپ و قاچاخانە بەگشتی لە نموونەکانی دەرەوەی (سیالك-بێ) و نەخشە و نیگارەکانیان ساکار دروست کرابن، ئەمجۆرە سواڵەتانەش تایبەتن بەو ڕۆژگارانەی کۆچی گەلانی هیندو ئاریایی بۆ ئێران کە بوونەتە یادگار بۆیان لەو ناوچانەدا، دوای بڵاو بوونەوەیان لە ڕاخەرەکانیشیاندا ڕەنگیان داوەتەوە وادەرئەکەوێت ئەو شوێنەی لەو جۆرە قاپ و قاچاخە سواڵەتیانەی تیادایە بۆ سەرەتای هاتنی گەلانی ئاریایی بگەڕێتەوە، لەوانەشە لە یەکەمین جێگیر بوونیاندا لە (سیالك) ئەو شێوەیەی وەرگرتبێت، ئەوەش دەخەنە پاڵ مادەکان و لە چوارچێوەی هونەری مادەکاندا سەرچاوەی گرتبێت بۆ هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە و بڕیاردان لەسەری لەنێوان ئەو قاپ و قاچاخە نەخشکراوانەدا پێویستە باسی جۆرێکیتریش بکەین کە ساکارن و بەراوردیان بکەین بە سواڵەتەکانی (ماد) ئەوانەی لە (نوشیجان) و (گودین تەپە) دۆزراونەتەوە، و پێوانەیان بکەین بە سواڵەتی (فریکەکان) لە هەندێك ڕووەوە ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێت کە نەخشی قاپ و قاچاخی (سیالك) دەچنە سەر نەخشی خشتەکانی (باباجان) لەوانەشە لەو وەرگیرابێت.

لە گردی (سیالك) پاشماوەی ئاسەواری قەڵای خشتی قوڕ و بەرد دۆزراوەتەوە کە پێوانەکەی بە (٢٥٠٠) مەتری چوارگۆشە مەزندە دەکرێت ئەوەش لای کۆشکی پاشا یان میرەکە شوێنی کۆ بوونەوەیان بووە و بۆی دانراوە، لە ئێستاشدا پاشماوەکانی لەگەڵ زەویدا تەخت بووە و نەماوە، هەڵبەتە پێویستە ئەوە زیاتر ڕوون بکەینەوە کە بڕیاردان لەسەر بەکارهێنانی بەرد لەناو خشتی قوڕدا بۆ لایەنی قایمکاری قەڵاکە لە بەرزاییەکانی ئێراندا بەر لە هەزارەی یەکەمی پ.ز بەکارهێنراوە، بەڵام بەپێی ڕێوڕەسمێك نەبووە، بۆیە لەو سنووردا بۆ میرەکان و دادوەرەکان شوێنی ژیانیان لە بەرزاییەکاندا بۆ دروست کردوون و لە ڕۆژگاری دواتریشدا ئارییەکان لەو شوێنەی پاشا بەردی بناغەی بۆ کۆشکەکەی دانا سەرئەنجام شاری لێکەوتەوە و ناونیشانی پایتەختی بۆ هەڵبژێردرا.

ئەم شێوە تەلارسازییە بەتایبەتی لە کۆشکەکاندا بەکارهێنراوە نموونەش بۆ ئەمە کۆشکی (هەگمەتانە) لە چاخی (ماد)دا و لە چاخی هەخامەنشیشدا کۆشکە شکۆدارە ڕەنگاوڕەنگەکانی (تەختی جەمشید) دێنە پێشەوە کە دەتوانین قسەیان لەسەر بکەین. بە سەیرکردنی دیمەنی قەڵاکانی ماد کە نەخشە بەرجەستە کراوەکانیان لە (دورشارۆکین) لە (نەینەوا)دا هەن هەر بەو شێوەیەش ئەو قەڵایەی لە (تەپەی سیالك) دۆزراوەتەوە کە پێدەچێت بۆ سەردەمی ماد بگەڕێتەوە، بەڵام لەبەر کۆنی سەردەمەکەی و شێوە کۆنەکەی کە لەناوچووە بەهۆی دەست درێژی ڕەشە خەڵکەکەش بۆ سەری کە زەوی ڕەقی زیاتر لە ٤٠ مەتر هەڵکەنراوە بەوەش پایەکانی شوێنەوارەکە دەرکەوتووە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو قەڵایە لە ڕووی بیناسازییەوە دەچێتەوە سەر قەڵاکانی ماد کە لە زەوییەکی تەختی ئامادەکراو لەسەر بناغەیەکی چەسپاو دروست کراوە، لەلایەکیترەوە دەتوانین پێوانەی ئەم قەڵایە بە قەڵاکانی ئۆرارتۆیی بکەین، هەروەها جارێکی دیکە بیناسازی قەڵای دەرکەوتووی گردی سیالك دەتوانین بچوێنین بە کۆشکێك کە هێرۆدۆت لە کتێبەکەیدا باسی کردووە بە ناونیشانی کۆشکی حەوت دیواری (هەگمەتانە) بەڵام نەهاتووە پێوانەی بکات.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بەوە بدەین کە مادەکان لە قۆناغی سەرەتایاندا دەوارنشین بوون بێئەوەی خانووبەرەی دروست کراویان هە بوویێت، یان لە شێوەی بیناسازی لە بابەتی قەڵای (نۆشیجان تەپە) یان هە بوویێت و ژیانیان تیادا بەسەر بردبێت. بەراوردێك لەنێوان نەخشەسازی قەڵاکانی ئاشووریی و پەیوەندییان بە قەڵاکانی مادەوە بە ناوچەکانی ئۆرارتۆ بەتایبەتی لە (وان) و (تۆشپا) و (تۆپراق) قەڵاو (عادیل جەواز) هەروەها بەراوردکردنیان بە قەڵا دەرکەوتووەکەی (تەپەی سیالك) دەرکەوت قەڵاکانی ماد لەژێر کاریگەرێتی بیناسازی ئۆرارتۆ و ئاشووردا بوون، بەڵام دەبێت ئەوەش لەیاد نەکەین کە بیناسازی ئۆرارتۆییەکان بەر لە ئاشوورییەکان دەرکەوتووە و نەخشەسازی بۆ کراوە. ئۆرارتۆییەکان یەکێکن لە بەتواناترین قەومە سەرەکییەکان کە بەسەختی دژی مادەکان تێکۆشاون و لە دەوروبەری شارەکانی خۆیاندا قەڵای گەورەیان دروست کردووە بۆ ئەوەی شارەکانیان لە هێرشی گەلانی بێگانە بپارێزن. قەومی مادیش شەڕی لەگەڵ ئەوانەدا کردووە و بۆیە دەبێت ئەوانە کاریگەرێتی فەرهەنگییان لە قایمکردنی شارەکانیاندا بەسەریانەوە هەبێت.

لێکۆڵینەوەکان دەریانخست لە ئۆرارتۆدا شاری بەرگری هەبووە بەهۆی ئەوەی بینای قایمکار و بەهێز هەبووە کە پاراستوویەتی، مرۆڤی (دەشت)یش لەنێوان دوو ڕووباردا زانیارییان لەسەر ئەو جۆرە بینایانە نەبووە، بیناسازی ئەو وڵاتەش بەو جۆرەیە کە بناغەکەیان بە بەرد دارشتووە و بنمیچەکەشی شێوەی نیوە کەوانەیەکی وەرگرتووە و دەوڵەمەند بووە بەو جۆرە بنمچەکە بە شیروانی ناسراوە. کاتێك پارسەکان هاتنە ئێران لە سنووری ئەو دەوڵەتە نوێیەدا بزووتنەوەیەکی نوێخوازی لەناو دامەزراوەکانی پاشا تایەفەکاندا پەیدا بوو، ئەو کارەش بە فەرمانیان دەچووبەڕێوە کە پێشکەوتنی زۆر لەو هەوڵەدا چاوەڕێ دەکرا.

لە کۆتایی چاخێکی دیاریکراودا کە دەسەڵاتی ئاشووری تیایدا کز بوو دەسەڵاتی ئۆرارتۆییەکان گەورە بوونی بەخۆوە دی کە بەر لەوە پارسەکان لەگەڵ گەلانیتری باکووری خۆرئاوای ئێران بەگشتی لەژێر دەسەڵاتیانا بوون بەمانای ئاشوورییەکان ئەو رازی بوونەیان بۆ ئەوە بوو ڕۆژگارەکە بەسەربەرن بۆ مانەوەیان.

پاشای ئۆرارتۆ (ئیشپوئینی) ئەوەی بە هەلزانی و کوڕی خۆی (مینوا) لە تاج و تەختەکەیدا هاوبەش کرد، هەمموو ئەو ناوچانەش کەوت بوونە سەرووی دیجلە تاوەکو سەرووی زێی گەورە لە ئاشووری داگیرکرد، ئەو پاشایە بەوەش رازی نەبوو، بەڵکو ئەو ناوچانەش کە لە ژێر دەسەڵاتی مانابیدا

بوون لە باشووری دەریاچەی ورمێ خستنیە ژێر دەسەڵاتییەوە بەمانا داگیری کردن، لە کۆتایی ئەم داگیرکردنانەدا زنجیرەیەك قەڵا و شاری تازەی دروست  کرد کە لە رووبەڕوو بوونەوەیاندا گەمارۆیەکی بەهێز بوون بۆ سەر ئاشوور، چونکە ئەوانە واتە ئاشوورییەکان کاردانەوەی بەهێزیان هە بوو لەناوچەکەدا لە کۆتایی چاخەکەدا، ناوچەکەش بە (موساسیر) ناسرا بوو کە مەرکەزێکی گرنگی رامیاریی و ئایینی بوو و کەوت بووە گۆشەی باکووری خۆرئاوای دەریاچەی (ورمێ) کە تا رۆژگاری (سەرجۆن)یش سەر بە ئۆرارتۆ بوو، لێرەدا ئەوە نەزانراوە، کە پارسەکان چەند لەژێر دەسەڵاتی ئۆرارتۆییەکاندا ماونەتەوە، بەڵام کاتێك ئەوان ناوچەی ناوبراویان بەجێهێشت زانیاری تەواویان لەسەر ئەو شارستانییەتە بەدەست هێنا و توانییان بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانە بەرنەوە بۆ (ئارمغان).

ئەوەش تایبەت بوو بە هونەری بیناسازی کە دەبێت گرنگی پێبدرێ و کارێکیشە کۆتایی هێنانە بە بڕینی رێگای کۆچەری کە زانیارییەك لەو رووەوە لەوەوبەر لەسەریان نییە، ئەو هونەرەش دواتر لە ئەنجامدا شوێنی خۆی گرت و زیاتریش بڵاو بۆوە، ئەوەش راستییەکە هەیە و شێوەیەکە لەو رووبەڕوو بوونەوەیەدا و بەڵگەداریشە لە کاریگەری پێشکەوتنەکاندا. ئەوەش پێشووتری هەبووە کە لە زەمینەیەکی سیاسی، ئا بووری، کۆمەلایەتی و فەرهەنگیدا دەرکەوتووە، لەو روانگەیەوە بۆ سوود وەرگرتنی گەلانی (مادی) لە قۆناغی سەرەتاییدا ئەو پێشکەوتنەی کە لایان دروست  بووە هیچ دوور نییە لە گەلانی دراوسێیانەوە وەریانگرتبێت لەوانەی هێرشیان کردۆتە سەریان، یان ئەوانیش لە ئامادە بووندا بوون بۆ بەرەنگار بوونەوەیان و قایمکردنی دەسەڵاتەکەیان.

وەکو دیاریشە کاریگەری دروست  کردنی قەڵاکانیان سەرچاوە رەسەنەکەی لە نەخشەی قەڵاکانی ئۆرارتۆوە وەرگیراوە لەگەڵ ئەوەشدا کە قەڵاکانی میدی کەم بوون، بەڵام پێوانەکردنی ئەوانە و بەراوردکردنیان ئەو راستییە دەرئەخات.

گرنگترین قەڵایەك کە نەخشەی بۆ  کراوە لەم چاخەدا، لەسەر شێوەی قەڵای ئۆرارتۆییەکان بووە کە ئەوەش تەواو ئاشکرایە، لەوانە: (سگۆنیا، ئارساشکۆ، گیلزانۆ)ن لە (فراز تەپە) یان ئەو شوێنانەی تورەکە رێژکراون و دروست یانکردوون ئەم جۆرە نەخشە دانراوانەش لە شوێنی دانیشتنی کوێستانییەکانیشدا هەبووە، و قەڵاکان بە دیواری بەرگری بەهێزکراون. ئەو قەڵایانەش بە سەیرکردنیان دەتوانین لەڕووی بیناسازییەوە پێوانەیان بکەین بە قەڵاکانی ئۆرارتۆیی کە لە ناوچە کوێستانییەکاندا هە بوون، لەلایەکیتریشەوە توخمە هاوبەشەکانی قەڵاکانی ئۆرارتۆیی لە قولەکانیاندا و دیوارەکانی پشتەوەی بیناکە کە بەدرێژی دروست  کراون دەرئەکەون، لە قەڵاکانی ئۆرارتۆییشدا دەروازەیەکی چوونە ژوورەوە هەیە کە سەرەوەی نیوە بازنەیە و لە رێگایدا دەگاتەوە بە بەشی مەرکەزی. یەکێك لەو باسانەی کە قسەی زۆری لەسەر کراوە بەجیاوازی چاخەکەیەوە ئاشوور ناسر پاڵی دووەمە تاوەکو دەگاتە بە سەردەمی ئاشوور بینپاڵ (٦٦٨-٦٢٧پ.ز) لەناو ئەو باسەدا پلانی داگیرکردنی شار و قەڵاکانی دوژمنە، هێرشە زۆرەکانی بەهێزو توانای ئاشوور بۆ سەر زەوییەکانی دراوسێکانی کە لە ناویاندا لە زۆرینەیاندا جیاوازی مەرجی جوگرافیی و عونسوری بیناسازی لەو نەخشانەدا چەسپاو بوون، ئەو رایانەی لەسەر شێوە واقیعییەکانی شارەکان و قایمکردنی قەڵاکان کە هەن سەرچاوەن بۆ زانیارییەکان لەسەرچاوەیترەوە کە پێویستە رێکبخرێن، یان پشتگیرییان لێبکرێت.

بەم کاردانەوەیە لەوانەیە هونەرمەندانی ئاشووری لە هێرشەکانی پاشاکانیاندا بۆ سەر خاکیتر لەگەڵیانان هاورێگا نەبووبن بۆ لایەنی خزمەتکردنی کارەکانیان، لەوانەشە ئەوە لەبەرچاو گیرابێت کە لەو رۆژگارەدا هونەرمەندان لە شوێنی هێرشەکاندا ئامادە بووبن وەسفی قەڵەمڕەوی دوژمن و کاروانی هێرشەکان و ناوچە دانیشتوانەکانیان کردبێت نەك تالانیی و کەلوپەلیتر بە وردی جێگای سەرنجدانیان بووبێت، سەرچاوەکانی رووداوی ساڵانەی پاشاکان ناوی سەدان شار و شاری داگیرکراو و شاری ژێردەستە و جیا بووەی دیلی ناوچەکان و شارەکان و کەرت و بەشەکان و بارودۆخی جوگرافی سروشتی باسێکن لەو نەخشەکراوانەی کە هەن.

ئەگەرچی لە یدیدی سەرەکی راکانەوە ئەم نەخشانە نمایشکراون کە توانا و هێز و هێزەکانی ئاشوور لە راستیدا دەرئەخەن ئەوەش لە ئەنجامی راگەیاندنی ئامادەکراوی رامیارییەوە بووە، بەڵام لە راستیدا رەغبەتی رێژەیی لە نەخشەکاندا خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیە لە سەرچاوەکانی خاکی دراوسێی ئاشوورەوە کە زۆرینەی بەڵگەکان بە شوێنی خۆیان لە رووی زانیارییەکانەوە گەیشتوون بە شیکردنەوەی وردی عونسورەکانی تەلارسازی لە وێنەکاندا کە لە بنەچەدا هۆکارن و توانیویانە وێنەی نزیکی شارەکان و قەڵاکانیان بگرن، کە سەرچاوەن بۆ هێرشەکان، یەکێك لە بابەتە گرنگ و رەسەنەکانی ئەو وێنانە کە لە نەخشەکانی ئاشووریدا هەن نەخشەی ئەو قەڵایانەیە کە لە زەویی دراوسێکانەوە وەرگیراون، ئەوانەی ماد و عیلام کە هەن.

هێرشی هێزەکانی ئاشووریش بۆ سەر ئەو قەڵایانە و نمایشکردنیان لە سەرچاوەکانیاندا بەڵگەن بۆ هونەری هەڵکۆڵینی بەردسازی ئاشووری کە خوێندنەوەی زۆر بۆ سەرچاوەی ئەو قەڵایانەی ئۆرارتۆیی و ماد و عیلام و غەیری ئەوانیش  کراوە و لە کۆشکەکانی ئاشووریشدا زانیاری زۆر لە سەرچاوەکانیانەوە وەرگیراوە.

گرنگترین ئەو قەڵایانەی باسیان هاتووە لە نەخشەکانیاندا قەڵایەکانی (ماد)ن لە کۆشکی سەرجۆنی دووەم لە (خورساباد) و قەڵا نەخش کراوەکانی کۆشکی تێگلات پلاسەری سێیەم لە (نمرود) کە ئاماژە هەیە قەڵاکانی ئۆرارتۆیی و قەڵاکانی عیلامیش و ئەوانیترن کە لە بەردەکانی ئاشووری نەخش کراون.

**سەرچاوە**

**علی اکبرسرفراز، بهمن فیروزمندی،**

**ماد/ هخامنشی/ اشکانی/ ساسانی**

**چاپ اول ١٣٧٣ لا٤١-٥٠**

# تیشکێك بۆ سەر
# گەنجینەی جەیحون

لەڕووی کۆنینەناسییەوە، دۆزینەوەی گەنجینەی جەیحون ئەو کۆمەڵە ئاسەوارە بەنرخە سەرنجڕاکێشە جێگای نیگەرانییە کە هەتاکو ئێستا هیچ جۆرە زانیارییەك کە تیشکبخاتە سەری لەبارەیەوە لەبەردەست دا نییە. لەوانەیە ئەو گەنجینەیە لە تەپەیەکدا دۆزرابێتەوە کە ئەمڕۆ بە تەختی قوباد لە ناوچەی (باختەر) ناوی ڕۆشتووە، یان لە (بەڵخی) کۆن دۆزرابێتەوە لە کەناری ڕۆخی (ئامودەریا) یان (جەیحون) کە لە هەمان شوێنی ناوبراوە. هەڵبەتە لەو دەوروبەرە لە ئاسیای ناوەند هونەری مادو هەخامەنشی ئەو کۆمەڵە گرانبەهایەیە کە لە ساڵی ١٨٧٠ بەناوی گەنجینەی (جەیحون) دەرکەوت کە ناسنامەکەی بۆ پاشماوەی ئاسەواری هونەری سەردەمی (ماد) و (هەخامەنشی) دەگەڕێتەوە و ئێستا لە مۆزەخانەی بەریتانیا دانراوە.

لە ئێستادا زۆرینەی زۆر لەو ئاسەوارە هونەرییانەی گەنجینەی (جەیحون) کە بە ئاسەواری هونەری مادەکان ناسراوە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و بڕیار لەسەردانن.

بەسوود وەرگرتن لەو زانیارییانەی کە ئاسەواری هونەری گەنجینەی (جەیحون) بە ئێمەی گەیاند دەتوانین ئەوانەی تایبەتن بە هونەری مەعدەنسازی مادەکان تاوەکو سنوورێك شوێنی سەرنجدانن.

لە ناو ئاسەوارە مەعدەنییە دەرکەوتووەکانی گەنجینەی (جەیحون)دا کێلانی خەنجەرێکی دروست کراو لە ئاڵتوون دێت کە پێدەچێت پەیوەستبێت بەسەردەمی ماد کە شایانی لێکۆڵینەوەیە.

لەڕووی ئەم کێلانەدا دیمەنی دوو پاشا بەرچاو دەکەون کە سواری ئەسپ بوون و نیزە و کەوانی ڕاووشکاریان پێیە کە سەرنجڕاکێشن. هەڵبەتە ئەو کارە وردە و بەشەکانی دیمەنەکە دەتوانین بڵێین نیشانەکانی هونەری ئاشووری تیادایە لەگەڵ تاجی پاشایی کە لە هونەری سکاییەوە وەرگیراوە هەروەها کڵاوی (لباد)یش کە بە نەخش جوان کراوە لە هونەری ئۆرارتۆییدا هەیە لەگەڵ شاخی سەری ئاژەڵەکان کە بە شێوەی مارپێچ کۆتاییان هاتووە و بەرچاو دەکەون. دروست کردنی ئەم ئاسەوارە ناتوانین بڵێین کاریگەری هونەری بێگانەی بەرەهایی پێوە دیار نییە. یان تیایدا تێبینی ناکرێ کە هونەرمەندەکە هەموو ئەو کاریگەرییانەی بەیەکەوە گرێداوە و خستوونیەتە ڕوو. بوونی ئەم پێکهاتە ڕەسەنە نیشانەیە بۆ هونەرێکی ناوخۆیی بەرچاو. لەبەرئەوەی جلکی پاشاکان و زین و بەرگی ئەسپەکان و شێوەی سوارەکان تاوەکو سنوورێك تایبەتمەندی هونەری مادی دیاریدەکات و دەتوانین بەراوردی بکەین بە دیمەنی ئەسپ سوارێکی مادی کە لە ڕووی مۆرێکی ئیلامی هەڵکۆڵراوە و پەیوەستە بەچاخی حەوتەم و شەشەمی بەر لە زایین. هەڵبەتە ئەمە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیتر هەیە کە لەم ئاسەوارەدا ڕەچاوی تایبەتمەندی هونەری مادی کراوە کە بابەتی ڕەسەنی نەخشی مەجلیسەکان بووە و لە هەمان کاتیشدا کاریگەرێتی و نفوسی هونەرە جیاوازەکانی تیادا ڕەچاو کراوە لەوانە ئاشووری و سکایی و ئۆرارتۆیی کە پێوەی پەیوەست بوون، یان هە بوون.

لە گەنجینەی (جەیحون)دا چەندین تابلۆ، یان وەرەقەی ئاڵتون لەو جۆرانەمان بەدەست گەیشتوون کە لە ڕوویاندا دیمەنی مرۆڤەکان دەرهێنراون. لەوەوبەریش هەر بەو جۆرە لە نەخشەی بەرجەستە کراوی دیمەنەکانی گۆڕی سکاوەند و دوکان داود و پەرستگای ئاگر لە (کەپادۆکیا) کە هێمان و دەبینرێن جارێك ئەو کەسانە کە وێنەکراون، بەدەست یانەوە گوڵ هەیە و جارێکی دیکەیش دەفرێکیان پێیە و لە ناویا شتومەکە ئاڵتوونییەکانیان داناوە لەوانەن کە بۆ پەرستگا پێشکەش دەکرێن و مرۆڤەکان بۆ خواکانیان دیاربەە و بۆیان دەبەن.

ئەو شتومەکانەی لەم گەنجینەیەدا بەدەست مانگەیشتوون ئەگەر پەیوەستبن بە سەردەمی (ماد) لە ڕووی هونەرییەوە سەیریان بکە چەندانیان شایەنی سەرنجدانی وردن لەگەڵ ئەوەشدا هونەرمەندەکە لە دروست کردنیانا وردی بەکارهێناوە بەڵام ساکارن کە لەڕووی وەرەقە ئاڵتوونییەکان بۆ دیمەنە جیاجیاکانی مرۆڤ و ئاژەڵ دەرهێنراون و نمایشیان کردوون و نیشاندراون.

بەسەیرکردنی جۆری ئەو پۆشاکانەی لەوەوبەر لە سەریان دواین و لەسەر وەرەقە ئاڵتوونییەکان دەریانهێناون دەردەکەون لە ڕووی هونەرییەوە لاوازن. وادیارە مرۆڤی ئاسایی ئەو شتومەکانەیان وەکو دیاری پێشکەش بە پەرستگا کردبێت. لەو جۆرە ئاسەوارە هونەرییانەش لای ئۆرارتۆییەکان لە پەرستگای (مۆساسیر) بەرچاو دەکەوێت هەروەها لە (سورخ دوم)ی لوڕستانیش ناسراوە.

بەتایبەتی ئەو دیمەنانەی کە لە ڕووی وەرەقە ئاڵتوونییەکان دەرهێنراون کە بەشێوەیەك وێنەکراون لەکاری دەست دەچن و دەتوانین بەراوردیان بکەین بە نموونەکانی گەنجینەی (جەیحون) کە بەشێوەیەکی خڕ لە کارگەیەکی مەعدەنی دەرەوەدا دروست کراون. هەڵبەتە هەمان ئەو وێنانە بەشێوەی سروشتی لە چاخی هەخامەنشیدا جارێکی دیکە لە نەخشە بەرجەستە کراوەکانی تەختی جەمشید بەناوی

هەڵکۆڵین لەسەر سواڵەتە مەعدەنییەکان دەرکەوتوونەتەوە کە دەتوانین بیانبینین. جیاوازی هونەری لە شێوەی پۆشاکەکاندا لە گەنجینەی (جەیحون)دا شایانی سەرنجدانن و هەر ئەوەش وادەکات کە خوێندنەوەیەکی وردیان لەسەر بکرێت بۆ ناسینەوەی عەشیرەتەکانی ناو ماد لە رووی پۆشاکەکانیانەوە.

لە رووی یەکێك لەو وەرەقە ئاڵتوونانەی دۆزراونەتەوە دیمەنی کەسێکی لەسەرە چەکۆشێکی بچکۆڵەی بەدەستی راستی گرتووە. ئەو کەسە جلکی مادی لەبەر کردووە کە بەلاشەکەیەوە نووساوە و کەمەر بەشتێکی بەستووە و خەنجەرێکی پێوەهەڵواسیوە، ئەم شێوەیە لەناو عەشیرەتەکانی (سکا)دا وێنەی دیاری هەیە، وادیارە کەسەکە پلە و پایەیەکی بەرزی هەبێت.

لەلایەکیترەوە کەسێکیتر شێوە کڵاوێکی یادگاری لەسەردایە و ئەو شێوەیەش لەناو وێنەی گۆڕە بەردینەکەی (قزقەپان) و (دوکانە داود) بەرچاو دەکەون.

کەسەکە چەکمەیەکی بڵندی لە پێدایە و هاتۆتە سەر ئەژنۆی و لە چەکمەی مرۆڤەکانی (ماد) دەچێت کە لە نەخشەکانیاندا لە تەختی جەمشێد بەرجەستەکراون و لە بەردەکان دەرهێنراون.

لەڕووی جلکەکەیەوە دەچێتەوە سەر پۆشاکی مادی و کڵاوەکەشی هەمان کڵاوە یان تاجی مادییە کە هێرۆدۆت باسی کردووە. ئەو جلکەش دەتوانین بیچوێنین بە جلکی پەیکەری بچکۆڵەی کنزایی لوڕستان. لەو جۆرە جلکانەش لەسەرچاوەکانیتردا دەچینەوە سەر پۆشاکی ئەو کەسانەی لە تەختی ئاسار حەدون نەخشکراون.

لە وەرەقە ئاڵتوونییەکاندا کە رووەکانیان بە دیمەنی ئەسپ و حوشتر نەخشێنراون وادیارن لەو جۆرانەن کە دیارن لە لای مرۆڤەکانەوە و پێشکەش بە خواکان کرابن. لەلایەکیترەوە بوونی دیمەنەکانی ئەسپ و حوشتر لە رووی ئەو وەرەقە ئاڵتوونییانەدا بەڵگەیە بۆ زۆری ئەو ئاژەڵانە کە لە وڵاتی (بەڵخ) هە بوون و لە ئێستادا لە گەنجینەی جەیحوندا دەرئەکەون.

هەڵبەتە لە ئێستادا شتێك لەبەردەست دا نییە کە دروست بێت تاوەکو بتوانێت سنوورێك لە رووی مێژووییەوە بۆ ئەو شتانەی کە دەخرێنە پاڵ مادەکان لەو گەنجینەیە دیاری بکات. بەهەرحاڵ بە سەیرکردنی شێوەی دەرەوەی وێنەکان لە رووی پۆشاکەوە دەرکەوت لە قۆناغی مادەکان کۆنترین و بەشێوەی یەکلاییکەرەوەش تازەتریش نین بۆ چاخی هەخامەنشی بگەڕێنەوە یا وەکو بناسرێن. بەو پێیە ناتوانین ئەوەی هەیە لەسەر گەنجینەکە باری سەرنجی زیاتری لەسەر بدەین لەبەر ئەوەی گەنجینەکە لە دەرەوەی ئێران دۆزراوەتەوە بۆیە بە پەنابردنەبەر ئەو سەیرکردنە و ئەو مێژووەی کە رۆشتووە یان لەسەری مەزندە کراوە دۆزینەوەی ئەو ئاسەوارە هونەرییە پەیوەستە بە مادەکان.

لە نێوان ئەو کنە و پشکنینانەی لە هەمەدانیشدا کراوە، دەزگایەکی زانستی فەڕەنسی ئاسەوارێکی دۆزیوەتەوە کە مێژووی هونەری ماد رۆشن دەکاتەوە کە شایانی سەرنجدانە.

گرنگترینی ئەم شتومەکانە قاچاخێکە لە شێوەی قۆرییەکی لوولەدارکەی بزماری مەعدەنی بەورگی قۆرییە گلێنەییەکەوە پەیوەستن و شوێنی دەسکەکەشی لە شێوەی ئازنگی سواردایە. لە تەرەفی بەرامبەریدا واتە رووەکەیتری قۆریەکە نەخشی مرۆڤێکی باڵداری لە سەرە کە شێوەکەی بەرجەستە کراوە. ئەم قۆرییە لە رووی شێوە و دیمەنی مرۆڤی باڵدارەکەدا تەواو هاوشێوەی قۆرییەکی مەعدەنیترە کە لە لوڕستان بەدەست گەیشتووە. بەڵام سەری مرۆڤە باڵدارەکە کە رووی قاچاخەکەی گرتووە لە هەمەدان شێوەکەی کراوە کۆنییەکەشی سەرووترە لە نموونەی لوڕستان لەبەر ئەوەی تایبەتمەندییە دەرکەوتووەکانی وێنەکەی لە خۆیدا نیشاندراوە. هەر چۆنێك بێت بەسەیرکردنی شێوەی دەرەوەی قۆرییەکە، دەتوانین بڵێین لە چوارچێوەی هونەری مادیدا سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و بڕیار لەسەردان هەڵدەگرێت. چونکە لە دوولای ئەو تێڕوانینەوە و بە بەراوردی بە قۆری مەعدەنی هەمەدان لە وێنەیەکی چاخی هەخامەنشی تاوەکو سنوورێك رۆشن دەبێتەوە کە دیمەنەکەی لە دیاری دەستی کەسێکی مادی دەچێت کە لە پلیکانەکانی ئابادانای تەختی جەمشید شێوەی نەخشەکەی بەرجەستە کراوە یان وەرگیراوە بەهۆی ئەوەی دوو ئاسەواری هونەری لەسەر ئەو شتە بچکۆلانەدا یەکدەگرنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە جیاوازییان هەیە بەڵام لە دیمەندا بە بەراوردکردنیان بە یەکتری دەتوانین تیایدا لەو رایەدا سەرکەوتووبین.

نزیکی هونەری وەرشاو دروست کراوی لوڕستان لەگەڵ مەعدەنسازی مادەکان لە حەوت پەیکەری بچکۆلەی بزنەکان لە مەعدەن دەردەکەوێت کە لە هەمەدان بەدەست گەیشتووە، لەوانەیە پەیوەستبێت بە مادەکان. ئەوەی لەمەدا سەلمێنەرە لە یەکچوونی تایبەتی لە دیمەنی بزنەکانە کە چوار لەوانە قاچەکانیان لە یەکترەوە نزیکن، یان بەیەکەوە نووساون، بە هەمان شێوەش مادەکان دەوڵەمەندن بەو جۆرانە و لەوانەیە هۆکارەکانی هونەری سکایی بەشێوەیەکی سەربەخۆ بەهۆی پەیوەندییەکانیان لە خۆرهەڵاتدا مادەکان لەوانیان وەرگرتبێت و هەر لەوانیشەوە پارسییەکان وەریانگرتبێت هەر ئەوەش وای کردووە جارێکی دیکە ببنە هۆکار بۆ بەردەوامی شێوەکانیتری دارشتن لە هونەری هەخامەنشیدا کە هەبووە و لە قۆناغی مادەکانیشدا لە ئێران دەست اودەست ی کردووە.

نموونەش بۆ ئەمە جامێکی ئاڵتوونی جوان لە مۆزەخانەی (سینسیناتی) لە ئەمریکا هەیە کە (هێلین کننۆر) لە کاتی خانەنشینییەکەیدا دەریخستووە و بۆ کاری هونەری مادەکانی بردووتەوە و رای وایە تایبەتمەندی ئاسەواری هونەری گەنجینەی زێوی و گلێنە رەنگ ئاڵتوونییەکان و لە مەعدەن دروست کراوەکانی هەخامەنشی تیایدا دەرکەوتووە.

لە یەکلای گەڵا نوك تیژەکانی دارخورما کە بۆ جوانی لە جامی ئاڵتوونی (سینسیناتی) دروس کراوە هاوشێوەی درەختی خورمای (زێویە)یە کە لە رووی شتومەکە ئاڵتوونییەکاندا هەیە، لەلایەکیترەوە شێوەی ئێستای بزنە کێوییە دوو سەرەکان کە لە کاسەی (سینسیناتی) نەخشکراون هاوشێوەی بزنە کێوییەکانی قاچاخێکی مەعدەنیتری هەخامەنشییە.

جامە ئاڵتوونییەکەی (سین سیناتی) کە هێڵکاری بەلاشەکەیەوە دیارە لە قاچاخی مەعدەنی هەخامەنشیدا لەو جۆرە لە شوێنی هەیە کە پێدەچێت لەو رووەوە لە جامی ئاڵتوونی ناتەواوی (زێویە) بچێت، ئەوی کە هەیەتی لە بەن و شریتێکە بە شێوەی مارپێچ یان تاڵەمو یاوەکو تاڵی لۆکە بە گەردنی قاچاخەکەوە دەدرەوشێتەوە و دەبینرێت، ئەمەش یەکێکە لەو بابەتانەی کە سەرچاوەی پەیوەندییە و لەگە و هەرسازی زێویەدا هەبووە. بۆ دروست کردنی کاری وردی مەعدەنی لە گالێسکەی جانەوارانی (جامی سان سیناتی)دا لەموی لاشەی ئەو جانەوارانەدا دیاری کراوە کە بەڕووی گەردەن و پشتیانا بەشێوەی لوول رێک خراون و بەرجەستە نیشان دراون، لەو بابەتەش ئاسەوارێکی هونەری لە شوێنیتر بەدەستی ئێمە لە کنە و پشنیندا نەگەیشتووە یان نەناسراوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت بە تەواوی بگەینە ئەو تێڕوانینە بۆ هەموو ئەو شوێنانەیتر تاوەکو بتوانین قسەیان لەسەر کەین کە ئایە لە شێوەی دروست کراوی مادی لەو هێڵە نەخشە بۆ کراوە لوولە لای ئۆرارتۆییەکان نەبووە.

ئەم شێوە دروست کراوە لەوانەیە یەکێك بێت لە چەندان دروست کراوی مادیتر لەبەر ئەوەی لە ئاکبەتان (پایتەختی مادەکان) هەبووە، بۆیە مادەکانیش بە باشیان زانیوە ببنە خاوەنی هەمان شێوەی هونەری کە لە (زێویە) جارێکی دیکە رەواجی پێدراوە.

لە رۆژگاری هەخامەنشیدا چەند کۆمەڵێك لەو قاچاخە مەعدەنییانە بەزۆری بە وێنەی حەیوانی بە تەنکراو دروست کراون بەڵام ئەوەی کە بەدەنەکەی بزنە و تەواوی نەقشی ددانەکانی نیشان دراوە لە رۆژگاری هەخامەنشیدا زۆر لەو جۆرە دروست نە کراوە بەڵام لە (زێویە) لەو جۆرە هەبووە.

لە کۆتاییدا دروست کردنی ئاژەڵی دوو سەر هاوشێوەی دەقاودەقی سەلیقەی پیشەسازانی لوڕستانە کە سەرەتا لە هونەری مادەکاندا خۆی دەرخست و دواتر لە هونەری هەخامەنشیدا دووبارە بۆتەوە.

ژمارەیەك لەو شتانەی دروست کراون لە ئاڵتوون و زیو و قاپ و قاچاخی سواڵەت، کە را لەسەریان یەکدەنگە و لە (کلار دەشت) بەدەست گەیشتوون لەوانەیە پەیوەستبن بە رۆژگاری (مادەکان) و کۆنییان بۆ نیوەی دووەمی چاخی هەشتەمی بەر لە زایین دەگات.

شێر، کە رووی دەرەوەی جامی ئاڵتوونی لە (کلاردەشت) نەخشاندووە بە شێوەی بەرجەستەکراو لە حاڵێکدایە وێنەکە یادەوەرییە و لە جوڵەدایە و لەو جۆرە جامە مەعدەنییانەش لە لوڕستان هەیە. لە هەردوولای جامە مەعدەنییە دەچێت کە لە (شوش) بەدەست گەیشتووە و چواردەوری بە نەخشیتر جوان کراوە کە بۆ بەراوردکردن دەشێت. لە هەندێك لەو جامە ئاڵتونییانەی (مارلیك) بەتایبەتی لەرووی جوانکردنی بەدەنەکانیانەوە کە بەشێوەی نیوە بەرجەستەکراو بە مانگای باڵدارو مەڕ نیشاندراون و بە چواردەوری جامەکەدا نەخشێنراون یان خۆیان گرتووە دەتوانین بە جامی ئاڵتوونی (کلاردەشت) بەراوردی بکەین بە هەمان رێگا خەنجەری ئاڵتوونی کە لە (کلاردەشت) دۆزراوەتەوە زۆر لە خەنجەرێکی پەهلەوی دەچێت کە لەسەر پەیکەرێکی بچکۆڵەی مەعدەنی لوڕستانە و گوارەی لە گوێدایە، ئەم ئاسەوارە لە (پشت کێو) دۆزراوەتەوە و دیمەنی یەکێك لە خواکان نیشاندەدات. دیمەنی دەسکی خەنجەرەکە کە لە شێوە کەوانەیی بەرجەستە کراوە و نیشاندانی وێنەکەی بۆ چەسپاندنی تیغی خەنجەرەکەیە بە دەسکەکەیەوە. ئەو شێوەکەوانەییە دروست کراوە لە وەرشاو لە رێوڕەسمی ئادابی لوڕستاندا هەبووە کە دواتر هەمان ئەو شێوە هونەرییە لە هونەری مەعدەنسازی مادەکاندا جارێکی دیکە دووبارە دەرکەوتۆتەوە.

قاپ و قاچانە گڵێنەییەکان کە بەدەست گەیشتوون لە (کلاردەشت) هەر بەو جۆرەش پێشتر لەناوچەکانی بەر لە مێژووی باکووری ئێران دۆزرانەتەوە و رەنگیان سوورە و لە شێوەدا جیاجیا بوون کە زیاترینی ئەوانە دەست کدار بوون، لەوانەیە لە شوێنی خۆی بۆ هەڵواسین بوو‌بێت و بەو رێگایە سوودیان لێبینیبێت بەهۆی ئەوەی شێوەکەی خڕ بووە و بەپێی پێویستیش جوان و بچکۆڵە بووە و ئێستا لەم جۆرە قاچاخە و دروست کردنی مومکین نابێت. بەڵام قاچاخی جیا قاچاخی لوولەدارەکە بەشێك لەو لوولانە بەسەری ئاژەڵ کۆتاییان هاتووە و لە (کلاردەشت) بەدەست گەیشتوون، شێوەی ئەم جۆرە قاچاخە لە ئاسیای بچکۆلە بەتایبەتی لە (گۆردیۆن) لە گردی (سیالك) (ب) و (خۆریۆن)یش دۆزراونەتەوە، هەروەها لە ناوچەی (لوڕستان) و (ئازەربایجان)یش جارێکی دیکە بەدەست گەیشتوون کە بە سەیرکردنی شێوەی دەرەوەیان و بەراوردکردنیان بە یەکتری پێدەچێت هاوشێوەبن.

خاڵێك کە سەرنجڕاکێشە لەناو ئەو سواڵەتانەدا کۆمەڵێك سواڵەتە کە لە شێوەی ئاژەڵ دروست کراون و ناویان لە زانستی شوێنەوارناسیدا بە (ریتۆن) ناسراوە. لەو دیدە نیگایەوە ئەم جۆرە سواڵەتە گۆڕانکاری بەدوای خۆیاهێناوە و شایەنی گرنگیدانە. ساکارترین جۆری ئەم (ریتۆنا)نە کە بەدەست گەیشتوون لە (کلاردەشت)، سواڵەتێکە دەنوکێکی درێژی هەیە و هەندێکجار لە شوێنی دەنوکەکە سەری باڵدارێکە. شتێکی ئاشکراشە ئەمجۆرە دەنوك درێژانە (ریتۆن) خۆیان ناساندووە. جارێکی دیکەیش تواڵەیەك دێ بەدەنێکی درێژی هەیە و وردە وردە لوولەکەی دەگۆڕێت بەسەری بزنێکی کێوی یان ئێتسکێك کە شاخەکانی لە سووڕانەوەیدا دەبینرێت کە لەڕاستیدا ئەم جۆرە سواڵەتە مل و دەمی بەشێوەی مل و سەری ئاژەڵ دروست کراوە. دوایی هەمان ئەو سواڵەتە وردە وردە لە رووی شێوەدا گۆڕانکاری بەخۆوە دیوە و بەدەنەکەی شێوەی لقێك یان رەحەتییەکی وەرگرتووە و بەشی خوارەوەی بەسەری ئاژەڵێك یان جانەوەرێك بەشێوەی نووستوو کۆتایی پێدێنێ. ناوی (ریتۆن) کە پێیگوتراوە دواتر مادەکان باشترین جۆری ئەو (ریتۆنە) کە جیاواز بووە دروست کردووە، کە لە ئاڵتوون و زیو بووە و لە رۆژگاری هەخامەنشیدا جارێکی دیکە دەتوانین سەیری بکەین.

لە زماننامەی (دەهخودا) وشەی (تەکوك) پێوانەیە بە (ریتۆن)، بەو جۆرە (تەکوك) شتێك بووە لە ئاڵتون، یان ئاسن دروست  کراوە لە شێوە مانگا یان ماسی یان وەکو توالّەیەك. لـە فەرهـەنگی زمانەوانی (فرس أسدی) لە باسی (باریتۆن)دا ئەوە دەخوێنم کە قاچاخێکی باشە لە ئاڵتون یان زیو یان گڵ دروست  کراوە بەشێوەی (جانەوەر)، بەتایبـەتی لـە شـێوەی شـێر بـۆ شـەراب خواردنـەوە بەکاریان هێناوە، بەهەرحاڵ ئەم جۆرە قاچانە رۆژگارێك بۆ ژیانی مرۆڤ نەخشەکێشراوە و پەیوەسـت بووە بە رێورەسمی تایبەتی لە تەرەفی چینی دادوەرەوە سەرچاوەی سوود لێوەرگرتنی برِیارەکانی بووە بەڵگەش بۆ ئەمە دەرکەوتنی ئاژەڵەکان لە بەشی خوارەوەی قاچاخەکەدا کە لەوانەیـە کەسـێك بـە نۆشکردنی هەر شلەسەك بوویێت لە ئاژەڵەکەوە بۆ خۆی گواستبێتیەوە.

لە فەرهەنگی یۆناندا واژەی (ریتۆن) بەو جۆرە قاچاخە دەگوترێت بەگشتی بـۆ یادکردنـەوە بەکارهێنرابێت کە بەشی سەرەوی بەشێوەی پەرداخە (ستوونی یان ئاسۆیی) و بەشی خـوارەوەی بەسەری یان لاشەی حەیوان جوان کراوە و بە کەمی نیوەلاشەی مرۆڤی پێوە پەیوەسـت بـووە و شێوەکەش بە سەیرکردنی بەسەر (٣) کۆمەڵدا دابەش بووە.

١- ریتۆنێك کە شوێنی پەیوەندیی کوپە شەرِابەکە بەدەمی ئاژەڵەکەوە یان مرۆڤەکە بـە گۆشەی ٩٠ پلە دەبەستێتەوە.

٢- ریتۆنێـك کـە کـوپی شـەرِابەکە بـە چـەمینەوەیەکی مامناوەنـدی بـەدەمی ئاژەڵەکـەوە پەیوەستدەکات.

٣- ریتۆنێك کە کوپی شەرِابەکە بەسەری یان بە ملی ئاژەڵەکەوەی پەیوەست کـردووە و لـەو وێنەیەدا قاچاخەکە بێگۆشەیە و چەمینەوەکەشی لە نێوان کوپی شەرابەکە و سەری ئاژەڵەکە دایە.

ریتۆنێك کە دەخرێتە پاڵ مادەکان چ سواڵەت بێت یان مەعدەن بەگشتی لە جـۆری سـێیەم بووە و لە خۆرئاوای ئێران بەدەست مانگەیشتووە. ئەم ریتۆنانەی لـە (کلاردەشت) گەیـشتۆتە دەست مان هەندێکیان بەشێوەی ئاژەڵی نووستووە کە وێنەی نموونەکانی واتە هاوشێوەکەی (لە سواڵەت و مەعدەن) لە (گۆردیون) بۆ بەراوردکردن دەبن و هەندێکیشیان لە جۆری دووەمن کە لەم حاڵەتەدا لەگەڵ هەندێك لەوانەی لە (زێویە) دۆزراونەتەوە هاوشێوەن.

هەڵبەتە پێویستی بە بیرخستنەوەیە کە هاوشێوەی جۆری سێیەم (کوپی شـەرِاب بەشـێوەی ئاسۆییە و بەسەری ئاژەڵێك ئامادە کراوە) لە هونەری (زێویە)دا و لـە هونـەری فریگییەکانـدا (لە مەعدەن) هەروەها لەناو ئاسەواری هونەری ئۆرارتۆشدا سەرچاوەی گرتووە. بـەهۆی ئـەوەی کە هونەری (ریتۆن) دروست  کردن لە هـەزارەی چـوارەمی پ.ز چـەند نموونەیـەك نـەبێت کـە

دەرکەوتوون بۆ بەراوردکردنیان بە ژمارەکانی ٢ و ٣ کە هاوشێوەن لەوە زیاترمـان بەدەسـتەوە نییە و نەناسراون، بەو پێیە ئەوانەی لەو نێوانـەدا کـۆ بوونەتـەوە نـاتوانم رێتۆنـەکانی چـاخی هەشتەم کە بەشێکیان لەژێر ناونیشانی ریتۆنی مادەکاندا ئاشناییان هەیە لێیان دڵنیابین و بـە پاشکۆی ریتۆنەکانی هەزارەی یەکـەم پ.ز بیانناسـێنم بـەڵام ئـەوەی دەگـوترێ کـە هونـەری (ریتۆن) دروست  کردن چ لە رۆژگاری بەر لە مێـژووبێ و چ لـە رۆژگـاری مێـژوویی بێـت بـۆ هونەری بازرگانی نەبووە بەڵکو دروست کراوێکی ناوازەی ئێرانی بووە کە لە هەزارەی چوارەمی پ.ز بەو ناوچەیە گەیشتووە. لە رۆژگاری مادەکانیـشدا بـەهۆی ئـەوەی پەیوەنـدییان بـەمجۆرە قاچاخەوە هەبووە بۆیە بەرەو پێشیان بردووە، بەڵام لە رۆژگاری هەخامەنشیدا ئەو پێـشکەوتنە گەیشتۆتە لووتکە.

لە ئاژووری نوێدا هەرچەندە پاشاکان پەیوەندیی زۆریان هەبووە بـۆ سـوود وەرگـرتن لـە (ریتـۆن) لـە میوانداریـیـەکانیانا هـەروەکو لـە خۆیانـەوە دەرکـەوتووە، نموونەیـەکی بەرجەسـتەی ئاشووریش ئـەوە دەسەڵمێنێت، بەڵام دواتر لەبەر ئەوەی لە ململانێدا بوون لەگـەڵ مادەکانـا، بۆیـە ئـەمجۆرە قاچـاخە لـە ئاشوور زۆر رەواجی نەبووە، بەپێی ئەو باوەرِە ئاشوورییەکان لـە دروسـت  کردنـی ئـەم جـۆرە قاچـاخەدا لەوانەیە (ریتۆنی) ئێرانی کاریگەری بەسەریانەوە هە بوویێت. لە دوو شوێنی کنەو پشکنینی (حەسـەنلو) (ریتۆنی) مەعدەنی بەدەست گەیشتوون ئەوەش بە سەیرکردنی شێوە دەرکەوتووەکانیان کـە لـە ئـەنجامی دروست  کردنەکانیانەوە چەکۆشکارییان پێوە دیارە و (ئەم دروست  کردنە پەیوەندیی بە ریتۆنی مادییەوە هەیە ئەگەر راستگۆیین) دەرکەوت تەواو هاوشێوەی نموونـەکانی مادییـە بۆیـە بـەپێی ئـەوەی (ریتـۆنی) (حەسەنلو) لەو رووەوە کۆنترە دەتوانین بڵێین لەسەر (ریتۆنی) مادی نەخشەسازییان بۆ  کردووە.

کنە و پشکنینی زانستی (نۆشیجان تەپە) کە بەدوایا گەنجینەیەك دۆزرایەوە ئەوەی لـەناویا بەردەست کـەوت لـە ئاسـەواری مەعـدەنی لـە گردەکـانی (گـودین) و (یاباجـان) دەرکـەوتن هاوشێوەی (نۆشیجان) بوون لەمەدا هیچ گومانێك لە مـادی بـوونی ئەوانـەی نەهێـشتۆتەوە و دۆزراوەکـانی (سـیالك ب) و (زێویـە) کـە تـاوەکو ئێـستا لـە دیـدی مێـژووی بەسەرچـوو گەرِاندنەوەیان بۆ مادەکانە بەوەش لە ناوەندە کۆنینەناسییەکەوە ئەو گومان و دوو دڵییەی کـە هە بوو دوای گەرِان و لێکۆڵینەوە لەسەریان گەیشتینە راسـتییەکی مێـژوویی بـەوەی گـەلانی (ماد) ئارییایین و بە یەکیـەتی تـەواوی عەشـیرەتەکانی سـەرکەوتن بەسـەر ئاشـوورییەکاندا و یەکەمین ئیمپرِاتۆرییەتی (ماد)یان دامەزراند. فەرهـەنگ و هونـەری مادەکـانیش بـەهۆکاری نەبوونی کنەو پشکنینی کۆنینەناسی لە ئێراندا زۆر زانیارییان لەسەر نەهاتووە، بەڵام گەرِانێك

به نەخشە بەرجەستە کراوەکانی ئاشووری کە لەوەوبەر باسی قایمکاری قەڵاکانیان کراوە لەسەر خاکی ماد کە هە بوون و لە ململانێدا بوون لەگەڵ قەڵاکانی ئۆرارتۆ لە بەرامبەری یەکتریدا دەبنە هۆکار بۆ رەوانەی ئەو تاریکییە. مادەکان لە چاخی نۆیەم تاوەکو نیوەی دووەمی چاخی شەشەمی پ.ز بەتایبەتی لە چاخی حەوتەم و شەشەم لە بەشێکی دونیای خۆرهەڵاتی کۆندا فەرمانڕەوایەتییان کردووە، کە گومانی تیادا نییە لە فەرهەنگ و هونەردا بەتایبەتی لە بوارەکانی تەلارسازیی و مەعدەنسازی و گۆزەگەری و غەیری ئەوان پێشکەوتنیان بەخۆیانەوە دیوە. بۆیە هەروەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا نەبوونی کنە و پشکنینی زانستی شوێنەوارناسی لە خاکی قەڵەمڕەوی ماد هەتاکو ئێستا وای کردووە مێژووی ئەم گەلانە بە تاریکی بمێنێتەوە بەتایبەتی لەڕووی نووسین و نەخشەسازییانەوە کە بەر رۆشنایی نەکەوتوون. کاری کنە و پشکنینی شوێنەوارناسی لە ئایندەدا ئەو کێشە مێژووییە چارەسەر دەکا و لایەنە تاریکەکانی مێژووی ئەو گەلەش لە خاکی (ماد)دا رۆشن دەکاتەوە.

**سەرچاوە**

**علی اکبر سرفراز، بهمن فیروزمندی،**

**ماد/ هخامنشی/ اشکانی/ ساسانی**

**چاپ اول ۱۳۷۳ لا ۱۱۰-۱۱۹**

# تیشکێك بۆ سەر شوێنەواری
# گردی نۆشیجان

گردی نۆشیجان دەکەوێتە دووری (٦٠) کیلۆمەتری باشووری پارێزگای هەمەدان و (٢٠) کیلۆمەتری خۆرئاوای شارۆچکەی (مەلایەر). درێژییەکەی (٨٠) مەترە و پانییەکەی ٣٠ مەتر و بەرزییەکەی (٣٧) مەتر و پێکهاتووە لە دوو بەشی سروشتی و روستکراو.

ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی ١٩٦٧ی زایینی کاری کنە و پشکنین لەم شوێنەوارەدا دەستی پێکرد کە (٥) وەرزی کارکردنی گرتەوە و پاشماوەی سەرنجڕاکێشی تەلارسازی تیادا دەرکەوت کە تایبەت بوو بە رۆژگاری ماد. ئەوەی لەو رووەوە بە دەست گەیشتووە ئەوە دەگەیەنێت کە سوودیان لە خشتی کاڵ دیوە بۆ دروستکردنی خانووەکانیان و بەکارهێنانی کەرەسەی جوانکاری بۆ دیوارەکانیان.

لەکاتی ئەنجامدانی کاری کنە و پشکنین تیایدا (٣) سەردەمی جیا جیا دەرکەوت کە ئەمانە دەگرێتەوە:

١- نوشیجان (١)ی سەردەمی ماد.

٢- نۆشیجان (٢)ی سەردەمی هەخامەنشی.

٣- نۆشیجان (٣)ی سەردەمی پارتی.

گرنگترینی ئەم چینانە، نۆشیجان یەکە کە پەیوەستە بەجێگیر بوونی گەلی (ماد) و زۆرینەی ئەو پاشماوانەش بیناسازین کە بەدەست گەیشتوون و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی دووەمی چاخی هەشتەم تاوەکو نیوەی یەکەمی چاخی شەشەمی پ.ز بەنرخترینی ئەو پاشماوە ئاسەوارییانە کە دەرکەوتوون سواڵەت و هەموو شتەکانیترن لەگەڵ ئەو بەردەی لە بەشە سروشتییەکەیدا دۆزراوەتەوە و رای لەسەرە کە پەیوەستە بە یەکەمین ئاسەواری جێگیر بوون لە گردەکەدا بۆیە گومان و دوودڵی لەو رووەوە نامێنێ کە پاشماوەکان بۆ مادەکان دەگەڕێتەوە و ئەوەی لە رووی فەرهەنگیشەوە دیارە پێیدەچێت دانیشتن زووتر بەر لە چاخی هەشتەمی پ.ز لەم شوێنەوارەدا دەستی پێکردبێت.

پاشماوەی بیناسازی کە لەم گردەدا بەدەست گەیشتووە پێکهاتووە لە:

١- بینایەکی کۆن کە لای خۆرئاوای گرتووە و ((یەکەمین پەرستگایە)).

٢- تەلاری کۆڵەکەدار (ئاپادانا)).

٣- پەرستگای ناوەند ((دووەمین نمایشگا)).

٤- ژوور و مەخزەنەکان.

٥- تونێل.

٦- شورای قەڵا.

## بینای خۆرئاوای:

بە سەیرکردنی نەخشەی بیناکە و ورد بوونەوەی شوێنەوارناسان و تەلارسازان لەسەری ئەوە دیاردەکەوێت کە ئەم بینایە بەر لە هاتنی تەلاری کۆڵەکەدار دروست کراوە. بۆ گەیشتن بەو بینایە وادیارە لە لای خۆرهەڵاتییەوە بووبێت کە هاوشێوەی نەخشەی پەرستگای ناوەندییە و لە دوولاوە شورای بۆ کراوە. شورای یەکەمیان ناوخۆییە بۆ بیناکە، کە بە شێوەی ژووری لاکێشی هاتۆتەوە و گەیشتۆتەوە بە ژوورەکانیتری راوسێی گەیشتن بەم ژوورانە لە دەروازەی تەلاری کۆڵەکەدارەکەوە بۆیچوون کە دەکەوێتە ناوەندی خۆرئاوای. لەگەڵ ئەمانەشدا پاشماوەی ئاگردانێك لە لای باشووری ژوورەکاندا بەرچاودەکەوێت کە رێوڕەسمی نزاکردن بە ئاگر لەم شوێنەدا پیرۆزی هەبووە (هەڵبەتە بەشێوەیەکی نهێنی). بەو پێیە دەتوانین بڵێین یەکەمین شوێنی ئاگر یەکەمین شوێنی نزاکردن بووە لە فەزایەکی داخراو لە تەپەی (نۆشیجان) کە بەجێ گەیەنراوە واتە لەکاتی ئاگرەکەدا بووە و گومانیشی تیادا نییە کە ئەم رێوڕەسمە لەگەڵ بیری مەزهەبیدا لە رۆژگاری سەرهەڵدانی مادەکانەوە دروست بووە و پێوەی پابەند بوون. لە باشوور و خۆرئاوای ئەم پەرستگایەشدا دوو ژووری بچکۆڵەیتر هەن کە سەربانەکانیان بەشێوەی کەوانەیی گیراون.

ژوورەکانی پەرستگاکەش لەسەر شێوەی باکوور و باشووری دروست کراون و هەریەکێکیان درێژی لە سنووری (٤,٥) مەترە و پانی (٤,٥) مەترە و لە باکووریانەوە پاشماوەی (٣) ژوور بەشێوەی دەرکەوتوو هەن کە لەوانەیە یەکێکیان بۆ هەواکێش بووبێت. هەر لەبەر ئەوەشە لە دیواری باشووریدا

جگە لە ژووری بچکۆڵە کە باسمان کرد هەواکێشیتریش هە بوون کە لە بەدەنەکەیدا دروست  کراون. لە لێواری بەدەنی باشووریشیدا پاشماوەی پەرستگایەك هەیە کە سەکۆیەکی دەرکەوتووی تیادایە و باڵەکانی ٧٥*٨٥ سانتیمەترە کە بناغەی پایەی کۆڵەکەی میحرابی پەرستگاکەیە.

دوا مێژووی سوودوەرگرتن لەم بیناکۆنە کە شێوەیەکیتری تەلارسازییە هاوکاتە لەگەڵ دروست  کردنی بینای تەلاری کۆڵەکەداری خۆرهەڵاتی پەرستگاکە کە (١,٨٠) مەتر بەرزترە لە هەیکەلی دراوسێی خۆرئاوای کە هەمان باڵی خۆرهەڵاتی دروست کراوی پەرستگاکەیە و هۆکاریش بووە بۆ داخستنی هاتنە ناوەوەی کەرتی بینای کۆنی خۆرئاوای گردی (نۆشیجان). شتێکی ئاشکراشە لەو رۆژگارەدا پەرستگایەکی دروست کراو یان پەرستگایەکی ناوەندی نەبووە کە لەسەر نەخشەیەکی جوان دروست کرابێت بەڵام لە تەلاری کۆڵەکەداری تەپەی (نۆشیجان) یەکەمین پەرستگای ئاگر هەبووە کە لای خوارووی تەپەکەوە شوێنی دیار بووە. لەبەردەمی تەلارەکەشدا سەکۆیەك هەیە کە لە خشتی کاڵ دروست  کراوە و بە قوڕ سواخدراوە.

نەخشەی تەلارەکەش وادروست  کراوە لە باکوورەوە بۆ باشوور دەرشوا درێژییەکەی (٢٠) مەترە و پانییەکەی بەشێوەی گۆشەیەکی تەواو نەهاتۆتەوە و باڵی خۆرهەڵاتی گرتۆتەوە و هەیکەلەکەی پشتی داوەتەوە بە پاشماوەی پەرستگا کۆنەکە حەوشەی ناوەوەی تەلارەکە (٣) ریز کۆڵەکەی چوار تاکی تیادایە کە کۆی (١٢) کۆڵەکەن و بنمیچی قورسی تەلارەکەیان هەڵگرتووە. کۆڵەکەکان لە دار دروست  کراون و چواردەوری هەریەکێکیان بەخشتی قوڕ هەڵچنراوە و رووەکانیشیان بە قوڕ سواخدراون. ئەو هێمایانەی لە شوێنی کۆڵەکەکان بەدەست مانگەیشتوون ئەوە دەگەیەنن کە هەریەکێك لەو کۆڵەکانە بە (٦) خشتی قوڕ کە لە قەوارەدا دوو ئەوەندەی ئەوانیترن لە پشتیانەوە دانراون. بەرزی ئەم کۆڵەکە خشتنە (٣٠) سانتیمەترن و کەمەری پایەکانیشیان بەو جۆرە دانراون کە (١٠٥) سانتیمەتربن. لە شوێنی ئەو کۆڵەکە خشتانەدا کۆڵەکەی دارەکان دەرئەکەون کە، کەمەری هەر یەکێکیان (٢٥) سانتیمەتر بووە. لە هەیکەلی خۆرهەڵاتی تەلارەکەدا (٢) ژووری گچکە لە باشوور و باکووریدا هەن کە لە ریزی هەر یەکێکیاندا (٤) ژووری جوانیتر هەن بەڵام لای خۆرئاوای بەباشی دەرنەکەوتووە. لە ژێر بنمیچەکەیدا پەنجەرە هەن بۆ هاتنە ناوەوەی رۆشنایی بۆ ناو تەلارەکە. لەناو تەلارەکەشدا سەکۆیەك بۆ دانیشتن دروست  کراوە کە بەپێی نەخشە و بە بەراوردی بەپێوانەی بیناسازی تەلاری کۆڵەکەداری (حەسەنلو) و (تەپەی گودین) کە خاوەنی عونسورەکانی تەلارسازین نیشانیدەدەن بۆ سەردەمێك دەگەڕێتەوە کە تیایاندا دروست  کراون. بەتایبەتی سەکۆی دانیشتن و تەختی سوڵتان و پەرستگای ئاگر کە هاوشێوەی ئەوانەی تەلاری کۆڵەکەداری نۆشیجانن.

## پەرستگای ئەسڵی:

پەرستگای ئەسڵی یان پەرستگای ناوەند بینایەکە بەشێوەی نیوە خاچ یان هەشت گۆشە بەخشتی قوڕ دروست  کراوە لەسەر هەمان شێوەی قەڵای (نۆشیجان). ئەم بینایە بەر لە وێران بوونی هەیکەلە بەردینەکەی لە بەردێکی تەنك دروست  کراوە لە جۆری (شیست). ئەو پاشماوەیەش دوای کاری کنە و پشکنین و پاککردنەوە تیایدا سەرلەنوێ دیمەنەکەی دەرکەوتەوە.

یەکێك لە گرنگترین و بەنرخترین ئاسەواری سەردەمی (ماد) پاشماوەی تەلاری گردی نۆشیجانە و دۆزینەوە و دەرکەوتنی ئەو بینایەش کە بەخشت کراوە لە رووی بیناسازییەوە یەکێکە لە شێوە پێشکەوتووەکانی ئەو سەردەمە و دەست کەوتێکی مەزهەبی رۆژگاری مادە کە بەو شێوەیە بەرەو پێچووە و ئاشنا بووە بە ئایینی زەردەشت.

پەرستگاکە لە دوو ریز ژووری رووە و یەکترو جیا لە یەکتری دروست  کراون و پانایی دەرگاکانیان ٩٠ سانتیمەترە و لە نێوانیانا رێگایەك هەیە کە دەقاودەق لەسەر شێوەی نەخشەسازی کۆن دروست بۆتەوە. کاتێك کارەکانی کنە و پشکنین گڵەکەی لەسەری لابرد هەندێك گۆزە و گلێنەی چاخی هەشتەم بەدەست گەیشت.

لە گۆشەیەکیتری ئەم بینایەوە واتە گۆشەی باکووری تەلارەکە لەناویا پاسەی پەرستگای ئاگر و میحرابەکەی دەرکەوتن کە هەندێك خۆڵەمێش لە پاشاوەی نزا و گرنگیدان بە ئاگر بەدەست گەیشت. پایەی میحراب یان سەکۆی ئاگر لە (٣) بەشی تەواو و جیا لە خشتی کاڵ دروست  کراوە کە سەرنجڕاکێشە. سەکۆی ئاگرەکەش کە سەرچاوەیە پێویستە باسی بکرێت ئەوە بوو دواتریش دیمەنەکەی لە چاخی هەخامەنشیی و ساسانییەکانیشدا بەو جۆرە مایەوە کە بووە شوێنی قوربانیی و میحرابەکەش (سەکۆی ئاگر) بەشی هەبووە لەو قوربانی پێشکەش کردنەدا.

لە پەرستگاکەدا بەرووی دەرەوەیدا پەنجەرە هەبووە کە بەشێوەیەکی جوان دروست  کراون و لە زاراوەیاندا بە پەنجەرەی بچکۆڵە ناویان بردووە. جگە لەو پەنجەرانەش ژمارەیەك چاڵی شێوە خاچ دروست  کراون کە لەوانەیە بۆ جوانکای لاتەنیشتی دیوارەکان بەکاریان هێنابن.

گەیشتن بە پەرستگاکە لە هەیکەلی باشوورییەوە بووە و ژوورە لاکێشیەکانیشی شێوەی ژوورەکانی دراوسێکەی وەرگرتووە بەهۆی ئەوەی لە یەکترچوون و پەرستگا کۆنەکەش بە سەیرکردنی نەخشەکەی دەرئەکەوێت زۆر سەرنجڕاکێش بووە و گرنگی زۆریشی لەو رووەوە پێدراوە. بەرژەوەندییەکانی تەلارسازیش لە ژوور و گەنجینەکاندا بەکارهێنراوە و ئەوانە هەموو

له خشت دروست کراون که پێوانەکەیان له سنووری ١٣*٢٥*٤٠ سانتیمەتره. بەو جۆره لەسەر نەخشەکەی دەتوانین بڵێین ئەمه دووەمین شوێنی نزاکردنه که له گردی نۆشیجان دروست کراوه و له هەردوو لاشی پلیکانەی خڕ هەن که بەیەکسانی دەرهێنراون.
نەخشەی پەرستگای ناوەندی رۆژگاری (ماد)یش له (نۆشیجان) لەسەر شێوەی تەلارسازی دروست کراوه و هاوشێوەی ئەوانەی رۆژگاری ساسانییەکانه یان لێوەیان نزیك بووه. بۆ یەکەمینجاریش نەخشەی شێوه خاچی بیناسازی له کۆشکی (بیشابور) دەرکەوت لەگەڵ زۆرینەی پەرستگاکانی ئاگر له رۆژگاری ساسانییەکاندا.

بەو جۆره شێوەی ناوبراو دەتوانین بڵێین له نەخشەی یەکێك له تەلاره دەرکەوتووەکانی لوڕستان دەچێت که تیایدا کنه و پشکنین له شوێنێك دۆزییەوه که ناسراوه به (باباجان) له دووری (١٠٠) کیلۆمەتری باشووری خۆرئاوای.

بەڵام لەبارەی سەرچاوەی پەنجەرەکانیەوه دەڵێت ئاشوورییەکان له چاخی نۆیەم تاوەکو حەوتەمی پ.ز ئاشنایەتییان لەگەڵ پەنجەرەدا بەو جۆره نەبووه، بەڵام له بینای ئۆرارتۆییەکاندا نەك تەنیا له بینا خشتییەکاندا هەبووه بەڵکو له بینا بەردییەکانیشدا ئەو جۆره پەنجەرانه هه بوون هەروەها له بینای سەردەمی هەخامەنشییەکانیشدا له دوو شوێنی فارس واته له نەخشی رۆستەمی رووی بەدەنی کەعبەی زەردەشت و له پاسارگاداش له رووی بەدەنی بینای ناسراو به گۆڕی (کەم بووجییه) ئەو جۆرەکارانه تیایاندا کراوه. لەوانەیه کۆمەڵه بینای (نۆشیجان) که قەڵا و قووڵەی تیادا هەن بۆ پاراستن بووبێت و پاسەوانیش بۆ ئەم بینا مەزهەبییه گرنگ و پێویست بووه.

## ژوور و گەنجینەکان:

دووەمین پاشماوەی بیناسازی نۆشیجان قەڵاکەیەتی که له نەخشەکەیدا ژووری پاسەوانەکان نزیك به یەکتری واته به کۆ کراوەیی دەبینرێت و له رێگای پلیکانەوه پەیوەستن به چوار مەخزەنی چەك که بەشێوەی لاکێشی له ریزێکدا یەکدەگرنەوه. قەڵاکەش بەگشتی شورا و ژووری دانیشتن و گەنجینەی هەیه که به درێژی ٢٥ مەتر و به پانی ٢٢ مەتر دەوریان داوه. دیوارەکانی دەرەوەی قەڵاکه به (٦) قولەی گەوره و (٧) قولەی درێژ بەپێی نەخشەکەی بۆ بەهێزکردنی بۆی کراوه. ئەوەی لەمانەش ماوەتەوه (٢) قولەی گەورەن که دەکەونه ناوەڕاستی شورای خۆرهەڵاتی ئەگەرچی چوارچێوەکانیان له بەرزییەکی نزمدان که مەترێکه. لەگەڵ ئەمانەشدا نیوەی باکووری ژووری پاسەوانەکان نەماوه بەڵام نیوەکەی باشووری به باشی ماوەتەوه و پارێزراوه.

لێرەدا (٣) تاقی شێوه سێگۆشەیی دەبینم که بنمیچەکانیان به دووخشت له یەکدراون و شێوەیەکی جوانیان وەرگرتووه و له کۆتاییەکانیاندا دوو ئاگردانیان دروست کردووه ئەوەش بۆ کاتێك بەکارهێنراوه که سەربازەکان له کاری پاسەوانی بوونەتەوه که بەدرێژایی مانگەکانی زستان خۆیان لەبەریانا گەرم کردۆتەوه. بەڵگەش بۆ ئەوه هەتاکو ئێستاش بەشێکی زۆری ناو تاقەکان به ورده زیخ و لم داپۆشراون.

له خۆرئاوای ژووری پاسەوانەکانیشدا ژمارەیەکیتر ژوور هەن که به شێوەیەکی ناتەواو ماونەتەوه و نێوانێکی دەرکەوتووی کەوانەییش له بەینیانا هەیه ئەوانه سەرنجڕاکێشن. بەرژەوەندییەکانی تەلارسازیش له ژوور و گەنجینەکاندا وای کردووه بەگشتی خشت بەکاربهێنن که پێوانەکەی له سنووری ١٣*٢٥*٤ سانتیمەتردایه.

## تونێل:

لای باکووری تەلاره کۆڵەکه دارەکه و بەدرێژ بوونەوەی بەرەو خۆرهەڵات و خۆرئاوای کونی ژێر زەمین له قووڵایی ٣ مەتر دۆزرایەوه که گابەردێك کۆتاییەکەی گرتووه. بەرزی ئەم چاڵه له ناوەوه که پلیکانەداره و به تونێل ناوزەد کراوه (١٧٠) سانتیمەتره و پانییەکەی (١٨٠) سانتیمەتر دەبێت رووی سروشتی گردەکه دەگەیەنێت به لای خۆرئاوای که درێژییەکەی ٢٠ مەتره و بەشێوەی بازنەیی هەڵکەنراوه بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی وردتر سەیری تونێلەکه بکەین دەرئەکەوێت که کاری هەڵکەندن له تونێلەکەدا تەواو نه کراوه بەڵکو لەو رووەوه کورتی هێناوه. لێرەدا دەتوانین بڵێین هەڵکەندنی شوێنی ئاماژەپێکراو بۆ کۆتایی قۆناغی نیشتەجێ بوون له شوێنەوارەکەدا دەگەڕێتەوه دانیشتوانی شوێنەوارەکه ئەوەیان بۆ پاراستنی خۆیان کردووه کاتێك هەستیان بەترس کردووه بۆیه وەکو پەناگایەك سوودیان لێوەرگرتووه. سەرەتاش ئەو پەناگانه تایبەت نەبوون به (ماد) بەڵکو لەکاتی دۆزینەوەی شاری (گۆردیۆن) که دەکەوێته بەشێکی ئاسیای ناوەند تونێلی پلیکانه دار دۆزراوەتەوه که دەتوانین به تونێلی (نۆشیجان)یش پێوانەی بکەین.

## شورای قەڵا:

لە بەشی باشووری ژوورەکان و مەخزەنەکاندا و لە لای خۆرهەڵاتیدا شورایەکی توونـد و تۆڵ هەیە کە لە بەشی خۆرهەڵاتیدا شێوەی کەوانەیەکی وەرگرتووە و بیناکەی راگرتووە. لـە باشووری قەڵاکەشدا بەدرێژایی خۆرهەڵات و خۆرئاوای لێواری دیوارەکان لەسەرەوە دەرچـوون و بەکۆ کراوەیی دەبینرێن. ئەو شێوەیە لە شورای لێوار دەرچووی ئۆراریتییەکان دەچێت کـە بەو جۆرە دروست یان کردووە یان دەریان هێنـاوە کـە لەگـەڵ دەروازەی گـودین تەپـەی لای خۆرهەڵاتی هاوشێوەن.

## گەنجینە دۆزراوەکەی نۆشیجان تەپە:

یەکێ لە گرنگترین پشکنینەکانی دەزگاکە لە کۆتایی وەرزەکەدا لادانی خشتێك بوو لە باشووری ژوورەکانی خۆرهەڵاتی قەڵاکە و خشتەکەش نهێنـی لەسـەر تاسـەیەکی دروسـت کراوی بازنەیی هەڵدابوەوە کە لـەناو چـاڵێکدا بـوو و لـەناویا (٢٠٠) شـتومەکی دروسـت کراوی کانزایی بەکارهێنراو هە بوون. هەڵبەتە چەند هۆیەك هەیـە دەتـوانم بڵـێم رۆشـنایی دەخەنەسەر نهێنی شاردنەوەکە کـە پێدەچێت لـەکاتی ئـاژاوە و هێرشـبردن و وێرانکـاری بووبێت بۆیە ئەو گەنجینەیە لێرەدا ماوەتەوە.

شـتومەکی دۆزراویتریـش لـە جـۆری جیاجیـا لەوانـە مـوروو و ئەڵقـەی بـچووك کـە، کەمەرەکانیان ٢,٦ سانتیمەترن لەگەڵ گوارەیەکی بچووك کـە چـەند ئەڵقەیـەکی بـچووکی کانزایی پێوە بوو لەگەڵ شەش پایەیەکی کانزایی کە بە ئەندازەی جیاجیـا و بـە زیـاتر لـە (١٠٠) پارچە فلز دروست کـراوە. هەڵبەتـە بـە فراوانکردنـی کارەکـە لـەم شـوێنەدا و هەڵکەندنی زیاتری زەوییەکەی هەندێکجار لەم کاڵاگرانانە دەبیـنین کـە بازرگانییـان پێـوە کراوە. شێوازی کارکردنیش لەم کاری گەوهەرسازییە توانەوەی کانزاکەی بۆ کـراوە لەگـەڵ پێکـەوە بەسـتنەوەی پارچـەکانی لەوانەشـە کـانزایتریش بـەهۆی ئـاگر بـۆ توانـەوەیان بەکارهێنرابێت بۆ ئەوەی بە چەند شێوەیەکی ساکار خشڵ و کـاری گەوهەرسـازی دروسـت بکەن و پیشەسازییەکەیان بەو هۆیەوە بەرەوپێش بەرن.

ئەوەی لەسەر ئەو جۆرە پیشەسازییە دەگوترێ و لەبەردەسـت دان بەشـێوەیاندا دیـارن کـە پەیوەستن بە هونەری ناوخۆیی لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێکیتر لـەو دروسـت کراوانـە هـەن کـە کۆنترن لەوانی پێشوو لەوانە مووروی خڕ و مـورو مارپێـچەکان کـە پێدەچێت پەیوەسـتبن بـە ملوانکەیەك کە هاوشێوەی ئەمانە لە چینەکانی پەیوەنـدیی بـە کۆتـایی هـەزارەی سـێیەم و سەرەتای هەزارەی دووەم پ.ز لە (گردی حەساری ٣ب) لە دامغان دۆزراونەتەوە بـەڵام لـەرووی مـۆرە بـچکۆلە کانزاییەکانـەوە هاوشـێوەیان لـە مارلیـك و زێـویێ دۆزرانـەوە ئـەوەش دوای بەراوردکردنیان.

ئەم کەلوپەلە دروست کراوە کانزاییانەی کـە لـە ژوورەکـانی نۆشـیجان تەپـە بـە دەسـت گەیشتوون دەچنەوە سەر ئەو کەلوپەلانەی چاخی حەوتەمی پ.ز لە نمرود. وادیارە مادەکان ئەو شتومەکانەیان وەکو تاڵانی شەڕ لە شارەکان بەهێرشبردن بـۆ سـەر ئاشـوورییەکان بردوویانـە و هێناویانە بۆ (تەپەی نۆشیجان).

## رێکخستنی مێژوویی:

تاوەکو سنوورێك ئەو مێژووەی بەهۆی زانستی ئاسەوار زانراوە دەتوانین دەست نیشانی تەمەنی پێ بکەین بۆیە لـەو رووەوە دەتـوانین بڵـێین: ئـەو پارچـە تەختـە گەورەیـەی کـە لـە ژووری ژمـارە (١) دۆزراوەتەوە بەپێی تاقیکردنەوەکانی کـاربۆن ١٤ کـە لەسـەری کـراوە ئـەوە بەرچـاو دەکـەوێت کـە مێژووەکەی بۆ ٧٤٥ی پ.ز یان ٧٢٣ پ.ز بگەڕێتەوە. ئەو مێژووەش لەوانەیـە بـۆ سـەرەتای ژیـانی پێشکەوتن و بیناسازی ناوەندی (نۆشیجان) دەشتنیشان بکرێت. بەهەرحاڵ بەڵگـەکانی سەرچاوە بـە جێهێڵراوەکان کە ماون نەیانتوانیوە بارودۆخێکی رۆشنی تەواو بدەن بە گردی نۆشیجان. لەگەڵ ئەوەشـدا ئەو ناوچە کۆنە بەبێ دوو دڵی یان راڕایی لە دەربڕیندا ناوەندێکی سیاسی مەزهەبی سیـستەمی بـووە لە سەردەمی مادەکانا هەروەها قایمکارییەکانی (نۆشیجان)یش بەتایبەتی قەڵاکـەی شـوێنی بـەرگری بووە بەرامبەر هێرش و هێرشی خێرای دڕندانەی ئاشوورییەکان بۆیە دروست یان کردووە. بەڵام بـەهۆی چەند هۆکارێك ناوچەکە ئاسایشی تیادا نەماوە و مادەکانیش ناوچەکەیان جێهێشتووە و بـۆ شـوێنیتر کۆچیان کردووە ئەم پەیبردنەش دەگەڕێنینەوە بۆ تونێلەکە کـە (پـەناگای ژێـر زەوییـە) و شـاردنەوەی گەنجینەکە و دیواری بەرگری قەڵاکەش روویەکیتری بۆچوونەکەیە.

## نۆشیجان ٢:

ئەم چینە فەرهەنگییە دوای چینی کەلتووری (١) دێت و بۆ چاخی هەخامەنشی دەگەڕێتەوە.

## نۆشیخان ٣:

ئەم چینە فەرهەنگییە دوای چینی (٢) دێت و ئاسەواری فەرهەنگی پارتی لەخۆ گرتووە و لەم چینەدا ژیان کەمتر لە (٥٠) ساڵ بەردەوامی هەبووە و لە کۆتایی سەردەمەکەشدا گردەکە جێهێڵراوە و دانیشتوانەکەی بۆ ناوچە بە پیتەکانیتر رۆیشتوون کە بۆ ژیانیان باشتر بووە.

ئەوەی لەسەری دواین دەتوانین تەلاری کۆڵەکەداری گردی نۆشیجان لە رووبەکەوە بەراوردی بکەین بە تەلاری کۆڵەکەداری حەسەنلو و گۆردین تەپە و لەلایەکیترەوە هاوشێوەی تەلارەکانی کۆڵەکەداری ئۆرارتۆ و شێوەی دروست کردنیانە.

عونسوری گرنگیش لەم شوێنەدا بوونی پەرستگای ئاگرە و پەرستنی ئاگریش لە فەزایەکی داخراودا ئەنجامدراوە کە دەقاودەق لەگەڵ ئامۆژگارییەکانی زەردەشتدایە و یەکەمین پاڵپشتیشە بۆ ئایینی زەردەشت لە ئێراندا. لەلایەکیترەوە بوونی پەرستگای ئاگر پەیوەندیی بە بوونی موغەکانەوە هەیە لەم شوێنەدا کە هەر خۆشیان خاوەنی رێوڕەسمی مەزهەبی زەردەشتی بوون.

لە رووبەکیترەوە عونسوری تەلارسازی کە لە نۆشجان گرنگی پێدراوە بەهۆی بوونی تاقەکانی باشوورەوەیە کە لە دیدی تەلارسازیدا بەر لە تاقە لەیەکدراوەکانی ئێران دەرکەوتووە.

پوختەیەك لە مێژووی کۆنی قۆناغە جیاجیاکانی نیشتەجێ بوون لە پاشماوەی بیناسازی قەومی ماد ئەوەی شوێنەواری نۆشیجانە کە وەرگیراوە لە دەرکەوتنی دوو پەرستگا و هەڵکەندنی تونێلەکە لە زەوی تەلاری کۆڵەکەدارەکەدا ئەوانە بەپێی ئامانجەکانی سەرەتایی بیناسازی کە دەرکەوتوون سوودیان لە کۆمەڵگا بیناسازییەکە دیوە ئەگەرچی ئەوە سەڵمێنراوە کە هەڵکەندنی تونێلەکە دوای تەواو بوونی تەلارەکە بووە، واتە دوای جێهێشتنی قەومی ماد بۆ شوێنەوارەکەی.

ئەوەی کە ماوە لە بناغەی بیناکە بەو شێوەیەی ئەوە ناگەیەنێت کە سوودی لێوەرگیراوە بۆیە ناتوانین قە بووڵی ئەوە بکەین کە وێران بوونی بینای ترا کە لە رووی سیاسییی و مەزهەبی و ئا بوورییەوە بوو بێت چونکە قابلی تێبینییە. بە هەرحاڵ دوای بەجێهێشتنی گردی نۆشیجان ژمارەیەك لە گوندنشینەکان تیایدا بۆ ماوەیەك نیشتەجێ بوون و وەکو پەناگایەك سوودیان لێبینیوە و تەلارەکەشیان چاك کردۆتەوە. ئەو گۆزە و گڵێنانەش کە بەدەست گەیشتوون بۆ ژووری ژمارە (١٨) دەگەڕێنەوە واتە بۆ دوا قۆناغی نیشتەجێ بوون لە تەلارەکەدا دانیشتوون گۆزە و گڵێنە کۆنەکانیان شکاندووە و ئەوەی کە ماویشە لە دەرەوەی تەلارەکە دۆزراونەتەوە کە دواتر هۆکارەکانی ئاو و هەوا و باوباران کاریگەری خراپی لەسەریان هەبووە و شوێنەکەی وێران کردووە.

گڵێنە بەدەست گەیشتووەکانی گردی نۆشیجان: گڵێنەکانی قۆناغی ماد لە گردی نۆشیجان لە گڵێکی خۆڵەمێشی ساکار دروست کراون کە عونسوری سەرەکی بووە لەو پیشەسازییەدا و لە قوڕەکەیدا گەردیلە گڵی ئاڵتوونی یان زیوی تیادا بووە کە پەیوەست بووە بە خاکی ناوخۆوەی و هیچ کاریگەرییەکی بەستنەوەی چینەکانیش بەسەر گڵێنەکانەوە نەبووە. بەڵام کاتێك باس و توێژینەوە لەسەر گڵێنەکان کراوە گەردیلە گڵە ئاڵتوونییەکان لەناو ئەو گڵێنانەی کە هە بوون سەرنجیان لێدراوە. هەروەها سەرنج لەو گڵێنانەش دراوە کە جۆرێکیتر لەو بابەتانەی تیایاندا بووە کە بۆ چێشت لێنان بەکارهێنراون. لەگەڵ ئەمانەشدا قاپ و قاچاخی گڵێنەییتریش هە بوون لە جۆردا ساکار و خراپ بوون بەدیواری دەرەوەیاندا گەردیلە گڵی بچکۆڵەی زیوییان پێوە هەبووە بەتایبەتی لە بنکەکانیاندا. بەو جۆرە سوودیان لە دەنکی سپی واتە گەچیش دیوە لە قوڕەکەیدا لە غەیری گۆزە و گڵێنەی چێشت لێنان ئەوەش بۆ بەهێزکردن و توند و تۆڵکردنی دروست کراوەکانیان بووە بەرامبەر بەو پلەی گەرمایەی لە فڕنەکەدا بۆی بەکارهێنراوە.

هەرچۆنێك بێت دەتوانین بڵێین: گڵێنەکەر لە پیشەسازییەکەیدا تێنەکۆشاوە بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆی کە جۆرێك لە بەرگری بێت بۆ قاپ و قاچاخەکانی بەوەی لە کارگەکەیدا لەڕووی پێکهاتەکەیدا هەستاوە جوان سافی کردووە و رەنگ و شێوەکەشی گۆڕیوە بەڵکو هەوڵەکەی بۆ هونەرەکە بووە کە پێشی بخا و هەڵسوکەوتی زیرەکانەی لەگەڵدا بکات بۆ ئەو شتەی بەرهەمی دێنێت. لەو پارچە گڵێنە جیاجیایانەی لە گردی نۆشیجان بەدەست مانگەیشتوون و بۆ قۆناغی (ماد) دەگەڕێنەوە و لە یەکێك لە کارخانەکاندا دروست کراون کە بەشێوەیاندا لە کۆمەڵێك پێکهاتوون، لەڕووی رەنگ و جۆری قوڕی گیراوە و شێوەی گڵێنەکە و جوانکردن و سافکردنیان دابەش بوون بە ٤ بەشەوە:

١- پارچەیەك گلێنەی پەیوەست بە گۆزە گەورەكان كە دەتوانین بڵێین: ئەمانە گلێنەی دروست كراوی یادەوەرین.

٢- گلێنەی خۆڵەمێشی.

٣- دیزەی چێشت لێنان.

٤- گلێنەی بێكەڵك و بچكۆڵە ئەوانەی گەردیلەی قسڵ لە قوڕەكەیاندا هەیە و زوو دەشكێن و بە پلەیەكی گەرمی كەم سووركراونەتەوە.

١- قاپ و قاچاخی دروست كراوی ئاسایی:

ئەلف: رەنگ: ئەوەی لەمجۆرە گلێنانە بەدەست مانگەیشتووە بۆ ئاو خواردنەوە بەكارهێنراون و خاوەنی رەنگی ترێین كە شێوەیان سوور دەنوێنێ یا وەكو رەنگیان سوورە. بەڵام رەنگی دەرەوەی ئەم گلێنانە هەموو كات جێگیر نەبوون و جارێك بە سپیدا و جارێك بە سووردا روانیویانە.

ئەمجۆرە گلێنانەش لە شێوەدا دەچنەوە سەر یەكتری و قوڕی ئەوانە لەگەڵ ئەوەشدا تێكەڵاوی گەردیلە لمە بەڵام رووی دەرەوەیان تەواو رووناكە و جوان سافكراون. رەنگی گلێنەی لوولەداریش (شێوە قۆری) كە خاوەنی لوولەی ناویشە، رەنگییان خۆڵەمێشی و هەندێكیشیان قاوەیی مەیلە و خورمایی بوون.

سافكردنی ئەم گلێنە خۆڵەمێشییە بچكۆلانەش بە چەند پلەیەك باشتر بووە لە گلێنەكانیتر و گەردیلە لمی قوڕەكەیان تەواو دیارە.

لەمجۆرە گلێنانە جگە لەوەی گەردیلە لمیان تیادا هەن، گەردیلە ئالتوونییەكان جارێكی دیكە رەنگیان لە رووی گلێنە دروست كراوەكانی قرناغی (ماد)دا بەشێوەی خاڵ بڵاو بوونەتەوە و وەكو بروسكە دیارن.

لە قوڕی گلێنە دروست كراوە ئاساییەكانیشدا گەردیلە قسڵی وردی رەنگ سپی هەن ئەگەرچی هەندێك كەمن، بەڵام دەبنە خراپكردنی گلێنەكە و سوود لێوەرنەگرتنی لە قوڕی گلێنە دروست كراوی قۆناغی (ماد) لە گردی نۆشیجان هەندێك گەردیلە بەردی سپی لەناویا دەرئەكەون. ئەوەی لە خاكی ناوخۆماندا رەچاوی دەكەین ئەو گەردیلانەن كە بەشێوەی سروشتی هەن و بەهۆی بڵاو بوونەوەیان لە رووی گلێنەكاندا كەمێك دیارن.

بێ: سافكردنی دیواری گلێنەكان: هەموو ئەو قاپ و قاچاخانەی كە بەدەست گەیشتوون لە گردی نۆشیجان لە كارگەیەكدا دروست كراون كە پێكهاتوون لە: (تاسە) و (گۆزە) و (پەرداخ) و (قاپ و قاچاخ) ئەمانە بەشێوەیەكی گشتی و بەباشی سافكراون و بەجوانی دەرهێنراون. بەو جۆرە قاپ و قاچاخەكان وەكو یەك گرنگییان پێدراوە و هێمایەكی جیاوازیش لە نێوانیاندا نییە كە جیاجیان بكاتەوە.

بەشێوەیەكی گشتی دروست كردنی قاپ و قاچاخەكان كە رۆژانە لە كارگەدا بەرهەم هێنراون گرنگییان پێداون و سافكراون. لەگەڵ ئەمانەشدا هێڵەكانی سووركردنەوە تیایانا كەمتر دەركەوتوون و بەشێكی رووی گلێنەكانیان داپۆشیوە. بەڵام لە قاپ و قاچاخی بچكۆڵەدا وەكو گۆزەڵە و پیاڵە هێڵی گەرمی بەشێوەی نەخشی تەریبی سەرانسەر پێوەیان ئەنجامگیرە بە پێچەوانەوە لە گلێنە گەورەكاندا نەخشی گەرمی زیاتر بەشێوەی ستوونی دەرئەكەوێ. هەروەها ئەو قاپ و قاچاخانەش كە هێمای گەرمییان وەرنەگرتووە وەكو گۆزەی گەورە بەرووی دەرەوەیاندا پەنجەی سواڵەتكەر نەخشی ستوونی لە بەشی باڵاكەیدا و نەخشی ئاسۆیی لەژێرەوەی گۆزەكە وێنەیان دیارن.

بەتوانایی و قایمكاری لە گلێنە دروست كراوەكانی (ماد) دا بە ئەندازەی گلێنەكە ئەوەی پەیوەندیی هەیە بە سافكردن و رێكخستنەوە لە كاسەكان و گۆزەڵە بچكۆڵەكاندا دەرئەكەون و چەندجار چاككردنیان لە دەرەوە و ناوەوە بۆیان كراوە. بەڵام بۆ گلێنە گەورەكان ئەو جۆرە گرنگیدانە كارچاكی بۆ نە كراوە و شێوەی گلێنە گەورەكانیش.

## جیم-شەڕاب:

گۆزە گەورەكانی شەڕاب كە شێوەیەكی دەركەوتوویان هەبووە لە گردی نۆشیجان هەرگیز بە ئاگر سوورنەكراونەتەوە، بەڵام ئەمانە خاوەنی نەخشی جوانكاری بوون كە زۆرینەی ئەو نەخشانە بەڕووی دەرەوەیاندا دەرئەكەون.

ئەم نەخشانەش زیاتر بەشێوەی كەمەربەندی و ئاسۆیی دیارن و هەندێكجاریش جوانكارییان بۆ دەكردن بەشێوەی مارپێچ یان گوریسێك یاوەكو بەناخون رووی كەمەری ئەمجۆرە گۆزانەیان نەخشاندووە.

**دال-شێوە:**

جگە لە گۆزە گەورەکانی شەراب و کاسە و قاپ و قاچاخی سواڵەتەکان هەروەها ئەوانەی کەمتر گەورەن لەوانەی گردی نۆشیجان کە بەدەست مانگەیشتوون و پەیوەستن بە سەردەمی ماد ئاسەواری چەرخیان پێوە دیارە. بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا ئاسەواری هێڵی سافکاری ئاسۆیی بەڕووی بەدەنی قاپ و قاچاخەکانەوە دیارن کە سواڵەتکەر بە پەنجەی دەستی یان نینۆکی ئەوەی لەبەردەست یا بووە لە سواڵەت نەخشەکەی بۆ داناوە. ژێرەوەی سواڵەتەکەش واتە بنك و ناوەکەی و شێوە بچکۆڵە مارپێچەکەی دەرەوەی بە نینۆکی دەست بۆی کردووە کە کەمەر و بنکی سواڵەتەکەشی گرتۆتەوە.

شێوەی قاپ و قاچاخە دروست کراوەکان زۆرینەیان دەمێکی کراوەیان هەبووە و خاوەنی یەکێك یان دوو قوولفەی ئاسۆیی بوون. بەدەنی قاپ و قاچاخەکانیش بەگشتی شێوە ستوونییان بەخۆیانەوە دیوە و قەوارەکانیشیان گەورە و بەشێوەی ساکار دروست کراون. بەڵام گۆزەڵە بچکۆڵەکان قوولفەیان نەبووە تەنیا مامناوەندییەکانیان نەبێت کە دوو قوولفەیان هەبووە و قەوارەکانیشیان لە شێوەدا ساکار بوون گۆزە گەورەکان بە دوو کۆمەڵدا بەش بوون: کۆمەڵەی یەکەم، ستوونین و کۆمەڵەی دووەم تەواوی ئەو قاپ و قاچاخانە دەگرێتەوە کە لوولەدارن یان لەسەرەوە دەمێکی پانیان هەیە. لەنێوان ئەو قاپ و قاچاخانەی بەدەست گەیشتوون لە گودین تەپە و گردی باباجان و گردی سیالك دەتوانین بە یەکتر بەراوردیان بکەین.

## ٢- قاپ و قاچاخی خۆڵەمێشی:

لەنێوان ئەو سواڵەتانەی بەدەست گەیشتوون لە ژووری ژمارە ١٨ی گردی نۆشیجان هەندێکیان خۆڵەمێشی یان قاوەیین و سوورکراونەتەوە و مەیلە و رەشن کە سەرنجڕاکێشن و لە قوڕی ئەمجۆرانەشدا وردەی چەو و لم دەبینرێن. سافکردنی رووی رەنگ خۆڵەمێشی بەوردی و شارەزایانا لە پێشووتردا ئەنجامدراوە و سواڵەتکەریش لەو کاتەدا تێکۆشاوە شێوەی سواڵەتەکەی باش بکا و هەڵیبگرێت. سواڵەتەکان رووی دەرەوەیان خۆڵەمێشین و سافکراون و سوورکراونەتەوە و دەدرەوشێنەوە. ژمارەی سواڵەتی خۆڵەمێشی بەرێژەی ئەوانیتر کەمترن و زۆرینەی تەواوی ئەم سواڵەتە بچکۆلانانەش پەرداخو گۆزەن.

## ٣- قاپ و قاچاخی مەتبەخ:

زۆرینەی سواڵەتی مەتبەخ رەنگیان رەشە و لەوانەیە لەکاتی چێشت لێناندا لایەکی ئەو سواڵەتە ئەو رەشییەی بەرکەوتبێت یان هەندێ جاریتر تەواوی سواڵەتەکەی گرتبێتەوە. هەڵبەتە ئەمجۆرە سواڵەتانە گەرمای زۆرتری دیوە یان لەوانەشە لە سوورکردنەوەیاندا ئەو رەنگە رەش و تۆخەیان وەرگرتبێت. ئەو ژمارە سواڵەتانەی لەمجۆرەن و بەدەست مانگەیشتوون بە بەراوردی یان بەوانیتر کەمترن.

قوڕی ئەم سواڵەتانە گەردیلەی رەنگ ئاڵتوونی یان رەنگ زیوی یان بەلوری سپی یاوەکو رەنگ وەرشاوییان تیایاندا هەن. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم سواڵەتانە شێوەی تایبەتییان بەخۆیانەوە گرتووە.

سواڵەتەکانیش خاوەنی دوو کۆمەڵن: هەندێکیان بە بەردەنەکانیانەوە دوگمەیان پێوەلکاندوون و کونێکی بچکۆڵەیان تێ کراوە لەوانەیە بۆ هەڵواسین بووبێت. بەشێوەیەکی گشتی سواڵەتەکانی مەتبەخ وردەکاری و سافکردنی زیاتر بە بنکەکانیانەوە دیارە کە رووی ئاگرەکەیان بەردەکەوێت.

## ٤- سواڵەتی لاواز و خراپ و زووتر شکاو بە ئاسانی:

ئەمجۆرە سواڵەتانە زیاتر لە سینی و دەفر و لەگەن پێکهاتوون و دروست کراون و لەکنە و پشکنینەکانی نۆشیجان تەپە لەم بابەتانەمان بەدەست نەگەیشتووە، بە ساغی بەڵکو لەتە سواڵەت بوون. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: ئەم جۆرە روویەکی تەختیان هەیە و بنکەکانیان لاکێشین.

قوڕی ئەم گڵێنانەی کە لەناویان گەردیلەی رەنگ ئاڵتوونی هەیە لە دروست کردنیانا ئاسەواری پەنجەی دەستی سواڵەتکەریان پێوە دیارە بەتایبەتی شوێنی پەیوەندیی بەدەنەکە بە بنکەکەی هەروەکو دەرئەکەوێت. هۆکاری خراپی ئەم سواڵەتەش لە قوڕەکەیدایە بەهۆی ئەوەی گەردیلەی قسڵی تیادایە.

**سەرچاوە**

**علی اکبرسرفراز، بهمن فیروزمندی،**
**ماد/ هخامنشی/ اشکانی/ ساسانی**
**چاپ اول ١٣٧٣ لا ٥٥-٧٠**

# تیشکێك بۆ سەر گردی باباجان

(باباجان) گردێکی دێرینە دەکەوێتە (نورئاباد)ی دەشتی (دلفان) لە سنووری ١٧٠ کیلۆمەتری لوڕستان. کاری کنەو پشکنینی زانستی بۆ کۆنینەناسی لەم گردەدا یەکەمینجار لەلایەن خانمی (کلارگوف میدی) ئەنجامدرا لە بەهاری ١٩٦٣ کە لەلایەن دامەزراوی دێریناسی دانشگای لەندەنەوە ناردیان و کارەکەش تاوەکو ساڵی ١٩٦٨ بەردەوامی هە بوو.

ئەم گردە نیوەی خۆرهەڵاتی دەکەوێتە نێوان (کێوی سپی) و کێوی (گرۆە) و بەشی خوارووەکەشی نزیکە لە رووباری (قیزکشتگان) هەروەها لە رۆخی باشووریدا دەشتی (دلفان) دێ.

(باباجان) لە گردێکی ناوەندی و چەند گردێکی بچکۆڵە دروست بووە کە لە نێوانیانا گردی ناوەندوە تەپەی خۆرهەڵات دێن و کارەکەش خانمی ناوبراو بڕیاری کارکردنی تیایدا.

گردی ناوەند: ئەم گردە شێوەکەی هێلکەییە و لە باشووری خۆرهەڵاتەوە بۆ باشووری خۆرئاوا درێژبۆتەوە و درێژی باڵەکانی ٣٠*٦٠مەترە و پانی گردەکەش ١٢٠ مەترە. باڵی باکووری و باکووری خۆرئاوای بەرەو رووی یەکتری نزم و تەسك دەبنەوە کە رووەو هیچڵی پانی سەرەوەی دەڕوات کە لە گردی خۆرهەڵاتی بچووکترە و جیانابێتەوە. بەشی باشووری ئەم گردەش لەگەڵ گردێکی بچووکتردا یەکدەگرێتەوە کە خەڵکی ناوچەکە بۆ گۆڕستان سوودیان لێبینیوەوە.

سەرئەنجام کاری کنە و پشکنینی شوێنەواری لە گردی ناوەند (مەرکەزی) (٣) چینی سەرەوەی وەکو سەردەم دەرخست کە هەموویان پەیوەست بوون بە قۆناغی رۆژگارێکەوە کە بۆ چارەکی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پ.ز دەگەڕێتەوە.

چینی ٣: بە سەیرکردنی پاشماوەی بیناسازی ئەم چینە دەرکەوت کە بناغەی خانووەکانی بە بەرد دانراون و دیوارەکانیشیان بەخشت. هەڵبەتە لە دروست کردنی ئەم دیوارانەدا قوڕ بەکارهێنراوە بۆ بەستنەوەیان. دوولای دیوارەکانیش واتە ناوەوە و دەرەوەیان کا و گڵ تێکەڵ کراون و بە قوڕ سواخدراون. دارەڕای ژوورەکانیش بەهۆی کۆڵەکەی دار و لقی درەختەکانەوە بەشێوەیەکی رێك سەریان گیراوە و داپۆشراون. بەڵام پاشماوەیەکی بیناسازی کە پەیوەستبێت بە ئاسەواری فەرهەنگییەوە لەم چینەدا بەدەستەگەیشتووە.

چینی ٢: گرنگترین پاشماوەی کەلتووری لەم چینەدا پاشماوەی بیناسازییە و دیاریشە پاشماوەی بیناکانی ئەم چینە بەپێی ئەو قایمکارییە تایبەتییانەی لە باڵە گەورەکانیانا بۆیان کراوە پەیوەستن بە چینی سێیەم. ئەوەش لە رێگای بناغەی چینەکەوە دروست بووە کە چووەتە ناو چینەکەیتر و تێکەڵ بوون لێرەدا دیاردەیەك دروست دەکات کە نەتوانین لە یەکتریان جیابکەینەوە تەنیا لە هەندێك شوێنا نەبێت لە رێگای دیوارە خشتەکانەوە کە بەرزییەکانیان لەنێوان ١٤ تاوەکو ١٥ سانتیمەترە و لەنێوان خشتەکانیشدا گیراوەیەکی رەنگ خورمایی بەرچاو دەکەوێت بە ئەستووری ٥ سانتیمەتر.

نەخشەی بیناسازی ئەم چینە روونترە لەوی پێشووتر واتە بەجۆرێکی دیواری ناوەندی چوارگۆشەیە یان شێوە لاکێشەیی دروست کراوە کە بیناسازییەکەی تایبەتە بە چینێکی دامەزراو. بەڵام پاشماوەی بیناکانی سەرەوە لە چوارگۆشەی دیوارەکانی ناوەندییەوە دیارن کە ٤ ژوورن و بەشێوەی پیتی ئێڵ هاتوونەتەوە و سەرنجڕاکێشن. ئەو ژوورانە لەو رۆژگارەدا وەکو قولە سوودیان لێبینراوە. قولە کەوانەییەکانی لای باکووری کە دیوارەکانیان ماون هاوشێوەی قەڵای (نۆشیجان تەپە) و (گودین تەپە)ن کە لێواری دیوارەکانیان لە سەرەوە دیارن.

لەنێوان قولەکاندا ژووری بچکۆڵەی لاکێشی دروست کراو هەن کە ژمارەیان سیانە و یەکێکیان دەرگاکەی لە باکوورە و ئەویتر لە باشوور و سێیەم لە خۆرئاوادا دەرئەکەوێت ئەوانە سنووری دەروازەی ئەم ژوورانە دیاریدەکەن کە رووەو خۆرهەڵاتن. ئەم ژوورانە لە ژوورەکانی دەوروبەر دوورن و سەریان داپۆشراون و سوودیان لێوەرگیراوە. لە دوولای دیوارەکانی ناوەندییەوە واتە لاکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای دوو ژووری لاکێشەیی شێوە تەریبی دروست کراون کە رووبەرەکەیان کەمترە لە نیوەی درێژی دیوارەکانی ناوەند. رووی ناوەوەی ئەم کۆمەڵە ژوورانە بە بەرد فەرشکراون و هاوشێوەی ژوورەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بەرچاو دەکەون. لە دوو لاوەی بە مانا

باكوورو باشووری دوو سەكۆی خشت بە درێژی دیوارەكانی بەشێوەی لاكێشەیی درێژ بوونەتەوە ئەوانە سوودیان هەیە بۆ پاسەوانەكان، یان بۆ شوێنی چاوەڕێكردن دروست كراون كە سەرنجڕاكێشن. ئەو درێژ بوونەوەیەش گەیاندوونی بە ژووره گەورەكان كە شێوەیان لاكێشەیە و رووەو خۆرهەلاتن.

ئەگەر دیوارەكانی ناوەند بەپێی بناغەكانیان سەرەكانیان گیرابێت دەتوانین ژوورەكانی خۆرهەلات بەناوی ژوورەكانی چاوەڕێ سوودیان لێوەربگرین بەلام لەكاتی كنە و پشكنیندا هیچ پاشماوەیەك دەرنەكەوت كە بەلگەبێت بۆ داپۆشینی سەری ژوورەكان بەو جۆرە پێدەچێت ئەوانە تەنیا بۆ دیوار دروست یانكردبن بەو شێوەیەی كە لێیان تێگەیشتووین.

ئەو كنە و پشكنینانەی لەناو ژوورەكانی خۆرهەلاتدا ئەنجامدران پاشماوەی دەست اری دەستی و قاپ و قاچاخی گلێنەیی پەیوەست بە ئازوقە دۆزرانەوە. بەلام ئاسەواری كەلتووری تایبەت بە ژوورەكان دەتوانین لە فەرشكردنی ناو ژوورەكان بە بەرد واتە ژوورەكانی خۆرهەلات و خۆرئاوا بخەینە بەرچاو و قسەی لەسەر بكەین.

بالی ژووره گەورەكانی خۆرهەلات ٦٠*٦*١٨,٦٠ مەترە و ژوورەكانی خۆرئاواشی ٥,٢٠*١٧٤٠ مەترە و دیوارەكانی ناوەندیش رووەكانیان ٤,٤٠*١٨,٦٠ مەترن بناغەی ئەم كۆمەلگا دروست كراوانە بەگشتی بە بەرد دانراون و دیوارەكانیشیان بە خشت دروست كراون.

چینی ١: بەپێی ئەو پاشماوە بیناسازییانەی كە لەم چینەدا دەركەوتوون نەخشەكەی هەمان شێوەی نەخشەی تەلارسازی چینی دووەمە. بۆیە دەتوانین بلێین: ئەوە دیارە كە مرۆڤی ئەم شوێنە لە رووی فەرهەنگییەوە كۆمەلێكی پێشكەوتووتر بووە لە مرۆڤی باكوور كە لەگەلیانا پەیوەندییان هەبووە.

كاری كنەو پشكنین كە لە بەشی خۆرهەلاتی ئەو بینایانەدا كراوە دەركەوت شێوەیان ناچنەوە سەر پاشماوەی بیناكانی چینی ٢. بە سەیركردنی پاشماوەكانی بیناسازی چینی (١) دەركەوت ئەو تەلارە گەورەیە وەكو ئەوەی چینی دووەم بناغەیەكی لاكێشەیی هەیە و لە دوولای خۆرهەلات و خۆرئاوایدا دوو ژووری چوارگۆشەی لاكێشەی هەیە كە شێوەكانیان دیارن. وادیارە ئەم تەلارە دوو ریز كۆلەكەی داری هەبووە و سەربانەكەشی داپۆشراو بووە. لە دیواری خۆرئاوای بناغەكەیدا دوو ژووری یەدەك سەرنجت رادەكێشێت ئەو ژوورانەش لە بەرد دروست كراون. كۆلەكەكانی باشووری خۆرهەلاتیش لەبەر ئەوەی سەردەمەكەیان دووره بۆیە پاشماوەی بناغەكانیان نەماوە بەلام لەگەل ئەوەشدا دەتوانین بە كۆلەكەی بناغەدار ناوزەدیان بكەین.

لە بینا گەورەكەدا بە پێچەوانەی بینای دەركەوتووی چینی دووەم لە چوارگۆشەی دیوارەكانیدا چوار قولەی شێوە پیتی ئێلی ئینگلیزی دروست كراون، هەروەها لە بالی باشووریدا بناغەی ژوورێكیتر هەیە وادیارە بۆ پێشوازیكردن بێت. شێوەكەی لاكێشەییە و لای خۆرهەلات و خۆرئاوای گرتووە، جگە لەوەش لەو دوولایەوە (٢) ژووری بچكۆلەی چوارگۆشەیتریش هەن. لەگەل ئەمانەشدا لای خۆرهەلاتی رووەو باكووری ٣ ژووری بچكۆلەیتریش دێن كە بۆیان زیاد كردووە. لێرەوە دەتوانین بگەین بە ناوەوەی ئەم تەلارە كە لەسەر شێوەی تەلاری چینی دووەم دروست كراوە لە رێگای بالی خۆرهەلاتی كە دەچێتەوە سەر شێوەی كۆمەلگای بیناسازی گۆدین تەپە و نۆشیجان تەپە.

لە چوونە ناوەوە بۆ تەلاری چینی (٢) دەرئەكەوێت كە بە بەرد فەرش كراوە و سەكۆیەكی پلیكانەدار لەناو ژووره گەورەكەی خۆرهەلاتیدا هەیە كە لە بەردە، بەلام دیارە پلیكانەدار نییە و لە خشت دروست كراوە. لە بالی باكووری خۆرهەلاتیشیدا هەمان شێوە سەكۆی چینی دووەم دروست كراوە، لە هەمان كاتیشدا لە گۆشەی باشووری خۆرهەلاتی تەلاری چینی دووەمدا سەكۆیەكی خشتی بچكۆلەیتریش هەیە كە شوێنی سەرنجە و هەر لەم چینەشدا لەناو ژووری خۆرهەلاتیدا و لە هەمان خالدا سەكۆیەكی خشتی دروست كراویتریش هەیە. لە رێكی بالی خۆرئاوای ژووره لاكێشییە گەورەكەدا دیواری خۆرئاواكەی دەگاتەوە لای دەرەوەی واتە بە چوار ژووری دروست كراو لە بەرد ئەو بناغەیەی كە دەتوانین بە ژووری گەورەی ناوەندی دابنێین دەگاتەوە بە لای بالی ژووری خۆرهەلات و شوێنی هاتنە ناوەوەش بۆ ژووری خۆرئاوای بە رێگای گەیشتن بە یەكتری دەكەوێتە نێوان دوو ژووریتری بەردین و لە بالی خۆرئاواشیدا ژوورێكی ناوەندیتر هەیە و كۆلەكەكانی ناوەوەی بەشێوەیەكی نارێك دانراون واتە (بەڕیز دانەنراون)، لە دار دروست كراون و تیرەی هەر یەكێكیان لە سنووری ١٨ سانتیمەتر دایە.

ئەوەی لە چینی یەك بەكارهێنراوە بەهەمان شێوە لە چینی (٢)شدا دووبارە بۆتەوە كە بناغەكەی لە بەرد بووە و دیوارەكانیشی بە خشت كراوە. داپۆشینی سەربانی بیناكەش بە دار و كۆلەكە و لقی درەخت بووە و بەشێوەیەكی تەخت سەرەكەیان داپۆشیوە.

نەخشەی تەلاری چینی (١)ی باباجان لەگەل بینای چینی ٤ی حەسەنلو دەتوانین بە یەكتری پێوانەیان بكەین. لە (حەسەنلو) جارێكی دیكە هەمان بناغەی ژووری ناوەند بەڕێزێك یان دوو

ریز کۆڵەکە و کۆڵەکەی چوارگۆشە و ئاگردانی ناوەند کە لایەکی بە بەرد فەرش کراوە کە بەهۆی جۆگەی ئاوی بەرد هەڵچنراو بۆ دەرەوەی تەلارەکە پەیوەندیی پەیدا کردووە و لە (باباجان)یش بە بوونی ئەوە ئاشنا بووم.

لە (باباجان) و (حەسەنلو) بناغەی ٤ ژووری ناوەند بەهۆی ژوورەکانی تەنیشتیانەوە دەور دراون و بۆ کارخانە و عەنبار و زەخیرەی کاڵا سوودیان لێبینراوە. هەڵبەتە جیاوازی لەنێوان بینایەك لە شوێنێك زووتر ڕەگ و ڕیشەی هە بووبێت یان نەبووبێت و درەنگتر لە شوێنێیترەوە وەرگیرابێت دەرئەکەوێت، ئەوەتا لە تەلاری باباجان لە دیدی بیناسازییەوە کەمتر وردەکاری تیادا کراوە و بەکارهێنانی کۆڵەکەش تیایدا لە ناوخۆ ئاساییەکەوە بەهرەیان دەست کەوتووە و دروست کردنی بیناکەش بەتایبەتی ژوورە ناوەندییەکە بە بەراوردی بە ژوورە کۆڵەکە دارەکانی حەسەنلو تاوەکو سنوورێك شێوەی سەرەتایی تیادا بینراوە. بە چوار دەوری تەلاری (باباجان) کە چاومان بەسەریا گێڕاوە بۆ ئەوە بووە بزانین کە ئایە (باباجان) نهۆمیتری بەسەرەوە هەبووە یا نا؟ لەو پەیوەندییەوە دەتوانین بڵێین ئەستووری دیوارەکان کە لە سنووری ٢ مەتردان ئەگەری ئەوە دروست دەبێت کە دوو نهۆم بووبێت. ئەگەر ئەوە وەربگیرێت کە بینای باباجان ٢ نهۆم بووبێت پێدەچێت بیناکە لەسەر شێوەی بینای گوندنشینەکانی بەشی خۆرئاوای ئاسیای بچکۆڵە نەخشەی وەرگیرابێت. ئەگەر یەك نهۆمیش بووبێت ئەوە لەسەر شێوەی بینای ناوخۆ دروست کراوە یان وەرگیراوە و نەخشەی بۆ کراوە.

لەلایەکیترەوە تەلاری باباجان چینی: لەگەڵ تەلاری گودین تەپەی چینی ٢ جارێکی دیکە لە شێوەدا دەچنەوە سەریەکتری و ئەو لەیەکچوونەش لە رووبەری ژووری ناوەندی کۆڵەکەداری باباجان لەگەڵ هەمان ژوور لە تەلاری گۆدین تەپەدا دەردەکەوێت. لە سەروو ئەوەشەوە ئەو تەلارەی گۆدین تەپە چێشتخانەکەی لە بەشێکی ناوەندی کۆمەڵەی بینای دروست کراویدا کە هەیە لە شێوەدا دەچێتەوە سەر ژووری گەورەی خۆرهەڵاتی باباجان: کە لەڕووی کارەکانیانەوە دەچنەوە سەریەك و پێوانە دەکرێن، لەگەڵ ئەمەشدا هەمان تایبەتمەندی لە پەیوەندیی بیناسازی لەگەڵ بینای نۆشیجان تەپە بەتایبەتی چوار دەوری تەلارە کۆڵەکەدارەکە بە هەمان شێوە دەگونجێت قسەیان لەسەر بکرێت. بەو پێیە پێویستە ئاماژەیەك بدەین کە لەنێوان تەلاری باباجان (١) و (٢) و لەگەڵ بینای هەخامەنشی لە یەکچوون هەیە بۆیە ئەوە دەرکەوتووە لەنێوان ژوورە ناوەندییەکانی باباجان (١) و دیوارەکانی ناوەندی باباجان (٢) و لەگەڵ تەلاری کۆڵەکەداری حەسەنلوی ٤ و گۆدین تەپەی ٢ و نۆشیجان (٣) بە بەراورد لەگەڵ تەلارەکانی کۆڵەکەداری هەخامەنشی هەموویان لەسەر شێوەیەکن و سەنجراکێش، لە راستیدا چینی (١)ی باباجان نیشانیدەدات کە قۆناغی گواستنەوەیە لە دروست کردنی بیناسازیدا کە بەرەو لای باشوور چووە. سوود وەرگرتن لە گۆشەکانی ئەو قولانەش بەهۆی تارمەیەکی کۆڵەکەی داری سەرگیراو بووە کە لە رۆخی تەلارەکەدایە و لە راستیدا تایبەتمەندییەکی بیناسازی دەربارەی شاهەنشایی هەخامەنشییە کە نموونەی سەرەتایی جگە لە (باباجان) لە (حەسەنلو)ش دەرکەوتووە.

بەهەمان شێوە هەروەکو لەوەوبەر باسمان کرد گۆشەی قولە دەرکەوتووە تایبەتییەکانی بیناسازی چینی (٢) و (١)ی باباجان لە چاخی هەخامەنشیدا دیار و لەبەرچاو بوون و پێدەچێت لە قۆناغی سەرەتاییدا تارمە سەرگیراوەکانی (پاسارگاد)یش بە تەنکرابن.

## تەپەی خۆرهەڵات:

ئەم گردە شێوە تەشییە و بەشی خوارەوەی پانییەکەی ٨٥ مەترە و هاوشێوەی گردی ناوەندی نزم و لێژە و هێڵی سەرەوەی خۆرئاوای ٤,٥ مەترە و بەرزییەکەی بەر لە ئێستا لەوە زیاتر بووە. لە بەشی خۆرهەڵاتیا، بە پێوانەی چواردەوری دراوسێکەی، بەرزییەکەی دوو بەرامبەر دەبینرێت و رووەکەی تێکچووە. لە دووری ١٣٠ مەتری باشووری سەرچاوەیەکی ئاو سەرنجڕادەکێشێت.

ئەوەی گرنگە و ماوە لەم چینەدا ژووری نەخشێنراوە. بە سەیرکردنی ئەو ژوورە دەردەکەوێت خاوەنی رەنگە جوانەکان بووە، بۆیە پشکنەر (خانمی گاف)، بەناوی ژووری نەخشێنراوی لێناوە.

ئەوەی کە ماوە لەو ژوورە نەخشێنراوە کە رووەکەی رۆیشتووە هاوشێوە ژوورەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوایە بە دەست گەیشتووە. لە گردی ناوەند سەربانی ئەم ژوورە بە کۆڵەکەی دار داپۆشراوە و بنکی کۆڵەکەکانیش لە بەردن بۆ پارێزگاری لێیان. ئەوە دیارە بنکی کۆڵەکەکان رەنگیان سوورە یان رەنگەکان تێکەڵ کراون. هەڵبەتە بە سەیرکردنی بنکی کۆڵەکەکان دەرئەکەوێت کە باش دانراون، لە یەکێك لە ژوورەکاندا دوو کۆڵەکەیان داناوە و لەویتریانا (٣)یان بۆ بەکارهێناوە.

دەرگایەك هەیە دەگاتەوە بە ژووره نەخش كراوەكە و لە بەشێكی دیواری ژوورەكەشدا واتە لە باڵی خۆرئاوایدا ئاگردانێكی گەورە دروست كراوە كە لەبەردەمیا كۆڵەكە هەیە و گۆشەیەكی نوك تیژی دروست كردووە.

دیواری ژوورەكەش لە ناوەوە بە چەندین گوڵ بە گڵی سوور و ڕەنگی سپی بۆیە كراون. لە بەشی خۆرهەڵاتیشیا دەرگایەكی بچكۆڵە هەیە كە هێمای ئاگرپەرستی تیایدا دەبینرا. بە هەمان شێوە كە لەوەوبەر ئاماژەماندا گرنگترین شتێك لە بینای گردی خۆرهەڵات ژووره نەخش كراوەكەیەتی، ئەم ژووره لە شێوەی هۆڵێكە و بناغەی زۆری نییە و سەری داپۆشراوە كە ڕووبەرەكەی ١٢,٥٠*١٠,٤٥ مەتر دەردەچێت. بەشی سەرەوەی ژوورەكە و لاكانی سپی كراون و لە دیواری خۆرئاوایدا دوو جۆر داپۆشین بەرچاو دەكەوێت یەكەمیان بە گەچی سوور كە دیواری پەنجەرەكان و دەرگاكانیان داپۆشیوە و لەگەڵ بەشی خوارەوەی كە باشوور و ئاگردانی خوارەوەی گرتۆتەوە. بەڵام ئەوەی لەبەرچاو گیراوە دیارە ناو ژوورەكە یەكە سپی كراوە لەوانەشە قاڵی و فەرشی ڕەنگاوڕەنگ كە پێویست بووە دووبارە بە ڕەنگی سوور دایانپۆشیوەتەوە. هەتاكو ئێستاش لەسەر ئەو شێوەیە كە زانیاریمان پێبدات شتێك لەبەردەست دا نییە بەڵام لەوانەشەلە بەشی سەرەوەی دیوارەكاندا كە دەڕوانێت بەسەر پەنجەرەكاندا لەو ڕەنگاوڕەنگە هە بووبێت.

گرنگترین شتێك لە ژووره نەخش كراوەكەدا خشتی نەخشێنراوە كە ژمارەیان خۆیدەدات لە (٣٠٠) خشت. ئەوەی لێرەدا لەو جۆرانەیە و دەیخەینە بەرچاو لەو جۆرانەن كە بەلاكانیەوە نووسین هەن و بۆ جوانكاری لەناو ژوورەكەدا بە باڵای دیوارەكانیدا دانراون. لەناو ژووره نەخشێنراوەكەشدا دوو كۆڵەكەی گەورە بەرچاو دەكەون، بەشی خوارەوەیان بناغەیەكی بەردە و لەسەرروویانەوە كۆڵەكەكان دارن و ڕووەكانیان بە گڵی سوور بۆیە كراون بەوەش دیمەنەكان ڕەنگاوڕەنگ بوون.

بە سەیركردنی خشتە نەخش كراوەكان كە لە ناو ژوورەكەدا بلاو بوونەتەوە و ئەوەی ماوە لە پاشماوەی دیوار پێدەچێت ئەو خشتە كەوتوانە ٣ چینی دانراوی یەكسانبن كە بە هەموو ژوورەكەدا بەلای باكوور و باشووریدا سووڕاونەتەوە و زۆرینەی ئەو خشتانەش لەنێوان كۆڵەكەكان و دیوارەكاندا دانراون. جوانكاری ناو ژوورەكە بە خشتی سوور و بەخشتی سپی كراوە كە بە جووت دانراون. بەو جۆرە دیارە ژووره نەخش كراوە گەورەكە وادیارە هەر ژوور بووبێت و ناتوانین بڵێین گەنجینەیەكی ئازوقە بووبێت. لەلایەكیترەوە لەوانەشە ئامانج لە بوونی ئەم ژووره لەوانەیە دیمەنەكەی نیشانیبدات كە بارەگای پاشایەتی بووبێت یا وەكو پەرستگایەك بووبێت سوودیان لێوەرگرتبێت هەڵبەتە ئەم بۆچوونە دەتوانین بەراوردی بكەین بە شوێنەوارەكانیتری وەكو (حەسەنلو)ی ٤ و شوێنەوارەكانی هەخامەنشییەكان لە فارس و شوێنەواری نۆشیجان بەڵام هیچكام لەو بینایانەی دروست كراون و بە دەست گەیشتوون تاوەكو ئێستا سیفەتی دروست كراوێكی مەزهەبیان نییە، یان ئەگەر پەرستگاش بووبێت و دروست كرابێت لەو سەردەمەدا لەو جۆرە پەرستگایانە تاوەكو ئێستا لەو شوێنەوارەدانە دۆزراوەتەوە. هەرچۆنێك بێت ئەوەی لە چواردەوری بینا نەخش كراوەكەی (باباجان)دایە ئاماژەیەك بە ئێمە دەدات كە ئەو ژووره لەوانەیە بۆ پاشا ڕازابێتەوە و لە ڕێوڕەسمی تایبەتیدا سوودیان لێوەرگرتبێت.

خشتە نەخش كراوەكان كە بەناوی ژوورەكەدا پەرش و بڵاون و بەدەست گەیشتوون بۆ جوانكاری ڕووی دیوارەكان لەوانەیە بەكاریان هێنابن پێیان داپۆشیبن.

نەخشەیەك كە بەڕووی خشتەكانەوە دیارە گوزارە لەوە دەكات كە خشتەكان خاوەنی پێوانەی دیاریكراون و نموونەیەكی جیاوازن، لەسەرروو ئەوەشەوە ناوەندێك بڕیاری دروست كردنیانی داوە و ڕەنگیان سوورە و سەرنجڕاكێشن.

لە ڕووی (٩) نموونە لەو خشتانە، بازنەی شەترەنجیان بەسەرەوەیە لەگەڵ (٩) بازنەی ناتەواو كە لای پشكنەر ئەم نەخشانەی كە بەسەر خشتە چوارگۆشەكانەوەن لایەنەكانیان لە ناو یەكتردا چنراون. لەڕووی هەندێك لەو خشتانەدا وێنەی خاچ هەیە و بە سەیركردنی دەتوانین بەراوردی بكەین لەگەڵ ئەوانەی پەرستگای ناوەند لە (نۆشیجان). هاوشێوەی ئەو نەخشانەیش كە لەڕووی چوارگۆشەی خشتەكانی باباجان دەرهێنراون دەتوانین بڵێین: لە ڕووی لاكانیانەوە لە گڵێنە نەخش كراوەكانی (سیالك ب) دەچن كە لەوەوبەر دیومانن. هەردوو لاكانی ئەو جۆرە جوانكارییە شەترەنجییە دەچنەوە سەر هەندێك لە قاپ و قاچاخی گڵێنەیی (گۆردیون) لە (ئاسیای بچووك) كە لە ڕووی ژوورێك نەخشێنراون و لە هەمان شوێنیش نمایشكراون.

بەهەمان شێوە كە لەوەوبەر ئاماژەمانپێدا ئەوەی كە ماوە لە تەلارسازی مانایەكان لەو شێوە سەرسوڕهێنەرانە و ئەوەی ماوەتەوە لە تەلارسازی تەواوی مادەكان لە نەخشی شایستە كە لێكۆڵەران خوێندنەوەی تەلارسازییان لەسەر كردبن ئەوە دەگەیەنن كە ئەو نەخشانە بۆ قۆناغی پاشماوەی نەخشەكانی تەلارسازی (حەسەنلو) دەگەڕێنەوە بەتایبەتی (حەسەنلو)ی نێوان (٨٥٠-٦٠٠پ.ز).

لەم بۆچوونەمدا چەند سەرکەوتووم نازانم بەڵام بەو شێوەیەی کە ئاشنایەتی زۆرم لەگەڵ ئەو ناوەندە گرنگەدا هەیە بۆیە دەتوانم بڵێم لەم لێکۆڵینەوەیەمدا پەیم بەو راستییە بردووە.

**سەرچاوە**

**علی اکبر سرفراز، بهمن فیروزمندی،**
**ماد/ هخامنشی/ اشکانی/ ساسانی**
**چاپ اول ۱۳۷۳ لا ۷۱-۸۰**

# گۆڕە هەڵکۆڵراوە بەردینەکانی ماد.. ئایینی مردوو ناشتن

لێکچوونی گۆڕە هەڵکۆڵراوە بەردینەکان و ئایینی مردوو ناستن لای مادو سکایی نیشانمان دەدات کە نەخشی هونەری ئەم شوێنەوارانە دەتوانرێت تەواو دەست نیشان بکرێن.

نەخشی هەڵکۆڵراوی (٣) گۆشەیەك کە لە رووی کۆڵەکە بەردینە کوردتەکانی بنمیچی قسنەکان دەرهێنراون لەوانەیە سومبول و نیشانەی خوا (میترا) و (ئاناهیتا) بێت. لە دەرگای قسنەکەدا ئەوەی بەرچاو دەکەوێت نەخشێکی لە شێوەی دوو مرۆڤدان لە هەردوولای سەکۆی ئاگرەکەدا دیارن، کەوانیان بەدەستەوەیە کە کەوانی سکایین، هیرۆدۆت دەریدەخات کە مادەکان لەگەڵ جەنگاوەرە سکاییەکاندا کەوانیان بەکارهێناوە و تیایدا سەرکەوتوو بوون.

مادەکان لەسەر نەخشی دەرگای قسنەکانیان کڵاویان لەسەردایە و لەشیان بە پۆشاك داپۆشراوە و پاڵتۆیەکیان بەسەریاداوە کە لایەکی لەشیان بەدەرکەوتوویی ماوەتەوە. قۆڵی جلە دەرکەوتووە کە دەوڵەمەندە بە وێنەی خۆر کە نەخشێنراوە یان ئاوێزانە بە نیشانەیتری ئەم ئایینە.

نموونەی دەرکەوتوو لەناو ئەم گۆڕانەدا، گۆڕەکانی قزقاپانە کە وێنە هەڵکۆڵراوەکانی شوێنی باس و لێکۆڵینەوەن. لێرەدا دەتوانین شایەتی ئەوە بدەین کە ئەو شێوە پۆشاکەی بەریان لە شێوەی پۆشاکی مرۆڤی ئەمڕۆدان کە لە باکووری خۆرئاوای ئێران دادەنیشن، واتە مرۆڤی کوردستانەکەن.

لێکۆڵەرەوەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە نەخشی کەوان نیشانەی گەورەیی و هێز و توانای پاشاکان دەرئەخات.

لێرەدا پێویستە ئەو گومانە لەسەر ئەو گۆڕانە بڕەوێنینەوە، چونکە نەخشەکانیان یادەوەرین، هەروەها ئەوەش دەڵێم: ئەوەی وێنەی موغەبەتەن کراوە، چونکە فەرمانڕەوایە کە وێنەکەی بۆ ئەوە کراوە کە جێنشینی پاشا بووە.

گۆڕە بەردینەکەی قزقەپان پەیوەستە بە چاخی حەوتەمی پ.ز، ئەمەش نموونەی دەرکەوتوو ناسراوە بۆ شێوەی ناشتنی پاشاکان یان فەرمانڕەوایانی ئەو رۆژگارە لە (سکاوەند) کە دەکەوێتە باشووری بێستوونی سەر رێگای لوڕستان-شۆش دوو گۆڕ هەن کە دەوڵەمەندن بە وێنەی ساکاری هەڵکۆڵراوی یادەوەری لەسەر دەرگای یەکێکیان نەخشێك هەیە لەشێوەی نەخشەکانی لوڕستان و وێنەیەکە لە بەرامبەریدا سەکۆی ئاگر هەیە. نەخشەکانی ئەو دوو گۆڕەی سکاوەند کە دەکەونە ناوچەی لوڕستان بە یادگاری پاشماوەی مادی و کیمری پێوانەکراون. لە بنەمادا ئەو وەسفە دەریدەخات کە خاوەنی ئەسڵی ئەو گۆڕانە بۆ پاشایەك یان فەرمانڕەوایەك دروست کراون، بەڵام بۆ دیاریکردنی سەردەمێك کە تایبەت بێت پێیان زانیاریمان لەسەریان نییە.. بۆیە ناساندنی ئەو گۆڕانە بە ئێمە لەڕووی سەردەمەوە بە چاخێڵ یان نیوەی جۆرێك لە دژواری دروست دەکات بۆ ئەو خەملاندنە. هەر ئەوەش وای کردووە گێڕانەوەی گۆڕێك بۆ پاشایەك یان فەرمانڕەوایەك ناتوانرێت تەواو بزانرێت.

کرۆنۆلۆژییەکان وا بۆیدەچن کە سنووری سەرهەڵدانی ئەو گۆڕانە بۆ نێوان نیوەی دووەمی چاخی هەشتەم و نیوەی یەکەمی چاخی حەوتەمی پ.ز بگەڕێننەوە، ئەو دیاریکردنەش لەڕووی سەردەمەوە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، خاڵێکیتریش هەیە کە مەرجە گرنگی پێبدرێت، ئەویش وادیارە بەر لە هاتنی مادەکان ئەو گۆڕە بەردینانە ناکەونە بەرچاو، ئەمەش دەریدەخات کە نموونەی ئەو گۆڕانە سەرەتا لە ئاسیای بچووکدا و پێشتریش لە نزیك ئۆرارتۆ دەرکەوتبن، لەلایەکیترەوە ئەو رایە وەرناگیرێت ئەگەر بڵێین ئەو جۆرە گۆڕانە بۆ چاخی هەخامەنشی بگەڕێنەوە بۆ کۆمەڵەی گۆڕەکانی داریۆش و جێنشینانی ئەوبن.

وێنەی دەرکەوتووی ئەو گۆڕانە لە یەکەم سەیرکردنیاندا ئەوە نیشاندەدەن کە لەسەر شێوەی خانووبەرەی ئێستابن، ئەو شێوەیەش هەتاوەکو ناوەڕاستی سەردەمی حکوومەتی هەخامەنشییەکان هاتووە.

سەرکەوتنی پیرۆزی مادەکان بەسەر ئاشوورییەکاندا و زیاتر بوونی دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆرییەتی ماد و فراوان بوونی، بووە هۆی ئەوەی هەتاکو ئاسیای ناوەڕاست بگەن و

هەرچی شتی تالاّنی و بە نرخ هە بوو بەرەو ناوچە هەژارەکەی ماد بهێنن، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ولاّت دەولّەمەند بێت و بەختیاری بالّبکێشێت بەسەریاندا و گەورەیی و پیرۆزیش بۆ (موغان) بهێنێت کە بە توانایی سیستەمی ئایینەکەی نیشاندەدات.

لە ئەنجامی ئەمەدا پەیوەندیی هونەری و فەرهەنگی زیاتر فراوان بووە و بەردەوامی داوە. داریۆش بۆ جوانکردنی کۆشکی خۆی لە (شوش) هونەرمەندانی (ماد)ی بەکارهێناوە. لەم شێوە هاوبەشیکردنەدا دەبێت ئەوە بزانین کە تایەر لەسەرکەوتنی مادەکان، هونەرمەندانی هونەری کانزایی ئاشووریی و مانایی و ئۆڕارتۆیی بوون کە کاری گرانیان کردووە و لە خزمەتی پاشاکانی ئاشووردا بوون، ئەگەرچی مادەکان لە دروست کردنی ئەو ئاسەوارانەدا سوودیان لێبینیوون بۆ پێداویستییەکانی جەنگیان و راووشکار و زین و لغاوی ئەسپ و قاپ و قاچاخ و پێداویستییەکانی خانوو لە مەعدەن وەکو زەرد و حەوجۆش و ئاسن و مس، بەلاّم تاسەر نموونە و بەلّگەی تەواومان بەدەستەوە نییە، بەلاّم لەوەش ئاگادارم کە ئاسەواری پاشماوەی مادەکان بە شوێنی دووریش گەیشتوون.

دەربارەی ئەدەبیات و زانستی چاخی ماد، زانیارییەك بەدەستەوە نییە، بەلاّم ئەوەی هە بوو لە رووی هونەر و تواندنەوەی کانزاکان و کردنیانە ناو قالّب و شێوەی وەرگرتنەوەی بۆ ئەمە رای دوو دەستەی لەسەر هەیە، یەکەمیان هونەری ماد پەیوەست دەکات بە هونەری لوڕستان کە وێنەکانی بەزۆری خەیالّین. دووەمیان پێکهاتووە لە ئاسەواری گەنجینەی زێویێی نزیك سەقز کە دەتوانین تیایدا هونەری ماد بەرجەستە بکەین، لەگەلّ بوونی هونەری گەلانیتری پێشکەوتوو وەکو ئاشوورییەکان و مانایییەکان و ئۆرارتۆییەکان لەبەرچاو بگرین، بەو جۆرەش قەناعەت وایە کە ئەم دەستەی دووەمە لە هونەری مادەکان لاسایی کردنەوەی گەلانی بالاّدەست یترە کە نموونەیان لای ئاشووری و ئۆرارتۆیی هەیە.

لەو روانگەیەوە لێکۆلّینەوەکانی شوێنەوارناسیی و لێۆلّەرەوانی چاخی مێژووی کۆن لەسەر گەلانی خۆرهەلاّت واتە ئاشووریی و ئۆرارتۆیی ئەوەی نیشاندەدەن کە هونەرمەندەکانیان خۆیان خەریك کردووە بە دروست کردنەوەی ئەو شتانەی لە تالاّنییەکانی جەنگ بوون کە تیایاندا پسپۆڕییان وەرگرتووە و بەشێوەیەکی هونەری بیناسازییان لە دانیشتوانی (وان)ی پایتەختی دەولّەتی ئۆرارتۆ وەرگرتووە. بەلاّم ئەمەش پێویستی بە لێکۆلّینەوەی زیاتر هەیە، چونکە زانیاریمان لەسەر شتە وردەکانی ئەم لاسایی کردنەوەیە کەمتر هەیە.

**ئەو ئاسەوارانە و شوێنەوارانەی کە بۆ چاخی ماد دەگەڕێنەوە لێرەدا لێیان دەدوێین:**

١- شیرێك لە بەرد دروست کراوە ئێستاکە لە هەمەدانە، ئەم شێرە تاوەکو سالّی ١٩٣٠ی زایینی ماوەتەوە، بەلاّم سالّ بە سالّ بچکۆلە بووەتەوە و زیانی پێگەیشتووە کە بەچاو دەبینرێت، هەندێك لە لێکۆلّینەوەکان وا بۆیدەچن کە ئەم پاشماوەیە پەیوەستبێت بە چاخی ماد یان بۆ چاخی هەخامەنشی بگەڕێتەوە.

٢- گۆڕێکی بەردین نزیك (صحنە)ی نێوان کرماشان و هەمەدان لەسەر دەرگای گۆڕەکە نەخشێکی بالّداری خۆر دەبینین کە نیشانەی فریشتەی رووناکییە.

٣- گۆڕی بەردینی (دکان داود) کە لەسەر رێگای کرماشان قەسری شیرینە لەگەلّ دوو گۆڕیتر کە بە قزقەپان و کوڕ و کچ ناسراون و دەکەونە ناوچەی سورداش نزیك سلێمانی لەسەر هێلّی رووباری زێی بچووك، ئەمانە پەیوەستن بە گۆڕی پاشاکانەوە، هەروەکو دەلّێن قزقەپان گۆڕی کیاکساری سێیەمین پاشای مادە و (دکان داود)یش کە نزیك سەر پێلی زەوهاوە گۆڕی ئاستیاکی دواپاشای مادە و لە دەروازەی گۆڕەکەدا نەخشێك بەرجەستە کراوە کە وێنەی مرۆڤێکە پۆشاکێکی عیلامی لەبەردایە و بە تەن کراوە و چەپکێك گیای بەدەستەوەیە کە نیشانەیە بۆ پەرستنی دیاردەکانی سروشت لەناو مادەکاندا.

٤- گۆڕێکیتر لە لوڕستان نزیك سەرپەل هەیە کە پێیدەلّێن تاقی فەرهاد، بەلاّم تەواو نە کراوە. لە دەربەندی (ئیسحاق وەند) نزیك کرماشان گۆڕێکی بچووك هەیە کە لە بەردەکە دەرهێنراوە و تیایدا وێنەی کەسێك دەبینرێ لە شێوەی خواپەرستیدایە، ئەم وێنەیە بەپێی رای مێژوونووسان بۆ مادەکانی ناگێڕنەوە هەشە لەوانە بە پاشماوەی مادی نازانێت.

٥- گۆڕێکیتر کە هێمای بالّداری لەسەرە دەکەوێتە (صحنە)ی نێوان کرماشان و هەمەدان.

٦- گۆڕیتری گەورە، نزیك بە (میاندواو) کە پاشماوەی چاخی (ماد)ن، بەو جۆرە پێدەچێت هونەری هەخامەنشی لاساییکردنەوەی هونەری ماد بێت، کە تایبەتە بە هونەری بەردتاشین تیایاندا وێنەی جانەوەران و خۆر و دیاردەکانی سروشت رەنگیان داوەتەوە، هەروەکو لە زمانی داریۆشی سێیەمین پاشای هەخامەنشییەوە گوتراوە کە سوودی لە هونەرمەندانی

(ماد) بینیوه. نموونەیتر لە گۆڕە بەردینەکانی پەیوەست بە چاخی (ماد) کە شوێنەوارناسان بۆیان دەگێڕنەوە گۆڕە بەردینەکەی (فەخریکا)یە لە باشووری گۆلاری ورمێ نزیک مەهاباد، هەروەها چەندانیتر لەو گۆڕانە لە (تەپەتش) یان (تش تەپە) لە پارێزگای ئازەربایجان، ئەمانە شتێکی یادەوەرین و شوێنەوارناسان و لێکۆڵەرەوان رایان وایە کە هاوشێوە بن لەگەڵ گۆڕەکانیتری مادەکاندا و لە یەکەوە نزیکن.

**سەرچاوە**

**دکتر اردشیر خدادادیان، اریاها و مادها،**
**نشر بدید، ١٣٧٩، لا١٧٠-١٧٦**

# کورتە باسێك لەسەر هونەری تەلارسازی سەردەمی ماد

ئەگەر تەلارسازی بەناونیشانی یەکێك لە دیاردەکانی فەرهەنگ و شارستانییەت لەبەرچاو بگرین تەلارسازی رۆژگاری ماد بە دوو سەردەمدا رۆیشتووە ئەوەش جێگای لێکۆڵینەوەیە.

١- سەردەمی بەر لە دامەزراندنی حکوومەتی پاشایی.

٢- سەردەمی دوای دامەزراندنی حکوومەتی پاشایی.

لەسەردەمی یەکەمدا کە چاخێکی تەواوی گرتەوەبەر لە چاخی شەشەمی پ.ز پاشماوەی تەلارسازییان کە پەیوەست بێت پێوەیان بەزۆری دەست ناکەوێت. تەلارسازی ئەو سەردەمە کە لە سەردەمی دواتردا شوێنی بەدواداچوون و تەواوکردنە لە شێوەدا ساکار بووە و پێکهاتووە لە خانووی یەك نهۆمی و گۆشە چەسپاو و سەربانەکەی تەخت بووە و نەیانتوانیوە تەلاری گەورە بۆ پشوودان و مانەوەیان دروست بکەن تا لەو رۆژگارەدا بگەنە دروست کردنی شار، یان لە هەوڵەکەیاندا شێوەی شار بنوێنێ.

## تەلارسازی دووەم:

پاشماوەکانی پەیوەستە بە سەردەمی دووەمی تەلارسازی ماد لەوانە دیمەنی گۆڕەکەی (فەخریکا)ی نزیك شاری مەهاباد و (دوکان داود) لەسەر پەلی زەهاو و ئەشکەوتی (گارنی یارخ) کە گۆڕێکی هەیوانی فەرهادە لە نزیك (ماکۆ)، هەروەها گۆڕی کوڕ و کچ لە ناوچەی سورداشی سلێمانی کە (میتوان) ناوی هێناوە و بە پاشماوەیەکی هونەری بەردینی بەرجەستەی مادی داناوە کە رەگ و ریشەی لە هونەری تەلارسازی تایبەفەکانی گوتییەوە وەرگیراوە. (قزقەبان) کە پێدەچێت گۆڕی کیاکسار بێت ئەم گۆڕە هەمان شێوەی گۆڕێکیتری هەیە کە ناسراوە بە (سەحنە)ی کرماشان. بۆ هەموو ئەو پاشماوانەی لەوانەیە مادەکان سوودیان لە هونەری تەلارسازی مرۆڤی ئۆرارتۆ وەرگرتبێت.

## تەلارسازی کۆشکی ئاکباتان (هەمەدان):

(هەمەدان) وەکو شارێك تەنیا پەیوەست نەبووە بە سەردەمەکانی (ماد) و (هەخامەنشی) کە گرنگی خۆی هەبێت، بەڵکو لە رۆژگاری سلوکییەکانیشدا وێنە و توانای دەرکەوتن بووە لە کاتێکدا سوپای فەرماندەکانی سلوکی دژی پارسەکان بوون. کاتێکیش ساڵانێك دوای ئەوان ئاشکانییەکان توانایان بۆ گەڕایەوە، توانییان تەواوی ئێران بگرن، (هەمەدان)یش دوای ئەوە کرایە پایتەخت و مایەوە هەتاکو پایتەختی هاوینەیان دانا. هەر بەو شێوەیەش ئاسەواری گەورە کە پەیوەست بوو بە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانی لە چەند شوێنێکی جیاوازدا لەو شارەدا دۆزرانەوە، ئەو شارەش واتە (هەمەدان) هەر بەو جۆرە لەو رۆژگارەدا مایەوە و بووە سەرچاوەی دەسەڵات و بڕیار تاوەکو ئەو کاتەی پایتەخی هاوینەی خۆیان دانا.

شاری مێژوویی هەمەدان یەکەمجار بەشێوەی (ئامادانە) ناوی هاتووە، هەڵبەتە هێرۆدۆت ئەم شارەی بە (ئاکباتان) ناوبردووە و مێژوونووسە ئەرمەنییەکان و کۆتاییەکەشیان کە (راولەنسن)ە باوەڕیان وایە (ئاکباتان)ی هێرۆدۆت هەمەدانی ئێستا نییە و شوێنی پایتەختی کۆنی مادیش لە (تەختی سلیمان)ی ئەمرۆی نزیك دەریاچەی ورمێی لای باشووری خۆرهەڵاتیەتی، بەڵام (دیۆرگان) کە، کەسێکە لەو رووەوە لێکۆڵینەوەی کردووە بەوەئی چەسپاند (ئاکباتان)ی هێرۆدۆت هەمان (هەمەدان)ی ئەمرۆیە و تەپۆڵکەکانی سەر زەوییەکەشی جێگای حەوت قەڵاکەی کۆشکی هەمەدانە کە دیاری کراوە. تەلارسازی ئەوان بەو شێوەیە بووە کە کۆشکی پاشایی لە هەمەدان لەسەر گردێك دروست کردنی دیاری کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە بەشێوەی حەوت دیواری رەنگاوڕەنگی بازنەیی داخراو بووە. شێوەی دروست کردنی ئەو دیوارانە جۆرێك بووە کە لە یەکتر بڵندتر بوون. لە پێشەوە کۆشکی پاشا و گەنجینەکەی بڕیاریان لەسەر دراوە. هەریەکێك لەو دیوارانەش رەنگێکی بووە، دیواری یەکەم رەنگی سپی و دیواری دووەم رەنگی رەش و دیواری سێیەم رەنگی ئەرخەوانیی و دیواری چوارەم رەنگی ئاویی و دیواری پێنجەم رەنگی سوور، یان نارنجی و دیواری شەشەم رەنگی زیوی، دیواری حەوتەم ئاڵتونی. لە دوو شوێنیتر لە خۆرئاوای ئێران پاشماوەی تەلارسازی مادەکان هەن یەکێکیان لە ١٢ کیلۆمەتری باشووری خۆرهەڵاتی شاری (کنگاوەر)ە لەسەر رووی گردێکی گەورەی ناسراو بەناوی

(گودین تەپە)، ئەویتر لە گردی (نۆشیجان)ی شەست کیلۆمەتری باشووری هەمەدان، یان ٢٠ کیلۆمەتری خۆرئاوای (مەلایەر). لە (گودین تەپە) ئاسەواری ژیان و دانیشتنی (٥٠) ساڵەی مرۆڤ بەر لە زایین دۆزرایەوە تیایدا قەڵایەك دەرکەوت، دیوارەکانی لە خشت دروست کرا بوو بە پانی (٤) مەتر. بەشی ناوەوەی بۆ دانیشتنی خێزان بووە کە لە ناویا چەند ژوورێك هەن و لە یەکترەوە نزیکن کە بۆ چێشت لێنان و پێداویستییەکانیتری رۆژانە بەکارهێنراون. لەناویا تەلارێکی گەورەی چوارگۆشە دەرکەوت درێژی باڵێی ٢٤ مەترە و لەسەر شەش ڕیز پێنج تاکی کۆڵەکەی دار بەرز کراوەتەوە. شێوەی ئەم تەلارە دەچێتەوە سەر شێوەی تەلارێکیتر کە لە تەختی جەمشید دۆزرایەوە بەناوی تەلاری (بارعام) سەکۆیەك لەناویا بەشێوەیەکی بچکۆڵە ئامادە کراوە بۆ ئەوەی میوانەکان لەسەری دابنیشن و لەبەرامبەریا تەختێکی تایبەتی پاشایی دروست کراوە و لە نزیکییەوە ئاگردانێکی خشت بەرچاو دەکەوێت کە بەرزترە لە تەختی زەوییەکە. لە گردی (نوشیجان) قەڵایەك دیوارەکانی دەرکەوت کە گەورەن و ژوورەکانی ئازوقەش درێژن و بەرهەیوان و تاقیان تیادا هەن. تەلارێکی ناوەندی هەشت گۆشەش بەرچاو دەکەوێت کە پاشماوەی ئاگردانێکی تیادایە کە ژمارەیەك پارچەی زیوی مارپێچ لەناو گڵەکەیدا دۆزرانەوە کە پێدەچێت بە شێوەی دراو بۆ مامەڵە بەکارهێنرابن.

دروست کردنی پەنجەرەی بچووك لە دیوارەکانیدا (قەرەوڵخانە) کە بەرچاو دەکەون ئەوە دەگەیەنن کە لە سەرانسەری ئێرانی خۆرئاوادا لە بنکە سەربازییەکانی مادەکاندا ئەو دیاردەیە پەیڕەو کراوە لە هونەری تەلارسازییاندا.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ کۆمیسیۆنێکی شوێنەوارناسی ئێران بە سەرۆکایەتی دکتۆر (یوسف مەجیدزادە) لەبارەی دۆزینەوەی شاری دێرینی شورادراوی کیلۆمەتری ئۆزبەکی سەر بە شاری مەهاباد بڵاوکردەوە کە هاوشێوەی ئەو شارە لە هیچ شوێنێکیتر لەو زەوییانەدا نییە کە شورای کۆن دەوری دابێت. تەواوی ئەو کاری کنەو پشکنینەبووە هۆی دۆزینەوەی (قەڵایەك)ی سەردەمی ماد کە رووبەرەکەی (٩٥٠) مەتری چوارگۆشەیە و لە بەرزی ٢٦ مەتری تەپەی ئەسڵی زەوی شورادراوەکەی ئۆزبەکی دەرکەوت کە پێدەچێت (١٥٠) ساڵ مادەکان کاری حکومەتییان تیایدا کردبێت. تەواوی ئەم قەڵای مادەش تەلاری شورادراو و پەرستگا و ژووری پاسەوان و عەنباری بیرێکی تیادایە بۆ کۆکردنەوەی ئاو لەگەڵ دیواری گەورەی تەلاری دانیشتنی خێزانەکانی فەرمانڕەوای قەڵاکە. لە کنە و پشکنینەکاندا دەرکەوت دیوارەکانی قەڵاکە کە بۆ سەردەمی ماد دەگەڕێنەوە هەروەکو ئاماژەماندا بە دوو ڕەنگ بۆیە کرا بوون، لێرەدا ئەوەی بەدەست مان گەیشت بۆ یەکەمینجار دۆزینەوەی پەیکەری بەردینی پەیوەست بوو بەو سەردەمەوە.

### سەرچاوە

**ماستەرنامەیەکە لەسەر مێژووی ماد**
**بە زمانی فارسی لە زانکۆی تاران**
**وەرگێراوە چاپ نەبووە.**

# پاشماوەی ئاسەوارە وەرشاوەکانی لوڕستان

## شوێنی لوڕستان:

ناوچەیەك لە ئێران کە بەناوی لوڕستان ناسراوە دەکەوێتە ناو دەربەندێك لە زنجیرە دەربەندەکانی زاگرۆس، عێراق سنووری خۆرئاوای لێگرتووە و لە خۆرهەڵاتیشدا (بروجەرد) و (نەهاوەند) دێ و لە باشووریشدا خۆزستان واتە عیلامی کۆن و لە باکووریشدا (کرماشان) بەشێك لە سنوورەکەی گرتووە.

زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس پێکهاتووە لە زنجیرە کێوی بچووکتر کە هاوشانی یەکتری دەڕۆن ئەم درێژ بوونەوەیەش لای باکووری خۆرئاوا و باشووری خۆرهەڵاتی گرتۆتەوە، لوڕستان لە باشووردا زنجیرە شاخی گەورە لە وڵاتی نێوان دوو رووباری جیادەکاتەوە. گرنگترین سەرچاوەی ئاوی رووباری (سەحرە)یە کە لوڕستانی کردووە بە دوو بەشەوە: (بەرکێو) کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی کێوە گەورەکە، هەروەها (پشتکیۆ) ناوچەی گەرمیان دەکەوێتە خۆرئاوای و بارگەی زستانیشیان (قشلاق)ە کە شوێنی گۆزەکەر و گەلانی ناوچەکەیە و ناوچەی کوێستانیشیان (یەیلاق)ی پێدەڵێن.

## مێژوو:

لوڕستان شوێنی نەژادی نەوەکانە و لەنێوان ئەو گەلانەدا گوتی و لۆلۆ دەناسرێنەوە کە لە هەزارەی سێیەمی بەر لە زایینda شاخنشین و خۆرهەڵاتی بوون و لە هەزارەی دووەمی بەر لە زاییندا ئەکەدییەکان ناوی کاشییەکانیان لە نووسراوەکانیاندا هێناوە. ئەوانە بە مانا کاشییەکان لە بنەچەدا خۆرهەڵاتین و ئەسپیان بەخێو کردووە و بەو خاکەیان ئاشنا کردووە، گەلانیتریش بەردەوام هاتوونەتە ناوچەکە و لە کۆتایی هەزارەی دووەم و هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین تیایدا نیشتەجێ بوون.

لە چاخی نۆزدەی بەر لە زایین ئاشوورییەکان گەیشتوونەتە دامێنی زاگرۆس و ناوچەکەیان داگیر کردووە، لە چاخەکانی (١٧) و (١٨)ی بەر لە زایینیش (سیمری) و (سیتی)یەکان کە لە باشووری رووسیاوە هاتوون نەخشەی پەلاماردانی (ورمێ) یان داناوە و داگیریان کردووە، دوای ئەوانیش گەلانیتر چوونەتە ناوچەکە و تیایدا ماونەتەوە کە لە نێوانیاندا (ماد) دێت کە پێویستە باسیان بکرێت.

گەلی (ماد) نزیك (مەلاییر) لە گردی (نۆشیجان) دانیشتووە لەنێوان ساڵانی ٧٢٥ تاوەکو ٥٥٠ی پ.ز هێز و دەسەڵاتی زۆری هەبووە.

## سەرچاوە:

هونەری لوڕستان هونەری ئەسپ سواری گڵکارییە لەبەر ئەوەی دانیشتوانەکەی بەردەوام لە کۆچکردندا بوون، بۆیە پێویستییان تەنیا بە شتومەکی گچکە بووە کە لەگەڵ خۆیانا بیانگوێزنەوە لەوانە چەك و کەلوپەلی وڵاخ دێت لە ئەڵقەی زین و ئاوزەنگی و گەلێکیتر کە پەیوەستن بە هونەرەکەوە.

دەرکەوتووترینی پاشماوە وەرشاوەکان لە لوڕستان بۆ نێوان ساڵانی ٢٥٠٠ تاوەکو ٦٥٠ی پ.ز دەگەڕێنەوە کە زیاتر لە چاخی ١٢ی پ.ز نیشاندەدرێن، لەو ناوچەیەی کە ئەو کارانەی تیادا ئەنجامدراوە داب و نەریت لەبەرچاوگیراوە و خراوەتە ناو فەرهەنگی باوەڕی ئایینی و هونەرییانەوە کە پلە و پایەیانی زیاتر بەرزکردۆتەوە، هەتاکو ئێستاش بەشی زۆری گەلی لوڕ لەو ناوچەیەدا لە ژیانی کۆچەریدا ماونەتەوە کە بەدوای مەڕ و بزن و ئەسپەوەن لە باکووری سەرچاوەی ئەو ئاوەی کە بە (گسکان) ناسراوە، دەشتەکانی (هەرسین)، (دلغان)، (عەلیشتەر) هەتاکو چاوبڕ بکات پڕ دانەوێڵەن تاوەکو دەگەنەوە بە دەشتەکانی ناوەوە وەکو (هۆلیلان)، (تارهان)، (کۆهیدەشت) کە جووتیارەکان لەناویانا خەریکی کشتوکاڵ کردنن، لوڕستان بۆ ئەمڕۆ باشترین ناوچەیە بۆ بەخێوکردنی ئەسپ و دانیشتوانەکەشی بە کشتوکاڵ کردن و کەمێك ئاژەڵ بەخێوکردنەوە بەڕێوەدەچن، بۆیە رێکدەکەوێت لەکاتی کێڵانی زەویدا پاشماوە ئاسەوارییە وەرشاوەکان دەربکەون و بکەونە دەست کۆمەڵێك لەو جووتیارانە، ئێمە مێژوویەکی وردمان

لەبارەی ئەو جووتیارانەوە نییە بۆ ئەوەی ناسنامەیان دیاریبکەین بۆ نیشاندانیان، ئەمەش بۆتە بابەتێك بۆ لێكۆڵینەوەی لێكۆڵەرەكان بۆ مێژوویەك كە بتوانین ئەو پاشماوانەی لەسەر دیاریبكەین بۆیە هەر دەبێت بەرێگەی تەخمینكردن بێت كە دەتوانین سەردەمەكانیان دەربخەین بۆ نێوان ١٥٠٠ تا ٧٠٠ی پ.ز بەو هیوایەی لەسەریان بنووسین، سەردەمی ئەم ئاسەوارانە و ساخكردنەوەیان دەخرێنە پاڵ (كاسی) یان كاشییەكانی چاخی دوانزە تاوەكو شەشەمی پ.ز كە ناویان دەبرێت هەروەها پاڵ سیمۆرییەكانی چاخی هەشتەم تاوەكو حەوتەمی پ.ز.

بەشێوەیەكی گشتی گۆڕستانی مرۆڤەكانی لوڕستان كە ئێستا شار، یان گوندیان لەسەر دروست كراوە شوێنی ژیانی مرۆڤی پێش مێژوو بووە.

لە (تەپە گۆران) مرۆڤی چاخی وەرشاو لە گوندی بچكۆڵەدا دانیشتووە كە خانووەكەی لە خشتی قوڕ دروست كردووە، لە هەر گۆڕێكیشدا شێوەی دانانی لاشەی مردووەكەی جیا بووە، واتە بە چەند شێوەیەك دانراوە، جارێك رووەو خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا و جارێكی دیكەیش باكوور رووەو باشوور، پیاو و ژنیش بەیەكەوە لاشەكانیان نەخراونەتە گۆڕ، بەڵام لە گۆڕی پیاودا كاسە و چەقۆ و بابەتی كەلوپەلی مەعدەنی دانراوە.

كرۆكی ئەو پاشماوە ئاسەوارییانەی لەسەر كۆچەرییەكان و جووتیارەكان دەست مان كەوتووە چیرۆكەكە وادەگێڕێتەوە لەكاتی دۆزینەوەی پاشماوە ئاسەوارییەكاندا باوەڕی لێكۆڵەرەوەكان لەسەر ئەوە بووە كە لە لوڕستاندا زانیاری تەنیا لەسەر ژیانی كۆچەرییەكان بووە كە پێدەچێت ئەمە شوێنی گومان بێت. ئەو بەڵگانەی بەدەستەوەن دەبارەی فەرهەنگی كۆچەری لوڕستان تەواوی هەموو زانیارییەك نییە، چونكە دەربارەی كۆچەرییەكانی پێش مێژوو زانیاریمان كەمە. لە رۆژگارە سەرەتاییەكانیشدا گەلانی لوڕستان دەواری رەشیان هەڵداوە ئەوكاتەی گوڵاڵە سوورە رووی گردەكەی داپۆشیوە، هەرچۆنێك بێت بەڵگە بەدەستەوەیە كە نیشانیدەدات مرۆڤ بەردەوام بە گوندەكەیدا دانیشتووە، كاتێك پرسیاری ئەو كەلوپەلانە لەو كۆچەرییانە دەكەیت كە ئایا ئێوە لە بنەچەدا گڵێنە دروست كەر بوون و ئەسپیان بەخێو كردووە سەرئەنجام دەگەینە ئەو راستییەی كە بەو جۆرە دەردەچێت، لەوانەشە ئەو كۆچەرییانە كشتوكاڵیان نەكردبێت یان بە قەوارەی پێویستی خۆیان كردبێتیان.

شێواز: دژوارییی دیاریكردنی مێژووی دروست كردن و پۆلینكردنی شتوومەكەكان، لە كنە كردنە شاراو و پەرشوبڵاوەكانی كەسانی ئەو ناوچەیە پەیدا بووە، لە راستیدا هیچ یەكێك لەو گۆڕانەی كە نموونەی زۆر لەوانە دۆزراونەتەوە بەشێوەیەكی زانستی كاری كنەكردنیان بۆ نە كراوە، بەو حاڵەوە ئەو دەست كەوتانەی شوێنەوارناسی لە پارێزگای لوڕستان بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش كراوە:

ئەلف: سەردەمی پێش گڵێنە: ٤٥٠٠ پ.ز.

بێ: سەردەمی سەرەتای گڵێنە: ٤٥٠٠ پ.ز.

جیم: سەردەمی پێش وەرشاو: دابەش كراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەلیف: گڵێنەی رەشی روو لە زەرد باوی نەخشێنراوە.

بێ: گڵێنەی رەشی روو لە سوور یان زەردباو.

جیم: گڵێنەی سووری نەخشێنراوی نموونەیی: (٤٥٠٠-٣٥٠٠ پ.ز).

دال: لە ٣٥٠٠ی پ.ز بەدواوە.

هاو: سەردەمی سەرەتای شارستانییەت، كاسەی گەنجینەی و نموونەی مەعدەنی بۆ نیوەی هەزاری سێیەمی پ.ز بە دواوە.

واو: سەردەمی گیان) گڵێنەی سوور یان زەردباوی دروست كراو بە چەرخ رازاوە بە نەخش و نیگاری رەشباوەوە.

دەربەندەكانی لوڕستان لە سەردەمەكانی پێش مێژوودا شوێنی دانیشتنی مرۆڤ بووە، دانیشتوانی لوڕستانیش لە كۆچەری و گوندنشینەكان كە تیایاندا كۆ بوونەتەوە لە كۆتایی هەزارەی چوارەمی پ.ز وردە وردە گوندەكان گەورە بوون و بوونەتە شار.

لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پ.ز كەلوپەلی ناوماڵەكانیان لە گڵێنە نەخش كراوەكانیان چوونەتەوە سەر گڵێنەكانی قۆناغی دووەمی سواڵەتی (سووسە)ی چاخی ئەكەدییەكان و كۆتایی هەزارەی سێیەمی پ.ز، هەر لەم قۆناغەدا وەرشاو دەركەوت و بە وردی كەلوپەلیان لێدروست كردووە كە دەچوونەوە سەر كەلوپەلە وەرشاوەكانی میسۆپۆتامیا، هەرچەندە زانیاری تەواوشمان لەسەریان نییە.

شێوازی وەرشاوەكانی لوڕستان لە بنەچەدا دەكرێن بە دوو كۆمەڵەوە:

لە رێگەی قاڵب و لە رێگەی چەكوشكارییەوە: لە رێگەی قاڵبەوە شێوەكەی وەردەگیرێ كەچی جۆرێكە، هەیە لەوانە ساكارە بە قوڕو بەرد رێكدەخرێ و دەكرێت بە قاڵب بۆ وەرگرتنی شێوەكەی، لێرەدا شتەكان جوان دەكرێن واتە رووی قاڵبەكە دەڕازێنرێتەوە و بە مۆم دادەپۆشرێ، هەروەها بە قوڕیش دادەپۆشرێت، لەكاتی ئیشكردنا مەعدەنە تواوەكە دەكرێتە قاڵبەكەوە بۆ وەرگرتنی شێوەكەی.

بەشێك لەوانە کە هونەر لە دروست کردنیدا بەکاردەهێنرێ بە مانا بازنەکە بەڕێگەی قاڵب رازێنراونەتەوە، دەرزی سنجاقی ساکاریش رووەکەی بە قاڵب بۆ داڕێژراوە و بە مۆم داپۆشراوە، نموونەی ئەم ستانەکانە کە دیارن پێکهاتوون لەوانەی کە لە سنگ دەدرێن یان ئەوەی چەقۆی پێ تیژ دەکرێتەوە، هەروەها پەیکەری وێنەدار و سەری سنجاق.

دەرزی درێژ کە رووی دەرەوەی مارپێچە و نموونەکەی لە بەردەست دایە کە نیشانەکەی پشیلەیە بەسەری سنجاقەکەوە دەبینرێ.

بە رێگەی چەکوشکاری:

ئەو شتومەکانەی کە بە رێگەی چەکوشکاری رووەکەی چاك دەکرێت بەهۆی گەرمکردنیەوە دەبێت بۆ ئەوەی ئەو شێوەیەی دەیانەوێت دروست یبکەن یان بە چەماندنەوەی چۆنیان ویستبێت وایانلێ کردووە.

ئەو شێوانەی بەو جۆرە دروست کراون، واتە بە چەکوشکاری زیاتر بۆ ئەم سەردەمەی دوایی دەگەڕێتەوە کە بابەتەکانی سنجاقی سەرخڕ ونی کەمەربەست و تیردان و قاپی جیاجیای رازاوە بە نەخش و نیگار، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەو جوانکارییانە و وێنە نەخشێنراوانە کەمتر لەسەر شتومەکە دروست کراوەکان دەبینرێن.

لە پێشوودا شتومەکی دروست کراوی وەرشاوی لوڕستان لە رووی ژمارە و جۆرەوە بۆ نێوان کۆتایی سەدەی دەیەم و سەرەتای چاخی حەوتەمی بەر لە زایینی بۆ دانراوە کە هونەر لە ئامادەکردنیاندا رۆڵی گێڕاوە، ئەمە نیشانەی پسپۆڕییە لە دروست کردنی ئەو شتومەکانەدا لەو سەردەمەدا.

کێوەکانی لوڕستانیش دەوڵەمەندە بە مەعدەن بەتایبەتی مس کە توخمی بنەڕەتی وەرشاوە، ئەمەش لەژێر دەسەڵاتی وەستایەتییەکی وردا بەڕێوەچووە کە دەریان هێناوە.

دروست کراوە مەعدەنییەکانی لوڕستان لە ناوەڕاستی هەزارەی سێیەم تا کۆتایی هەزارەی دووەمی پ.ز بەرەوپێش چووە، بەڵام دوو سەدە دوای ئەوە لە هەزارەی دووەمی پ.ز شێوەیان گۆڕانی لەسەرداهاتووە، کە بەو هۆیەوە چەند جۆرێك لە چەك و قاپ و قاچاخ دەرکەوتن، لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز تایبەتمەندێتی ئەو پیشەسازییە دەرکەوت کە نموونەیان جیادەکرانەوە هەروەها شێوازی ئامادەکردنی چاو، یان لووتی ئاژەڵەکە بەرجەستە دە بوو کە لە پشیلەدا نیشاندراوە.

هونەر: لە پەنجا ساڵی رابوردوودا ژمارەیەك پرسیار لەسەر ئەم ئاسەوارە وەرشاوانە سەریهەڵداوە کە هونەردۆست و لێکۆڵەرەوەکان دوای کەوتوون بەو جۆرە کە زۆرینەی ئەم ئاسەوارانە دروست کراوی خەیاڵن، چونکە سەری جانەوەر زیاتر لە بەشەکانیدا دروست کراون، ژمارەی زۆری ئەم کەلوپەلانەش پێداویستییەکانی سوارەی ئەسپ بووە.

پرسیارێك لەسەر ئەو شتومەکانە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمانە دەبێت لەگەڵ کەلوپەلە گەورەکاندا هەڵگیرابن، ئەمانە ئەوە دەرئەخەن کە پیشەسازی لوڕستان بە گشتی پارێزگارییە لە کەلوپەلی کۆچنشینەکان، ددانە و ئەو شتانەی زین جوان دەکات، هەروەها سەرجی ئەسپەکە شێوەکانیان نیشانی ئەدات کە ئەو سەرجە یان کەوڵی جووتێ بزنە کێوی بووە یان پێستی پڵنگ یان شێر کە بەسەریا دراوە، بەو شێوەیە ئاڵاکەیان بە نەخش جوان کراوە یان بە سەری حەیوان یا وەکو گیاوگۆڵ و ئەو شتانەی کە هەبووە، نموونەی شێوەکان توانیویانە سوارەکان جیا بکەنەوە یان بیانناسنەوە بەشێوەی ئەم بازنەی لە دەست یانا بووە کە نیشانەی تایبەت بە خۆیان بووە.

لەڕووی دەروونییەوە رەسەنایەتی ئەم شێوانە کە بە لاشە مرۆڤ (پیاو یان ژن) و (ئاژەڵن)، لە داستانەکانیاندا دروست یان کردووە، ئاژەڵەکان هەرچەندە بەشێکی کەمبن یان خەیاڵ تیایاندا ساکار بێت بە شێوەیەك وەکو راستی خراونەتەڕوو.

نیشاندانی لاشەی مرۆڤ بە شتێکی دیاریکراو و گرنگیدان بە سنجاق بە سەرێکی بازنەیی و کەمەربەست و تابلۆ و تیردان و قەڵغان و وێنەی گوڵ و ئەستێرە و رووناکی لە دامێنی شتومەکە جوان کراوەکاندا کە لە وەرشاو دروست کراون، هەروەها نەخشی گوڵی ئەستێرە بەگشتی بۆ هونەری سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز دەگەڕێتەوە.

لەنێوان شێوە ئاژەڵەکاندا نەخشی بزنەکێوی و قۆچەکەی پێش شێوەکانیتر کاریان بۆ کردوون و دەبینرێن، ئەم نەخشانە لەڕووی لغاوەکاندا بەرچاو دەکەون وەك بڕبەنگ و دەرزی سنجاق و قۆڵبەند و ئەڵقەکانی زین و سەرزین.

نەخشی ئەسپ زۆر بە کەمی دەرئەکەوێت کە لە پێشووتردا لە لغاوەکەدا نیشاندراوە، یان دەرهێنراوە، شێر بە کەمی بەڵام پڵنگ لەڕووی کوتەکدا نیشاندراوە، بەڵام نەخشی ئاژەڵی ئەفسانەیی وەکو (ئەبولهەول) کەمتر بەکارهێنراوە و زیاتر بۆ رووی لغاو کراوە.

## شتومەکی دیاری گۆڕ:

نیشانەی دیاریکراو لەو رووەوە کە بە دەستەوەیە دوو ئاژەڵ دەبینێ رووبەڕووی یەکتری، یان پەیکەری مرۆڤێك بەرامبەر دوو ئاژەڵی کێوی وەستاوە و ئامادەیە، دێو کە دوو لاشەیە یەکێکە لە دەرکەوتووترینی شێوەکان کە بۆ ٧٢٥-٦٢٥ی پ.ز دەگەڕێتەوە، نیشانەیەکی نزیك بەمە گۆڕێکە دەکەوێتە (واندنبرگ) کە بەدەست ئێمە گەیشتووە لاشەیەکی تیادایە، ئەوە دەگێڕێتەوە کە پاسەوانی ئەو مردووەیە بۆ ئەوەی دێوە ترسناکەکان لە تاریکیدا کاری لێنەکەن، داب و نەریتی لاشە خستنە ناو گۆڕ کە چەك و شتومەکیتریان لەگەڵیان داناوە بۆ سەرەتای چاخی وەرشاو دەگەڕێتەوە لە هەزارەی سێیەمی پ.ز. دەرزی سنجاق کە سەرێکی خڕی هەیە و دیاری گۆڕە بە چەند شێوەیەك جوان کراوە و پاکیش کراوەتەوە هەندێکجار بەسەری ژنێك یان پیاوێك لە بەرامبەر سەری شێرێکدایە، بەڵام لەکاتی ئاساییدا لە ناوەڕاستی دەرزییەکەدا سەری شتێکی خەیاڵی دروست کراوە جگە لەوەش لە هەردوو سەرەکەیدا گایەکی باڵدار لەگەڵ سەری گیانلەبەریتر دەبینرێن.

ئەم پەیکەرانە بەزۆری لە گۆڕستان و چەند گردێکی دیاریکراو بەدەست هاتووە، لە شێوەیەکیتردا پاشماوەی شتەکانیتر بەتایبەت ئەو شتانەی پێشکەش بە مردووەکە نە کراوە لە چەند شوێنێکی جیاجیادا دۆزراونەتەوە.

سەرجی ئەسپ: پێشتر لەسەر ئەمە دواین کە ئەڵقەی زین و سەرجو زەنگوڵە، واتە پێویستییەکانیتری سەرجی ئەسپیش دەگرێتەوە کە پێشتر شتە جوانکارییە ئاژەڵییەکان بوون، بەڵگە ئاسەوارییەکانیش نیشانیدەدات کە سەرجی ئەسپ لە گۆڕی پلە و پایەداری دەشتەکانی (هۆلیان) و (تارهان) بەدەست مان گەیشتوون.

بابەتە جوانە کەسییەکان: ئەمانە چەند شێوەیەکی جۆراوجۆرن کە بە دوو شێوە دروست کراون یەکەمیان بە قاڵب بۆ دارشتنی (بازن، سنجاق، گوارە، سنجاقی داخراو) دووەمیان دروست کردنی (بازوبەند، بازن، کەمەربەست) بە چەکوشکاری لەگەڵ ئەو شتانەیتر کە جلی مرۆڤ دەرازێننەوە یان دروست کردنی تابلۆی راووشکار و یادەوەری ئایینی، ئەمانە پاشماوەی گرنگن کە لەو هونەرەن و ئامادەکراون و لەڕووی وەرشاوەکە دەرهێنراون و بەجێماون.

زۆر لەمانە وێنەی پیاوێکی ریشدارە، یان ژنێکە لەڕووی قاپێك دەرهێنراوە ئەم پەیکەرانە لە جلوبەرگدا جودان، هەیە ساڵێکی بەسەرەوەیە وەکو لەچك کە بە نەخش و نیگار جوان کراوە یان جلێکی درێژی لەبەردایە، ریشودارە هەتاکو کەمەری هاتووە.

کارە وەرشاوەکانی خۆرئاوای ئێران لە کۆمەڵەی (هارا) کە تایبەتن بە چەك ئەوە نیشاندەدەن کە هەرە کۆنەکەیان بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز بگەڕێتەوە. چاوگێڕانێك بەو چەکانەدا و پشتبەست بە شێوەکانیان دەرئەکەوێ جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئەوانەی هەزارەی دووەمی پ.ز، بەڵام هەردوولایان تەواوکەری یەکترین هەتاکو دەگەنەوە بە (٨٠٠) ساڵ پ.ز. نموونەی نیشاندراو لەوانە (کوتەك، دەمەپاچ، هەسان لەگەڵ تەوری قوولنگی، خەنجەر، چەقۆی تیژ، قەمە و شمشێر). زۆرینەی ئەمانە بە نەخش و نیگار جوانکراون، یان بە نەخشی سەری ئاژەڵێك یاوەکو نیوەی ئاژەڵێك یان تەواو، نموونەی بەرچاو لەمانە سەری شێرێکە یان شێوە ئاژەڵێکە تیغەکە لە دەمی هاتۆتەدەر.

تیردان و قەڵغان بە چەکوشکاری لە مەعدەن دروست کراون، هەروەها (کەمەربەست) کە لەوحەیەکی دروست کراوی جوانە، بەرگی شەڕە و بەر لەوانیتر دێت.

## قاپ و قاچاخ:

ئەمانە کەمتر لە مەعدەن دروست کراون وەکو کاسە و پیاڵە و جام، جۆرێك لەمان لوولەدارن واتە بۆ ئاو دروست کراوە، چەند شێوەیەك لەو شێوانە بە وێنەی رۆژ یان تەختی پاشایەتی جوانکراون کە لە ناویاندا پیاڵە دێ، کاسە و بابەتەکانیتریش کە بۆ ئاو خواردنەوە بەکارهاتوون بەشێوەیەکی هونەرییانە لە سەردەمەکانی پێشوودا دروست کراون کە تیایاندا بابەتی راووشکار و بەزمی شەڕی ئاژەڵەکان نیشاندراون.

کرۆنۆلۆژی: ئەو پرسیارانەی ساڵی ١٩٣٠ لەسەر جیاوازی ئەو ژمارە زۆرانەی وەرشاوەکانی لوڕستان دروست بووە لە بازاڕی هونەردا وەڵامەکەی تەنیا بە کنە و پشکنینی زانستی دەدرێتەوە، پرسیارەکانیش لەسەر دەرکەوتنی ئەو کەلوپەلە وەرشاوانەیە کە لێکۆڵەرەکان تێدەکۆشن لەڕووی کرۆنۆلۆژییەوە ئەو شێوانە و جوانکارییانە کە دماودەم هاتوون ئەوە بزانن کە پەیوەندییان بە خاکی ئەو شوێنەوە چییە، هەروەها ئەوەش بە مەزەندە بزانن کە چەند سەردەمی کرۆنۆلۆژی دیوە کە کارتێکردنی هە بوویێت و پێویستە ئاماژەی پێبدرێ، هەرچۆنێك بێت جیاکردنەوەی ئەمانە و مەزەندەکردنیان بە کۆمەڵێکی دیاریکراو لەو وەرشاوانە پەیوەستە بەوەی کارە وەرشاوە سەرەتاییەکان کە تایبەتن بە (خەنجەر، کوتەك، هەسان) دەچنەوە سەر کەلوپەلەکانی هەزارەی سێیەمی پ.ز ی وڵاتی میسۆپۆتامیا، پێش ئەوەش بنەچەی ئەو کارە وەرشاوانە لە یەکچوونیان هەبووە لەگەڵ

کەلوپەلە بەدەست گەیشتووەکانی ئێمە لە وڵاتی میسۆپۆتامیا و عیلام لە هەزارەی دووەمی پ.ز ئەمەش بەردەوامییەك دروست دەكات لەنێوان ئەو دابەش بوونەی چەك و كاسانەدا، لێرەدا مێژوویتر نییە بۆ ناوی پاشاكانی بابلی چاخی دوانزە و یانزەی پ.ز، جیاكردنەوە و توانەوەی ئەو كەلوپەلانە و دارِشتنەوەیان كە تایبەت بێت بە سەرچاوەی مەعدەنەكە، كاریگەریتی زۆری كاشییەكان و میتانییەكانی بەسەرەوە دیارە كە دواتر كاریگەریتی گەلانی عیلامیشی بەسەرەوە بووە لە چاخەكانی (٩-١٠)ی پ.ز ئەوەش وای كردووە كە توخمیس ناوچەییتر درێژە بەو دروست كردنە بدات. دەسەڵاتی هەزار ساڵەی پ.ز بەرامبەر بەو شتومەكانە كە بە قاڵب دارِێژراون و لە وەرشاو دروست كراون توانای ناسینەوەیان هەیە، نیشانە بۆ ئەمە ئەو كاسەیەیە كە دیوی دەرەوەی پێچاوپێچە و بە چوار دەوریا بە وێنەی پشیلە یان بزن جوان كراوە، ئەمەش بۆ دەوروبەری ٨٠٠ ساڵ پ.ز دەگەرِێتەوە، زۆرینەی ئەو ئاژەڵانەش ئەژنۆ، یان قاچیان بە چواردەوری ئەڵقەكەدا بەشێوەی لولەیی هاتۆتەوە ئەمەش نیشانەیە بۆ پرِكردنەوە، ئەو لولەیەی ئێستا شێوەی مرۆڤی لەسەرە لە سەردەمەكانی پێشوودا بە نموونەیتر داپۆشراوە لەوانە وێنەی پشیلەی لەسەر دروست كراوە بۆ ئەمەش نموونەمان هەیە، كە بە شێوەی مرۆڤ و ئاژەڵ جوان كراوە، شێوە زیاتریش لەوانە كە بەرچاو دەكەون بەسەر مرۆڤە كە ئەسڵی شتەكەیە، بەڵام ئێسقانی پشتی و كلكی كە بەشی دەركەوتوون لە لاشەكەدا هی ئاژەڵە، چەماندنەوەی ملی ئاژەڵەكە بەشێوەیەكی ناسروشتییە و نموونەی لەبەرچاویش بۆ ئەمە كە دەبینرێ گۆرِان لە شێوەی شاخی بزنەكە دایە كە بەشێوەیەكی سروشتیتر واتە ناسكتر چەماوەتەوە هەروەكو شێوە پەیكەری مرۆڤ كە جیاوازی لەرِووی شوێن و سەردەمەوە نیشان دەدات.

## لغاوی وڵاخ: لغاو دەكرێ بە (٥) كۆمەڵەوە:

١- شێوە لاكێشەیی یان نیمچە لاكێشەیی یا وەكو لەوحێكی كون كونە و رووەكەی بە پانی نیشاندراوە، سوار بەكاریدەهێنێ كە لە سەردەمەكانی پێشوودا بە وێنەی ئاژەڵ جوان كراوە، ئەم كۆمەڵەیە دەگەرِێتەوە بۆ نێوان ساڵەكانی ٩٠٠-٨٥٠، ٧٥٠-٧٠٠ پ.ز كە پێوەی پەیوەستە.

٢- لغاوی بازنەیی لە چاخی نۆیەم تاوەكو حەوتەمی پ.ز.

٣- لغاوی شێوە چەمانەوەیەكی تیادا هەبێت، بەجۆرێك ئەوەی مەعدەنەكەی تواندۆتەوە و كردوویەتە ناو قاڵب لە ناوەرِاستییا كونێكی هێشتۆتەوە.

٤- لغاو بە شێوەی حەوتی كە دوو سەری هەبێت و بە وێنەی ئاژەڵ جوانكرابێت.

٥- لغاوی شێوە تۆرِ كە بە وێنەی ئاژەڵی راستی یان خەیاڵی یان وێنەی دووانە جوانكرابێت، واتە لە ئاژەڵ و مرۆڤ پێكهاتووە، ئەم لغاوە چەند نموونەیەكی جیاوازی هەیە كە بۆ ٧٥٢-٧٥٠ تاوەكو ٦٧٥-٦٥٠ی پ.ز دەگەرِێنەوە.

كۆمەڵەی ١، ٢، ٣، ٤، نیشانەی لغاوی ئاڵوگۆرِپێكراوی ئەسپن لە لادێكاندا كە بۆ چاخی حەوتەمی پ.ز دەگەرِێنەوە.

## زین و سەرج و ئەڵقەی لغاو:

ساكارترین كەلوپەل ئەمانەن كە بەكاردەهێنرێن لەگەڵیا سەری پشیلەیەكی بچووك كە پەیوەستە بە لغاوەكەوە پێی جوان كراوە ئەمانە بە چاخی هەشتەمی پ.ز دیاریكراون.

**دەرزی سنجاق:** ئەم كۆمەڵە ساكارە دەگەرِێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پ.ز، بەڵام لە هەزارەی دووەمدا جۆری تازەتر دەركەوتووە كە شێوەكەی درێژ یان شێوە چەماوەیە بەكارهێنراون، لە مانە جۆرە سەرەتاییەكانیان بە شێوەی بچووكی لاشەی ئاژەڵ دەور دراوە، جۆرەكانیتری واتە ئەوانەی چاخی نۆیەمی پ.ز هەتاكو ئێستاش بە (شێر) جوانكراون و دەمەكەیان چوارگۆشەیە و شێوەی تۆرِێكی لاكێشیی وەرگرتووە.

**سنجاقی سەرخرِ:** ئەم كۆمەڵەیە دیارترینی هەزارەی یەكەمی پ.ز و نموونەی ئەمە كاری جوانكاری و قەڵەمكاری تیادا كراوە كە لە چاخی هەشتەمی پ.ز دروست كراون، ئەم جۆرە سنجاقانە جوان كراوە بەسەری مرۆڤ لەجیاتی سەری ئاژەڵ لە چاخی هەشتەمی پ.ز، ئەمەش بۆ ئەوە دروست كراوە لە یەخەی جل بدرێ، زۆرینەی ئەمانەش لە گۆرِدا دۆزراونەتەوە كە نیشانەن بۆ گرنگی ئەو شتانەی كە بۆ مردووەكە دانراوە.

**بازن:** بازن كە سەرەكانیان بە نەخشی ئاژەڵ كۆتایی دێت هەروەكو سەری سنجاق بە یەكدەگەنەوە كە بەشێوەی ئاژەڵ جوان كراوە، ئەوەی هەیە لەمانە بۆ چاخی نۆیەمی پ.ز دەگەرِێنەوە، ئەمجۆرە ئاژەڵانەش لە هەزارەی دووەمی پ.. لە لورِستاندا هە بوون و زیاتر بڵاو بوونەتەوە و لەناو جۆرێك لە پیشەسازی وەرشاودا بەربڵاو بووە، ئەو كارانەی لەم خشتەیەدا بەرچاو دەكەوێ جوانكارییەكەی بۆ گەلانی ئارییایی دەگەرِێتەوە كە بە چاخی (٩)ی پ.ز دەست نیشان كراوە، ئەم كاری نەخشەسازییەش سەرچاوەكەی لە ئاشوورییەكانەوە وەرگیراوە و لە سەردەمی مادەكان و هەخامەنشییەكانیشدا باشتر كراوە و گرنگی زیاتری پێدراوە.

**کەمەربەست:** ئەمە لە وەرشاو دروست دەکرێ و چەکوش و قەڵەمکاری تیادا کراوە و بە نەخش رازێنراوەتەوە، ئەم پیشەسازییە لە بنەچەدا بۆ چاخی حەوتەمی پ.ز دەگەڕێتەوە.

**قاپ و قاچاخ:** قاپ و قاچاخ ئەوانەی لە مەعدەنن بە چەکوشکاری دروست کراون، هەندێك جاریش بە قاڵب، زۆرینەی ئەمانە سەردەمەکانیان لە چاخی دەیەمی پ.ز دەست پێدەکەن هەتاکو دەگەنەوە بە چاخی حەوتەم، نموونەی ئەمانەش مەسینەیەکی مل بڵندە کە پەیوەستە بە چاخی هەشتەم یان حەوتەمی پ.ز، گەورەترین گۆڕانکاری کە لە شێوەی ئەمانەدا کراوە لە ۹۵۰-۱۰۰۰ی پ.ز هاتۆتە گۆڕێ.

**سەرئەنجام:** پۆلینکردنی کەلوپەلە وەرشاوەکانی لوڕستان کە بەردەست مان کەوتوون ئەوە نیشاندەدەن کە هونەری ئەوانە بۆ مرۆڤی کۆچنشین دەگەڕێتەوە، لەوانەشە مرۆڤی ئێستای لوڕستان لەسەر هەمان رێوشوێنی دانیشتنی مرۆڤ دۆزراونەتەوە، کارسازانی وەرشاو و مسیش لەوانەیە لە شارە کۆچەرینشینەکاندا پێداویستییەکانی خۆیان جێبەجێ کردبێت.

**سەرچاوە**

**مفرغهای لرستان و صنایع فلزی اسلامی، مجموعه موزه خرم اباد ، مینا صادق بهنام، لا۲-۱۰**

# تیشکێك بۆ سەر شوێنەواری بێستوون

بێستوون ناوچەیەکە ٣٦ کیلۆمەتر لە کرماشانەوە دوورە و لەسەر ڕێگایەکە کە دەڕوات بۆ هەمەدان. ناوی ئەم شوێنە یاقوت بە (بەهستان) نووسیویە و (دیو دور سیسیلی)ش بە (بەغستان) وەرگیراوە. ڕۆڵەنسن دەڵێ: (٥) دەوڵەتی گەورەی دونیای خۆرهەڵاتی کۆن لەو شوێنەدا دامەزراوە. (یزیدور خاراکس)یش ناوی ئەم شارەی لەو جێگایەدا بە (باپ تانە) نووسیوە و وایزانیوە کە (سەمیر ئامیس) پاشا ژنی داستانی ئاشووری لەو جێگایەدا پەیکەری بە تەنکراوی داناوە. خودی (ڕۆڵەنسن)یش رای وایە کە (باپ تانە) لە (باستان)ەوە وەرگیراوە لەم شوێنەدا کێوێك هەیە، بڵندییەکەی (٤٠٠٠) پێیە و لە خوارویەوە سەرچاوەی ئاوێك هەیە لە کێوەکەوە دێتە دەرەوە. بەو جۆرە ئەوە نەزانراوە کەی لە کۆنەوە داناوە بۆ مانەوەی هەتا هەتایی بەشێك لە کارەکانی خۆی. لەبەر ئەوەی شوێنی ناوبراو نزیك دەروازەی ئێران کەوتووە و هەر بە ڕەزامەندی (داریۆش)یش بووە کە لەو تەختە بەردە گەورە ئەو کارە بکرێ و لەسەری بنووسرێت کە (بە بەردە) نووسراوەکەی بێستوون ناسراوە و لە شێوەدا بێهاوتایە.

ئەو بەردە هەڵکۆڵراوە و نووسینەکەی کە بە مەزندە بۆ (٢٥) چاخ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە چۆن توانیویانە لەو بەرزییەوە هەڵیبکۆڵن کە لە هەموو ئاسەوارەکانی ئێران جوانترە و ماوەتەوە. بەندی نووسینەکانی سەرنجی مرۆڤ رادەکێشن وادەزانیت نووسینەکە نوێیە. (دیودور سبیبلی) کە لە چاخی یەکەمی زایینیدا ئەم پاشماوە دێرینە بۆ (سەمیر ئامیس) شاژنی داستانی ئاشووری بگەڕێتەوە لە شوێنێکیتریشدا نووسیویەتی: ئەسکەندەر دوای دەرچوونی لە (شوش) بۆ ئەوەی بڕوات بۆ هەمەدان، لەو ڕێگایەوە ڕۆیشتووە کە گەیشتووە بە شوێنی (بەغستان) بە مانا شوێنی خواکان. لەوەو بەریش (کتریاس) لە دەرباری ئێراندا ماوەتەوە و (دیودور) نووسینەکانی ئەویشی وەرگرتووە و لێی زیاد کردوون، ئەوەش زانراوە کە مێژوونووسانیتریش گومانیان لە ناوبراو بووە، لەوانە (نۆلدکە) کە بەدوای مێژووی کۆنی ئێراندا گەڕاوە. ئەو گومانەشی لەبەر نەبوونی زانیاری بووە دەربارەی ئێران، وایزانیوە کە ئەو پاشماوەیە بۆ داریۆشی دووەم یان ئەردەشێری دووەم دەگەڕێتەوە یان پاشماوەکەی بەهی ئەوان زانیوە بەڵام ئەوەی نەزانیوە کە ئەو بەردە هەڵکۆڵراوە و نووسینەکەی سەری بۆ داریۆشی یەکەم دەگەڕێتەوە. ئەو کێشەیەش لای ئەو بەو هۆیەوە دروست بووە کە نێوانی فەرمانڕەوایەتی داریۆشی یەکەم و پاشاکانیتر کە ئاماژەمان پێدان لەبەر کورتی ساڵانی نێوانیان بووە کە بۆ (٧٠) تا (١٠٠) ساڵ زیاتر ناڕوات. وادیارە دەربارەکانی پارس لە کارەکانی پاشاکان کەمێك بێئاگا بووبن کەواتە چۆن دەبێت بۆ داستانە کۆنەکانی ئاشووری بە ئاگا بووبن. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم گومانکردنە کەسی (کتزیاس) دروست ی کردووە بەو هۆیەی داستانی جیاواز جیاوازی داناوە و وردنەبووە لە نووسینەوەی تۆمار کراوەکاندا. بەهەرحاڵ بەپێی داستانەکەی (دیو دور) کە لە چاخەکانی دواییدا دانراوە وای بۆچووە کە ئەم پاشماوە دێرینە هی سەمیر ئامیە و هەتاکو (گاردان)ی فەڕەنسیش کە لە سەرەتای چاخی نۆزدە چووەتە دییەنی هەر بەو جۆرە قسەی لەسەر کردووە و لەگەڵیا ئەوەشی وتووە: لەو شوێنەدا دوانزە حەوارییەکانی عیسا ڕێنمایی کراون. گومانیتریش لەسەر ئەو پاشماوەیە لەلایەن (ڕۆبەرتکیرپۆرتەر)ەوەیە کە لەنێوان ساڵانی ١٨١٧ و ١٨٢٠ی زایینی سەرفەریکردوو بۆ گورجستان و ئەرمەنستان و ئێران و بابل، باوەڕی وایە کە ئەم پاشماوەیە باسی سەرکەوتنی سەلمانەسری پاشای ئاشوورە بەسەر جوولەکەدا و لەم دیمەنەدا نیشانیدا قسەکردن لەسەر ڕۆژگاری ئەم نووسراوە زۆرە بەهۆی ئەوەی خۆرهەڵاتناسەکان لە ناسینیدا ئەرك و ماندو بوونیان دیوە لەوانە ڕۆڵەنسن هاتۆتە سەردانی شوێنەکە و نووسینەکەی خوێندۆتەوە، جگە لەو هەندێکیتریش هاتوون سەردانیان کردووە و لەسەر ئەو رایە بوون کە ئەم ئاسەوارە بۆ داریۆشی گەورە دەگەڕێتەوە ئەم بەردە هەڵکۆڵراوە دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوی (بەردیای درۆزن) و (٣) کەسیتر کە رەوەند بوون و لە فەرمانڕەوایەتی داریۆشدا یاخی بوون و هەریەکێك لەوانەش خۆیکردۆتە پاشای مەملەکەتی خۆی. بەم شێوەیە بەردەکە هەڵکۆڵراوە داریۆشی سەرکەوتوو کە ئاهۆرامزدا دەپەرستێت بەپێوە وەستاوە و دەستی راستی بڵند کردووە و قاچی چەپی خستۆتە سەر سنگی گاوماتەی موغ کە لەسەر پشت کەوتووە و دارا چەکی بەدەستەوە گرتووە. لە پشتی سەری داریۆشەوە دوو کەس دەبینرێن وادیارن لە پیاوانی پلەیەکی دەبار بووبن. ئێستا مەزندە دەکرێ کە یەکێك لەو دووانە باوکی داریۆش بێت بەڵام ئەوەش نەزانراوە کە ئەو بۆچوونە لە کوێوە هاتووە. لە بەرامبەر داریۆشدا (٩) کەس بەڕیز دێنە بەرچاو کە هۆکاری هەڵگیرساندنی شۆڕەش بوون لە ویلایەتەکاندا و لەبەردەکە هەڵکۆڵراون ئەمانە لە دواوە دەست یان بەستراوە و نووسینەکەش ئەوانەمان یەکە یەکە پێدەناسێنێ داریۆش

لێرەدا دوو نوویینمان بۆ دەخاتەڕوو به زمان و نووسینی پارسی کۆن عیلامی بابلی که یەکێکیان به نووسینه گەورەکه ناوزەد کراوه و ئەویتر به نووسینه بچکۆڵەکه. له بەشی یەکەمی نووسینه بچکۆڵەکەدا داریۆش خۆی ناساندووه بەڵام له بابلییەکەدا ئەوه نییه. بەشێکیتری نووسینەکەی داناوه بۆ سکاکان که تەنیا به زمان و نووسینی پارسی عیلامییه، بەو جۆره دەتوانین بڵێین: نووسینەکه تەواو نییه و ناوەڕۆکی نووسینەکانیش بەو جۆرەی خوارەوەیه: (بۆ گۆڕینەکەی بۆ زمانی پارسی لەو پەرتووکانه سوود وەرگیراوه: بارتولۆمه، دەست ووری زاراوەی ئێرانی کۆن، وایسباخ و یانگ، هێڵەکانی بزماری ئێرانی کۆن، تۆلمەن، فەرهەنگ و ناوەڕۆکەکانی پارسی کۆن. نووسینەکەی داریۆشی گەوره له بێستون، چاپکراوی مۆزەخانەی بەریتانی کۆسۆ ویتری نووسینەکانی هەخامەنشییه له پارسی کۆن).

## نووسینەکه

### نووسینه گەورەکه:

بەشێکی نووسینه گەورەکەی بێستون به موناسەبەتی ڕووداوەکانی هاتنه سەر تەختی (داریۆش)ه و له شوێنی خۆیدا باس کراوه بۆیه گۆڕینی بەشەکانی لەم جێگایەدا دەنووسمەوه و دەیانخەینه بەرچاو.

## (ستوونی یەکەم)

**بەشی یەکەم:** منم داریۆش، پاشای گەوره، پاشای پاشاکان، پاشای مەملەکەتەکان کوڕی ویشتاسپ نەوەی (ئارشام)ی هەخامەنشی.

**بەشی دووەم:** داریۆش شا گوتی: من باوکم (ویشتاسپ)ەو، ویشتاسپ باوکی (ئارشام)، (ئارشام) باوکی (ئاریارەمن)ه و (ئاریارەمن) باوکی (چش پش)ه و (چش پش) باوکی (هەخامەنش)ه.

**بەشی سێیەم:...** لەو ڕووەوه ئێمەی هەخامەنشی دەڵێین بنەماڵەی ئێمه کۆنه و ئەو بنەماڵەیەش له کۆنەوه دەسەڵاتی هەبووه.

**بەشی چوارەم:...** هەشت کەس لەو بنەماڵەیەمان بەر لەمن پاشا بوون من نۆیەمین پاشام ئێمه بنەماڵەکەمان له دوو لاوه پاشا بوون.

**بەشی پێنجەم:...** به فەرمانی ئاهۆرامزدا من پاشام، ئاهۆرامزدا پاشایی به مندا.

**بەشی شەشەم:...** ئەوه مەملەکەتانێکه که سەر به منن. به فەرمانی ئاهۆرامزدا من پاشای ئەوانم: پارس، خۆزستان، بابل، ئاسور، میسر، جەزاییری دەریا، سپەردە، یۆنیه، ماد، ئەرمەن، کاپادۆکیه، پارت (خوراسان) زرنگ (سیستان)، هەرات، خوازرم، باختەر، سەغد، گندار، سکاییه، شەتەگوش، رخج، مەکیا، هەموویان (٢٣) مەملەکەتن.

**بەشی حەوتەم:...** ئەم مەملەکەتانه که ئیتاعەی من دەکەن بەهۆی (ئاهۆرامزدا)وەیه که سەر بەمنن، باج به من دەدەن، هەر کاتێکیش فەرمانیان پێبدەم شەو، یان ڕۆژ بێت جێبەجێی دەکەن.

**بەشی هەشتەم:...** لەم مەملەکەتانەدا کەسێك که دۆست بوو دەرکەوت بۆ ئەوان دوژمن بوو، پاداشتم زۆردایەوه. بەتوانای ئاهۆرامزدا یاساکانی من لەو مەملەکەتانەدا شوێنی خۆیان گرتووه و کاتێکیش که داوایان لێبکەن ڕەفتاری پێدەکەن.

**بەشی نۆیەم:...** ئاهۆرامزد پاشایەتی بەمندا. ئاهۆرامزدا توانای بەمندا تاوەکو ئەم پاشایەتییەم بەدەست هێنا. بەتوانای ئاهۆرامزدا بوومه خاوەنی هەموو دەسەڵاتێك.

**بەشی ١٠-١٥:** ئەم بەشانه پەیوەستن به (بەردییەی درۆزن).

**بەشی ١٦-١٩:** ئەم بەشانه له ستوونی یەکەمدا پەیوەستن به شۆڕشی بابل.

## ستوونی دووەم

**بەشی ١-١٦:** پەیوەستن به شۆڕشی بابل و ماد و ساگاریتی و پارت و غەیری.

## ستوونی سێیەم

**بەشی ١-١٥:** پەیوەستن به شۆڕشی پارت، مەڕۆ، باختەر، بەردیای دووەم، درۆزن، شۆڕشی دووەمی بابل.

## ستوونی چوارەم

**بەشی ١-٢:** داریۆش زانیاری لەسەر شۆڕشی ئەیالەتەکان وەرگرتووه و ناوی یاخی بووەکانیشی زانیوه.

**بەشی سێیەم:...** ئەم (٩) پاشایه له مەیداندا خۆیان گیرۆدەی جەنگ کردووه.

**بەشی چوارەم:...** ئەوانەبوون لە ویلایەتەکاندا ئاژاوەیان ناوەتەوە، ئەوانەش کە هەستاون لەگەڵیاندا بە درۆ فریویان داون. ئاهۆرامزد ئەوانەی داوەتە دەست من ئەوەی کە من ویستم لە رەفتار لەگەڵیانان کردم.

**بەشی پێنجەم:...** بەو جۆرە ئەو پاشایە داوا دەکات زۆر ئاگاداری خۆت بە لە درۆ. ئەگەر بیربکەیتەوە چی دەکەم دەمەوێت مەملەکەتم لە ئاسایشدا بێت، فریو نەخوات بۆ ئەوەی پاداشتی بدرێتەوە.

**بەشی شەشەم:...** ئەوەی کردم بە توانای ئاهۆرامزدا بوو کەم بووبێت یان زۆر ئەوەش بۆ ئەوەیە کە ئەم نووسینە تۆ لە ئایندەدا دەیخوێنیتەوە بۆ ئەوەی باوەڕ بکەی کە ئەم کارەی من کردم بۆ ئەوە بوو درۆزن سزابدرێت.

**بەشی حەوتەم:...** ئاهۆرامزدا دەیزانێت ئەو کارانەی من کردم کەم بن یان زۆر راستە و درۆ نییە.

بەشی هەشتەم:... بەتوانای ئاهۆرامزد ئەو کارانەی کە بە زۆری کرد و من لەو نووسینەدا نەم نووسیون. ئەوە لەو لایەنەوە بووە کە نەم نووسیون بۆ ئەوە بووە ئەوەی ئەو نووسینەی بخوێنایەتەوە گومانی لەوە دەکرد کە ئەو کارانە هەموویان زیادبن و دواییش باوەڕیان نەدەکردو بەدرۆیان دەزانیٚ.

**بەشی نۆیەم:...** پاشاکانی بەر لەمن لە رۆژگاری ژیانیاندا ئەوانە کاری زۆریان بە ئەنجام نەگەیاندووە بەڵام من بەتوانای ئاهۆرامزدا کەم بووبێت یان زۆر بووبێت کردوو من.

**بەشی دەیەم:...** ئێستا تۆ باوەڕداری ئەوەی کە من کردوومن دوایی بە نهێنی مەیهێڵەرەوە بە مرۆڤ بڵێ، ئاهۆرامزدا تۆ دەکات بەدۆستی خۆی، بنەماڵەی تۆش پایەی بەرز دەبێ و تەمەنی درێژ دەبێت.

**بەشی یانزەیەم:...** ئەگەر ئەم قسانە بە نهێنی بهێڵیتەوە و بە مرۆڤ نەڵێیت تۆ لای ئاهۆرامزدا ئازا نیت و بنەماڵەی تۆش بەرز نابێت.

**بەشی دوانزەیەم:...** ئەوەی من کردومن کەم بووبێت یان زۆر بە فەرمانی ئاهۆرامزدا بوو. ئاهۆرامزدا بەمنی گوت کەمەیەك بکە، یەزادن ئەویتری دەکات.

**بەشی چواردەیەم:...** لەولایەنەوە توانای بەکارهێنا و من و بنەماڵەکەم نە دوژمن (بە مانا دڵ رەش) بووین، نە درۆزنیش، نە بێ ویژدانیش. من بەپێی حەق و دادوەر فەرمانڕەوایەتیم کرد. نە بەندەیەکی بێبەزەییش بووم، نە مرۆڤێکی پەست (بە مانا لاواز) مرۆڤێك بۆ ئەوەی بنەماڵەکەی بە توانای ئەو خۆی دەربخات و کاری خراپەکاری نەکات.

**بەشی پانزەیەم:...** ئەم نووسینە کە من نووسیم، یان ئەم پەیکەرەی سەرەوە، ئەوەی کە دەیبینی تاوەکو دەتوانی نیگایان بەری.

**بەشی شانزەیەم:...** ئەو نووسینە و ئەو پەیکەرەی بینیتان ئەوانەی کە لەسەرەوە هەتاکو بنەماڵەی تۆ باشبێت ئەوانە نیگایان بدەریٚ، ئاهۆرامزد تۆ دەکاتە دۆستی خۆی، نەوەت زیاد دەکاو تەمەنت درێژ دەبێت بە مانا تۆ چەند لێوەی نزیك بیت (پاداشتت دەداتەوە).

**بەشی حەڤدە:...** ئەگەر ئەو نووسینە و ئەو پەیکەرانەی کە لەسەرەوەن تا بنەماڵەی تۆ باشبیت ئەوانە دەنگیان نابێت، ئاهۆرامزدا بۆ تۆ بەرنامەیە، بنەماڵەی تۆش رەسەنە و تۆ هەبیت ئاهۆرامزدا دەبێت.

**بەشی هەژدە:...** ئاگادارکردنی مرۆڤەکان کە یارمەتیدەر بوون بۆ من، کاتێك گاوماتەی موغ کە خۆی ناونا بوو (بەردییا) کوشتم. ئەو منی دانا بوو دۆستایەتی لە نێوانمانا هەبێت.

**بەشی بیستەم:...** بە توانای ئاهۆرامزد ئەم نووسینەم... نووسی... ئەم نووسینەم من گەیاندە تەواوی ئەیالەتەکان.

لە نووسخەی پارسیدا ئەم نووسینە تێکچووە بەڵام نوسخەی عیلامییەکەی ساغە و (وایسباخ)یش نوسخەی ناوبراوی واخوێندۆتەوە: ((بەتوانای ئاهۆرامزدا من نووسینەکەم بەجۆرێکیتر بە ئاریانی نووسیوە کە لەوەوبەر نەبوو... نووسینەکە بۆمن خوێنراوەتەوە... من تەواوی ئەم نووسینەم نارد بۆ مەملەکەتەکانم بۆ ئەوەی بەناوەڕۆکی ئاشنا بن.

(وایسباخ) باوەڕی وایە بەپێی نوسخە عیلامییەکە ئەو بەشە لە نووسینەکەدا (داریۆش) خۆی رێکی خستووە، بەڵام ئەوانیتر لەوانە (ئادوارد مایر) ئەو بۆچوونە دەدەنە دواوە.

## ستوونی پێنجەم

بەشی یەکەم: داریۆش شا گوتی ئەوەی کە منکردم لە (سێیەمین؟) ساڵی سوڵتەکەمتدا. ئەیالەتێك هەیە کە (خۆزستان) ناویەتی ئەم ئەیالەتە دژی من ئاژاوەی ناوەتەوە. پیاوێك بەناوی (مامائیتا) کە خۆزستانی بۆ سەرکردەیا بوو. لە ساڵی چوارەمدا لەشکری خۆی نارد، بۆ خۆزستان. پیاوێك (گەئو بروو) پارسە بۆ سەر بەمن، من ئەوم کردە سەردار. دوای ئەوە (گەئو بروو) بە لەشکرێکەوە رۆیشت بۆ خۆزستان. لەگەڵ شۆڕشگێڕەکان جەنگا و شکستی پێدان و گەورەکەیان لێگرتن و هێنایان بۆ نزیك لەشکری من و ئەوم کوشت، دوای ئەوە ئەو ئەیالەتەم گرتەوە.

**بەشی دووەم:...** دوای ئەوە (بەمانا خۆزستانییەکان) ترسان و ئاهۆرامزدا ئەوانی دایە دەست من و لەسەر داوای ئاهۆرامزدا ئەوەی ویستم لەگەڵیانا کردم.

**بەشی سێیەم:...** هەر کەسێك ئاهۆرامزدا بپەرستێت هەتاکو ئەو کاتەی بنەماڵەی بمێنێتەوە لە ژیاندا دەبێت.

**بەشی چوارەم:...** بە لەشکرێکەوە چوومە سەر مەملەکەتی سکاکان لە **دیجلە** و لە دەریا لە کەشتییەکان تێپەڕیم و، شەڕم کرد، بەشێك لەوانم گرت کە دەستەیەك نزیك بەمن بوون، هێنایانن لە بێدەنگیدا ناویانم وەرگرت... هەندێکیتریانم کردنە سەرۆك، کە ئەوەش لەسەر ڕەزامەندی من بوو دوای ئەوە، ئەوە مەملەکەتەکەیە کە دەیبینی. (لێرەدا ناوی **دیجلەی** بردووە، بۆ ئەوەش کە داریۆش بەسەر دەریادا ڕۆیشتووە ئەوە زانراوە کە ئەو بەشە پەیوەست بووە بە لەشکرکێشی داریۆش دژی سکاکانی ئەوروپایی).

**بەشی پێنجەم:...** ئاهۆرامزدنا... من لە ئاهۆرامزدا سپاسگوزارم، لەسەر داوای ئاهۆرامزدا من ئەوەی خواستم کردم.

**بەشی شەشەم:...** کەسێك کە ئاهۆرامزدا بپەرستێت تا بنەماڵەی ئەو بمێنێت...

نووسینە بچکۆلەکە

**(تەنیا بە پارسیی و عیلامی نووسراوە)**

بەشی یەکەم:... منم داریۆش پاشای گەورە، پاشای گەورە، پاشای پاشای، پاشای مەملەکەتەکان، کوڕی ویشتاسپ، نەوەی (ئارشام)ی هەخامەنشی.

بەشی دووەم: **داریۆش شا گوتی:** باوکی من (ویشتاسپ)ە و، باوکی ویشتاسب (ئارشام)ە و، باوکی ئارشام (ئاریارمن)ە و باوکی (ئاریارمن) (چش پش)ە و باوکی (چش پش) (هەخامەنش)ە.

بەشی سێیەم:... بەو لایەنەوە ئێمەی هەخامەنش کە ناوی ئێمەیە. بنەماڵەی ئێمە لە کۆنەوە هە بوون، لە کۆنەوە بنەماڵەی ئێمە پاشا بوون.

**بەشی چوارەم:...** هەشت کەس لە بنەماڵەی من بەر لە ئێستا پاشا بوون. من نۆیەمین پاشام، لەسەردەمێکی دوورەوە ئێمە پاشا بووین (هەندێکیتر بنەماڵە بە دوو لق گوڕیویانە بە مانا لە دوولاوە پاشا بووین).

ب- ئەم (گاومات)ەی موغ بوو کە درۆی گوت، گوتی: من بەردییای کوڕی (کورش)م، من پاشام.

ج- ئەم (ئاترین)ە بوو کە دروی گوت، گوتی: من شای خۆزستانم.

د- (ئین نی دین توبل) بوو کە درۆی گوت: من نەبو خەز نەسرم کوڕی نابونید، من پاشام.

هـ- ئەم (فەروەرتیش)ە بوو کە دروی گوت: من (خشتە ریت)م لە بنەماڵەی (هووە خشتەر)م، من پاشای مادم.

و- ئەم (مەرتیە) بوو کە درۆی گوت: من (ئومانش) بە مانا (مانیس) پاشای (خوزستان)م.

ز- ئەم (چیتر تەخمە) بوو کە درۆی گوت: من پاشای (سارگارتیم)، لە بنەماڵەی (هووە خشتەر).

ح- ئەم (وەهبی یەزدات)ە بوو کە درۆی گوت: من بەردییەی کوڕی (کۆرش) من پاشام.

گ- ئەم (ئارخ)ە بوو کە درۆی گوت: من (نەبو خەز نەسر)م کوڕی (نابونید)م، من پاشای بابلم.

ی- ئەم (فەرادە) بوو کە درۆی گوت: من پاشای مەڕۆم.

ك- ئەم (سکونخای) سکابیە بوو (تەنیا بە پارسیی و عیلامی نووسراوە).

بەو جۆرە ناوەڕۆکی نووسینە گەورەکە و بچکۆلەکەی بێستوون لە هەندێك شوێنا سەرنجڕاکێشن لەبەر ئەوەی دووبارە بوونەوەیان تیادایە. لەوانەیە داریۆش وایدانابێت کە ئەگەر نووسینەکان کوژانەوەیان تێبکەوێت یان تێکبچن با لە شوێنێکیتردا هەبێت بۆ ئەوەی بمێننەوە. ئەو شوێنانەش کە گرنگن هێڵم بەژێریانا هێناوە یان بە نووسینی گەورەتر نووسیومن. بەڵام لەو ڕۆژگارە زووەدا داواکە بەو جۆرە کاری پێنە کراوە. (داریۆش)یش سەرنجی لە نووسینەکەی داوە و هەمان ئەوەی ویستوویە بیڵێت لە جاری دووەمدا دووبارەی کردۆتەوە.

**سەرچاوە**

**حسن پیرنیار ایران/ یا تاریخ مفصل ایران قدیم/ جلد دوو**

**چاپ دوم ١٣٨٢، لا١٥١٨-١٥٢٧**

# کێوی سەبەلان

# شوێنەواری بەهەشتی زەردەشتییەکان

لە ئاوێستادا کێوی (سەبەلان) بە کێوی (هوکیریە) ناسراوە و بە قسەی مامۆستا (پورداود)یش کێوی (سولان) یان (سیلان)ە و لە ئازەربایجانیش لای ئێرانییەکان لە شوێنی (تورسینا)ی ئیسرائیلیەکانە.

خاقانی شیروانی شاعیری گەورەی چاخی شەشەمی کۆچی ئەو کێوەی بە قیبلەی زەردەشتییەکان وەسف کردووە و داناوە.

(یاقوت) لە (معجم البلدان)دا باسی کردووە و دەڵێ: (سیلان) شاخێکی گەورەیە و دەڕوانێت بەسەر شاری (ئەردەبێل) کە لە خاکی ئازەربایجاندایە، لەم شاخەدا چەند گۆڕێك هەیە کە شوێنی ئەولیا و پیاو چاکانە و شوێنێکی بەرز و پیرۆزە.

(حەمدوڵڵای مستەوفی قەزوینی) لە (نزهە القلوب)دا کە لە ساڵی ٧٤٠ی کۆچی نووسیویەتی وتوویە: کێوی (سیلان) لە ئازەربایجاندایە و شاخێکی بەناوبانگە و وڵاتی (ئەردەبێل) و سەرامو پێشکین و ئاباد و ئارجاقو خیاو لە بەردەم ئەم کێوە سەخت و بڵندەدان کە لە دووری (٥٠) کیلۆمەترەوە دەبینرێت بە مانا دوورییەکەی ٣ ڕۆژ ڕێگایە و لوتکەی شاخەکەش هەرگیز بەفری ناچێتەوە، هەروەها کانیاوی لێیە کە لە زۆرینەی ساڵدا ئاوەکانیان دەبێتە شەختە و شوێنی بوونەوەرە نامۆکانیشە.

لە پەیامبەری خوا (محەممەد) (د.خ) پرسی (سیلان) لە کوێیە؟ لە وەڵامدا وتی: شاخێکە لە نێوان ئارمینیا و ئازەربایجان، و کانییەکی لێیە لە کانیاوەکانی بەهەشت و گۆڕێکی تیادایە لە گۆڕی پەیامبەرەکان، لە بلاو کراوە ئیسلامییەکانیشدا ئەوە زانراوە کە شوێنێکی پیرۆزی ئیسلامە و کێوەکەش شوێنی ئایینی کۆنی ئێرانییەکانە.

زەکەریای کوڕی محەممەدی قەزوینی کە لە ساڵی ٦٠٠ی کۆچی لە قەزوین لە دایك بووە و ساڵی ٦٨٢ لە عێراق مردووە لە کتێبی (ێپار البلاد و اخبار العباد)دا وتوویە: زەردەشت لە ئازەربایجاندا ژیاوە و لەناو مرۆڤدا گۆشەگیر بووە و لە کێوی (سیلان) خواپەرستی کردووە و کتێبێکی بەناوی (بستا) (ئاوێستا) داناوە.

(شەهرستانی) کە لە ساڵی ٥٤٨ی کۆچیدا مردووە لە کتێبی (الملل و النحل)دا لەدایك بوونی ڕۆحی زەردەشت دەباتەوە بۆ کێوێك لە ئازەربایجان، هەرچەندە ناوی ئەو کێوەی نەهێناوە بەڵام وادیارە هەمان کێوی سیلان بێت کە بەرزترین کێوی ئازەربایجانە.

لە تەرجومەی فارسی (ملل و نحل)دا کە بە یارمەتی (ئەفزەلولدین صەدر)ی دوورخراوە بۆ (ئەسفەهان) بە ئەنجامگەیشتووە لە چاخی ٩ی کۆچی ئەوەمان پێدەڵێت: خواوەند ڕۆحی زەردەشتی لەسەر درەختێکی بەرز لەنگەر پێگرت لە بەرزایی کێوێك لە کێوەکانی ئازەربایجان و فەرمانیدا درەختەکە سەوز بێت و (سێبەری زەردەشت)یش تێکەڵ بە شیری مانگا بێت، لەناویا جووڵاوەتەوە ئەوسا باوکی زەردەشت ئەو شیرەی کردووەتە خۆراك و نوتفی ئەو لە ڕەحمی دایکیدا سوڕاوەتەوە و بووەتە پارچەیەك گۆشتی زیندوو، بەو جۆرە کاتێك لەدایك بوو بە پێکەنین و ئاوازی خۆش دونیای هەژاند و ئەوانەی لەوێ بوون گوێیان لێ بوو.

(میرخواند) لە (روچە الصفا) لە باسی فەرمانڕەوایەتی (گۆشتاسب)دا دەڵێ: لە مێژووی (بناکتی)ی و فەرهەنگی نووسراوا هاتووە کە زەردەشت حەکیمی ڕۆژگارێکی دیار و دەرکەوتوو بوو، ئەو کاتەی زەردەشت لەدایك بوو خەندە لەسەر لێوی بوو و رووی لە تەواوی ئامادەبوان بوو مەجلیسیش هەستی بەو ئاوازەی یان دەنگی خەندەی کردووە کە چۆن و بە چ شێوەیەك دەنگەکە گەورە بووە و بەرزبۆتەوە و بە شاخێك لە شاخەکانی (ئەردەبیل)دا ڕۆیشتووە.. پەرتووکێکیش لە ڕێگەی کێوەکە و بنمیچی خانووەکەوە هاتۆتە خوارەوە بۆ ناو دەستی، یەکێکیتر لەو چیرۆکانەی گەیشتووە ئەوە دەڵێ: (ئاتشی) کە بە مانای پشگوێ ئاگرە زەردەشت دەستی داوەتێ بەڵام دەستی نەسووتاندووە، لە ئاوێستا و پەرتووکەکانی پەهلەویشدا ئەوەی لەناوی ئەو کێوە دیارە وشەی (سولان)، یان وشەیترە کە ئەو ناوەی لێوەرگیرابێت بەڵام نەبینراوە، لەوانەیە لە پشت ئەو ناوەشەوە ناویتریش هەبێت، لەو کێوەدا زەردەشت بەپێی نووسینەکان لە ساڵی خۆشیی و گوڵ و گوڵزاردا حەوت نامەی لەگەڵ حەوت (ئامشەسپەندەکانی هاوڕێکانیدا گۆڕیوەتەوە).

لە یەکەمیاندا توانیویەتی پرسیار لە ئاهۆرامزدا بکات لە ڕۆخی ڕووباریدا ئیتی لە دووەمیاندا لەگەڵ (وهومن) لە کێوی (هۆگر)ی پڕ ئاو لە سێیەمدا لەگەڵ (ئارتاوهێشتا) (ئاردیبەهشت)ی ئاوی بەردەوام ڕۆشتووی، چوارەم لەگەڵ (شتوییر) (شەهریوەر)ی میوانی

خانووی لادێ، پێنجەم لەگەڵ (سپندارمژ) لە کانی گەورە کە لە تیۆی (ئاسنونت) دەرئەچێت، شەشەم لەگەڵ (خورداد) لە کێوی (ئاسنوند)، حەوتەم لەگەڵ (ئامرداد) لە خاکی کەناری (دائیتی) و کێوەکانی (هۆگر)ی پڕ ئاو و گوڵ و ڕێحانەکە دوو لوتکەن بەیەکەوە لە دایک بوون کە (سیلان)یان پێکهێناوە، ئەو دوو لوتکەیەش لە بەرزترین کێوەکانی نزیك شاری (تەورێز)ن کە بە شێوەی دوو کەللە شەکری جودای تەنیشت یەکتری دەبینرێن، ئەم بۆچوونە لە پەرتورکەکانی تری پەهلەویشدا خۆی سەلماندووە و لە (بندهش)دا هاتووە: هەموو ئاوەکان لەکانی ئاردوییوری ئاناهیت) کە کانی پڕ ئاوی سازگاری خۆرئاوایە بەرچا دەکەوێت، لە ڕێگایدا سەد هەزار جۆگەلەی زێڕینی ئامادەکراو لەگەڵ ئاوی گەرم لەو جۆگەلانەوە بەرەو دامێنی کێوە بەرزەکە دەڕۆن و لە لوتکەکەیدا کۆدەبنەوە، لە لوتکەی ئەم کێوەدا گۆلاوی (ئۆرۆییس) هەیە کە ئاوەکان دەڕژێنە ناوی و لەوێوە بە جۆگەلەی زێڕینیتردا ئاوەکان بەرەو دەرەوە دەڕۆن، لە بەرزاییەکی بەرامبەر باڵای هەزار کەس بەرز ئاوەکان پەیوەستدەبن بە کێوی (ئائوسین) و بەرەو دەریای گەورە دەڕۆن و تێکەڵ دەبن، گرنگترین دیاردەکانی کێوی (سیلان) کە یەکێکە لە شاخەکانی (هۆگر) بوونی گۆلاوێکە لە لوتکەکەیدا لەگەڵ بوونی کانییەکی گرنگی ئاوی گەرمی کانزایی کە لە دامێنی کێوەکەدایە و بەرزی لوتکەکەی ٤٨٥٠ مەترە، سیلان گولاوێکی بەرێژە گەورە و جوانە و خاوەنی ئاوی سازگاری بێئەندازە ساردە، لە ئەنزامی ئەم گولاوە کۆڵەکەی بەفر بەشێوەی چرایە و ئاوی لێدەچۆڕێ و جوانی رووی ئەو گولاوە دەرئەخات، لە گولاوەکەدا کونی تیادایە شێوەی دەم وەکو هەڵچوونی گڕکانی (سیلان) ئاو دەپرژێنن.

لە دامێنی باشووری خۆرهەڵاتی کێوی سیلاندا کانی ئاوی گەرمی کانزایی ناسراوی ئێران بەناوی (سەرەکانی) هەیە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو ناوە لە رەگ و ریشەی وشەی فارسییەکەدا (سەرە) کە بە مانای باش و چاك و پەسەند و پاکیزە و بێخەوش و ساخ وەرگێراوە، سەرئەنجام دەگەینە ئەوەی کە بڵێین: (هۆگر) هەمان کێوی (سیلان)ە و کێوی (ئائوسین)یش لوتکەیەکیتری (سیلان)ە. بەو جۆرە دەگەینە ئەنجام کە گوندی (سەرای) هەمان شاری (سەراد)ە و رووباری (توجان)یش هەمان رووباری سەراوە، بەڵام کانی (خنیك) لەوانەیە هەمان کانی کێوی (سەهەند) بێت لە لوتکەکەیداو مرۆڤ بەر لە پەیڕەوانی تیپێکی مەزهەبی بەناوی (کوڕانەکان) شوێنی پەرستنیان بوو بیت، بەو پێیە دەتوانین بڵێین: وشەی کوڕان و گەبر (کوبەی ئازەربایجانی) لەوانەیە لەسەرچاوەیەکەوە هاتبن هەر بەو جۆرەش کێوی

(هەرابەزرئیتی) کە دەکەوێتە نزیکی (مەراغە) لەوانەیە شوێنی تایبەتی (خۆر) بێت خوای خۆر لێرەدا کێوی (هەکر) دەبینم پەیوەستبێت بە (ئیزدبانو ئاردیسو ناهید) کە خوای پارێزەری ئاو بووە: ناوی تەواوی خوای ئاویش لە ئاوێستادا (ئاردوی سور ئاناهیت)ە کە پێمانگەیشتووە و ناوەکەش لێکدراوە و (٣) وشەیە و هەرسێکیان سیفەن، بەشی یەکەم مانای (ئاردو) لە وشەی (ئارد)ەوەیە کە مانای بەرزمان دەداتێ، ئەوەش لە (گەردید)ە وەرگیراوە و وشەی (ئاردوش) لە ئاویستادا تەنیا ناوی رووبارە، بەڵام لەگەڵ وشەی (سورو ئاناهیت)ی هاومانا بە زۆری یەکدەگرنەوە، بەشی دووەم کە (سور)ە سیفەیە و مانای رێز و توانای هەیە و لە سانسکریتیشدا بە مانای دلێر دێ، بەشی سێیەم کە (ئاناهیت)ە سیفەیەکی جیایە و لە دوو بەش لێکدراوە، یەکەم (ئان) کە لە ئامرازەکانی نایە و دووەم ئاهیت کە بەمانای پیس و خراپ و ناپاك دێ، لە ئاوێستاشدا (ئاردیورناهید)ە شێوەی ناوی رووبار وەردەگرێ کە هاوشێوەی ناوی (ئیزدئاب) (یزدئاو) یان فریشتەی سەرپەرشتیاری ئاو، (ئاردیور ناهید)یش لە (ئابان یەشت)یشدا هەر بەو شێوەیە باس کراوە.

(ئاردیسور ناهید) رووبارێکە بە تەواوی ئاوی زۆریەوە بەرەو بەرزایی کێوی (هۆگر) دەڕوا و دەڕژێتە دەریای گەورە، (ئۆقیانوس)یش دەخاتە جۆش و خرۆش.

رووبارەکەش لە زستان و هاویندا بەخێرایی دەڕوا، هەریەکێك لەو رووبار و دەریایەش بە ئەندازەیەك گەورە و بڵندن کە سوارێك بە خێرایی ٤٠ رۆژ رێگا دەیبڕێ و ئەوسا دەتوانێت پێیان بگات، یەکێکلە و رووبارانە سەرتاسەری زەوی حەوت کیشوەر ئاوەی دەیانگرێتەوە، لە رۆخی هەر یەکێك لەو رووبار و دەریایە کۆشکی هەزار کۆڵەکە بە هەزار دەرگای بچکۆلەی درەوشاوە لەسەر (ناهید) کراوەتەوە، لە هەر کۆشکێکدا بە باڵای دیوارەکانی پاکژ و گوڵاورێژکراون و فەرش داخراوە و (ناهید)یش ژنێکی جوان و باڵا رێك و برۆ و دەموچاو جوان و سەربەست و سروشت جوان و بازووەکانیشی سپییە و خۆشی ترسناکە.

سینەی دەرکەوتووی ئەسپەکانی بە کەمەربەستی تەنگ لە هەردوولاوە بەستراونەتەوە و گالێسکەکەش بەرزە و ئەسپەکانیش چوارن و لە تەنیشت یەکترن و روو مانگن واتە یەکرەنگن و یەك بەرزین و بەپێی یاسایەك دەکوژرێن یان دەمرن.

ئەسپەکانی گالێسکەکەی ئەو واتە (ناهید) چەشنی باو هەور و باران و سەرمان (ناهید) بە ئاڵتوون جوان کراوە و گوارەی چوارگۆشەیی لە گوێدایە و لە بڵندترین چینی ئاسماندا دانیشتووە، (ئاهۆ رافردا)ش لەبازنەی خۆردا پایەی ئەوی داناوە، بە فەرمانی پەروەردگار

(ناهید) لە بەرزی ئاسمان باران و سەرما و بەفر و شەونم بەسەر زەویدا دەبارێنێ، بەهۆی پاڕانەوەی پیاوچاکان و خاوەن پیشە و ئەستێرەناسان لە بەرزترین لوتکەی کێوی (هۆگر) بۆ نزمترین بەخێرایی نوتفەی پیاوەکان رەحمی ژنەکان لەسەرخۆ پاك دەکەنەوە و لە دایك بوونیش لای ژنان سانا دەکەن و شیرەکەیان پاك دەبنەوە و سەرتاسەری وڵاتەکەش تیشك یان خۆشی و نیعمەت و ماڵی زۆر دەیگرێتەوە.

بەراوردکردنی ئەم ناوەڕۆکە بەو داوایانەی ناویانبرا لە (بەندهش)ی سەرچاوەی (ئاردویسور ناهید و کێوی هۆگر ئەوە دەزانن کە:

١- کێوی (سیلان) هەمان کێوی (هۆگر)ی ناوچەی تایبەتە بە (ئیزدئاو) بە مانا ئاردویسور ناهید کەوایدەبینم.

٢- رووباری ئارس هەمان رووباری (ئاردوی) یان ئاردویسور ناهیدی ناوبراوە، لە ئاوێستا و پەرتووکەکانی پەهلەویشدا کۆتایی ئەو ناوە بە ناوی یەکێك لە ناوە خەرعییەکانیتر دێ کە لە شوێنی دیاریکراوی خۆیدا ناسراوە و دەرکەوتووە کە رووباری مانگە و لەسەر گوزەشتەشدا خاوەنی کاریگەری مەزهەبی زیاتر بووە.

رووباری مانگ لە بەرزاییەکانی خۆرهەڵاتی کێوی (سیلان) تێکەڵاوی سەرچاوەی رووباری ئاوی رەش دەبێت و لە نزیك (ئاسلاندوز) دەڕژێتە رووباری (ئارس)، (ئاراکس) لە نووسینەکانی یۆنانی-رۆمی.

کێوی (هۆگر) کە (سیلان)ە لە رووی مەزهەبییەوە لە ئێرانی کۆندا لە هەموو لوتکەی شاخەکانیتری کێوی (ئەلبورز) سەرچاوەی تێڕامان بووە و بڵندترین لوتکەی ئەم کێوەش لە شێوەیەکدا کە بزانم لوتکەی (ئەلبورز هەرائیتی)یە و لە ئاوێستاشدا هەمان (دەماوەند)ە کە بەرزییەکەی لە رووی دەریاوە ٥٧٠٠ مەترە. لە فەرهەنگی جوگرافیای ئێرانیشدا (سیلان) یەکێکە لە ژمارەیەك کێو بەڵام لە کۆندا نزیك بووە لە کێوەکانی (ئەلبورز) و بە شاخێك لە زنجیرە شاخەکانی دانراوە.

**سەرچاوە**

**جواد مفرد کهلان/ گزارش زادگاه زرتشت و**
**تاریخ اساگیری ایران تهران**
**چاپ اول ١٣٧٥، ل٧١-٧٦**

# کەلتووری ئارياييەکان لە چاخی ئاشکانيدا

هاتنی یۆنانییەکان بۆ خۆرهەڵات و دامەزراندنی دەوڵەتی هێلینی (دەوڵەتی کەلتوور و شارستانێتی یۆنانی) وایکرد ببێتە جێنیشنی کۆنی سەرجەم خۆرهەڵات لەو سامان و جموجۆڵ و ئاڵوگۆڕی بازرگانییەی کە هەبووە، بەو کارەش کەلتووری یۆنانی و کەلتووری گەلانی خۆرهەڵاتیان لە مەیدانەکەدا دروست کرد و هێنایانەڕوو.

نزیك بوونەوەی دوو شارستانێتی خۆرهەڵاتیی و یۆنانی لە یەکتری لەسەر خاکی تازە دامەزراوی رامیاری و زیندووی کۆمەڵایەتی پیشەی بەرهەمهێنان لەناویانا سەری هەڵدا و پەرەیسەند.

لەوەوبەر ئاماژەماندا لە ساڵانی کێشەکاندا خاوەن پیشەکانی یۆنانی ئەوانەی لەگەڵ لەشکرەکانی ئەسکەندەردا بەرەو خۆرهەڵات هێرشیانبرد لە شارەکانی خۆرهەڵاتدا پیشەی تازەیان بۆ دامەزراوەکانیان دروست کرد و پیشەوەرانی ناوخۆش کاریان لاسایی کردنەوەیان بوو لە رووی هونەرییەوە و بەوەش نوێگەرێتی بۆ دروست کراوەکانیان دووڵایەنە دروست بوو. لەم رێوڕەسمەدا زمانی یۆنانی زمانی رەسمی دەوڵەتەکانی سەر بە یۆنان بوو و چینە گەورەکانی ناوخۆ و گەورەی کۆیلەکانیش رازی بوون ئاڵوگۆڕی ئەدەبیات و زانستی یۆنانی بەو زمانەی خۆیان سەرچاوەی لێوەرگرتن و بڕیاردان بێت. شێوەکانی تەلارسازی یۆنانیش کاریگەرێتی گەورەی هە بوو بۆ بەرەو پێشچوون و تەواوکردنی کاری تەلارسازی گەلانی خۆرهەڵات ئەوانەی سوودیان لە شێوە تەلارسازییەکەی (کۆرەنپی) دیوە ئەوەش رەواجێکی زۆری لەناویانا بۆ دروست کردن بەتایبەتی ئەوانەی لە تەلارسازی یۆنانییەوە سەرچاوەی هێنا بوو واتە (تەلارسازی هێلینی) ئەو دیاردەیەش لە تێکەڵاو بوونی شێوە جۆراوجۆرەکاندا شێوەی نوێی وەرگرت واتە لە تەلارسازی کلاسیك و پێشکەوتووی یۆنانی لەگەڵ پەیڕەوکردنی وردەکارییەکانی تایبەت بەو تەرزە.

لەلایەکیترەوە کەسانی یۆنانی و مەقدۆنی بەو شێوە تێکەڵاو بوونی دوو لایەنە و پێکەوە ژیانیان کە لەکۆنەوە هەبووە ئەم بەیەکگەیشتنەیان لە بەرامبەردا کاریگەرێتی لەسەر دروست کردنی کەلتوورێکی نوێ هە بوو کە هێنایەکایەوە بەناوی فەرهەنگی هێلینی. ئەم کەلتوورە کە بەپێی مەرجەکانی سیاسی نوێ دەرکەوت لە کەلتووری رەسەنی ئێرانی تەواو جیاوازتر بوو.

لەو بارودۆخەدا تەلارسازی رەواجی پەیداکرد و نموونەی لەبەرچاویش زۆرە بەڵام ئەم تەرزە لە شارەکانی خودموختاری یۆناندا دەرنەکەوت، هەروەها ئەم نموونە شکۆدار و بەرز و گەورەیەی تەلارسازی کۆنی خۆرهەڵاتیش تەنیا هەر لە بینای غەیری مەزهەبی لە کۆشکەکاندا سەری هەڵنەدا بەڵکو لە پەرستگاکانیشدا نموونەی لەبەرچاوی هە بوو کە تیایاندا میحراب بەشێوەی بینایەکی سەربەخۆ و گەورە دەرکەوت وەکو میحرابی (پڕگام).

ئەو فەرهەنگە نوێیە لەگەڵ ئەوەشدا کە ناوچەیەکی گەورەی گرتەوە بەڵام زیاتر لە شارەکاندا رەنگی دایەوە و ناوبانگی پەیداکرد و چینی دەسەڵاتدارانیش لە کۆمەڵگای ئەو رۆژگارەدا پشتگیرییان لێدەکرد.

ئەو بۆچوونە کە دەڵێ کەلتووری هێلینی تەنیا لە ناوچەی نفوسی خۆیدا کەلتوورێکی بڵاو بووەیە هەڵەیە چونکە کەلتوورێکی ئاوەها لە راستیدا بەهەر ناوچەیەکی نەژادی و کەلتووریدا رۆیشتبێت شێوە هونەرییەکە و جوانیی و سەلیقەی ناوچەیی لەناویا لە ئەنجامی ئەو هۆکارانەدا یەکیانگرتووە لەوەش بێگومانین کە شێوەکەی تایبەتمەندییەکانی تیادا پارێزراوە و لە هەر وڵاتێکیشدا دەرکەوتبێت پارێزگاری لە شێوە رەسەنەکەی خۆی کردووە.

پەیدا بوونی کەلتووری یۆنانی و چوونە دەرەوەی و بڵا بوونەوەی دووڵایەنەبووە بەهۆی ئەوەی عونسوورەکانی یۆنانی و ناوچەیی هەردووکیان چالاکانە لەو چوونە دەرەوەیەدا هاوبەشییان کردووە. بەو جۆرە تیۆرێك کە لە مەیدانەکەدا تێدەکۆشان ئەو کەلتوورە پەروەردەییە بڵاوبکەنەوە لەناو گەلانی ئاسیای نەخوێندەواردا کە خەڵکەکەی خەریکی کاری تێکدەرانە و شەڕ و ئاژاوە بوون تاوەکو پێی رازیبن کە لە راستیدا دروست و بەجێ بوو.

پێشووتر لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی دەزگای دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی لەسەر ئیمپراتۆرییەتی (سلوکی) گوتراوە کە لێکچوونی بنەچەیی لە دەزگای کۆمەڵایەتی و شێوەکانی توانای سیاسی لەنێوان دونیای یۆنان و گەلانی ئاسیای کۆندا بەر لە هاتنی یۆنانییەکان و مەقدۆنییەکان بۆ خۆرهەڵات هەبووە ئەو هاتنەش ئامادەیی و ئاسانکاری بۆ کردوون و لەسەری پێکهاتوون. هەتاکو دوای نەمانی دەوڵەتەکانیش کە یۆنانییەکان و مەقدۆنییەکان سەرقافڵەیان بوون ئەوانە بڕیار بەدەست بوون و لەو دەوڵەتە گەلیبیانەبوون کە خۆیان بە میراتگری حکومەتەکانی پێشوو داناوە.

کاریگەری کەلتووری هێلینی لە چەندین چاخدا هەست بە بوونی لە هونەری ئاسیای کۆن و ناوەند دەکرێت پێشووتریش پاشماوەیەکی هونەری هێلینی کە هەبووە و بەدەست مان گەیشتووە

بۆ رۆژگاری پاشایەتی یۆنانی و باختەری ناگەڕێتەوە بەڵکو بۆ سەردەمی (کۆشانیان) دەگەڕێتەوە بەڵام ئەوەی (نسا)ی لەو پاشماوەیە بۆ رۆژگاری پارتەکانە. واتە هەمان ئەو رۆژگارانەی کە پاڵپشتن بۆساڵنامەی زەردەشتی دیاریکراو لە دروست کردنیان لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەی کە بەناوی زەردەشتییەوە ناویان بردووە. پاشماوە عاجییەکانیش کە وێنەی خواکانیان لەسەر دەرهێنراوە ئەوانە تایبەتن بە چاخی هێلینی کە بۆ پاشاکانی پارت دەگەڕێنەوە کە بۆ سوود وەرگرتن لێیان بەپێی داب و نەریتی کۆنی یۆنانی دروست کراون.

پاشاکانی پارتی لە دروست کردنی دراوەکانیانا لاسایی (سلوکی)یەکانیان کردۆتەوە و دراوی تۆمارکراویش هەتاکو چاخی یەکەمی زایینی بە زمانی یۆنانی بووە. یۆنانیش یەکێك بووە لە زمانی رەسمی سلوکییەکان هەروەها سوڵتانەکانی (هێلینی)ش هەر بەو زمانە نووسراویان نووسیوە و لایان پارێزراوە. چەرمە نووسراوەکانی (١) و (٢)ی هەورامان و (٤)ی دۆزراوەی (دۆرایۆروپوس) کە دەیبەستنەوە بە رۆژگاری پارت هەر بە زمانی یۆنانی نووسراون و لە دەست کەوتەکانی سەردەمی هێلینییە کە ئاڵوگۆڕیان پێ کراوە و هیچ یەکێکیش لەو دوولایەنە پەیمانێکیان لەگەڵ یۆنان دانەبووە.

پلوتارك دەڵێ: لە دەرباری (ئارتاوازدا)ی پاشای ئەرمەنستان لە شاری (ئارتاکسات) سوپای پاشای پارت کە میوانی ئەو بوو لەگەڵ (کانتاکییەکان)دا نمایشیان دەکرد لەمەدا کاریگەرێتی ئەوروپی یۆنانی لە هونەری نمایشەکەدا هە بوو کە تیایدا یۆنانییەکان هاوبەشییان هە بوو و سوپای (ئارتاوازدا)ش نمایشنامە تراژیدییەکەیان بە زمانی یۆنانی نووسی بوو.

کاتێك کنە و پشکنین لە بابلیش کرا شوێنی شانۆکە لەسەر نەخشەی شانۆی کۆنی یۆنانی دروست کرا بوو کە دۆزرایەوە.

بەو جۆرە لەو رۆژگارەدا زمانی یۆنانی لە ئێرانی چاخی پارتەکاندا لەگەڵ وڵاتانی خۆرهەڵات لە پلەی زمانی گشتی یان زمانی هاوبەش بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە کارەکانی ناوخۆییدا بە زمانی رەسمی نەدەژمێردرا و بەڕێوەبردنی وڵاتی (پارت)یش لە رێگای زمانە ناوخۆییەکەوە بووە کە یەکێکە لە لەهجەکانی باکووری خۆرئاوای ئێران. چەرمە نووسراوەکانی (٣) هەورامان و بەشێك لە پارچە دۆزراوەکانیتر لە (دۆرایۆرۆپۆس) بەڵگەن بۆ زمانی ناوبراو کە ئەوانەی پێ نووسراوە. چەند بەردێکی نووسراویتریش هەن کە لەو زمانە نووسراون و پەیوەستن بە رۆژگاری ئاشکانییەکان کە لەبەردەست دان. بەو جۆرە ئەو ئاسەوارانەی بەدەست ئێمە گەیشتوون و بەزمانی پارتی نووسراون بۆ رۆژگاری دواتر دەگەڕێنەوە بە مانا بۆ چاخی ساسانی. لەو چاخەدا بەڕێوەبردنی دەوڵەتی ساسانی بە زمانی پارتی بەیەکسانی لەگەڵ پارسی ناوەند (لەهجەی باشووری خۆرئاوا) کە زمانی لەدایك بوونی ساسانییەکانە بەکارهێنراوە و زمانی پارتیش لە مەیدانەکەدا کراوەتە دەر بەهۆی ئەوەی لەلایەن تیپێکەوە ئامادە کراوە کە پەیوەست بوون بە رۆژگاری دەسەڵاتی پارت. خوێندنەوەیەکیش لەسەر پاشماوەیەك کە بە زمانی پارتی نووسراوە و لە تورکستانی چین دۆزراوەتەوە ناوەڕۆکەکەی دەریئەخات کە پەیوەستە بە سەردەمی مانەوەی.

لە نووسینەوەی زمانی پارتیدا ئەلف و بێی ئارامی سەرچاوەی سوود لێوەرگرتن بووە و ژمارەیەکی زۆریشی لە ((بیری وێنەیی و خزمەتگوزاری)) بۆ ئەوکاتە بەکارهێنراوە بەمانا زمانەکە هەتاکو رستەکان و دانانی وشەکانیش بە زمانی ئارامی نووسراون. لە ناوەڕۆکی زمانەکەدا (ناوەڕۆکی ئێرانی) دیارو لەبەرچاوە و وادیارە ئەوانەی ئەو نووسینەیان هێناوە ماوەیەك بە ئێرانی خوێندوویانە و ناوەڕۆکی ئێرانییەکەش کە هێناویانە وشەکانیان بە ئارامی نووسیوە کە لە راستیدا ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەری کراوە دەریئەخات پەیوەست بوون بۆ بەکارهێنانی ئاسایی جگە لەوەش زمانی ئارامی بۆ نووسینەوەی کارەکانی ئیمپراتۆرییەتی هەخامەنشیش بەکارهێنراوە.

نووسینی پارتی و (نووسینی پارسی نێوان کە لە یەکترەوە نزیکن) لە پەرتووکە زانستی و مێژووییەکاندا بەناوی نووسینی پارتی خوێنراوەتەوە کە مانای پارتی دەگرێتەوە، لە ناوەڕۆکی مانەویشدا چەند نووسینێك لەو بابەتە هەیە.

دڵگرانین بەوەی کە شتێك لە پەرتووکی پارتی لەبەردەست دا نییە، بەڵام هۆنراوەی (دارخورما و بزن) و (یادگاری زریران) کە بە زمانی ساسانی داڕێژراوە ئێستا لەبەردەست دایە بەڵام لە پارتییەوە وەرگیراوە.

بەپێی ئەوەی کە زانیاریمان لەسەری هەیە ئێمە دەربارەی ئەدەبیاتی پارتی نەمانتوانیوە شتێك بڵێین کە لە سنووری گومان تێپەڕ بکات بۆیە خوێندنەوەیەکی ورد بۆ ئەدەبی گەلی کە بەدەست مان گەیشتووە بەشێکە لە هاوبەشیکردنی پارتی لەو رووەوە. لەوانە رستەیەکە لە ئەفسانەی برادەرانی گۆشتاسپ وەزیر وەرگیراوە هەروەها ئەفسانەی عەشقی وەیس و رامین کە داستانی چاخەکانی ناوەڕاستی ئەوروپایی کە (تریستان و ئیزولڵد)ن بۆ یادکردنەوە هێناویانە هەروەها ئەفسانەکان و داستانەکانیتریش کە لەسەر هەست و سۆزی ئێرانی لە چاخی پاشاکانی تایەفەکاندا دەرکەوتوون و پارێزراون.

مرۆڤی بابل و نێوان دوو رووبار لە رۆژگاری پارتەکاندا سوودیان لە کۆنی فەرهەنگی زمانی خزمانیان دیوە لەوانە لە هەندێك لە شارەکانی نێوان دوو رووباردا نووسینی بزماری بابلییان بەکارهێناوە بۆ رێکخستنی قەواڵەکانی بازرگانیی و ئا بووری بە زمانەکانی ئارامی و سریانی.

لە چاخی یەکەمی زایینیدا زمانی یۆنانی لەسەر دراوی پارتی نەما و (نووسینی ئارامی) شوێنی گرتەوە. ئەم دیاردەیە لاوازی دروست کرد بۆ عونسوری هێلینی لە کەلتووری هەموو

ئەمانە دەریئەخەن هۆکاری ئەم دیاردەیە و هاوشێوەکەی کۆنی نفوسی دەرەبەگایەتی بووە لە وڵاتەکەدا و گرنگی نفوسی شارەکانیشی لەوەدا بووە کە قازانجیان لە فەرهەنگی هێلینی کردووە و توانیویانە پەیوەندیی نزیك دروست بکەن لەوەی کە هەیە و بەرەو کەم بوونەوە رۆیشتووە.

کەلتوور کە لە پێشووتردا قسەمان لەسەر کرد لە رۆژگاری ئایینیدا جارێکی دیکە دەرکەوتەوە. •مەبەست سەردەمی ساسانییە) لە ئێران رۆژگاری پارتیدا تاکە ئاینێك لە دەوڵەتی ئێراندا نەبووە بەڵام لەو نێوانەدا مەزهەبی جۆراوجۆر لە وڵاتی ئاشکانیدا هەبووە، (وڵاتێك کە گەل و نەژادی جۆراوجۆری تیادا ژیاوە) لەوانە خوای خۆریان پەرستووە کە ناوی جیاجیای لەسەرچاوەکەیەوە بۆ دانراوە. جارێك بەناوی سامی (بەعل) و رۆژگارێکیش بەناوی یۆنانی (زەیوس) خوێنراوەتەوە، یان بەشێوەی (ئورمزد) (ئاهۆرامزدا) و (میترا) ناوی نراوە. ئەوەی لەسەر کەسانی یۆنانی و مەقدۆنی قسەمانکرد کە دانیشتووی ناوچەی نفوسی پارت بوون (میترا) و (میپرەمەهر)ی ئاپۆلۆنی یۆنانی بە لەدایك بووی سکێك دائەنێن. خوای گەورەی دایکە کچەکە خوای بە پیت و فەری خاکە و خوای ئاویشە رۆژهەڵاتییەکان ئەویان بە چاکە ناوبردووە و خاکیشیان پێوەی بەستۆتەوە کە هاوپایەی خوای خۆرە و بۆ سەرچاوەی رێز دایانناوە. ئەم خوایە لای ئێرانییەکان (ئاناهیتا) (ئانائیت) و لای سامییەکان (نان)یە و بە (ئاتارگاتیس)یش دەخوێنرێتەوە و یۆنانییەکانیش ئەو بە (ئارتمیدا)ی سەرچاوەی زانست دەزانن.

لە رۆژگاری ئەردەشێری دووەمی هەخامەنشی پەرستنی خوا (ئاناهیتا) لە ئێران و دەرەوەی ئێران بەتایبەتی لە ئاسیای بچووك رەواجێکی گەورەی هە بوو. پەرستگای ئەم خوایەش لە رۆژگاری کۆندا بەناوبانگ بووە کاتێکیش (ئانتیۆگۆش)ی سێیەم هێرشی بردە سەر (ئەکبەتانە) (هەمەدان)ی ئێستا لە شاری (ئەستەخر)ی فارس ئاگری (ئاناهیتا) دەسووتا.

بە باوەڕی (س. ڤیکاندەر)ی زانای ئێرانناسی سویدی پەرستنی (ئاناهیتا) پەیوەندیی بە ئاگرەوە هەبووە و مەرکەزە سەرەکییەکانی پەرستنی خوای ناوبراویش لە (شیز) لەسەر خاکی مادی ئاترۆپاتین (ئازەربایجان) و پەرستگای شوش هەبووە. لەناوچەی (نسا)ش پاشماوەی پەرستنی (نان) دیار و لەبەرچاو بووە. خوای تری ئێرانی هەیە بەناوی (ڤێرتیراگنە) کە بە هێراکلی یۆنانی پێناسە کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دێنینەوە یاد کە هەڵگرانی مەزهەب لە ئێراندا بە بەراورد لەگەڵ مەزهەبەکانی ئاسیای کۆن و سامی و یۆنانی ئەوانە نەك تەنیا لە ئێران شێوەی تایبەتی خۆیان وەرگرتووە بەڵکو نموونەیان لە نێوان دوو رووبار و سووریا و ئاسیای بچووك و ئەرمەنستانیش هەبووە.

لەڕاستیدا سوڵتانەکانی پارت زەردەشتی نەبوون، هەروەها لەگەڵیشیانا جەماوەرەکەش وەکو ئەوان بوون. بوونی پەرتنی ئاهورامزدا و پیاوانی ئایینی موغیش هەتاکو ئەو کاتەش نەیانتوانیوە نیشانەی هە بوونی زەردەشتییەت بەشێوەی ئایینی دەوڵەت پێناسە بکەن.

گومان لەوەدانییە لەکۆندا چەند مەزهەبێك هەبووە و هەریەکێکیش لەوانە وابەستە بووە بە (زراتۆشترا)ی (زەردەشت) کە بەشێوەی نیوە ئەفسانەیەك لە ئاسیای بچووك و ئەرمەنستان ناسیویانە. لەناو خاکی ئێراندا لەگەڵیانا (زروانیزم)یش بڵاوبۆتەوە. پەیڕەوانی مەزهەبی زروانی باوەڕیان وا بووە کە (هورمزد) و (ئەهریمەن) سەرچاوەی خێر و شەڕن بەمانا دوو بران لە هێزدا یەکسانن و کوڕانی باوکێکن و خوای یەکەمینن، یان زەمانی بێکۆتایین بە مانا (زروان).

(میترا) لە مەزهەبی ئەسڵی زەردەشتیدا کاری گرنگی پێسپێردراوە و ئامۆژگارییەکانی مەزهەبی تایبەت بەخۆی هێناوە و لە (نسا)ش بەزۆری گەورە پایەدارەکانی (میترا) بەناوی خۆی ناساندوویانە. بەو جۆرە نامەکانی تایبەت بە پارتی لەگەڵ بەڵگەنامە دەرکەوتوو لە (نسا) پارێزراون و رەواجیشیان بە باوەڕەکانی داوە کە دواتر لە تایبەتمەندییەکانی زەردەشتی رەسمی ژمێردراون.

لە چاخی یەکەمی پ.ز لە شاری (نسا) جۆرێك لە (گاهنامە)ی زەردەشتی لەناو خەڵکدا دەست اودەستی کردووە. ئامۆژگارییەکانی مەزهەبیش لەگەڵ مەزهەبەکانی ناوخۆیی و عەشیرەتی و غەیری ئەوان وابەستە بوون بەو کەلتوورەوە کە کاریگەرێتی هەبووە بەسەریانەوە.

(ف. کۆمۆن) کە ئاینەکان و مەزهەبەکانی ئاسیای کۆنی بەباشی ناسیوە بە زاراوەی (دایمۆن) واتە (رۆحی خوایی) و (پاشا) یادی کردۆتەوە لە ئاییینی ئێرانیشدا بە (فرەوشی) شوێنی بۆ دانراوە بۆیە دەڵێن: (فرەوشی دەرکەوتووی هاوردەیە بەڵام لە شەریعەتی زەردەشتیدا نەبووە و خواکان خەڵقیان کردووە و بە ئاییینی ئێرانی کۆنەوە پەیوەندارە).

لە کتێبی چوارەمی (دینکرت) داستانێك هەیە کە بۆ رۆژگاری بلاشی ئاشکانی (بلاشی یەکەم، یان بلاشی سێیەم) دەگەڕێتەوە و دەڵێ: رێکخستن و نووسینەوەی ئاوێستای کتێبی پیرۆزی زەردەشتی، سەرەتا و ناوەڕۆکی بۆ یەکەمینجار بەدوو دانە لە رۆژگاری داریۆشی سێیەم (کودمان) نووسراوەتەوە دوای ئەو گەیشتۆتە دەستی ئەسکەندەری مەقدۆنی و لەناوچووە. ئەم داوا پەلەیە لە لای مێژووەوە پشتگیری لێناکرێت چونکە داستانەکە هەڵبەستراوە و لە ئەنجامی راگەیاندنی سیاسی رۆژگاری ململانێ لەگەڵ (مانەوی)یەتدا پەیدا بووە لەسەردەمی شاپووری دووەم لەبەر ئەوەی لەو رۆژگارەدا لەسەر ناوەڕۆکی ئاوێستا وەکو ئەفسانەیەك پێشوەخت رێکخراوە و پێویستی وای کردووە داستانی نەفرەت لە ئەسکەندەری مەقدۆنی دوژمنی رێگا و دژ بە دونیای یۆنانی و رۆم بجوڵێنێت.

ئاشکانییەکان لەڕووی ژن و ژنخوازییەوە لەگەڵ خزمانی نزیك بەخۆیان ئەو کارەیان نە کردووە و لە ئاوێستاشدا بەڵگەیەك لەو رووەوە بەدەستەوە نییە، یان هە بوویێت بۆیە نەتوانراوە بەڵگەی بوونی زەردەشتییەتی پارتییەکان لەڕووی ژن و ژنخوازی نزیك بە یەکتری

جێگیر  بکات. هەروەکو دەزانرێت ئەو وێنەیە لە نێوان گەلانیتردا کە پەیوەندییان بە زەردەشتییەتەوە نەبووە بڵاو بووە.

لە کۆتایی چاخی یەکەم و سەرەتای چاخی دووەمی زایینی ڕێوڕەسمی مردووناشتن لە (هەرکانە)ی سەر بە ئاشکانییەکان گۆڕانکاری بەسەرداهات کە سەرەتاکەی بۆ فەرمانڕەوایەتی (ئاردوانی سێیەم) دەگەڕێتەوە ئەوەش بەدانانی لاشەی مردووەکە بوو بۆ یەکەمجار تاوەکو گۆشتەکەی لە ئێسقانەکەی جیابێتەوە و ئێسقانەکەشیان خستۆتە ژێر زەوی و پارێزراوە. ئەو ڕەوشە قۆناغێکی نوێ بوو بۆ گواستنەوە بۆ ئادابی تەشریفاتی زەردەشتی، ئایینەکەش بووەتە خاوەنی یاسا و پێشوازی لێ کراوە.

ئەو گۆڕانکارییە گشتییە کە لە ژیانی کۆمەڵگادا دەرکەوتووە و پێوەی پەیوەست بووە یەکەمین شتێك کە هاتۆتە ڕوو خوێنی مەزهەبییە بۆ پەیڕەوانی خوای تەنیای خۆر کە بەناوی جیاجیاوە پەرستویانە و (گرنگتر لەمەش یاسایەکە) وردە وردە خاوەن باوەڕەکان خۆیان بەدوایدا گەڕاون کە خۆشی دێنێ بۆ مرۆڤ. لەسەرچاوەی پەرستنی خوا دایکەدا بەو ڕێگایەی عیسایییەکان، پەیدا بوونی باوەڕ بە خواوەندی مەسیح و کچێنی دایکی کە خواوەند بووە ئەو شێوەیەش تەواو ئامادەیی تیادایە کە ئایینەکانی ئاسیای کۆن لێیان وەرگرتوون لە ڕووە جیاوازەکەی فەلسەفەی چاخی هێلینی بەتایبەتی فەلسەفەی نوێی ئەفلاتوونی و حیکمەتی ڕەواقییەکان کە لە باوەڕە مەزهەبییە تازەکاندا دەرئەکەوێت.

لە کۆتایی چاخی ئەشکانیدا شاهەنشای پارت وردە وردە ڕەواجیدا بە ئامۆژگارییەکانی ئایینی عیسایی. لە خاکی کۆشانیش کە دەکەوێتە بەرزاییەکانی خۆرهەڵاتی وڵاتی پارت مەزهەبی بوزا جێگیر بوو لە هەمان چاخیشدا ئایینی جولەکە لە بابل بڵاو بووە. کۆمەڵانی جولەکەش لە ئەشکانییەکان لە شوێنەکانیاینا جێگیر بوون و دەست کەوتیان لە ئیمتیازات بەدەست هێنا شاهانی ئەشکانیش لە سەرچاوەی باوەڕی مەزهەبییانەوە بەخۆشی مامەڵەیان لەگەڵیانا دەکرد.

بە کۆتاییدا پەیوەندیی پارتی بە هونەری وێنەیی دەرکەوت چونکە لەوەوبەر بۆ ئەوە دەچوون زۆرینەی ئەو ئاسەوارانە ئاسایی هێلینییە، بەبێ هیچ بەڵگەیەك بۆ ئاسەواری ناوچەی دەریای ناوەڕاستیان دەگێڕانەوە بەو کارەشیان هونەری ئێرانی سەردەمی پارتی بە هەڵە بۆ غەیری ئێرانی دانراوە.

ئەو باوەڕەش وەکو قۆناغێکی گشتی بۆ سەر هونەری ئێرانی لە دەرەوە هاتووە بۆیە شایستەی ڕێزی لێکۆڵەران نەبووە. لەو ڕوانگەیەوە کارەکانی دەزگای دێرینناسی فەرەنسی لە (شوش) نموونەی نیشاندانە. لەبەر ئەوەی دێریناسانی دەزگای ناوبراو لە تەواوکردنی کارەکانیا تێکۆشاوە زووتر ئەو چینەی پەیوەستە بە ڕۆژگاری سلوکە و پارتی لە شوێنی خۆیدا دایبنێن و هەرچی خێراترە بگەنە

چینی سواڵەتی ڕەنگاوڕەنگ. دوای ئەو ئەنجامانە لێکۆڵەران بە چارەکە چاخێك رایان گۆڕی ئەوەش لە ئەنجامی کنە و دەرخستنی پاشماوەی ئاسەواری کۆنی بوزایی بوو لە ئەفغانستان و باکووری خۆرئاوای هیندستان و هەڵکەندنەکانی (شوش) و (سلوکی)یەی (سەر دیجلە) بوو ئەوەش بەهۆی هەڵدانەوەی ڕاستییەکانی سەر (دورابور و پوس) بوو کە ساڵانێکی زۆر پەردەپۆش کرا بوو دەرگای لێکۆڵینەوە لە دونیای تازەدا لەسەر پاشماوەی ئاسەوارییەکانی (مانیندك) و (ترور) بۆ هەڵسەنگاندنی پاشماوەی هونەری ناوخۆیی یۆنانی (باختەری) و، س.پ تۆلستۆف کە ئاسەواری خوارزمی دێرینی ئەندازیاری بەرجەستەکراو و دراوی بە ئێمە ناساند، جگە لەوانەش گەلێکیتریش کە خزمەتیان کرد بە وێنەکانیانا دیارە. لەلایەکیتر کارەکانی دەزگای دێریننایی لەتورکمەنستانی باشوور (یوتاکە) لە (نسا) بە هاوبەشی (م. مسۆن) کە ئەنجامیدا و لێکۆڵینەوەی لەسەر کارە هونەرییەکانی پارتی کرد شایانی گرنگی پێدانە. لەگەڵ ئەوانەشدا پاشماوەی تەلارسازی پارتی لەسەرخۆ دەرکەوت لە سنووری بەرزایی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی ئیمپراتۆرییەتی پارت. وەکو دەریش ئەکەوێت وێرانەی پەرستگای (ئاناهتیا) لە کەنگاوەر پەیوەستە بە ڕۆژگاری پێشکەوتووی پارتی. هەتاکو (م. دیولافورا)ش وێرانەی ناوبراوی بە پەرستگای (ئارتمیدا)ی لە (کنگاوەر) ناوەزد  کردووە و (ئیدۆرخاراکسی)ش باسی کردووە و ئەوەی زانیوە.

ئەوەی لەبەرچاوە دوو کۆڵەکەی بەرزە بە تاجەکانیانەوە لەسەر شێوەی یۆنانی دروست  کراون کە لە نزیك گوندی (خۆرە)ی نێوان (سوڵتان ئاباد) و (قوم) بە پێوە وەستاون و پەیوەستن بە سەردەمی سلوکییەکان، کۆڵەکەکانیش ئەوەی ماوە لێیان بینایەکی گەورە دەرئەخەن. بەو جۆرە ئەو کۆڵەکانە لە هەموو پەرستگایەکی هێلینی ئاسیای کۆندا دەبینرێت بەڵام ئەوانە گومانی تیادا نییە لە کۆڵەکەکانی کۆشکەکانی هەخامەنشی دەچن لە ڕووی داڕشتن و ئاسایی دروست کنییەوە. بێ دوو دڵی لە دروست  کردنی بینای ناوخۆیی وەرگیراوە. ئەم ڕێگایە لە دوو شاری نێوان دوو ڕووبار یەکێکیان ئاشوور (لابانا) و ئەویتر حاترا (حەزەر) کە لەژێر دەسەڵاتی پارتییەکاندا بوون و ڕوداوی گەورەیان بەخۆوە دیوە نموونەی باشی باسکردنن دەبێت گرنگییان پێبدرێت. بیناکانی ئاشوور بەخشت دروست  کراون و بە گەچ بنکەشی کراون بەڵام (حەزەر) دیوارەکانی بە بەردی بچکۆڵە و قسڵ دروست  کراون و ڕووکارەکانیان بەرد بووە. کۆشکی پارتی لە ئاشوور کە پەیوەست بوو بە چاخی یەکەمی زایینی چەندان ڕووی هاوبەشی کەم وێنەی لەگەڵ تەلارسازی هێلینیدا هەبووە. لەم شارەشدا واتە (حاترا) (حەزەر) هەیوانی بۆ  کراوە کە لە تایبەتمەندییەکانی هونەری ئێرانییە کە لەگەڵیا دەروازەی چوونە ژوورەوە دەبینرێن. لە (حاترا) بەزۆری بیناکانی سەردەمی پارتی ماون لەوانە کۆشکی پارتی کە پارێزراوە. لەو خانووە ناوبراوانەدا کاریگەرێتی هێلینی زوو هەست

پێدەکەیت لە رووی مێژووییشەوە ئەو تەلارانە هەموویان هاوسەردەمن. لە بیناکانی پارتی لە (نسا) کاریگەری بەهێزی شێوەکانی بینای ئاسیای ناوەندی تیادا هەستدەکرێت بەتایبەتی (بارەگا)ی شوێنی پێشوازی پاشا کە دوو نهۆمی چوارگۆشەیە و بەخشتی قوڕ لەسەر سەکۆیەکی بەرزی دوو مەتری دروست کراوە لەناو رووبەرێکی ٤٠٠ مەتری چوارگۆشەی تۆکمەدا کۆبۆتەوە و بە زاراوەی (کۆشکی گرد) ناوی دەبەن وادەرئەکەوێت بۆ کاری مەزهەبی سەرنجڕاکێش بەکار هێنرابێت.

پارتییەکان لەبەردەم خانووەکانیاندا گۆڕەپانێکیان هە بوو کە سەرەکەی داپۆشراوە و لەناویا بینای بەرجەستەکراوی فراوانی جوانی تیادا هە بوو کە نموونەی ئەوەی لە (نسا) دوو کۆشک هەن کە لەوەوبەر باسمان کردن بەرجەستەکراوی گوڵڕەنگی رازاوە لە نەخش و نیگاری دڵڕفێن.

ئاسەواری هونەری لە چاخی پارتەکاندا کە هەبووە دروست کردنی قەڵا و قایمکارییەکانیەتی کە پاشماوەکانی ماوە. لەوانە چەند قەڵایەکی پارتی لە سنووری خۆرهەڵاتی وڵاتی ئەشکانییەکان لە ئاسیای ناوەندی شوورەوی دۆزراونەتەوە. پاشماوەیەك کە لەو بینایانە ماون و پارێزراون دەرئەکەوێت تۆکمە و بەهێز بوون بە قوڵە چوارگۆشە تەسکەکانی کە بەخشت دروست کراون و سەریان بە نیوە کەوانەیی رۆمی گیراوە.

لەکۆتایی رۆژگاری پارتدا قوڵەکانی لە جۆرێکی تازە بوون و لەبەردەمیانا رووبەرێکی شێوە هێلکەیی یان چوارگۆشە هەبووە، بەڵام ئەو قوڵانەی لە شوێنە بەرزەکاندا دروست کراون کاتێك پارتەکان لە سەرەتای گەمارکەیاندا بوون لە (دورایوروپوس) دیویانە قەڵاکانی ئاسیای ناوەند لە خشتی قوڕ دروست کراون و بەشی دەرەوەیان بە بەرد داپۆشراون.

لە بانەکانی ئێراندا هەتاکو ئێستا پاشماوەی بینای پەرستگای پارتی نەدۆزراوەتەوە بەڵام لە پەرستگای پارتی لە (نسا) و (تەکسیل) (کە یەکێك بوون لە شارە کۆنەکانی هیندستان لە پەنجاب) هەر بەو جۆرەن لەسەر شێوەی دروست کردنی پەرستگاکانی شارەکانی نێوان دوو رووبارن لە ئاشوور و حاترا و دورایوروپوس و ئوروك کە زانیاریمان لەسەریان هەیە بۆ دروست کردنیان. لە دروست کردنیانا بەرژەوەندی وردەکارییەکانی بیناسازی و جوانکردنیان و جیاوازی لە دەرکەوتنیاندا هەیە لەگەڵ ئەوانەشدا خاوەنی شێوەی هاوبەشن. هەموو ئەوانە شێوەیان لەسەر سەکۆیەك دروست کراون شێوە (سیللا) لاکێشیی یان چوارگۆشەی داخراو کە دەگاتەوە بە دالانێك سەرەکەی بەشێوەی کەوانەیی خڕ گیراوە. لەو پەرستگایانەی کە هە بوون بەر لە بوونی دەروازەی (سیللا) دەرگای کۆڵەکەداری هەبووە. پلیکانەش لە دیواری دەرەوەی پەرستگاکەدا دروست کراوە و بە سەربانەکەی کۆتایی هاتووە کە لەو کاتەدا ئاگری پیرۆز درەوشاوە بووە. تەشریفاتی مەزهەبیش لە لاکانی پەرتگاکەوە لە هەوای کراوەدا ئەنجامدراوە.

پەرستگای (نسا) بەخشتی قوڕ دروست کراوە لەسەر بەرزییەك درێژی باڵەکانی ٤٠x٤٠x١٢ سانتیمەترن و دەرگاکەی بە کۆڵەکەی دار پارێزگاری لێ کراوە کە لەسەر پایەی بەردی سەوز دانراوە و دەریش ئەکەوێت لە دوو نهۆمی پێکهاتووە. پەرستگا شورایەك داپۆشیوە و رەنگی سپی و سوور کراوە کە لە دروست کردنی بیناکانی پارتیدا هەبووە و نەخشێنراو بووە. نەخشەی پەرستگاکانی پارتی بەشێوەیەکی گشتی ئاسایی لە دوای بینای هەخامەنشی دێت چونکە لێوەی وەرگیراوە بەڵام لەڕووی تەلارسازییەوە نەخشەی ناوبراو بەگشتی بە وێنەی جۆراوجۆر جوان کراوە و بە هەموو لایەکیا بڵاوبۆتەوە و سەرچاوەی هەڵگرتووە. لە رووی هونەرییەوە وێنە دۆزراوەکانی چاخی پارتی بەڕادەیەك بەرز بوون کە تیشك دەخەنە سەر جیاجیای تابلۆکان. هەروەکو لەوەو بەر باسمان کرد پارتییەکان لەبەردەم خانووەکانیان و لەناویانا پەیکەرە بەتەن کراوە جوانەکانیان داناوە. لە ئەنجامی کنە و پشکنیندا ژمارەیەکی زۆر لەو پەیکەرانەی چاخی پارتی دۆزرانەوە. هەر ئەوەش وایکرد کاریگەری لێکۆڵینەوەی هونەری لەسەریان دروست ببێت. نووسینگەکانیش دەوری کاریگەرییان دی بۆ بڵاو بوونەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو پەیکەرانە کە رەگ و ریشەیان لە شێوە ئاسایییەکەوە وەرگرت بوو و دەکەوتنە بەرچاو. لەوانە دۆزینەوەی پەیکەرێکی بە تەن کراوی گەورەی پارتی حەوجۆش کە بۆ یەکێك لە گەورەکان دەگەڕێتەوە و لە شامی (عیلام) دۆزرایەوە بە جلکی تایبەتی پارتی و سەروپێچەکەی کە فەرۆی ئاژەڵی لەبەردایە. هەر لە هەمان شوێن لە (شامی) سەری پەیکەری شازادە ژنێك و چەند پەیکەرێکیتریش دۆزرانەوە و کەوتنە بەردەست . لە رواڵەتدا پیاوی یۆنانی لە خەڵکی شوش کە (ئانتیۆکۆس) ناوی بوو لەگەڵ سەری پەیکەری شاژندا کە لەو شوێنە دۆزییانەوە وادیارن هەر لەوێش دروست کراون. گومان لەوەدا نییە ئەم پەیکەرە پەیوەستە بە کۆتایی چاخی یەکەمی بەر لە زایین و ئەوەش (مۆزا)ی هاوسەری فەرهادی چوارەمە. پەیکەری پیاوی ریشداریش پەیوەستە بە کۆتایی دەسەڵاتی پارتییەکانی هەروەکو بزانین، شێوەکەی بۆ رۆژگاری قۆناغی نزم بوونەوەی هونەر دەگەڕێتەوە.

لە (نسا) پەیکەرەکان لەسەر تەرزی هێلینی داڕێژراون و ئەوانەی کە دۆزراونەتەوە بۆ ژن و پیاو دەگەڕێنەوە و لە گڵ دروست کراون، هەروەها لە قوڕقوشم یان داریش هە بوون و زۆرینەیان رەنگ کراون. لە (نسا)ش پەیکەری بچووك و ئاڵتوونی هەبووە لە گڵی پاك دروست کراوە بەڵام ناوەکانیان بۆش بوون و دەرەوەیان بۆیە داپۆشیوون و بەشێکیش لەوانە رەنگ کراون کە دۆزراونەتەوە. وێنە بەرجەستە سەرکەوتووەکانی کۆشکی پارتی لە (حاترا) و وێنەکەی بلاشی سێیەم کە لەسەر بەردێکی سەوز دەرهێنراوە و لەگەڵیا نووسینێکی پارتی

هەیە وادیارە مەدالیا بووە و بە گەردەنەوە هەڵواسراوە ئەوانە بەڵگەن بۆ گەواهی ئەو داواکارییە.

نەخشە بەرجەستە یادگارییەکان کە لەسەر دیواری خانووەکان دەرهێنراون بۆ ڕێوڕەسمی مەزهەبی یان شەڕی تەن بە تەن ئەمانە تایبەتمەندی هونەری ئێرانی نیشاندەدات کە لە ڕۆژگاری پارتییەکاندا بە ئێمە گەیشتوون. ئەم جۆرە نەخشانەش لە (کندە-کاری) لە دار دروست کراون و لە ڕۆژگاری پارت و ساسانی بە ئێمە گەیشتوون کە ئێستا بەرچاو دەکەون. لەوانە وێنەکانی (گوتەرزان) (گودەرزانی یەکەم و دووەم) لە بێستوون، هەروەها لە (شوش)یش لەو جۆرە وێنانە دۆزرانەوە کە (ئوردوان)ی پێنجەم نیشاندەدات لەگەڵیانا نەخشێکیتریش لە (تەنگی سروك) (عیلمائید-عیلام) هەیە.

جۆرێکیتر لە هونەری وێنەیی ڕۆژگاری پارتییەکان کە ڕەواج و ڕەونەقی فراوانی هەبوو وێنە بۆیە کراوە یادگارییەکانن.

لە کێوی (خوجە) لە دوورگەیەك لە مەرکەزی دەریاچەی هامون لە سیستان، پاشماوەی کۆشکێك هەیە کە لە ناوەڕاستی (گوندو فار)ە و لە (چاخی یەکەمی زایینی) دروست کراوە، وێنەکانی بەزۆری ڕەنگیان جوانە و لەسەر دیوار نەخشێنراون کە خواکان و مۆزیکژەنەکان و پاشا و شاژن نیشاندەدەن. لەم نەخشانەدا نفوسی گەورەی هێلینی هەست پێدەکرێت.

دەربارەی وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی سەر دیوار لە چاخی پارتییەکاندا کە، لە (دورایۆرۆپۆس) دۆزراونەتەوە دەتوانین حەقی خۆیان بدەینێ دواییش ئاماژە دەدەین بە وێنەکانی پەرستگای (میپرە) (میترا). لەم وێنەیەدا خوای ناوبراو نیشاندراوە بەو جۆرەی ڕێککەوتووە لەگەڵ ئاژەڵی پیرۆز لە (مار و شێر و بەراز) و سەرگەرمی ڕاوی ئاسکە. لە نەخشاندنی وێنەی ناوبراودا تایبەتمەندی هونەری ئێرانی لە ڕۆژگاری دواتردا بەزۆری دەبینرێت، نموونە بۆ ئەوە هەمان وێنەی ئەو ئاژەڵانەیە و لە هێرش بردندان ئەمەش (شێوەیەکە تایبەتمەندییەکانی هونەری دەرکەوتووی ئێرانی) و پەیکەری پڕ شکۆی خواوەند کە جلکی پاشای پارتی لەبەردایە و کەوانی پێیە و تیردەهاوێژێت.

لە دیمەنێکیتریشدا کە بە خانووی کەسایەتییەك لە (دورایۆرۆپۆس) دەبینرێت، جارێکی دیکە شوێنی ڕاوەکە هەیە لەگەڵ شوێنی ئاهەنگ گێڕانەکە ئەوەش لە تایبەتەکانی هونەری ئەو ڕۆژگارەیە کە لەو خانووەدا بەرچاو دەکەوێت.

ئەوانە نموونەی وێنەی سەردیوارن کە لە (دورایۆرۆپۆس) بینراون کە پەیوەندارن بە هونەری سوورییەوە بۆیە دەتوانین بڵێین لە ڕیزی پێشەوەی هونەری عیسایی دەژمێردرێن. تایبەتمەندی هونەری دەرکەوتووی ڕووبەڕووی پارتی هاوشێوەی هونەری ساسانییە کە لەو ڕۆژگارەدا بە میراتی ماوەتەوە و هونەری بێزەنتی، یان ڕۆمیەی بچووك کاریگەری لەسەری هەبووە.

بابەتەکانی هونەری کە بەو جۆرە سەرنجڕاکێشن تەنیا لەژێر کاریگەری نقوسی گەورەی پیشەی هونەری یۆنانیدا نەبووە بەڵکو لەناو هونەری پارتیدا هونەری نوێ و سەربەخۆی هەخامەنشیی و بابەت و ڕەوش و جوانکارییەکانی بیابانشینەکانی باکووری ئێران لەسەری دیارە کە هونەرەکە بۆ لای خۆی دەبات. نموونەی هونەری پارتی کە لەبەردەست دان (کاسەی شەرابی شاخدار شێوە ریتۆنی و ئێسقانی فیل کە لە (نسا) دۆزراوەتەوە و پەیکەری بەرجەستەکراوی ئاژەڵی باڵدار و ئاژەڵی ئەفسانەیی و خواکان و فیل و ئاژەڵی دەگمەن و نامۆ کە بەگشتی بەرجەستەکراون. بەشێك لە کاسەی شەرابی ناوبراوی بۆیەکراو لە زیو دروست کراوە و بە شووشە و بەردی ڕەنگاوڕەنگ جوان کراوە. ئەم ئاسەوارە پێدەچێت بۆ چاخی دووەمی پ.ز بگەڕێتەوە.

کۆمەڵێك تابلۆی بچکۆڵە کە لە ئێسقانی هەڵکۆڵراون و نەخشێنراون و لە (ئۆلڤیا) دۆزراونەتەوە (یەکێکە لە شارەکانی یۆنانی ڕۆخی دەریای ڕەش)، هەر بەو جۆرەش ئاڵتون و مۆرو دراو کە وێنەی پاددشاکانی پارتیان بەسەرەوەیە و نەخشکراون بە بەشێك لە ئاسەواری هونەری بەسەرچوو دەژمێردرێن.

لە سنووری ساڵی ١٩٢٠ لە وڵاتی ماد نزیك (نەهاوەند) گەنجینەیەك دۆزرایەوە بەناوی گەنجینەی (قارون). لەم گەنجینەیەدا پیشەسازی فراوانی نەخشی هەڵکۆڵراوی پارتی تیادا کۆب بۆوە و دەرکەوتن ئەوانە لە پیشەسازی هونەری زیویی ساسانی بەنرخترن.

بەو پێیە هونەری تۆکمە و هەمەجۆری پارتی کە پاشماوەیەکی کەمان لەبەردەست دایە دەتوانین لەسەریان کاروانی هونەری پیشەی ڕەسەن و تەواویان دەربخەن کە لەسەر بیروباوەڕی ئەو ڕۆژگارە وەرگیراون.

**سەرچاوە**

**علی اکبر سرفراز، بهمن فیروزمندی**
**ماد/ هخامنشی/ اشکانی/ ساسانی**
**چاپ اول ١٣٧٣، ل٢٣٩-٢٤٨**

# تیشکێك بۆ سەر فەرهەنگ و هونەر لە چاخی سلوکیدا

هەروەکو دەزانین، یان ئەوە دیارە، کاریگەری فەرهەنگ و شارستانێتی دوو کۆمەڵ لە گەلانێکدا کە دراوسێی یەکتر بوون یان پێکەوە ژیاون قابلی دوورکەوتنەوە نین لە یەکتریش نییە چونکە ئەو جۆرە پەیوەندییە لە رۆژکاری بەر لە هەخامەنشییەکانەوە هەیە. ئەوەش لە ئەنجامی شەڕ و بازرگانیی و هاتوچۆکردن لە یۆنانەوە دەستی پێ کردووە کە بووەتە هۆی ئەوەی ئاشنای بیروباوەڕی ئێرانی بوون. بەتایبەتی لەو کاتەوەی یۆنانییەکان لە ئاسیای بچووکدا دانیشتوون و لەگەڵ موغە ئێرانییەکاندا تێکەڵ بوون و تاوەکو رۆخەکانی دەریای (ئاژە)ش لەگەڵیانا بڵاو بوونەتەوەو لە بیروباوەڕی ئەوانیان وەرگرتووە کە تێکەڵ بووە لە مەزهەبی مەزدائی و کلدانی و پێیان ئاشنا بوون.

لە کۆتایی چاخی شەشەمی پ.ز پزیشکەکانی وەکو (دەموسوس) و ئەوانیتر وەکو (کتزیاس) رێگییان بەرەو ئێران گرتۆتەبەر و چوونەتە دەرباری هەخامەنشییەکان. (فیپاغۆریس)یش بۆ وەرگرتنی زانست لە قوتابخانەی زەردەشت چووەتە بابل. (گسانتۆس) نووسەری لیدی یەکەمین یۆنانییە کە لە چاخی ٦وە پ.ز ناوی زەردەشتی لە نووسینەکانیا هێناوە. لە چاخی چوارەمی پ.ز (تەئوپمپ) کە مێژوونووسێکیترە دوونامەی دەربارەی خواکانی مەزدائی نووسیووە. (ئامپوکل) کە یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسووفەکانی بەر لە (سوقرات) لە شاگردەکانی قوتابخانەی (موغەکان) بووە بۆ وەرگرتنی زانستی زەردەشت. (ئەفلاتوون) کە بەناوی گەشت و گوزارەوە چووەتە (میسر) حەزی کردووە زانیاری هەبێت لەسەر فەلسەفەی (مەزدائی) بۆیە چووە بۆ ئێران بەڵام بەهۆی شەڕەوە سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام بۆ ئەو کارەی گەیشتووە بە مەجوسەکانی (فیبقییە).

هەرچۆنێك بێت هونەر بەشێوەیەکی گشتی لەسەردەمی هەخامەنشییەکاندا دەرباری بووە بەڵام دوای دوو چاخ لە شەڕ و ململانێ سەردەمێکی درێژخایەن هاتە پێشەوە کە تیایدا هونەری ئێرانی مرد، چونکە هونەری گەلێك بەرامبەر لاوازی رامیاری و هەژاری هەرگیز ناتوانێت دروست ببێت. ئەو نەمرییەی کە هونەری ئێرانی لەوەوبەر هەی بوو بەر لە رۆژگاری هەخامەنشی لە سەردەمی سلوکیدا دەبینرا، بەڵام بەناوی پاشماوەی هونەرییەوە، هونەرێکی هێلینی دەناسین کە سەرچاوەکەی لە یۆنانەوە هاتووە و لەژێر نفوسی سلوکییەکانیشدا پەرەی سەندووە. چونکە یۆنانییەکان لەم سەردەمەدا لەگەڵ خۆیانا شارستانێتی خۆیان هێنا کە رەنگدانەوەی لە هونەرەکەدا هە بوو ئەوە بوو کارەکان لەلایەن هونەرمەندە یۆنانییەکانەوە دروست دەکران کە کۆچەری بوون، هەتاکو ئێستاش ئەو ئاسەوارانەی کە دۆزرانەتەوە وادیارن ناوخۆیین.

ئێرانییەکانیش لەو رۆژگارەدا لایەنگری هونەرەکە بوون و کەسانێکیش بوون لە خزمەتی دامەزراوەکانی سلوکیدا هاوکار بوون. بەو جۆرە کۆمەڵگایەك دروست بوو کە حکومەت لە هونەرەکەدا خزمەتکار و خزمەتکراویش بوو. ئەو کەلوپەلانەش کە بە حەز و ئارەزووی هونەرمەندەکە دروست نەدەکرا رادەی پێشکەوتنی تیادا نەبوو چونکە لە شێوەیاندا نە یۆنانی بوون و نە ئێرانی. بە مانا لاساییکردنەوەی ناشیانەی دەرکەوتووی هونەری یۆنانی بوون ئەوە بوو سەرئەنجام بەشێوەی لاساییکردنەوەی ناتەواو شێوەی خۆی وەردەگرت. لە رووی بیر و خەیاڵی هونەرمەندەکەوە دەبوایە ئەو لە ژیانیدا کاری ناوازەیی بکات لە دروست کردنی ئاسەوارە هونەرییەکەیدا چونکە پەیوەستی تەواوی بە ژیانی کۆمەلایەتیی و ئا بووری و مەزهەبی کۆمەڵگاوە هەبووە.

زانیاریمان لەسەر چۆنێتی شێوەی ژیانی ئا بووری و کۆمەڵایەتی سلوکییەکان ئەوە نیشاندەدات کە مەرجە موناسیبەکان بۆ ناوازەکردنی ئاسەواری هونەری هونەرمەندەکان بوونی نەبووە. لەو رۆژگارەشدا رێگای هاتوچۆی خۆرئاوا و خۆرهەڵات هەبووە و نەبراوە بەجۆرێکیش بووە کە رێگاکانی خۆرئاوای ئێران بەستراوە بە هیندو چینەوە. گومانیش نییە لەم کاروانە درێژەدا شوێنی وەستان، بەمانا کاروانسەراکان و ئاو و عەنبارەکان لەگەڵ بینای رێگاکان بۆ کارەکانی پەیوەندیی و بارگواستنەوەی خێرا و کاراتر هە بوون.

تۆڕی رێگای ئاوی دەریای کەنداوی فارسیش پەیوەست بووە بە رێگای دەریایی سوور و گەیاندوویەتیی. لەلایەکیترەوە ئا بووری شێوەیەکیتری تیادا دەرکەوت یان بۆ دروست بوو کە ئەویش زۆر بوونی پوڵودراو بوو کە هۆکار بوو بۆ هەڵاوسانی خراپی ئا بووری لە خاکێکدا کە ئاڵتوون و زیوی کەم هە بوو یان بوونی لاواز بوو بەجۆرێك کە لە نووسراوەکاندا هاتووە. لە چاخی سلۆکۆسی یەکەمدا ئاڵتون لە ئەنجامی داگیرکردنی ئێراندا بە هۆکاری بازرگانی لەگەڵ

ئێراندا ڕەونەقی پەیداکرد. لەگەڵ ئەمانەشدا کەرەسەی سەرەتایی وەکو تەختە و کانزایتر کە لە ئێران و هیندا ئامادە دەکران ب بوونە سەرچاوەی ئاڵوگۆڕکردن.

جگە لەوانەش بەردی بەنرخ لە گەوهەر و دەرمان و بەهارات کە لە هیندەوە دەهاتن تاوەکو سنووری (بەرتانی) لە مەغریبی فەڕەنسادەڕۆیشتن.

لە ئێران جگە لەوانەی قورسایی نرخیان هەبووە، جوان دروست کردنی ئامێرەکان و فەرش و تۆو و گەنم و مس و قوڕقوشم دەنێردرانە دەرەوە، بەرامبەر بەوەش کەرەسەی خاوی پیشەسازی رووەو ئێران دەڕۆشتنەوە ئەوەش هاندەرێك بوو بۆ زیاتر جوڵەی پیشەسازی لە وڵاتەکەدا وەکو دروست کردنی قاڵی و قەڵەمکاری لەسەر کانزاکان و گڵێنەسازی و پەیکەرتاشیی و هەڵکۆڵینی رووی خۆر لەسەر ئێسقان هاندەرێك بوو بۆ ئەوەی بەردەوامی بە ژیانی خۆیان بدەن. بەرامبەر بەمەش کشتوکاڵ لەسەردەمی سلوکییەکاندا دیمەنێکی سەرنجڕاکێشی هە بوو بە جۆرێك کە لە ساڵێکدا سێ جار حاسڵات پێدەگەیشت لەوانە: پەمۆ و لیمۆ و کاڵەکی زەرد و کونجی و گوێزی هۆرهەڵاتی و زەیتون و خورما و هەنجیر دەنێردران بۆ جیهانی خۆرئاوا. بەڵام لەم بەرهەمهێنانەدا سنووری دەست کەوتی مرۆڤ کەم بوو، لەگەڵ ئەو هەوڵەشدا کە دەیدا بۆیە ئا بوورییەکەی رەونەقی نەبوو تەنیا ئەوە بوو بە سوودی خانەوادەی پاشا، یان دەربار بوو، یان موڵکدارەکان ئەوانەی چاودێرییان دەکرد، یان کارەکەیان هەڵدەسووڕاند. لەمەدا دەست کەوتی ئەوانە زۆر بوو ئەوەش دەکرا کە بڵێی دیموکراسی لە ئێراندا هەولێکی نەبوو. هونەرمەندی ئێرانیش لە رۆژگاری سلوکییەکاندا خۆی بەهاوشێوە دروست کردن رازی کرد بوو. لەمەدا کۆڵەکە بەردینەکانی پەرستگای ئەستەخر لاساییکردنەوەیەکی زیرەکانەی ناشییانەی هونەرمەندی ئێرانی بوو کە لە هونەری یۆنانییەوە وەریگرت بوو. گرنگترین بەڵگەی ئاسەواری هونەریش لە چاخی سلوکیدا لە ئێران کە بتوانین شوێنی بکەینەوە دروست کردنی شار و تەلارەکە یەکەمیان بۆ نیشتەجێکردنی کۆچەرییەکانی و مەقدۆتی بوو کە بەشێوەی موستەعمەرەیەك بووە و تیایدا پۆلیس دەرکەوتووە یان دیار بووە، دووەم هونەری تەلارسازییە کە لە خزمەتی مەزهەبدا بووە و لایەنی سیاسیی و مەزهەبی و ئا بووری لەخۆگرتووە، بەو جۆرەی لەسەرچاوەی (لائۆدیسە) لە (نەهاوەند)دا باسی هاتووە کە جووتیارەکان و کشتوکاڵکەرانی تایبەت چۆن و بە چ شێوەیەك لە خزمەتی ئەو پەرستگایەدا بوون و دژی پارتەکان بەرکاری هێناوە. (گیریشمەن) لە کتێبی هونەری پارت و ساسانی بۆ سەردەمی سلوکی دەنووسێ: ((لە (شوش) کۆشکێکی بچووکی تایبەت کە بۆ سەردەمی هەخامەنشی دەگەڕێتەوە لە چاخی سلوکیدا چاك کراوەتەوە کە کۆڵەکە بەردینەکانی دەپەیکەری بە تەنکراو بەسەریانەوە هە بوون کە هەندێك لەوانە نووسینی یۆنانییان بەسەرەوە بووە کە بە دەست گەیشتوون.)) یەکێکیان پەیکەری پیاوێك و ژنێکە کە کاری هونەرمەندەکانی یۆنانییە و ئێستا لە مۆزەخانەی ئێرانی کۆندا پارێزراوە و ژمارەیەکیتریش لە پەیکەری بچکۆڵە وادیارن ئەوانە لە دەرەوە هێنرابن. هەروەکو بزانین (سێرئۆرل ئاشتاین) لە ساڵی **١٩٣٥** چووەتە خۆزستان لە دووری **٥** کیلۆمەتری شارەکەوە کە ماڵی (میری خوزستان)ی لێیە، ئاسەواری دیتووە کە بەشێوەی هەڵکەندنی نازانستی دەرهێنراون لەوانە پەیکەری وەرشاوی گەورەی پارتی و، پەیکەریتریش کە لە شێوەی دروست کردنیاندا یۆنانین ئەم پرسە هۆکار بوو کە بەهۆیەوە (ئاشتاین) هەڵسا بە کاری هەڵکەندن تیایدا و گوزارەیدا کە لەو شوێنەدا پەرستگایەك هەبووە کە شوێنی قوربانی هەبووە و بەخشت دروست کراوە و لەسەر دوانزە پایەی بەرد وەستاوە و دواتر پەیکەری یۆنانیش رووی ئەوانیگرتووە. ئەو مۆرانەی کە لەو شوێنەدا بەدەست گەیشتوون زۆرینەیان خاوەنی نیوە وێنەن کە خوان، یان پاڵەوانن، یان فەرمانڕەوایانی سلوکین. هەندێك لەوانەش خاوەنی نەخشی سومبولێکن و هەندێکیتریش لەو مۆرانە خاوەنی نەخشی جانەوەرن کە دەتوانین بڵێین نیشانەن بۆ گرنگی زانستی ئەستێرەناسی.

لە سنووری (٥٠) ساڵ بەر لەو هەڵکەندنە لە شوێنیك بەناوی (دینەوەر) کە دەکەوێتە نێوان بێستون و کەنگاوەر چەند پارچەیەك لە شێوە لەگەنێکی گڵێنەیی گەورە بەدەست گەیشت ئەوانە ئێستاکە لە مۆزەخانەی ئێرانی کۆنە. لە روویەکی ئەو گڵێنەیەدا نەخشی لەسەرە کە لە ئەفسانەی خواکانی یۆناندا هەن ئەمانە لە یارانی (دیونیزوس)ی خوای شەرابن. لە (کەنگاوەر) نزیك بینایەکی چوارگۆشەی قەڵای (قتور)یش کە بەردەکانی بەردی دانراون، لە رووکاری دەرەوەیاندا ریزێك کۆڵەکەی دانراو هەن بەناوی پەرستگای (ناهید) ناسراوە و پڕۆفیسۆر هێرزفیلد ئەو پاشماوەیەی بەستۆتەوە بەسەردەمی سلوکی. لە دامێنی بەرزی (دالاهوش) لە کرماشان کە ناسراوە بە (بابا یادگار) و (بانی زەرد) پاشماوەی ئاسەوارێك هەیە بۆ سەردەمی پارت دەگەڕێتەوە کە لەناو یا هونەری تەلارسازی تیایدا نمایش کراوە و نفوسی یۆنانیش بە زیادەوە تیایدا دەبینرێت کە پشکنەرەکەی دکتۆر (کیل) بەستوویەتەوە بە کۆتایی سەردەمی پارت. لە نزیکی (دامغان)یش لە شوێنێك بەناوی (کۆمش) یان (قوشە) کە لە مێژوودا بەناوی (هیکاتوم پلیس)، یان شاری سەد دەروازە ناوی هاتووە بۆ سەردەمی سلوکی دەگەڕێتەوە کە پایتەختی دووەمی پارتییەکان بووە و خۆی ناساندووە کە ئاسەوارەکەی بە کورتی لە گڵێنەکانی رۆژگاری سلوکییە. جگە لەو خاڵانەش ئەو شتومەکانەیتریش کە بڵاون لە ئاسەوار نفوسی یۆنانییان تیادا هەن کە لەچەند شوێنێکی ئێران بەدەست گەیشتوون، بەڵام دەربارەیان نەمانتوانیوە رای کۆتایی لەسەریان بڵێین.

لەو رۆژگارەشدا ئاودێری کۆن بە مانا (رگا) یان بەناوی (ئاروپوس) ناسراو بوو، بەڵام هەتاکو ئێستاش ئاسەوارێك کە مابێتەوە هی سلوکییەکان بێت دەرنەکەوتووە. بەڵام لە ئێرانی خۆرئاوادا بەتایبەتی لەنێوان دوو رووبار ئاسەوارێك کە مابێتەوە لە شاری سلوکییە بەدەستەگەیشتبێت کە لایەنی هونەری یۆنانی تیادا بووبێت تاوەکو هونەری خۆرهەڵاتی، تەنیا شوێنێك کە لە ئێرانی خۆرئاوادا لەسەردەمی سلوکییە گرنگی تایبەتی لە خۆگرتبێت ((دورایۆروپوس)) بووە لە رۆخی فورات کە لەساڵی ١٩٢١ دەزگایەکی هاوبەشی ئەمەریکی و فەرەنسی سەرچاوەی لێکۆڵینەوە بوون تیایدا و بڕیاریان لەسەر وەرگرت بەپێی تیۆری ئەو دەزگایە ئاسەواری سەردەمی سلوکی لەو شوێنەوارەدا پەیوەستە بە ٣٠٠ی پ.ز، و بەباوەڕی ئەوانیش (دورایۆروپوس) (نیکاتۆر) دروست ی کردووە.

لە ناوەڕاستی چاخی دووەمی پ.ز بە کەوتنی ئیمپڕاتۆرییەتی سلوکییەکان لە ئێران دەسەڵات کەوتە دەست پارتەکان و (دۆرایۆروپوس)یش جارێکی دیکە کەوتەوە ژێر دەستی پارتەکان، بەڵام پارتەکان لە شێوەی بەڕێوەبردنی مەقدۆنییەکان بۆ ئەو شارە سوودیان بینی. لەم رۆژگارەدا کۆمەڵێك هە بوون لە سنووری پانزە هەزار کەس تیایدا دەژیان. شارەکەش خاوەنی نەخشەیەکی لاکێشی شێوە رێك بوو و گەڕەکەکانی کیلۆمەترێك پان بوون تیایدا ژیانیان دەگوزەراند ناوچەی گرنگیش تیایدا سەری رێگاکان بوو کە لەو شوێنانەوە کاروانەکانیان لە دەریای سپی ناوەڕاستەوە بەرەو خۆرهەڵات دەڕۆیشتن.

**سەرچاوە**

**لی اکبر سرفراز، بهمن فیروزمندی**
**ماد/ هخامنشی/ اشکانی/ ساسانی**
**چاپ اول، ل٢٥٩-٢٦٣**

# ئەشکەوتی کەرەفتو

# هێمای بەرزی مێژووی کوردستانە

## ئەشکەوتی دێرینی کەرەفتو:

شوێنی: کەرەفتو ئەو پاشماوە دێرینەیە لە گابەردێکی گەورە و زۆر بەرز دەرهێنراوە دەکەوێتە دووری ٦٧ کیلۆمەتری باکووری خۆرئاوای شاری دیواندەرە و بەهەمان پێوانەش دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری سەقز. شوێنی ناوچەی ئەشکەوتەکە و گابەردە زۆر بەرزەکانی (پیرامۆن) دەکەونە نێوان گوندەکانی مەسعود ئاباد و (ترکان بلاغ)ی دیواندەرە، لە باشووریش گوندی (یوزباش کندی) و لە خۆرهەڵات و باشووریشدا بەهەمان شێوە دەورە دراوە. گەیشتن بەم ئەشکەوتە لە رێگای شاری (دیواندەرە) و رێگای (تکاب-گۆڕی بابەعەلی)یە کە دەکەونە سەر رێگای سەقزی قیرتاوی ناسراو بە رێگای (میر سەعید) یان رێگای (تکاب)ی خاکی گوندی (عەلی ئاباد) لێرەوە گەیشتن بە ئەشکەوتەکە باشترە.

## ناوی کەرەفتو لە چییەوە هاتووە:

ناوی کەرەفتو لەڕووی ساخکردنەوەی رەگ و ریشەی زمانەوانییەوە لای لێکۆڵەران و پسپۆڕان یان ئەوانەی شتیان لەبارەیەوە گوتووە تاوەکو ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەنجامێك کە، راوبۆچوونەکانیان باوەڕپێکراو بێت، بەڵام باسکردنیان لێرەدا و خستنە روویان بە پێویستی دەزانین لەم خاڵانەدا کۆیان بکەینەوە:

١- لای خەڵکی ناوچەکە ئەم ئەشکەوتە بەناو قەڵای کەرەفتو ناسراوە و لە رۆژگارێکدا دروست کراوە کە ژیانی مرۆڤ خۆش بووە و خەڵکیش لە ئارامیدا ژیاون و لەو شوێنانەشە کە دانیشتوانەکەی خۆیان لە هێرشی گەلان و عەشیرەتەکان پاراستووە کە بەدوای یەکتردا هاتوون، هەروەها قەڵاکەش پاشماوەیەکی دێرینی گرنگە کە کاری سەربازی و ستراتیژی ناوچەکەی تیادا خراوەتە بەرچاو.

٢- بەشێکیتر لە لێکۆڵەران بۆ ئەوەدەچن، (کەرەفتو) لە رەگوڕیشەدا (گرفتو)یە و ناولێنانەکەش لە زمانی کوردییا بەمانای کێشە و تەنگوچەڵەمە و داگیرکردن دێت هەڵبەتە ئەوە ئاشکرایە ئەو شوێنە پێدەچێت بەهۆی کاریگەری هێرشێك یان پەلامارێك، یان شەڕێکی خوێناوییەوە داگیرکرابێت بۆیە گومانێك بۆ ئەوە نییە، بەڵام ئەوە دوورە ناوی ئەو شوێنە لەو داگیرکردنەدا بزانین چی بووە.

٣- لێکۆڵەر ئەحمەدی شەریفی دەربارەی ئەو ناوە دەنووسێ: لەسەر نازناوی (کەرەفتو) تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەی تەواو نە کراوە، بەڵام لەو باوەڕەدام (کەرەفتو) پێکهاتووە لە دوو واژە یەکەم (کەرەف) لە پەهلەویدا بە مانای چاکەدانەوە دێت و لە ئاوێستاشدا مانای ستایشی هەیە و وشەی (توش) لە زمانی کۆنەکانی وەکو سۆمەری و عیلامی بە مانای خۆر و گەرما دێت لە زمانی کوردیشا گەرما هەتاو و خۆرە بۆیە ئەگەر ئەو دووانە لە یەکبدەین (کەرەفتو) بەمانای شوێنی ستایشی خۆر دێ لەوانەشە ئەو ئەشکەوتە و قەڵایە یەکێك بێت لە پەرستگاکانی (میترایی) واتە سەردەمی خۆرپەرستی لە کوردستانا.

## رای لێکۆڵەران و گەشتیاران لەسەر ئەشکەوتی کەرەفتو:

لە کتێبی مێژوونووسانی ئێرانیی و بیانیدا ناوی کەرەفتو زۆرجار هاتووە، بەڵام ئەوانە نووسینەکانیان تێکەڵاوی داستان و ئەفسانە کردووە ئەوەش وای کردووە ئەشکەوتی کەرەفتو ناسنامەکەی ناسراو نەبێت. ئەوانەی لەسەر ئەشکەوتەکەیان نووسیوە دەکرێن بە دوو دەستەوە:

١- مێژوونووسانێك یان خۆرهەڵات ناسانێك لەوانەی ئەشکەوتەکەیان دیوە و زانیارییەکانیان کردۆتە نووسین و بە چاپیان گەیاندووە.

٢- مێژوونووسانێك ئەشکەوتەکەیان نەدیوە، بەڵام زانیارییەکانیان لە دەستەی یەکەم وەرگرتووە و بە چاپیان گەیاندووە.

مێژوونووسانی دەستەی یەکەم چاوپێکەوتنی خۆیان پەیوەست کردووە بە بیناسازی ناو ئەشکەوتەکە و نووسینە یۆنانییەکەوە بۆ ئەوەی بەو بەڵگانە لایەنگری خۆیان لەسەر ئەشکەوتەکە بەپێی ئەو شتانەی دیویانە بپارێزن یان سوود لە نووسینی کەسانیتر ببینن هەرچەندە باری سەرنجەکانیان بۆ ئەو سوود و وەرگرتنە ناتەواویشە.

کەسانی دەستەی دووەم پەنا دەبەنەبەر بەڵگەی کەسانی دەستەی یەکەم کە لەڕاستیدا ئەشکەوتەکەیان نەدیوە و قسەکانیشیان تێکەڵاوی ئەفسانە و داستانە و دوورە لە ڕێبازی زانستی بۆیە بۆچوونەکانیان پشتی پێنابەسترێت.

لەناو ئەو مێژوونووس و خۆرهەڵاتناسانەی ئەشکەوتی (کەرەفتو) یان دیوە (سێر رۆبەرت کارپۆرتۆ) دێ، ساڵی ١٨١٨ی زایینی دیدەنی ئەشکەوتەکەی کردووە بۆ کاری شۆڤاری لە هەمانکاتیشدا نووسینە یۆنانییەکەشی کۆپی کردووە کە لە نهۆمی سێیەمدا دیویەتی و ناوی هێناوە. دوای ئەو (سێرهەنری رۆڵەنسن) ساڵی ١٨٣٨ی زایینی بە ئەشکەوتەکە کەوتووە و ئەو نووسینەی (کارپۆرتۆ) ناتەواو خوێندوویەتەوە ئەم تەواوی کردووە و راستییەکەی نیشانداوە.

(ریچ) گەشتیارێکی ئینگلیزیترە و ئەشکەوتی (کەرەفتو)ی دیوە و ئەنجامی گەشتەکەی کە لەو رۆژگارەدا بۆی هات بووە کوردستان لەگەڵ ئەوەی لە (کەرەفتو) دیویەتی لە دوو پەرتووکدا بەچاپی گەیاندووە.

(دیمۆرگان) لە گەشتێکیا بۆ باکووری خۆرئاوای ئێران چاوی بە ئەشکەوتی (کەرەفتو) کەوتووە و ئەوەی هەی بووە لە زانیاری لەو گەشتەیدا بەچاپی گەیاندووە.

لە گەشتێکی (سێر ئۆرڵ ئاستین) بۆ ئێران کە لەسەر داوای شوێنەوارناسانی ئینگلیز بوو (ئاستین) بەهاوڕێیەتی (دکتۆر کەریمی) چووە بۆ دیدەنی ئەشکەوتەکەو کۆپییەکی تەواو و وردی نووسینەکەشی کردووە لەو ماوە زۆرەی لەوێ ماوەتەوە لەگەڵ هێنانەوەی ئەو نەخشەی تەلارسازییەی کە بۆ کەسی ئەیوب خان ئامادە کراوە کە جێگای سەرسووڕمانە و ئەویش دواتر داویە بە نەخشەکێشی ئینگلیزی (فێرد-هـ-ئەندرز) کە تەواوکردن و بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆ گرتووە.

ساڵی ١٩٧٥ی زایینی پرۆفیسۆر (فۆنگاڵ) بە هاوڕێیەتی پرۆفیسۆر (ناونن) سەردانی ئەشکەوتی (کەرەفتو)ی کرد و ناتەواوی نەخشەکەی (ئاستین)ی تەواوکرد، هەروەها بە وردیش لەسەر ئەشکەوتی (کەرەفتو) دوا، دوای تەواو کردنی کارەکەی لە ئەڵمانیا هەوڵەکەی بەچاپ گەیاند. کەسانیتریش بەردەوام سەردانی ئەشکەوتی ناوبراویان کردووە و هەر یەکێکیش لەوانە دەریخستووە کە ئەو شوێنەوارە پەرستگایەکی مەزهەبی یۆنانییە بەتایبەتی بوونی نووسینە یۆنانییەکە ئەو هۆیەی بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی ئەو پرسە بگۆڕن و ناوی (ئەشکەوتی کەرەفتو) بە پەرستگایەکی یۆنانی دابنێن.

لێکۆڵەرانی ئێرانیش بەگومانەوە دەڕواننە رای خۆرهەڵاتناسان بەهۆی ئەوەی ئەشکەوتی (کەرەفتو)یان وەکو پەرستگایەک بە ئێمە ناساندووە کە بەلایانەوە شوێنی قسە لەسەرکردنی زیاترە.

خوالێخۆش بوو رەشید یاسەمی کە لەڕاستیدا ئەشکەوتی (کەرەفتو)ی دیوە لە کتێبەکەیدا (کوردو پەیوەستەگە نەژادی) وانیشانیداوە (کەرەفتو) پەرستگایەکە و پەیوەستە بە (سکاییەکان).

هەڵبەتە پێویست بە باسکردن ناکات تەواوی خۆرهەڵاتناسان لەسەر ئەوە رێککەوتوون (کەرەفتو) لە چاخی بەر لە مێژووش سەرچاوەی سوودوەرگرتن بووە لەلایەن مرۆڤی کۆنەوە.

لەسەردەمی ئیسلامیشدا شوێنی دانیشتن بووە، بەڵام بەر لە ئیسلام واناسراوە کە لایەنی مەزهەبی لەخۆگرتووە. لە چاخی سێیەمی بەر لە زایینیش هەتاکو دەگاتەوە بە چاخی دووەمی زایینی واتە لە چاخی ئاشکانیدا (٢٥٠پ.ز-٢٢٧ز) کەسایەتی خۆی هەبووە.

## ئەفسانەکانی ئەشکەوتی کەرەفتو:

رێگا تەنگ و درێژەکانی ناو ئەشکەوتەکە و دەرگا و ژوورو سەکۆ پاڵپشتەکانی و بەشە پێچاوپێچە سروشتی و کەوانەییەکانی ناو ئەشکەوتەکە ناسنامەن بۆ (کەرەفتو) کە بەهۆیانەوە دەتوانین بەو شتانە پێناسەی بۆ بکەین کە تیایدا کۆ بوونەتەوە. بوونی هەموو ئەوانەش هۆکارن بۆ دروست بوونی حەقایەت و ئەفسانەی زۆر لەناو دانیشتوانی ناوچەکەدا کە لە باوکەوە بۆ کوڕ گوێزراوەتەوە و بە منداڵ گەیشتووە. دانیشتوانەکەش بەو هۆیەوە لەسەر ئەشکەوتەکە ترسیان تێکەڵ بەڕێز لێگرتنی کردووە. هەتاکو جارێك لە یەکێك دیدەنییەکاندا بۆ ناو ئەشکەوتەکە ئەوانەی دیویانە دەیگێڕنەوە (٣) کەس لە دانیشتوانی ناوچەکە ویستوویانە پێکەوە بڕۆنە ناو ئەشکەوتەکە، کاتێك ١٥٠ مەترێك چوونەتە قوولاییەکەی یەکێك لەوانە کە زۆر ترساوە لەوە زیاتر نەڕۆشتووە و کۆتایی هێناوە بە دیتنی بەشە دەرکەوتووەکەی هەروەها وتوویە: ئێمە کە خەڵکی ناوچەکەین ئایە بۆچی دەبێ بترسین بۆچوونە ناو ئەشکەوتەکە؟ یەکێ لە خۆیان وەڵام دەداتەوە: من خەڵکی ئێرەم بەڵام لەوەو بەر نەچوومەتە ناو ئەشکەوتەکە لەوانەیە لە چوونەکەمدا بزربم هەر ئەوەش بووەتە هۆی ماوەیەك لە دەمی ئەشکەوتەکە دابمێننەوە بێ ئەوەی بڕۆنە ناوەوەی لە ترسی ئەوەی ئەشکەوتەکە تەلیسماوییە و ئەوەی چووبێتە ناوی بە سەلامەتی نەیتوانیوە رزگاری ببێت.

پرسیارێك کە من لە دانیشتوانە بە تەمەن ساڵەکانم کرد هەروەها بە هەمان شێوە لە گەنجەکانیش بەم شێوەیە بوو: ئایا هەتاکو ئێستا کەسێك هەبووە توانیبێتی بڕواتە ناو ئەشکەوتەکە؟ وەڵام بە نەخێر بوو و لە باوکی خۆشم لەسەرچاوەکانییەوە بیستووە گوێی لێ بووە کە ئەفسانە و چیرۆکی زۆر لەسەر ئەشکەوتەکە باس کراوە وا هەندێك لە نموونەی ئەوانە باسدەکەم.

جادوو (تەلیسم): خەڵکی ناوچەکە وادەبینین ئەشکەوتی کەرەفتو تەلیسماوییە هەروەکو دەڵێن: لە کۆتایی ئەشکەوتەکەدا دوو شمشێر لە بنمیچەکەیەوە هاتوونەتە خوارەوە و بەردەوام لە خولانەوەدان. ئەگەر کەسێك بیەوێت بگاتە کۆتایی ئەشکەوتەکە و لەژێر دوو شمشێرەکەدا بوەستێ و دەست یان لێبدات دەنگە دەنگ و هەرا پەیدا دەبێ و کەسەکەش پارچە پارچە دەبێت.

ئەفسانەی عەشق: دەربارەی دروست کردنی ئەشکەوتی کەرەفتو ئەفسانەیەك هەیە لەلایەن یەکێ لە دانیشتوانەکەوە لە رۆژنامەی (اگلاعات) بڵاو کراوەتەوە بە قەڵەمی (مقدس زادە گوڵپایگانی) ئەفسانەکە دەڵێ:

چەند چاخێك بەر لە رۆژگاری ئەمڕۆ دادوەرێك هە بوو لە ناوچەکەدا بە خۆشگوزەرانی دەژیا بەناوی (ئاسکالان). (ئاسکالان) (ئاسقالان) شەو و رۆژ لەناو لاشەی ئافرەتە جوانەکاندا ژیانی بەسەردەبرد، هەموو جارێکیش سۆراخی ئافرەتێکی جوانتری دەکرد بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەك بێت لەگەڵیا رێك بکەوێت. لەو رۆژگارەدا کچێکی جوان بەناوی (مامڕوتی) لە قەڵەمڕەوی حکوومەتی (ئاسکالان)دا ژیاوە کە شۆخ بووە و چاوی سەوزی بەجارێك دڵی دادوەری بردووە. قژی نەرم و درێژی ئاڵتوونییەکەی شێوەی تاڤگەی وەرگرت بوو چەشنی ئاو هات بووە خوارێ بەیانیان (مامڕوتی) دەم بەخەندە بووە و وەکو خۆر تیشکی داوەتەوە و قژە خورماییەکەشی کە بەسەر پشتیا شۆڕ ب بۆوە تاڵەکانی بۆنی عەتری لێدەهات. مامڕوتی دڵی دا بوو لە لاوێك بەناوی (ئاتمیا) و پەیمانی عەشقی لەگەڵیا بەست بوو بەو جۆرە بوو هەموو رۆژێك بەیانیان (ئاتمیا) زوو دەڕۆیشت بۆ دارستان، (مامڕوتی)ش دەڕۆیشت بۆ سەر کانییەکە ئەویش لەو شوێنە دەوەستا بۆ ژوان بەستن. ئەو ژوانەش وایکرد هەموو بەرەبەیانییەك (ئاتمیا) و (مامڕوتی) دەموچاویان لەسەر کانییەکە بشۆن هەر ئەوەش وایکرد رازی دڵیان بۆ یەکتری بدرکێنن.

رۆژێك بەیانی (مامڕوتی) چاوەڕێی (ئاتمیا)ی دەکرد لەسەر کانییەکە، (ئاسکالان) دادوەری خۆشگوزەران کە بۆ راووشکار رۆیش بوو ئەوی دی و بەخۆی گوت: چ راوێك لەو جوانە باشترە؟!! بۆیە دادوەری خۆشگوزەران (مامڕوتی)ی بۆ کۆشکی خۆی برد. کاتێك (ئاتمیا) گەیشتە سەر کانییەکە دی شوێنەواری (مامڕوتی) جوان دیار نییە، دوای پرسیارکردن و سۆراخکردنی رووەو کۆشکی (ئاسکالان) رۆیشت. (ئاتمیا) داوایکرد خۆشەویستە جوانەکەی بەربدەن، بەڵام کاتێك دی دزراوەکەی شاردراوەتەوە لەوە تووڕە بوو بەڵام دادوەر لەوە ئاگادار نەبوو کە (ئاتمیا)ی داربڕو بە تەورەکەی کونێك یان جێگایەکی لە دڵی کێوەکەدا بۆ هەڵکەند بوو بۆ دروست کردنی خانووی عاشقان تاوەکو (مامڕوتی) زۆر جوانی بۆ بهێنێ و لە کوێستانی عەشقدا دایبنێت بەڵام بە ئەنجامێك گەیشت (ئاتمیا) تیایدا بووە قوربانی عەشقەکەی و لەگەڵ (مامڕوتی) بۆی تەواو نەکرا.

حەقایەتخوان کە ئەفسانەکەی بۆ دەگێڕاینەوە لە کۆتاییەکەیدا ئەوەی بۆ زیاد کرد: ئێمە لە باوکی خۆمان و زووتریش مرۆڤی ئەم سنوورە لە باوکی خۆیان دەماودەم بیستووە قەڵای کەرەفتو شوێنی هەمان عەشقی کۆتا نەهاتووی (مامڕوتی) و (ئاتمیا) بووە.

راستییەکان یان ئەفسانە: (موقەددەش زادە گولپایگانی) لە هەمان باسدا بە قسەی رێ نیشاندەرەکەی کە برد بووی بۆ ناو ئەشکەوتەکە هەستاوە بە گێڕانەوەی داستانێکیتر کە، وەکو خۆی دەیخەینە بەرچاو: بەر لە نیو سەدە کەسێك لە دانیشتوانی گوندی (کوپە قورئان) (تکاب) بەناوی فەقێ محەممەد کە مرۆڤێکی زیرەك و زانا بوو هەروەکو خۆی باسی کردووە رۆژێك لەماڵەکەیدا کتێبێکی خوێندۆتەوە لەو کاتەدا (٣دەروێش) هاتوونەتە ماڵەکەی و داوایان لێ کردووە نیشاندەریان بێت بۆ دیتنی قەڵای کەرەفتو. فەقێ محەممەد لەگەڵ (٣) دەروێشەکەدا رێدەکەوێ و بۆ قەڵای (کەرەفتو) دەڕۆن لە دەرگای چوونە ژوورەوەی قەڵاکەدا (٣) دەروێشەکە کتێبێك بە فەقێ محەممەد ئەدەن و داوای لێدەکەن سەرقاڵی خوێندنەوەی بێت تاوەکو ئەوان بەشە جیاجیاکانی ئەشکەوتەکە دەبینن. نووسراوی ناو کتێبەکە هەروەکو خۆی گێڕاویەتەوە دەربارەی قەڵاکە و کۆنی مێژووەکەی و هۆکاری دروست کردنی بووە. ئەو واتە فەقی محەممەد لەکاتێکدا سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبەکە دەبێت هەر چاوەڕێیان دەکات بەڵام دیار نابن بگەڕێنەوە. فەقێ محەممەد ناچار بە کتێبەکەیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ. ئەو تاوەکو مانگێکیش هەموو رۆژێك بۆ قەڵاکە دەڕۆیشت و چاوەڕێی دەکردن. وادیارە ٣ دەروێشەکە لە رێگا پێچاوپێچەکانی نهۆمی سێیەمدا گیانیان لەدەست دابێت. بەڵام فەقێ محەممەد باوەڕی وایە کە ئەو ٣ دەروێشە لەناو قەڵاکەدا ماون و زیندوون ژیان بەسەردەبەن. هەر نیوە شەوێکیش ئەگەر کەسێك لەو شوێنە نزیك بێتەوە دەنگی ئەوانە دێنە گوێی، زیکری خوا دەکەن و عەشقی حەق دەخوێنن.

ئەوانەی باسمان کرد بەزۆری ئەفسانە و داستانن کە دەربارەی قەڵاو ئەشکەوتی (کەرەفتو) لەناو خەڵکی ناوچەکەدا بڵاو بوونەتەوە و رەواجیان پەیدا کردووە.

## تەلارسازی ئەشکەوتی کەرەفتو:

ئەم ئەشکەوتە بەشێوەیەکی سروشتی لە ئەنجامی کاریگەری لەرزینی خاکناسی لە ناوچەکەدا دروست بووە هەروەها پاشماوەی مرۆڤی کۆنیش لە دەمی ئەشکەوتەکە و دەوروبەریدا دۆزراوەتەوە کە بۆ چاخی بەر لە مێژوو گۆڕانکاری تیادا کراوە ئەوەش بەتاشینی دیوارەکانی بووە و دەرهێنانی بەشێوەیەکی جوان هەروەکو بۆ کۆشکێك کرابێت و لەبەردەکە دەرهێنرابێت.

لێکۆڵینەوەیەك کە لەسەر بەشە جیاجیاکانی ئەشکەوتەکە کراوە دەریخستووە کە پێکهاتەی دیوارەکانی لە توخمی قسڵە ئەوەش بە درزی دیوارەکانییەوە دیارە و کۆبۆتەوە ئەوەش بەهۆی کاریگەری ئاو و هەوای ناوچەکەوە بووە کە بەشێوەیەکی سروشتی پێوەیان لکاوە، جگە لەوەش لە دەمی ئەشکەوتەکەدا چینێکی تەنك لەو نیشتووەش دەبینرێت هەروەها پاشماوەی ئاسەواری دانیشتنی مرۆڤیش لە دامێنەکەیدا دەرکەوتووە هەروەکو باسمان کرد.

پاشماوەی ئەو جوانکارییەی کە لە گابەردەکەی (ئەشکەوتی کەرەفتو)دا کراوە بەڵگەی گەورەیە بۆ سەرچاوەی لێکۆڵینەوە کە هەتاکو ئێستا بڕیاری تەواو لەسەر هەڵسەنگاندنی نەدراوە یان گەورەیی کارەکە نرخی تەواوی خۆی وەرنەگرتووە لێکۆڵەرانێك کە سەردانی ئەشکەوتەکەیان کردووە و وەسفی ژوورەکانیان کردووە لەگەڵ وەرگرتنی زانیاری لەسەر نووسینە یۆنانییەکە و بەراوردکردنی ئەشکەوتەکەش بە هی تر دەرکەوتووە لەسەر شێوەی پەرستگای یۆنانی رۆمی دەرهێنراوە، بەڵام لەو رووەوە هێشتا لێکۆڵینەوەی تەواوی لەسەر نە کراوە.

لەناو لێکۆڵەراندا (سێر رۆبەرت کارپۆرتەر) دێ لەگەشتێکیا بۆ ناوچەکە سەردانی ئەشکەوتەکەی کردووە و راوبۆچوونی لەسەر نەخشەکەی داناوە جگە لەوەش ئاماژەی بە نهۆمەکانی ناو ئەشکەوتەکە داوە. (ئاستین) کە بە هاوڕێیەتی دکتۆر کەریمی سەردانی ئەشکەوتەکەی کردووە نەخشەی ئەشکەوتەکەی لەسەر نەخشەکەی (کاریۆرتەر) تەواو کردووە بێ ئەوەی ئاماژە بە نهۆمەکانی بدات جگە لە ناوهێنانی (٢٥) ژوور لە ژوورەکانی.

پڕۆفیسۆر (فرنگال) لەگەڵ چاککردنی نەخشەکەی (ئاستین)دا هەستاوە بە دابەش کردنی ئەشکەوتەکە بە دوو نهۆمی هەروەها لە باسی ژوورو تەلارسازییەکەیدا ئەشکەوتەکەی بەراورد کردووە بە تەلارسازی یۆنانی و وابۆیچووە کە لەسەر شێوازی رۆمی دروست کراوە.

ئەحمەدی شەریفی لێکۆڵەری کورد ئەشکەوتەکەی بە (٦) نهۆم دابەش کردووە و نهۆمی یەکەم و دووەمی بە بەشە دیارەکەی خوارەوەی داناوە. بەڵام بە سەیرکردنێکی ئەشکەوتەکە و دیمەنەکانی ناوەوەی هەروەها بەپێی ئە و لێکۆڵینەوانەی لەسەر بەشە جیاجیاکانی کراوە دەرکەوت ئەشکەوتەکە لە چوار نهۆم پێکهاتووە بەدرێژایی ئەو ماوەیەی تیایدا دانیشتوون. لەم باسەدا بۆ وەسفی ئەشکەوتەکە تێکۆشام سوود لە مێژووی ئەو گەلانە ببینم کە تیایدا دانیشتوون بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەم.

تەلارسازی نهۆمی یەکەم: لە بەرزی (١٥) مەتر، ئەو کونەی لە دەمی ئەشکەوتەکەدایە و بەدەستی مرۆڤ هەڵکۆڵێن و گۆڕانکاری تیادا کراوە تاکە رێگایەك بووە بەهۆیەوە مرۆڤ توانیویەتی بگاتە ناو ئەشکەوتەکە. بۆ گەیشتن بەو شوێنە لە رێگای پەیژەیەکەوە دەبێت بۆ ئەوەی پیایدا سەربکەوی و بگەیتە دەمی ئەشکەوتەکە. لەکاتی چوونە ناو ئەشکەوتەکەدا دوو شت سەرنجڕادەکێشێت، یەکەمیان ئەو رێگایەی کە لەلای چەپدا دەڕوا دوای بڕینی دەرگایەك دەگاتەوە بە ٣ ژووریترە پەیوەستە بە یەکترەوە و ژوورێکیتریش کە دەکەوێتە تەنیشتی رێگاکە.

دووەم ئەوەی لای راستە کە بەشێوەی راڕەوێك دەڕوا درێژییەکەی ٢٧ مەترە و شێوەی گۆشەیەکی وەستاوی وەرگرتووە و دەگاتە بە نهۆمی دووەم.

لایەنی تەلارسازی و جیاکردنەوەی ژوورەکان لەوانەیە بەرهەڵستبێت بۆ ئەو کەسەی بیەوێت بەناو ژوورەکانیان بگەڕێت کە لەوانەیە تیایاندا گوم بێت. بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە روونەدات دەتوانیت سوود لە نەخشەکەی پڕۆفیسۆر (مۆنگال) ببینی کە لەسەر نەخشەکەی (ئاستین) دانراوە.

نهۆمی یەکەم پێکهاتووە لە ١٤ ژوور و ٣ راڕە و یەکێکیان دەگاتەوە بە نهۆمی دووەم. دووانەکەیتر دەچنەوە سەر ژوورەکانیتر کە دیمەنێکی جوان بە دەرەوەی ئەشکەوتەکە دەدەن.

لای چەپی ژووری یەکەم دەرگایەك هەیە درێژییەکەی ٧ مەترە و پانییەکەی ٦ مەترە و بنمیچەکەی لە گابەردێکی ئەشکەوتەکە دەرهێنراوە. لە یەکەم بینینیدا دەرئەکەوێ بنمیچی ژوورەکە وەکو هەموو ژوورەکانیتری ئەشکەوتەکە رەشی بە بنیمچەکەیەوە دیارە ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەو کەسەی لەو ماوە دوورو درێژەیدا تیایدا دانیشتووە و ئاگری تیادا کردۆتەوە ئەوەش سەرنجی ئێمەی راکێشا. لە باڵی باشووری ژوورەکەدا راڕەوێك بەرچاو دەکەوێت درێژییەکەی ٥ مەترە و پانییەکەی ٢,٥ مەترە و دەگاتەوە بە پەنجەرەیەك کە جێگای تێڕامانە.

لە باڵی باکووری ژووری یەکەم و ژووری چوارەم کە بەناوی ژووری تەنیشت ناوی بردووە دەرکەوت کە ئەو ژوورە واتە ژووری (٤) لە سنووری مەترێك لە ژووری یەکەم بەرزترە و بە پلەیەك لە رێگاکەوە دەچێتە ناوی، پێوانەی باڵەکانی ٥*٣ مەترە و لەناویا ژوورێکی قووڵێتر هەیە لە شێوەی چاڵێکی بەریندایە و ژمارەیەکی زۆر ئێسقانی تیادا بوو بەرچاومان کەوت. لە باڵی خۆرئاوایدا ژوورێکیتر هەیە لە رێگای دوو دەرگاوە دەڕۆیتە ناوی. ئەم ژوورە کە چوارگۆشەیە درێژی

باڵێکی ٧ مەترە و بە ڕاڕەوێك بۆی دەڕۆی پێوانەکەی ٥*١٠٦٠ مەترە و لە باڵی باشووریدا ژوورێکیتر هەیە کە بەهۆی پەنجەرەیەکەوە دەتگەیەنێت بە حەوشەیەکی دەرەوەی ئەشکەوتەکە.

ژووری (٣)یەم پێوانەکەی ٦*٣ مەترە و پەیوەستە بە دوو باڵکۆن، لای خۆرئاوای (٣) ژووریتر هەیە پێوانەکانیان هاوشێوەن واتە ١*٠,٨٠ مەترن. جگە لەوانەش لەو باڵەیدا (٣) ژووری نیوە بازنەیتر هەیە کە دیمەنی دەرەوەی ئەشکەوتەکە نیشاندەدەن.

لە گۆشەی باشووری خۆرئاوای ژوورەکەدا واتە لە ژووری سێیەمدا چاڵێك هەیە بە تیرەی مەترێك هەڵکۆڵراوە ئێمە نازانین ئایە ئەو چاڵە بۆچی هەڵکۆڵراوە یان بۆچی سوودی لێوەرگیراوە چونکە هۆکاری هەڵکۆڵینەکەی روون نییە.

دەگاری ژوورەکان و ڕاڕەوەکان تەواویان لە بەردی گەچی ئەشکەوتەکە تاشراون لەوانەشە لە یەك سەردەمدا دەرهێنرابن. پەنجەرەی ژوورەکان بێ چوارچێوەن واتە بە قووڵی دەرهێنراون بەڵام هەڵکۆڵینیان چەند جارێك وای کردووە شێوەی بازنەیەکی گەورەوە بگرن. ژوورەکانی ١، ٢ لەسەر دیوارەکانیان نەخش هەڵکۆڵراوە، لە بەشی نەخشەکاندا لەسەریان ئەدوێین هەروەکو باسمان کرد ئەو ڕێگایەی دەگاتەوە بە ناوەوە لەگەڵ ڕاڕەوێکدا یەکدەگرێتەوە و دەگاتەوە بە نهۆمی دووەم. ئەو ڕاڕەکەش بە گۆشەیەکی وەستاو دێتەوە درێژییەکەی ٢٧,٥ مەترە و پانییەکەی ٥ مەترە و دەگاتەوە بە نزمایییەکی شێوە کەوانەیی پێیدەچێت لەکاتی خۆیدا بە گڵ پڕ کرابێتەوە بۆیە ناچار بوون بە کەوانەیی بیبەن و بیگەیەننە گۆڕەپانێکی درێژو پان بەهۆیەوە ڕێگاکە لەناویا ون بووە.

ئەو ڕێگا پانەش پەیوەندیی هەبووە بە ڕێگایەکیتری بازنەیی (کارپۆرتەر) لە نەخشەکەی خۆیدا وێنەی بۆ کێشاوە و بەناوی بەردەخڕە گەورەکە ناوی هێناوە.

ئەو ڕاڕەوەش شێوەی سالۆنێکی وەرگرتووە هەروەکو باسمان کرد بە خۆڵ پڕبۆتەوە و لەناو ڕێگایەکدایە لەوانەیە کاریگەری هە بووبێت بۆ ڕۆشتنی ئاو لەناو ئەشکەوتەکەدا لە ڕۆژانی باراندا. ئەو خۆڵەش کە تیایدا بوو پێدەچێت ئاوەکە لەگەڵ خۆیدا هێنابێتی یان کۆ بووبێتەوە یان دوور نییە بۆرییەك هە بووبێت بە گڵ لاکانی داپۆشرابێت. ئەم بەشە پەیوەندیی هەبووە بە نهۆمی دووەم و ڕێگاکەی باکووریش بووە بە (٢) بەشەوە یەکێکیان کەوانەییە و لەناو نهۆمی یەکەمی ئەشکەوتەکەدایە، ئەویتر ڕێگایەکە لەناو ژوورێکدایە دەگاتەوە بە ژوورەکانیتر. لێرەدا دەرئەکەوێت ڕێگا و ژوورەکانیتری ئەم بەشە زۆر تاریك و دوور بوون و ئەو باڵەش بۆ دانیشتن سوودی لێنەبینراوە، لەوانەیە بەشێك لەکارە مەزهەبییەکان لەو شوێنەدا دروست بووبێت بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو گڵ و خۆڵەیەکە داپۆشیوە بۆ ئەمە لەوە زیاتر نەمانتوانی تێبینی وردتری لەسەر بدەین.

## تەلارسازی نهۆمی دووەم:

بەهۆی پلەیەك کە لە بەردی ڕێگاکە دەرهێنراوە نهۆمی دووەم دەگاتەوە بە دەرگایەك کە لە بەردی گەچ تاشراوە پەیوەستە بە ٣ ژوور کە ژمارەی ٥، ٦، ٧ یان دراوەتی و بە دوای یەکتردا دێن:

ژووری ٥ پێوانەکەوی ٦*٤ مەترە و ژووری ٦ رووبەرەکەی ٦*٦ مەترە و ژووری ٧ پێوانەکەی ٦*٥ مەترە. لەناو ژوورەکاندا ژووری ٦ کە ناوەڕاستی ژوورەکانی گرتووە خاوەنی کۆڵەکەی خڕی لوولەییە و لەبەردی سروشتی تاشراوە بەڵام هەندێك لەو کۆڵەکانە شکاون و نەماون.

ژووری ٧ بە ڕێگایەك بە نهۆمی سێیەم دەگاتەوە لەوانەیە بۆ پێشوازیکردن هەڵکۆڵرابێت، لە باڵی خۆرئاوایدا تاقێك هەیە پێدەچێت بۆ مەبەستێك دروست کرابێت لە باشووری ئەو ژوورەشدا ژوورێکیتر هەیە کە بە قووڵی لە تەختی زەوییەکەدا دەرهێنراوە لەگەڵ ژوورەکەی پێشوودا بەینیان هەیە درێژییەکەی ١,٢٠ مەترە و پانییەکەی ٥ مەترە و بەرزییەکەی ١,٦٠ مەترە لەوانەیە شوێنی پاسەوان بووبێت کە دەکەوێتە ناوەڕاستی پلەکان و پەیوەندیی هەیە لەگەڵ سەکۆی ڕێگاکە.

لە باشووری خۆرهەڵاتی سەکۆکەشدا تاقێك تاشراوە دەڕوانێت بەسەر دەرەوەدا، بەسەیرکردنی دەرئەکەوێت رووەکەی نەخشێنراوە و لە دیوارەکەیان دەرهێناوە وادیارە ئەم تاقە لە رۆژگاری دواتردا دەرهێنراوە.

بەهۆی دەرگایەك لە باڵی خۆرهەڵاتی ژووری حەوت دەچێتەوە سەر پلیکانەیەکی تەسك کە پێکهاتووە لە ٩ پلەی بەردین و دەگاتەوە بە نهۆمی سێیەم.

## تەلارسازی نهۆمی سێیەم:

دوای بڕینی پلە بەردینەکان دەگەیت بە شوێنێکی دانیشتن لەوانەیە هەیوان بێت پێدەچێت لە باشووری ئەو شوێنەدا پاشماوەی دیوار هە بووبێت بەڵام بەهۆی تێکچوونی نەماوە و شوێنەکەش لە دوولاوە دەوردراوە.

**ئەلف- فەزای باکوور.      بی- فەزای خۆرهەلات.**

**ئەلف-فەزای باکوور:** لەم لایەدا ژوورێك هەیە درێژی باڵەکانی ٣,٥*١٠ مەترە و لەناو ژوورەکەدا تاقێك هەیە بە ئێسقانی پەلەوەر جوان کراوە. ژوورەکە وادیارە ئاوی پیادا هاتبێتە خوارەوە و چووبێتە ناو چاڵی سەکۆیەك کە لە دوو لای تاشراوە، قووڵییەکەی ٢٥ سانتیمەترە و پێدەچێت بۆ کاری شووشتن سوودی لێبینرابێت. ئەو چاڵانەیتریش کە لە باڵای سەکۆکەدان و لە دوولای خوارەوەیدا بەرەو رووی یەکتری بوونەتەوە لەوانەیە بۆ گەنجینە هەلکۆڵرابن یان بەکارهێنرابن. وادیارە ژوورەکە بە کۆڵەکەی دار لەو فەزایەدا سەقفی بۆ کرابێت ئەوەش وایکردبێت بە دوو بەش دابەش بووبێت، ژوورەکەش بە ژمارە ٩ دیاری کراوە. لەلاشەی دیواری خۆرئاواشدا چاڵێك هەیە قووڵیەکەی ٨٠ سانتیمەترە و پانییەکەی ٦٠ سانتیمەترە و شێوەی کۆڵەکەیەکی نزمی وەرگرتووە، بۆ رێگای خوارەوەی نهۆمی دووەم دەڕوات من لێرەدا ناچارم بەناوی رێگای پلەکان دیاریبکەم.

**بی- فەزای خۆرهەلات:** ئەم لایە ٣ ژووری لەخۆ گرتووە و ژوورەکان بەشێوەیەکی رێك و جوان دەرهێنراون و پەیوەستن بەیەکەوە، ئەوانە ژمارەی ١٠، ١١، ١٢ یان پێدراوە. ژووری (١٠) ژووری یەکەمی ئەو لایەیە و بەوە ناسراوە کە نووسینێك لە رووی دیوارەکەی هەلکۆڵراوە هەر ئەوش بووەتە هۆی دروست بوونی بۆچوونی جیاجیا و تایبەتی لەسەر ئەشکەوتی کەرەفتو. ئەو نووسینە لەسەر دیواری رێگای چوونە ناو ژوورەکە نووسراوە درێژییەکەی ١,٢٠ مەترە و پانییەکەی ٢٥ سانتیمەترە و نووسینەکەش بە یۆنانییە. بەڵام بەداخەوە رەنگی رژاوی لەسەر کۆبۆتەوە ئەوەش وادیارە دوای کۆتایی حەفتاکانی چاخی رابوردوو نووسینەکە شێواندرا بێت کە بە ئاسانی نەتوانرێت بخوێنرێتەوە. لە نووسینەکەدا ناوی (هێرکلسی) تیادا هێنراوە و شوێنەکەش ئاماژە هەیە جێگای ئەو بووبێت و سوودی وەکو پەرستگایەك لێ دیبێت. لەبارەی تایبەتمەندی ئەو نووسینە و هۆکاری هەلکۆڵینی زانیاریتر لەوە زیاتر بەدەستەوە نییە.

**ژووری (١١):** درێژی ئەم ژوورە ٧ مەترە و پانییەکەی ٦ مەترە و بەهۆی دەرگایەك لە ژوورەکە دایە دەچێتەوە سەر رێگایەك دەرگاکەش لە پشتەوەی شوێنی داخستنی بۆ هەلکۆڵراوە. وادیارە ئەم ژوورە سوودی تایبەتی هە بووبێت کە بەهۆی داخستنییەوە رێگاکە بەستراوە و پەیوەندیی ناوەوەی لەگەڵ دەرەوەدا بڕیوە. ژوورەکەش ٣ پەنجەرەی تیادایە و بەجوانی دەرهێنراون، لەمەدا بۆ ئەوە دەچین کە ئەو پەنجەرانە بەپێی پێویست و تایبەت لە شوێنی خۆیاندا دانرابن. ژووری دوانزەش یەکێکە لە ژوورەکانی ئەم لایە و بەهۆی پلەیەکەوە کە لە ناویا هەلکۆڵراوە دەتگەیەنێت بە نهۆمی خوار خۆی، درێژی باڵەکانی ٦*٥*٥ مەترە و پەنجەرەیەکی تیادایە دەڕوانێت بەسەر دەرەوەی ئەشکەوتەکەدا. دەرگای ئەم ژوورە دەتگەیەنێت بەژوورێکی چاڵی چوارگۆشە درێژی باڵەکانی ١,٥*١,٥ مەترە و ناو ژوورەکەش بە گڵ داپۆشراوە کە بە قووڵی ٢ مەتر خۆڵی تیادا کۆبۆتەوە و دەرهێنراوە، بەڵام ئەو قووڵییەش بە تەواوی دیاری نە کراوە لەوانەیە شوێنەکەش بۆ کۆکردنەوەی ئاوکرابێت کە بۆ ناو ئەشکەوتەکە لەلایەن دانیشتوانەکەیەوە سوودی لێبینرابێ و بەردەوامیش کۆکرابێتەوە ژووریتر هەن کە دەتوانین بە ژووری سێیەم ناویان بەرین بەڵام وەکو ژوور ئاسەواریان نەماوە.

## نهۆمی چوارەم:

گەیشتن بە نهۆمی چوارەم لە ڕێگای ساڵۆنێکی بازنەییەوە دەبێت کە بەهۆیەوە (کارپۆرتەر) ڕێگاکەی گەیاندۆتە کۆتایی ئەشکەوتەکە. دوای بڕینی ٨٠ مەتر لە ژوور و ڕێگای سروشتی ناو ئەشکەوتەکە دەگەیت بە ساڵۆنێکی گچکە و لەوێوە بە نزمابییەکدا دەڕۆیت کە دەبێت بە دوو بەشەوە واتە دوو ڕێگاوە: ڕێگای لای چەپ کۆتایی دێ بە کۆتایی ئەشکەوتەکە و ئەوەی لای ڕاستیش بە ڕاڕەوێکدا دەڕوات درێژییەکەی ٨٠ مەترە و پانییەکەی ١٠مەترە. ئەم ڕاڕەوە دوو ڕاڕەویتری لێدەبێتەوە و دەگەنەوە بەباڵکۆنێك. لە نێوان ئەم دوو ڕێگایەدا ڕێگایەکیتری باریك و ساڵۆنێك دێنەروە پارچە سواڵەتیان تیادا دۆزراونەتەوە کە نیشانەن بۆ چیرۆکی دانیشتنی مرۆڤ لەو ناوە. هەردوو ڕێگا تەسکەکەش بە مانا ڕاڕەوەکە و باڵکۆنەکە لە تەلارسازی بەردی ئەشکەوتەکەی کەرەفتوی نهۆمی چوارەم دەرهێنراون. لەناو باڵۆنەکەدا سەکۆیەك هەیە درێژییەکەی ٦ مەترەو پانییەکەی ٨٠ سانتیمەترە و بەرزییەکەیشی لە سنووری ٨٠ سانتیمەتر دایە بە سەیرکردنی دەرئەکەوێت داتاشینی پێوە دیارە. لە باڵکۆنەکەدا دووچاڵ هەیە تیرەکانیان ١,١٥ مەترە و بەهۆی درزێکەوە ئاوی باران دەڕژێتە ناویان. لەڕووی پشتەوەی سەکۆکەدا ژمارەیەکی زۆر نەخشی لەسەر هەڵکۆڵراوە لە باسی نەخشەکاندا باسیان دەکەین.

لە باڵی خۆرئاوای ئاڵکۆنەکەدا ئاسەواری داتاشین و کەم بوونەوە بە بەردەکەوە دیارە کە بەهۆیەوە شێوەی بازنەیی وەرگرتووە و بە قوڕو بە قسڵ بەهێز و جوان کراوە، لەوانەیە لەم بەشەدا جۆرێك لە جوانکاری کرابێت بەڵگەش بۆ ئەمە وێنە هەڵکۆڵراوە دیوارەکانیەتی کە لە پێشی باڵکۆنەکەدا بەرچاو دەکەون و پیایانا ئاو هاتووەتە خوارێ. لێرەدا ئەوە دەخەینە بەرچاو ئەو ڕاڕەوەی دەچێتەوە سەر باڵکۆنەکە پارچەی سواڵەتی تیادا کەوتووە و بڵاوبۆتەوە بەجۆرێك شوێنەکەی داپۆشیوە، لەوانەیە ئەم شوێنە وەکو شوێنەکانیتری نهۆمەکان بۆ دانیشتن دروست کرابێ.

شێوازی تەلارسازی کەرەفتو: تەلارسازی ئەشکەوتی کەرەفتو سەرنجدانێکی تایبەتی دەوێ بۆ ئەوەی بتوانین سەرنج لەسەر تاشینی دیوارەکان و بنمیچ و شوێنەکانیتری بدەین تاوەکو لەوە تێبگەین و بزانین لەسەر چ شێوازێکی هونەری هەڵکۆڵراوە، یان کاریگەری کام شوێنی بەسەرەوەیە و لەسەر شێوەی دەرهێنراوە.

لێکۆڵەرانی ئەشکەوتی کەرەفتو لەو ڕووەوە هۆکاری هەڵکۆڵینیان دەست نیشان کردووە و نیشانیانداوە کاریگەری شێوازی تەلارسازی یۆنانی بە سەرەوە دیارە ئەوەش بە بەراوردکردنی بە پەرستگاکانیتر لە (ئاپیرۆس) و (فریکین) و ئەشکەوتی (سیبل) نیشانیانداوە بەو شێوەیەی دیمەنەکانیان لەیەکترەوە نزیکن.

هەرچەندە هونەری تەلارسازی ئەم ئەشکەوتە جگە لەو شوێنانەیتریش کە باسمان کرد دەرکەوت کاریگەرێتی شوێنیتریشی بە سەرەوەیە کە هاوشێوەی دەوەستنەوە یان خاڵی هاوبەش لە نێوانیانا هەیە بۆیە دەتوانین بڵێین: مێژووی کەرەفتو دەکەوێتە نێوان چاخی سێیەم و دووەمی بەر لە زایین هەر ئەو بۆچوونەش وای کردووە بڵێین: شێوازی تەلارسازی ژوورەکانی کەرەفتو دەتوانین ناوی ژووری ڕۆمی لێ دابنێین کە هاوشێوەی لە قۆناغەکانی دواتر بە تەواوکەری ئەوی دابنێین. لەگەڵ ئەوانەشدا بەڵگەیتر هەن کە هەڵکۆڵینی بنمیچی ژوورەکان بەر لەو مێژووەش هاوشێوەی لە سەردەمی عیلامییەکانیشدا هەبووە واتە لە ڕۆژگاری مادەکاندا بەڵگەش بۆ ئەمە لە (نۆشیجان) بەدەست گەیشتووە و سوود لە ژوور و بنمیچەکانی وەرگیراوە بۆ ئەمە لە (نۆشیجان) بەدەست گەیشتووە و سوود لە ژوور و بنمیچەکانی وەرگیراوە بۆیە ناتوانین قسەی پڕۆفیسۆر (فۆنگال) وەربگرین کە لەسەر ئەوە دانراوە خانووی کەوانەیی و شێوە سپی بەهاوشێوە خانووەکانی (میدیترانە) دادەنێت و ڕای وایە لە قۆناغی تەلارسازی ئەندازیاری یۆنانی شکۆفەی  کردووە هەروەها لە تەلارسازی میترایشدا ناونیشانی هەبووە هەروەکو دەڵێ: لە ئایینەکانی میترایدا خانووی شێوە کەوانەیی لەو ناوچانەی یۆناندا هەبووە.

پڕۆفیسۆر (فۆنگال) لەڕووی جوانکارییەوە جارێکی دیکە تیۆرێکی ئامادەکراوی لەسەری هەیە کە هونەری یۆنانی کاریگەری لەسەر ئەشکەوتەکە هەیە ئەوەش لە پەنجەرەی ژووری (١٠)دا دەرئەکەوێت کە شێوەی ددانەی وەرگرتووە. بۆ ئەمە دەنووسێ: کەرەفتو شێوەیەکی ساکاری هەیە و لایەنی جوانکاری تیایدا لاساییکردنەوەی ساکاری هونەری جوانکاری تەلارسازی یۆنانییە کە دەتوانین بڵێین: قەوارەی کەرەفتو لە درەختی زەیتونی ئاکرۆ پۆلیسی یۆنان دەچێت کە بۆ کۆتایی چاخی پێنجەمی زایینی دەگەڕێتەوە. لەو حاڵەدا دەبێ بە پێچەوانەوە ئەو تیۆرە قە بووڵ بکەین چونکە بوونی ئەو جوانکارییە بەر لەو ڕۆژگارەش لە ئێراندا هەبووە بەڵگەش بۆ ئەمە کنە و پشکنینەکانی (نۆشیجان)ە کە لە هاوشێوەی (کەرەفتو) نەخشێکمان لە پەرستگای (ستێرناخ) بۆ دەست نیشان دەکات کە زانیاریمان لەسەری هەیە و سەرچاوەی ئەو هونەرەش لە یۆنانەوە نەهاتووە. لەناو هەموو بۆچوونەکانیشدا بابەتێك لە تەلارسازی کەرەفتو ناونیشانی نییە بۆیە دەتوانین بڵێین:

تەلارسازی کەرەفتو شێوازێکی رەسەنی ئێرانییە و لەیەکچوون و بوونی نووسینێك بە پیتی یۆنانی بەڵگەی تەواو نییە بۆ شوێنەکە کە پەرستگایەك بووبێت و لەسەر شێوازی یۆنانی هەڵکۆڵرابێت.

پەرستگا، یان قەڵا: دەربارەی ئەوەی ئەشکەوتی کەرەفتو چ سوودێکی هەبووە و بۆچی ئەو شوێنەیان هەڵبژاردووە یان بەچ موناسەبەتێك بووە بۆ ئەمە تێڕوانینی جیاجیا و بۆچوونەکان هەموو بۆ سەرنجدانێك دەڕۆن کە پەیوەستن بە تەلارسازی بەردەکە و بوونی نووسینەکە بە پیتی یۆنانی.

رەشید یاسەمی رای وایە ئەشکەوتی کەرەفتو پەرستگایەکی زاگرۆسە هەر بەوجۆرەش ناوی هێناوە و باسی کردووە.

لێرەدا دەڵێین: ئایا راستە ئەشکەوتی کەرەفتو پەرستگایەکە و تەلارسازی لەبەردەکەیدا ئەنجامدراوە بەپێی پێوانەکان هەر ئەوەش بووەتە مەبەست لای لێکۆڵەران و خاڵەکانی تێڕوانین و بەڵگە و رای خۆیان لەسەری هێناوەتەوە و باسی کردووە.

پرسێك هەیە پێویستە لێرەدا بووترێت ئەوەش لەسەر بۆچوونی لێکۆڵەرانە کە ناونیشانی بۆ دانراوە بۆ ناسینی کەرەفتو لە رۆژگاری پێشوودا و ئەشکەوتەکەش بەلایانەوە هۆکاری ئەو بابەتەی تیادا کۆبۆتەوە. پرسیاریتریش لەمەدا سەرهەڵدەدات ئەویش: ئایە کەرەفتو لە درێژی سەردەمەکانیدا کە مرۆڤ تیایدا دانیشتووە بڕیار لەسەری هەر بۆ پەرستگا بووە بۆ ناسینی یان لە رۆژگاریتردا سەرچاوەیتر هەبووە بۆ سوود لێوەرگرتنی؟

ئەگەر ئەم شوێنە لە ناوەڕاستی نیوەی دووەمی هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین بە مانا چاخەکانی سێیەم و دووەمی بەر لە زایین ناونیشانی پەرستگای بووبێت بەڵام لەناو بۆچوونەکاندا دەمەتەقێیەکیتر هەیە کە قسەکانیان پەیوەست دەکەن بە نەخشەکانی ناو باسەکە و ئەشکەوتەکەش دەبەنەوە بۆ بەر لەو مێژووە من لەمەدا وادەبینم کە ناونیشانەکە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی زیاترە و بڕیار لەسەردانە. لە درێژەپێدانی باسەکەدا ئەوە دەزانین کە دوو هۆکار بوونەتە هۆی دروست کردنی راکان کە تیۆرەکانیان لەسەری داناوە هەر کام لەوانەش توێژینەوەی خۆی لەسەر هەیە، دوو هۆکارەکەش پێکهاتوون لە:

**ئەلف- نووسینە یۆنانییەکەی کەرەفتو.**

**بێ- تەلارسازی بەردەکەی کەرەفتو.**

**ئەلف-** نووسینە یۆنانییەکە: هەروەکو باسمکرد لەسەر رێگای چوونە ناو ژووری (١١) نووسینێك هەیە بەپیتی یۆنانی هەڵکۆڵراوە درێژییەکەی ١,٢٠ مەترە و پانییەکەی ٢٥ سانتیمەترە و نووسینەکەش بۆ یەکەمجار (کارپۆرتەر) کۆپی کردووە.

ساڵی ١٨٣٨ی زایینی (سێر هەنری رۆڵەنسن) لە هاتنەکەیدا بۆ ئەشکەوتی (کەرەفتو) نووسینەکەی باشتر خوێندۆتەوە و رای لەسەر داوە.

(ئاستین) دوای ئەو دییەنیەی کردی بۆ ئەشکەوتی کەرەفتو بەهاوڕێیەتی دکتۆر کەریمی نووسینەکەی کۆپی کردووە و رای لەسەر داوە. لێکۆڵینەوەکەشی لەسەر ئەشکەوتەکە گەیشتۆتە لای لێکۆڵەرانیتر ئەوانیش بەو هۆیەوە سەردانی ئەشکەوتەکەیان کردووە و سەیری نووسینەکەیان کردووە کە هۆکار بووە بۆ کۆکردنەوەیان تاوەکو بەو هۆیەوە ئەشکەوتی کەرەفتو بە پەرستگایەکی مەزهەبی یۆنانی دابنێن.

دکتۆر بەهمەنی کەریمی دوای چاوپێکەوتنەکەی بۆ ئەشکەوتی ناوبراو بۆ هاوڕێیەتی (ئاستین) نووسیویە: بە زەحمەتێکی زۆر توانیمان (٣) پیتی یۆنانی لە هەموو نووسینەکە لە ژووری (٣) لای راستی ببینین کە رۆژگار کاریگەری خراپی لەو بەرزییەدا بەسەریەوە هەبووە، بەڵام ئەو (٣) پیتە ما بوونەوە و کۆپیم کردن جگە لەوەش قسە لەسەر خانووەکان و ژوورەکانیش دەکەن کە لە بەردی ئەشکەوتەکە تاشراون ئەمڕۆش کە سەیریان دەکەی بۆ دوو هەزار ساڵ بەر لە پەرستگای ناسراوی (هێراکلیس) دەگەڕێنەوە کە گرنگی و کاریگەرییان هەر ماوە.

لەژێر ئەو چەند پیتەدا ئەسپ سواری راوچی ئاسك نەخشێنراوە، ئەم دیمەنەش یادگاری لەشکرکێشییەکەی (گودەرزی) ئەشکانییە بۆ سەر میهردادی پاشای ئەرمەنستان. (تاسیت) مێژوونووسی رۆمی ناوی ئەو پەرستگایەی هێناوە و دەریخستووە کە لە جەنگی (گودەرز) میهرداتسی پاشای ئێران پەنای بردۆتەبەر ئەو پەرستگایە و لە ژیانیدا خواستوویەتی ئەو سوارە یادگاری لەشکرکێشییەکەی بێت لەو شەڕەدا.

لەمڕۆژگارەشدا لە ئەنجامی هاتنی گرووپی جیاجیا بۆ دیدەنی ئەشکەوتەکە و هەڵکۆڵینی ناویان لە دیوارەکانی بۆ یادگار هەروەکو دیارە بەرچاو دەکەون بەداخەوە نووسینەکەیان تێکداوە و رەنگی زۆری خەستیشیان پیادا رژاندووە بۆیە گەڕاینەوە بۆ کۆپییەکەی (ئاستین) کە لە ساڵی ١٩٣٦ی زایینی ئامادەی کردووە لە گۆڕینی ناوەرۆکی (٣) پیتەکە لە نووسینەکە دوای

لێکۆڵینەوەی تەواو لەسەری ناوی (هێراکلس) و (گودەرزی) ئەشکانی خوێندۆتەوە لەگەڵ هۆکاری دەرنەخستنی تەواوی نووسینەکەیتری ناو ئەشکەوتەکە.

گۆڕینی ناوەرۆکی نووسینەکە لە نوسخەکەی (ئاستین)دا پێکهاتووە لە: هێراکلس ئێرەی کردۆتەماڵی خۆی و تیایدا ماوەتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی پاك نەبووە لەو شوێنەدا نەماوەتەوە.

هێراکلس (هەرکول): هێراکلس لە قارەمانەکانە و لە داستانەکانی یۆنانیشدا نیوەی خوایە و لەناو شەڕکەر و سەربازەکانی ڕۆمیشدا تایبەت بەو پاڵەوانە داستانێك هەیە.

(پیرگریمان) سەبارەت بەو وتوویە: هێراکلس لای (لاتینەکان) بە (هەرکول) ناسراوە کە بەناوبانگترین و میللیترین قارەمانی داستانە کۆنەکان دەناسرێن. لەڕووی ناو و بنەچەی (هێراکلس)ەوە نووسیویە: بە قسەی داستاننووسەکان (هێراکلس) لە کۆندا ناویتری هەبووە و ئەو ناوی (هێراکلس)ەش لەو شوێنەدا بووە کە ناوبراو لە خزمەتی (هەراری)دا بووە، هەر ئەو پێشوازیلیێ کردووە و سەرئەنجام مەئموورەکانی (هەراری) بە ئەو بەڵێنیان داوە کە بیکەنە کوڕی و ناوەکەش لە یۆنانیدا بەمانای هێزی لەش و بازو دێت ئەو ناوەش لە نووسینەکانیشدا ماوەتەوە و بە هەمان شێوە یاد دەکرێتەوە.

مێژوونووسان لە پێوانە و یەکسانی ناوی خواکاندا و خواکانی یۆنان و ئێراندا (هێراکلس) بە (وەرپهرغنە)(بەهرام) دادەنێن و لە نووسینەکانی سەردەمی خۆشیدا هەر کاتێك داستانەکانی سەردەمی (هێلینی)یەت ناوی هێنابێت. بەپێی ئەو پێوانەیەی خواکانی یۆنانی، یان ناوی خواکانی ئێرانی ئەو دوو ناوە پێکەوە هاوواتای یەکتری بوون.

نەخشەکانی ئەشکەوتی کەرەفتو: دکتۆر بەهمەنی کەریمی دوای ڕۆیشتنی بۆ دیتنی ئەشکەوتی کەرەفتو کە تیایدا هاوڕێیەتی (ئاستین)ی کرد ناوی نەخشی ئەسپ سواری هێناوە کە لەژێر نووسینە هەڵکۆڵراوەکەدا بووە و یادگاری هێرشی (گودەرز)ە بۆ سەر (میهرداد). بەڵام نەخشیتر لەو ئەشکەوتەدا کە باسی هاتبێت یان لێی بێدەنگ بووبن و مابێتەوە، نەبووە یان بەرچاو نەکەوتووە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نەخشە یادگارییەکان لە دیواری ژوورەکان بە ڕەنگ نەخشێنراوە بۆیە بەئاسانی نابینرێن هەر ئەوش وایکرد دوای چەندینجار دییەنی کردن بۆیان ئەوسا توانراوە نەخشەکان ببینرێن لەوانەشە بەشێکیتریش لەو نەخشانە کە لای ئێمە نەناسراون لەناو ئەشکەوتەکەدا هەبن کە ئومێدەوارم لە ئایندەدا بدۆزرێنەوە و دەربکەون.
نەخشەکانی کەرەفتو لەلاشەی نهۆمە جیاجیاکانیدا و لە دیوارەکانیان دەبینرێن کە پێکهاتوون لە نەخشی ئاژەڵ و مرۆڤ و ئەندازیاری و گیایی، نەخشەکانیش هەموویان لەسەردەمێکدا دەرنەکەوتوون لەوانەیە چەندین چاخ و فەرمانڕەوایەتی جیاجیایان دیبێ و لەگەڵ باوەڕ و تەرزی بیرکردنەوەی هەمەجۆری دانیشتوانەکەی نەخشێنرابن.

نەخشەکانی کەرەفتو ئەوانەی لای چەپی دەمی ئەشکەوتەکەیان گرتووە سەرنجڕاکێشن و هەموویان نەخشی ئاژەڵین لە ئەسپ و بزن پێکهاتوون لەوانەیە لە ڕۆژگاری زوودا ئەو ڕێگایە بەدانانی کۆڵەکە و بنمیچی تەختە درۆینەی بۆ کرابێت لەوانەشە نەخشەکانیش بەر لەوەش هەر هە بووبن.

نەخشەکانی ئەم بەشە بزنێك و دوو ئەسپن بەشێوەی هێڵکاری لە ڕووی لاشەی بەردە گەچەکەدا نەخشێنراون. پێوانەی بزنەکە ۲۰*۲۵ سانتیمەترە و پێوانەی نەخشی ئەسپەکانیش ۳۰*۳۰ و ۳۵*۳۵ سانتیمەترن.

لە لاشەی باڵی خۆرئاوای ڕاڕەوی ژووری (۱)دا نەخشی مرۆڤ و ئاژەڵ دەرهێنراون لەگەڵ دەرهێنانی شێوەی بەتەنکراوی ئەندازیاری بەرچاو دەکەون.

لەم نەخشەدا کەسێك سواری ئەسپ بووە و ئەسپیتر لە پشتییەوە دەبینرێ و رادەکێشرێن، بەرامبەر سوارەکان نەخشی ئەندازیاری شێوە هێلکەیی بە ژمارەی زۆر بەرچاو دەکەون. ڕۆیشتنی سوارەکە ڕووەو نەخشە ئەندازەییەکانە و لەوانەیە ئەو سوارە بۆ شوێنێکی دیار و دەرکەوتوو بڕوات، نەخشەکانیش وادیارن پەیوەندییان بەبیرێکی مەزهەبی ناتەواوە هەبێت.

بوونی نەخشی ئەسپ لە ئەشکەوتی کەرەفتودا سوود و گرنگی خۆی هەبووە بۆ ئەوانەی لە ئەشکەوتەکەدا دانیشتوون جگە لەوەش لە باڵی خۆرهەڵاتی دەمەی ئەشکەوتەکەدا چاڵی گەورە هەڵکۆڵراوە کە هەر یەکێك لەو چاڵانە لەوانەیە دانیشتوانەکەی کەرەفتو بۆ شوێنی ئەسپ و ئاژەڵ بەکاریان هێنابن. شێوەی ئەم نەخشانە جارێکی دیکە لە لاشەی دیواری ژووری (۳)دا دووبارە بۆتەوە بەڵام بەهۆی کاریگەری ڕۆژگار لە سەریان و خراپی نەخشەکان واتە باش نەکراون لەناوچوون باش نابینرێن.

لە نهۆمی دووەمدا نەخشیتر بەرچاو دەکەون کە بە سەیرکردنی شێوەکەی و بەراوردکردنی لەگەڵ نەخشی نهۆمی یەکەمدا جیاواز دیارن هەتاکو وێنەی بزن و مانگاکانیش کە لەم بەشەدا بەرچاو دەکەون بە قەوارەی بزنەکەی سەر ڕێگای دەمی ئەشکەوتەکە نییە. نەخشەکانی ئەم نهۆمەی لە ژووری (۷)دان و ئەوەی لە لاشەی باڵی خۆرهەڵاتی ژوورەکەدایە کرێنراون و ئاژەڵین لەوانە بزن و مانگا و نەخشی گیایی لە کنە و لاشکە و قەدی گەنم کە تەواوی دیوارەکەیان داپۆشیوە. بوونی تاقێکی چوارگۆشەش لە هەمان نهۆمدا کە درێژی باڵێکی ٦٠ سانتیمەترە و لەناو چوارچێوەیەکی نەخشێنراودایە هۆکارە بۆ نەمانی نەخشەکانی دەوروبەری. تاقەکەش پێدەچێت بۆ چاخی ئیسلامی بگەڕێتەوە و لە شوێنی دانیشتندا دروست کرابێت. بەرامبەر بەو تاقەش ڕێگایەك هەیە

دەگاتەوە بە ژوورێك لەوێشەوە لەگەڵ نهۆمی سێیەمدا یەکدەگرێتەوە و پێدەچێت بۆ بیرێکی مەزهەبی دروست کرابێت کە لە سەردەمەکەدا پەیڕەو کراوە لەوانەشە ئەو نەخشە لە دوو سەردەمی ئیسلامیدا لەو شوێنەدا تەواو کرابێت. نەخشەکانی نهۆمی سێیەم بە ئاسانی ناتوانرێت ببینرێن هەتاکو نەخشی سوارەکەش کە دکتۆر کەریمی لەژێر نووسینە یۆنانییەکەدا ناوی هێناوە نەیدیوە ئەوەش بەهۆی نووسینە یادگارییەکەوە بووە کە رەنگ دایپۆشیوە و گرتوویەتەوە.

دوا کۆمەڵەی نەخشەکانی کەرەفتو لە نهۆمی چوارەمدا بەرچاو دەکەون. ئەم نەخشانە لە باڵکۆنێکدان بەسەر دەربەندی کەرەفتودا دەڕوانن. دیواری باکوور و سەکۆی باڵکۆنەکە رووەو ئەو لایەن و هەردوولایان نەخشێنراون و پێکهاتوون لە نەخشی ئەندازەیی و ئاژەڵی و مرۆڤی.

ئەو نەخشانەی کە بە خێرایی کراون چیرۆکی چەند سەردەمێك دەگێڕنەوە کە لە رووی دیوارەکاندا پاشماوەی هەندێکیان بەرچاو دەکەون، لەوانەشە رەنگ کرابن بەڵام بەهۆی ئاو و هەوای خراپ و رۆژگار و لاوازی دیواری گەچ یان قسڵ نەماون یان ئەوەی ماوەتەوە پاشماوەی ئەوانەی ئێستان، نەخشەکانیش پێکهاتوون لە بزنێك و رێوییەك و (٣) ئاژەڵیتر کە ئاژەڵی یەکەم لە ئەسپ دەچێت و دوو ئاژەڵەکەیتریش بەهۆی کەوتنە خوارەوەی توێکڵی دیوار و سەکۆکە ناناسرێنەوە. نەخشی دوو ئەسپ پێکەوە دەچنە سەر نەخشە باڵاکان و پاشماوەی ئەوانە ماونەتەوە. وێنەکانیتر، یان بەشێوەی هەڵکۆڵراوی یان بەرجەستەکراون و لە رووی سەکۆی باڵکۆنەکەی ئەم نهۆمە دەبینرێن، لەو وێنانەن کە بەشێوەی ئەندازەیی خڕ هەڵکۆڵراون و هێمایەك لە ناوەڕاستیانا دەبینرێت ئەو هێمایەش لە خاچێکی شکستە دەچێت کە بەوە ناوم هێناوە. نەخشیتر کە پەیوەستن ئەسپێکە کەسێك لغاوەکەی بەدەستی راستی گرتوویە و دەستی چەپیشی بۆ کەمەری بردۆتەوە و خوێنی ئەسپەکەش بەباڵایا پژاوە، لەوانەیە ئارایشت کرابێت و پەیوەستبێت بە رێوڕەسمێکی ئایینییەوە. نەخشیتر سوارێکە دەمی لای راستی ئەشکەوتەکەی گرتووە کە دەچێتەوە سەر باڵکۆنەکە لە پشتی سەری ئەو سوارەوە سوارێکیتر دەبینرێت لاشەیەکی جوانی هەیە و لەسەر پشتی ئەسپێکە و سنگی بۆ دواوە بردۆتەوە، ئەم سوارە نەخشی ژنێکە. نەخشی رووی سەکۆی باڵکۆنەکەش (٢) سوارن کاری وێنەسازییەکەیان نیشانیدەدات کە بەشێوەی بەرجەستە ببینرێن، بەرامبەریان ٢ سواریتر دێن لە یەکترەوە نزیکن. سواری یەکەم لە دەستی چەپیا ئەڵقەیەکی گەورە دەبینرێت لەوانەیە گوریسێك بێت کە بۆ راو لە دەست یا گرتبێتی ئەڵقەکەش لەناو نەخشێکی لاکێشیدایە و بەرجەستە کراوە.

نەخشەکانی ئەم نهۆمە (٣) تەرز کاری جیاجیا. و نیشانیدەدەن کە بۆ سەردەمێك ناگەڕێنەوە لەوانەشە بۆ (٢) سەردەم بگەڕێنەوە. بوونی ئەم نەخشانەش مەرجە لەم شوێنەدا واتە لە ئەشکەوتی کەرەفتودا بەراورد بکرێت بەشوێنیتر چونکە هاوشێوەیان هەیە.

گۆزە و گڵێنەی ئەشکەوتی کەرەفتو: لەناو ئەشکەوتەکەدا لەتە گۆزە و گڵێنەی زۆر کەوتووە و بڵاوە بەتایبەتی ئەو پارچە سواڵەتانە لەناو نهۆمەکانیدا و راڕەوەکانیدا بڵاون بەزۆری ئەو راڕەوەی لە نهۆمی چوارەمەوە دەچێتەوە سەر نهۆمی دووەم و ساڵۆنەکەی کە ناسراوە بە ساڵۆنی بازنەیی و (کارپۆرتەر) بە کۆتایی ئەشکەوتەکەی داناوە. دەرکەوتنی هەموو ئەو پارچە سواڵەتانەش دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەندنی نایاسایی و دوور لە کنە و پشکنینی زانستی ئاسەواری. لای هەموانیش زانراوە کە سواڵەت یەکێکە لە گرنگترین و کۆنترین کاری دروست کراوی دەستی مرۆڤ. لە بەشەکانی ناوخۆی ئەشکەوتەکەدا هەتاکو دەگاتەوە بە کۆتاییەکەی سواڵەت زیاتر لە شوێنە بەرزەکانیدا بەرچاو دەکەوێت ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە ژیانیان تیادا بووە بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو رەنگە قاوەییەیە کە ناو ئەشکەوتەکەی گرتووە یان دایپۆشیوە و تیایدا دەدرەوشێتەوە جگە لەوەش بەڵگەیتریش بەدەستەوە هەیە بۆ ئەو ژیانە کە بوونی پیسایی شەمشەمەکوێرەیە و ترسی کەمی نەبووە لەسەر ژیانی مرۆڤ. بەردەوام بوونی لێکۆڵینەوە لەناو ئەشکەوتەکەدا بۆ کاری کنە و پشکنین لەو شوێنانەدا بوو بەزۆری بە تەپۆڵکەی پیسایی شەمشەمەکوێرە داپۆشرا بوو. هەندێك لەو تەپۆڵکانەش بەرزییەکانیان ٨ مەترە و بەجۆرێك درێژ بوونەتەوە کە هەتاکو ژێرەوەی نهۆمی گرتۆتەوە. لەژێر ئە شوێنانەشدا ئێسکبەندی مرۆڤ بەرچاو دەکەوێت بێ ئەوەی شاردرابنەوە. هۆکاری پەیدا بوونی ئەو ئێسکبەندانەش لەوانەیە بەهۆی هێرشی گەلانێك بووبێت بۆ سەر ئەشکەوتی (کەرەفتو) و دانیشتوانەکەی یان لەو بەشەدا پێدەچێت دانیشتوانەکەیان هێشتبێتەوە لە کۆتاییدا سەرئەنجام مردبن.

لەم شوێنەدا لە ئەنجامی کنە و پشکنینی گۆزەیەکی گڵێنەیی ساخ دەرکەوت تیرەی دەمەکەی ١١ سانتیمەتر بوو بەرزییەکەشی ١٢ سانتیمەترە و کاریگەری سووتاندنی پێوە دیارە هەروەها ئەوەش دیارە کە بۆ چێشت لێنان بەکارهێنراوە. لە لاشەی گۆزەکەدا کونێك هەیە لەوانەیە بەهۆی کەوتنی بە شتێکدا ئەو دەرزەی بردبێت. کەرەسەی ئەم سواڵەتە پێکهاتووە لە هاڕاوەیەکی لمی لەگەڵ وردەی بەرد کە بە لاشەکەیەوە دیارە. سواڵەتەکەش بە چەرخ ساز کراوە و رەنگەکەی مەیلە و سوورە و بەسەر قاوەییدا دەڕوانێت.

هەروەکو باسمان کرد پارچەی سواڵەت لە دامێنی ئەشکەوتەکەدا و شوێنە بەرزەکانیدا سەرنجڕاکێشە کە دەڕوانێت بەسەر ڕێگاکەی نهۆمی چوارەم لەناو ئەشکەوتەکەدا. لە کۆکردنەوەی سواڵەتەکانا ئەوانەی دەرەوەی ئەشکەوتەکە تەواویان بۆیەکراو بوون، بەڵام ئەوانەی ناو ئەشکەوتەکە بۆیەکراو نەبوون کاتێك کۆمانکردنەوە زۆرینەیان ساکار بوون.

پارچەی سواڵەتە کۆ کراوەکان بچکۆڵە و کاکڵەیی بوون و لە شێوەی سوراحیدا بوون و پەیوەست بوون بە بەدەنی سوراحییەکەوە.

**ئەلف- سواڵەتی بۆیاخ نەکراو.**

**بێ- سواڵەتی بۆیاخکراو.**

سواڵەتی بۆیاخ نەکراوی کەرەفتو: سواڵەتی بۆیاخ نەکراوی بەدەست گەیشتوو بە دوو کۆمەڵ جیا دەکرێنەوە:

**١- سواڵەتی ساکار.**

**٢- سواڵەتی ساکاری نەخشکراو.**

ڕەنگی سواڵەتە بۆیاخ نە کراوەکان بەگشتی سەوزی مەیلە و سوورن، یان سووری مەیلە و قاوەیی رووناکن کە لەناویانا ژمارەیەکیان خۆڵەمێشین لە نهۆمی چوارەمدا کۆکراونەتەوە. بەشی سەرکی ئەم کۆمەڵە سواڵەتانە لە هەویرێکی نەرمی توخم باش دروست کراون، ئەمانە لە بەشی دەرەوەی ئەشکەوتەکە بەدەست گەیشتوون. سواڵەتەکانی ناو ئەشکەوتەکە لە توخمێکی نیوە زبرن و هەویرەکەیان لە هاڕاوەیەکی باشە، بەڵام وەکو ژمارە سواڵەتەکان کەمن.

نەخشی هەڵکۆڵراوی ڕووی سواڵەتەکانی بەگشتی پێکهاتووە لە هێڵی هاوشانی یەکتری نزیکی دەمەکەی دەبێتەوە یان هێڵی بازنەیین هاوشانی یەکتری دەڕۆن. ئەو هێڵانەش بە شتێکی نووك تیژ نەخشێنراون لەوا بەهۆی کاریگەری فشاری پەنجەوە بوویێت کە بەشێوەی هێڵی ستوونی دروست کراون. هەندێك لەو سواڵەتانەش بە پارچە دەمی سواڵەتەکانەوە دیارن بۆ ئاو خواردنەوە بەکارهاتووە.

**ب- سواڵەتی بۆیاخکراو:** هەر بەو شێوەیەی باسمان کرد سواڵەتە بۆیاخ کراوەکان لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە بەدەست مان گەیشتووە، ئەوانەش بە چەند بەشێك دابەش بوون وەکو: سواڵەتی بۆیاخکراوی یەك ڕوو (هەندێك لەوانە ناوەکەی کراوە) یان یەك ڕەنگ بەڕەنگی قاوەیی یان شین یان سەوز یاوەکو لە ناوەوە نەخشێنراوە و بۆیە بەسەردا کراوە.

سواڵەتی بۆیاخکراوی دووڕوو لەلایەك ناوەکەی نەخشێنراوە و بۆیاخ کراوە لەلایەکیتر دەرەوەی نەخشێنراوە و بە ڕەنگێك بۆیاخ کراوە. نەخشی ژێر بۆیاخەکەش پێکهاتووە لە هێڵی تەریبی ستوونی ڕەش، یان پاوەیی ڕەنگ و هێڵی ئەندازەیی بە نەخشی هەڵکۆڵراوی گیایی کە لق و گەڵای لێبۆتەوە و بە ڕەنگی قاوەیی یان زەرد داپۆشراوە.

هەتاکو ڕۆژگارێك کاری کنە و پشکنینی ئارکۆلۆژی لە دەرەوە و ناوەوەی ئەشکەوتی کەرەفتو نەکرا بوو نەمانتوانی بەهۆی ئەو سواڵەتەی کە هەیە لەسەر ڕووی شوێنەوارەکە مێژووی وردی دانیشتن لەو ناوچەیەدا دەربڕین. هەروەها لە توانامان‌دا نەبوو بەو سواڵەتانەش ئەوە بدەینە دواوە کە دانیشتن لەو ئەشکەوتەدا نەبووە. ئەو سواڵەتانەش کە هەیە لە سواڵەتەکانی هەزارەی یەکەمی بەر لە زایینە و نموونەیان لەبەردەست دایە بەڵام دانیشتنی مرۆڤ لەو ئەشکەوتەدا جێگیر ناکات. بەتایبەتی ئەو سواڵەتانەی بەدەست مان گەیشتوون پارچە پارچەن و لەناو ئەشکەوتەکەدا بڵاون لە هەمانکاتدا ئەنجامی کنە و پشکنینی ئاسەواری سواڵەتی بۆ بەر لە هەزارەی یەکەم لەو ئەشکەوتەدا نیشان نەداین. سواڵەتەکانی ڕۆژگاری ئیسلامیش کە، لە کەرەفتودا کۆ بوونەتەوە بەپێی سواڵەتە نەخش کراوەکانی مێژووەکەی بۆ سەرەتای پەیدا بوونی ئیسلام دەگەڕێتەوە کە پێکهاتوون لە هێڵی ساکار و ئەندازەیی جوان بەڵام لە چاخی چوارەمی کۆچیدا وردە وردە نەخشەکان جوانتر بوون و تیایانا نەخشی ئاژەڵی و مرۆڤیش دەرکەوتن.

سواڵەتی هەڵکۆڵراویش بە نەخشی گیایی کە لێرەدا بەدەست گەیشتووە لەوانەیە لە شوێنێکیتری نزیکەوە دروست کرابێ و گەیشتبێتە کەرەفتو. ئەم جۆرە سواڵەتەش لە زۆرینەی مەرکەزەکانی سواڵەتی ڕۆژگاری ئیسلامی دەبینرێن و دەتوانین بڵێین تەختی سلێمان لە مەرکەزە گرنگە ناوبردووەکان بێت.

**هەندێك تێبینی:** من وەکو پسپۆڕێك لە بواری شوێنەوارناسیدا کە ساڵانێکی زۆرە لەو بوارەدا کاردەکەم بە خوێندنەوەی بابەتەکە و گۆڕینی بۆ کوردی هەندێك تێبینیم لادروست بوو کە بە پێویستی دەزانم بیانخەمەڕوو:

١- وادیارە ئەو لێکۆڵینەوەیەی مامۆستا (ئاشتودان) کە لەسەر ئەشکەوتەکە کردوویەتی بەپێی بەڵگەکانی دەست یی و ئەنجامی کنە و پشکنینەکە بۆ دەرخستنی مێژووەکەی لە ڕووە شوێنەوارییەکەیەوە تێکەڵاوی بیری ناسیۆنالیزمی فارسی کردبێت ئەوەش

به لاپەڕەکانی باسەکەوە دیارە و هەتاکو سنوورێك کارەکەی بێ ئەنجام هێشتۆتەوە کە لە نرخی زانستی کەمکردۆتەوە. هەروەها بووەتە هۆیەکیش ناسنامەی قەڵاکەی لە تەمومژدا هێشتۆتەوە. لەوانەشە ئەولایەنەش پەیوەندیی هەبێت بە سیستەمی ئێستای بەڕێوەبردنی وڵاتەکەوە بۆ دەرنەخستنی راستییەکان ئەگەر بەو ئاقارەدا بڕوات، هێڵی سووریان بۆ کێشابێت بۆ ئەوەی لێکۆڵەر سنووری خۆی نەبەزێنێت.

٢- بۆ دیاریکردنی مێژووی کەرەفتو یان سەردەمەکەی ناتوانین پەنابەرینە بەر پارچە سواڵەت چونکە سواڵەت لەوانەیە لە رێگیترەوە هاتبێ و گوێزرابێتەوە و گەیشتبێتە ئەو شوێنە لە رۆژگاریتردا.

٣- خاڵێکی بنەڕەتی هەیە لەم باسەدا ئەویش ناوی شوێنەوارەکەیە، کە بە (کەرەفتو) ناوزەد کراوە ئەوەش زیاتر هانمان دەدات کە دوای رەگ و ریشەکەی بکەوین بۆ ناسینەوەی مێژووی شوێنەوارەکە و ئەو سەردەمەی کە تیایدا سەریهەڵداوە یان ئەو ئەشکەوتە بۆچی دروست کراوە و چی بووە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەك بە بۆچوونەکەی شەریفی بدەم لە شیکردنەوەی ناوەکە کە هەتاکو سنوورێك بەلای منەوە راستی پێکاوە بێ ئەوەی بچێتە ناو شیکردنەوەی.

بەلای منەوە ناوەکە، کە (کەرەفتو)وە پێکهاتووە لە دوو واژە، یەکەم (کەر) یان (کەرف) هەروەکو شەریفی دەڵێ: لە واژەی (کار)ەوە هاتووە کە لە زمانی ئاشووری نوێدا بەمانای قەڵا دێ هەروەکو لە واژەی (کەرکوك) دیارە و بووەتە (کەرف) و بەو شێوەیەش لە ئاوێستادا جێگیر بووە. دووەم (تو) لە واژەی (ئوتو) سەرچاوەی هەڵگرتووە کە مانای خوای رۆژ دەبەخشێت هەروەکو ناسراوە لە خوا سەرەکییەکانی سەردەمی بابلی یەکەمە و بە تیشکەکانی خۆر بڵاو دەکاتەوە یان سەرچاوەی یاسایە و لە میلەکەی حامورابیدا لەگەڵ پاشای ناوبراودا دەردەکەوێت. هێمای خۆریش لە نەخشەکەی (قزقوبان)دا بەرچاو دەکەوێت کە بۆ چاخی فەرمانڕەوایەتی (ماد) دەگەڕێتەوە. بەر لەوەش پەرستنی رۆژ لە سەردەمە مێژووییەکاندا باو بووە هەروەکو لای خورییەکانی زاگرۆس لە خوا سەرەکییەکان بووە. من بۆ ئەوە دەچم ناوی (کەرەفتو) لە (کارئوتو) رەگ و ریشەی هەڵدابێت کە مانای قەڵای رۆژ دەبەخشێ واتە (کەرەفتو) و ئەو شێوە ناولێنانەش لەناوی بێتواتە و شاری (حەزەر) لە بڕگەی خواکەدا دیارە و بەرچاو دەکەوێت.

لەلایەکیتر ئەوە بەناوی (کەرەفتو) دیار و ئاشکرایە کە ئەو جۆرە ناوانە بۆ هەزارەی دووەمی بەر لە زایین دەگەڕێنەوە و بەشێوەی ئێستای لە سەردەمێکی دواتردا چووەتە ناو ئاوێستاوە و لەسەر زمان وتنی ساناتر بووە.

٤- لە شوێنێکیتر لە باسی نەخشەکانی نهۆمی سێیەم لە قەڵای (کەرەفتو)دا لێکۆڵەر (ئاشتودان) دەڵێ: (لە دەستی چەپی سواری یەکەمدا ئەڵقەیەکی گەورە دەبینرێت لەوانەیە گوریسێك بێت کە بۆ راو بەدەستی گرتبێت و ئەڵقەکەش لەناو نەخشێکی لاکێشەییدا بەرجەستە کراوە). من بۆ ئەوە دەچم لێکۆڵەری ناوبراو لێرەدا کەوتبێتە هەڵەوە و نەیتوانیوە بگاتە مەبەستی نەخشەکە و راستییەکە بپێکێت. لای پسپۆڕانیش ئەوە ئاشکرایە کە نەخشەکە دەربڕین لە هێما دەکا و پێویستە هێماکە بکرێتەوە بۆ ئەوەی لە مەبەستی نەخشەکە تێبگەین، یان دانانەکەی بۆچی بووە!! بەلای منەوە بوونی ئەڵقە لە دەستی سواری یەکەمدا کە لەناو نەخشێکی لاکێشەییدایە وەرگرتنی دەسەڵات دەگەیەنێت لە یەکێکیتر کە بە دووری نازانم لە سوارەکەیتری وەرگرتبێت، واتە گوێزانەوەی دەسەڵات لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکیتر ئەوەی پشتی ئەو بۆچوونەش دەگرێت ئەو چەند پیتەیە کە بۆ (هێراکلس) نووسراوە و کوژانەوەی مێژووەکەیەتی. نموونەی ئەو جۆرە ئەڵقانەش لە نەخشەکەی ئانۆبانینی سەرپێڵی زەهاو بەرچاو دەکەوێت کە کاریگەری هونەری شیوی نێوان دوو رووباری بەسەرەوەیە. بۆیە من لەگەڵ ئەو رایەدا نیم کە ئەو نەخشانە بۆ دوو سەردەمی جیا بەریتەوە، ئەگەر بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین ناگەینە ئەنجامێك کە ئاسانکاریمان بۆ دروست بکات بۆ دیاریکردنی مێژووەکەی.

٥- من گومانم لەوە نییە کە ئەو ئەشکەوتە بۆ کاری جیا بەپێی سەردەم بەکارهاتبێت بەڵام بەپێی شیکردنەوەی ناوەکەی سەرەتای دروست بوونەکەی بۆ پەرستگا بووە و هەر هۆکارە ئایینییەکەش بووە کە شوێنێکی وەکو (کەرەفتو) بەو شێوەیەی لەو بەردە بتاشرێت ئەوەش دەریئەخات کاریگەری ئایینەکە لەسەر دانیشتوانەکە زۆر بووە هەروەها قەڵاکەش دەچێتە خانوو یان پەرستگای ئایینییەوە.

٦- لێکۆڵەر بۆ دیاریکردنی سەردەمی ئەشکەوتەکە چاخی (٣) و (٢)ی بەر لە زایینی دیاری کردووە وادیارە ئەو دیاریکردنە لای لێکۆڵەر ویستوویە ناڕاستەوخۆ پێمان بڵێ کە ئەو قەڵایە سەردەمەکەی بۆ چاخی سلوکی لە ئێراندا دەڕوات هەر ئەوەش وای کردووە باس لە کاریگەری ئەندازیارییان بەسەر خۆرهەڵاتەوە. من بۆ ئەو بۆچوونە گومانێکم نییە و ئەو کاریگەرییەش بۆ دونیای پێشکەوتنی هونەری بیناسازی یۆنانی ئاسایی بووە هەروەکو لە دوو کۆڵەکە تاشراوە ئایۆنییەکەی هەیوانی قزقەباندا بەرچاو دەکەوێت. بەڵام ئەوەی من دەمەوێ لێرەدا بیڵێم کە ئەو قەڵایە لە رۆژگاری دواتردا کاتێك

دەسەڵاتی سلوکییەکان لە ئێراندا ئاوا بووە (کەرەفتو) دیمەنەکەی بۆتە هێمای وەرگرتنی دەسەڵات و گواستنەوەی بۆ ئەشکانییەکان (٢٥٠پ.ز-٢٢٧ز) واتە بەڕێوەبردنی ئەو قەڵایە کەوتۆتە دەستی کۆمەڵێکیترەوە.

ئەگەر لەم بۆچوونەدا بە هەڵە نەچووبم سەرەتای فەرمانڕەوایەتی ئەشکانییەکان لەو ناوچەیەوە دەستی پێ کردووە کە بەر لەوان ناوچەی دەسەڵاتی مانایییەکان و مادەکان بووە و لەوێوە بەرەو شوێنەکانیتر رۆیشتوون و دەسەڵاتیان بنجبەست کردووە.

٧- لەبەر تیشکی هەموو ئەو زانیارییانە دەگەینە ئەو رایەی کە بڵێین ئەشکەوتی (کەرەفتو) موڵکی ئەشکانییەکانە و لە رۆژگاری فەرمانڕەواکەیاندا ئازادی پەرستن هەبووە و خۆیان بە جێگری مادەکان داناوە. ئەو مادانەی هەتاکو رووخانی دەسەڵاتیشیان خۆریان پەرستووە واتە میترایی بوون و ئایینی زەردەشتی کە لەو ئایینە وەرگیراوە دواتر بڵاوبۆتەوە و لەناو مادەکانا ئاسەوارێکی بەجێنەهێشتووە.

**سەرچاوە**

**لە (فوق) لیسانسەکەی ئاغای ئاشتودان وەرگیراوە کە بە زمانی فارسی لە زانکۆی تاران وەریگرتووە.**

# تیشکێك بۆ سەر مێژووی
# تاق گرا

تاق گرا، شوێنەوارێکە دەکەوێتە رۆخی جادەی کۆنی مێژوویی خوراسان کە ناسراوە بە جادەی ئاوریشم) و دەڕوانێت بەسەر دەربەندی (پاتاق) لەنێوان کرماشان و قەسری شیرین لە دووری ٤٠ کیلۆمەتر.

گەردنەی پاتاق کە بینای ناوبراوی تیادا دروست کراوە پێچاوپێچێکە تاوەکو بەرەو خواورووی ببینەوە درێژ دەبێتەوە. بەرزی تاقەکەش لە دەریاوە ١٨٩٥ مەترە.

سالآنێك بەر لەم ئیدارەیە رێگای پارێزگای کرماشان رێگای جادەی کۆن بوو کە لەبەردەم تاقەکەوە دەڕۆیشت بەلآم ئێستا ئەو جادەیە گۆڕاوە و رێگایەکی قیرتاوی تۆزێك دوورتر دروست کراوە و تاقەکەش (١٥٠) مەترێك لێوەی دوورە و دەکەوێتە خوارووی جادە تازەکەوە. بەشێك لە جادە کۆنەکە دەکەوێتە چواردەوری حەوشەی تاقەکەوە بەلآم دوای کنە و پشکنینی شوێنەواری دەرکەوت رەنگی توێکڵی سەرەوەی خاکەکەی جارێکی دیکە ئامادە کراوەتەوە و بە بەردیش فەرش کراوە و چواردەوری ئەو شوێنەش جیا کراوەتەوە. هەموو ئەو دروست کراوانەش لە دیوار و بەردڕێژ و شتیتر بۆ پتەوکردنی تاقەکە ئامادە کراوە.

گۆڕینی ڕاڕەوی جادەکەش ئەگەرچی بینا مێژووییەکەی شاردۆتەوە بەلآم لە هەمان کاتدا پارێزگاریشی لێ کردووە چونکە لەوەوبەر لەژێر کاریگەری رۆشتنی ئۆتۆمۆبیلە قورسەکاندا بووە کە تاقەکە بەو هۆیەوە بەدەرنەبووە لە کاریگەرێتی رووخاندن. دوو هێڵی لولەی نەوتیش کە بەناوچەی خۆرئاوای تاقەکەدا دەڕوات ئەوەش کۆمەڵێك کێشەی رۆژانەی بۆ تاقەکە دروست کردووە.

لێرەدا بە وردی ئەوە نەزانراوە کە جادەی کۆنی ناوبراو لە کام سەردەمدا دروست کراوە بەلآم گرنگی شوێنەکەی لە رۆیشتنی سوپادا و پەیوەندییەکانی سیاسیی و بازرگانی ئێران لە سەردەمەکانی ماد و هەخامەنشیدا ئەوە دەگەیەنێت کە خۆرئاوای ئێران خاوەنی پێشهاتەی زۆر بووە. ئەوەش لە رۆژگارێکدا بووە کە چەندان شوێنی حەوانەوە و کۆشکی مادی لە (گوردین تەپە) و (نۆشیجان) و (باباجان) دروست کراون، هەروەها بەردە نووسراوەکەی بێستوون و کۆشکەکانی ئاکبەتانە بەڵگەیترن بۆ ئاوەدانی لە هەردوو سەردەمەکەدا کە بەو هۆیەوە چەندین رێگا لە (رەی) و (هەمەدان) و (شووش) و (نێوان دوو رووبار) و (سووریا) و (ئاسیای بچووك) هە بوون، بەو پێیە راڕەوی جادەی خۆرئاوای ئێران، شا رێگایەکی پەیوەندیی بووە و هەمان رێگاش لە رۆژگاری پارتەکاندا گۆڕاوە و بووەتە بەشێك لە جادەی ئاوریشم و لەناویا یەکیانگرتۆتەوە. بازرگانیکردنیش بەو کالآیە لە نێوان خۆرهەلآت و خۆرئاوادا لە کۆنەوە هەبووە و لە چاخی هەشتەمی زایینیدا گەیشتۆتە لوتکەی پێشکەوتن.

مێژووی مەزندەی کرد نەوەی جادەی ئاوریشم دەگەڕێتەوە بۆ سالّی ١٢١ی زایینی، بەلآم بەشێوەیەکی گشتی دروست کردنی جادەی بازرگانی لە ئاسیای خۆرئاوادا دەگەڕێتەوە بۆ چاخی دوانزەی بەر لە زایین، سەرەتاکەی بە مالّیکردنی حوشتر دەست پێدەکات هەر ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کاروانەکانی ئەعراب لە نێوان حیجاز و یەمەن و دوو رووبارە فەلەستین بە کەلوپەلی زۆرەوە وەکو کەتیرەی بۆنخۆش و خورما و گوڵاو لە هاتوچۆدا بوون. دواتر هیندو ئەفریقاش بەو رێگا بازرگانییەوە پەیوەست بوون و لە جۆرەکانی دەرمان و ئێسقانی فیل و پەموویان گەیاندۆتە بازارەکانی گەلان.

لە چاخی حەوتەمی پ.ز دراوی ئالّتوون و زیو لەلایەن لیدییەکانەوە لێدرا و ئا بووری بازرگانیش بەهۆی رێگاکانی ئاوی و وشکانییەوە رەونەقی پەیداکرد. یۆنانییەکانیش شەراب و رۆن و گۆزە و گلّێنە و ئاسنیان بە گەنم لەگەڵ میسردا دەگۆڕییەوە، بۆ پارێزگاریکردنیش لەم بازرگانییە ئەستۆلّی جەنگی دەرکەوت.

ئێران لە سەردەمی هەخامەنشیدا لە رێگای ئاوی و وشکانییەوە توانی دەسەلآتی بسەپێنێت و گومرکیش لەسەر بازرگانی ترانسێتی ئەو کالآیانە وەربگرێت. بە پەیدا بوونی دەسەلآتی کەلتووری هێلێنستی بازرگانی دانەویڵە و ئێسقانی فیل و کانزاو کەلوپەلەکانیتریش لە کالآکان کەوتنە دەست سلۆکییەکان. پارتەکان لە سالّی ١٢٠ی پ.ز رێگای بازرگانی ئاوریشمیان لە (میدیترانە) (دەریای سپی ناوەڕاست) و سووریا کە دوایین قۆناغی ئەم جادەیە بوو خستیانە دەست یان و نەیانهێشت پەیوەندیی تەواوی یۆنانییەکان و رۆمییەکان لەگەڵ چین و هیند دروست ببێت، بەو کارەشیان وەرگرتنی گومرك و ترانزێت تاوەکو کۆتایی فەرمانڕەوایەتی پارتی بەردەوامی هە بوو. بە تێڕوانین بە لاپەڕەکانی

مێژوو دەرئەکەوێت کە ئەم جادە کۆنە بە تەنیا نەبووە کە بە ڕێگای ئاوڕیشم ناسراوە بەڵام تا ئەو کاتەی دەتوانین زانیاریتر بەدەست بهێنین دەتوانین بەوەی هەیە قەناعەت بکەین. بەهەر شێوەیەك بێت ڕووداوەکانی جادەی (تاق گڕا) و چاك کردنی بۆ ڕۆیشتنی کاروانەکان و کاروانەکانی حوشتر و ئەسپ و ئێستر لە ڕۆژگاری زوودا بەو شێوەیە نەبووە کە لە ئێستادا گۆڕانکاری تەواوی بەسەردا هاتووە، هەمیشە لەو گۆڕانکارییانە بەهۆی جوولە و لەرزینی هێزی ئۆتۆمۆبیلەکانی هاتۆچۆ، یان جادە دروست کردنەوە، یان دروست کردنی بیناکانی چواردەوری تاقەکە بووە. جگە لەوانەش کۆمەڵێك هۆکاریتر دێنە پێشەوە، کە کاریگەرییان هەبووە لەسەر گەردنی پاتاقەکە و ڕووداوەکانیتری وەکو ئاو و هەوا کە هۆکار بوون بەوانەش بەردەکانی تاقەکە بەر لەو مێژووە و وردە وردە و لە سەرخۆ لەگەڵ بەردەکانی ئەو گەردنەیە کەوتوونەتە خوارەوە و لەژێر زەوی شاردراونەتەوە. بنمیچی کەوانەیی تاقەکەش بەهۆی کۆ بوونەوەی بەفر و باران لەسەری رووخاندوویەتیی و فشاری زۆریشی لەسەر بەرد و خاکی چواردەورەکەی کۆکردۆتەوە و پاڵی ناوە بە دیوارەکانییەوە و بەردەکانی جوڵاندووە و گڵی چواردەورەکەی لەسەریان کۆکردۆتەوە و لە شاخەکەوەش ئاوی باراناوی بەسەردا هاتووە و یارمەتی داوە بۆ ڕواندنی گژوگیا و دار و دەوەن لەسەری، ئەو دیمەنەش لە وێنەکانی گەشتیارانی فەڕەنسیدا دیارن.

دانیشتوانە کوردنشینەکە ناولێنانی (گڕا)یان لە (گۆڕ)ەوە وەرگرتووە، کە ڕەگ و ریشەی لە (گەبر)ەوە هاتووە و (پاتاق)یش لە لێکدراوەی پردو تاقەوە هاتووە، لە پەهلەویشدا (تاق) پێناسە نە کراوە.

کوردەکانی سنجابی و قەڵغانی و عەشیرەتەکانی وابەستە پێیانەوە لەکاتی هاتوچۆکردنیانا بۆ ڕۆخی کانییەکەی دراوسێی تاقەکە تەوافیان کردووە و ڕێزیان لێگرتووە و بەردەکانی تاقەکەیان ماچ کردووە و کچ و ژنەکانیش لقی درەختە وشك بووەکانیان کۆکردۆتەوە و بە قەدەر باڵای تاقەکە بەرزیانکردۆتەوە و ڕاز و نزا و ویردیان بەسەریا خوێندووە، لەم کارەیانا نیازخواز بوون. پاشماوەکانی ئاگر و پارچەی قوماشی ڕەنگین بەڵگەن کە لەسەر شاخەکان کراونەتەوە و گڕدراون، تەواوی ئەمانەش هەڵگری نیازە دەروونییەکان و پەیامەکانی ڕازی بوون بوون کە بە شاراوەیی و نهێنی ماونەتەوە.

## ڕای ئێمە لەسەر شیکردنەوەی ناوی شوێنەوارەکە:

هەروەکو نووسراوە شوێنەوارەکە لە مێژوودا ناوی (تاق گڕا)ی لێنراوە و ئەو دەربەندەش کە شوێنەوارەکەی لەخۆگرتووە بە ناوی (پاتاق) هاتووە.

من لێرەدا دەمەوێ شیکردنەوەیەکیتر لەسەر ناوەکە دروست بکەم و مانایەکیتری بۆ دیاریبکەم کە جودابێت لەو ناوەی کە شیکردنەوەکەی لەسەر هاتووە بەوەی کە دەڵێن ناولێنانی (گڕا) لە (گۆڕ)ەوە هاتووە کە بۆچوونێکی هەڵەیە و گۆڕیش لە گەبرەوە نەهاتووە و بە زەردەشتییەکان گوتراوە. وادیارە نووسەری باس لە وشەی (گڕا) یان ئەوەتا تێنەگەیشتووە یا وەکو ویستوویە لە مانا کوردییە ڕەسەنەکەی دووریبخاتەوە و مانایەکیتری بۆ دروست بکات، بۆ ئەوەی بڵێ ناوەکە پەیوەستە بە سەردەمە کۆنەکە و ئاینی زەردەشتیش لەو ڕۆژگارەدا ئایینی ڕەسمی وڵاتەکە بووە و ناوەکەش لە ئایینەکەوە وەرگیراوە.

بەلای منەوە ناولێنانی (گڕا) هەروەکو ئاماژەمدا ناوێکی کوردی ڕەسەنە و بنەچەی (گڕا)ش لە گڕەوە هاتووە واتە شوێنێك بووە بەردەوام ڕووناکی تیادا بووە واتە ئاگری تیادا سووتاوە. کاروانچییەکانیش لە هاتوچۆکردنیانا لە شەودا بۆ ناسینەوەی ڕێگاکە سوودیان لێبینیوە، یان وێستگەیەکی پشوودان بووە لە سەردەمە کۆنەکاندا و شوێنی حەوانەوەی کاروانچییەکان بووە هەروەکو لە ناوەڕۆکی نووسینەکەدا باسی کراوە. (گڕا)ش دەتوانین بڵێین سەرچاوەکەی لە گڕەوە هاتووە، لەو جۆرە ناوانەش لای ئێمە هەیە و نموونەی لەبەر چاویش (بابە گوڕ گوڕ) کە لێرەدا گوڕ بەمانای (گڕ) هاتووە و لای تراکەرانیش بەتایبەتی ئافرەتان کاتێك بەدەوریا تەوافیان کردووە بەناو ئەوەی پیاو چاکە و (گڕ)ەکەی کە هەیەتی بۆ ئەوە بووە خوا کوڕیان بداتێ بۆ ئەو مەبەستەش دۆعا و نزایان کردووە و چەند جارێك وتوویانەتەوە. لەو جۆرە گڵکۆی پیاو چاکانەش لە کوردستانا زۆرن، خەڵکیش بە زۆری ئافرەت سەردانی دەکەن بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ڕازی دڵی. جگە لەو وشەیە، وشەی (پاتاق)یش کە لەناو نووسینەکەدا هاتووە هەر بە هەڵە ماناکەی لێکدراوەتەوە چونکە نووسەر وایداناوە لە (پرد) و (تاق)ەوە هاتووە هەروەکو لە کۆتاییەکەیدا دەڵێ: لە پەهلەویشدا (تاق) پێناسە نە کراوە.

بەلای منەوە ئەم لێکدانەوەیە لەگەڵ حەقیقەتی شوێنەکەدا ناڕوا و (پاتاق)یش بەو دەربەندە گوتراوە بەپێی نووسینەکە، کەوتووەتە نێوان (کرماشان) و (قەسری شیرین)، لێرەدا ئەو مانایەی کە (پاتاق) دەباتەوە بۆ (پرد) و (تاق) ئایا پاشماوەی ئەو پردە هەیە؟ بۆ بوونی ئەوە لە نووسینەکەدا هیچ ئاماژەیەك نە کراوە ئەوەش بەلای منەوە لێکدانەوەیەکیتر بۆ (پاتاق) دروست

دەكات كە (پا) بۆ (پلە) یان پلیكانە هاتووە و تاقەكەش بۆ سەختی شوێنەكە دەبەمەوە، چونكە شاخاوییە و وەكو پلیكانە دەبێت پیایدا سەربكەوێت، یان بگەیتە لوتكەكەی، لە نموونەی ئەو جۆرە ناوە لێكدراوانەش لە كوردستانا زۆرن لەوانە (پاڕەزان)، (باسەڕە).

## گەشتیاران و مێژوونووسانی كۆن دەربارەی تاقگڕا چی دەڵێن:

تاقی ناوبراو وادەرئەكەوێت كە بەردی نووسراوی هە بووبێت هەروەكو لەو دوو هێما هەڵكۆڵراوەدا دەرئەكەوێت كە بۆ سەردەمی پارتەكان دەگەڕێتەوە، ئەو دووانەش لەلایەن (كلایس) ناسراون و جێگیر بوون، جگە لەوەش نووسینێكی كورتی (یا عەلی)یش لەسەر رووی یەكێك لە بەردەكان هەڵكۆڵراوە وادیارە ئەو وشەیەش پەیوەستبێت بە (ئەهلی حەق).

(ئۆژن فلاندن) و (پاسكال كیست) لەساڵی ١٨٤٠ی زایینی دییەنی (تاقگڕا) یان كردووە و نەخشەیان بۆ كردووە و رایان لەسەری دەربڕیوە، لەگەڵ دروست كردنی وێنەیەكی جوان بۆی و دەرخستنی كاریگەری جادەی كاروانچییەكان لەسەری هەموو ئەمانەیان لە كتێبی خۆیاندا بە ئەنجام گەیاندووە و چاپیان كردووە لە ژێر ناونیشانی سەفەركردن بۆ ئێران، لەو رۆژگارەدا واتە لە نیوەی چاخی نۆزدەیەم بەردەكانی سەرەوەی و لاكانی تاقەكە بەزۆری كەوتوونەتە خوارەوە و ژێر خاك كەوتوون. (رۆڵەنسن) و (دیمۆرگان) و (سارە) و (هێرزفیلد) تاقەكەیان بەسەركردۆتەوە و سەرچاوەی دییەنییەكەشیان بووە و ئەوەی لە زانیاری هەبووە لەسەری نووسیویانە. (هوارت) بینای تاقەكەی بە خۆرهەڵاتناسان ناساندووە بەوەی كە مەخفەرێكی سنوورە.

(ئارتۆر ئاپهام پوپ) كە زانیارییەكانی لە كەسانیترەوە وەرگرتووە ئەم تاقەی لە رووی بیناسازییەوە بە یەكێكیتر چواندووە كە شێوەكەی دەچێتەوە سەر تەلارسازی ساسانی، هەروەكو دەڵێت: ئەم پاشماوەیە كە دەكەوێتە سەر سنووری نێوان دوو رووبار و ئێران لە تەلارسازی مەسیحی دەچێ و تەواوی مێژووی بیناكەشی برۆدتەوە بۆ نێوان چاخی دووەم و پێنجەمی زایینی.

(رۆمن گیریشمەن) تاقگڕای بە بینایەكی بچكۆڵە داناوە و نەخشەكەی لەسەر شێوەی بیناكانی (حەزەر) پێناسە كردووە كە لە رۆخی جادەی كرماشان بەغدا دروست كراوە. بە باوەڕی ئەو سەرچاوەی تاقەكە لە تەلارسازی ئاشكانییەوە وەرگیراوە كە خودی بینای ساسانیش بۆ تەلارسازی ئەشكانی دەگەڕێتەوە كە هەتاكو كۆتایی چاخی (٣) زایینی بەردەوامی هەبووە.

بیناكانی سەردەمی پارتیش كە بە بەرد دروست كراون بەگشتی دیوار و قولە و شورایان هەبووە. لە هەندێك ناوچەشدا ئەو شورایانە بە خشتی قوڕ یان خشتی سووركراو بە بەرزی دروست كراون و گۆشەی گەورە تیایاندا بەكارهێنراوە و دەروازەكانیشیان لەسەر شێوە كەوانە و مانگ دەرهێنراون. بەشێوەیەكی گشتی تەلارسازی پارتی لە چاخی یەكەمی زایینیدا لە كۆمەڵێك شێوەی تەلاری كۆنی یۆنانییەوە وەرگیراوە، ئەو وەرگرتنەش دەوڵەمەندی پێبەخشیوە بە جۆرێك كە شێوە كۆنەكە و تازەكە تیایدا تێكەڵاو كراوە. لەسەرەتادا پارتییەكان كۆڵەكەیان لە یۆنانییەكانەوە وەرگرتووەو لە بیناكانیاندا بەكاریان هێناوە بەڵام لە چاخی یەكەمی زایینیدا كۆڵەكەیان بۆ كارە سەرەكییەكانیان بەكارنەهێناوە واتە لە دروست كردنی تەلارەكانیاندا دەورێكی بۆ دانەنراوە بەڵكو لەكاتی پێویستدا سوودیان لێبینیوە ئەوەش لە رۆژگارێكدا بووە كۆڵەكە لە پێشەوەی كۆشكەكاندا واتە لە هەیوانەكاندا بڕیار لەسەر دانانی دراوە و بنمیچەكانیشیان بە تاقی كەوانەیی شێوە چنراو دروست كردووە بەو كارەشیان شێوە هەیوانیان نەخشاندووە یان پێكهێناوە. ئەوەش بووەتە سەرەتایەك بۆ مێژووی دروست بوونی هەیوان لە تەلارسازی ئارییاییدا كە بەشێوەیەكی نوێ داڕێژراوە و دەركەوتووە و دواتر لە بینایەكدا بووەتە دوو هەیوان و لە كۆتاییدا گۆڕاوە بۆ بینای (٣) هەیوانیی و چوار هەیوانی، ئەم شێوە نەخشەش لە چاخی ئیسلامیدا دیمەنی چوار هەیوانی وەرگرت و لە مزگەوتەكاندا دەركەوت.

پارتەكان كە گەلی (داهە)یان پێدەڵێن كاتێك دەوارنشین بوون لە دەشتەكانی باكووری خۆرهەڵاتی دەریای خەزەر لەوانەیە بیری دروست كردنی هەیوانیان لە تەلارسازی كۆشكی ئاشوورییەوە وەرگرتبێت، یان لە زەوی بەردەمی دەوارەكانیان.

## تایبەتمەندییەكانی بیناكە:

بەرزی سەكۆی چوونە ژوورەوەی ناو بیناكە لە تەختی زەوییەكەیەوە (١,٢٠) مەترە و بەرزییەكەشی لە ناوەوە تاوەكو ژێر كەوانەكەی (٥,٩٢) مەترە و لە ژێر كەوانەكەشەوە تا ژێر جوانكاری یەكەم بە گەچ (١,٢٠) مەترە. بەرزی جوانكاری یەكەمیش بە گەش (٦٠) سانتیمەترە. دوای ئەوە بەردە دانراوەكانی جوانكاری دووەم دێت كە بەرزییەكەی (٨٠) سانتیمەترە و كۆتایی دێت بە بەرزترین بەشی بەردكاری كە جوانكاری تاجەكەیەتی لەسەرەوە كە لە شێوەی دداندایە و بەرزییەكەی (٩٢) سانتیمەترە، بەوەش بەرزی تاقگرا هەمووی دەگاتە (١,٦٤) مەتر. پانی تاقەكەش لە بەشی خوارەوەیدا (٧,٩٠) مەترە و دەمی تاقەكەش پانییەكەی ٤,٣٠ مەترە و تاقەكەش دوو تەنیشتی هەیە پانی هەر یەكێكیان (١,٨٠) مەترە و قووڵی تاقەكەش (٣,١٠) مەترە.

سەیركردنێكی نەخشەكەی (فلاندن كست) كە لە ساڵی ١٨٤٠ هاتووە و دییەنی كردووە، بۆی داناوە بەشی سەرەوەی تاقەكە واتە تاجەكەی دەرنەكەوتووە و نەخشەكەش بەشێوەیەكی سانا دروست كراوە و سەربانەكەشی لە دوولاوە دیارە و بە لێژی ماوەتەوە. سەرئەنجام شوێنەوارناسانی چاخی بیستەم لە بنەماوە گومان لە ناتەواوی نەخشەكە دەكەن كە بۆ كاری چاككردنەوەی شوێنەوارەكە بەكاری بهێنن نەوەكا لەبەر كۆنی دووچاری هەڵە ببن لە دروست كردنەوەكەی. بەڵام بە سەیركردنی خەیاڵانەی لەوەوبەری تاقەكە لەڕووی كەوانە و شێوەی هیلالییەكەی وادەرئەكەوێت لە شێوەی بینای سەردەمی ئەشكانی بچێت بە بەراوردی بە پاشماوەكانی حەزەر و ئور وادیارە بیناسازییەكەی شێوەی تایبەتی خۆی هەیە كە سەرچاوەیە بۆ دەربڕین و بڕیاردانی دروست . یان كەوانە و شێوەی هیلالییەكەی لە (پاویۆن)ی قەڵای زوحاك دەچێت لە شاخەكانی نێوان كە دەتوانین بەراوردی بكەین.

جارێكی دیكە بەراوردكردنی سەر دەروازەی ئاشوور و سەر دەروازەی (حەزەر) و سەر دەروازەی پەرستگای (گارئۆس) كە لە لای پەرستگای خۆرە لە (حەزەر) كە وانەكانیان دەشێت پێوانە بكرێن لەگەڵ كەوانەی سەرپایەكانی (تاقگرا)، ئەوەش نیشانیدەدات (حەزەر) لە قۆناغی هێلینستیدا وەكو سەرەتا هەندێك لە كۆڵەكەی پەرستگاكەی بە دوو ریزە و دیواری هەیوانەكەشی لە خشت بۆ دروست كراوە وادیارە ئەوانەی (تاقگرا)ش نزیك لە شێوەی ئەوانی وەرگرتووە.

لە سەرەتای چاخی یەكەمی زاییندا پارتەكان كەلتووری هێلینستییان بەكارهێناوە لە دروست كردنی بیناكانیاندا بەهۆی ئەوەی لە بەرژەوەندییانا بووە بەرد لە شوێنی خشت بەكاربهێنن. لە هەیوانەكانیشیاندا تاقی شێوە هیلالییان بەكارهێناوە كە بە دوو كۆمەڵی یەكسان بەرامبەر بە یەكتری وەستاونەتەوە. لە هەر كۆمەڵێكیاندا هەیوانێكی بچكۆلە و باڵەخانەیەك و پەرستگایەك دروست كراون كە سەربانەكانیان تەخت بووە و پەرستگاكانیش بە بەرد دروست كراون. كەوانەی تالار و ئارامگاكانی پەرستگای خۆریش لە (خەزەر) كە لە بەرد دروست كراون هاوشێوەی كەوانە بەردینەكانی (تاقگرا)ن، یان بەپێچەوانەوە، بەردە تاشراوەكانیش لەسەر دوو شێوە دانراون واتە دیواری دەرەوە ناوەوەی بەستووەتەوە ئەوەش بەهۆی دۆخاوی گەچەوە بووە كە بەهەمان شێوە لە (تاقگرا) و پەرستگای (ئاناهیتا)ی (كەنگاوەر)یش دووبارە بوونەتەوە و هاوشێوەن، وادیارە بیری دروست كردنیان بۆ نووسینگەیەكی بیناسازی بگەڕێتەوە یان هاوشێوێن بووبن.

بەو پێیە مێژووی دەركەوتنی (تاقگرا) لەگەڵ كەوانە و شێوەی هیلالییان بە بەراوردیان بە تاق و كەوانە و شێوەی هیلالی بیناكانی پارتی لە حەزەر دەردەكەوێت كە هەموویان لە چاخی یەكەمی زاییندا بە ئەنجامێك دەگەنەوە.

## پێوانەکردن لە نێوان توخمەکان و بەشەکانی بیناسازی تاقگڕا و تاقی هاوشێوەی وێرانەی کەنگاوەر:

لە کۆتایی وەرزی کنە و پشکنینی ساڵی ١٣٥٤ لە کاتی نووسینەوەی ئەم چەند دێڕەدا بەردێکی دەرکەوتووی ژێر خاکی کەوانەیی دۆزرایەوە کە هاوشێوەی بەردێکیتری کەوانەیی (تاقگڕا) بوو کە لە کۆتایی گۆشەی باشووری خۆرئاوای دیواری کۆڵەکەداری کەنگاوەر لە شوێن هەڵکەندنەکەدا دەرکەوت بەڵام لەو کاتەدا گەرماوێك کە بینایەکی نوێ بوو کرِدرا بوو هەڵکەندنەکەش دەیگرتەوە بەڵام چۆڵ نەکرا بوو تاوەکو بەشی خۆرئاوای بکەنەوە ئەوەش بە سووڕانەوەی ٩٠ نمرە بوو بۆ دروست کردنی گۆشەیەکی وەستاو بە ئامانجی دۆزینەوەی بەردیتری تاکی ژێر خاك تا تێکنەچن، گەرماوەکەش کاری تەواو نەبوو بۆ ئەوەی هەڵکەندنەکە بەردەوامی هەبێت بۆ پەیداکردنی توخمەکانیتری بەردی بەستنەوە بۆیە کارەکە راگیرا.

ساڵی ١٣٥٧ کەسێکی نەخشەساز و کەسێکی تەعمیرکەرەوە جێگاکەیان گرتەوە و کاریان گرتە دەست بۆ ئەوەی بەردەوامی بەکارەکە بدەن، بەردەکانی پشتی کەوانە و بەردیتری ((جوانکاری و پایەی کۆڵەکەکان و کۆڵەکە و تاجەکانیان)) لەگەڵ دوو رووی گۆشە، یان گۆشەی باشووری خۆرئاوای دیواری کۆڵەکەدار بوونە سەرچاوە بۆ بڕیاردان بۆ دانانی نەخشەی خەیاڵی بۆ کەرتی باشووری ئەوەش بەهۆی دوانزە کۆڵەکە بۆ چەپ و دوانزە کۆڵەکەش بۆ راست کە لە بڕیارا هە بوون و بەڕێز دابنرێن، لەسەر هەر کۆڵەکەیەکیش دا بەردێکی کەوانەیی هە بوو کە هاوشێوەی بەردی دەرکەوتووی نادیار بوو بۆیە دەتوانین بڵێین لە لای چەپەوە دوانزە بەردی بازنەیی و لە لای راستیشەوە دوانزەیتر بەهەمان شێوە نەخشەکەیان داپۆشی بوو. بەو جۆرە دیواری خۆرهەڵاتی ٢٤ کۆڵەکەی لەخۆ گرت بوو کە لەوانەیە ٢٤ بەردی بازنەییش هە بووبێت هەروەها دیواری خۆرئاواشی بە هەمان شێوە بووە.

وادیارە بە پلیکانەی دوولایەنە بۆی سەرکەوتوون کە زانیاریمان لەسەریان لەبارەی کۆڵەکە و سەری کۆڵەکەکانەوە نییە کە هەیان بووبێت، بەهۆی ئەوەی زانیاری تەواومان لەبارەی کنە کردنەکەوە بەدەست نەگەیشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا نەخشەی ناوبراو لە نامەی ژمارە (٣٥) ساڵی ١٣٥٧ بڵاو کراوەتەوە کە بەو شێوەیە رێکخراوە کە پێدەچێت وا بووبێت!! جارێکی دیکە تیۆرێکی خەیاڵیتری نوێ دەرکەوتەوە وەکو ئەوەی مێژوونووسی یۆنانی (ئیزیدور خاراکسی) بەشوێنی نیگار لە پەرتووکەکەیدا بڵاوی کردۆتەوە لە ژێر ناونیشانی، ویستگەکانی پارت، (پەرستگای ئارتمیس ئانائی تیسرا) لە چاخی یەکەمی زایینی لە (کنکوبار) دەرکەوت کە (کەنگاوەر)ە، دووەم موعجیزە دیمەنەکەیەتی لەگەڵ ٢٤ بەردی بازنەیی کە لە کەرتی باشووری بەشی سەرەوەی بۆی دروست کراوە، (٥) ساڵ دوای ئەو ئەندامی پێشووی (کەنگاوەر) لە ساڵی ١٩٨١ی زایینی نووسینێکی هاوشێوە و درێژی لەسەری لە گۆڤاری (ئیمی باندچوارده) بڵاوکردەوە. هەڵبەتە ئەو جیاوازییەی کە هەیە لە بەشی سەرەوەی و لە بەرزی کەوانەکانی و لێوارە دەرکەوتووەکانی و ددانەکانی و جوانکارییەکانی تاق گڕا بە بەراوردی جارێکی دیکە هاوشێوە دەبێتەوە لە رووی نەخشە و تەلارسازی هەوەڵی واتە دوای پەرستگای (ئارتمیس) گۆڕاوە بە کۆشکی (خەسرەوی پەروێز) بۆیە بەبێ ئەوە بچووکترین ئاسەواری توخمەکانی بیناسازی کۆشکی وەسفکراو کە دەیبەنەوە بۆ کیسرای دووەم (خەسرەوی پەروێز) لە باڵای وەسفکراوی کنە و پشکنینەکەدا کە بە دەست گەیشتووە کۆتایی هاتووە، واتە پاشماوەکەی نەماوە.

دۆزینەوەی نوێ: ساڵی ١٣٦٧ لە بەردەوامی کاری کنە و پشکنیندا بەردی کەوانەییتر لای چەپ لە گۆشەی باشووری خۆرئاوا لە ژێر خاکدا دەرکەوت. ئەمەش دۆزینەوەیەکی نوێ بوو لەگۆڤاری (میراپ فەرهەنگی) راپۆرتێکی لەسەر بڵاوکرایەوە. کارەکەش بەردەوامی هە بوو ئەوە بوو لە ساڵی ١٣٦٩ ئەندازیار ئاغای (میهریار) نووسینێکیتری لە گۆڤاری (ێپر) ژمارە (١٨) و (١٩) بڵاوکردەوە بەو هۆیەوە جارێکی دیکە کەوانەکانی کەرتی باشووری دەرکەوتن.

بە سەیرکردنی وێنەی دۆزراوەی نوێ و بەیارمەتی وێنە وەرگیراوەکانیتر لەسەر گۆشەی خۆرئاوای باشووری، خاڵی سەرسووڕهێنەری لە (کەنگاوەر) لەگەڵ خۆیا هێنا، کە لە ١٥ تا ١٧ی ٦ی ٧٧ بەردەوامی هە بوو و تیایدا نەخشەسازی بۆ تاقێکی پاشکۆ لەگەڵ کەوانەیەك دروست کراو لەژێریاندا شەرحیاندا و نیشانیاندا.

١- لە گۆشەی دەرەوە و خۆرئاوای دیواری کۆڵەکەدار، لە باشوورترین خاڵی تاقی هاوشێوەی تاقگڕا بە بەڵگەی بیناسازی دەرئەکەوێت لەو جۆرە لە سەرەتای چاخی یەکەمی بەر لە زایین پەیوەست کراوە واتە هاتۆتە پاڵ کەرتی بەردەکانی هاوشێوەی تاقگڕا کە بەڵگەن بۆ دیمەنەکە.

٢- دەمی کەوانەی تاقەکە کە رووی لای خۆرئاوایە و تاقی کۆڵەکەداری خۆرئاواش پشتی پێوەداوە هەڵبەتە ئەو جیاوازییەی بەشی سەرەوەی و ددانەکانی تاق گڕا نەبووە.

٣- ریزێك بەرد کە پەیوەستن بە سەکۆی تاقی ناوبراو بەدرێژی ٣ تا ٤ مەتر بۆ جوانکاری بەردی پایەی خۆرهەڵات بۆ خۆرئاوا درێژبۆتەوە کە وێنەکەی وەرگیراوە و دیارە.

٤- جگە لە دەرکەوتنی بەردی کەوانەیی هاوشێوە چەندین کەرتیتر کە پەیوەستن بە تاقی هاوشێوە لەژێر خاك دەرکەوتن.

٥- هەڵکەندن لە بەشی خۆرئاوای، بەتایبەتی لە چواردەوری حەوش و باشووری تەواو نەبووە و بەردەوامی دەوێ ئەوەش بە قووڵی بیرێك چونکە گومان لە بەردی پایەکانی دەکرێ کە لە قووڵی ٣ تا ٤ مەتر کۆتاییان هاتبێت بۆ ئەوەی زیاتر تیشك بخرێتە سەر بابەتەکە.

٦- تاقێکی پەیوەست لە باشووری، درێژترین بەشی خۆرئاوای پێکهێناوە کە شێوەیەکی بازنەیی هەیە و لەویتر بالآترە و نێوانیان ٥٠ مەترە لەسەر سەکۆیەك دروست کراوە بە لاشەیەکی نیوەبازنەیی کە پێویستە بیری لێبکرێتەوە.

رێکخستنی کاری بیناسازی تاقگڕا: لە لاپەڕەکانی پێشوودا شوێنی ریگاکانی رۆیشتنی سوپا لە کۆندا و بازرگانی ئاورێشم لە زوودا لە ناوچەی خۆرئاوای ئێران لە، رەی، هەمەدان، کرماشان، پاتاق، نێوان دوو رووبار، سووریا و ئاسیای بچکۆڵە و رۆخەکانی دەریای سپی باسکرد کە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و بڕیار لەسەر وەرگرتن بوون. کنە و پشکنینی شوێنەواری لە ساڵەکانی (٥٢) و (٥٣) لە لاشەی بەردە کەوتووەکانی سەرەوەی تاقگڕا لە جادە و دەربەندی پاتاق گەیشتن بە تەواو بوون و کۆتایی، ئەوەی لە دەست یشا بوو (١٠٠) بەرد بوو لە قەوارەی جیاجیادا کە گەیشت بوونە رۆخی تاقەکە و کۆب بوونەوە و تا ساڵی ١٣٥٤ مانەوە کە چاکسازی بیناسازی لە شوێنە رەسەنەکەی خۆی بۆ کرا و تیایدا جێگیر بوو.

لە کاری کنە و پشکنین لە دەوروبەری تاقەکە و هەروەها جادەی بەرد رێژەکە بە جادەی پاشا ناسرا بوو. پەردەیان لەسەر خاکەکەی لادا کە سەرچاوەی لێکۆڵینەوە و بڕیاردان بوو. جادەی ناوبراویشی بەپێی رۆژگار لە چاخی ماد و هەخامەنشیدا بە بوونی ئاسەوارێکی زۆری ئەو دوو سەردەمە لە ناوچەی خۆرئاوای ئێران بەزۆری شوێنی رەزامەندی بووە و لای لەشکرکێشییەکانیش سەرچاوەی سوود وەرگرتن و بڕیاردان بوون.

پاشاکانی ئەشکانی لە کۆتایی چاخی دووەمی پ.ز (١٢١پ.ز) بە ناردنی ئاوریشمی چینی کە سەرەتاکەی لە شاری (سیان) دەستی پێکرد و دەکەوێتە رۆخی رووباری (زەرد) و رۆیشتنی کاروانەکانی کالآش لە شارەکانی دەوروبەری دۆرگەی (تایم) وەکو، (ختن)، (تۆرفان)، (کاشغەر)، (سەغد)، (بەڵخ)، مەڕۆ، (دامغان)، (قومس)، (رەی) و لە نێوان دوو رووبار و سووریا و وڵاتانی یۆنانی و رۆمی، رووی رەزامەندییان نیشاندا بە رۆیشتنی ئەو کالآیانە بۆ رێگاکەش ترانزێتی ئەو کالآیانەی لەسەر خاکی خۆرئاوایان کۆنترۆڵ کرد واتە خستییانە ژێر دەست بیانەوە کە سوودی پێدەگەیاندن. بۆیە هەردەم تێکۆشان کاری بازرگانییەکە چاك بکەن ئەوەش بە چاك کردنی رێگاوبانە کۆنەکان و کردنەوەی رێگای نوێ بوو. جگە لەوەش ئاوی کانیاوەکان و ئەو شوێنانەیتر کە نزیك بوون لە ئاوەوە هەوڵیان داوە بە کۆکردنەوەیان بۆ خزمەتی مەرامەکەیان. دروست کردنی قولە و تاق و رووناك کردنەوەیان بە شا پلێتە و ئاگری پیرۆز لە بەرزیدا ئەوانە بەهۆی ئەوەی هاوتای شوێنی مەزهەبی بوون و بیناکانیش پیرۆزییان بەخشیوە. کردنەوەی مەخفەرو دانانی پاسەوانی رێگای سنووریش بۆ پاراستنی ئاسایشی رێگا و کاری بازرگانی بەجێگەیەنراون، ئەوەش بە ئامانجی ئاسانکاری و لابردنی کەموکوڕییەکان و کێشەکان بووە لە رووی پەیوەندیی بازرگانی نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا. لە راستیدا ئەوە گەورەترین پەیوەندییەکانی بازرگانی لە نێوان گەلاندا دروست کرد لە سەردەمی پارتەکاندا. ئەوانەش بەو جۆرەن کە (ئیزیدور خاراکسی) جوگرافی نووسی یۆنانی رێگا و بیناکان و پەرستگاکان و کۆشکەکان و هەموو بیناکانیتری لە کتێبی خۆیدا باس کردووە.

بینای تاقگڕاش بۆ هەمان ئامانج بەپێی بەڵگەکان کە یادگارین، دروست کردنی لە سەرەتای چاخی یەکەمی زایینی لە رۆخی جادەی ئاوریشم، لە بەرزاییەکانی گەردنەی (پاتاق) و بە مەشخەڵی ئاگریش رووناك کراوەتەوە و ئاگری پیرۆزیش لە سەربانەکەی هەر بەو جۆرە رووناکی کردۆتەوە تا رێگای کاروانچییەکان دیار بێت. لە رۆخی تاقەکەشدا شوێنی پێی کانییەکەیان گرتووە و لەوێ ئالفیان بە ئاژەڵەکانیان داوە و سەرقافڵەچیش بەسەریانی کردۆتەوە و کاری مەزهەبیشیان لە بەرامبەر مەشخەڵی رووناك بە دۆعا و نزا عیبادەتی خۆیان کردووە.

پەرستگای (ئارتمیس) یا وەکو ئاناهیتای کەنگاوەر جارێکی دیکە بەپێی نووسینەکەی (ئیزیدور خاراکس) لە چاخی یەکەمی زایینی لە فەرمانڕەوایەتی پارتەکاندا لەو بازنە هاوشێوەیەدا بووە، بەڵام پەرستگای ناوبراو کە لە شاری گەورەی (کنکوبار) دروست کراوە خاوەنی کۆمەڵێك مەرکەزی بەهای حکوومیتریش بووە وەکو: ئیداری، رامیاری، دامەزراوەی بازرگانی و لێدانی دراو جگە لەمانەش کاروانەکانی بازرگانی ئاوریشم لەم شارەدا خاوەنی نوێنەری تایبەتی خۆیان بوون، بەو پێیە رێگا و تایبەتمەندییەکەی ئەم بینایەش بە پێویستییەکەی ناسراوە.

## خستنە پاڵ تاقی هاوشێوەی گڕا لە (کەنگاوەر):

بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەست دان لەبارەی بەڵگەکانی بیناسازی وەکو ئەوانەی دۆزرانەوە لە بەردی کەوانەیی لە گۆشەی باشووری خۆرئاوای دیواری کۆڵەکەداری (کەنگاوەر) و هاوشێوەکەی، دەشێت ئەوانە پێوانە بکرێن بەوانەی کە لە (تاقگڕا) هەن. دەرخستنی ئەو توخمانەش لە گۆشەی خۆرئاوا و لە باشوورترین خاڵی نەخشەکانی بەپێی هەر شێوە هاوشێوەی (گڕا)یە و لە چاخی یەکەمی زایینی دروست کراوە، ئەم ساخکردنەوەیەش بەبێ رارایی لە هەردوو شوێنەکەدا ئەنجامێك وەردەگرن.

تاقەکانی هاوشێوە واتە ناوبراوان هەردووکیان بۆ ئامانجێك دروست کراون، یان هاتوونەتەڕوو بەو پێیە دەتوانین وایدابنێین کە تاقی کەنگاوەر خراوەتە پاڵ گۆشەی پەرتگاکە و رۆخی جادەکە و لەسەربانەکەشیدا مەشخەڵی داگیرساو هەبووە کە نیشانەبووە بۆ تاق و جادەکە و شوێنێك بۆ نوێژکردن و دۆعای کاروانچییەکان و نزاش بۆ ئاگر لەم شوێنەدا دەرکەوتووە. لە نەخشەی دروست کراوی قولەی (نور ئاباد)یشدا مەشخەڵێك داگیرساوە. بڕیاردانیش لەسەر مەشخەڵ و ئاگر لە باڵای تاقەکە یان قولەکەدا لە دوو روانینەوە ئایینی و نیشانەی جادەکە بۆ لێکۆڵینەوە دەشێت مەشخەڵی داگیرساو بۆ کاروانچی زەردەشتیش ئەنجامەکەی بۆتراو نوێژکردنی مەزهەبی و ئایینی بووە و کاری خۆی کردووە، لە تێڕوانینێکیتریشەوە بۆ کاروان و کاروانچییەکان کە لە دوورەوە هاتوون بە ئومێدی ئەوەی بگەنە ئەو جێگایە و نزیك ببنەوە و نەخشەکەش رێ نیشاندەریان بێت.

**سەرچاوە**

**سیف الله کامبخش فرد/ اپار تاریخی ایران**

**چاپ: اول، لا۲۲۷-۲۳۵**

# شوێنەوارە دێرینەکانی ساسانی

# (قەسری شیرین)

کۆمەڵە شوێنەوارێکی سەردەمی ساسانی لە قەسری شیرین دەکەونە ناوچەی قامیشەڵانی شەکر و دارو خورماکانی باکووری شارەکە لە رۆخی راستی رووباری حەلوان، (ئەڵوەندی ئەمڕۆ). ئەم کۆمەڵە شوێنەوارە دەکەونە سەر رێگای گەورەی خوراسان کە دواتر بەدەروازەی ئاسیا ناسراوە.

قەسری شیرین شارێکی کوردنشینی سەر بە پارێزگای کرماشانە دەکەوێتە رۆخی رێگای نێوان شاری گرنگی مێژوویی خانەقین لە باشووری خۆرئاوا و سەر پێڵی زەهاو لە خۆرهەڵات کە دەگاتەوە بە شاخە بەرزەکان و دەوری شارەکەیان داوە لەوانە بەرزاییەکانی (ئاق داغ) کە بەشێکە لە شاخەکانی زاگرۆس، لە باکووریشدا بە گردە نزمەکانی کوردستانی باشوور دوایی دێ.

ئەم کۆمەڵە ناسراون بە (عەمارەی خەسرەو) یان (حاجی قەڵاسێ) و بینای ناسراو بە پەرستگای چوار قاپیی و بینا، یان قەڵای خەسرەو لەگەڵ پاشماوەی راکێشانی سیستمی ئاو لە رۆژگاری ساسانیدا.

بەپێی نەخشەکانی دیمۆرگان کە ژمارەیان ٤٠ نەخشەن لەناویانا وێنەی گوندەکانی پیرامۆن و عەمارەی خەسرەو و چوار قاپیش هەن کە هەموویان ئەوە دەگەیەنن هاوتەمەن بن، لە دەوروبەری ئەم کۆمەڵە بەتایبەتی لە پیرامۆن بینای قەڵای خەسرەو و دارخورما ئاڵتونییەکان بەرچاو دەکەون کە بە باخی پاشا ناسراوە، ئەم باخە بە فەرمانی نەسرەدین شا دروست کراوە لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ عەتەباتی پیرۆز. لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا دڵگرانین کە درەختەکانی ناو باخەکە لە لیمۆ و پرتەقاڵ و نارنج نەماون، ئەوەی ماوە تەنیا دارخورماکانە. بەشێك لە مێژوونووسان و جوگرافیناسانی ئێرانی و عەرەب لە چاخی سێیەم کۆچی قەمەری لەسەر شوێنی قەسری شیرین و بیناکانی ناو شارەکەیان نووسیوە. دەرخستنی کۆنترین بەڵگەش لە سەرچاوەکاندا لەسەر ئەم بینایانە پەیوەستە بە ساڵی ٢٧٠ی کۆچی قەمەری کە یەعقوبییە، دوای ئەوەی (ئیبن رۆستە) لە ساڵی ٢٩٠ی کۆچی قەمەریی و (ئیبن حۆقل) لە ساڵی ٣٦٧ی کۆچی قەمەری لە سەریاننووسیوە و دەڵێن: سنووری قەسری شیرین دونیای خۆرهەڵاتی بە خۆرئاوا گەیاندووە. جگە لەوانەش ژمارەیەکیتریش ئاماژەیان بەو بینایانەداوە لە نووسینەکانیاندا لەوانە: قەزوینی لە ساڵی ٦٠٠ی کۆچی قەمەریی و یاقوتی حەمەوی لە ساڵی ٣٢٦ و حەمدوڵڵای مستەوفی لە ساڵی ٧٤٠ی کۆچی قەمەری.

زۆرینەی مێژوونووسان عەمارەی خەسرەو بە بەشێك لە سەرسووڕهێنەرەکانی دونیا دادەنێن و دەربارەی سەردەمی دروست کردنی و کەی دروست کراوە وتوویژ زۆرە. ئەو ژمارەیەش لە مێژوونووسان باسەکانیان لەسەر کۆشکی شیرین ژنی خەسرەوی پەروێز دروست کردووە کە لەناو باخەکەیدا دڕندەی گەورەی بەخێو کردووە کە دواتر لە ساڵی ٦٢٨ی کۆچی هێراکلیۆس وێرانیکرد.

لە کتێبی مێژوویی خۆرهەڵاتناسانیشدا کۆشکی شیرین لەگەڵ داستانەکانی خەسرەو و شیریندا باسی هاتووە لە باسی شاعیرانی فارس لە کۆن و سەردەمدا کە هەستاون بە وەسفی ئەو بینایە و هەڵبەستیان بۆ جوانی شیرین وتووە. دیوارەکانی ئەو بینایەش بە وێنەکانی شیرین لەو رۆژگارەدا رازاوەتەوە و ئەو گرنگیدانەش وای کردووە ناوی ئەو بینایە لە سەردەمی موسوڵمانەکانیشدا لەناو چیرۆکەکاندا هەر بمێنێ. لە چاخی چواردەی زاینی لە رۆژگاری (حەمدوڵڵای مستەوفی) تاوەکو چاخی حەڤدەی زایینی ئاماژە هەیە بۆ ئەو بینایە.

(پیتەر دیولاڤوا) کۆنترین گەریدەی ئەورووپییە کە لە ساڵی ١٦٥٩ی زایینی هاتووەتە دیبەنی ئەو بینایە و باسی کۆشکی وێرانەی شیرینی کردووە. دوای ئەو گەریدە و لێکۆڵەرەوەکانیتری وەکو (ریچ) و (بایندەر) و گەلێکیتر وەسفی ئەو بینایەیان کردووە، ساڵی ١٨٩١ی زایینی دیمۆرگان نەخشەی ئەو بینایەی کێشاوە و چەند پەیڤێکیشی لەسەر نووسیوە و عەمارەی ناوبراویشی بە کۆشکی رۆژگاری خەسرەوی دووەم داناوە، واتە خەسرەوی پەروێز کە بۆ شیرینی هاوسەری دروست ی کردووە. دوای ئەو بەهەمان شێوە هێرزفیلد لە ساڵی ١٩١٠ی زایینی سەردانی کردووە و چەند دێڕێکی لەسەر نووسیوە. ساڵی ١٩١١ی زایینی (گەر، ترود، بێل) لە باسی وەسفی ئەو بینایەداو پلانی نەخشەکانیدا بۆی دەرکەوت لەگەڵ نەخشە کێشانەکەی (دیمۆرگان)دا جیاوازی هەیە. ئەگەرچی (بێل) تەواو سەرنجی لەسەر عەمارەی خەسرەو نەبووە و سەردەمی دروست کردنەکەشی بۆ چاخە کۆنەکانی ئیسلامی بردۆتەوە بەڵام بینای چوار قاپی بە پەرستگای ئاگری سەردەمی ساسانی داناوە.

کۆنترین بەڵگەی هونەری بۆ وەسفکردنێکی جوان بۆ شوێنەوارەکانی قەسری شیرین عەمارەی خەسرەو و چوارقاپی لە نووسینەکانی (ئۆسکار رۆیتەر)دا هاتووە کە بۆ ساڵی ١٩٣٨ی زایینی دەگەڕێتەوە، ئەوکاتەی چووەتە سەردانی، هەر خۆی جارێکی دیکە چووەتتەوە سەردانیی و قسەی لەسەر نەخشەکانی دیمۆرگان کردووە و بەبیری خۆی نەخشەی ئەو شوێنانەی کێشاوە کە سەرنجڕاکێش بوون. هەر ئەوەش وایکرد نیشانی بدات کە عەمارەی خەسرەو کۆشکی خەسرەوی دووەمە و چوار قاپیش پەرستگایەکی هاتوونەتە سەردانی ئەو بینایە و هەر کام لەوانە شتیان لەسەر نووسیوە، وەکو (وایدنبورگ) لە ساڵی ١٩٤١ و (گدار) لە ساڵی ١٩٥٨ و (لاسنەر) لە ساڵی ١٩٧٨ و (لیونل بیر) لە ساڵی ١٩٨٦.

باسی هەموو ئەو نووسینانە و سەرچاوەکانیان ئەوە نیشاندەدات کە نووسینەکان لە راستیدا چارەسەر نەبوون بۆ ناسینی زیاتری شوێنەوارەکە.

چوار قاپی: ئەم بینایە کە لای دانیشتوانی بە چوار قاپی، یان چوار قاپو ناسراوە، دەکەوێتە ناوچەیەکی پڕ خانووبەرەی دانیشتوان کە بەپێی نەخشەکان و وێنە بڵاوەکانی گەشتیارەکان و لێکۆڵەرانی چاخەکانی نۆزدە و بیستی زایینی کە بەشێکی زۆری ئەم بینایە تاوەکو ساڵی ١٩١٠ی زایینی بەپێوە ماوە و نەڕوخاوە، لە شەڕی عێراق-ئێرانیشدا بەشی زۆری ئەم بینایە تووشی زیان هاتووە و بەشەکەیتریشی لەژێر زەویدا بوو. لەم شوێنەوارەدا دووجار کاری کنە و پشکنین کراوە، یەکەمیان لە دەیەی ساڵی ٧٠ی هەتاوی کە هەندێك کاری چاککردنەوەی تیادا کراوە. بۆ جاری دووەم بەشەکانی ئەو شوێنەوارە لە ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی کاری کنە و پشکنینی تیادا کراوە، بووەتە هۆی دەرخستنی نەخشە بنەرەتییەکانی کە لەگەڵ نەخشە و وێنە دروست کراوەکانی دیمۆرگان ١٨٩١ و (گەرترود بێڵ) ١٩١٠ زاینی یەکدەگرنەوە.

بینای باسکراو نەخشەکەی لاکێشەییە و لە لای خۆرهەڵاتییەوە دەتوانیت بچیتە ناویەوە و لەوێشەوە دەگەیتەوە بە حەوشەیەك کە کانییەکی بچکۆلەی تیادایە بۆ ئاوخواردنەوە، لەوێشەوە دەگەیتەوە بە حەوشەی چوار تاق، لە (پیرامون)یش کۆمەڵگای بینای نیشتەجێ بووەکان دەکەونە سەر رێگای حەوشەکان، لەو بینایانەش تەنیا یەکێکیان بە باشی ماوەتەوە کە دەکەوێتە ناو زەوی چوارتاقەکە، ئەگەر بەراوردی بکەین بەوانیتر دەبینین لە خۆرئاوای کۆتایی دێ بە بینایەکیتر، ئەو چوار تاقەش کە لەناو زەوییەکی چوارگۆشەدایە و باڵەکانی ١٦*١٦ مەترە، لە هەر لایەکی باڵەکانیدا دەرگایەك هەیە پانییەکەی ٢,٩٠ مەترە و بەرزییەکەی ٤ مەترە. ئەو چوارتاقە کە بووەتە سەرچاوەی باسێکی گەورە لە هەر گۆشەیەك

لە گۆشەکانیدا پایەیەك هەیە کە گۆشەکەی بەستووەتەوە و بەهێزی کردووە، لاشەی پایەکان بە بەرد و گەچ دروست کراون و ناوەکەشی بە گەچ سواخدراوە و بەشی دەرەوەی بەڕوکاری بەردەکان بە چەوی ورد و لم شێوەی مەیلە و خاك کە دەڕوانێت بەسەر بەوزدا رەنگ پۆش کراوە. گومەزەکەی بەخشت کراوە کە تیرەکەی ١٦ مەترە و لەلاکانیشیا پەنجەرە هەیە بۆ هێنانی رووناکی بۆ ناوەوەی. بە دڵگرانییەوە گومەزەکەی رووخاوە و پایەکانیشی تێکچوون بە تایبەتی پایەکانی باکووری خۆرهەڵات و باکووری خۆرئاوای. ئەوەی لە بەرزی پایەکان ماوەتەوە پایەی باکووری خۆرهەڵاتە کە ٣,٨٠ مەترە و پایەی باکووری خۆرئاوا کە ٧,٨٠ مەترە و باڵایان بە گەچ کەفماڵکراون. کنە و پشکنینی شوێنەواری ئەوە دەرئەخات کە ئەو چوارتاقە لە رووی ئەو شوێنەدا لە دواتردا جێگایان بۆ کراونەتەوە واتە لە بنەچەدا لەگەڵ بناغەی خانووەکە دانەبوون، جگە لەوەش بەڵگەیتریش بە دەستەوەیە کە لە سەردەمەکانی دواتردا لەوانەیە رۆژگاری سەلجوقی بێت گۆڕانکاری بەسەر ئەو چوارتاقەدا هاتبێت و سەرلەنوێ بۆ کاریتر سوودی لێ بینرابێت، لەو گۆڕانکارییانەش داخستنی قاپییەکان بووە و دروست کردنی سەکۆیەکی لاکێشی لەناویدا بە درێژی ٦,٣٥ مەتر و بە پانی ٥,٢٠ مەترە کە رووبەڕووی دەرگای خۆرئاوای بیناکە بووەتەوە و لە بەرزییەکەی (٦٠) سانتیمەتری ماوەتەوە، دیوارەکانی ئەو سەکۆیەیە بەردی چاککراو و گەچ دانراون و لە گەچەکەدا خۆڵ تێکەڵاو کراوە و رەنگی گرتووە، بەشی ناوەوەی لاشەی بەردەکانیش بە گەچ کەفماڵکراون، بوونی چینێکی ئەستوور لە پاشماوەی ئاژەڵ لەو شوێنە و چواردەورەکەی ئەگەری ئەوە دروست دەکات کە پێدەچێت لە رۆژگاری سەلجوقیدا وەکو گەورێك سوودی لێوەرگیرابێت.

بەشێك لە لێکۆڵەران لەوانە (گولێنی)، هێرزفیلد، ویلارد، ئۆڵمن، رۆیتەر، رایان وایە کە شوێنی چوارتاقەکە پەرستگای ئاگری سەردەمی ساسانی بێت، هەیشە وەکو (ئاردمن)، (گدار)، (واندبیرگ)، (شیت)، چوارتاقەکە و لەگەڵیدا شوێنەکانیتری بیناکەیان بە پەرستگای ئاگر داناوە، بەڵام من بۆ ئەوە ناچم کە ئەو چوارتاقە بەڵگەی بوونی پەرستگای ئاگر بێت بۆ ئەو بینایە چونکە زۆرینەی راکان لەسەر ئەو چوارتاقەیە کە پەرستگای ئاگر بوو بێت کە دراوەتە دواوە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوە نیشاندەدات کە، هیچ کام لە جوگرافیناسانی ئێرانی و عەرەب ناونیشانی ئەو بینایە کە پەرستگای ئاگر بووبێت یان شوێنێکی پیرۆزبێت باسی نە کراوە، بەپێچەوانەوە زۆرینە لەسەر ئەو رایەن کە ئەو بینایە کۆشکێك یان خانوویەك بووە، لەوەش زیاتر بەڵگەیتر بەدەستەوە نییە. لە سەرچاوەی رۆژگاری دروست کردنیشیەوە جیاوازی

لە بۆچوونەکاندا جارێکی دیکە هەیە بەشێك لەوانە پەیوەستی دەکەن بە سەردەمی ساسانی و بەشێوەیەکی روونتر بۆ رۆژگاری خەسرەوی پەروێز (٥٩٠-٦٢٨ز)ی دەبەنەوە هەیشە دەیباتەوە بۆ رۆژگاری عەباسی.

عەمارەی خەسرەو: ئەم بینایە کە بە عەمارەی خەسرەو، یان حاجی قەڵا ناسراوە دەکەوێتە دووری (٥٠٠) مەتر لە بینای چوار قاپی، لەسەر رۆخی رێگای قەسری شیرین خەسرەوییە.

عەمارەی خەسرەو کە نەخشەکەی لاکێشەیە لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا دەڕوا و لاشەکە لە بەرد و خشت و گەچ دروست کراوە، ئەوەی بەپێوە ماوەتەوە بەرزییەکەی ٨ مەتر دەبێت. بیناکە لە شێوەی ئێستایدا درێژییەکەی ٢٨٤ مەترە و پانییەکەی ٩٨ مەترە، ئەگەر کاری کنە و پشکنینی تیادا بکرێ لاکانی روونتر دەرئەکەوێت. یاقوتی حەمەوی مێژوونووسی چاخی حەوتەمی کۆچی قەمەری ئەم بینایەی بە وێرانکارییەکەی دەستی هێراکلیۆسی ساڵی ٦٢٨ی زایینی بە یەکێك لە عەجایەبەکانی دونیای داناوە کە پێکهاتووە لە ٢ بەشی رەسمی و تایبەت. بەشی رەسمی لە رێگای باڵەکانی باکوور و باشوور و خۆرهەڵات کە بە ئاسانی دەتگەیەنێت بە بەشی تایبەت ئەوەش لە رێگای دەروازەی دیوارەکانییەوە دەبێت کە دەتگەیەنێت بە باڵی باشووری خۆرئاوای.

لاکانی ئەم عەمارەیە بە تاق و دەروازەی گەورە جوان کراوە و سەری تاقەکانیش بە لەوحی ئاسن داپۆشراون، لە بەشی خۆرئاوای بیناکەدا هەیوانی کۆشکی کۆڵەکەداری هەیە کە بە دوو ریز کۆڵەکە جوانکراون و لە هەر یەکێك لەو ریزانەدا (٥) کۆڵەکە بەرچاو دەکەون. ئەم بەشە لە بیناکە هاوشێوەی کۆشکی (دامغان) و کۆشکی کۆڵەکەداری تەختی سلێمان و بینای (چاڵ ترخان) کە لەوانەیە خاوەنی ژووری داپۆشراویش بێت بە لەوحی ئاسن کە (٣) هەیوانی تیادایە، لە باڵی خۆرئاوای ئەو کۆشکەدا دەرگایەکی پان هەیە کە لە رێگەیەوە دەتوانین بگەین بە هەیوانێکی نیمچە گەورە کە شێوە تاق خشتڕێژ کراوە، ئەم تاقانە کە بەرێز سەر و خواریان گرتووە و لە نێوانیاندا بۆشایی هەیە لە رێگای دەرگاکانی لای خۆرئاوایان دەگەیت بە حەوشەیەکی چوارگۆشە کە درێژی باڵەکانی ٢٧*٢٧ مەترە و لە هەرچوار لاوە هەیوانی کۆڵەکەدار هەن، ئەو حەوشەیە لە شێوەی دروست کردنیدا بەگشتی هاوشێوەی حەوشەی خانووەکەی باکووری پەرستگای ئاگری تەختی سلێمانە. هەر یەکێك لەو خانوانە خاوەنی حەوشەی خۆیانن کە هەیوان و تاقی زۆریان تیادا هەن، هەندێکیان بۆ خزمەتچی بەکارهێنراون کە مەتبەخ و تاقی بچکۆڵەیان تیادا هەن، یەکێك لەو خانوانە دەگاتەوە بە باشوور و لە باکووریشدا ژمارەیەکیتر لەو خانوانە دووبارە دەبنەوە کە بەشێوەی کۆمەڵ بەرچاو دەکەون، خانووە تایبەتەکانیش لەوانەی کە لە تیسفوون دیمانن گەورەترن لەوانی ئێرە. هەر بەو شێوەیەش لە بەشی باشووری خۆرئاوایدا دوو حەوشەی نیمچە گەورەی بەدەروازەی سەرگیراو دەبینرێن کە شوێنی رۆیشتن تیایاندا دەچنەوە سەر عەمارە تایبەتەکە. دیوارەکانی خاوەن نەخشەی یەکەم واتە رەسمییەکە چوارگۆشەن و دەوربەریان بە رێگای سەرگیراوی کۆڵەکەدار داپۆشراوە، لە باڵی خۆرئاوایدا هەشت پالۆیەکی سەرداپۆشراو بەرچاو دەکەوێت کە لە دوولاوە بەدوو تاق جوان کراوە، هەر بەو شێوەیەش لە باڵی خۆرهەڵاتیدا هەشت پالۆیەکیتر هەیە کە لە هەر باڵێکیدا چوار تاق هەن، لە رێگای ئەو هەشت پالووەوە دەتوانیت بگەیت بە دیوارەکانی کۆمەڵەی دووەم کە خاوەنی نەخشەی لاکێشی جوانن، درێژییان ١٠٠ مەترە و لە چواردەوریاندا رێگای کۆڵەکەداری سەرگیراو هەیە کە پارێزگارییان لێدەکات، لێرەوە دەگەین بە کۆشکی کۆڵەکەدار و گومەزی گۆشەدار، ئەو بەشەش شوێنی تەشریفاتی رەسمی عەمارەکەیە کە تیایدا دانیشتوون، خانووەکانی بەشی ناوەوەش لە عەمارەکە دەوڵەمەندە بەو جۆرە تەرزانەی ناومان هێنان کە لەوانەیە جێگای پێشوازیکەران بن لە میوانەکان، لە باڵی خۆرهەڵاتی عەمارەکەدا بەرامبەر دەروازەی باخەکە پێدەچێت حەوزێکی مەلە هە بووبێت، کە (دیمۆرگان) لە ساڵی ١٨٩١ی زایینی نەخشەکەی بۆ کێشاوە لەسەر پاشماوەکانی ئەگەرچی بەشێك لە لێکۆڵەرانی چاخی بیستەم ئەو عەمارەیە بە بینای تەشریفاتی سەردەمی عەباسی دائەنێن، بەڵام تەواوی جوگرافیناسانی ئێرانیی و ئەوانیتر کە بەدوایدا هاتوون لە لێکۆڵەران ناوبراو بە کۆشکی سەردەمی خەسرەوی پەروێز ٥٩٠-٦٢٨ی زایینی دەزانن کە بۆ شیرینی هاوسەری دروست ی کردووە.

بان قەڵا: بینای ناسراو بە (بان قەڵا)، یان قەڵای خەسرەو دەکەوێتە ناو شاری قەسری شیرین لە کەناری شەقامی موددەریس، ئەم بینایە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا شێوەی گردێکی گەورە دەبینرێت، ئەوەی لێیدیارە تەنیا باڵی خۆرئاوایەتی، ئەوەی لەو بینایە لە نەخشە وێنە کراوەکەی دیمۆرگاندا دیارە شێوە سەکۆیەکی چوارگۆشەی وەرگرتووە کە درێژی باڵێکی ١٤٥ مەترە و لەناو ئەو باڵانەدا تەنیا یەکێکیان دەرکەوتووە کە لە رێگای پلیکانەوە بۆی سەردەکەوین ئەوەش باڵی باکووری بیناکەی گرتووە، لە هەر باڵێکی ئەو سەکۆیەدا شەش قولەی چوارگۆشەی بەهێز هەیە و لە دەوروبەریشیاندا رێگا هەن کە لە راستیدا پێویستن بۆ بەستنەوەی قەڵاکە، رێگای باکوور پانییەکەی ١,٨٥ مەترە و درێژییەکەی ١,٤٥ مەترە و

ڕێگای خۆرئاوا پانییەکەی ٢,١٠ مەترە و درێژییەکەی ١,٤٥ مەترە و، جگە لەوانەش ڕێگایەکیتریش هەیە دەکەوێتە بەشی ناوەوەی قەڵاکە و ئەو کۆمەڵە ڕێگایانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

بەداخەوە سەکۆکە و ڕێگای پلیکانەکان لەژێر خاکدان و ئەوەی ماوەتەوە و دەبینرێن تەنیا بەشێك لە دیوارەکان و قولەکانی لای خۆرئاوایە. لەڕاستیدا ئەوەی لە قولانە ماوە نێوانیان ٢٠*٢٠ مەتر تاوەکو ٢٣,٨٠ مەترە و یەکێك لەو قولانە کە ژمارە (١)ی دراوەتێ باڵەکانی ١٠,٣٠*١٠,٣٠ مەترە و لە بەرزییەکەی ٧,٣٠ مەتری ماوەتەوە و قولەی ژمارە (٢) درێژییەکەی ٩,٦٠ مەترە و قولەی ژمارە (٣) درێژییەکەی ٢٣,٨٠ مەترە و قولەی ژمارە (٤) درێژییەکەی ٩,٦٠ مەترە و قولەی ژمارە (٥) درێژییەکەی ١١,١٠ مەترە. هەریەکێك لەو قولانە وەکو بەشەکانیتری بیناکە لاشەکانیان بە بەرد و گەچ کەفماڵکراون، هەرچەندە بەشێك لە لێکۆڵەران ئەو بینایە بە قەڵایەکی سەردەمی ساسانی دائەنێن یان بەشێوەیەکی ڕوونتر بۆ ڕۆژگاری فەرمانڕەوایەتی خەسرەوی دووەمی (٥٩٠-٦٢٨ز) دەبەنەوە بەڵام لە ڕاستیدا هەتاکو کاری کنە و پکشنینی تیادا نەکرێت ئەنجامی تەواو دەرناکەوێت بۆیە ناتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە تەواو بدەینەوە.

عەمارەی شاهگدار: ئەم عەمارەیە دەکەوێتە دووری ٥٠٠ مەتر، لای ڕاستی ئەو ڕێگایەی کە دەچێتەوە ناو شاری قەسری شیرین، لە کەناری ڕووباری (شاهگدار) پاشماوەی بینایەکی بەردین هەیە کە بۆ دوا چاخی ساسانی دەگەڕێتەوە، کە لای دانیشتوانەکە بە (ئاشی ئاو) ناسراوە، لە ڕۆژگاری ئێستاشدا تەنیا بەشێکی ئەم دەتوانرێ ببینرێت، بیناکەش بە بەردە لمەی چاککراوی نیمچە گەورە دروست کراوە، بە سەیرکردنێکی ئەو پاشماوەیە دەرئەکەوێت بەشی زۆری بیناکە لەژێر گڵدایە بۆیە تاوەکو ئەنجامی کاری کنە و پشکنین تیایدا دەرنەکەوێت ناتوانین لەبارەی سەردەمەکەیەوە رامان هەبێت.

سیستەمەکانی ئاو ڕاکێشان: لە بەشی باکووری بینای ناسراو بە عەمارەی خەسرەو کە بە هاوشانی ڕێگای قەسری شیرین-خەسرەوی دەڕوات، پاشماوەی سیستەمەکانی ڕاکێشانی ئاوی لە چاخی ساسانیدا تیادا دەبینرێت، درێژییەکەی (١٠) کیلۆمەترە و لای دانیشتوانەکەی بە ڕووباری شاهگدار ناسراوە، ئەگەرچی سەرەتا و کۆتایی کەناڵەکە تەواو نازانرێ بەڵام بە تێڕوانینی من ئەم کەناڵە لە ڕێگای بەنداوێ لە باکووری خۆرهەڵاتی گوندی (سەید ئایاز) ئاوی ڕووباری حەولوان وەردەگرێت کە بە باکووری قەسری شیریندا دەڕوات، ئەم کەناڵە دروست کراوە بە بەردی لماوی خۆڵەمێشی چاك کراوی مەیلە و سەوز و گەچ.

سەردەمی دروست کردنی ئەم کەناڵە بۆ ڕۆژگاری ساسانی دەگەڕێتەوە و زۆرینەی جوگرافیناسانی ئێرانی و عەرەبیش لە چاخی (٣)ی کۆچی قەمەری بۆیان بووەتە سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوەکانیان.

لە ڕۆژگاری پەهلەوی یەکەمیشدا بۆ ژیانەوەی باخەکان و باشکردنی کشتوکاڵ لە قەسری شیرین بەنداو و کەناڵی ناوبراو زیندوو کراوەتەوە کە لاشەکەی لە بەرد و گەچ دروست کراوە. ئەم کەناڵە پانییەکەی ٣,٤٠ مەترە و قووڵییەکەی هەروەکو هەندێك دەڵێن لە سووری مەترێکی ماوە، پانی دیوارەکانی ٧٠ سانتیمەترە و ئەوەش وادەرئەکەوێت پایمکارییەکی تر بێت کە زووتر لە دیوارەکانیدا کراوە، بەرزی دیوارەکانی کەناڵەکەش لای هەندێك لە لێکۆڵەران لە سنووری ٧ مەتردان لە دوای کەناڵەکەش بەنداوێك هەیە بۆ کۆکردنەوەی ئاوەکە و بەکارهێنانی بۆ کشتوکاڵ لە ڕێگای دوو کەناڵەوە بەهۆی دوو دەرگاوە دەڕژێتە ناو بەنداوەکە کە لە پشتەوەیە.

## سەرچاوە


**یوسف مرادی/ مجموعه ساسانی قصر شیرین**

**سازمان میراپ فرهنگی و گردشگری/ استان کرمانشاه**